# گۆڕە درەوشاوەکان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# گۆڕە درەوشاوەکان

ڕۆمان

**حسام بەرزنجی**

پێشکەشە بە:

* سەرقافڵەی جوانەمەرگان، شەهیدی ئەفسەر (عەبدولسەمەد سەید عەزیز گردعازەبانی).
* ئەستێرەی گەشی وەرزشوانی، یاریزانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی، شەهید (مورسەل سەید حوسێن گردعازەبانی).
* بەهەموو پیر و منداڵی ئەنفالکراو و پێشمەرگە و خەباتگێڕانی شەهید و جوانەمەرگان.

ناوی کتێب: گۆڕە درەوشاوەکان – ڕۆمان
نووسینی: حسام بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٩١
پیت لێدان: سەهەند سەرتیپ + بەسۆز هیمداد
هەڵەگری: نووسەر + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٦٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

– «تارا» گیان توخوا ئاگات لە «دیاکۆ» بێ، دەستی نەگاتە کێبڵ و پلاکەکانەوە. چاو دێ چاو، نازانم بۆ ئەمڕۆ پرۆگرامەکانم نابینمەوە! هەموویان تێکچوون، هیچیان ناخوێندرێنەوە!

– مەگەر دیسان ڤایرۆسی هاتبێتەوە ناو!

– ئەوجارە لە کوێ هاتوون... هەتا ئیمێلیشم نەکردۆتەوە...! بەوەی باش بوو، ئەوەی تۆمارم کردبوو، زۆربەیانم خستە سەر CDەوە، بەڵام هەروا بەدوای لاپەڕەکانی تردا دەگەڕێم نایانبینمەوە.

– جاریٚ لەوگەڕیٚ... وەرە با پیٚت بڵیٚم!

– دیارە شتیٚکی خۆشت لایە، بۆیە وا پیٚدەکەنیت!

– ئاگاداری مامۆژنمیت... دیسان هەموویانی بانگ کردۆتەوە!

ئەو کاتە منیش وەك ئەو پیٚکەنیم و وەك ئەو دڵخۆشی و ڕەزامەندی خۆم دەربڕی:

«دەزانم، دەزانم. بەستریٚپیٚریٚ دیاربوو بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ «ئالاٚ»ی خوشکم دەکرد و دەیگوت هەتا پیٚتان دەکریٚ زوو وەرن... زۆر غەریبی «میلۆدی» دەکەم، بەلاٚم بەناوەخت بەڕیٚ مەکەون، لە ڕیٚگای «کەرکووك»یش جار جار ڕووداوی ناخۆش ناخۆشمان گویٚ لیٚ دەبیٚ... ئای کچم چەند دڵم پیٚتانەوەیە، چەند نیگەرانم، هەر بیرتان دەکەمەوە، دڵم زۆر دەترسیٚ... چەند حەز دەکەم ئیٚوەش ماڵتان بۆ ئیٚرە بگوازنەوە، جاریٚ ئەویٚ بەجیٚ بیٚڵن... دایکم ئەوەندە قسەی لەگەڵ کرد، هەتا کارتی مۆبایلەکەی تەواو بوو... هەر قسەی دەکرد.

– جا تۆ لەو باوەڕەدای ئەوان لەویٚ بارکەن...؟ «گاورباغی»... و «ئالاٚ»ش لەگەڵیا، هەردوو بڕیاریان داوە ئەویٚ جیٚ نەهیٚڵن هەر دەڵیٚن شەرم و شوورەییە، چۆن شاری خۆمان جیٚدیٚڵین...! گەر ئیٚمە لە ڕۆژگاریٚکی وەك ئیٚستادا ئەویٚ جیٚبیٚڵین، واتا ئیٚمە بۆ هەموو کەس و بۆ هەموو جیهان دەسەلمیٚنین کە خەڵکی ئەویٚ نین، «دە هەزاری» و لایدە و هەموو هاوردەکانیش خەڵکی ئەویٚن و مافیشیان دەدەینیٚ کە ببن بەقیر و بنیٚشت...

– جا خۆ ئەوان ڕاست دەکەن. جیٚهیٚشتنی «کەرکووك» پشتکردنە لە خاك، نەگەڕانەوە بۆ «کەرکووك» دان نانە بە تەعریب...! گەر ڕاستت دەویٚ ئەرکی ئیٚمەشە کە بەگیان و دڵ هاوکارییان بکەین، پشتیان بگرین، لە هەموو لایەنەکەوە بەدەنگیانەوە بیٚین. ئیمڕۆ پیٚویستە هەموو کوردیٚك خۆی بە خەڵکی «کەرکووك» بزانیٚ، خۆی بە خەڵکی شارەکانی تری گەرمیان بزانیٚ.

– ڕاستە، ئیمڕۆ زیاد لە هەموو ڕۆژەکانی تر پیٚویستیمان بەگەلەکۆمەیەکی نەتەوەیی وا هەیە... لە هەر کوردیٚ گەر بپرسی خەڵکی کویٚی، دەبیٚ بڵیٚ کەرکووکیم، خانەقینیم، بەدرەییم...!

– بەڵیٚ بەڵیٚ... هەر هەموومان دەبیٚ وابین، دەبیٚ وا بیر بکەینەوە، هەموو بیر و بۆچوونمان لەم بارەوە یەك خەین، پرس و وەلاٚمەکان یەك خەین...!... کریف تۆ خەڵکی کویٚی؟ ئەز بەخۆ لە «شەنگال» لە دایك بوویمە بەڵیٚ ئەز کەرکووکیم. «سەیدا» تۆ خەڵکی چ باژیٚڕەکی؟ من لە «زاخۆ» لە دایك بیم، بەلیٚ ئەز بەعەسڵ یا خەڵکا «مەندەلی»م. برای

باڵەکی تۆ؟ من لە «حاجی ئۆمەران» چاوم هەڵێناوە، بەڵام بەرەسەن خەڵکی «کفری»م، «هاپۆ» تۆ؟ من لە بنار شاخی «داڵەهۆ» هاتوومەتە دنیا، بەڵام بە ڕێورەچەڵەك «شارەبان»یم. کاکی کوێستانی تۆ، گەرمیانی تۆ؟ پلە و داپیرەی دەشتەکی، دایك و خوشکی شارستانم، ئێوە... ئێوە؟ بەڵێ بەڵێ هەموو کەرکووکین، هەموو دەبێ کەرکووکی بین، گەرمیانی بین، بەڵێ هەر بەم ئاوایە دەبێ هەمووسان یەك گۆتار و یەك ڕاوێژمان هەبێ.

– ئەوەمان زانی، ئەوە ڕای هەموومانە، دروشمی هەموومانە، دە تۆ جارێ وەرە لە جێی خۆتا دانیشەوە... واز لەم وتارانە بێنە! وا خۆت توند و تەیار کردووە، هەر ماوتە دەست دەیتە کوتکێ بچیت دار و دیواری «لۆزان» بەسەر یەك داتەپێنی!...

– کاشکێ کاشکێ، هیوادارم گەیشتبین بە ئاستێکی وا کە چیتر تاوانی وامان لێ نەکرێ.

– دڵنیا بە ئەمە دووبارە نابێتەوە، دڵنیا بە.

– زۆر نەتەوەی هاوچەشنی ئێمە هەن، بەدوای قەرەبووەکانیشا دەگەڕێن. بۆ ئێمە چیمان لەوان کەمترە!..؟

– ئای چەند حەز دەکەم «ئالا» و وان زوو بگەنە جێ، تا هەندێ باسی ناو شارمان بۆ بکەن. بزانین دەستی ئاوەدانی گەیشتوتێ یان نا. ئەی خوایە ئەو شارە چی بەسەر هاتووە، چۆن داڕووشاوە، دەڵێی مۆرانە لێیداوە. تا ئەوێ نەبینی هەست بەزوڵم و زۆردارییەکانی دیکتاتۆر ناکەیت! خوای کردبا زوو گەیشتبانە جێ. ئێستا ڕەنگە ئەوان بەڕێگاوە بن.

– هەر ئەوان. یا کێی تریش؟

– ماڵی باوکیشم ئیمڕۆ لە دەمژمێری پێنجی بەیانییەوە بەڕێکەوتوون، لە ڕێگا لا دەدەنە زانکۆی «کۆیە» و سەرێ لە دکتۆر «کامەران»ی برام دەدەن، جا پاشان بەڕێ دەکەونەوە. «مامۆژنە پیرۆز»م دەیگوت لەوانەیە لە دەوروبەری چواری ئێوارە بگەنە جێ.

– ئەوە بۆیە ئەو هەموو شتەی کڕیوە!

– جا بەو نەوت و بەنزینی وا گران، بەو بازاڕی وا بێ ویژدان و بێ بەزەیی!

– هەشیار بە، دەنگت بەرز مەکەرەوە با دایکم گوێی لێ نەبێ! وەك دوێنێ بەیانی

دیسان بەسەرماندا دەقیژێنێ. سەرکۆنەمان دەکا. گوێت لێبوو چی پێمان دەوت؟ «تارا» گیان بەخوا لەبەر پێکەنین، قسەکانیم بۆ ناگوترێتەوە. دیتت چۆن بەسەرماندا دابەزی و هەردووکمانی شووشتەوە. هەی عەمری خۆتان و مووچە و مانگانەکەشتان نەمێنێ. بۆ ئەوەندە چاوچنۆك و قرچۆکن. دەڵێی لە جووتە نەهات لە دایك بووینە. دەڵێی لەگەڵ دارۆغە و جەندرمەی سەفەربەلگ ناوکتان براوە. دەڵێی لە بن فەروە و عەبای تالانچییان فرچکتان خواردووە. دەڵێی واو.. دەڵێی واو.. و نازانم چی تریش!! من شەهیدانەی خۆم خۆشبێ چاوبەرە ژێری هیچ کەس نابم، منەتی کەس نازانم! من واو ... من واو... وا... دەزانی من دایکم وا دەبینم، بەرە بەرە هەتا لە تەمەن پێش دەکەوێ لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیا دەچێتەوە سەر «نەنە پەرێ»ی داپیرم. نازانم تۆ چ دەڵێی؟

– ئا، ڕاستە زۆر شتی بەو دەچێ. هەڵبەت دەبێ واشبێ، چونکە تەمەنێکیان لەگەڵ یەك بەسەر برد. ئەویش ناهەق نییە. کە زوو زوو دڵی توند بێ و حەز بەگۆڕان بکا...ئەو کۆبوونەوە خێزانییەش زۆر پێویستە... مامۆژنم گوتەنی، ئەو یەکتر دیتن و سەر لە یەکدانە تەمەن نوێ دەکاتەوە، خامۆشی لا دەبا... لەو بۆنە پیرۆزەدا هەموو بەیەکەوە دەچین سەر لە گۆڕەکان دەدەین. بەیانیش ئەو جەژنە خۆشە لە یەك پیرۆز دەکەین. هەر خەم و پەژارەیەکمان هەبێ هەمووی دەرەوێتەوە.

– وایە، وایە... بیرتە جەژنەکەی ترمان چەند بە خۆشی بەسەربرد... ئەو هەموو خزم و ناسیاوانەمان بینی.... ئەو هەموو شوێنە خۆشانە گەڕاین... «گۆیژە» و «سەرچنار» و «پارکی ئازادی». خۆشمان نەماندەزانی کات چۆن دەڕوا! پەنا بەخوا لە ئایندەیەکی زووشدا دەچینە ماڵی «ئالا و گاورباغی»، بەهەوەسی خۆمان دەچینە دەرەوە. بەبێ دڵەڕاوکێ، بەدرێژ و پانی شارا دەگەڕێین. شۆڕجە و تەپە و ڕەحیماوە و ئیمام قاسم و پەنجا عەلی و تەرجیل... قەڵا و شوێنەوارە کۆنەکانی تر هەموو بەسەر دەکەینەوە. ئەویش شارێکی زۆر کۆنە، لە سەردەمی گووتییەکان و حوکمڕانی «میدیا»کانەوە ڕا هەر ئاوەدان بووە. هیوادارم لە زوویەکی زوودا ئەو شارەش وەك شارەکانی تری کوردستان ئارام بێتەوە و بگەڕێتەوە باوەشی دایکی خۆی.

– ئیمڕۆ ماڵمان گەلێ قەرەباڵغ دەبێ، مامۆژنم ئەوەندە کەیفسازە ئەوەندە خەریکە...!

– منیش هەر وام منیش وەك ئێوە حەز بە قەرەباڵغی دەکەم، بەڵام نەك بەو تاریکی و ساردی و سڕیەوە. ..! دیسان خاوەن مەکینەکەی کۆڵان لێمان کەوتۆتە بیانوو، دەڵێ گاز

گران بووە، ناچارم دیسان نرخی ئەمپێرەکان زیادکەم، یانیش جارێ ڕایگرم.

– ئەوەش هەر جۆرە بازرگانی کردنێکە. هەر لە ڕۆژانی بۆنە و جەژنەکانا بەهانەمان پێ دەگرن.

– بۆ ئێمە گرنگ نییە، هەر چۆنێك بێت بەرگەی دەگرین. بەڵام ئەو کەسانەی کە مووچەیەکی کەمیان هەیە و ئاستی گوزەرانیان نزمە، یان خانوویان بەکرێیە، بۆ ئەوان قورسە، بۆ ئەوان ژیان گەلێ سەختە.

– جارێ تۆ واز لەمە بێنە، ئەوە هەر تەنگوچەڵەمەی ئێمە نییە. من دەڵێم، با ئێمەش لەگەڵ دایکتا هەمئاهەنگییەك بکەین، هەوڵدەین ئەو بۆنە پیرۆز و ئەو کۆبوونەوە خێزانییە خۆشتر بکەین.

– بۆ نا. ..؟ چۆنت دەوێ وا دەکەین. ڕۆژی وا خۆش کەم هەڵدەکەوێ! چەند لە مێژە دایکم خۆی بۆ ئامادە کردووە، ئێمەش دەبێ لە کانگای دڵەوە بەئەوپەڕی خۆشییەوە پێشوازی لێ بکەین.

– هەڵبەت، هەڵبەت، مامۆژنیشم کە وامان ببینێ کەیفساز دەبێ. جا کەوایە تۆش لە ئێستاوە واز لە کۆمپیوتەر و نووسینەکان بێنە. دەنا «دیاکۆ» و «میلۆدی» هەموو وایەر و کێبڵەکان لە یەك دەردێنن.

– نانا «تارا» گیان، هێشتا کات بە بەریەوە ماوە. من پلانی خۆم دارشتووە، نامەوێ کارەکانم دوا خەم، دەتوانم لەم بەیانییە زووەوە تا کاتی خۆرئاوا خەریکی کارەکەم بم. خۆت دەزانی هێشتان ڕۆژ درێژە. ئەوجارە نووسینەکانم ڕاستەوخۆ لەسەر CDیەکەوە تۆمار دەکەم. گەر کاتیشم بەدەستەوە ما، لەگەڵ هاکەرزەکەی هاوڕێما نەختێ تەماس دەگرم، بیروڕاو ئەزموونی خۆمان ئاڵوگۆڕ دەکەین.

– دیسان هاکەرز...! وا بەتووڕەیی سەیرم مەکە! ئاگاداربە ئەوانە زۆربەیان شەڕەنگێزن. لە چەتەی دەریا ترسناکترن!

– نا نا، ئەوانە وا نین، ئەوانیش وەك من دژی شەڕی ئەلکترۆنین. بەرنامەی بەرامبەرەکەی خۆیان تێکنادەن. وەك خۆم حەزیان لە فێربوونی سیستەمی تازەیە. زۆر جار لە پڕۆگرامی «یونیکس»یشدا یەکتر دەگرینەوە.

– من دەچمە خوارەوە، نەوەك مامۆژنم کارێکی هەبێ. هەر گۆڕانێ. هەر شتێ ببێ. بەتەلەفۆن ئاگادارت دەکەمەوە.

– دیاکۆش... لەگەڵ خۆتا بەرە، یاریمان زۆر لەگەڵ یەکتر کردووە. من دیسان بەنووسینەکانمدا دەچمەوە، بزانم چۆنم تۆمار کردوون

ئیتر من لەگەڵ خامۆشی ژوورەکەم و کارەکەی خۆمدا تێکەڵ بوومەوە. لەگەڵ هەڵسوکەوت و جموجۆڵی بەسەرهاتەکاندا یەکترمان گرتەوە. ئێستاش هەموو ئەو ڕووداوانە دەگێڕمەوە. ئەوانەی کە خۆم زۆربەی زۆریانم نەدیون. واتە پێش لە دایکبوونی من بووە یان لە سەردەمی زووی منداڵیمەوە بووە و نەمتوانیوە بەرجەستەیان بکەم. هەموو لە زاری دایکم و ئەو یاداشت و یادگارییانەی کە خۆی نووسیویەتی، زۆر لەو ڕووداوانەی وەك چیرۆك، گەرماو گەرم تۆماری کردوون. هەروەها ئەو ڕووداوانەی کە لەزاری «نەنە پەری»ی داپیرم یان لە زاری دۆست و هەڤالانی باوکم دەگێڕمەوە. ئێستاش من هەوڵی ئەوە دەدەم کە هەموو ئەمانە تێکەڵ بەئەزموون و هزر و بیر و بۆچوونەکانی خۆما بکەم ، بەشێوازێکی تردا دیسان دایانڕێژمەوە.

ئەوەی من نووسیومە، مێژوویەکی ڕاستەقینەیە. ڕۆژگارەکان هێشتان هەر نەمردوون. سەردەمەکان هێشتان هەر بەسەر نەچووینە، هێشتان کفنیان زەرد نەبووە، هەندێکیان ئێستاش هەر لە ئاوزینگانی مەرگان. ئەو ڕۆژگارانە خۆیان خۆیان دەگێڕنەوە، خۆیان خۆیان دەنووسنەوە... خۆیان خۆیان تۆمار دەکەن، خۆیان بۆ خۆیان مێژوویەکی خۆرسك و بێ مکیاج و بێ ڕتووش... دروست دەکەن. بەڵێ ئەوەی من دەینووسمەوە مێژوویەکی ڕاستەقینەیە، لە دیوەکەی تریەوە دەینووسمەوە... ئەو دیوەی کە یەکسەر دەمانگەیێنێتە ناو ڕووداوەکانەوە، دەمانخاتە ناو دەنگەکانەوە، ناو ڕەنگوبۆ و گەرموگوڕی بەسەرهاتەکانەوە. هەستونەستمان دەورووژێنن، تێکەڵ بەگرووپی خوێن و هەنسك و هەناسە و ترپەی دڵمان دەبێ.

لەم دیوە بزرەدا مێژوویەك نووسراوەتەوە، لە جوولەی بەسەرهاتەکان و لە تەقینەوەی کارەسات و لە نۆتەی دەنگەکانەوە... لە هەناسەی ساردی سەر و سەربردە و گرین و سەردوولکەکانەوە هەستی پێ دەکرێ. وەك قەڵایەکە لە ناو تەمومژێکی سەرمەدیدا هەڵگیرسابێتەوە، وەك پەیکەرێکی جاویدانییە کە بەغەم و واهیمە و دەروون پڕ لە ئاگری هەزاران جەرگسووتاو زەرکەفت کرابێ، وەك مۆمیایەکی تێکئاخنراوە کە بەهەزاران ئۆڵەگان و تەنگەژێی ڕۆژگاردا چێواخن کرابێ.

دەشێ مێژوو ناوی هەر چەکێ تۆمار بکا، ژمارەی فڕۆکە و تانك و هەرچی تفاقێکی

شەڕ هەیە دەریانبخا. دەشێ مێژوو ژمارە و ناو و سەربەهووردەی ژیانی شەهیدانمان بۆ باس بکا و ناوزەدیان بکا. ژمارە و ڕەنووسی خێزانی دەربەدەر و ئاوارە و خانووبەرەی ڕووخاو و باڵەخانەی داتەپیو و دەشت و کێڵگە و باغ و باخچەی خاپوورکراومان بۆ دەرخا، بەروارەکانمان بۆ باس بکا...! بەڵام ئەو بابەتە گەرم و دراماییانەی کە من دایاندەڕێژمەوە بۆ جێی دوورتر و قووڵترمان ڕادەکێشێ. دەمانباتە ناو لوولەی تۆپ و دۆشکەی تانك و زرێپۆشەکانیان، دەمانباتە ناو کابینەی فڕۆکەوانە بێ نیهاد و دڵڕەقەکانیان، دەمانباتە ناو زیندانە تاریکەکان و بۆنی خوێنمان بە لووتا دەپژێنێ. دەمانباتە ناو بێراز و گۆڕی شەهیدان. لە ناو کفنەکەیاندا، لە تەکیاندا ڕادەکشێین، گوێ لە هەناسە خوێناوییەکانیان دەگرین، جێبرین و نەشتەرگاکانیان دەژمێرین و ئێمەش وەك ئەوان لە ناو ئەم خاکەدا دەپلیشێینەوە و تێکەڵ بەخۆڵەکەیەوە دەبین.

دەمانباتە ناو قولغ و کەلاوەی داڕووشاو و سووتاوەکانەوە، دەمانباتە ناو فرمێسکی چاوی دایکان و منداڵە برسییەکانەوە. دەمانباتە ناو ناخی هەر مرۆڤێ، هەر ستەمدیدەیێ، هەر کاسەی سەرێ. لەگەڵ ئەوانا بیر دەکەینەوە، وەك ئەوان هەست بەئازارەکان دەکەین، وەك ئەوان هەست بەخەمە گورچکبڕەکان دەکەین، لەگەڵ ئەوانا دەمرین، دەژین، پەڕپووت و نەدارا و برسی دەبین. بەڵێ، بەڵێ... بۆیە دەڵێم ئەمە دیوێکی تری مێژووی ڕاستەقینەیە، ئەمە ڕەنگ و ڕوخسارێکی تری مێژووی ڕاستەقینەیە، زمان و ئاخاوتنی هەقیقەتێکە، کە هەمیشە درەوشاوەیە، نە خەوشهەڵگرە، نە دەشێوێندرێ، نە دەشاردرێتەوە نە دەگەچڵێنرێ..! گەلێ جار کرداری مێژوو نووسینەوە، وەك درۆ فەقیر دەبێ. هەموو کەس پێی دەوێرێ. بێ هێزترین کەس دەرەقەتی دێ! دەتوانرێ خواریش بکرێتەوە، بشسرێتەوە بەپێچەوانەی ڕووداوە ڕاستەقینەکانیش بنووسرێتەوە، هەرچی ڕاستییە بیشارێتەوە، هەرچی ماف و دادپەروەری و مرۆڤایەتی هەیە، هەر هەموویان دیزەبەدەرخۆنە بکرێن و بەئاقارێکی تردا بیانبەن و پەرتەوازەیان پێ بکەن. بەڵام ئەم ڕووداو و سەر و سەربردە سەرمەدی و دراما ئامێزانە. هەموو شت یەکلا دەکاتەوە، لە توێی ڕووداوەکاندا، مێژوویەکی ڕاستەقینە خەست دەبێتەوە. لە ژان و برکی سەر و سەربردە یەك بەدوای یەکەکاندا، مێژوویەکی دروست و توکمە دێتە ئاراوە، لە قوڵقوڵە و هەڵاوەی فرمێسکە گەرم و هەناسە پڕ لە ئاگرەکاندا مێژوویەکی ڕاستەقینە هەڵدەقوڵێ. ئێمە ئێستا وا لە پێگەو پێڤاژۆیەکین. مافی خۆمانە داوای بەری هەندێ لە ڕەنجەکانی ڕابردووی نزیکمان بکەین. کوردستان و دواتەقینەوەی سەدەی بیستەکەی، شۆڕش و

ڕاچڵەکینەکەی، ڕاپەڕین و کۆڕەوەکەی. ڕووخانی قەڵای گومڕاو ڕزگارکردنی مێشك و زمان و خۆزگە و بریا، ڕەها کردنی هەموو ئاوات و حەزە پەنگخواردووەکان، پایە ماڵ کردنی هەموو ئێش و ئازار و نوشستییەکان. هەموو ئەمانە ئێمەیان لە خەوی مردن بێدار کردەوە، هەموو ئەمانە بوون بە زامنی بەردەوامبوونی سەربەخۆیی و سەرفرازی و ژیان...! هەروەها میوانداری شەش حەوت ساڵیشمان لە سەدە و هەزارەی نوێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەش تا ئێستا سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و ڕەخساندنی بنەماکانی کۆمەڵگایەکی شارستانی. لەگەڵ ڕادەیەکی شیاوی ئاوات و پێداویستییەکانمان هێشتا هەر ئەرزشی بەراوردکردن نین. هێشتا هەر ئاسمان و ڕێسمانن...! من وەك ڕوانین و سەرنجی نوێ و خوێنی نوێ. لە دیاردەکانەوە دەڕوانم و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم. ئەگەر خەبات و دروشم و ئامانج هەر ڕزگاری و هەر بەزاندنی دوژمن و وەرگرتنی ماف بوایە، ئێستا بەلای ئێمەی گەنج و دیدی نوێ، ئەوانە بەبێ هەنگاونانی بەکردەوە و بەبێ خۆشکردنی گوزەران و ئاسوودەیی، هیچ مانایەکیان نابێ. سیاسەت دەبێ ببێتە ئەم گفتوگۆ و دانووسانانە و ... پلان داڕێژێ. کە چۆن بەرد لەسەر بەرد دابنێین، کاولگەکان چاك بکەینەوە، چۆن خشت لەسەر خشت دابنێین و خانووبەرە و باڵەخانەکان نۆژەن بکەینەوە، چۆن دەشت و چۆڵ و خاکە خاپوورکراوەکان زیندوو بکەینەوە، ئاوەدانیان بکەینەوە. چۆن موڵکی وڵاتمان بپارێزین، بوودجە و سیستەمێکی وردی دارایی و ڕوون و ئاشکرای بۆ دابنێین...! چۆن مرۆڤی ئاسایی دروست بێتەوە، کۆن نوێ بکرێتەوە، مێشکە بەرد و وشکهەڵگەڕاو و هیچ قبووڵ نەکرێ بێ بەرهەم و بێ کاردانەوە، بەلاوە بنرێن...؟ باوکم زۆر جار بەدایکمی وتووە، تەمەنی مرۆڤ بە ساڵ ناپێورێ، منیش هەر لەو ڕەهەندەوە دەڵێم ژمارەی ساڵ پیری و گەنجیەتی مرۆڤ دەرناخا. بەلای منەوە پیر ئەو کەسەیە کە تەنیا و تەنیا هەر لە چەقی خواست و ئارەزووەکانی خۆیدا خول بخواتەوە و ئەژدەهاکی بەرژەوەندییە تایبەتی و خودییەکانی خۆی. رایتەورێنێ...! پیر ئەو کەسەیە کە هەست بەگۆڕانەکانی دەوروبەری خۆی نەکا، جا لە هەر تەمەن و لە هەر تافێکا بێ. ئێمە لە زۆر لە م لایەنانەوە، لەگەڵ ئەو ستایلە بیرکردنەوە و تەمەنانەدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و تێکنەگەیشتن دەبینەوە. چونکە، گەر خوانەخواستە. ئەوان هەوڵبدەن، کە سیاسەت و دروشمە قەبەکانی پێش نەوەدەکان بکەن بەداینەمۆیەك، لە پێناوی ئەوەی نەختێ گەرمی و گڕ و تین بەخوێنی خۆیان ببەخشن، تا گیانی مۆنۆپۆلی و پاوانکردنیان لا بەهێزتر بێ. یاخود بیکەن بەجۆرە دەمامکێ، ئۆکسجینی پێ وەرگرن و

هەناسەی پێ هەڵکێشن. بەو مانایەی کە گەرەکیان بێ مافی خۆیان بپارێزن و هەروەها خۆیان توند و تەیار بکەنەوە تا مافی گەنجانیش بۆ خۆیان قۆرخ بکەن و خوێن و وزەی ئێمە بخەنە پەراوێزەوە، بەم پێیە گەر ئەو گریمانانە زیاتر تینمان بۆ بێنن، دەمانبەنە دوو ئاقاری لەیەك جیاوە. وەك بڵێی خۆمان لە دوو بەرەدا ببینینەوە و هەردوولا بەخواستی خۆمان مامەڵە لەگەڵ ململانێی نێوان جیاوازییەکان... جیاوازی بەرژەوەندی و سەرنج و گۆشەنیگا و بیرکردنەوە و شوناس و ئینتیما و خەونەکاندا بکەین...! لە سۆنگەی ئەمەوەیە، زۆر جار وام بەبیر دادێ کە پڕ بەدەنگ هاوار بکەم، بڵێم پیرەکان تێمان بگەن. چاکتر وایە تەمەنی ساڵانی بابردووتان لە میکانیزمی ئاوات و خواستەکانی ڕۆڵە و نەوەی نوێتانەوە قەرەبوو بکەنەوە. تەمەنی ساڵانی ڕابردووتان لەناو خوێنی گەرمی ئێمەدا بەرجەستە بکەن.

مەمانخەنە پەراوێزی ئەو دواڕۆژە پڕ لە ژیان و لە زیندەگانی و پێشهاتانەوە...! ئێوە بەدوای ڕەوڕەوەی مێژوودا ڕادەکەن، چونکە هەڵی مێژوویی دروستی کردوون، سوارچاکی پێداویستە مێژووییەکان بوون، زۆر جار چالاکیتان تۆمار کردووە، ئێمە پێتانەوە سەربەرزین، هەتا ئێرە شانازیتان پێوە دەکەین، بەڵام ئێمە دەبێ لە پێش ڕەوڕەوەی مێژوو بڕۆین، بۆیە دەبێ مێژوو دروست بکەین، دەبێ دواڕۆژ دروست بکەین. ئێمە دەبێ سەرکەوتن و سەرفرازی لە دار و بەرد بتراشین. داهێنانی مێژوو ئەرکی ئێمەیە. ئێمە دەبێ هەلی مێژوویی دروست بکەین نەك ئەو ئێمە دروست بکا، چونکە ئێمە بورکانێکین لە وزە، تەمەنێکی پڕ لە پرس و وەڵامین، نەوەیەکی پڕ لە گومان و پەیامین.

لەو بارەوە من چیتر ناچمە ناو بابەتەوە. چونکە وەك بڵێی دەمەوێ شتێ بڵێم و نەیڵێم، ئەویتر بۆ ئێوەی جێدێڵم. من خۆم یەکێکم لەو گەنجانەی، کە لە کۆشش و ماندووبوونی یەکێکی ترم بۆ خۆم پاوان کردووە. بۆتە ئەرکێکی سەر شانم و پێهەڵسم، تا پێ لە ئاستێکی تری ژیانا بنێم. ئەویش ئەو کەسەیە بەدەیان ساڵ لە خۆم گەورەترە. ئەو دایکەیە، کە هەر لە سەرەتای ژیانی هاوسەریەتی خۆیدا، کتوپڕ خۆی لە ناو گەردەلوولی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە و کارەساتی جەرگبڕدا دیتەوە، سەرەڕای پەروەردە کردن و بەتەنگهاتنمەوە. هەموو بوارێکی بۆ ڕەخساندم، تا بەدواڕۆژی خۆما گەیشتم، تا ژیانی هاوسەریشم بۆ دەستەبەر بوو. «ئالاّ»ی خوشکیشم هەر بەم ئاوایە. ئەویش وەك من دواڕۆژی بۆ دابین کرا. هەڵبەت دەبێ من زۆر ئاسوودەبم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، تەنیا بیر لەو دوو دەرگایە بکەمەوە... ئەو دوو دەرگایەی کە بەیەکێکیانا دێمە

ژوورەوە و بەوەی دووەمیشدا دەچمە دەرەوە. نەخێر ئێستا من وەکو گەنجێکی پڕ لە پرسوڕامانی نیگەران. بیر لە سێیەمیان دەکەمەوە، تا هیچ ئەگەر و گریمانەیەك لە ڕێگامدا نەبێتە کۆسپ و ئاستەنگ. تا حەز و ئارەزوو خولیاکانم نەخەسێنرێ، لە بار نەبرێ. تا هەوڵ و کۆشش و هزر و بیرم خەست بکەمەوە و شاکارێکی وا بێنمە بوون، کەجێی ڕەزامەندی دایکم بێ و هەموو یاد و یادگارییە نووسراو و نەنووسراوەکانی ئەو بەخۆوە بگرێ. تا هەموو «نا ئەگەر»ەکانیش بگۆڕم بۆ «ئەگەر»ی شیاو و گونجاو و لەگەڵ میکانیزمی ژیانا ئاوێتەیان بکەم. و تێکستە مێژوو ئامێزەکانی ئەو لەگەڵ هەنسك و هەناسە و ورێنە و فەنتازیای ڕووداوەکاندا تێکەڵ بەیەك بکەم. من هەتا ئاشنای شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و کتێب. خوێندنەوە نەبووم، نەمدەزانی بۆ ئەوەندە وشەی «دایك»م لە دەما دەتەقێتەوە. زۆر جار هەستم دەکرد، هاوڕێکانم وەك من نین. بەڵام تۆ بڵێی ئەو سایکۆ ڕوانینە کاردانەوەی تریشی لەگەڵا ئاوێتە نەبووبێ...؟! کێشە و ململانێی لەگەڵ خۆیا هەڵنەگرتبێ...؟!. ڕەنگە لە وەڵاما زۆر شت بوترێ، بەڵام من دەڵێم: ئێمە لە ئاکامی کێشە و ململانێ سەختەکانەوە هاتووینەتە بوون. لە وەتەی من بیرم دێ باس هەر باسی ئاشتی و خێر و خۆشییە. ئاشتی بۆتە عەنقایەك بەدوایدا دەفڕین و نایگەینێ، وێنە و سکێچی لە ناو چاوی هەموو کەسێدایە، ناوی لەسەر زاری هەموو کەسێدایە، وەك بڵێی وێستگەیەك بێ لە تەڕاویلکە و تەم و مژ چنرابێ. هەر دەڕۆین و نایگەینێ. نەك هەر لەم دەوروبەرە، بەڵکو لە جیهاندا بەگشتی، جار جار کێشە و ململانێ گەورەکان دروستی دەکەن و دوایەش بەشە پۆلێکی هاروهاج پایەماڵی دەکەنەوە، ئاسەواری نایەڵن...! لە فەرهەنگی مندا چەند شتێ هەیە زۆر بەزەقی تۆمار کراون، وەك: شەهید، پیرۆزی دایك، پیرۆزی خاك، مەرگ و مردن، دکتاتۆر و خوێنڕێژی، تەعریب و تەهجیر، دابەشبوونی وڵات، نەبوونی ئاڵا، گەنج بەخۆ و بەکۆمەڵە پرسیار و وەڵامێکی پێویستەوە! ئافرەت بەخۆی و بەهەموو شکۆمەندی مێژوویی و پێگە کۆمەڵایەتییە پیرۆزەکەیەوە. بەڵام من ئەو نەهامەتی و دیاردانە هەمووی لە کێشە گەورەکەی جیهاندا دەبینمەوە. ئەوانە ڕووبارێکن و لە ڕۆخانەی ئۆقیانووسەکاندا دەکەنەوە. ئێمە هەردەم لە کێشە و ڕکابەریەکی بەردەوامداین، کەواتە لە شەڕێکی بەردەوامداین، ڕکابەری و گەردەلوولی شارستانیەتە جوێ جوێکان، ململانێی نێوان کۆمەڵگا ئابوورییەکان، پێشبڕکێی بەرژەوەندی و کانتۆنە پیشەسازییەکان. جیهانیان خستۆتە جەنگێکی بەردەوام. هەندێ جار جەنگی جیهانی سارد و هەندێ جاریش جەنگی جیهانی گەرم دێننە کایەوە. کەی

بەرژەوەندییەکان جیاوازییان کەوتە نێوانەوە، یا لەیەك دوورکەوتنەوە، جەنگی جیهانی سارد دێتە ئاراوە، بەڵام کەی بەرژەوەندییەکان دژ بەیەکتر وەستانەوە و هەریەکە ئەویتری خواردەوە و بەڕووی یەکتردا تەقینەوە. ئەوا جەنگی جیهانی گەرم جار جار دەدرێ و دەتەقێتەوە. تا ئێستا جیهان بەبێ یەك لەم دوو جەنگە گشتگیرییە خۆی نەبینیوە. هەردوو لە منداڵدانی یەکترەوە لە دایك دەبن، وەك مریشك و هێلکەن، ئەم لەوەو ئەو لەم. ئەو ئەم دروست دەکا و ئەم ئەو. هەندێ جار یەکێکیان لەلایەك سەر هەڵئەدا و ئەوی تریش لە لایەکی ترەوە، هەر بەم ئاوایە، جیهان لە ناو بازنەی ئەم دوو جەنگە ئەزەلی و ئەبەدییەوە، وەك پەتیارەیەکی وێڵ و سەرگەردان، تل دەخواتەوە بۆتە گۆڕەپانێکی خۆڕسك و خۆڕا، هەروا بووە و هەر واش دەبێ، هەر وا گیرۆدە بووە و هەر واش بەگیرۆدەیی دەمێنێتەوە...!

من هەرچی زووە، دەمەوێ ئەو هزر و بۆچوونانە زوو تۆمار بکەم و بەوانیتریشدا بچمەوە، نەوەك لە بیریان کەم، کۆمپیوتەر و پۆستە ئەلیکترۆنییەکان، ئێمەشیان خستۆتە چەرخی خێراییەوە، ماوەیەکە هەست دەکەم، زوو زوو شت لە بیر دەکەم، لەو ساتەوەی داتا و زانیارییە خێراکان، وەك کەلوپەل و هەر کاڵایەکی تر ئاڵوویریان پێدەکرێ، لە ناو مێشکمان گەلێ خۆیان ناگرن و ڕووداوە خێرایەکان زوو زوو دەیانسڕنەوە، زۆرجار نازانم ڕۆژی پێشتر چیم خواردووە، یا سەردانی کوێ و کوێم کردووە، فلان برادەرم ناوی چییە، ناوەکەیم بیرنەماوە! فیسکە هاوڕێم لە تەلەفۆن چی پێ وتم...!، خۆ جارێ هەر وادەکەی ژمارەی مۆبایلەکەی خۆم و تەنانەت ئەوەکەی «تارا»ی هاوسەریشم بیر دەچێتەوە! بەرلەوەی ئەوان بگەن و ببێتە قەرەباڵغی، گەرەکمە زوو لێی بەخۆکەوم و کارەکانم ڕاپەڕێنم، ئەگەر نەشپەڕژام، دەتوانم من لە ماڵەوە بمێنمەوە و لەگەڵیانا دەرنەکەوم، سەردانەکەی خۆم بۆ ڕۆژێکی تر دوا بخەم، لەوانەیە تاراش لە گۆشەیەکی لاپەڕدا هەڵوەر بگرێ و تەلەفۆنێکی کورتم لەگەڵ بکا و بڵێ: ئەوان گەیشتوونە جێ، چ دەڵێی تۆش دێی یان هەر لە ماڵ دەمینێیتەوە؟ دووریش نییە لەگەڵ «ئالا» دا بەیەکەوە بۆ لام سەرنەکەون، دەزانم کە ئەوان بگەن، دایکم هەر خێرا خێرا، هەموویان ڕاپێچ دەکا و بەرەو گۆڕستان پێشیان دەکەوێ، دیسان بەزۆنگی خەم و بەزام و برین و ناسۆرییەکانی خۆی و نەتەوەکەیدا دەچێتەوە، لەگەڵ ڕۆژانی ڕابردوودا دەتوێتەوە، چ نوشستی و ئێش و ئازارێکی دەروونی لە ئارادا بوو، چەند دایکی کراس ڕەش و جەرگ هەلا هەلاکراو، چ تاوانێ ئەنجام دراوە، چ کەژاوەیەکی بووك و زاوایەتی کراوە

بەتابووتی مەرگ، چەند ئاگردان کوێرکراوەتەوە و چەند گەنج و تۆلاز بێ سەروشوێن کراون؟ ئاوا، هەر بەم ئاوایە، باسیان لێ دەکا، وەك مێژوویەکی ناخ هەڵقرچاو دەدوێ، وەك میمۆرییەك یاداشتەکان بەسەر دەکاتەوە، هەر بەم شێوەیە بەرێگادا دەیانبا و ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشێ، قەهر و تووڕەیی و کۆنە قینی لێ بەژان دەکەوێتەوە، بەڵام پاشان چەند زنجیرە پێکەنینێکی دڵنیایی و تۆڵە ئامێزی بۆ هەڵدەدا و بەچەند قسەیەکی خۆش و هەسانەوە و ئۆخە کردنێ، کفتایی دڵی خۆی دادەمرکێنێ، ئاماژەیەك بۆ لای پارکەکەی ناو ماڵان دەکا، ئا ئەلێرە، «ئەبو بەلسەم»، کاتی خۆی کە ئەو پارکەی داگیر کردبوو، خانووبەرەیەکی گەورەی لێ قیت کردبووەوە، لەبەر دەرگا گەورەکەی ماڵی خۆیان، سەرا و پێش هەڵیانواسی، دوایەش بە شۆفڵ خانووەکەیان تەخت کرد و بەم دواییە کردیانەوە بەو پارکە خۆش و خنجیلانەیە...! ئەو کاتە تەنانەت دوو سەعات بوو کە پێشمەرگە و جەماوەر لەگەڵ یەك تەماسیان گرت و پاشانیش شار تەقییەوە، هەها ئەلێرە، هەر ئەلێرە، ئەو ماکە ڕەشانەی سەر جادەکە دەبینن، هێشتان جێیان دیارە، هەر لە بەرەبەیانی ڕاپەڕیندا، هەردوو تاوانبارەکە بەخۆ بەترومبێلەکەیانەوە، دەرکەوتبوون دەیانویست زوو خۆیان بگەیەننە یەکێ کاربەدەستێ، تا پسوولەیە وەرگرن و خۆیان بەگەڵ خەڵکەکە بدەنەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەستیان بگاتە کەس، بەخۆ بەترومبێلەکەیانەوە، کەوتنە ناو دەریای خەڵك و شەقامە ورووژاوەکەوە، بەخۆیان و بەترومبێلەکەیانەوە کردیانن بە قەرەبرووت، بەدەمێکی بەزەردەخەنەوە، لا لە هەموویان دەکاتەوە و هەر لە قسە یاداشت ئامێزەکانی خۆیا بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئەو کاتە هیچ کەس لە من دڵخۆشتر نەبوو، چونکە ئەوانە نزیکترین خوێنخۆری من بوون، ستەمکارترین زۆرداری من بوون، ئا ئەوەش هۆڵە گشتییەکەیە، لە ژێر کورسی و مێز و لە ناو بەرمیلی زبڵ و ئاودەس و ژێر پەردەکانی ئەو هۆڵەوە، چەند خۆ فرۆشێکیان دەرهێنا، لە بن پێلاو و پێلەقەی ئەو خەڵکە ڕزانەوە، جا بەرز پێدەکەنێ: هەق وایە، هەر جارێ جوانەمەرگێکمان بێتە خەون، کە ڕۆژ بووەوە بەم شوێنانەدا گوزەر بکەین و بیانکەین بەنموونەیەك لە بەرهەم و ڕەنج و ئاکامەکانی جەماوەری تووڕە و ڕاپەڕین و بەوردی چاویان پیا بخشێنینەوە و وەك لاپەڕەیەکی مێژووی درەوشاوە پیایانا بچینەوە، دوایەش بچینە سەر گۆڕی شەهیدێك و چەپکە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر سنگی دابنێین، «تارا»ش هەر لەو پێودانگەوە بەچەند یاد و یادەوەرییەك سەرنجەکانی «ئاڵا»ی خوشکم بۆ خۆی بەکێش دەکا:

– دەبا ئێمەش جۆلانەیە بۆ دیاکۆ و میلۆدی هەڵخەین، وەك جارانی خۆمان ڕایانهەژێنین، خۆزگە موژدەش لێرە بوایە، من نازانم بۆ ئەوجارە دیار نین.

– لەوانەیە «دایە نەخشین» چووبێتە سەردانیان، یانیش هەموویان چوونەتە سەردانی (ئیقلیم) و ماڵی (نوخشەخان).

من هێواشی و کشوماتی ئەو کازیوە خامۆشەم دێتەوە بەرچاو، کە دایکم لە جێی خۆیا جوولا و بەملاو بەولادا کەوتە ڕوانین و سەرنجی نیگە ئامێزەوە، وەك بڵێی درەنگی بەسەردا هاتبێ، هەر کە بەتەواوی بێدار بووەوە، بەپەلە لێفەکەی لەسەرەخۆی لادا، بەدەم پسکە پسك کردن و بەچاوێکی بەخەوەوە قژ و لاشانەکانی نەختێ خوراند: «بەنەعلەت بی شەیتان، ئەگەر درەنگ نەنووستبامایە ئەوها لە خەو نەدەمامەوە..!» بەڵام کە سەیری لای دیواری کرد، میلـە سوورە فسفۆڕییەکە وەك لاسکە گێلاسێکی تەڕ و ناسك، بەچواردەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و چرکەی زیادبوونی تەمەنی هەموو شتێ، یاخود کەمبوونەوەی تەمەنی هەموو شتێکی ڕادەگەیاند، ئەو چرکە ساتانەی کە بناغە و بنەما و پێوەری هەموو دەوروبەر و هەتا بوونەوەریشی بەخۆوە گرتبوو، لەم کاتەدا، کە دی کاتژمێر ئەوا خەریکە لە چواری بەیانی لادەدا، هێمای جۆرە دڵنیابوونێك بەسەر ڕوخساریدا گوزەری کرد، لایەکی لە لای دەستە ڕاستی خۆی کردەوە، کوتکوت، دەستی خۆی بەملا و بەولادا گێڕا.. دڵنیابوو لەمەی کەوا، من و ئالا وەك بەرخۆڵەی تێر شیر ئاسا لە پڕخوهۆڕی شیرین خەوێکداین نەبێتەوە، سۆزێکی گەرموگوڕی دایباوانە لە ناخیەوە هەڵقولاو بوو بەمایەی پەیدابوونی زەردەخەنەیەکی تەنك، کە وەك شەبەنگە تەزوویەکی کپ و بێدەنگ بۆ چەند ساتێکی کورت بەسەر دەموچاویدا هات و ڕابرد، خۆی بەسەرماندا نوشتاندەوە، یەك و ماچی گەرمی لێ کردین، پاشان بەپەنجە نەرمەکانی دەستێکی بەسەر و قژمان داهێنا و لێفەکەی بەسەرماندا هەڵکێشایەوە، بۆ ئەمدیوی ئێمەوە بینای سەرنجەکانی ڕانا، گۆمێکی مەنگ ئاسا کە لە دڵی تاریکیدا ترنجابێتەوە، هیچ شتێکی نەکەوتە بەر گوێ، بە سەرسوڕماوی هەڵوەستەیەکی بۆ کرد و دیسان گوێی خۆی ڕاداشتەوە، هەمدیس هیچ شتێکی نەکەوتە بەر گوێ، نەختێ دەموچاوی خۆی هەڵگلۆفت، بەرچاوە لێر و وێرەکانی خۆی ڕوون کردەوە، دوای ماوەیەك، تارماییەکی کەوتە بەرچاو، بەڵام نەیدەتوانی بەتەواوی بەرجەستەی بکا، بەدەم ڕوانینەوە بۆ هەمان هەوێڵ، چەند هزر و خەیاڵێکی ناگەهان و پڕ لە مەترسی بوون، بەتاپۆی چڵکن چڵکن، هەموو دەمار و تەزووی هەست و تیشکە تەماوییەکانی سەرنجی لێ وشەك کردن، چونکە

چەند شەو بوو لەبەر مشەمش و پرخوهۆڕی ئەودا خەوی لێ دەهەڕما، بەڵام ئەمجارەیان، وەك هەمبانەیەكی ڕەقوتەق هەڵگەڕاوی دەكەوتە بەرچاو، لە نێو دەریای تاریك و لێڵی ئەو بەیانییەدا، چەند بیروبۆچوونێكی ناشیاو بوون بەمایەی دڵتەنگی و نیگەرانی سەر لە ئێوارە گەفوگوڕێكی زۆری لێ كردبوو، دەترسا لەوەی نەوەك كاریان لێ كردبێ و لە خەفەتان شتێكی بەسەرهاتبێ، دوای نەختێ خۆجوولاندن و بەملاوبەولادا سەیركردن، قسە وشكەكانی چەند ڕۆژەی هاتەوە یاد، هەموو جارێ قسەی وا سووك و سەمەندۆكی پێ دەوت كە لە پێستی خۆیا بچێتە دەر، لە شوێن خۆیا خاو بووەوە، خەریك بوو جێی بێڵێ، لەم ساتەدا لە قووڵایی ناخیەوە، دەنگێكی كپ و پڕ لە ئەزموونی چەندەها ساڵ لەمەوبەری هاتەوە یاد و ورووژاندی: «ناهەقی مەگرە، پیرێكی وا چووزانێ تۆ لە چ دۆزەخێكدا دەژی، هیچ لە ژیانی كەسانی وەك ئێوە و مانان نازانێ، تۆ نەوەی سەردەمێكی و ئەویش خەڵك و ستەمدیدەی سەردەمێكی ترە...!» لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، لە سەرەتاوە نەختێ بەئەسپایی هەنگاوی دەنایەوە، تا پێیەكانی بەساردی چەمەنتۆكەوە چزایەوە... بەرەو دەرگا ڕۆیشت بەپەلە دەستی بۆ سویچی گڵۆپەكە درێژ كرد و لەگەڵ ڕووناك بوونەوەی ژوورەكەوە، ئەو تاپۆ ناشیاوانەی كە لە هزر و خەیاڵیدا تەنیبوونەوە، لەسەر شێوەی چەند تیرۆژكێكی ترسناك كە لە ناو چاویا دەیان برووسكاند و ترس و ئاوارەیی و غەمی ناگەهانیان لێ دەباری، هەمووی ڕەوینەوە، دیسان ئاوڕێكی لە لای بنەبانێ دایەوە، هیچ دەنگ و هەست و هەناسەیەكی نەكەوتە بەرگوێ، چەند هەنگاوێكی درشت و بەپەلەی نا و بۆ لای چوو، لە نزیك نوێن و پێخەفەكەیدا هەڵگیرسایەوە، دی وەك پارچە خەرقەیەكی كۆن و داڕزیوی حەفتا هەشتا ساڵی، كە بەسەرە نێزەی ڕۆژگاری ڕەش و ستەمكارەوە ئەنجن ئەنجن كرابێ، ئاوا لەسەر بەرماڵەكەدا خۆی گرمۆڵە كردبوو، هەر لە باری كڕنووش بردنا سەری خۆی بەسەر هەردوو دەستەكانیەوە كردبوو، گۆمكی گۆچانەكەشی خستبووە ژێر هەنیشكی چەپەی. تەزبیحە سەد و یەك قلیەكەشی، وەك كرمێكی ڕەشی كونجر كونجر ئاسا كەپكەی خواردبووەوە و لە هەندێ شوێنا كشتەكەكەی پس پس بوو بوو، لە هەندێ شوێنی تریشا تاڵە دەزووی كەسك كەسكی لێ بەستابوو. لەم تەزبیحەدا دەتوانرا هەموو كرداری ڕۆژانەی لێك بدرێتەوە و چەند جار دوعا و زكر و تەهلیلەكانی ختم كردوون و چەند جاریش دیسان لە نوێژەنەوە پیایا چووەتەوە...! خۆی بەسەریا چەماندەوە، گوێی لە دەنگی هەناسەی ڕاگرت، پاشان بەدڵنیاییەوە لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، سەرنجە ئاوەژۆ و لێڵەكانی ئاراستەی ئەملا و ئەولای خۆی كرد،

دیمەنی ناو ژوورەکەی وەك تابلۆیەکی پڕ لە وێنەی جیا جیا و دژ بەیەك دەکەوتە بەر چاوان، هەموو وێنە لێڵ و تەمومژاوییەکان پێیان ڕادەگەیاند کەوا ئەو زەمتە و حازرخۆرانەی کە دەیانەوێ هەر بۆ خۆیان بژین با لە ئێستاوە بمرن، بەڵام ئەوانەی گەرەکیانە لە پێناوی کەسانی ترا بمرن، هەتا دەتوانن دەبێ درێژە بەژیانی خۆیان بدەن. ئەم هزر و بیرکردنەوەیە، ڕێگایەکی سەخت و پڕ لە هەڵدێری هێنایەوە بەرچاو... هەرکەس بیەوێ لە کاروان جێ نەمێنێ دەبێ پیایا ڕابووریێ، هەروەها دەبێ لە خزمەتکردنی پیر و پەککەوتووان پشوو درێژ بێ و لە پەروەردەکردنی منداڵە بەناز و گۆزەکانیشا دڵسۆز و بەهرەمەند بێ، هەروا بەم شێوەیە هەر لە نزیکیا ڕاوەستا بوو، بەدڵێکی پڕ لە ئاخ و کەسەرەوە هەر تێی ڕادەما و لێی ورد دەبووەوە، لەم کاتەدا چەند ئارەزوو خولیایەکی جەستەیی سەراپای گیانی خستە کەف و کوڵ و لەم جۆرە خورد و خەیاڵەی دوورخستەوە. بە تاسبردنەوەیەکی فرمێسکاوی، چەند شەبەنگە وێنەیەکی ئارەزوو هەڵسێن بوون بە تانوپۆی هزر و کەڵکەڵە تێکچڕژاوەکانییەوە، بەڵام کە جەستە چەپ و چوێڕ و گرمۆڵەکەی دەکەوتە بەرچاو چ کۆسپ و تەگەرەی ژیان هەیە، هەمووی لێ زیندوو دەبوونەوە... لەبەردەمیا هەڵدەگیرسانەوە و وەك مێملەباندێکی شەڕ و شەیتان لێی دەبوونەوە بە بەربەست و ئاستەنگێکی دژوار: « ئەوە زیاترە لە شەش ساڵ وەك پشیلە دەتلێسمەوە، هەر گوتوومە ئەتوو بۆ ئێمە وەکو ڕەشماڵ وایت. ئەگەرچی ژیانی ڕەشماڵنشینیش هەر تاڵی و ژهراو نۆشتنە، نەیسە هەر چاکترە لەوەی کە بکەوینە دەم ڕەشەباوە، بەڵام بەو دوا دواییە ئێسکی خۆت ئەوەندە گران کردووە خەریکە چیدی بەرگەی تانە و تەشەرە و قسە ڕەقەکانت نەگرم.. دەوجە با بەس بێ، ئەتوو خڵەفاوی ئەمن گوناهم چییە؟ لەگەڵ ئەم خۆدواندنەدا، ڕەنگ و ڕوخساری گرژ هەڵگەڕا، دوای ماوەیەك لە بیرکردنەوە و بەخۆ داچوونەوەدا، دیسان گەڕایەوە باری پێشووی و ڕق و قینی وەك زەردەواڵەیەکی چزووداری وەرزی لێکەوتنەوە جموجۆڵ و بەدەم ئەشکەنجە و ئازارێکی بێ شومارەوە لەگەڵ خۆیا کەوتەوە ئاخاوتن:

«سوێندم خواردووە، ئەوجارە هەتا بەخۆت قسەم لەگەڵ نەکەی، خۆت تێنەگەینم»، ئەم قسانەی تێکەڵ بەکولك و کۆڤانە گورچکبڕ و دڵۆپی فرمێسکە وردەکانییەوە بوون، لە نزیك سەرینەکەیدا خواردنی ئێوارەی کەوتەوە بەرچاو، چۆنی لە پێش دانابوو، هەروا لە دەق و مۆری خۆی مابووەوە، سەرە کەوچکێکیشی لێ نەخواردبوو، بەندە پێست و ئێسقان ڕزاوەکانی زیندانە تاریکەکان ئاسا ڕۆژ و شەو ژیان و مردنی لەلا وەك یەکی لێهاتبێ،

ئەویش ژیانی خۆی وا دەهاتە بەرچاو! وەك بڵێی مانی گرتبێ و بڕیاری دابێ کە شتێ بگۆڕێ یانیش بمرێ، هەروەها لە سەرێکی تریشەوە ئاشوماشی لەگەڵ کردبێ و هەرچی ئەو بیڵێ و بیکا، ئەو بەبێ سێ و دوو لێکردن ڕەتی بکاتەوە...! لەتەك خواردنەکەشی هەردوو ڕیزە ددانەکانی لە نێو جامیلکەیەکی خڕیلەی ئاوی دانابوون و وەك دەستەوانەیەکی لە مرواری دروستکراو، شێوەیەکی بازنەیی ناڕێکیان هێنابووە ئاراوە، بەدەم سەیرکردن و سەرنجدانەوە، هەر لەبەرخۆیەوە کەوتەوە ئاخاوتن: «نازانم لەبەرچی وەها لێم لە ڕك ڕاچووی؟ چەند مانگ دەبێ هەر هەنجەتم پێ دەگری، هەر بڕ و بیانووم پێ دەگرێ... دەبێ چیت لە بن گوێ خوێندرابێ؟» ڕووی خۆی بۆ لای دەرگا وەرچەرخاندەوە: قەڵەندەر ئەگەر ئەمن نەبم بەدوو ڕۆژ کرمت دەکەوتێ، ئەوجە لێمگەڕێ با ئەمنیش وەك ئەو خەڵکە بژیم، سەدانی وەك من هەن، هێشتان هەر خەون بەمراد و مەرامی خۆیانەوە دەبینن، من بە بەخیلی وەناڵێم، نامەوێ کەس وەك منی بەسەربێ، بەڵام نازانم تۆ بەچیم تێدەگەی، دەتەوێ وەك هاوتەمەنێکی خۆت ڕەفتارم لەگەڵا بکەیت، دەتەوێ بمکەی بەئاوقەرانی خۆت، من وەك تۆ نیم، تۆش وەك من نابیت، گەر شەو لەلای تۆ وەك خۆی درێژبێ، لەلای من هەندێ جار دەبێتە مانگ و ساڵ، گەر تۆ ئاگرێ بتسووتێنێ، دۆزەخێ تینت بۆ بێنێ، من هەزاران ئاگر، هەزاران دۆزەخ، گەر تۆ خەمێ یا دوو خەمی گورچکبڕت هەبێ، من خۆم لە خەم و خەفەت داڕژراوم، لە خەم و خەفەت دروست کراوم، بەدەستیانەوە دەناڵێنم...» بەڵام خۆزگەیەکی تامەزرۆشکێن ئەو بیروبۆچوونە ڕەشبینانەی لەبیر بردەوە، خۆزگە و ئاواتە نەوازەکان بوون بەچەند پەیڤێك و بەخەیاڵی داهاتوو ڕابرد، کە بوون بەهێمای ئەو ئامانجەی وەك هەزاران بەڵکو ملیۆنەها سەرسەختی ئەو مەرزوبوومە ئاسا، بۆ خۆی داڕشتبوو تا لە دواڕۆژا پێی بگات، بەهەناسە هەڵکێشانێکی سارد و سڕەوە کەوتە ناڕەزایی دەربڕین: «ژیان بەسەربردن لەگەڵ پیرێکی ئەوها ئاخرشەڕ و کەللە ڕەق زەحمەتە...» هەنگاوەکانی گەیاندنیە لای دەرگاکەوە، کە ڕیزەکانی وەك کرمی ئاوریشم ئاسا، هەریەکەی بەتۆپەڵە ژەنگوژارێکی شیدارەوە لولدرابوون جیرەی لێوە هێنا و لەسەرخۆ کردیەوە، پێی ڕاستی لە کۆسپەی دەرگاکە وەدەرنا، وەك بڵێی شتێکی لە بیرکردبێ، بەپەلە بۆ جێ و بالینگانی خۆی گەڕایەوە، پێنووس و چەند پەڕەیەکی فولسکابی لە ژێر سەرینەکەی خۆیدا دەرێنا و ڕووی لە دەرگا کردەوە. دیسان گەرەکی بوو بچێتە دەرەوە، تیشکی گڵۆپەکە نەرم نەرم لە چاوی چەقین، دوایی بەدەموچاوێکی ترش و تاڵ و بەدەم خۆدواندنەوە سەیری لای بنەبانێی

کردەوە: « با خەوی لێ نەهەڕمێ، هەڵبەت نوێژ و شەونوێژی خۆی کردووە، ئینجا نووستۆتەوە.» دەستی بۆ سویچەکە درێژ کردەوە و ناو ژوورەکەی کڕ و خامۆش کردەوە.

هەر لە ئێوارەوە ڕوخساری ئاسمانی ساهی و سروشتی خەمڵیو، موژدەیەکی دڵخۆشکەرەوەی پێ بەخشیبوو، گەلێ جار بەناخی خۆیدا قووڵ دەبووەوە، ئاڵا خوێناوییەکەی دڵی مێژوو، کە پشتاوپشت بەخوێنی پاکی نەوەکانی ئاو دەدرایەوە... لە ئاسۆی هزر و خەیاڵیا دەشەکایەوە... وەك هەر کوردێکی ستەمدیدەی سەر ئەم زەمینە، جا لە هەر کوێیەك بێ.. لە بۆنەیەکی ئاوادا حەز و ئارەزووەکانی بۆ گەلێ ئاقار و کەناری دەبرد،! لە مێژبوو کەوتبووە هەڵوەدای ئەوەی کەوا لەگەڵ تیرۆژکی یەکەم ئافەڕۆزی سەرە ساڵدا، گۆڕانێکی بنچینەیی بەرپا بکات و هەموو شت یەکلا بکاتەوە...! ئەوسا کە جیهان هەر سەر لە ئێوارەوە بەجۆرە دیمەن و سیمایەکی ترەوە دەکەوتە بەرچاو دوالاپەڕەی ساڵێکی کۆن و پەڕپووت ئاوا دەکرێ و یەکەم لاپەڕەی ساڵێکی نوێی بۆ دەکرێتەوە، بەڵام نەیدەزانی ئەمیان چی لەسەر دەنووسرێ و چارەنووس و سەروسەربردە ڕاستەقینەکان، یان ئەوانەی کە بەهەڵە دەکرێنە تۆق و گەردانەی نوشستی و بەئەستۆی وەدەکرێ، چی لێ دەکەنەوە و بۆ کامە کەنار و بۆ کامە لێواری دەبا، ئاخۆ دەبێ ئەمساڵەش وەکو پار و پێرارەوە، ببێتە پەیکی گەردەلوول و غەمرچێن، یا شتی تری لەگەڵ خۆیا هەڵگرتبێ...؟ لە ئێوارەی پێش ئەو بەیانییەدا سۆزێکی ڕۆمانسی و بیر و ئاوەزێکی لۆگیکی و ژیرانە تێکەڵ بەیەك بووبوون، خۆی لە ناو بازنەی دیاردە تەمومژاوی و شتە ڕاستەقینەکان و ئەرك و پێویستی و داخوازیی و حەز و ئارەزووەکاندا، بە خاڵێکی چەسپاو و چەقبەست دەهاتەوە بەرچاو: «ئەگەر واشنەبم هەر ئاوام، لێشی هەڵێم لێی ڕزگار نابم، چارەنووس چەند ڕووت هەیە؟ شتێکە و بەسەرما سەپاوە، ئەمنیش دەبێ خۆمی بۆ ڕابێنم. ئەگەر لە هەر تەنگوچەڵەمەیەکدا کەرەسە و شێوازی شیاو و پێویستم بۆ دەستەبەر نەبوو، تا بەسەریاندا زاڵ ببم، لەو کاتەدا پەنا دەبەمە بەر پشوو درێژی و سنگ فراوانی و بەسەرچوونی کات بەسەریدا، تا بەو کردارە بوونی خۆم دەچەسپێنمەوە و هەمـوو تـەنگ و چـەڵـەمـەیـەکـیش لـە ڕێگـای خـۆمـدا دەتـاوێنـمـەوە...» کـاتـێ جـلـە هەڵخستراوەکانی سەر ڕستەکەی کۆ دەکردەوە، دیمەنە ئەفسووناوییەکانی ئەو ئێوارەیە... ئەم قسە و خۆ دواندنانەی هێنایەوە هزر و خەیاڵ و هەر دەیوت و دەیوتەوە. بەڕاستی ئێوارەیەکی سەرنجڕاکێش بوو، هەموو هێماکانی خێر و شەڕ و چاکە و خراپە لە ناو لێڵایی و ڕووناهییە کریستاڵییەکانی بنی ئاسۆ و سەر دۆند و پارچە هەور و مانگ و

ئەستێرەکاندا بەدی دەکرد....! کە پارچە هەورە چڵکنەکانی دەکەوتە بەرچاو... چ شەڕ و شەیـتــان و نــگـریسیــیــەك هــەبــوو، دادەبــاریــنــە سەر زەوی، بــەڵام لــە لای هــەسارە چاوگەشەکانەوە، لە ناو ئەستێرە پڕ لە پێتوبڵێسەکانەوە، پەیکی خێر و خۆشی و ئاواتە بەرز و دوورەکان، بەربینگیان لێ دەگرتن، وەك فریشتە بەئاسمانی کامەرانیدا دەکەوتنە باڵە فڕێ و هەموو دڵێکی زامار و تاریکیان ڕووناك دەکردەوە، خەندەیان دەبارانده سەر لێوە هەڵبزڕکاو و بار لێکەوتووەکانەوە... دەمێ بوو خۆر لە کەلی کەوتبوو، کە سەری خۆی بۆ لای ڕۆژهەڵات هەڵبڕی، تەبەشە پانەکەی مانگی کەوتە بەرچاو، بەوێنەی خەپڵەیەکی لە زیو داڕژاو لە بۆشایی ئاسمانا خەست بووەوە، وەك چل چرایەك گەش گەش دەدرەوشایەوە و ڕەنگی ئاسمانی دەوروبەری خۆی ڕێ ڕێ ئەبڵەق کردبوو، چەند چاوی لە ملا و لەولا دەگێڕا، لەبەر تەوژم و تیشکی مانگ هیچ ئەستێرەیەکی نەدەکەوتە بەرچاو. بەڵام دوای تۆزکاتێ، کە سەری خۆی بۆ کەشکەڵانی ئاسمان هەڵبڕی، پارچە ئاسمانێکی قۆقز و ناوچاڵ بەر نیگای چاوەکانی گرت، کە دەتوت دەریایەکی شین تاریکە و بەم ناوەدا قڵپ بۆتەوە و، بۆتە دەرخۆنەی سەر ئەم تۆپەڵە زەوییە چکۆڵانەی کە پڕە لە هەڵسوکەوت و کار و کردەوەی داد و بێدادی... ئەو گۆیەی کە فەیلەسووفی وای لەسەر ژیاوە کە ئاسۆی بیری گەلێك لە خولگەی ئەودا فراوانترە، بەرامبەری ئەویش تاوانباری وای لەسەر ژیاوە، ئەگەر لە دەیان هەسارەی وەك کەیوان و نبتۆن و پلۆتۆ و ئۆرانۆس و هیتر و هیتریش گریمانەی ژیان هەبێ و ئادەمیزادی لەسەر بژی، کە وێنەی تاوانبارێکی وەکو هی ئەو سەر زەمینەی خۆمانی لێ نەکەوێتەوە، تاوانباری وا کە هیچ گڵکۆ و گۆڕخانەیەك بەخۆیەوە نەیگرێ و هەتا هەتایە بەر تف و نەفرەتی ئازاردراوانی سەر ئەم گۆیە کلۆڵە بکەوێ، بەوردی تیشکی سەرنجەکانی خۆی رانا. تاکتاك ئەستێرەی وەك سەری دەرزی دەکەوتنە بەر چاو، جریو جریو دەدرەوشانەوە، بەڵام خێرا خێرا لەگەڵ ڕەشکە و پێشکەی چاویا نوقمی تەڕاویلکەیەك دەبوون و لەبەر چاوی بزر دەبوون. کە سەرنجە لێڵەکانی بۆ خوارەوە ڕانا، بەهەر چوار دەوری خۆیدا سووڕاو سەرنجەکانی ئاڕاستەی ئاسۆ لێڵەکەوە کرد. لەبەر چاویا زنجیرە شاخە دوورەکان، تا دەهات ڕەنگیان تەڵختر هەڵدەگەڕاو لەگەڵ تەمتومانی ئاسۆی باکورەوە دەبوون بە گەمییەکی زل و زەبەلاح، پەیتا پەیتا لە ناو دەریای تاریکیدا ون دەبوون. بەفری سەر دۆندەکان نەك هەروەکو فریشتەیەکی سپی کە لەسەر تەخت و پایەندازی سروشتا بەوێنەی هێمایەك لە هێما بێ گوناح و پاکیزە سەرمەدییەکاندا هەڵترووشکابێ. بەڵکو، هەتا جیهان ڕووناك

بووو. برووسکی لەچاو هەڵدەساند و بووو بووو بەهۆیەکی لۆگیکی و پەیوەستکردن لە میانەی هەست و هونەر، کە زیاتر لە هێمایەکی جوانکاری و زیاتر لە بەڵگەیەکی ماتەری و هەستی و سایکۆلۆژییەوەی دەبەخشی. بەم پێیە هەر چ لووتکەیەکی سپی و بەفراوی هەبوو، تێکەڵ بەکەفچەرێنی خورەمی ئەو خەرەندەیە دەبوون. هەموویان بەیەکەوە لێراوێکی شێلوویان دروست کردبوو. تا دەشهات تاپۆی تاریکی هەڵیدەلووشین و کەفمالی دەکردن. ئاسۆی لای خۆرئاوا نەبێ، کە ئاگر بارانی بوو بۆ خۆی. خۆی بەڕەنگێکی سوورتاریك دەڕوانی. هەندێ کۆمەڵە هەوری چڕ لێرە و لەوێ. لووس و تەنك، لە هەندێ شوێنی تریشا درز بردوو هەڵبزڕکاو، بووبوونە چەند تابلۆیەکی خوێناوی و ئاورینگیان لێ دەباری، بەم دیمەنەوە، سەد سوێندت دەخوارد، هە ها، لە هێڵی ئەو ئاسۆیەوە، لە ژێر پارچە هەورە مسینییەکانەوە، لە بن کاژێر وتلیشە توونـاو توونەکانی ئەو ئاسۆیەوە، بەدەیان بیرە نەوت، تۆ بڵێ بەهەزاران. چ دووکەڵ و گەرمایی و ژان و برکی ناو هەناوی زەوی هەیە لەگەڵ هەناسە نەوتاوییەکانەوە بڵقبڵق فریشقە دەکەن و ئاگر و پەنگر دەهاویژنە دەرەوە و ئەوەی لە دەور و بەریاندا کۆزیلکەیان بەستابێ لە مرۆڤ و ئاوەدانی و باغ و باغات و هەر ئاکنجیبوویەکی تر، هەموویان بەجارێ بەنێڵە نێڵی ئەو ئاگرەوە هەڵدەپڕووکێن. لەم هێڵە دژوارەدا، نەیدەزانی ئاگر و خوێن، نە بۆ ڕاموسانی یەکتر تێکەڵ بەیەك بوون، نە هەردوو کەوتوونەتە زۆرانبازییەکی بێ وچان و بێ ئامان، بۆ ئەوەی هەریەکە گرەوی خۆی لەویتر بباتەوە و بەرامبەرەکەی ببەزێنێ. لە خوار ئەو هێڵە ئاگرینییەشەوە هەر لە ئاسۆدا، چەند ئەستێرەیەکی سپی سپی جار جار بینای سەرنج دەیپێکان، دەتوت ماسی چکۆڵانە چکۆڵانەن لە زیو داڕژاون و لە لێوارێکی لێخندا دەمنادەم خۆیان وەردەگێڕن و تەکان دەدەن تا لە سووتانا خۆیان دوور بخەنەوە. بەری ئاسمان بەهەموو هەوێڵی چەماوە و پانتاییەکیەوە، ڕوخسارە گەشەکەی مانگ بەهەموو تیشکە کپ و ڕەنگە زیوینییەکەیەوە، ئەستێرەکان بەورد و درشت و بەزاك و ماکیانەوە. لەوکات لەبەر چاوی ئەودا. دەتوت هەموو ساودرابوونەوە و هەموو بەیەکەوە لەگەڵ گۆمەزە بلێسەکانی دەوروبەری قەڵات و گردە گاورکرد و زنجیرە بەرزاییەکانەوە، مژدەی یەکەم ڕۆژی نوێیان لە ساڵێکی تازە و فراهەمدا دەبەخشی.

کە سەری خۆی بردە دەرەوە، جیهانێکی کشومات و خامۆشی بەدی کرد. لە دەریای مەنگی تاریك و لێڵی بەیانیدا نقوم ببوو. جار جار قووقەی یەکەم کەڵەشێری کازیبەی بەیانی دەکەوتە بەرگوێ. کە وەك بلوێرێکی دەنگگڕ، ژەنگوژاری ناو گەرووی ڕادەماڵی و

شل و خاوی ماسوولکە و ئەتەمی پێکەژێیەکان، کە لە ئەنجامی خەوێکی درێژخایەندا پەیدا بوو بوو، هەموو کشت دەبوونەوە. ئەسێرەکان کز کز لە بن هەورا بزر دەبوون و جار جاریش سەریان دەردێنایەوە و دەدرەوشانەوە. مانگ چوار پێنج باڵی مابوو ئاوابیێ، توێژە هەورەکانی سەر ڕوخساری ڕەنگیان زیاتر هەڵبزرکاندبوو. بەڵام ڕێی کاکێشان و حەفتەوانە، لەم ڕووکارە پانوپۆڕەدا، هەر ئەوەتە هەستیان پێدەکرا. کاروانکوژە بووبوو بەدڵۆپە فرمێسکێکی تەڵخ و بەدرەنگ، تاکو تەنیا کەوتبووە ناو تەیمانی ئاسۆی تاریك و ڕوونی بەربەیان. چاوێکی بەحەوشە و هەیوان و گوڵدانەکانی ژێر دیوارەکەدا گێڕا، لەسەر تیغەی ئەو دیوارەی کە ماڵی ئەوان و ماڵی «فاتە دەلاڵ»ی لەیەك جویێ کردبووەوە هەڵیروانی سەرێکی دەمامك کراوی کەوتە بەرچاو. لە پڕ لە شوێن خۆیا سەنگرایەوە : «...ویسمیللا...! ئەوە کێیە بەو ناوەختە تەماشامان دەکا...؟» سەری خۆی بۆ ژوورەوە گێڕایەوە و تەماشای لای بنەبانێی کرد... دیسان بۆ دەرەوە گەڕایەوە و سەیری هەمان شوێنی کردەوە. دوای چەند گریمانەیەکی نیگەئامێزەوە، لە دڵی خۆیا کەوتە ئاخاوتن: ″نا پێی ناویێ بیکەم بە هەرا... با نەکەوینە بەردەمی خەڵك″. دوای چرکەساتیێ، دیسان بینای سەرنجە لێر و وێرەکانی بۆ لای دیمەنە ترسناکەکەوە ڕانایەوە، بەدڵ و دەروونێکی ئاوەژۆوە، بەوردی لە سێبەرە چڕ و تاریکەکەی بن دیوار و دارەکانی نزیکیدا ڕوانی. دەستی بۆ پەقرەجەکەی ژێر هەیوانەکەوە درێژ کرد، هەڵیگرت و «تەق» لەسەر ڕابە زەویەکەی دادایەوە، لەگەڵ ئەو دەنگەدا دیمەنە ترسناکەکەی لەبەر چاودا گۆڕا، دوو گوێی مووچ و کلکێکی قیتی لیێ دەرپەڕی، کە لەبەر تیشکی گڵۆپە زۆر ڕووناکەکەی هاوسێکەیانەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەدیارکەوت. بەدەم«ختە خت» کردنەوە تێی ڕاخوڕی. ئەویش فرتکەیەکی بۆ کرد و بۆ ئەودیو دیوارەکەوە قەڵەمبازی هاوێشت: «هەی دوات بڕیێ گوربە بۆر، هێشتان نە خێر بەشکرایە نە شەڕ، بەو سبیانەی ساڵحان چاوی خۆت لە چی چڕ کردۆتەوە.» بەدەم ئەم قسانەوە چووە ژوورەکەی تر. دوای ئەوەی گڵۆپەکەی دایساند، پەردەی پەنجەرە بچووکەکەی جوان و ڕێك دادایەوە و کونبڕی کرد. ژوورێکی هەتا بڵێی جەنجاڵ بوو، بەزۆر بۆی دەکرا بەناویدا گوزەر بکا. پارچە کووتاڵی لوولدراو و زەرفی گەورە و گچکە، کە هەریەکەی بەقەدەر خۆیان جۆرەها پارچەی هەمەچەشنەی تریان تیا ئاخنرا بوو. لەسەر تاخچکەکەشدا چەند پارچەیەکی ڕەنگاوڕەنگ هەڵبڕابوون، بۆ دوورین ئامادە کرابوون و بەڕیز لەسەریەك دانرابوون، بەڵام هەریەکە و بەروارێکی لەسەر نووسرابوو. هەڵبەت ئەمەش لەبەر ئەوەبوو تا سەری

لێ تێکنەچێ و هەر کەسە بەرێزە شمەك و کاڵای بۆ بدوورێ و بۆ کەس نۆبەتبڕی نەکا. چوو لەسەر کورسییەکەی بەردەم مەکینەی جل دوورینەکەوە دانیشت. هێشتان هەر خەواڵۆ بوو، هەردوو چاوەکانی خۆی خستە سەریەك. هەڵبەت لەو کاتەدا، لە جیهانێکی ئاوا کپ و بێدەنگدا، کە هیچ چرپە و چۆپان و دەنگێ ویزەی نەیێ و هەموو شت لە ژێر باڵی هێواشی و مەنگیدا مۆڵ ببێ. مرۆڤ خۆی گەلێك لە ڕادەی ڕاستەقینەی خۆی بەگەورە تر دێتە بەرچاو و لە نێو قاوغە سنووردارەکەی خۆیدا دەچێتە دەرەوە. لە پاڵ ئەو هەست بەخۆ بەگەورە زانینەشدا، بیر و ئاوەزی ساف و بێگەرد دەبێ. لە ئاکامی ئەمەشەوە دوو جۆرە هێزی شاراوە گڕ دەسێنێ و دەکەوێتە جموجوڵ... یەکەم هێزی بیرکردنەوە و بەخۆداچوونەوە، کاتێ کە یەکێ بیەوێ شتێ بنووسێ یان تەنگوچەڵەمەیەك شی بکاتەوە و داوە ئاڵۆزەکان لەیەك جیا بکاتەوە. هێزی دووەمیش ئارەزوو هەڵسانە بۆ دامرکاندنەوەی ئاڵۆش، کە وەك گڕکانێك بەهاشاوڵ هێنانێکی دڕندانەوە چەند پۆرگ و کیسەیەکی پڕ لە لینجاو دروست دەبن و وەك کولکی حەوتلۆ پێویستییان بەدەرکردنی و تەقاندنی دەبێ. ئەو ئارەزوو خولیایانە، هەموویان بەیەکەوە هێرشیان دێنا. جەستەیان هەموو وە مێرووڵە خست. لە پڕ چاوی کردەوە، یەکسەر وێنەکەی کەوتە بەرچاو، وەك دەریایەکی هاروهاج و پڕ لە شەپۆل و گەرداو ئاسا، کە لێوار و چیلە و کەڵەکە بەردەکانیش نقوم بکا و لەگەڵ هێرشە سەرخۆشانەکەیەوە تەختیان بکاتەوە و هەموو شوێنەوارێکیان بسڕێتەوە، ئەویش ئاوا شەپۆلی تیشك لە قووڵایی ناخیەوە کەوتنە بریسکە و درەوشانەوە . بەلەمێکی بێ سەوڵ و کەڵەکوان ئاسا، لەگەڵ هەناسەی دەریادا خۆی لە کەناری هێوری و ئارامیدا دەدۆزییەوە، بەرچاوی ڕوون بووەوە وەك بەیانییەکانی پێشوو گەڕایەوە بارە ئاساییەکەی جارانی. هەر دوای چرکەساتێ لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە و چوو بەسەر تەبڵە ئاسنینەکەوە کەوت و پەردە سوورە مەخمەڵییەکەی کە بەدەستی خۆی دووریبووی و بەکۆترێکی سپی سەربڕاوی گوڵبەدەم... کە تك تك خوێنی لێ دەتکایەوە. دەستەچن کردبوو. چوو پەردەکەی لەسەر هەڵماڵی و دیسان وەك چەند جارە و هەزار جارە، لێی ورد بووەوە. لە دوور، لە نزیك پڕ بەگلێنەی چاوە خەواڵۆوەکانیەوە تێی ڕاما. پاشان گەڕایەوە بۆ جێی خۆی و لەسەر کورسییەکە دانیشتەوە. جەستەی گەرم و پڕ لە جموجۆڵی شاراوەی بوو بەئاوری ئاو پێداکراوەوە. دەوروبەری مەکینەکەی چۆڵ کرد، پەڕە کاغەزەکانی لە شوێن دانان، چەند وشەیەکی ناسك بەبیری داهات و تێکەڵ بەخەم و خەفەت و کەسەرە گورچکبڕەکانیەوە

بوون: «ئاخ بیرکردنەوە، خەون و خەیاڵ، یاد و یادگاری، تێکەڵ بوون لەگەڵ ڕۆژانی ڕابردوو... شتی چەند خۆشن، جیهانی چەند گەورە و پان و بەرینن. لە جیاتی گەلێ شت بەکاردێن، گەلێ جار تێنوێتیم دەشکێنن» دیسان لە وێنەکە وردبووەوە «چا نییە ئادەمیزاد ئەو بەهرە و توانایەی هەیە، ئاوا خۆی بخاتەوە ناو دەریای خۆیەوە. ئەنگۆ بۆ ستەمدیدان تەسکینی دڵن. ئەگەر ئەنگۆ نەبوونایە لە مێژبوو ئەمن مردبووم یان هەتا ئێستا ئەوها نەمابوومەوە و خۆم پێ ڕانەدەگیرا...! ئەو هەموو جارێ پێی دەوتم، لە ناخی هەموو مرۆڤێکا دەریایەك هەیە، مرۆڤ لە کاتی تەنگەژێ و تەنیاییدا دەتوانێ لێی ببێتە مەلەوانێکی شارەزاو زیرەك. منیش هەر لەو پێودانگەوە خۆم تاقی دەکەمەوە و هەوڵدەدەم، تا بزانم هەتا چ ڕادەیەك سەرکەوتن بەدەستەوە دێنم...» ئەو تیشکانەی کە لە جامی وێنەکەدا دەبریسکایەوە، لەگەڵ تیشکی چاوە خەواڵووەکانی تێکئالان. وێنەکەی لەبەر چاوان بزربوو. لە ناو منداڵدانی ئێش و ئازار و ژانە گورچکبڕەکانیەوە، سەرنج و ڕامان و تیشکی چاوەکانی بەرجەستەی کردن بەڕەنگ و ڕوخسار و جوولە و ڕەفتارەکانی خۆیەوە. گیانی وەبەرهاتەوە، لەگەڵ یەکتردا بوونەوە بەدوو باڵندەی پەڕ ڕەنگاوڕەنگی ناو باغوڕاغان. لە نێو دەریای نەستەوە کەوتنە مەلە و سەوڵ لێدان و هەنگاو هەڵێنانەوە بەرەو لێواری ئارام. لە بێ ئاگاییەکی پڕ لە تاسە و ئارەزوودا دەستی بۆ پێنووسەکە درێژ کرد و دەستی بەنووسینی ڕووداوەکانی ڕابردووی خۆی کردەوە.

«سێیەم ڕۆژە هەر دەبینم ئەو کوڕە پێش من سواری پاسەکە دەبێ، تۆ بڵێی هەموو بەیانیەك ئەمە دووبارە بێتەوە، یا هەر چەند ڕۆژێکی کاتی بێ...؟. چەند حەز دەکەم من یەکەم نەفەر نەبم. بەبیرمە ئەو بەیانیەی کە ئەو قسەیەم هەر لە دڵی خۆمدا دەوت و دەوتەوە، بەیانییەکی چەند سارد و لەش تەزێن بوو. دار و بەرد لە سڕ و سەقەم هەڵاتبوو، لە پاڵ ئەوەشەوە کزەبایەکی نەرم کردی بەسایەقە، وەکو گوێزان هەتا سەر ئێسقانم کاری لێ دەکردم. بەبێدەنگ لە بەرامبەرم دانیشتبوو. سەرنجی چاوە گەشەکانی توند توند ئاراستەی من کردبوو. چاوەڕوان بوو قسەیەکی لەگەڵا بکرێ.

بەلێوە لەرزەیەکی سڕ و تێکەڵ بەشەرمەوە، بەیانی باشێکم لێی کرد. زۆر بەگەرمی وەڵامی دامەوە. بێ ئەوەی چاوەڕوانی قسەی ترم لێ بکا پرسی: خوشکە دیارە دامەزراوی نوێی؟

– بەڵێ.

– لە چ بەشێکیت؟

– له بەشی ڕاگوزارییە گشتییەکانی کارگەدا فەرمانبەرم.

– ناوت بەخێر؟

– پیرۆز.

بەهەمان گەرموگوڕی جارانەوە، خۆی خۆی بە من ناساند و وتی: "منیش ناوم (دلێر)ە، جێگری لێپرسراوی بەشی کار و فرمانە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کارگەم. دەرچووی کۆلێژی بەڕێوەبردنم.

بەدەم ئەم قسانەوە، لە قوولایی چاویا سەیری دەکردم، دوای چرکە ساتێ گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: بەر لەویش ساڵێ لە ئامۆژگادا، لە بەشی سایکۆلۆژی خوێندوومە، بەڵام لەبەر خوێندنی زانکۆ وازم لێ هێنا. دوای نەختێ کڕبوون و بەبێدەنگی پرسیارێکی ئاڕاستە کردم.

– ئەدی ئەتوو؟

– دوو ساڵ لەمەوبەر، ئامۆژگای پیشەسازیم تەواو کردووە.

هێشتان مووچەی مانگی یەکەمم وەرنەگرتبوو، دیسان باریکەژانەکەی جاران سەری هەڵدایەوە، هەناوم لەگەڵیدا دەیتر یواند. بەرە بەرە ئێش و ئازار لێی توند دەکردم، تا وای لێهات زگم دەستی بە ژان کرد، بەتایبەتی لای ڕاستەم بەجارێ هەراسانی کردبووم. سەرۆکی بەشەکەمان کە لێپرسراوی ڕاستەوخۆی من و چەند کچێکی تر بوو. لە ژوورە خنجیلانە ڕاخراو و ڕازاوەکەی خۆیدا هاتە دەرەوە. ڕووی لە ژوورەکەمان کرد. ئەگەرچی بەدرێژایی کات، کارمان زۆر کەم بوو، بەڵام ئەودەم ئەوان هەموو سەرقاڵی نووسین و کاری خۆیان بوون. من نەبێ دەمنادەم ژانەکە دەیگرتم و دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆرەوە بەریدەدام. بەڵام نەمدەتوانی لە جێی خۆما بجووڵێمەوە. خۆم نوشتاندبووەوە بار یەك، توند دەستم بە زگی خۆمەوە گرتبوو. کە ویستی بێتە ژوورەوە، سەری خۆی تەواوەك نەوی کرد، نەوەك سەری بە سەرەدەری دەرگاکەوە بکەوێ. پاشان هاتوو بەدەنگێکی بەرز بەیانی باشی لێ کردین، لە شەرمان من وەك بڵێی ئێش و ئازارەکەم لە بیر چووبووەوە. دەنگەکەی گڕ و بەرز بوو، ملە درێژە ئەستوورەکەشی ئەوەندەی تر ملەوەزتری کردبوو. ئێمەش لەگەڵ وەڵامدانەوەی بەیانی باشەکەدا. هەموو لەبەری هەڵسانەوە، ئەویش هات لە نزیك مێزەکەی مندا هەڵوەستەیەکی کرد، بەخۆ بەئادگارە نارێك و چاوە زەقەکانیەوە لای لێم کردمەوە.

– «پیرۆزخان چۆنی؟..

لەگەڵ ئیشەکەت گونجاویت یان هێشتا ماوتە؟

– بەڵێ خەریکە بەرە بەرە لێڕابێم.» ڕووی لە کچەکانی تر کرد و یەك یەك بەناوی خۆیان بانگی کردن: «کچێ، نەجلا، لەیلا، کەبیرە، ئەوەش دەستەخوشکتانە، بزانم گازاندەیەکی لێتان هەبێ.» پەنجە درێژ و ڕەشەکانی وەك ماشە جووت کردن و سەر نینۆکەکانی وەك سەدەف دەبریسکایەوە، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە قسەکانی خۆی تەواو کرد: «سەری هەمووتان دەتراشم». لەگەڵ ئەم قسەیەدا هەموو دەستیان بەپێکەنین کرد و هەتا ماوەیەك بەدەم شەرمە درۆزنەیەك و دۆشدامانەوە پەنجەیان لەسەر دەم و لێوی خۆیان دادەنا، یان گەمەیان بەپێنووس و کاغەزەکانی سەر مێزەکەوە دەکرد... (کەبیرە) لای لێ کردەوە و وتی:

– وەیش کاك یاسین توخوا چۆن دێ لە دڵت وابکەی لێمان! بەدەمێکی بەپێکەنینەوە لای لە کچەکانی تر کردەوە: بەخوا گشتمان ئەتك کریاین.

– نەجلا: هێشتان زووە، کێڕا لێمان کەوتیە بڕوبیانوو. بەم قسانە زەردەخەنەیەکی تەنك پەڕییە سەر دەموچاوی. هەروەك جاران هەوڵی دەدا، قسەیە لێرە و قسە لەوێ بێنێتەوە، تا درێژە بە مانەوەی خۆی بدا... لای لە (کەبیرە) کردەوە: ئا بەڕاست، دوێنێ قەڵەم پەندانەکەت برد، نەتهێنایەوە؟!

– ئا بەخوا هێنامەوە. پێش بۆ ماڵ ڕۆییمان، هاوردمەوە، لە بان مێزەکەوە دانام.

(لەیلا) بەشەرمێکی دروستکراوەوە، هێشتان هەر سەری خۆی داخستبوو، تەماشای پێڵاوە زۆر ڕەش و ئەستوورەکانی دەکرد. پاشان سەری خۆی بەرزکردەوە و ئەویش بەچەند پەیڤێك گوزارشتی لە هەمئاهەنگی خۆی کردەوە:

– وەڵڵاهی ئەگەر وامان لێ بکەی، لە لای کاك (جاسم) شکاتت لێ دەکەین.

بەدەم زەردەخەنەیەکی درشتەوە، کە دەنگی هەناسەی لەگەڵ دەبیسترا... بەرز هەڵیدایێ.

– شکات!

– وەڵامەکەی تێکەڵ بەهەمان زەردەخەنەکانی پێشووی کرد: ئا شکات، ئەدی چی!

– ئەدی دوایە کوو لەبەر دەستم قووتار دەبی... ها... بچیە بن پەڕەکەی عاسمانیش هەر دەتگەمێ.

(لەیلا)ش بەدەم خۆ خەریککردنەوە، بەملا و بەولادا هەر پێدەکەنی و هیچ قسەیەکی تری بۆ نەدەهات بیکا. بەڵام ئەو دیسان بەزەردەخەنەیەکەوە هەمان قسەی پێشووی لێ دووپات کردەوە:

– ها... بۆ بێدەنگ بوویت، بۆ وا قوڕگت گیرا. بەم قسەیە ئەوانی تریش هاوبەشیان لەگەڵا کردن و وەك (لەیلا) قلْپقلْپ دەنگی پێکەنینیان دەهات، لەیلاش لەگەڵ زنجیرە پێکەنینەکەی خۆیدا دەهەژاوە و هەندێ جاریش ئەگریجەی سەر ناوچەوانی خۆی لادەدا، یانیش یاری بە بازنە زێڕەکانی دەستی دەکرد، بەڵام ئەو هێشتان هەر سەری لەبەرخوار کردبووەوە و لە گۆشەی چاوا سەیری دەکرد و لێی ورد دەبووەوە، ناوە ناوە، بەهەمان گرێشمە و بزەوە ئاوڕی لەوانی تریش دەدایەوە. هەر بەم ئاوایە، بەقسەکردن و لا لێکردنەوە، هەنگاوێکی تریش خۆی لێ نزیك کردەوە.

– ها (لەیلاخان) بۆ کڕبوویت، دە قسەیە بکە، چاوەڕوانت دەکەم، شتێ بڵێ... زووبە دەی.

لەگەڵ ئەم قسانەوە، زەردەخەنەیەك دەموچاوی هەموو شینومۆر هەڵگەڕاند، دوای نەختێ خنینەوە و چاوەڕوانی، کۆتایی بە قسەکانی خۆیەوە هێنا: کچێ بەس پێبکەنە، هەندێکی بۆ جەژن هەڵگرە، لەگەڵ ئەم قسەیەدا پێکەنینێکی بەرزی لە دەم تریقایەوە، لەگەڵیا لیکاو بەهەردوو لاشەویلاکەیدا هاتە خوارەوە، بەڵام زوو لووشەیەکی بۆ کرد، ئەو تەڕاتییەی لە ناو کونە لووت و دەم و لە نێوان ددانە درشتەکانیدا هەبوو، هەمووی بۆ هەوراز هەڵکێشایەوە، دیسان چەند هەنگاوێکی بۆ لای من نایەوە، دوای تێڕامانێکی قووڵ، دەستی بۆ گیرفانی خۆی درێژکرد، دیاربوو عەرز و حاڵەکەی منی لابوو، بەدەم قسەکردنەوە خشخشی دەقەکانی کردەوە:

– چ خێرتە؟!

لەو کاتەدا، منیش دەستم توند بە زگی خۆمەوە گرتبوو، خۆم دووقەد کردبووەوە، نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، هەندێکی تریشم لێ نزیك کەوتەوە، بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– لەگەڵ تۆمە!

من نەپەڕژام شتێ بڵێم، (لەیلا) بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– نەخۆشە فەقیرەی.

دوای نەختێ تێڕامان و وردبوونەوە پرسیارێکی ئاڕاستەکردن:

– چییەتی؟

نەمزانی کامەیان بوو، بەدەنگێکی بەرزی تێکەڵ بەخەندە و پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە.

– گەر بمانزانیایە چۆن دەمانهێشت ئاوا ئازارێك بكێشیٚ بەستەزمانە.

– لەیلا: خۆ دكتۆرنین.

هەر بە حەپەساوی سەیری دەکردم، لێم نزیکتر کەوتەوە.

– چیتە كیژیٚ؟ بۆ وا بەجاریٚ نوتقت گیراوە؟

لەبەر دژواری ئەم هەڵوێستانەوە، ژانە توندەکە ئەوەندەی نەخایاند، نەختیٚ گڕ و تینم هاتە بەر و توانیم خۆم وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە.

بەدەنگێکی بەپێکەنینەوە سەیری هەموومانی کرد، پاشان وتی:

– کێرا نەخۆش کەوتی.

بەدەم ئاوڕدانەوە بەملاوبەولادا، کۆتایی بە قسەکانی خۆیەوە هێنا:

– بەچاونەچیٚ، هێشتان منداڵی.

بەدەم ڕۆیشتنەوە ئەم قسەی ئاڕاستە کردم. هێشتان بەتەواوی دەرنەکەوتبوو، ئاوڕێکی تری لیٚ دامەوە:

– کەی زانیت خۆت پێڕاناگیریٚ، تەلەفۆن بۆ خەستەخانە دەکەم، بێن بتبەن.

پاشان گوتی: شانسی تووە، ترومبێلەکەمان لێرە نییە، نەکو ئێستا هەر بەخۆم بۆ خەستەخانەم دەبردی.

لەگەڵ کۆتایی پێهاتنی ئەم قسانەیەوە چووە دەرەوە، یەکسەر ڕۆیشتە لای (بەکر شاربزر) کە ئەویش هەر فەرمانبەری کارگە بوو، بەڵام بەئاسانی نەدەزانرا چ کارەیە!

ئەو کابرایە لە ناو ژوورێکدا دادەنیشت، هەر چواردەوری بەپەنجەرەی گەورە گەورە تەنرابووەوە. بەخۆشی لەسەر کورسیەکی بڵند دادەنیشت، زۆر بەئاسانی دەیتوانی بەخۆی و کورسیەکەیەوە بەهەر چوار دەوری خۆیدا خول بخواتەوە، مێزێکی زل و زەبەلاحی لەبەردەم بوو لەگەڵ دوو تەلەفۆن. یەکێکیان لەسەر مێزەکەوە بوو، ئەوی تریشیان لەسەر تەبڵەیەکی بچووك لە پەنایەکەوە دانابوو، ئاگام لێبوو لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد، لە جووڵەی دەست و شێوەی سەربادانیانەوە، هەروەها لە شێوەی پەنجە هەڵشەقاندن و جووت کردنیان لەسەر مێزەکەدا، دەتوت پلانیٚ بۆ پڕۆژەیەك دادەڕێژن، لە پاشان

بەزنجیرە پێکەنینێکی بەرز و دوور و درێژ، کە دەنگیان دەگەیشتە لامانەوە، کۆتاییان بەقسەکانی خۆیانەوە هێنا و ئەویێ جێهێشت و بۆ لای ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە. ڕەفتار و قسە هەرزانەکانی (یاسین)، مێشکیان ئەوەندە ئاڵۆز کردبووم، ئەوەندە لە ڕەفتاری (لەیلا) و کچەکانی تر، تێدەفکریم نەمزانی نە لە خەمان بوو نە لە ڕقی ئەمانەوە بوو، نە لەبەر هۆی تر بوو کە من هەستم پێی نەدەکرد، هەموو ئێش و ئازار و ژانەکەم ڕەوییەوە و وەکو جاران تووندوتۆڵ بوومەوە، ئیتر گەڕامەوە سەر کارەکانی خۆم... لەپڕ (مام خەلیل)ی بەردەست بەژوورکەوت و بۆ لای مێزەکەی منەوە هەنگاوی هەڵێنایەوە، پەرداخێ ئاو و دوو قلە حەبی بەدەستەوە بوو، هێنای و لەبەردەمما داینا، کچەکان هەموو پێکەوە بەچاوێکی زەق و هەڵتلۆقاوەوە تەماشایان دەکردم، جارجاریش بەسەرسوڕماوی ئاوڕیان لە یەکتر دەدایەوە.

دوای ماوەیەکی تر، کووپە شیرێکی گەرم، هێشتان هەر هەڵمەدووکەی لێ هەڵدەسا، لەسەر سینییەکی دانابوو، هات و ئەویشی لەسەر مێزەکەم دانا. (لەیلا) بەرزەپێ لە جێی خۆی هەڵسایەوە، بەچەند هەنگاوێکی کورت کورت لە ناو ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆکردن، لەگەڵ هەر هەنگاو هاویشتنەکیا، ترپەترپی لە بابووجەکانی هەڵدەستاند، بە سەرنجێکی گرژ و پڕ لە مەغزاوە سەیری دەستە خوشکەکانی خۆی کرد و دەمێ لەگەڵ یەکترا سەرنجی پڕ لە گومان و گریمانەیان ئاڵوگۆڕ کرد کە (مام خەلیل) ویستی بچیتە دەرەوە، (لەیلا) بانگی کرد:

– (مام خەلیل)

لە شوێنی خۆیا سەنگرایەوە، بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– هۆو

ئەویش هەر بەسەر لەقاندن و ڕوخسارگرژییەوە بەردەوامی بە قسەکانی خۆیەوە دا: ئێمەش نەخۆشین، ئاگایەکیشتان لە ئێمەش هەبێ.

(کەبیرە)ش پشتگیری لە قسەکەی کرد:

– بەیانیش نان نەخواردمە.

نەجلا بەدەمی بەپێکەنینەوە بەرز هەڵیدایێ:

من لە ماندوویێتییان ئێوارەش هیچم پێ نەخوراوە.

هەر بەم ئاوایە بەپێکەنینی بەرز و قسە گەپئامێزەکانیانەوە هەستی خۆیان دەردەبڕی

و، لەگەڵ تین و تەوژمیا دەکەوتنە سەر پشت، دوای خامۆشبوونەوەیان (لەیلا) گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و بەگوڕ خۆی بەسەر کورسیەکە دادایەوە، بەڵام من بەم هەڵسوکەوتانەشیان زیاتر هەراسان بووم، گەلێ بیروبۆچوونی ناشیاو و قێزەون وەك مێشە گز گزە کەللەی سەریان وە تەپەسرِ خستم، یەکسەر چووم کووپە شیرەکەم هەڵگرت و بردم لەبەردەمی (لەیلا)م دانا.

بەم کارانەم، ئیتر هەموویان لە پێکەنین و چاوەچاو کەوتن و گەڕانەوە سەر بارە ئاساییەکەی جارانیان.

ئەو ڕۆژی لە هەموو ڕۆژان زیاتر هەستم بە ناڕەحەتی و بە غەریبی دەکرد، هەتا دەوام کۆتایی هات خەریك بوو دڵم شەق ببا!

ئێوارە لە کاتی گەڕانەوەدا ئەمن لە لای کورسی پەڕگە دانیشتم هەردوو قلە حەبەکەم لە جانتاکەی دەستم دەرێنا و لە پەنجەرەی پاسەکەوە فڕەمدایە دەرەوە. کە (دلێر)یش سواری پاسەکەوە بوو، جا چوومە سەر کورسیەکەی تر، ئەویش هات و بەڕوخسارێکی گرژ و تووڕەوە لەسەر کورسییەکە دابەزی، لە تەکما دانیشت، ئێوارە باشێکی کورت و نزمی لێ کردم چیتر ئاوڕی لێ نەدامەوە، ناوە ناوە پاسەکە دەیکرد بەسیکەسیك و لە شوێن خۆیا ئیستاپی دەگرت و کۆمەڵێ خەڵکی لێ دادەبەزی، تا لە دوا وێستگەدا ئەمن و ئەو ماینەوە، بەئەسپایی ئاوڕێکی لێ دامەوە و پرسی:

– خۆ گەلێ ماندووت ناکەن؟

– نەبەخوا کارەکەمان ئەوەندە ناخۆش نییە کە پێیەوە گیرۆدە بین.

– چۆن؟

– ئەگەر ڕاستیت دەوێ هەموو کارەکە بای یەك کەسە نەك چوارکەس.

– ئەدی بۆ وا هیلاك دیاریت؟

– بڵێم چی، زۆر حەز بەدەوروبەرەکەم ناکەم.

وەك بڵێی ئەو پێش من هەستی بەو شتە کردبێ، یان ئەویش بەهەمان ئەزموونەوەدا ڕەت بووبێ، هەندێك لە شوێن خۆیا جووڵایەوە و بەدەم پرسیارێکەوە زەردەخەنەیەکی پەڕییە سەر دەموچاوی:

– بۆ چیتیان؟

– هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان بەدڵم نییە، هەتا هی (یاسین)یش، هەموو دەمیان لەیەك سپی بۆتەوە، حەز لە فشە و گاڵتە و شتی وا دەکەن.

بەدەنگێکی بەرز و گەپئامێزەوە قسەکەی پێ بڕیم.

مەڵێ (یاسین) بڵێ ماموٚستا یااااسین پاشان پرسی: جا خراپە؟

–ئەمن هیچ کارێکم بەسەریانەوە نییە، ئەگەر خراپ بێ و ئەگەر باش بێ، ئەوان هەوەسی خۆیانە، هەرکەسێ ئازادە ئەمن چ کارم بەسەر ئەواندایە، نەخوشکمن نە ناسیارمن نە دەستە خوشکمن، بەڵام من ئەوەی ڕاستی بێ فێری ئەو شتانە نیم، زۆر ڕقم لەو جۆرە هەڵسوکەوتانە دەبێتەوە، نەوەڵڵا حەز لەو شتانە ناکەم.

گرژینەوەیەکی دڵسۆزانەم لەسەر ڕوخساریا بەدی کرد، دڵم لەگەڵیا کەوتە خورپە و ڕاچەنین، هەر بەو ڕەنگ و ڕووی گەرم و گەشیەوە لای لێ کردمەوە.

– هەموو فەرمانبەرێك وایە، کەمێکیان نەبێ دەنا ئەوانی تر هەموو دەگۆڕێن، لە سەرەتاوە بەرز لێدەکەن میسالیات دەفرۆشن، بەڵام پاشان هەندێکیان دەکەونە دوای زەوق و ڕابواردن و ورگ تێرکردن، هەندێکی تریشیان دەکەونە دوای ماڵ و منداڵ بەخێوکردنەوە، هەموو ئێواران وەکو حاجی لەقلەق بەخۆ بەکۆمەڵێك کیسە و زەرفی تەڕە و مێوە و شمەکێکەوە بەرەو ماڵ دەبنەوە.

لە قووڵایی ناخمەوە وەکو خۆزگە خواستنێ، بەهێواشی وەڵامم دایەوە و گوتم:

جا چ شتێ لەوە خۆشتر هەیە؟

کە ئەو قسەی گوێ لێ بوو، بە پەلە لە جێی خۆی ورووژا و پرسیارێکی خێرای ئاڕاستە کردم.

– چۆن؟

– ماڵ و منداڵ بەهەشتی ئادەمیزادە و دایك و باوکیش قەڵایە بۆ منداڵ.

بە دەموچاوێکی گرژەوە پرسیارێکی وشکی ئاڕاستە کردم:

– ئەدی زەوق و ڕابواردن؟

بەو پرسیارە دڵم ڕاچەنی، جۆرە نیگەرانییەکی ناهەموار و قێزەون کەللەی سەری تەزاندم دوای نەختێ دۆشدامان و بیرکردنەوە وەڵامم دایەوە.

تا ئێستا شتی وا بەخەیاڵمدا نەهاتووە، تا بزانم، بیریشی لێ ناکەمەوە، «بە گرژی لام

لێ کردەوە:» جارێکی تریش بەو شێوەیە قسەم لەگەڵا نەکەیت.

لەم شوێنەی کە چەند ڕۆژ بوو لێی دادەبەزیم، پاسەکە سەنگرایەوە، ڕووی لە شوفێرەکە کرد و بەدەنگێکی بەرزی تێکەڵ بە تووڕەیییەوە پێی گوت:

– هەر لە جێی خۆتا بگەڕێوە، ئەوڕۆ گەلێکت ئەزیەت نادەم، ئەمنیش هەر لێرە دادەبەزم.

بەم قسە و ڕەفتارانەی، ئەو بیروڕا و بۆچوونانەی کە لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو لە ڕاست (دلێر)م هەبوون، خەریك بوو گومان و دوودڵی دەیخواردنەوە و بەرە بەرە جۆرە بیروڕایەکی نامۆ لە ناو دڵما چەکەرەی دەکرد، گەلێ گومان و گریمانەی ترسناك و نائاسایی لە لاما سەری هەڵئەدا: لە کارگەیەکی وا گەورە و بەهەرمێندا کاربەدەستێکی ناسراو و کارامە بی و جێگیری لێپرسراویش بی، بێگومان حەبەکەیان پێ قووت داوە، چونکە ئەوان فێرن یەکەم جار تەماحت پێشان دەدەن تا مۆرەکەت پێدەکەن، گەر هەر سەرت نەهێنایە بەرێ، ئەمجارە ترست پێ نیشان دەدەن و گوشارت بۆ دێنن ئیتر لێت دەکەونە بیانوو و چاوە چاو و لێتۆژینەوە، کاکم گوتەنی، وا بەسۆدرەت دەبەن، وا هەراسانت دەکەن ناوی خۆت لە بیر بکەیت، دەتکەن بەکۆلارە، هەر ڕۆژە بۆ لایە هەڵت دەفڕێنن، بەوەندەش هەر وازت لێ نانین، هەر گەف و گوڕت لێ دەکەن، ڕووبەڕووی پرس و وەڵامی سەخت و دژوارت دەکەنەوە. تا لە خۆت بێزاردەبی، جا دەبێ واز لە کار و وەزیفەکەت بێنی یانیش ملیان بۆ کە چ بکەی، هەموو جارێ سەیرم بەقسەکانی کاکم دەهات، کە دەیوت خۆفرۆش و مرۆڤە کرچوکاڵەکانی لای خۆمان گەلێ لە عارەبەکان خراپترن، چونکە دەیانەوێ هەموو کەس وەك خۆیان سەرشۆڕ و شەرمەزار بکەن، ئێستا وا ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت، ئەوەندەی من لە (یاسین) و کچەکانی ناو ژوورەکەم دەترسام و سڵم دەکردەوە، ئەوەندە پەکم بەوانیتر نەبوو، ئەوان ڕێیان پێ نیشان دەدان و دەبوون بەچاو و گوێیان...! ئەی خوای مەزن بۆ خۆم تووشی ئەو دۆزەخە کرد...؟! ئەگەر کارم بگا بەو ڕۆژە، هەمووی لە ژێر پێی خۆم دادەنێم، لە دڵی خۆما هەر دەموت، تۆ بڵێی (دلێر)یش وەك ئەوان بێ؟

زۆر سەیرە... چەندە حەز دەکەم وەك ئەوان نەبێ، چەند حەز دەکەم چۆنم دەوێ وابێ، بەڵام ئەو کات گەلێ جار وام دەهاتە بەرچاو، کەوا ڕەشەبا ژەهراوییەکە ئەویشی کردۆتە خەڵوون، کەچی خۆی وا دەرناخات؟ گەلێ کەس هەن، لە کۆڵیتە تاریکەکانا... لەسەرچی

شتی ناپەسند و نا مرۆڤایەتییە رایاندێنن، لەسەر هەموو جۆرە تاوان و خراپەیەك مەشقیان پێ دەکەن، ئیتر دوایە بەرەڵڵای ناو کۆمەڵگایان دەکەن، بۆ ئەوەی بیکەن بە گۆمێکی لێخن و بۆگەن، بیکەن بەزەلکاوێك، هەرچی نرخ و بەهایەك هەیە تیایا نقوم کەن، بیکەن بەسەرچاوەی هەموو نەخۆشی و نەهامەتییەکان.

دەتوت ئەویش هەستی بەو ساردی و سڕی و حەپەسانەم کرد، هەر لەو چەند هەنگاوەی کە ڕێگاکەمان بەیەکەوە بوو، کەوتە قسەکردن:

– سەیری بۆیە جوان و دیوارە ڕەنگاوڕەنگەکانی کارگەکە مەکە. هیوادارم دیمەنەکەی هەڵت نەخەڵەتێنێ، لە ناو چوار دیوارەکاندا شتی وا بێ سەر و سەمەرە هەیە کە بەیەکجار خۆت لەبەرچاو دەکەوێ. هەموو شتێکی باش و بەهادار لەوێ قەدەغەیە.

بە بیر و خەیاڵێکی جەنجاڵ و بە ڕوویەکی ژاکاوەوە ئاوڕێکم لێ دایەوە و گوتم:

– گەر بار وا بڕوا واز دێنم، من فێرنیم نانی کەم بخۆم...!

بەم قسەیە داچڵەکین و نیگەرانییەکی قووڵم لێی بەدی کرد، بەتەنگاوی لای لێ کردمەوە:

– نا نا نەکەی! نابێ شتی وات بەخەیاڵدا بێ، ئێمەش نابێ ئەوەندە کرچوکاڵ بین، ئەوەندە بێ هێز بین، بەپێچەوانەوە دەبێ مەیدان چۆڵ نەکەین، چونکە زۆر چاك بزانە، گەلێ کەسی تریش وەکو ئێمەومانان هەن و ئەو قسانە دەکەن و هەمان هەڵوێست و هەمان تەنگوچەڵەمەیان ڕووبەڕوو بۆتەوە و هەست بەئازار و ئەشکەنجەکان دەکەن، بەڵام ئاگامان لە یەکتر نییە، وەك قسەی پێشینان گوتەنی، هەر کەسە لە کودیلە بانگی خۆی ڕادێڵێ.

بەدەم سەربادان و ئاخ هەڵکێشانەوە پرسیارێکی ئاڕاستە کردم.

کوا هێشتان چیت دیوە؟

دەنگی خۆی نزمترکردەوە و بەدەست هەڵشەقاندنەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:

ڕۆژێ دێ فنجانێکی ڕەشت دێتە بەردەم، کە جۆرە ژەهرێکی کوشندەی تێدایە، داوات لێ دەکرێ بیخەیتە سەر لێوت، گەر تۆش سەرپێچیت کرد، ئەوجارە بەدەستەکەی تر فنجانێکی سپیت دێتە پێش و بەزۆرەکی زۆرداری پێت دەوترێ کە بینۆشی.

ئەو قسانە دڵیان خستمە خورپە و ڕاپەچەنین، بە جەڤەنگ و مەتەڵۆکێکی ترسناکیان

تێگەیشتم، ساتمەیەکم کرد، کە ئاوڕم لە ڕێگاکە دایەوە دیم هەندێکیش لەو شوێنەی کە دەبوایە لێکدابڕێین ڕەتمان کردووە. هەر لەگەڵ ئەو ساتمەکردنەوە، لە جێی خۆم ڕاوەستام ئەویش لە گەڵما سەنگرایەوە.

بە سەرسامی سەیرم دەکرد، لێی ڕادەمام، ئەویش بەهەمان شێوە لێم وردبووەوە، چەند پرسیارێ لە ناو مێشکما پەنگیان خواردبووەوە، نەمتوانی هەموویان بدرکێنم، دوای چەند خۆگوشین و زۆر لەخۆکردنێ، پرسیارێکی کورتم لە دەم دەرپەڕی:

– نۆشیوتە؟

بە دەنگێکی تێکەڵ بە ڕق و تووڕەیییەوە وەڵامی دامەوە:

ئەمن؟ هەنگوینیش بەم جۆرە فنجانانە نانۆشم، هەر کاتێ هاتبێتە بەر دەمم ورد و خاشم کردووە.

دوای کەمێ بەخۆداچوونەوە، درێژەی بە قسەکانی خۆی دا:

بەڵام لە هەڵوێستی وادا، دەبێ ئێمەش تەکتیکی خۆمان هەبێ، هێشتان ماویەتی، نابێ رك و رك لەگەڵیان تێك بگیرێین و بەرهەڵستییان لێ بکەین، بۆ ئەمە هێشتان زووە! «کە ئەمەم گوێ لێ بوو، تەزوویەکی خۆشی و فێنکم بەدڵی داهات، بە دڵنیایییەوە لام لێ کردەوە:»

– ئەمنیش وەك تۆ دەبم.

بەم قسەیە، زەردەخەنەیەکی شادومانی و دڵنیابوونی بەسەر ڕوخساری هەڵکشا و بەدەم ئافەرین لێکردنەوە تەماشای دەکردم، وەك یەکێ کە خۆزگەیەکی لەمێژینەی هاتبێتە دی، ئاوا لە قووڵایی ناخیەوە لێم ورد دەبووەوە، پاشان خۆی لەو سەر هێنایەوە و کەوتەوە قسەکردن:

– خوشکە، کەیفی خۆتە ها، خۆت سەرپشکیت، هەرکەسێ ئازادە چی پێ باشە با وا بکا، من ناڵێم و نەموتووە و وا بکە یان وا مەکە. خۆت خاوەنی بیروبۆچوونی خۆتیت، خۆت خاوەنی هەڵوێستی خۆتیت، بۆ بەیانی کە چوومە ژوورەکەی خۆمان، دیم هەرسێ کچەکانی تریش هاتبوون و هەموو لەسەر یەك تێلی خۆیان ڕازاندبووەوە، کە چاویان بە من کەوت، بە گەرمی پێشوازییان لێ کردم و لە تەندروستیان پرسیم، بەشێوەیەکی ئەوەندە نەرم و گیانی بەگیانی ڕەفتاریان لەگەڵا کردم کە سەیرم بەخۆ بێ، بەسەرسامی لێیان ورد بوومەوە، دەترسام لەوەی نەبادا نیاز و پلانێکی پێچەوانەی ئەو قسە و

ڕەفتـارانـەیـان لـە ژێر پـەردەدا شاردبـێتـەوە، دوا بـەدوای ئـەوانیشەوە (مـام خـەلیل)ی بەردەستیش هـات وەکو بت لـەبەر دەمما وەستا و چاکوخۆشی لەگەڵا کردم.

ئێمە لەو وتوویژانەدا بووین، (یاسین)یش بەژوور کەوت، کە (مام خەلیل) چاوی پێکەوت، یەکسەر ڕێگای چۆڵ کرد و گەڕایەوە چوو لەبەر دەرگا وەستایەوە، بە هاتنی ئەو ناو ژوور کش و مات هەڵگەڕا، خۆی لە کچەکان نزیك کردەوە، بەدەنگێکی نزم لەگەڵیان دوا، بەڵام نەمزانی چییان وت، ئیتر من ئەوەندە برەوم پێ نەدان و خۆم لێ نەبان کردن، سەری خۆم لەسەر هەردوو دەستم دانا، خۆم بەسەر مێزەکەدا نوشتاندەوە، لەوە دەترسام نەوەك دیسان ژانوژارەکە بمگرێتەوە، بەڵام گۆشە نیگایەکم هەر لەلای ئەوان و لای دەرگاکەوە بوو. (نەجلا) بەدەست هەڵشەقاندن و جوولەی چاوەکانییەوە، سەری خۆی بۆ لای من بەرز کردەوە، دزە نیگایەکی پڕ ماناشی ئاڕاستەی (یاسین) کرد، بەڵام (لەیلا) بەدەم و لێو خوارکردنەوە هەردوو دەستەکانی خۆی هەڵبڕی و بەشان هەڵتەکاندنەوە چەند قسەیەکی لە دەم دەرچوو، ئینجا بۆ لای من هەنگاوەکانی هەڵێنایەوە، بەدەنگێکی نەرم چاك و خۆشی لەگەڵا کردم و لە تەندروستی پرسیم، من هێشتان بەتەواوی وەڵامم نەدابووەوە، ڕووی خۆی بۆ لای ئەوانیتر وەرچەرخاندەوە و کەمێ سەیری کردن، پاشان وتی: بەو بۆنە خۆشە، خۆزگە ئەویشتان لەگەڵ بوایە، تا بەهەمووتان ئاهەنگەکەتان خۆشتر بکردایە، پاشان وەك بڵێی دڵم بداتەوە بەچەند قسەیەکی پڕ و پووچ سەری خۆی لەبەر خوار کردمەوە و گوتی:

دە قەیدی ناکا ئەوجارە هیچ، بۆنە و جەژنی ترمان زۆر لەپێشە، هەینێ تۆڵەی بۆ دەکەینەوە.

دیاربوو هەموو چاوەڕوان بوون کە من باگۆی بدەمەوە، بەڵام من ئەو دەم بەقووڵایی ناخی خۆمدا چوو بوومە خوارەوە، ئەو قسەیە منی گێڕایەوە ڕۆژانی قوتابیەتیم، کە هێشتان لە ئامۆژگا بووم، هەر ڕۆژە بۆنەیەك، یادی دەکرایەوە و ئاهەنگی بۆ ساز دەکرا، بەبیرمە یەك دووانەکیش لە مامۆستاکانمان جلوبەرگ و پۆشاکی خۆیان دەگۆڕی و خـۆیـان دەڕازانـدەوە، لـە نـاو پـۆلـەکـان دەگـەڕان سەیـری جلـویـەرگ و بـەژن و بـاڵا و دەمـوچـاویـان دەکـردیـن، لـە ڕەنگ و ڕوو دەنـگـمـان دەخـەفـتین، لـە هـەر پـۆلـێك چـەند کەسێکیان لێی هەڵدەبژاردین، جۆرەها تیپ و کۆڕسیان لێ دروست دەکردین، تیپ و کۆڕسی سروود و گۆرانی، تیپی سەما و هەڵپەڕین، تیپی مۆسیقا و کۆڕسەکەی، تیپی شانۆیی و نواندن... جا لەگەڵ ئەوەی کە پلەیەکی زۆر بۆ هاوبەشیکەران دادەنرا و

ناویشیان لە لیستی نەهاتواندا نەدەنووسرا، هێشتان هەر ژمارەیەکی کەم نەبوایە ئامادەیی خۆیان دەرنەدەبڕی... ئەوانی ترمان بەگەف و گوڕ لێکردنیش هەر نەدەچووین، ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو ڕۆژە ڕەشانە منیان کردبووە دوژمنی کتێب و ئامۆژگا و مامۆستا و هەرچی سەرچاوەیەکی زانست و زانین هەبوو. لەو ڕۆژەوەی دکتاتۆر گوتبووی: پۆل و مەیدانی جەنگ، قوتابی و سەرباز، خوێندکار و جەنگاوەر، مامۆستا و ئەفسەر، فەرماندە و بەڕێوەبەر، پێنووس و کلاشینکۆف، هەموو یەکن، هەموو یەك واتا و یەك مانایان هەیە، هەموو یەك سەنگەر و یەك بەرەن، هەموو وەك یەك سووتەمەنی جەنگ و شۆڕشن، پاسەوانی حزب و دەستکەوتەکانن، هەموو یەکن هیچ جیاوازییەکیان نییە...!! کاسە لێسەکان ئەم وڕێنە و قسە پووچەیان گەورەتر کرد و دەیانگۆت مردن و ژیان، ماڵ و سەربازگە، چەکدار و بێ چەك، حزبی و نا حزبی، نەخوازەڵا گەر هەبێ، هەموو یەکن. تەنیا دووبەرە هەیە، یا لەگەڵ ئێمەیت یان دوژمنی ئێمەیت یان دڵسۆز و لەخۆ بووردوویت و کوڕی سەورە و مغاویر و جەیش شەعبیت یانیش یاخی بوو بەکرێگیراو و پاسدار و جاسووسیت، یا دۆستی یا دوژمنی، هیچ شتێکی تر لەمیانەی ئەو دوو بەرەیەدا نییە...! هەموو پێنج شەموان لە گۆڕەپانی قوتابخانە، ڕیزیان دەکردین، ئاڵا سێ ئەستێرەکەیان هەڵدەدا، لە ژێر سێبەرە ژەهراوییەکەیدا، دەستە و نەزەر، وەکو بت بێدەنگیان دەکردین، ئای چەند گوناحە، چەند لە لام نوشستییە، ئەستێرەکانی ئەو ئاڵایە، ئەم ناوە جوانەی لێ بنێیت، زۆر ستەمە بە ئەستێرە ناوزەدیان بکەین، ئەوانە ئەستێرە نەبوون، سێ بەردی نووك ژەهراوی بوون دڵیان لەت لەت دەکردین، سێ دارخورمای زۆرەملێ بوون لە ناو مێشکیان ڕواندبووین، هەر یەکێکیان بوو بوو بەهێمای دڕندەیەکی دەم بەخوێن، کە سەیرم دەکردن گورگە گەڕۆڵێکی کەڵبە ژەهراویم دەکەوتە بەرچاو، دڕندەیەکی کوردکوژی دێنایەوە بیرم، مالۆسێکی کوێستان قڕکەر دڵ و دەروون و یاد و یادگارییەکانی ساڵانی پێشوویان دەرزی ئاژن دەکردم، ئەوە هەر قسەی من نەبوو، قسەی زۆربەی هەرە زۆری قوتابی و دەستە خوشکەکانیشم بوو، قسەی خوشك و دایك و باوك و هەموو ماڵە کوردێك و کوردستانییەك بوو، قسەی پیر و لاو و ژن و پیاوی هەموو وڵاتەکەم بوو...! لە کۆتایی هەموو هەفتەیەك کوڕەکەی (ئەمین کولْخانچی) گۆڕ بەگۆڕچی، نەخشەی لەوانەی دوای خۆشی بێ، ئێمە و زۆر لە مامۆستاکانیش پێمان دەگوت (ورچە سەگ کوژ)... ئەو خۆفرۆشە دەهات، لە دوای ئاڵا هەڵداندا، چەند جارێ ئیستەریح و ئیستاعدی پێمان دەکرد، سێ قوتابی کە دووانیان عەرەب بوون، بە جلی

فتوەوە لە ژێریا دەوەستان و تەحییەیان وەردەگرت، ئەو (ورچە سەگ کوژە)ش دەهات، بەخۆ بە ورگە زل و نێکە داخوراوەکانیەوە، کلاشینکۆفەکەی لە سەر شانی خۆی دادەنا و لوولەی بەرز دەکردەوە، ئیتر دەیکرد بە گرمەگرم و تەقوهۆڕ.... ئینجا یەکێکی تر کە خۆی بە لێپرسراوی قوتابخانە دانابوایە .... بە زۆری لە جیاتی بەڕێوەبەر و ستافی کارگێڕی و مامۆستاکانەوە... دەهات پەڕە کاغەزێکی دەردێنا و دیسان هەمان قسەو دروشم و پـیـاهـەڵـدانـی حـەفـتـەکـانـی پـێشووی دووبـارە دەکـردەوە، ئـەو قسە ساردو سڕ و پیاهەڵدانانەمان، ئەوەندە گوێ لێ ببوو هەموومان ئەزبەر کردبوو، وای لێ هاتبوو هەردەمی بکردایەوە دەمانزانی چی دەڵێ ...! دوا بەدوای ئەمەشەوە چەپڵەیەکی کش ومات و بەزۆرەکی زۆر داری بۆ لێدە درا... دەنگی چەپڵەکان، هەر لە دەنگی ئەو تەنەکانە دەچوو کە منداڵ راوەدووی ئاژەڵێ بنێن و لە دواى لێبدەن....! مامۆستاکان لە ئێمە زیاتر بێزارییان پێوە دیاربوو. هەموو تیز و فیز ڕادەوەستان، ماندوو شەکەت و بڕست لێبڕاو، کە نزیك کۆتابوون دەهات ئەوان پێشی ئێمە خۆیان دەکرد بەناو پۆلەکانەوە، وەك بڵێی ئۆخەی بکەن و بڵێن چاك بوو ئەو حەفتەش بەسەلامەتی ڕزگارمان بوو، بێ قڕەو بڕە، بـێ چـاوسوورکـردنـەوە و بـێ گـەفـوگـوڕ... ئـیـمـڕۆشمـان قـەتـانـد.... خـوا کـەریمـە بـۆ پێنجشەمەکەی تریش...! دەمەتەقێ و دەنگی بەرزیان منیان بۆ ناو ژوورەکە گێڕایەوە. دیاربوو باس هەر باسی ئەو بۆنە بوو، کە چۆن یادی بکرێتەوە، چی بکرێ، کێ و کێ دێن، پار و پێرار چیمان کرد...؟! ... بەڵام من خۆم لە گوورە نەبرد، هیچ سەرنج و بیروڕایەکم لەم بارەوە دەرنەبڕی و هەر لەکەم هەتا زۆر باگۆی «یاسین»م نەدایەوە... هـەروەهـا ئـەوانـی تریش چـەند بـەبـەرم داکـەوتن، هـیـچ بـەڵێنێکیـان لـێ هـەڵنەکرانـدم... «یاسین» بەهەنگاوی شل و خاوەوە خەریك بوو دەرکەوێتە دەرەوە، «لەیلا» لەجێی خۆی هـەڵسایـەوە و بـەبـابـووجـە پـانـی بـەرزە نـووك بـاریکـەکـەیـەوە بـە دەوروبـەری مێزەکـانـدا هاتوچۆی دەکرد، دەمنادەمیش سەیری یاخەو بەرۆك و دەست و بازنی خۆی دەکرد و هەندێ جاریش بلووزە تەنکە تەسك و تریسکەکەی، کە لەشولاری لە قاڵب دابوو، هەتا سەرنـێکـی شۆڕ دەکـردەوە، یـان پـەنجەکـانـی خـۆی لـەیـەك دەکردەوە چەند جارێ قژو پەرچەمی خۆی پێ ڕێکدەخست. لە هیکرا هەڵوەستەیەکی بۆ کرد و بە دەنگێکی بەرز هەڵیدایێ :

– ئەدی کچەکانی دی ؟! ...

ئەویش بە ساردی ئاوڕێکی لێ دایەوە و پرسی :

– کێهان کچ ؟

–هی بەشەکانی تر، ئەوانیش دێن یان هەر ئێمەین؟

– وەکو کێ ؟

– رەوشەن، چنار، ئیسرا، گەلاوێژ، بەڵقیس

«نەجلا» قسەکەی لێ وەرگرتەوە و ناوی چەند کچێکی تریشی بۆ ژمارد:

– پاکیز، نازەنین، سارا، بێریڤان .....

نەیهێشت ناوی کەسی تری بۆ بژمێرێ، بە ناڕەزاییەکەوەلای لێ کردنەوە:

– ئەنگۆ چ کارتان بە سەر ئەواندا هەیە؟

دەنگی خۆی بەرزتر کردەوە، کە تووڕە بوونێکی ئاشکرای پێوە دیاربوو:

دە واز لەو کیویانە بێنن، ئەو جۆرە ئافرەتانە هەر بۆ هەوێر شێلان و خواردن دروستکردن باشن، هەر لە کونی ژوورەوە بڕزێنەوە..

هێشتان ئەم قسەی دوایی تەواو نەکردبووکە پێی لە کۆسپەی دەرگا ئاودیو کردو ڕووی لە ژوورەکەی خۆی کردەوە. پاش ماوەیەك زەنگی ژوورەکەیم کەوتە بەر گوێ و دوا بە دوای ئەمیشەوە «مام خەلیل» بە ژوورکەوت و هات لە پێش مێزەکەی منا بەدەم وردبوونەوە و سەیر کردنمەوە سەنگرایەوە:

– پیرۆز !.... «بە دەست ئاماژەیەکی بۆ لای ژوورەکەی «یاسین» هوە کرد «... بانگت دەکا.» ئەم جۆرەبانگ کردن و بەدوا داناردنە، لەفەرمانگەکاندا شتێکی گەلێ ئاساییە، بەڵکو لە ڕۆژێکا چەند جاریش دووبارە دەبێتەوە. بەڵام گرنگ ئەوەیە هیچ مەبەستێکی ناپەسەند و ترسناکی بە دواوە نەبێ، منیش بەدەم بیرکردنەوە و بەخۆدا چوونەوە، بۆ لای ژوورەکەی ئەو هەنگاوە کپەکانم نایەوە. وەکو چەند جارە پارچە فۆڕمیکە لە چوارچێوە گیراوەکەی سەرمێزەکەیم کەوتە بەر چاو کە لە تەلەفۆنەکەی بەردەمی گەلێ گەورەتر بوو... بە خەتێکی درشت و تۆخ ناوی تەواوی خۆی لەسەر نووسرابوو «یاسین عبدالوهاب شمس الدین». کە پێم لە دەرگا ئاودیو کرد، بە چاویلکە خڕە سپیواژەکەی سەیری پەڕەکاغەزەکانی سەرمێزەکەی دەکرد، کە گوێی لە دەنگی پێم بوو، سەری خۆی هەڵبڕی و بە دەمێکی بە پێکەنینەوە کەوتە قسەکردن و پێشوازی لێکردنم. منیش هەر لە دوور ڕاوەستابووم، وەك جارانی پێشوو چاوەڕوان بووم قسەکانی خۆی بڵێ تا زوو بۆ جێگای

خۆم بگەڕێمەوە. دەستیی بۆ لای قەنەفەکەوە درێژ کرد:

– بۆ دانانیشی ...؟ فەرموو دانیشە !

منیش هەر لە بارە ئاساییەکەی جارانی خۆما ڕاوەستابووم، ناچاری کردم کەوا بە دەم سوپاسکردنەوە داوایەکەی ڕەت بکەمەوە. دەستی بۆ چاویلکەکەی بردو لە سەرمێزەکەی دانا، وەك یەکێ لە خوێندنەوەو نووسین و لە ناو نووسراو و پەڕە کاغەزا تاس بیباتەوە و هیلاك بووبێ، ئەو کات چەوراییی سەر دەم و چاوی سپی دەیڕوانی، بە دەم و چاو هەڵشاپتنەوە، کەوتە قسەکردن:

– ئەوا خەریکە بەرەبەرە رەنگت دەکرێتەوە.

– ئێستا باشترم

بە کورتی قسەکەم پێ بڕی. پاشان پرسی:

– پیرۆزخان ماڵتان لە کامە لایە؟

ئەو پرسیارە دڵی داچەڵەکاندم. پێش ئەوەی هیچ وەڵامێکی بدەمەوە پرسیارێکم لە پرسیارەکەی کردو وتم:

– بۆ !؟

– هیچ ، هەر گوتم ئەتووش لەگەڵمان هاتوچۆ بکەیت، چونکە پاسەکانی کارگە زوو بەڕێ دەکەون.

– قەیدی ناکا... سوپاس... ئەمنیش وام پێ خۆشترە. ئەویش هەر پاسی کارگەیە .پاشان گوتم:

– با بڕێ زووتر بگەمە جێ .... نابێ!؟

ماوەیەك لەو قسەیەم وردبوەوە، پاشان بە نادڵییەوە سەری خۆی بەرز کردەوە و گوتی:

– با، بۆ نابێ ...

بە دەست هەڵشەقاندن و سەر لە قاندن درێژەی بە ئاخاوتنەکەی خۆی دا :

– ئەمن بۆ تۆمە، مادام خۆت وات پێ باشترە با وابێ ....

دوای نەختێ خۆ خەریککردن بە خوێندنەوەی پەڕە کاغەزەکانەوە بێ ئەوەی سەری خۆی هەڵگرێ وتی:

– هەر ئەو ئیشەم هەبوو.

یەکسەر لە جێی خۆما وەرچەرخامەوە و بەرەو دەرگا ڕۆیشتم. هێشتان دەرنەکەوتبووم، دەنگێکی بەرزم کەوتەوە بەر گوێ:

– ئەزیەتیشمان دای !

من بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەمەوە، رووم لە دەرەوە کرد و هیچ قسەیەکی ترم لە گەڵیا نەکرد.

هێشتان بە تەواوی لە جێی خۆم دانەنیشتبوومەوە، زەنگی ژوورەکەیم کەوتە بەر گوێ، نازانم بۆ ئەو جارە دڵم لە گەڵیا راجفری.. هەر دوای چرکە ساتێ «مام خەلیل»ی ناردە دوای «لەیلا». ئەویش بەرزە پێ بۆ لای ڕۆیشت و ماوەیەك لەلای مایەوە. دوایە هات و دۆسیەکی لە ناو دۆڵابەکەی تەنیشتە خۆی دەرهێنا و دیسان گەڕایەوە بۆ لای ئەو. ئەو جارە ئەوەندەی نەخایەند، زوو گەڕایەوە. یەکسەر هات و خۆی لە سەر مێزەکەی منا خوار کردەوە، بە دەنگێکی نزم چەند پرسیارێکی لە بارەی ئیشەکەمەوە ئاڕاستە کردم. هەر ئەو ڕۆژەی بۆ دانی ئێوارە «لەیلا» دۆسیەکی تری هێناو دیاربوو تایبەت بوو بە من. ناوی منی لە سەر نووسرابوو . ژمارەو کاتی هاتن و ڕۆیشتنی ئەو پاسەی کە هاتوچۆم پێی دەکرد تۆماری کرد. هەروەها ناوونیشانی گەڕەك و کۆڵان و گەلێ شتی تریشی لەو بارەیەوە لێ پرسیم:... ماڵتان لە کوێوەی شەقامە سەرەکییەکانە، فەرمانگەیە، قوتابخانەیە یا نەخۆشخانە یەك... گەر لە نزیك ماڵتانەوە هەبێ،... موختارتان کێیە، ناوی چییە، ناوی دراوسێی ئەملاو ئەولاتان، ئەوەی بەرامبەرتان..؟ هەموو ئەمانەو گەلێ پرسیاری تریش و وەڵامەکەشی لای خۆی دەنووسی . سەرم لەو کێشە و بێشەیە دەرنەدەچوو.ئەو پرسیارە قورسانە دڵیان پڕ لە گومان و نیگەرانی کردم هەر دوای ئەو بانگکردن و پرس و وەڵامانەوە، هەستم کرد هەموویان کەموزۆرەك مامەڵەیان لەگەڵم گۆڕا. بەڵام من ئەوانم وەك داشی شەترەنج دەهاتنەوە بەر چاو کە بە سیستەمێکی دیاریکراو و پرۆگرام داڕژراوەوە ڕەفتاریان دەکرد. هەندێ جار بەڕێز و نوازشەوە قسەیان لەگەڵا دەکردم ... هەندێ جار لە خۆیان دادەبڕان و لە ئاقارێکی وشك و تووڕە و تونددا تێکدەئەنگاوتین، هەندێ جاریش بە نەزیلەو مەتەڵۆکی سەیرسەیرەوە لەگەڵم دەجووڵانەوە..! نەشمدەزانی لە سونگەی چییە وا دەکەن. ترس و نیگەرانییەکی زۆرم لە تیشکی چاوەکانیانا بەدی دەکرد. ئەو هەست و هەڵوێستە دژوارانە منیان گەلێ ئاوەژۆ کرد، دڵم هەزار ڕێی دەکرد...! هەر ئەو ڕۆژی ژانە سەرێکی توندم پێوە نووسا.. هەڵسام

چوومە دەرەوە هەوایەکی تازە و سازگارم هەڵمژی. ئارەزووی چا خواردنەوە بۆ حانووتە گچکەکە هەنگاوی پێ هەڵێنامەوە. لەوێ ختۆخۆ کاو «دلێر»م کەوتە بەر چاو، دڵم پێ گەشایەوە، دەتوت لە تۆقوزۆڵانەی گومرایی رەها کراوم ، هەرلە دوورەوە بزەیەکی بۆ کردم و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم ، دوایەش هەر خۆی چایەکی خەست و خۆڵی دایە دەستم . هەر بە خەندەو پێکەنینی جارانەوە وتی:

– دەزانم تۆش ژانە سەرت گرتووە. «بزەیەکی تری هێنایە خۆی» لە وانەیە تۆشیان بە دووکەڵ و زووخاڵی درۆوە قانگ دابێ ...! لەگەڵ چا وەرگرتنەکەوە، منیش کەوتمە گلەیی و گازاندە و نارەزایی دەربڕین. ئەویش ئاورێکی بەپەلەی لەملاو لەولای خۆی دایەوە و پاشان بەتوندی پەنجەکانی خۆی جووت کرد و بەئاماژە تێیگەیاندم کەوا قسەی تر نەکەم ، هەمووی بۆ دوایە هەڵگرم ..! ئێوارە لەکاتی گەڕانەوەماندا کە دلێرم لە ناو پاسەکەوە دی، وامزانی لەناو بیری وەیل داهاتوومەتە دەرەوە و لە دەست کۆمەڵە جانەوەرێکی مرۆخۆرکە ڕزگارم بووە. بەدیتنی ئەو سەرو سەوادم بەتەواوی هاتەوە سەرخۆ. چووم لە تەنیشتی دانیشتم . گەرچی بە سەرخۆم نەدەهێنا، بەڵام ئەو دەم هەستم بە هەسانەوەیەکی زۆرکرد. پەیتا پەیتا پەشۆکاوی و توند و تیژییەکەم لێ خاو دەبووەوە... وەك بلێی پاڵم بە قەڵایەکەوە دابێ، ئاوا هەستم بەهێز و گڕ و تینێکی گەرم کرد. ئەویش هەر سەیری دەکردم . وەك جاران چەند پرسیار و لێتۆژینەوەیەك لە ناو دڵ و سنگیا پەنگیان خواردبووەوە، دەیویست وەڵامەکەی لە خوێندنەوەی ئادگار و ڕوخسارما دەستگیر ببێ . ئەو کاتە وابوو... دەبوایە لە ڕەنگ و ڕامانی یەکترەوە لەیەك بگەین . زمانی جەستە گرنگترین کۆدی گفتوگۆ کردن بوو، ئاماژەی دەست و جووڵەی پەنجەکان دەیانگەیاندینە کرۆکی مەبەستەکانمانەوە. هەروا بەم شێوەیە، بەوردی تێمڕاما و جارجاریش خنینەوەیەکی تەماوی بەسەر دەموچاویا بڵاو دەبووەوە. ئەمن هەر لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووم کە پرسیارێکم ئاراستە بکا، تابێتە سەرە دەرزییەك و ئەو گرژی و تووڕەیی و داخ و کەسەرەی هەڵمگرتبوو، هەمووی بۆ هەڵڕێژم ...! دوای دابەزینی خەڵکەکەو دوای ماوەیەك بەڕێگادا ڕۆیشتن، بە پرسیارێ ورووژاندمی :

– کووە ئەورۆ گەڕایتەوە؟

– منیش بە سەرسامی لێم پرسی : بۆ ...؟ کە دەوام نەما چی بکەم لە کارگە ؟...

– ئەورۆ بەزم و ئاهەنگێکە، شایی و لۆغانێکە...

– قسەکەم پێ بڕی و پرسیم : ئاهەنگی چی و شایی و لۆغانی چی ؟!

– ئەی ماڵەکەت...؟ ئێستا دەستە خوشکەکانت کۆتری باڵنەخشین ئاسا، وا لەناو هۆڵی گشتیدا هاتوچۆ دەکەن، سارد و شیرناتی دابەش دەکەن. هەموو بە نوێترین جلوبەرگی کوردییەوە خۆیان ڕازاندۆتەوە، بەرامبەر ئەوانیش چەند فەرمانبەرێکی تر، جوانترین کریان کردۆتە رانکوچۆغەڵ، ئەوانیش لە بەردەرگا وەستاون و پێشوازی لە میوانان دەکەن...! بە نیگەرانییەوە لام لێکردەوە و بە دەنگێکی هەڵبزڕکاو و پچڕپچڕەوە پێم وت:

– ببوورە کاك «دلێر» ئەمن هەوەستم بە شتی وا نایێ .

پاشان گوتم :

چیتریش نامەوێ گوێم لەو قسانەبێ .

بەبزەیەکەوە کەوتە وەڵامدانەوەم:

– ئەوڕۆ گەلێ تووڕەو نیگەرانیت ...؟ !

– بەڵێ زۆر تووڕەم، بەڵام لە خۆم نەك لە کەسێکی تر. چونکە ئەمن بەدەستی خۆم ئەو بەزمەم بۆ خۆ نایەوە. لە گۆشەی چاوەکانیا سەیرێکی کردم و بە زەردەخەنەکەیەوە ، دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی پێشووی :

– جا «پیرۆز» خان ! دوایە یەکو دیاری وەردەگرن و دەعوەتێکی چاکیش دەکرێن.

– کێ ....؟ ...

– دەستە خوشکەکانت ، ئەی من ؟! ...

– تکات لێدەکەم چیتر قسەی وام لەگەڵا مەکە. من خۆم لە بەیانییەوە خەریکە مێشکم بتەقێ .... ئەو قسانەت زۆر ئازارم دەدەن...! نازانم لە پای چی وا ڕەفتار دەکەیت؟ ... خۆت لە من چاکتر دەزانی ، ئەوانە دەستە خوشکی من نین....پاشان گوتم : چەندی سەر دێنم و دەبەم هیچ شتێکم بۆ یەکلا ناکرێتەوە.... ئەو کچانە، یاسین، ... نازانم ، نازانم چۆنن..؟ هیچ سەرم لێیان دەرناچێ !  بە ئەسپایی پرسیارێکی ئاراستە کردم:

– ئەوە گوتمان کچەکان هیچ، ئەی بۆ سەرت لە «یاسین» دەرناچێ ؟ بەم پرسیارەی دەرفەتم بۆ هەڵکەوت ، کە ئەو قسەی چەند ڕۆژ بوو ببووە کەسەرێکی گەورە و لەناو سنگمدا پەنگی خواردبووەوە بیدرکێنم.... خێرا پێم گوت:

– بۆ ، گوایە سەرم لە تۆ نەشێواوە؟ تۆ لەوانە زیاتر ئازارم پێدەگەینیت. کە ئەم قسەی

گویَ لیَ بوو، پێکەنینێکی کورت و بەرز دەموچاوی گەچلاند ، بەڵام زوو شوێنەوارەکەی سڕایەوە. لە قووڵایی سەرنج و ڕامانەکانیەوە سەیری کردم، پاشان بە دەم بیرکردنەوەیەکی جەنجاڵەوە، نەرم نەرم کەوتەوە قسەکردن:

– ڕاستە ئێستا تۆ لە هەڵسوکەوتێکی دەروونی گەلیَ دژواردا دەژی. چونکە دوو هێزی دژبەیەك کەوتوونەتە رکابەری ، بەڵام هێشتان دەرنەکەوتووە کامەیان دەتبەنەوە.

– بۆ من چیم ؟ .... داشی شەترەنجم یا تاوڵە و دۆمینەی سەرمێزی قومارچییانم ؟ .. کەس حەددی نییە من بخاتە ئەو مەیدانەوە. بەڵام ئەو بیَ ئەوەی خۆی بشڵەژێنیَ ، دوای هەڵوەستەکردنێك و ئاوڕدانەوە بە ملاو بەولادا دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:

– سەیریش ئەوەیە هەر دوو لا ، خۆیان بە هێزی خێرخواز دادەنێن...! جا گەر یەکیَ زۆر زیرەك و بیر تیژ نەبیَ، زوو دەرك بە هەردوو هێزە دژبەیەکەکانەوە ناکا. بە دەم ئاوڕدانەوەوە سەری خۆی لە بەر خوار کردمەوەو بە هێواشی درێژەی بە قسەکانی خۆی دا : جا هەر وەك وتم، ئێستا تۆ لەو بارە شڵەژاوەدا دەژی . دەزانم... ئێستا کاتی ئەوەیە گەلیَ شەڕی دەروونیت لەگەڵا بکریَ ئێستا بە گەلیَ هەنگاوی شەڕەنگێز و پڕ لە گێچەڵدا گۆڕەر دەکەی ... تا چاو ترساوت بکەن، لە هەموو شتێکا بسڵەمیتەوە و لە هەموو ڕاستییەك بەدگومانت بکەن ... دەیانەویَ بە «ترس» و «تەماح» مێشکت بشۆنەوە چونکە بە ڕای ئەوانەوە، بەم ڕێگایە دەتوانریَ بە ئاسانی نێچیر بکەوێتە داوەوە....! هێشتان ماوتە، لە سەرەتایت شتی تریشیان لیَ دەبینی ...!

– کیَ ....؟ من ! ؟

– بەڵیَ بەڵیَ تۆ ...! ئێستا تۆ لەناو مایکرۆسکۆپیا دانراوی، هەتا پێیان بکریَ پشکنینێکی وردی ڕادیۆلۆجیت بۆ دەکەن، هەرلایە دەیەویَ بۆ خۆی مشتومالْت بکا. بێگومان ئەوان هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کەوتوونەتە دەستپێشخەری ، تا بۆ لای خۆیانت بەکێش بکەن.

– ئەمن، قەت لەگەڵ ئەو هەرچیوپەرچییانە هەڵناکەم.... « نەجلا» و «لەیلا» و «کەبیرە» ... هەی هەی هەی...!

– بڵێی یو نەڵێی وایە . رسق و پێویستی ژیان ئێمەی لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە خستۆتە ناو یەك چاڵی چارەنووسەوە .... لە بەرئەوەیە ئەرکی ئێمەومانان گەلیَ گرانە، زۆر شت چاوەڕوانمان دەکا...! چونکە لە لایەك دەبیَ پێویستی و بژێوی ژیانمان دابین بکەین ولە

لایەکی تریشەوە دەبێ ئەو جۆرە کەسە بەناو ئادەمیزادانە لە خۆمان دوورخەینەوە و خۆمان لە گەندەڵییەکانیان بپارێزین. بەدەم بیرکردنەوەو بەخۆداچوونەوە، پڕبە پلوسکەی چاوەکانی تەماشایەکی کردم، پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی :

– هەر ئافرەتێ هەتا پیاویش... گەر وەك ئەوان چاپلووس و هەڵەوەڕ نەبێ و بۆ هەموو شتێ نەکەوێتە هەڵپە و ئێسقان رناندنەوە، سەدان بڕوبیانۆی ناپەسەند و ناشیاوی پێ دەگرن، یاخود چاڵی بۆ هەڵدەکەنن، بۆ ئەوەی سەروسەر تیایارووبچێ . ئەو قسانە گەلێ دەرگای سامناکیان لێ کردمەوە، هەستم بە ترسێکی ناشیاو کرد بەدەم وردبوونەوەوە لام لێ کردەوە:

– کەواتە من پێویستیم بە یەکێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ هەیە، تا زۆرشتم بۆ ڕوون بکاتەوە ، گەلێ شتی ونبووم بۆ بەرجەستە بکا.

– ئاخر نەئەتووش هێشتان لە سەرەتای کارکردندایت، هێشتان دەرنەکەوتووە بە کامە لا دادەکەویت.

– کوا بۆ ئەو ڕۆژەی دڵم ئۆقرەی بکردایە ، هەموو گرێکوێرەکانم بۆ بکرابووایەوە...!

– پەلە مەکە، هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە،

– بە زەردەخەنەیەکەوە، قسەکەم پێ بڕی : پێ دەچێ تۆش گەلێکیان لێ داخدار بی. تۆش وەك من بە هەمان ئەزموون و کێشەی دەروونیدا رەت بووبیت...! چەند حەز دەکەم ڕۆژێ دڵی خۆتم بۆ بکەیتەوە. لە قووڵایی چاوەکانیەوە چەند سەرنجێکی کپ و پڕ لە مەغزای ئاڕاستە کردم. منیش هەر بەهەمان دەم و ڕوخساری بە پێکەنینەوە درێژەم بە قسەکانی خۆم دا:

– ئەمن ئەو شتانە نازانم ... هەر کارێکم لێ گیربوو سێ و دووی لێ ناکەم یەکسەر دێمە لات...!

بەم قسەیەم وروژا، کەوتە جموجۆڵێکی نائاسایی، خێرا خێرا وەڵامی دامەوە:

– نا نا ... هەشیاربە ! گەر وا بکەی دەبیە جێی چاوەدێری و سەرنجە ژەهراوییەکانیان. ئەو کاتە بۆ هەردووکمان ئەنجامی باشی نابێ ... دەستی بۆ گیرفانی خۆی درێژ کرد، پسوولەیەکی دەرهێنا: ها ، ئەوە ژمارەی تەلەفۆنی ژوورەکەمە. ئەگەر زۆر زۆر تەنگاو بوویت ئەو ساکە تەلەفۆنم لەگەڵ بکە. بەڵام هەتا دڵنیا نەبی کە من تەلەفۆنەکەم هەڵگرتووە ناوی خۆت نەڵێی....! خۆت دەزانی ئەوانە چ تەرزە مرۆڤێکن ....!

پێویستە زۆر ئاگاداری هەڵسوکەوتی خۆمان بین، زۆر وردبین بین... نابێ پێ لەسەر تەختەی چرووك دابنێین...! ئەم هەڵوێست و قسە نوێیانە منیان خستە پێڤاژۆیەکی ترەوە. چەند هەنگاوێکی تریش لە یەك نزیك کەوتینەوە، خەریك بوو پەیتاپەیتا هەندێ شتی تایبەتی لە نێوانمانا دروست دەبوو....! بەشێوەیەکی زۆرئاسایی، هەموو ڕۆژێ دووجار بەیەك دەگەیشتین. تا دەهات ئاشنایەتی و پەیوەندییەکان، درزەکانی نێوانمانیان پڕ دەکردەوە. بەیانی باش و ئێوارەباش و ئێوارە باشەکان گەرمتر لە دەممان دەتەقیەوە. وا ڕاهاتبووین، گەر ڕۆژێ یەکترمان نە دیبوایە، وامان دەزانی شتێکی بە نرخمان لێ ون بووە...! لە ناو کارگە زۆر کەم یەکترمان دەدیت. بەڵام من بەزۆرەملێش بوایە دەرفەتی چاو پێکەوتنم بۆ خۆ دەڕەخساند. ئەویش تازیاتر لێم نزیك دەکەوتەوە، زیاتر ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی خۆی پێشکەش دەکردم، وای لێ کردم کە هەر تەماشای بەرپێی خۆم نەکەم.... دوور بڕوانم و حیساب بۆ هەموو هەنگاو وهەڵسوکەوتێکم بکەم. چەندی تێدەفکریم، لەم جۆرە شتانە زیاتر هەستم بە هیچ شتێکی ترەوە نە دەکرد، کە لە ئاستمدا دەربڕێ .... باسی هەموو جۆرە پەیوەندی و ئاموشۆکردنە ناشیاوەکانی ناو کارگەی بۆ دەکردم. هەروەك ڕابەرێکی دڵسۆز، ئامۆژگارییەکانی ئەو لە گەلێ دەستە خوشکی درۆزن و لە گەلێ زەلامی بەرواڵەت پیاویان دوورخستمەوە....! لەلایەکی تریشیەوە، گەلێ کەسی بە متمانەو خاوەن هەڵوێستم ناسی . ئەو بۆ من بوو بە قوتابخانەیەك لە نۆژەنەوە خۆم دروست کردەوە، سەرلەنوێ خۆم داڕشتەوە ...! وای لێهات بێ ئەو نەمدەتوانی هیچ هەنگاوی نوێ هەڵێنمەوە. هەروەها هەر تەنگو چەڵەمەیەکم تووش ببوایە ، چ لەبارەی کارەکەمەوە چ لەڕاست هەندێ لە خەڵکەکەوە، بەڕاسپاردەی کەسانی ترەوە یا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەموو کارەکانی بۆ مەیسەر دەکردم. بەرواڵەت گەنجێکی گەلێك ڕەق و وشك و دوورەپەرێز دیار بوو. گەلێ جار لە کچانی ترم گوێ لێ دەبوو. دەیانگوت تا ئێستا بۆمان دەرنەکەوتووە کە ئارەزووی لە کەسێك هەبێ یان لەگەڵ یەکێ پەیوەندییەکی تایبەتی هەبێ...! خۆ لەگەڵ منیشا هەمان ڕەفتاری هەبوو، بەڵام ڕاستییەکەی، ئەمن لە ناخەوە زۆر پەلەم دەکرد تا لەگەڵما بەشێوەیەکی تر بجووڵێتەوە و جۆرە ڕەفتارێکی تری هەبێ ...! تا زیاتر هەڵسوکەوتم لەگەڵی دەکرد، زیاتر دەکەوتە ناو دڵمەوە. ئەمن بەپێچەوانەی بیروڕای ئەوانی ترەوە تەماشام دەکرد. چونکە تا ئەو کاتیش کەسێکی وا روحپەرەم نەدیبووکە ئەوها مەندی و سادەیی لە پاڵ رووگەشی و دەمی بە پێکەنینەوە... ئاوا لە ناو کەسیەتییەکی وا بە هێز و خاوەن

هەڵوێست و کەسێکی وا ژیرو داناو تەگبیرکەردا کۆبێتەوە. « لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم بیرەوەرییانە دا، بستێ گەردنی خۆی بۆ لای وێنەکە درێژ کردبووەوە. ئارەزووی دەکرد جام و چوارچێوەکەش هەموو بە لێو بلێسێتەوە، بە فرمێسکی گەرم بیانشواتەوە....! دڵۆپە قەتیسماوەکانی ئەشك و خوێناوی چاوی تا ڕادەیەك کسپەی دەروون و بیرو ئاوەزو ئارەزووە ئاگراویەکانی سارد کردەوە و وەك بڵێی دەرزییەکی سڕکەرەوەی لێدرابێ، ئاوا لە شوێن خۆیا کپ و مات دانیشت. بە هێوری ئامێزی لە پەڕە کاغەز و مەکینەکە وەریناو کڕ کەوت. هەناسەی سپێدە خەریك بوو بەرە بەرە وەنەوزی دەدا سروە بایەکی فێنك کەبارو بانگی بڵندگۆ و منارەی مزگەوتەکان و قووقە قووق و باڵ هەڵشەقاندنی کەڵەشێرەکانی، شەپۆڵ شەپۆڵ لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر ڕادەگواستەوە. پەیتاپەیتا ئەستێرە دوورەکان کز هەڵدەگەڕان و ژێهەڵ سەرەو خوار دەبوونەوە، لەسەر تابلۆ شینکاڵەکەی ئاسمانا دەسڕانەوە و وەك دڵۆپی ئاونگ دەرژانە نێو دەریا سپیهەڵگەڕاوەکەی سەر کەڵ و یالان. هێشتان سەگ و گورگ لێك نە دەکرایەوە، قریوە قریوی «فاتە دەلاڵ» ناو کۆلانی پڕکرد . «ئۆە... ڕەمۆ سەر گۆسکە روون، ڕەببی بەراگێڕم بی، چاوم خێل بوو هەندی چاوەڕێت کەم... بەملی شکاوت کەی پەیدا دەبی..؟» ئەودەنگە ڕێڕێ دەڕۆیشت و بڵاو دەبووەوە. ئەمە بوو بە هۆی پچڕانی شیرازەی یاد و یادەوەرییەکانی. سەری خۆی هەڵبڕی ، نەختێ هەستی خۆی ڕاگرت، پاشان لە شوێن خۆیا هەڵسایەوەو چوو سەری خۆی لە دەرگاکەوە هەڵکێشا، گوێی خۆی ڕاداشت: «بەو بەیانییە زووە چییە دیسان، چییەتی خەریکی چ گۆبەندێکە...؟ قەرەقولەی زینکراو دەربەست بە وەخت و ناوەخت نییە، دەبێ دیسان لەگەڵ کێ هەڵەنگوتبێ...؟» ... دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، لە ژوور دەرکەوت و چوو لە ژێر هەیوانەکەدا هەڵگیرسایەوە. ئەو تووڵە دارمێوانەی کە هێشتان هەر لاسکێکی رەق و رووت بوون ... تاکتاکیان نەبێ کە تازە چرۆیان دەرکردبوو، سرکەسرکی کزەبایەکی سارديان دەچرپاندە بن گوێی... لە خوار ئەمانیشەوە گوڵاڵە چاو پشکووتووەکانی نێو گوڵدانەکان، لەگەڵ وەنەوزی کزە بایەکەدا وەك تیشکی لالەیەکی چاوگەش لارەلاریان بوو، ئەو ناوەیان پڕ کردبوو لە بۆن و برینگان. دار هەرمێی نزیك بەلووعەکە بە کوڵیکەی سپی سپی خۆی ئارایش دابوو وەك قۆزاخەی چاو پشکووتوو، دەوروبەری خۆیان ئەبڵەق کردبوو، بەڵام لەگەڵ تین سەندنی کزە باکەوە ئەوانیش پەڕو باڵیان هەڵدەوەراو وەك زەڕنەقووتەیەکی بابردەڵە تەنها گوفکەکەیان دەمایەوە.... دوو بنە پرتەقاڵەکەی هێرووەی ئەوانیش، لە تەك یەکتردا

وەشنەشن کەوتبوون، تازە گەڵای ورد وردو سەوزی وەك لاسکە ئەندریشەیان دەرکردبوو. لەناو هەر پنجە گەڵایەکیشا گوفکێکی ورد و خڕی وەك چاوی مار خەریك بوو دەپشکووت بۆن و بەرامەیەکی خۆشی لێ هەڵدەسا. لە ویشا گەلێ خۆی گیرکرد، هەستی خۆی ڕاگرت ، گوێی ڕاداشت، جگەلە چکچکەی ئەو دڵۆپە ئاوە درشتەی کە جار جار لە دمکی شێرەکەوە دەکەوتە ناو قۆرتیلە ئاوە کۆنکریتییەکەوە، کە وەك ئاوی ناو بەردی ناو قەد چاڵ و هەرکەوان،.... گۆلمە ئاوێکی ڕوون و زوڵاڵی تیا ترنجابووەوە ... دا گوێی لە هیچ دەنگێکی تر نەدەبوو...! دوای ماوەیەکی کورت دەنگە دەنگی دوو پایسکلچی کە بەکۆڵانەکەدا ڕەت بوون شیرازەی خامۆشی و بێدەنگییەکەیان شڵەژاند. یەکو لا گەلەگۆزیان لەسەر پاشکۆی پاسکیلەکانیان دانابوو، تەقتەق بە بەردەم ماڵەکاندا پەیدانیان لێدەداو دەڕۆیشتن... لەگەڵ ئەو دەنگەدا ویستی بکەوێتە خۆی، نەبادا «رەمۆ»ی لۆبیا فرۆش لە بیریان کات، بەڵام کە گوێی لە ئاخاوتنیان بوو، هەنگاوەکانی خۆی سست کردەوە.» – نازانم «عەیدەر» ئەوە چ بوو پێم لێنا؟ !.... پەنچەرنەبم باشە.

– ئەگەر بزماربایە، هەنکە پاسکلەکەت فس ببۆوە...!

لە شوێن خۆیا سەنگرایەوە، دیسان بۆ ژێر هەیوانەکە گەڕایەوەو کەوتەوە گوێ راداشتن. کزەبای بەیان دەنگێکی دووری چرپاندە بن گوێی:

«– لۆبیا، لۆبیای گەرم.» دوای هەناسە خواردنەوەیەکی دوور و قووڵ، هەمان دەنگ بەرز بووەوە: «ئەوە لۆبیایە لەگەڵ سەموونی گەرم» کە دووبارە ئەم دەنگەی کەوتەوە بەر گوێ، یەکسەر رووی لە «نناندین»ەکە کرد... کە بریتی بوو لە نیوە ژوورێك، هەر لە کێشی ئەویشا «سەرشۆرك» و«ئاودەس»ە کە لە تەك یەکا بە ناوبڕەیەکەوە لەیەك جوێ کرابوونەوە. لە دەرەوە هەر وات دەزانی ژوورێکی دوو بەشەش مەتریە و سێ دەرگای بچووکی لێ کراوەتەوە.... دیواری لای کۆڵانێی ببوو بە لا دیوارێکی حەوشەکەو لە نزیکیەوە دەرگا ژەنگاوییە دوو دەرییە یەك بە دووەکەی حەوشە دەهات، کە یەکسەر کەوتبووە سەر کۆڵانە پڕ لە قوڕو چڵپاوەکەوە. لەبەر دەم دەرگای ناندینەکەشەوە، بەدووری نیومەتر، یەکەم پایەی قالدرمە لە خشت و قوڕ هەڵچنراوەکە دا دەهات، ڕاستەوخۆ بۆ سەربان هەڵکشابوو، ژێرەوەشی لەگەڵ نیوەدیوارەکەی هەیوانەکەدا بۆشاییەکی سێگۆشەیی دروست کردبوو، لە وەرزی وشکاییدا چێشتی تیا لێدەنرا. ئەگەر نا بە درێژایی کات، قازان و قەلەوزی بن و دامەن بە تەنیمۆکی لێ دادەنرا، لە ملاوەش شەربە ورگنەکەش لە تەك مەسینە و حەوجۆش و کووپە دامەن بەقەوزەکەوە

ریزکرابوون.... هەموو ئەمانە بۆ ڕێژە و پێژەی ناوماڵ و بۆ بەردەستی ئیشی ڕۆژانە بەکاردێنران.... ! لەناو ناندینەکەدا، لەنزیك سێڵ و فەرشە و کوچکە ئاگرەکانەوە، لەناو سەبەتەی هیرباران، دەستی بۆ قاپێکی قووڵی لێو گرنی گرنی برد.... لەگەڵ دەرهێنانیا قاپوقاچاغەکانی تر هەموو کەوتنە خرو هۆڕ... دوایە بەپەلە ڕووی لە بەلووعە ئاوەکە کرد، کە بە پانتایی مەترێکی دووجا بەردەمەکەی، بەشێوەیەکی ناڕێك چیمەنتۆڕێژ کرابوو... بەڵام دیاربوو بەرەبەرە خوریکەی دەکەوتێ و قۆرتیلە ئاوی لێ زیاد دەبوو . هەر کە نزیك کەوتەوە، لە هیکرا کووکختیەك لە شەقەی باڵی دا، بۆ ئاسمان بەرز بووەوە، پاشان فرفر چوو لەسەر چڵێکی دارمێوەکە هەڵکورمایەوە. لەگەڵ کتوپڕی ئەو فڕینەدا، دڵی ڕاجفری، بەڵام کە گوێی لە تەقەتەقی پایسکلە شەقوشڕەکەوە بوو،کە لە سەری ئەو لای کۆڵانەکەوە دەهات، زانی ئەو جارە «رەمۆ»ی لۆبیا فرۆشەو ئەوا خەریکە نزیك بکەوێتەوە، بەپەلەپڕووزێ چوو ئاوێکی لە قاپەکە وەرکردو بەرەو دەرگای دەرەوە هەنگاوی نایەوە. سەرنجی بۆ ناو کۆڵانەکەوە رانا، یەکسەر «فاتە دەلاڵ»ی کەوتە بەرچاو، کە دوو سێ ماڵیش لەولاوەتر لە ژێر گلۆپە کز هەڵگەڕاوەکەی دارتێلەکەدا وەستابوو، لایەکی تەشکو دامانی کراسەکەی خۆی هەڵکردبوو بە نیگەرانییەوە قومی لە جگەرەکەی دەستی دەدا. لەو کاتەدا کوتە مەڕو بزنێك بە خۆ بەبێچووەکانیانەوە بە کۆڵانەکەدا دەڕۆیشتن. کابرایەکی ڕدێن ماشو برنج لە سەرمان خۆی دەمامك دابوو.. بەخۆ بە هەردوو منداڵە جلوبەرگ شڕوو ڕەکانیانەوە لەگەڵ مێگەلەکەدا دەڕۆیشتن، یەکێکیان لە بەرایی لەگەڵ مەڕو بزنەکانەوە هەنگاوی دەنایەوە، بەرخێکی تەمەن دوو سێ ڕۆژی هەناو پڕ لە لەرزو سەرمای لە باوەشی خۆی کردبوو، کەرکەکەی خۆی بە سەردا هەڵکێشابوو. بەپارچە پەڕۆکێ توند ناوکی پێچابووەوە، دیار بوو خوێنی تێزابوو.. هەندێ ماڕزاش گنجیگنجی ببوو، وەکو جگ بە پاشەڵیدا رەق ببووەوە. ئەوانی تریش یەك و داردەستیان لەدەست گرتبوو بەپێی ئەوانەوە، وردە وردە لە دوایان دەڕۆیشتن.. کشومات کۆڵانەکەیان دەبڕی ئەوەندە شلوخاو دەڕۆیشتن دەتوت بۆ ژێر پەتی سێدارەیان دەبەن، دەمنادەم بەرخۆڵەیەکی گوێ بەلی تیسك سپی، یان کاریلەیەکی چاو کشتی موو ئارمووشین. کە چاویان بە بۆرایییەکی لێوار جۆگە سیانەکەی ناوەڕاستی کۆڵانەکە دەکەوت، ملیان بۆ درێژ دەکرد و لمووزی خۆیان پێوە دەنا، یاخود دەمی خۆیان بە چڵکاوەکەوە دەنا، قورقوڕ ئەو ئاوە پیسەیان هەڵدەقوڕاند، بەڵام هەر وات دەکرد دەتدی سەرە گۆچانێکیان دەسرەوایە کەلەکەی، یا گاڕامێکیان لێ بەرز دەکرایەوە.. هرڕە..

یخخە..«یاخود »هسسسسسە...« یەکیان لیّ دەکرا، ئیتر ئەوانیش وەك کارمامز لە خۆیان هەڵدەدا و بەگەڵ ئەوانی تر دەکەوتنەوە. کە گەیشتنە راست بەڕاستی «فاتە دەلاڵ»، هەر لە بنی پێیان هەتا تەوقی سەریان لێیان وردبووەوە، کە زیاتر لێی نزیك کەوتنەوە ، بەبیّ ماندوو نەبوون لێکردن و هیچ قسەیەکی ترەوە، پرسیارێکی زەقوزۆپی ئاراستەی خاوەنەکەی کرد:

– فرۆتەنین؟...

بەدەنگێکی کەلوشکاوەوە چمکی جەمەدانیەکەی لەسەر دەم و روخساری خۆی لادا:

– ئەریّ وەڵڵا خوشکیّ من فرۆتەنین. بەناشوکری نەبیّ ئەدی هی چ بن...؟

– لەو لەوەڕو گیا و گۆڵی وەها زۆر بۆ وا لێیان بێزارن؟

– پێکەنینێکی خەمناکی لەدەم دەرفرتایە دەرەوە، پاشان وەلامی دایەوە: دایکی من، ئێمە لێیان بێزارین!!؟.. ئێمەو مانان ناوکمان لەناو مەڕومالات بڕاوە..!

– بیّ ئەوەی گوێی لیّ بگریّ، یا برەو بە قسەکانی بدا، کتوپڕ دەستی بۆ گیسکێکی خڕو خەپان درێژ کرد: هەها.. ئەوە .. ئەوە ئەوەمان بە چەند دەدەییّ ؟

هێشتان قسەکەی تەواو نەکردبوو، ئەو بەدەم ئاخاوتنەوە گۆمکی گۆپاڵی خستە ملی گیسکەکەو بۆ لای خۆی کەمەندکێشی کرد:

– لەگەڵ ئەو غەرەتە ؟

– ئائا ئەوە، ئەوە.. دەی بە چەندمان دەفرۆشییّ؟

دوای ئەوەی هەندیّ دەستی بەسەرو گوێلاکی و تووکە نەرمەکەی داهێنا، وەلامی دایەوە :

– دۆغری دۆغری .. بە پازدە دینار .

بەرز هەڵیدابیّ :

– هاااای...ماڵت خرانەبیّ، خۆ لیرەی لەناو ورگیدا نییە..! بەم قسەیە، دەموچاوی چەند گرژبوو هەندەی تر گرژ هەڵگەڕا، باش دیارنەبوو، نەدەزانرا، نە دەیویست لە خۆشییان بگری کە فرۆشیارێکی بۆ پەیدابووە، نە لە خەمان پێبکەنیّ کە هیچ چاری تری نییە، دەبیّ هەرزانفرۆشیان بکا..! بەلام، لەگەڵ ئەو بارە دەروونییە ناهەموارەشیا خۆی نەشڵەژاند، بە تووڕەیی گیسکەکەی بەرهەڵدا:

– وەختی خۆی بابم هەر دەیگوت: ماڵی کوردی تاڵان بردی..! ئەوان هەموو جارێ وەکی کە لە بەر سێبەری مزگەوت و تەکیە و دیوەخاندا. کە دامە و نۆڕچکانێیان دەکرد بە سوبعەت وایان دەگوت..! ئەمان خوشکێ من ئەمە ئەوە وا بەڕاستی بەسەرمان هات، بەچاوی خۆمان دیتمان! نووکی گۆپاڵەکەی لەسەر زەوی چەقاندو بە هەردوو دەستی خۆی پێ ڕاگرت ... : «وەڵڵاهی وەبیلاهی وەتیلاهی. بەو جوعمەی موبارەك، ئەگەر ئەوڕۆ نەبی... ئەوڕۆ..! کە کەس خاوەنی هیچ شتەکی خۆی نییە... هەنوکاوێ ئەو گیسکەت بە سەد دینارانیش نافرۆشمێ لەو بەهاری وەها تەڕو لەو لەوەڕی وەها زۆر، ئەمان ئاخ چ بکەم لەو دڵی وەها ناخۆش و لەو دنیای وەها بەرتەنگ، بەدەم ئەم قسەکردنانەوە، ئاوڕێکی لە مناڵەکانی دایەوە، دیاربوو ئەوانیش هەنگاوەکانیان خاو ببووەوە، بەدەم بانگکردنیانەوە، بەدوایان کەوتەوە:

– هەڵکەن بابم هەڵکەن... با بەوەختەوە بگەینە مەیدانێ ... داخوا لەوێش کوو تاڵانمان دەکەن..!

بەخۆ بە قاپەکەی دەستی لەبەردەم دەرگاکەی خۆیان ڕاوەستابوو، لە گفتوگۆی شوانەو «فاتە دەلاڵ» و دیمەنەکا ناورد بووەوە ئەو دیمەنانەی کە لە ڕواڵەتا ببووە شتێکی ئاسایی، هەموو ڕۆژێ دووبارە دەبوونەوە..! هەموو ڕۆژێ دیمەنێکی وا دەدیترا، دەتدی کتوپڕ کۆمەڵە ماڵاتێ هەرزانفرۆش دەکران، لە هیکڕا دەتدی کۆمەڵە ماڵ و خێزانێ بێ جێ و ڕێ دەکران..! بەڵام ئەو کەسانەی کە بەئاگری ستەم و زۆرداری گۆشتیان برژابێ، بێگومان هەست بە ئێش و ئازاری کەسانی وا دەکەن و دەزانن ستەمدیدەی چ دۆزەخێکن و نیری گرانی چ ستەم و زۆردارییەکی کۆرپە کوژو دواڕۆژ خنکێنەر بە ئەستۆیانەوە شەتەك دراوە..!»– چاوم دەرێ داخوا ئەو جارە کوێندەرێیان کاول کردووە..!» بەدەم ئەم خۆ دواندنەوە کەوتە هزرو بیرکردنەوە : «پێرێ کە چوومە بازار، لە لای ئۆردی گەلێ شۆڤڵ و زیل و زرێپۆشم دیتن، هەموو لە دوو یەکتر قەتارەیان بەستابوو، بەدرێژایی جادەی ئەو بەرو ئەمبەر ڕێگایان گرتبوو. سەربازەکان بەخۆبە خوودەو کلاشینکۆف و ڕەشاشەوە، ڕژابوونە سەر شۆستەو پیادەڕۆکانەوە، لەگەڵ جاشەکانا تێکەڵ بەیەك ببوون. وەك کلۆمسکە دەورەیان لە ماشێنەکان دابوو...ڕەشاش و دۆشکەیان لەسەر زرێپۆشەکان چەقاندبوو، چەند زیلێکیشیان پڕ لە سندوقی فیشەك کردبوو... زانیم دڵم خەبەری دا.. ئەو دڕندانە دیسان دەچن، بڕوبیانوویەك دەگرن و لایەکی تری ولاتەکەمان کاول دەکەن...! ئێستا گەربچی لە خۆ فرۆشێکی لای خۆمان بپرسی قەرزاریشت دەکاتەوە..! ئەرێ

جەناب، گوندەکانی سەر سنوور بۆ کاول کران؟ ئەمە قانونە، بۆ سەلامەتی هاولاتییان، بە قوولی پازدە کیلۆمەتر، هەمووی دەبێ چۆڵ بکرێ، بۆ ئەوەی چیتر موتەمەرڕید و قاچاخچی و پیاو کوژ نەپەڕێتەوەو ئەو بەر و ئەو بەرنەکا، سەرۆك گوتەنی، هێڵی ئەو سنوورانە دەبێ بکەین بە دەمی مووس، هەرکەس ملی لێنێ، ملی بپەڕێ..! ئەی گوند و ئاوادانییەکانی ناوەوە، ئەوان بۆ سووتێنران..؟ هەتا عوساتی نەگاتێ. ئەی «هەڵەبجە»و «شێخ وەسانان» و «بادینان» و کوێ وکوێی تریش، بۆ کیمیاباران کران، بۆ خاپوور کران؟ ئەو پرسیارە لە دراوسێکانمان بکە، بۆ لە حوکمەتی وەتەنی دەیکەی...! ئەوەندەی ئەو بەتەنگ ئێمەوە دێ، ئەوەی ئەو بۆ ئێمەی دەکا .... دایك و باوکیشمان وای بۆ نەکردووین. ئێستاش پرۆژەیەکی لە دەستایە، هەموومان لە چەند شار و شارۆچکەیەکدا کۆبکاتەوە و جێنشینمان بکا.. هەتا بەجوانترین شێوە خزمەتمان بکاو لەو چیاو چۆڵ و جێگا گۆشە گیرانەوە ڕزگارمان بکا، ئاو و کارەبا و مەکتەب و خەستەخانەمان بۆ دابین بکا، ڕێگای قیرتاو و ئەمانەو پاسی هاتوچۆمان بۆ دابین بکا، کارو وەزیفەو مووچەمان بۆ دابین بکا، ئەوەی بێ ئیش و کاریشە، ئەوەی نەخۆش و پەککەوتەیە، ئەوەی بە تەمەن و بەسالاچووە... مانگانەیەکی باشی لەبۆ ببڕێتەوە...توخوا چ میللەتێ هەیە لەسەر ڕووی زەوی باوکێك و گەورەیەکی ئاوا بڵێمەت و دڵسۆزی هەبێ ... خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژی پڕ لە خەبات و سەروەری هەبێ، هەرچەند ساڵێکی ترە بزانە چۆن ئەو ولاتەمان بۆ دەکاتە بەهەشت..! ئەی چیتر باوکم، لەوە زیاتر نازانم ئەو کوردە چی دەوێ...! هەموو ڕۆژێ بەدەیان هەزار کەس لە مەیدانی جەنگ دەکوژرێ کوردێکی تێدا نییە، بە سەدان ژن و منداڵ بە بۆردمانی تۆپ و تەیارە شەتوپەت دەکرێ، کوردێکی تێدا نییە... بەهەزاران بریندارو زامارو قوربەسەر دەبینی لە خەستەخانەکانی جنوب ناڵە ناڵیتیان گوێت لە دەنگی کوردێك نابێ... ئەوەیان فەرمانبەرە، ئەوەیان لە سیی ساڵ بەرەو ژوورترە، ئەوەیان دوو سایدە، ئەوەیان گێژ شەعبیە، یامەفرەزەی خاسەیە یا وەکیل وموعتەمەدی دائیرەکانە،.. ئیدی نابرێتەوە.. هەر یەك بە بروبیانوویەك لێی پاڵداوەتەوە لە ماڵی خۆی... ئەی چیتر..! ئەو خەڵکە بە هیچ شتێ ڕازی نییە.. بڕۆ ئەو خوارەوە، بزانە ئەوەی دەستی دار دەگرێ لە بەرەی شەڕە یان نا... میسرییەکانی لێ بچێتە دەر، لە بۆ دەرمان زەلامێك ناکەوێتە بەر چاو، چاوت بە کەس ناکەوێ، لە شارەکانی خۆشمانا کە لە بازارا دەڕۆی، لە بەر خەڵك و قەرەباڵغی ڕێ بە بەر ڕێداری ناکەوێ..! هەرکەس لە جێ و ڕێی خۆی، لەناو ماڵ و منداڵی خۆی دانیشتووە لاقی لەسەر لاق داناوە، هەر قسەی گەورە گەورە

دەكاو فتوهۆڕ جغارە دەكێشێ... لەلای ئەو دنیا شامی شەریفە... «بەڕقێكی ئەستوورەوە ، هەر لەبەر خۆیا چەند قسەیەكی تانەو تەشەرە ئامێزی بۆ ناردن:»هەی زەلیل و خۆ فرۆشینە... دەی بەخیلی بەو هەوایەش بەرن كە كورد هەڵیدەمژێ. بڕۆن بەپێش تانك و زریپۆشەكان بكەون. مزگەوت و قوتابخانە و خانووبەرەكانیان بە سەردا بڕووخێنن، بیانسووتێنن، بە شۆڨڵ تەختی كەن.. ئەو كەسەی بەردەستان كەوت زیندە بە چاڵی كەن، ئەوانەی ماویشن، لە شوێنێكا كۆیان بكەنەوە... چۆڵ و بیابانەكانی «عەڕعەر»و چوارگۆشەكەی نزیك دۆزەخەكەی «روبعلخالی»یان پێ ئاوەدان بكەنەوە، ئینجا بەسەرو سەوادو بەخوێنێكی ساردەوە، بە ئەسپایی و كەسنەزانم، ئەوانیش لەوێ بنئاخكەن، زیندەبەچاڵیان كەن...! گێلی خۆفرۆش... بۆ كوردی هەموو كردووە بە مووچە خۆر و لە ماڵی خۆیانا بێ كارو بێ بەرهەم، بێ مێشك ماندوو كردن و داهێنان...داینیشاندوون؟ بۆ هەموو جێیان كردوە بە تەمبەڵخانە...؟ بۆ لە كارگە كار نەكەن؟ تا ببنە هێزێكی بەرهەمهێنی كارامە بۆ وڵاتەكەیان... بۆ تەنانەت كرێكارێكی كورد زمان ئاسا لە پیشەسازی نەوت و پیترۆكیمیاویدا نابینیتەوە .. بۆ كوردستان بۆتە كەمپێكی خەوتوو، كۆمەڵگایەكی تەمبەڵ و شلوخاو و بێ متمانەی لێ پەیدابووە... ئەوجا لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژیانە ساردو سڕەیان لێ كردووین بە موعجیزەیەك و... منەتێكی زۆریشمان لەسەر دەكرێ. بۆ لە هەموو ئاست و مەیدان و بەرەیەكا، دوژمنكاری كورد دەكا... ؟ ئەوەی بەكیمیا قەلاچۆ دەكرێ و ئەوەی زیندەبەچاڵ دەكرێ و ئەوانی تریش بەشەڕی مەرەق و خەمخواردن دەڕزێنێتەوە... تا كەسایەتییەكی رووخاو و بێ هێزیان لێ دروست بكا و بیانكەن بە مۆمیایەكی بێ گیان، نەتوانن تەنانەت مێشێكیش لە خۆیان پاس بكەن... بێگومانم كە دوای چەند ساڵێكی تر ئاسەواری ئەو تاوانە بەری خۆیان دەدەن... كۆمەڵگایەكی چڵێس و تەمبەڵ و شڵەژاو دێتە كایەوە، كە لە دوا فارگۆنی مرۆڤایەتیدا خۆی ببینێتەوە.. كۆمەڵگایەكی دڵناسك و زۆربڵێ و حازر خۆری بەرسێبەر پەیدا ببێ، نەوەی گومان لە خۆكرد وتەمبەڵ و دەروون نەخۆش و بەنازو فیزی لێ بكەوێتەوە..!»

هەر بەم ئاوایە لەگەڵ خۆیا كەوتبوە بیركردنەوە و ئاخاوتنەوە: «بێ هێزترین كەس حوكمەتەكەی تۆیە، چونكە ئێستاش لەو باوەڕەدایە دەتوانێ میللەتێ لەناو بەرێ..! جەناب، تۆ شانازی بەمێژووی ئەو سەركردانەت دەكەیت، شانازی بەرێوڕەچەڵەكە ئاڵۆز و مێژوو درۆزنەكانیان دەكەیت..! مەگەر نازانی مێژووی دیكتاتۆر چۆن دەنووسرێتەوە..! هەموو دیكتاتۆرێك دووجار مێژوویان دەنووسرێتەوە، بەڵێ بێگومان، سەركردەكانی

تۆش دوو جار مێژوویان دەنووسرێتەوە... بەڵام تۆ ئەو ڕاستییە نەدەزانیت و نە دەشتەوێ بیزانیت، مێژوویەکیان هی ئەو سەردەمەی ئێستایە، کە جەنابت باسی لێ دەکا، ئەو مێژووە درۆزنەیە کە لە هەموو قوتابخانەو دامودەزگاو خوێندنگاو زانکۆ دەخوێندرێ و پەیڕەو دەکرێ. بەڵام مێژوەکەی تر کە هێشتان بەچاپ نەگەیەنراوە، هێشتان هەر لە ناو هەناوی ڕاستی و حەقیقەت شاردراوەتەوە... هێشتان هەر لە منداڵدانی دواڕۆژا خۆی مۆڵ داوە... ئــەویش لــە دوای لــەنــاوچــوونــیــانــا دەنــووسرێ و کــردار و بــەدڕەفــتــارە نامرۆییەکانیان، موو بەموو دەکەوێتە بەرچاوی کامێراوە...!» بەدەم ئەو گرژی و تاڵی و خۆ دواندنەوە، سەیری مێگەلی مەڕەکە و خاوەنە ستەمدیدەکەی دەکرد.. کە ئەو کاتە تەواوێ لێی دوور کەوتبوونەوە، پێ بەپێ هەر دەڕۆیشتن و کرۆکپ کۆڵانە نووستوەکەیان دەخستە جموجۆڵ، بەبیر و خەیاڵی جەنجاڵیەوە، سەری خۆی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، ئەستێرەیەك وەك ڕەبەنێکی پەتیارە، زەقزەق لە سینەی ئاسمان لە شوێن خۆیا وشك هەڵگەڕابوو، بەڵام لەگەڵ تەوژم و تین سەندنی هەناسەی سپێدە، ڕەنگی هەڵدەبرزکا...لەم کاتەدا، بەرەبەرە جووکە و جریوەی چۆلەکەو تەیرو تواڵ زیاد دەبوو.. پەیتا پەیتا بەری ئاسۆش رووناك هەڵدەگەڕا، بەڵام چەند پارچە هەورێکی چڵکن و ڕەش و برش، ببوونە مایەی نیگەرانی و دڵتەنگی...! ئەو هەر لەم سەیرکردن و چاوەڕوانییەدا بوو، (فاتە دەڵاڵ) بەدەم و گەروویەکی دووکەڵاوییەوە هاوارێکی لە دەم دەرچوو:

– دە زووبە «رەمۆ» ئەوە چیت کرد ؟ «دەنگی خۆی هێواشتر کردەوە» : دەڵێی لە دوای مەیتی باپیرت دەڕۆی....! نەخۆت کا نە ئەو لۆبیا فرۆشتنەشت کا یاخوا...! «رەمۆ» پەلەی لە کارەکەی خۆی کرد، خێراخێرا پارەی لە کچە پارچەڵەکە وەرگرت و هەمئاهەنگ بەدەم بانگکردنەکەی ئەودا بەدەنگێکی بەرز و هەڵزراوەوە لای لێ کردەوە:

– ئەوە دێم ، ئەوە دێم «خوچەفاتم».. تالووکەی چیتە؟ وەك هەورە تریشقە باگۆی دایەوە:

– کوڕە کوو تالووکەی چیمە! بن پێم خڕ بوو هەندی چاوەڕوانت کەم. هێشتان قسەکانی تەواونەکردبوو«رەمەزانی لۆبیافرۆش» بەخۆ بەپایسکلە شەقو شڕەکەیەوە، هەنگاوی بەپەلەی نایەوە...

– دیارە زۆرت برسییە ! «کە گەیشتە نزیکیەوە، بەدەمێکی بەپێکەنین و سەرسوڕماوەوە ئەم قسەی ئاراستە کرد» بەدەست و پەنچە باریکەکانی گەشکەیەکی پێ گرت:

– ئم م م ....

پـاشان بـە زەردەخـەنـەیـەکی شەڕاوییـەوە وەڵامـی دایـەوە: «ڕەنگـەبـە تـەمـای تـۆمـابم، بـەقـوربـانـی سەیـان بی...!» هـەرلـە قسە پڕ لـە تـانـەو تـەشەرە گـەپـئـامـێزەکـانـی خـۆیـەوە بەردەوام بوو: «هێشتـان ئـەتو فسوهۆڕی خـەوێت بوو، وەکی ئـەمن چووم یـەك نووردییە نـانم لـە فڕنی هێنـایـە ...»

– «رەمۆ» مووڕەیـەکی لیٚ کرد: ئیٚ دە بـاشە بـاش!... بـەدەم ئـەم قسانـەوە جـامـەکـەی لیٚ وەرگرت، دەمی تۆربـاکـەی کردەوەو چـەند ژێر پیـاڵـەیـەکی بۆ تێکرد... بـەدەم کـارەکـەشیـا هـەر دەگرژیـەوە و قسـەی دەکرد:

– وەڵڵاهـی لـەموابی خورێنی، بۆیە وا بە پەلان کەوتبووی !

– بـەدەم سـەر بـادانـەوە لای لیٚ کردەوە : کوڕە ئـەتوو چـەند دەڵێی ! ئـەوە بۆیـە ئیشت لـە بـەر نـاڕوا....! دە زوویـە دەی .

– تو خوا «خوچە» ئـەدی لـە شـەوێوە چـەند جغـارەت کێشایـە...؟ «لـە گۆشـەی چـاوە بچووك و خـەواڵووەکانیـەوە سـەیری کرد:»

– بـەقـەد پینـەو تـەقـەڵـەکـانی سـەرکورتـەکـەکـەت. «رەمۆ» گـەرەکی بوو، زیـاتر درێژ دادڕی لـەگـەڵ بکـا، بـەڵام ئـەو زوو لـە دەمی دایـەوە:

– دە ئـەوەنـدە مـەڵیٚ، زوویـە بـەڕێم کە. «کە جـامـەکـەی دایـەوە دەستی ، جگـەرەیـەکی کـەوتـە بـەرچـاو، لـە کـەلێنی گوێی چـەپـەی خۆی دانـابوو. بە پـەلـە دەستی بۆ درێژ کرد:»

– دەبـا ئـەوەش بۆ من بیٚ، خۆ کفر نـابیٚ!

– وەیشش ! «ئـەو دەست درێژکردنـە کتوپڕە، ڕایچڵـەکـاند، بـەدەم چـەند قسـەیـەکی پچڕ پچڕەوە ... بـە پـەلـە پڕووزیٚ هـەردوو دەستی بۆ سـەرو پۆتـەڵاکی خۆی برد»:

– بـە ققوربـانم بی، نـەدیوبدی...، زراوت بردم !

هـاتوهـاوار و پێکـەنینـە بـەرزەکـەی «رەمۆ» هـەموو جوێن و قسـەکـانی تواندەوە، بـەدەمێکی بە جگـەرەوە سووکـانی پـایسکلـەکـەی گرت و بـەرەو مـاڵی ئێمـەوە کـەوتـە ڕێگـا، لـەوێشـەوە بـەهـەمـان هـەوێڵ، بـەدەم بـانگکردن و هـاوار هـاواری «لۆبیـای گـەرم و سـەموونی گـەرم»ەوە، بۆ نـاو کۆڵانـەکـانی تر داکشا. بـەرە بـەرە لـەشکری تـاریکی پـاشـەکشێی پیٚ دەکرا. بـەری ئـاسۆ وەك پـەمۆی پـەڕەکراو سپی دەیڕوانی . بـەڵام دوای مـاوەیـەك پێشهـاتی دەسرازە

شەبەنگێکی دوورو ئاڵ لە بن گەوەڕی ئاسۆوە، کە لەگەڵ ترۆپکە بەرزەکاندا تێکەڵ بەیەك ببوون، بە دیمەنێکی جوان، و قەشەنگەوە دەکەوتە بەرچاو. ئەستێرە چاوگەشەکەی سینەی ئاسمان و چەندانێکی تریش کە لەو دیار نەبوون، ئاوا هەر بەپەشۆکاوی و بەرەنگ زەردییەکەی خۆیانەوە مابوونەوە. دەنگی هەندێ کەڵەشێری تازە بێدار بووەوە لەگەڵ درقە درقی مریشکە کورك و داکانەکانی، کەوتە بەر گوێ...! بەم پێیە جووکە جووکی پەرەوڵ و سرکە سرکی سروەی بەیان نوقمی دەریای چریکەی پاساری و مەلە بچکۆڵە ئێسك سووکەکانی ترەوە ببوون، ئەو مەلە قشتیلە بزۆزانە، یە بازنە وەستابوون و بەدەنووکە خنجیلانکەانیان وێردی بەربەیانیان دەخوێند، جارجار قیژەی جووتە چینوماچینەکەی هاوسێیان دەکەوتە بەر گوێ و دوایەش بەخۆ بە دەنگەتیژە قازاوییەکەیان هەر غاکە غاکیان لێ هەڵدەسا...! ئەگەر چی بەیانییەکی خۆش و سەرنجڕاکێش بوو، بۆن و بەرامەی چرۆ و پشکووژ و گوفکە چاو خڕەکان بەم ناوەدا بڵاو ببووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆنی لاستیك و تایەی سووتاوی سەر لە ئێوارەوە، هێشتان هەر لە ناو هەوای دەوروبەرەکە، لە کاتی هەناسە وەرگرتنەوەدا هەستی پێ دەکرا... لە تەك ئەو بۆن و بەرامە خۆشەوە، هەناسەیەکی قیڕاوی پژایە بەر لووتی: «وەی لەو کاری وەها ناپەسەند و نادروست: ئەو خەڵکە هێشتان نازانن کوو هەست و ئارەزوو دڵسۆزی خۆیان لە ڕۆژێکی ئاوا پیرۆزدا دەربڕن... لەوەشا جێ پەنجەی دوژمن و خۆفرۆشان دیارە،... دەیانەوێ پیرۆزی ئەو ئاگرەمان لە بەرچاو قیزەون بکەن...!« دیسان هەناسەیەکی تری وەرگرت و لە دڵی خۆیا کەوتەوە قسە کردن: «لە شەوی ئەو جەژنە پیرۆزەدا، هەق وایە لە جیاتی تایە سووتاندن ... لەسەر هەر بانێ مۆمێك یا چرایەك داگیرسێنن و بەدرێژایی شەو هەر ببرسکێتەوە و ئەوانیش بە کۆمەڵ چاوی خۆیان بە تیشکەکان ساو بدەنەوە، پۆل پۆل کۆڕی بۆ ببەستن...! لە سەر گردو تەپۆڵکەکانیشا بڵێسەی ئاگر روخساری ئاسمان گەش بکاتەوە...!» هەموو مەل مەلێچکەی ئەو بەیانییە، هەر لە جووکە و جریوەکردن بەردەوام بوون، بەدەنگە زیقەکانیان ئەوانی نووستووشیان بێدار دەکردەوە..! ئەویشیان لە خەیاڵ و خۆدواندنەکەی خۆیدا پچڕاند. هەموو تۆپ تۆپ لەسەر تڵۆفکی لق و پۆپی دارەکاندا داوەریبوون. دوایەش بەرەبەرە چلگۆزیان دەکرد. دوو دوو سێ سێ وەك ئاشقەو ماشقە لەم چڵەوە بۆ ئەوچڵ هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە. بەڵام جووکەو جریوەی هەڵکورماوەکان، هەر لە زیاد بوون دابوو. لە گەرمە گەرمی هەڵبەزودابەز و جموجۆڵی ئەو تەیرو توالانەدا، جیهان بەتەواوی روناك ببوەوە و

ئەوەی ئەستێرە بێ نەدەکەوتە بەرچاو..! دەنگی دەرگای ماڵە دراوسێکانی دەبیست کە دەکەوتنە سەر پشت، دەیدیی هەندێ گڵۆپ دەکوژێنرێتەوەو هەندێکی تر دادەگیرسێ. هەروەك بنکەیەکی گەرمی پێو و کەشناسی ... هەست ونەستی خۆی لەگەڵ دەوروبەرو لەگەڵ ئاسمان و ئاسۆ ڕەنگاو ڕەنگەکەوە شیرازەبەند کردبوو. دوای وردبوونەوەیەکی زۆر دیسان ڕووی لە ژوورەکەی خۆی کردەوە... هەر بەم خەیاڵ و بیرکردنەوەوە گەڕایەوە سەر کورسیەکەی جاران، بەرامبەر وێنەکە دانیشتەوە و دەستی دایەوە کاغەز و پێنووس: »دەمەدەمی خۆرئاوا، دوای بەڕێکردنی ڕۆژێکی پڕ لە ماندووبوون و نەهامەتی، لە ناو کارگەدا ...، دیسان ژانوژاری گۆڕین سەری هەڵدایەوە. ژانێکی کوشندە و ئاگرین بوو، لە بن زگم لە لای ڕاستمەوە دەیبرووسکاند و بەتریقەی پشتمدا دەڕۆیشت. کە دەستم بە ژان دەکرد، لە تاوان لە پەلوپۆ دەکەوتم، زمانم لەگەڵی لاڵ دەبوو. تا شەو رادەشکا زیاتر گڕی لێ هەڵدەسا. هەر دەتگوت هەناوم بە گوێزانێکی ژەهراوی شفتە کوت کراوە، یاخود گورچیلەکانم هەلا هەلا بووینەو پێشهاتی مردنێکی جوانەمەرگی و قەلەندەری و بێ کەسیمە...! جگە لە براژنەکەم بەخۆ بەهەر سێ منداڵە سەرکەوبنکەکانییەوە کە بەکزییەوە دەورەیان دابووم، کەسی ترم نەبوو خەمخۆرم بێ... ئەگەرچی براژنەکەشم لەبەر دەستکورتی و نەدارایی خۆی وای نەکردبوو کە هەست بە سۆزێکی زۆر بکەم بۆی، بەڵام لەو کاتەوەی کە کەوتبوومە سەر کار و ببوومە هۆی بارسووکییان... گەلێ دڵی پێمەوە بوو. ڕوحی لەو جێیە بوو کە من پێم لێ دەنا. دەمنادەم دەهات و بەدەورما دەسووڕایەوە و چەند دەنکە حەبێکی بۆ دەهێنام، یاخود پێخەفەکەی بۆ ڕێك دەخستمەوە و گەرموگوڕ دایدەپۆشیم. دێمکە پڕ ئاوە گەرمەکەشی دەهێنا لەو شوێنانەی کە ئێش و ئازارەکەی تێدا ترنجابووەوە دایدەنا... جا تاوێ لەسەر زگ و تاوێکیش لەسەر پشتی دادەنام . لەگەڵ هەنسکی ئاخوئۆف و گرینم دا، ئەویش بە قورگێکی بەگریانەوە کەوتە ئاخ و حەسرەت هەڵکێشان: «هەی کوێرابیم دایێ (پیرۆز) چەند بێ مرادی.. نازانم چ بکەم روو لە کوێ بکەم..؟». لە قووڵایی دڵیەوە چەند جارێ ئەو قسەی هەر دەوت و دەوتەوە. کە گوێی لە نووزانەوەو گڕوگاڵی منداڵەکانیشی دەبوو، یەکسەر لەجێی خۆی هەڵدەساو دەچوو کڕی دەکردنەوە. لەگەڵ تین سەندنی ژانە زگەکەم ، ئەویش زیاتر کەوتە بێوڵەتی و تەنگاو بوون . چوو منداڵە شیرەخۆرەکەی لە ناو لانك نواند و هات لە لای سەرینگانم دانیشت، بەچاوی بەفرمێسکەوە، گوزارشتی لە هەڵوێستە دژوارەکان کردەوە:

– هەر جاری کاکت دێتەوە دەڵێم ئەوجە بەسە، هەر کوو بێ دەبێ خۆت تەقاویت کەی.

رووی بۆ لای منداڵەکانی وەرسووڕاندەوە، بە دەنگێکی گرێ گرێوە قسەکانی تەواو کرد: ماڵی بێ پیاو وەك کاولە ئاش وایە، کەسی بەسەرەوە نایێ. دەستی لە چۆکی خۆی وەریناو بەنارەزایی دەربڕینەوە گوتی : پۆلیسی بۆ ئێمە مابوو ! دەستێکی بەدەم وپل و چەنەگەی خۆیدا ماڵی و وەك بڵێی هەندێ وردە لیکاوی لەگەڵ قسەکردندا لێ بسڕێتەوە، دیسان کەوتەوە قسەکردن:

– بەخوا ئەو جارە بێتەوە دەبێ پێی بڵێم. لەبن پەڕی هەوریش بێ، دەبێ وەسیدەیەك ببینێتەوە.... بەسە مردین... رزاینەوە ! «سەرەڕای ئێش و ئازارەکانی خۆم، ئەم قسەیە دایچڵەکاندم... لەناو گێژاوی تەزووە پڕ لە ئازار و ئێشەکانما بەزۆر لە خۆکردنەوە..... دەمی خۆم لەیەك ترازاند و بەدەنگێکی نیوە بیستراو و پچڕپچڕەوە لام لێ کردەوە».

– نانا براژن توخوا وای پێ مەڵێ. گەلێ دەستوپێ سپییە، هیچ کارێکی تری لە دەست نایێ، «وەك یەکێ کە پرزەی لەبەر بڕابێ و لە بێ دەسەڵاتییان نارەزایی خۆی دەربڕێ، بە قورگێکی پڕ لە گریان و بەدەست هەڵشەقاندنەوە باگۆی دامەوە»:

– ئێ ئەدی چ بڵێم...! ئەو لەو جێیە دوورەو ئێمە لێرە... بڵێم چی...؟ بەخوا قەت ئەوها ناچێتە سەر . خۆت دەزانی هەموو ئیشەك بە ئێمەومانان ناکرێ..! دیسان ژانەکە سەری هەڵدایەوە، هەموو دەمارو ماسوولکەکانی چزاندمەوە و پرزەی لە بەر بڕیم. قەستم دەکرد پرچی خۆم  تیکە تیکە بکەم و هەمووی هەڵوەرێنم. چەندی دەمکرد بەخۆم نەدەوەستام، چیتر توانام نەما بەرگەی بگرم. براژنم حەجمانی لێ هەڵسا:

– قوڕی کێ بەسەری خۆم کەم...! هاوار بۆ کێ ببەم...! دوای نەختێ کڕبوون و چاوەڕوانی درێژەی بەقسەکانی خۆی دا :

– کووە... بانگی دراوسێکان بکەم؟ ... هەموو خۆیان بە خۆیی دادەنێن. هەموو جارێ کاکیشت دەڵێ ئەگەر هەر ئیشەکی بە پەلەتان کەوتە پێش... ئەوان لە هەموو کەس فەرزترن...

– نانا... لەوان گەڕێ . فەقیرانە هەموو ماندوو هیلاکن. پێی ناوێ ئەزیەتیان بدەین... گەر بۆ بردنە خەستەخانەش بێ، یەکێکی بە دەو و زاری دەوێ، هەتا بە چاکی سەیر بکرێم..!

– ئەدی هانا ببەمە بەر کێ...؟ هەش و خمی کوێندەر بەسەر خۆما بکەم...؟ خزمەکانیش نزیکە دەست نین، ئەوانیش دوورن بەو شەوە نایانگەمێ. دوای نەختێ

کڕبوون و بیرکردنەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: ئەگەر دەشزانی خۆت پێ ڕادەگیرێ، سبەی سەر لەبەیانی زوو دەچمە پۆستەخانە... تەلەفۆن بۆ کاکت دەکەم، لەوانەیە سبەی ئێوارێ بگاتە جێ.

– زۆرم لە خۆم کرد و گوتم: برێکی تریش خۆم ڕادەگرم. ئەگەر هەر زانیم لێم توند دەکا و زیاتر تینم بۆ دێنێ، برۆ لای «دلێر» ئەوەی بەیەکەوە کاردەکەین... ماڵیان لەو سەری گەڕەکە، گەلێك لێمان دوورنییە... ئەو لە هەموو کەس باشترە... کە براژنم ئەو قسەی گوێ لێ بوو، بەبێ سێ و دوو لێکردن، لە جێی خۆیا هەڵسایەوە و بۆ لای دەرەوە ڕۆیشت. هەر بەو شەوە «دلێر» پزیشکێکی هێنا. لەگەڵ سەرنجدانی یەکەمیا لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، سەماعەکەی لادا : «ریخۆڵە کوێرەیەتی، دەبێ هەر ئێستا و بەبێ خۆ گیرکردن بگەیەنرێتە نەخۆشخانە!» لەو شەوە پڕ لە ئاستەنگ و ئەستەمەدا، تیرۆژکی هەموو سۆز و بەخودان کردن و پێویستییەکانی من لە کەسیەتی «دلێر»دا کۆببووەوە...! خێراخێرا، دکتۆر ناو و پیشەو تەمەنی لێ پرسیم و ڕەچێتەکەی دایە دەستم. «دلێر»یش لەو خێراتر رووی لە دەرەوە کرد، بەناو کۆڵان و گلۆپە زەرد هەڵگەڕاوەکانەوە کەوتە هەنگاونانەوەی بە پەلە و نیگە ئامێز، ئەوەندەی نەخایەند ترومبێلی هاوڕێیەکی ئامادە کرد، من و براژنمی لەگەڵ خۆیا هەڵگرت، پاشان لەبەر دەرگای ماڵی خۆیانا سەنگرایەوە، ئا لەپێش ئەم دەرگایەدا «بەهەنسکی گریانەوە لایەکی لە ژوورەکەی ئەملاوە کردەوە... دوای سڕینەوەی فرمێسکی چاوەکانی، دیسان دەستی بۆ پێنووسەکە برد...» «نەنە پەرێ»ی دایکیشی هێناو لەگەڵمان سواربوو، یەکسەر کە لەتەکم دانیشت دەستی لە ملم کرد، پاشان وەك کۆرپەی ساوا منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و سەرم لەناو باوەشی دانا. دیاربوو ئەویش گەلێ لە خەمی من دابوو، قورگی پڕ گریان بوو بوو، هیچ قسەیەکی بۆ نەدەوترا...! بەڵام بە درێژایی ڕێگاکەوە، وەك دایکێکی جەرگسۆز باوەشی خۆی بۆکردبوومەوە. نەخۆشخانەی فریاگوزاری، ئەوەندە جەنجاڵ و قەرەباڵغ بوو، دەرزیت هەڵاویێتبایە بەعارد نەدەکەوت... هەروات دەزانی هەرچی دەردو بەڵا هەیە لێرە باریوە..! شار هەمووی نەخۆش کەوتووە...! ئەوەی بزرت کردبووایە لەوێت دەدیتەوە. هەر نەخۆشێ بهاتایە سێ چوارێکی تری بە دواوە بوو، ناو ژوور و ڕاڕەوەکانیان هەراسان کردبوو... خەڵکێکی تێکچڕژاو و دیمەنی ترسناك ترسناك، هۆڵێکی پڕ لە دەنگە دەنگ و ژاوە ژاو...! لە پای ئەم دیمەنانەوە ئاگام لە ئێش و ئازارەکانی خۆمەوە نەما، هەمووم لەبیر چووبووەوە ... لە پڕ تارمایی کۆمەڵە ژن و پیاوێ ... وەك ڕەشۆڵە هات و دەرەوە و ناوەوەی هۆڵەکەیان پڕکرد لە دەنگ و زەنا زەنا...

بوو بە قەرە پەستانێ ..! دوای کەمێ کۆمەڵە ئافرەت و گەنجێك بەدەم باوکەڕۆ و براڕۆ لەدوای برینپێچ و بەردەستەکانەوە دەڕۆیشتن، ئەوانیش بەزۆرەکی زۆرداری ڕێگای خۆیان دەکردەوە... سێ تەختیان هەڵگرتبوو، هەریەکی تەرمێکی لەسەر بوو، لە نزیك ترومبێلەکانەوە بەتانیان لێ لوول دا و رادەستی خاوەنەکانیان کرایەوە ... «مەغروورییە... هەمووی مەغروورییە، چیتر نییە..! ئەگەرنا کەس هەیە لەو لۆفانەوە بەخێرایی سەد و بیست بێتە خوارەوە...!؟» برنپێچێکی بەتەمەنتر بە وەڵام هات: «هەرکەسێ بەو نیوەشەوە، بەو خێراییە بێتە خوارەوە، هەر وای بەسەر دێ، ئەی تەمای چیت هەیە،...!« سەر و مل پەنماوێکی تریان هێنا کە بەپێشمدا ڕەت بوو، دیم ئاو و زڵزەڵەی لە دەموچاوی دەهاتە خوار.،، لێپرسراوی ئەمنی نەخۆشخانە بەخۆ بە چەند پۆلیسێکەوە دەوریان دان، نەخۆشەکەو هەموو یاوەرەکانیان ڕاپێچی ژوورێکی نەپەن و تەنهایان کردن و لەگەڵیان کەوتنە پرس و وەڵام و لێتوێژینەوە، هەر یەکێ کۆمەڵە پرسیارێکیان لێ دەکرا و وەڵامەکانیش بە وردی تۆمار دەکران، جۆری سووتانەکەی بووبوو بەمایەی سەرنجدان و نیگەرانیان، چونکە بە سووتانێکی ئاسایی نە دەچوو..! بیریان بۆ ئەوە دەچوو نەبادا لە دەرەوەی شارەوە لە ناوچەی رزگارکراوەکانەوە هاتبێ... دەترسان لەوەی نەبادا بە فسفۆر یان بەجۆرە چەکێکی کوشندە، وای لێهاتبێ... لە کۆتاییدا لە چەند جێ ئیمزاو کەفیلیان لە خاوەن نەخۆشەکە وەرگرت، ... ئەوساکە ڕێگایان پێدان بۆ لای دکتۆر بچن..! منیش بە چەند هیلاکی و کێشە کێش، بە یارمەتی «دایکی دلێر» و «براژنم» گەیەنرامە بەر دەرگای دکتۆرەوە. لەوێکا دیسان گەلێ نەخۆشی تر لەگەڵ خزم و کەس و یاوەرانیان شوێنەکەیان جەنجاڵ کردبوو. یەکێ لەسەر یەك قاچ وەستابوو، بەدوو کەس پیلیان گرتبوو، بەشەلە شەل رایاندەگوێزتەوە. ئافرەتێکی تر لە ئەنجامی خواردەمەنی گەندەڵ و ئێکسپایەرەوە خوێنی ژەهراوی بووبوو، ڕەنگ زەرد و پەشۆکاو گیری خواردبوو... بە سێ کەس یارمەتییان دەدا و لە ریزی چاوەڕوانی کردندا وەستابوون..! مناڵێ لە یاری تۆپێن لاقی شکابوو، برا گەورەکەی لە باوەشی خۆی کردبوو، دایك و باوکیشی بە دوایەوە بوون.. هەموو ئەوانە و چەندەها و چەندەهای تریش... لە ریز وەستابوون ..! «دلێر» ئەو کاتە گەلێ سەرقاڵ و نیگەران بوو، بە زۆنگی غەم و ئازارەکانی منادا چووبوو.. کە سەیری ئەم خەڵك و قەرەباڵغییەی کرد، زانی گەلێ گیر دەبین، لە ساتێکی بێ ئاگایی و بڕست لێبڕاوییەوە، بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ: بە یارمەتی خۆتان نەخۆشەکەی ئێمە زۆر شڕە، چیتر بەرگەی چاوەڕوانی ناگرێ...، بەڵام نەیتوانی تەنانەت هەنگاوێکیش بچێتە

پێش... دەنگی خۆی بەرزتر هەڵبڕی: «تکایە ڕێگامان بدەن...!» چەند جارێکی تریش توورەترو تەنگاوتر قسەکانی خۆی دووپات کردەوە..دواتر رەچێتەی دکتۆرەکەی بەرز کردەوە: «ریخۆڵە کوێرەیەتی، رەچێتەی دکتۆریشمان لایە، دەبێ زۆر بە پەلە بیگەیێنینە لای دکتۆر «ئەم قسەیە سەرنجی برینپێچەکەی ناو ژووری دکتۆری بە کێش کرد، هەر لەوێوە پرسیارێکی بەرزی ئاراستە کرد:

– ئەی بۆ هێناوتە ئێرە؟

– دەبێ ئێوە تەحویلمان بدەن. بەدەم ئەم پرس و وەڵامانەوە، برینپێچەکە لەلامان ئامادەبوو، سەرنجێکی دام، پاشان وتی :

– پێویست ناکا بیهێنیتە ئێرە.

– ئەی بۆ کوێ بچین ؟

– یەکسەر برۆنە لای دکتۆری ئێشکگر لە بەشی هەناودا ... رەچێتەکەی پێشان دە، یەکسەر دەینوێنێ و گەر پێویستیش بکا نەشتەرگەری بۆ دەکەن! ئەگەر چی ئەو شەوە من لەسەر لێوی گۆڕابووم، بەڵام دوا ڕۆژێکی درەوشاوە و بەختیاریش، دوور بەدوور لەگەڵ گڵۆپە ژووری نەشتەرگەری وەنەوزی دەدا...! وەك بڵێی پریشك و پشكۆی ئەستێرە بەرزەکانم بە سەردا بارێبێ، ئاوا ... لە کاریزمای ئاورینگ و شەبەنگێکی بەهەشت ئامێزدا، لەگەڵ ئێش و ئازارەکانمدا تلّم دەدایەوە. ! کە لەسەر تەختە درێژەکەوە راکشابووم بنمیچی ژوورەکەم وەك تابلۆی چارەنووس دەهاتە بەر چاو. ئەو تیشکانەی کە دەرژایە سەری، وەك پەنجەی کردگارێکی دڵسۆزو بەهرەوەر، ڕوو بەڕووم دەبوونەوە و وەك تیر لەناو گرووپی خوێنما دەچەقین...! بوو بوونە دەریایەکی پڕ لە ئەندێشە و پڕ لە ساز و ئاوازێکی ئەفسووناوی. لەو کاتەدا پزیشکێك دەمامکی خۆی دابوو، لەسەر سەرم راوەستا، ڕووی لە یارمەتیدەرەکانی خۆی کرد و پرسی:

– خوێنیان هێناوە؟

«دلێر» کە لەبەر دەرگاکە وەستابوو بە دەنگێکی بەرز وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ دکتۆر، ئێستا دوو بتڵ ئامادەیە.

– گرووپی خوێنت چیی بوو؟

– O+

.پاشان گوتی : «چەند بتڵی تریشتان پێویست بوو ئامادەی دەکەین». لەو کاتەی کە ئەو قسانەی دەکرد، هاوڕێیەکیشی لەگەڵا بوو. دەستی لە سەر شانی دانابوو. بە دەم ئەم قسانەوە جارجار ئاوڕی لێ دەدایەوە ... یەکێکی وا تەمەن حەڤدە هەژدەساڵی بوو. دیار بوو دەیویست قسەی تریش بکا، بەلام پزیشکەکە زوو وەڵامی دایەوە: «– ئێ دە زۆر باشە. خوێن چەندی تازەو نوێ بێ ئەوەندە بەکەڵکە بۆ نەخۆش». دکتۆرێکی تر لەسەر سەرم ئامادە بوو، بە چەند دەرزییەك هەموو جەستەی خاو کردمەوە. هێشتان بە تەواوی ئاگام لە خۆم نەبڕابوو... بنمیچی ژوورەکەم وەك پارچە هەورێکی تەڕ و پڕ لە باران دەهاتەوە بەر چاو. پاشان بەرەبەرە چەند گۆڕانێکی بە سەراهات... تا بووبوو بە چەند وێنەیەکی تەمومژاوی، پاشان بوو بە ئاژەڵێکی سپی گوان پڕ لە شیر، دەتوت لە هەور و بەفری سەر لووتکەکانەوە، دڵۆپ دڵۆپ شیرێکی پاك و پاراوی لێ دەتکایە خوارەوە و لەگەڵ خوێنما تێکەڵ دەبوو، منی پێ دەگەشایەوە ... بەلام پەیتا پەیتا ئەو سەرنج و دیمەنانە لەگەڵ چەند پرسیارێکی نیگەران و بەنجاوی نوقمی دەریای بێهۆشی دەبوو» . لەگەڵ نووسینی ئەم چەند دێڕەی دوایی، پێنووسەکەی دانا و سەری خۆی بۆ بنمیچە رەش داگەڕاوەکەوە هەڵبڕی. خرتە خرتی زەردەواڵەو مشکی بن کاریتەو شەقڵە دارژاوەکان سەرنجی ڕاکێشا، دوای نەختێ هزر و بیرکردنەوە، دیسان سەری خۆی داخستەوە و دەستی کردەوە بەنووسین: «ئەو ڕۆژانەی کە لە نەخۆشخانە مامەوە، یاد و یادگارییەکی وایان لە دڵ و دەروونم جێ هێشتووە، کەبوونەتە مایەی شانازی و دڵخۆشیم. بە هۆی هەست ناسکی و دڵسۆزی و نوکتە و قسە خۆشەکانی ئەو دەستە خوشك و برایانەی کە گەلێکیان لە کارگەدا هەر دووربەدوور چاوم پێ کەوتبوون، یان هی دەرەوەی کارگە بوون، لەگەڵ (دلێر) دەهاتن.،. نەمدەزانی کات چۆن دێ و چۆن دەڕوا..! من و براژنم، هەتا ئەگەر کاکیشم نەهاتبایەوە هەستمان بەتەنهایی نەدەکرد... کە ئەویش هەر بە ڕۆژێ دوای نەشتەرگەریەکەمەوە هاتبووەوە.. گەلێ جۆرە گوڵ و دیاری ناسك ناسکم بۆ هاتبوو، بەلام لە هەموویان ناسکتر، سەرەڕای دیوانی شیعرە بە تامو چێژەکان.. ئەو چەپکە گوڵەبوو کە «دلێر» لە تەکمەوە، لە سەر مێزەکەی دانابوو، لەگەڵ ئەو دیارییەی کە لە بازاڕا، خۆی وتەنی... دەگمەن و دانسقە بوون... کە ئەویش بریتی بوو لە رۆمانێك و فەرهەنگێکی کوردی...« دەنگێکی باریك لە شوێن خۆیا رایچڵەکاند. دیسان لەگەڵ هزر و بیرو رابردووی خۆی داپچڕایەوە و پێنووس و پەڕەکاغەزەکانی گێڕایەوە شوێن خۆیان. لەجێی خۆی هەڵسایەوە چەند هەنگاوێکی بە پەلەی بۆ ژوورەکەی ترنایەوە. لە درزی دەرگاوە

سەری خۆی بردە ژوورەوە و هەستی خۆی ڕاگرت. بێ ئەوەی گڵۆپەکە داگیرسێنێ، هەرسێکمانی بە جوانی دەکەوتە بەر چاو. لە من و «ئالا»ی خوشکم نزیك کەوتەوە و هات لەنزیکمانا هەڵگیرسایەوە. سەرنجی بۆ لامان رانا، دەستی ڕاستەی لە سەر بالیفەکە دانا. وایزانی هەردووکمان نوقمی خەوێکی شیرین بووین ...! بە چاوێکی پڕ لە خۆشەویستی و سۆزەوە سەیری دەکردین، دەتوت هێشتان هەر کۆرپەڵەین و لە هێلکە دانەجووقاوین. «ئالا» کەوتبووە خەوێکی قووڵەوە.. کزە هەناسەیەکی کورت و بێدەنگ، هێواش هێواش بەناو کونە لووتە خنجیلەکانیا گوزەری دەکرد... چاوەکانی وەك خونچەیەکی مەیلەو پشکووتوو لە ژێر پێڵوو برژانگە باریك باریکە تێکچڕژاوەکانیا... جارجار لە ناو دەریای بێ ئاگایی ئەو خەوە خۆشەدا تروووکەیەکیان تێ دەکەوت و دوایەش وەك بریسکە تیشکێکی هێمن و خامۆش دەهات و لەگەڵ جووڵەی پێڵووەکانیدا دەکوژایەوە. چارەنووس و ئازارو پەژارەی هەموو هەتیوان و بێ نەوایانی سەر ئەو زەمینەی لێ دەخوێنرایەوە..! تیرۆژکی جۆرە دڵنیابوونێك بەسەر روخساریدا بڵاو بۆوە، وە بوو بە مایەی زەردەخەنەیەکی قووڵ و هێمن. لای لە دەستە چەپی خۆی کردەوە... سەرنجە سارد و سڕەکانی بۆ لای هەوراز رانا... دیی ئەمجارە بەتەواوی لەسەر بەرماڵەکەی خۆیدا راکشابوو. لەگەڵ جوولەو کەلەکە گۆڕین، بەرماڵەکەی ژێری هەموو گەچلاندبوو شێوەیەکی ناڕێکی بە خۆوە گرتبوو. تەزبیحە درێژەکەشی وەك پیرە کرمێکی درێژی تەمەن هەزار ساڵی، بەشێکی کەوتبووە ژێر قۆڵی و ئەوی تریشی بەسەر چمکی بەرماڵەکەی بۆ سەر چەمەنتۆ رووتەکەدا درێژ بووبووەوە. چەند دانە زەنگیانەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ، لە نێوان دەنکەکانیا بریسکیان دەدایەوە، سەریشی بۆ لای هەوراز بەرماڵەکەوە درێژ بووبووەوە ، بەسەر لای تەنیشتی چەپەیدا لێی پاڵ کەوتبوو .. گۆمکی گۆچانەکەی کەوتبووە نێوان شان و ملی، وەکو بالیف سەری خۆی پێ کردبوو. ئەوکات ، دەنگی هەناسەی دەهات، دەتوت کتلی حەوجۆشە لەسەر ئاگری قەلاشکەری دانراوە. لەگەڵ هەناسە هەڵکێشان و هەناسە دانەوەدا، دەندەڵەی سنگ و پەراسووە ڕەق و تەقەکانی لەگەڵ شەپکەی پیل و شانە چوێڕو فیچهەڵگەڕاوەکەی دا، لە هەڵکشان و داکشانێکی بێ وچان بوو. وەك لووزەوە بایەکی ناو چەم و چوغردان، کە بەزۆر ڕێگای خۆی لەنێو گەلا و لقە ڕەق و تێکپەڕیوەکاندا بکاتەوە و خڕو هۆڕیان لێ هەڵسێنێ، تەوژمی هەناسەدانەوەکەی ئەمیش، ئاوا کونە لووتەکانی دەکردەوە و لێوو پدوە بەیەکقرمساوەکانی لەیەك دەترازاندن. وەك پیرە دارستانێکی پڕ لە چڵوچێوو

شەخەڵاتەوە، ڕووبەرووی هەموو وەیشوومە و تۆف و زریان و گڕەبای دۆزەخی و پڕلە سووتمان بێتەوە و داکۆکی لە خۆی بکا...! ئەویش بەم ئاوایە، لەگەڵ ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری و مشەختی دا.... کەوتبوە کێشەو ململانێ ...! دەستی ڕۆژگار ئەوەندە زۆری بۆ هێنابوو، ئەوەندە ستەمی لێکردبوو، هێندە لە ناو بەرداشی زۆرداری خۆیدا هاڕیبووی، بووبوو بە یەك پارچە لە رق و قین و گومانبردن...! هەر بەدەم سەیرکردنیەوە، لە شوێن خۆیا جوولەیەکی کردو بۆی هەڵسایەوە، دیسان لە گۆشەی چاوەکانیا، نەختێکی تریش لێی ورد بووەوە. لەم کاتە دا قسە لەوجڕ و گورچکبڕەکانی چەند ڕۆژ لەمەو بەری دەهاتەوە بیر .. کە تا ئەوساش پێیانەوە هەر دڵگران و سەرگەردان بوو: «بەقام بە کەس نەماوە، بۆن لە بەحریش دەکەم. گومان لە کۆرپەی ناو لانکیش دەکەم... ژیانی بێوەژن کۆشی گەلەك زەحمەتە، بارەکی زۆر قورسە، ئۆباڵێکی زۆر گەورەیە.. کەم کەس دەتوانی هەتا سەر بەرگەی بگری .. ئەوجا چنا لەو زەمانی وەها خراپ ..!» بەدەم و لێو کرۆشتنەوە، دیسان نیگا تووڕە و زوێرەکانی ئاراستە کردەوە و لێی ورد بووەوە ... بەدەم سەیر کردنیەوە، خۆزگەیەکی ناشیاو وەك برووسك بە مێشکیا گۆزەری کرد:«چەندی هەوڵ دەدەم ناتوانم رقت لێ هەڵگرم...!» دوای ئەم وردبوونەوە و بەخۆدا چوونەوە، چەند هزرو خەیاڵێك ... بەدەم بێزاریی و ناڕەزایی دەربڕینەوە لە ناخیا هەڵگیرسایەوە: «دەڵێی مزی تواوەی، لەسەر ئەو عەردەدا ساردبوویتەوە....! چ بکەم، خواش هەر هێندەی بە من ڕەوا بینیوە...!» بەهەناسە هەڵکێشانێکی سارد و سڕەوە، بەرەبەرە لێی دوور کەوتەوە و بەرەو دەرگا هەنگاوی دوودڵی و بێدەنگی نایەوە. ئاسۆ بە تەواوی ڕووناك هەڵگەڕابوو. ئەوەی پاشماوەی ئەستێرە بوو پێیەوە نەمابوو. هەندێ پارچە هەوری سپی، لپرلپر، بەری لایەکی ئاسۆیان گرتبوو، دەتوت شاخە بەفرینەن، لەناو ئۆقیانووسێکی سوورکاڵدا مەلە دەکەن . هەندێکی تریشیان وەك کەشتیگەلێك ، یان رانە مەڕێکی قەڵەو و تیسك سپی، سەریان لە دوو یەکتر نابوو، پەیتا پەیتا هەوار گۆزیان دەکرد. بەڵام تا ئەو کاتیش گزنگی خۆر بەسەر هیچ ترۆپکە شاخ و قەدپاڵێ شاد نەبووبووەوە ...! لە تەختایی ئاسمانیشەوە چەند ماکە هەورێکی تر... وەك قاز و قولینگ ملی خۆیان درێژ کردبووەوە و لەگەڵ بابەرزە فرەکەدا بۆلای بادینان کۆچ و رەویان دەکرد. لەگەڵ نووزە و کرووزانەوەی کۆرپەی منالە هاوسێکەی بەرامبەرماندا تەلی هەستی دەهەژایەوەو دڵی لەگەڵیا کەوتبووە خورپە و راچەنین. بەڵام کە هەنگاوی تری بۆ لای دەرەوە نایەوە، روخسارە وەنەوشەییەکەی بەکزەبای وەشت سوور هەڵگەڕایەوەو بۆن و بەرامەی گوڵاڵە

سوور و گوڵە نێرگزە ساوای ناو ڕیزە گوڵدانەکانی ئەملاو ئەو لای بەردەم بەرسفکەکە بەلووتیا پڕژا، هەرچی غەم و غایەلە و گەردێ لە ناو مێشکیا هەبوو، هەمووی لێ تەکایەوە... ! کزە نەورۆزێ بوو.... مژدەی نوێبوونەوەی هەموو شتێکی بە هاوزمانانی ئەو دەوروبەرەوە دەبەخشی. دەستی بۆ پەقرەجە قوڵپنەکە درێژ کردو چوو پڕی کرد لە ئاو. پاشان بۆلای گوڵدانەکان وەرچەخایەوەو هەریەکەی چەند چۆڕە ئاوێکی بەسەردا پڕژاندن. لە دوا گوڵداندا، کە پەقرەجەکەی دانایەوە، پەنجە ناسکەکانی درێژکرد، لە گەردنی گوڵێکی چاو گەشی ئاڵاندو لە قووڵایی هەناویەوە، پڕ بەسییەکانی بۆنی کرد. بەدەم سەیرکردن و لاکردنەوە بەملاو بەولادا، دیواری خانووبەرە بەرزەکانی کەوتە بەر چاو ، کە هێشتان تیشکی خۆری تازە نەیئەتگاوتبوون، ئەوانی ناویشیان، لەناو نوینەکانی خۆیانا ترشابوون... لەوانەیە تا ئەوساش هەر خەونی جڕناو فڕنایان دیبێ...! بە دەم بۆن کردنی گوڵە چاو بەخەوەکەوە، بە هەمان وڕو کاسی و مێشکی جەنجاڵیەوە... هەر لە ڕوانین و سەرنجدانی دەوربەرەکەی خۆیدا بەردەوام بوو. ئەو رستەی کە لە نێوان دەرگای ناندین و بەرسفکەکەدا رایەڵی کردبوو، چەند پارچە جلێکی شووراوی لەسەر هەڵخسترابوو... لە گۆشە نیگایەکی وادا تێیدەڕوانی ، تاپۆی خۆشەویستە دێرینەکەی خۆی هێنایەوە بەر چاو، کە بەپێی خۆی و بەگۆشت و خوێن و هێسك و پێستی خۆیەوە، لە شوێنێکی دوورو دەرازڕا... هاتبێ و پیرۆزبایی ڕۆژی نوێی لێ بکا...! لەگەڵ ئەم دیمەنە شەبەنگاوییەدا دڵی ڕاچەنی ... کەمێکی مابوو هەر لە بارێکی بێئاگایی و ڕەمەکیدا دووباڵی لێ بڕوێ ...! بەڵام کزە باکەی دەمەو بەیانی هات و رستەکەی هەژاندەوە، دیمەنەکەی لەبەر چاوان سڕیەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەم دیمەنە دەرگای جیهانێکی رۆمانسی لێ خسترایە سەر پشت... دووبارە لووتی خۆی بۆ پەڕە ناسکەکانی گوڵەکانەوە برد... بە بۆن و بەرامەکەیەوە تەسکینی دایە دڵە خەمبار و بێ ئۆقرەکەیەوە. هەر دوو چاوەکانی خۆی خستە سەر یەك و خۆزگەیەکی خنکاو لە قووڵایی ناخیا ورووژاندی. بەم بۆن و بەرامەیە، وتە و راوێژەکانی جارانی وەبیر هاتەوە کە هەموو جار ئەو دەیچرپاندە بن گوێی ... هەموو ئەمانەی لە شێوەی تابلۆیەکی هونەریدا، خستە سەر پەڕەوە: «هەر بەگوڵشیرەی ئێوەو بە خوێنی سوور دەتوانرێ مێژووی راستەقینە بنووسرێتەوە... چونکە ئەو ڕەنگ و ناسکییەی کە ئێوە بەخۆتانەوە گرتووە، هێمایە بۆ سەرکەوتن و بەرخۆدان..!» خۆی زیاتر لەگەڵ یاد و یادگاری و نووسینەکەیا مشتوماڵ کرد، هەوڵی دەدا هەموو ئەو رابردووانەی کە تەوژمی هزرو بیری دەگەیشتێ

لەسەر نووکی پێنووسەکەی خۆی خەست بکاتەوە «.. بەڵێ ... مێژووی ڕاستەقینە هەروا بە ئاسانی و بێ ئەرك کێشان، نانووسرێتەوە... مێژوو چڕکردنەوەی هەموو رابردووە لەسەر نووکی دەرزی دا، شیکردنەوەی هەموو رێباز و بیرو بۆچوون و پێشهاتەکانە لە پێناو ئایندەی مرۆڤ و جیهانە بەرفرەکەیدا..! مەبەستم لە مێژووی راستەقینە زانستی مێژووە، کە وەك زانستێك پێشهاتەکان بخوێنێتەوە مێژووی نەتەوە و قارەمانە راستەقینەکان بخوێنێتەوە، نەك مێژووی سوڵتان و سەرۆك و سەرکردە و سەرهەنگەکان..! (پیرۆز) گیان، مێژوو ڕۆژنامەیەك نییە، بڵاوکراوەیەك نییە یا مەنیفێستێك نییە... بەرگەی درۆو قسەی پڕو پووچ بگرێ... بەڵکو تۆماروەرێکی سەرمەدییە. زۆر چاك بزانە، ئەو کەسانەی هەر بەڕواڵەت خزمەتی گەلەکەیان بکەن مێژوویان لەسەر ئاو دەنووسرێ . ئێمە کەسانێکین تائێستا هەر بەڕاستی ژیاوین، ناشزانین وا نەژین... بەڵام بەدبەختییەکەمان لەوەدایە گەلێ لاپەڕەی درەوشاوەی مێژووی خۆمان زڕاندووە، گەلێ چەمك و لایەنی رۆشنی مێژووەکەمان بیر خۆمان بردۆتەوە، خۆمان کردووە بە دیل و بەندەی میللەتانی تر... هەتا بینەقاقامان خۆمان خستۆتە کڵێشەی ئەوانەوە، لەناو کولتوورو فەرهەنگی جیاجیادا خۆمان نقوم کردووە... ئەوانیش بەهەموو هێز و توانایەکیانەوە، هەوڵ دەدەن لە ناخمانا کەسێکی کرچوکاڵ و بێهێز دروست بکەن، دەیانەوێ حەز بە ملکەچی و دیلی بکەین، حەز بەخزمەتکاری و بەندیواری بکەین، چێژ لە جوێن و تانەو تەشەر وەربگرین، چێژ لە ژێرکەوتن و زەلیلی و کاسەلێسی وەربگرین. چێژ لەمە وەربگرین کە ڕاستی خۆمان بکەین بە درۆ و درۆی ئەوان بکەین بە ڕاست، چێژ لەوە وەربگرین ببین بە گروپێکی پەتیارەو لێرەو لەوێ قەرەج ئاسا... بەبێ نەخشە و بێ سنوور و بێ جوگرافیا..! رابێین لەسەر ئەوەی کە زمانەکەی خۆمان بیر چێتەوە و فەرهەنگێکی تر بکەین بەیاسا و ڕێسا و بە زمانێکی تر زمانمان بپژێ. پێ لە جێی پێی دۆڕاوەکان دابنێین و خۆمان بکەین بە پاشکۆیەکی رسوا و قێزەون..! کەی دۆڕاو و ژێرکەوتوو بووین، ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕین. کەی روو بەڕووی ئێش و ئەشکەنجەو ئازار بووینەوە بڵێین لەلای تر تۆڵەمان بۆ دەکرێتەوە، کەی ماڵیان بەسەردا ڕووخاندین، شاربەدەریان کردین، دروشم و سروودی. برایەتی و هاومێژوویی بۆ بچڕین..! پیرۆز گیان، ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین نەکەوینە دوای قافڵەوە، ئەو سەردەمە سەردەمی پێشبڕکێیە لە هەموو ئاست و لە هەموو مەیدانێکەوە... دەبێ پەند لە هەموو میللەتان وەربگرین. ئەوانەی پێشکەوتوون، بۆ پێشکەوتوون؟ ئەوانەی دواکەوتوون...، بۆ

دواکەوتوون؟ ئەوانەی لە ڕێگا ماونەتەوە ...،.. بۆ وا گیریان خواردووە؟... بەڵێ دەبێ بپرسین، لێی بتۆژینەوە، شێی بکەینەوە..! هۆ و ئەنجام، شێوازو ئامانج، ڕێگا و قۆناغ... لە یەکیان هەڵاوێرین ، تێکەڵیان نەکەین...! مێژووی ڕاستەقینە ئەوە ناگەینێ کە وڵاتمان بکەین بە مۆزەخانەیەك و هەر کۆنە کای لێ بە با بکەینەوە...! سەیری وڵاتە پێشکەوتووەکان بکە هەموویان مێژووی ئایندەیان دەنووسنەوە نەك ڕابردوویان..! مێژووی دواڕۆژی خۆیان تۆمار دەکەن نەك ڕۆژانی پێشوو... تا پەنجا ساڵی داهاتوو پێویستە چی بکرێ؟.. تا کۆتایی سەدەی داهاتوو چۆن گەشە بکەین ؟!.. ئەو نەتەوانە لە پێش گالیسکەی مێژوو دەڕۆن ڕەوڕەوەی مێژوو دروست دەکەن، دایدەهێنن، بوونە بە بلاجکتۆرێ، بەر دید و ڕێبازی نەوەکانیان ڕۆشن دەکەنەوە، بەڵێ بەو نەتەوانە دەوترێ، نەتەوەی پێشکەوتوو، خەڵکی جیهانی یەکەم، چونکە مێژووی دواڕۆژی خۆیان دەنووسنەوە، مێژووی نەوەکانی داهاتووی خۆیان دەنووسنەوە، ئەوانەی کە هێشتان لەدایك نەبووینە...! ئەی هەر ... لەسەرینی ئەمەوەیە... ئەو تیرو کەوانەی کە لە سەدەکانی زوو شەڕیان پێدەکرد، کردیان بەرۆکێت و مووشەك، شیریان کرد بە دۆشکەو ڕەشاش، مەنجەنیقیان کردبە تۆپ و مەترەلۆز و فڕۆکەی بۆمبا هاوێژ، ئەسپی سوارچاکیان کرد بە زرێپۆش، قەڵغان بە تانك، پاپۆڕی چارۆگەدار بە گەمی ئەلکترۆنی، هەرچی دیواری نهێنی و بەربەستی پەنهان هەبوو... هەموویان خاپوور کرد... ئەوان ئێستا وابە دوای پیشەسازی داتاو زانیاریە خێراکان دا دەگەڕێن، تا بەشێوەیەکی فراوان بەرهەمی بێنن و بیکەن بە بەشێك لە دەرکردە و هاوردەی کەلوپەلی ئابوورییان...! پیرۆز گیان، ئەوان کۆتری نامەبەر و پەیك و پۆستە هێواشەکانیان گۆڕی بۆ برووسکەو بێتەل و فاکس و ئیمێل و نامەی ئەلیکترۆنی، گاسن و هەوجاڕیان کرد بە تراکتۆر، داس و جەنجەڕ بە دەڕاسە، پێمەڕە و خاکەناس بەگرێدەرو شۆڤڵ...!« ئەو شتانەی ئەوان دروستیان کردووە، ئێمە و مانان تەنانەت ناتوانین بە کاریشیان بێنین.. دەبێ کۆڕس و خوولی مەشقکردنیان بۆ بکەینەوە تا فێریان ببین...!» لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە رووی لە گوڵدانەکان کردەوە، دەستی بۆ گوڵاڵە سوورەیەکی تر درێژ کرد، پڕ بە قووڵایی هەناسەی، لووتی پیانا ... دیسان بە چاوێکی بە فرمێسك و خەیاڵێکی جەنجاڵەوە، نیگای سەرنجەکانی وا بەستەی پەڕەی گوڵ و گەڵا سەوزەکان کردەوە... شەبەنگە وێنەی ئەمی دەهاتەوە بەرچاو، قسە خۆش و ناسکەکانی ئەوی دەکەوتەوە یاد:» جوانی وڵاتەکەم لە پەڕەی گوڵێکا دەبینم، ناسکی وڵاتەکەم لە خەونی پەپوولەیەکدا بەدی دەکەم...! پیرۆز

گیان، چەند حەزدەکەم تۆش لەناو ئاسۆیەکی فراواندا بیر بکەیتەوە. دەم بەخەندە و روخسار گەش بیت... گومانت نەبێ، ئەوکەسەی پێبکەنێ لە جیهان دانابڕێ، بەڵام ئەوکەسەی بگری، تەنها دەگری بەتەنها دەتوێتەوە.... ئەو کەسەی باغ بسووتێنێ گوڵ خۆی لێ دەکا بە چقڵ...! چەند حەز دەکەم بۆچوون و گریمانەکانم راست دەرچن، چۆنم دەوێ وا دەرچێ...!« زەردەخەنەیەکی تەنك، غەم و پەژارەی سەر روخساری سڕیەوە: » من گەرەکمە ئەلفوبێی روخسارت بخوێنمەوە تا لە نهێنییەکانی ناخت بگەم، تابیانکەم بە سەوڵ و لە دەریای قووڵی دەروونتا مەلە بکەم. من دەمەوێ لە درزی برژانگەکانتەوە بچمە قووڵایی سەرنج و نیگا ئاگراوییەکانت.... تا تێر بم لە جوانی، تێربم لە خۆر، تێربم لە کانیاو، تێربم لە دیمەنی دەریا...! کوا بۆ ئەو ڕۆژە، بۆ ئەو ساتە خۆشە، بۆ ئەو پێگەیشتنە...» دوای دۆشدامان و بیرکردنەوەیەکی زۆر، کز و خامۆش، کپ و بێدەنگ... لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە... دوای ئەوەی لاپەڕە نووسراوەکانی پێچایەوە، رووی لەژوورەکەی خۆی کردەوە و دیسان لە هەمان شوێنی جاران، بەرامبەر بە وێنەکەوە دەستی بۆ پێنووس و لاپەڕە گەچڵاوەکان درێژ کردەوە و کەوتەوە ناو دەریای نووسین و بیرکردنەوە:

«هەتا کاکم لەماڵ بوو، هەموو ئێواران کە لە کارگە دەگەڕایەوە دەهاتە لام و لە تەندورستیم دڵنیا دەبوو. ئەویش لە لایەن خۆیەوە هەموو رۆژێ کۆمەڵێك سەڵاوی براو دەستە خوشکانی کارگە، ئەوانی ناسیاو و نەناسیاوی پێڕادەگەیاندم. دوای گەڕانەوەی کاکیشم و کۆتایی هاتنی مادۆینە چەند رۆژییەکەی، لەناو دوو سێ رۆژ جارێ... دایکی دەهاتە لام و جار جارە بە خۆشی لەگەڵی دەهات، لەو ساوەڕا، دایکی ... کە هەینێ پێم دەگوت «یاپەرێ» کەوتە بەر دڵم، لە قووڵایی ناخما ریزو خۆشەویستیم بۆی پەیدا بوو...! کە چاوم پێی دەکەوت، سۆزی دایکێنیم بۆی هەڵدەسا. ئەویش لەبەر ئەوەی هیچ کچی نەبوو، هەر بە چاوی دایك و کچایەتی سەیری دەکردم....! ئەی دەبوایە کوڕە تاقانەکەی خۆی چەند خۆشبویستایە...؟ بێگومان ئەگەر هەموو ئەو خۆشەویستیەی کەلە درێژ و پانی گەردووندا هەیە... وخەست بووبایەوە، هێشتان لەگەڵ تین و رادەی خۆشەویستی ئەو بەرامبەر بە کوڕەکەیدا هاوسەنگ نەدەبوون..! ناوی کوڕەکەی لێ ببوو بە وێردو سەڵاوات... هەردەم لەسەر زاری بوو. لە هەموو بۆنە و دانیشتنێك باسی دەکردو دەیگوت: «نەمردبام لانکی کوڕەکەیم بژیندبایە، ئەوجە هەنگێ مردن هەق بوو ناهەق نەبوو...!» ئەمن لەو قسانە خۆم لێی بێ ئاگا دەکرد و رووی خۆم بۆ لایەکی تر وەردەچەرخاندەوە....

بەڵام لە دڵی خۆما دەکەوتمە دڵە خورپێ و خۆزگە خواستن....! جارێ براژنم دەستی بەڕووی خۆی هەڵماڵی و گوتی:

– پلە، دە ژنێکی بۆ بێنە، خۆ لەوە گەورەتر نابێ ! «یا پەرێ» لەگەڵ ئەم قسەیە کەمێکی مابوو لە خۆشییان باڵ بگرێ. بە سەر جوولاندن و دەست هەڵشەقاندنەوە... بەدەنگێکی بەرز با گۆی دایەوە:

– خۆزگەم.... خۆزگەم.... هەی دەوت بە شەکر بێ کیژی من. هەی ڕەببی هەر ئەوها شەکر و شاباتی لێ بباریێ. بەدەم تاس بردنەوەوە، نەختێ بێدەنگ بوو، پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «ئەنگۆ نازانن بە چ دەردەسەری و بە چ بێوەژن کۆشییەك گەورەم کردووە...! هەر لەو ڕۆژەی ئەو غەدرە گەورەم لێ کرا، ئەمن لە بۆی بوومە داك و باب. نەمهێشت هەست بە هەتیمی و بێ بابی بکا. ڕۆژەك لە ڕۆژان نەمهێشتییە وای لێ بێ چاو لە دەستی خەڵك بێ، یان چاوی لە دەستی کەسەکی نزیکمان، ناسیارەکمان خزمەکمان بێ، یان لە مەتکەبێ هەست بە ناگوزوورییەك بکا و پێویستی بە شتەك هەبێ،... پێویستی بە پارە بێ بە جل و بەرگ بێ یان ڕۆژەك هێشتبم، پێڵاوی کەون و دڕا دڕا لەپێ بکا...! جەژنان هەموو جەژنان وەکو کوڕە بەگزادە دەمڕازاندەوە، لێنەگەڕایمە چاو بەرەژێری عەبدی بێ شەریك بێ ... لەخوا بەزیاد بی، ئەمنیش هیچ ڕسقم سوارنەبووە، هیچ خۆم بە دەستکورتی نەدیتییە... ڕۆژەکیش کرێچی نەبوویمە، سوکنەی خۆمان هەر هەبووە ئەگەر کەون و ئەگەر نوێ... خواش دەرکەی خێرو بەرەکەتی لێ کردبووینەوە. بە لیفکەچنین و کڵاو دوورین و تەونکردن، خەرجی و مەسرەفی خۆمان بە زیادەوەش لەبۆ دەردەچوو...» سەری خۆی هەڵبڕی و چاوەکانی خۆی هەڵگلۆفت، پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «ئەو کڵاوەی ئەمن بمدووریبوایە، هەر بگەیشتبایە بازاڕ، دەلعازی نەدەما، هەمووی دەفرۆشرا... بە سیم و ئارمووشەکی وەهام دەنەخشاند، ئەوی بیدیتبایە لە دووڕا تەماحی دەچوێ...! هەموو جارێ « دایزە حەربیە» دەیگوت، تەحا... لەو نەخش و دورمانە! بەحەیرانی پەنجە باریکەکانت بم «باجی پەرێ«! بەقوربانی دەست ڕەنگینیت بم «باجی پەرێ» ! داخی قبووڵم نیە کڵاو بە کەسی دی بدەی، حەپووی ئەمن لە بۆت ساغ دەکەمەوە... بەسایەی کڵاوەکانی تۆ ئەوانی دیش دەفرۆشم... ئەو کەسەی مامڵەت لەگەڵ تۆ بکا قەت زەرەڵ ناکا...!» دوای نەختێ کڕبوون و جێگۆڕکێ، درێژەی بە قسەکانی خۆی دایەوە: «ئەدی کیژی من، ئەمن هەینێ ئەوها نەبووم... خودای تەعالان شنگوتاقەتەکی وەهای دابوومێ، لەناو دەوی عەزیاش بایە نانی خۆم هەر پێ پەیدا دەکرا...! خۆ ئەمن

هەر تەون و لیفکەو کڵاوم نەدەکرد... گۆریەشم دەچنی، بەلەکپێچیشم دەچنی، چەفیە و جەمەدانی و هەوریشم بادەدایەوە، بەرگە بالیفۆکەو دەسرازەی لانکی منداڵانم دەکرد... هەمووم بەگولینگۆکەو داو داوی رەنگاو رەنگ دەنەخشاند، هەر زەینەت بوو تەماشات کردبایە... کیژوکاڵی دەرو دراوسێ هەموو دەهاتن، فێری هەموو نەوعە لیفکە چنین و تەونم دەکردن، فێری دورمانی تەقەڵ هووردو تەقەڵ شاشم دەکردن، فێری دورمانی قوونە دەرزم دەکردن... خودا دەزانی لەگەڵ دورمانی مەکینە لێکت نەدەکردنەوە... فێری نەخشی بە سیم و ئارمووشم دەکردن... لە قەنەفڵ و مەڵحەم و پەلکە لیمۆ .... کیژۆڵەکانم فێری خەناوکە کردن و دەستەوانە هۆنینەوە و عەتعەتۆکە دەکردن...! فێری جەمەدانی بادانەوە و گوڵینگ کردن و چەلین و جەلەم دەکردن... ئەو بەر و سەرەناز و لاکێشەی ئەمن تەونم بکردبایە، فیەتی لە چاو ئەوانی دیی، دە عانە بیست عانە فەرقی هەبوو...!».
دوای قووڵبوونەوە بەناخی خۆیدا، بەدڵێکی خۆش و باوەڕ بەخۆ بوونەوە، دیسان لای لێمان کردەوە: «ئەدی کیژی من، ئەمن ئەو کوڕەم ئەوها گەورە کردووە، ئەوها بەخێوم کردووە...! هەر دەمگۆت کەسەکەم، دلێر، بە حەیرانی بەژن و باڵات بم.. چم لەتوو ناوێ، بەس خیندنەکەت تەواوکە، هەتا بە دواڕۆژی خۆت بگەی، ئەگەر شهادەکی باش وەربگری، دەبیتە سەربڵندی لەبۆمن و واش دەزانم کە تۆڵەی بابیشت کردەوە...» ئەم قسەیە خستیەوە ناو دەریای بێ دەنگییەوە، دوای دۆشدامان و قووڵبوونەوەیەکی زۆر گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «بابی هەتا مابوو هەردەیگۆت « پەرێ» دنیایە ئەگەر ئەمنیش نەمام... بە دەرۆزەش بی دەبی خوێندنی پێ تەواو بکەی، لێی نەگەڕێی مەکتەب بەجێ بهێڵێ... ئەمن دەزانم خوێندن ئیشەکی زۆر ناخۆشە، زۆر گرانە، دەبی پشیت زۆر درێژبی، زۆر لەگەڵی ماندی بی.. وەکی بیرەك بەدەرزی لێبدەی ئەوهایە، ئەمان ئەوە پێت دەڵێم، وەسیەت بێ، نێلی واز لە مەکتەب بینی... چاوم دەرێ هەموو جارێ دەیگۆت ئینسانی نەخوێندەوار وەك کوێرەیەکی زەین کوێرە... هەڕەی لە بڕەی دەرناکا....» بەم قسەیە هەردووکمان دامانە قاقای پێکەنین، بەڵام ئەو بەدەم دوعاو نزاوە سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی: «خوایە لەو دەرد و بەڵایەمان دوورکەی، کوێرە و زەلیلمان نەکەی، دەست و چاومان لێ نەستێنیەوە... دەڵێن ئەوی بەگەورەیی کوێرەبی گەلەك زەینکوێر دەبی، گەلەك بێ دەسەڵات و قوڕبەسەردەبی... بیست و چار سەعات دەبی یەکەك هەر لە دووی بی... دەستی بگری، نانی لە پێش دانێ، چای لە پێش دانێ... بیباتە سەر دەستاو، دەستنوێژی پێ هەڵگری... تۆبە خوایە... دوورمان کەی لەو دەرد و بەڵایە، ئەوەمان پێ

نیشان نەدەی، بەناشوکری وەنالێم خوایە بەشەری بیّ دەست و چاو هەتا زوو ئەمانەتی خۆتی لیّ وەرگریەوە، ئەوەندە باشە...!.» براژنم بەربینگی لیّ گرت و بۆ قسەکانی پێشووی گێڕایەوە: «دیارە ڕەحمەتی خوێندەواری هەبووە، بۆیە وەها پەرۆشی خوێندن بووە؟».
نانا.. خەت و قەڵەمی وای نەبوو، ئەمان ئاموشۆی هەر لەگەڵ پیاوی زانا و خوێندەواران بوو... هەر لەگەڵ ئەواندا هەڵدەسا و دادەنیشت...! پێشتریش لە خەڵکەکە چاوکراوە تر بوو، زۆر جیّ گەڕابوو... چونکە تازە مووی لیّ هاتبوو، لەگەڵ سەیدەکی لای خۆمان کە خەڵکەکی گەلەك زۆری بەگەڵ کەوتبوو.. چووبووە غەزایێ... ئەوجە ئەویش بەو منداڵییەی خۆی، خۆی بەگەڵیان دابوو... هەموو جاریّ دەیگێڕایەوە، دەیگۆت ئەمە لەلایەك بووین، (شێخ مەحموود)یش بەخۆ بەچەکدار و چەك و جبەخانەوە لەلایەکی دی بوو... لە گەلەك شەڕان یەکتریمان وەردەگرتەوە، بەهانای یەکدی دەهاتین.. وەبوو دوایی هەموو دەستبەسەر کراین و لە (شعێبە)وە ئەمەیان بە پاپۆڕ بردە (هیندستان). لەویّ لەجێیەك لە ناو سیمیان کردین، پێیان دەگۆت (سەمەنپۆڕ). زۆر لەویّ ماینەوە... پاش چار ساڵ خوا رەحمی پیّ کردین بەریان داین!.

لەوکاتەی کە ئەو لەگەڵ ڕابردووەکانی خۆیا تێکەڵ بووبوو، ئێمەش بەدەم تەماشاکردنیەوە، بیرمان لە ڕووداو و قسەکانی دەکردەوە. دوای نەختیّ وردبوونەوە و بێدەنگی، براژنم دیسان بەپرسیارێك قسەکانی پیّ بڕی:

– (پلەپەریّ) بابی بەمردنی خۆی ئەمری خوای کرد؟

بەو پرسیارە لە شوێن خۆیا سڕ هەڵگەڕا، دوای بێدەنگی و بەخۆداچوونەوەیەکی زۆر:

– کیژم ئەوە هەقایەتێکی دوور و درێژە، هەر بیگێڕمەوە تەواو نابیّ.

پاشان گوتی: بەمردنی خۆی چی!؟ ناوەڵڵا شەهید بوو...

لە هەیهاوەکەی ئەویّ ساڵیّ... ساڵانی زوو زوو... شەهید بوو.

هەردوو دەستی خۆی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و کەوتە دوعاکردن و ناورانەوە:

«ئۆوە ڕەبی کردەی کوڕەبی، ئەوانەی ئاگریان لە ماڵم بەردا، جەرگیان هەلا هەلابی... لە بۆ خاتری قورعانی قەدیم.. پەتۆیان پیّ نەدەی، بیانکەی بەئاردی ناو دڕك، ئەو ئیشە هەر بەخوای گەورە دەکریّ، هەر خوای لە ژوور سەری هەقی وەردەگریتەوە.» بەسنگ و بەرۆك داپلۆسینەوە، سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕیەوە: ئۆوە ڕەبی گوللەی هەرکێی پێکەتبی، نۆ کفنی لەبەر بکریّ..

پەیتا پەیتا ڕق و قینەکەی لیٚ سارد بووەوە، بوون بەچەند دڵۆپە فرمێسکێکی ورد و بەسەر تەبەشە پان و لۆچلۆچەکەیدا بازرەقەیان بەستا... بەدەم گێڕانەوەی ڕووداوە جەرگبڕەکەوە، وردە وردە فرمێسکی چاوەکانی وشك دەبوونەوە: (شەهیدیان کرد، ئەریٚ بەخوای، کیژیٚ من... لە هەیهاوە گەورەکەی ساڵی شێست و سیٚ شەهید بوو.) بەڕوخسارێکی گرژ و پەنماوەوە لای لیٚ کردمەوە: «ئەو ساڵەم هەر لە پێش چاوە، قەت لە بیری ناکەم... ڕەنگە ئەو کات ئەتو هێشتان لەبەرخوێندنیان دانەنابی...» بەدەم ئەم قسانەوە، ڕووی لە براژنم کرد: «لە گینە هەینیٚ ئەتوو پارچەڵە بووبی.» نەختیٚ سەری خۆی داخست، پاشان درێژەی بە قسەکانی خۆی دایەوە: «هەر لەو ڕۆژەی پێشمەرگایەتی پەیدا بوو، ئەوە چوو بەگەڵیان کەوت، هەینیٚ پێیان دەگوتن (کۆمەڵە)، پاشان ناویان گۆڕا، ناویان بووە (پێشمەرگە)... هەنووکەشی لەگەڵ دابیٚ، هەر وایان پیٚ دەڵێن، ڕۆژەك گۆتی (پەریٚ) ئەتوو هەرڕۆوە ماڵی بابت، ئەمن سەفەرەکم لە پێشە، چەند ڕۆژەکم پیٚ دەچیٚ...! توومەزە ئیشەکی دی لەبن سەری هەبوو! بەخۆ بەچەند پۆلیسێك، ئەو چەك و جبەخانەی دەستیان گەیشتیٚ لە قشڵە و (خەیالە)، شەویٚ لێی بەخۆکەوتن هەموویان بار کرد و ڕۆیشتن، (چەمی ڕێزان) خۆت بگرە، هاتین..! ئەمەش هەموو کەتینە سەر ئاو و ئاگر، نە ڕۆژەك و نە دوو نە سیٚ.. هەموو تەنگاو بووین، خوایە ئەو کابرایە چی لیٚ هات، لە کیٚ گیربووە، لەبەرچ هیچ سەر و سۆراغی نییە... ئەو قەت ئەوها نەبووە، ئیدی پاش دە دوازدە ڕۆژان، پیاوی کەڵەکەوێت، لەویٚ قاسیدەکی نارد، ئەوان پێیان دەگۆت (تەتەر) ڕۆژەك لە ماڵی بابم... هەموو دانیشتبووین.. ژنەکی بە عەبا و پێچە بەژووریٚ کەوت، توومەز هاتبووە دووم، ئەمنیش هەر لەگەڵ ئەوی چووم سەرم لێدا پاشانیش شارەزای ڕێیەکە بووم، دەچووین سەرمان لیٚ دەدان، هەر شتەکیان پێویست بایە، پارە و جلوبەرگ و خواردن... لەبۆمان دەبردن... وای لێهات، بەدوادواییيەکەی هاتنە چیای (قەرەچوغ)، بنکەیەکیان لە ئەشکەفتەك دانا لە (بێژینگ بەسەر)، ئەوجە هەینیٚ زوو زوو دەچووم سەرم لێدەدا، پارە و پوولم لەبۆی دەبرد، یان ئەگەر جلوبەرگی پێویست بوایە یان کڵاو و جەمەدانی و کڵاش و گۆریە.. لە بۆم دەبرد یان لە بۆم دەنارد...

– براژنم قسەکەی پیٚ بڕی: باش بووە، بۆ هاتوچۆ ئەویٚ ئەوەندە لە شار دوور نییە.

– منیش پرسیم، بۆ هاتبوونە ئەویٚ؟

دوای هەڵوەستەیەك گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «لەویٚ دەچوون لە گوندەکانی قەراج و کەندێناوە دەگەڕان و لەگەڵ خەڵك قسەیان دەکرد، کۆبوونەوەیان لەگەڵ دەکردن،

بـەشەو لـە مـزگـەفت خـڕیـان دەکـردنـەوە، غـودبـەیـان لـەبـۆ دەدان، قـەزاتـەیـان لـەبـۆ دەخوێندنەوە... ئیدی قەدەر عەیامەکیان ئەوها بەسەربرد، هەتا ئەو ماخۆ مردووانە پەیدا بوون.

– مـاخۆ مردوو؟؟!!

هەردووکمان بە زەردەخەنەیەکی سەرسوڕماو ئامێزەوە ئەو پرسیارەمان ئاراستەی کرد، ئەویش بە سەربادان و دەموچاو کوشینەوە، کەوتە بیرکردنەوە، پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:

– کچێ، ئەوانە، ئەوانە... ئەتوو بڵێ.. هەنکە لە ماڵێ بگێڕنەوە زوو دێتەوە بیرتان... ئەوی پێیان دەگۆتن (حەرەس قەومی) ئەوانە هاتن جێی... نازانم (مقاوەمە شەبعی) بوو، یـان (مقـاوەمـە شەعبی)یـان گرتـەوە. ئـەو حـەرەس قـەومـیـانـە قـەومـەکـی گـەلـەك بـەد و خـوێنـڕێژ بـوون... ئـەوانـی دی وەهـا نـەبـوون، زۆریـان تـێ دەهـێشتـەوە... ئـەوان وەك حەرەسقەومییەکان نەبوون، وەها بە شەڕ و گێچەڵ نەبوون...! ئەوان هەر ئازا بوون خەڵك لەسەر جادە خڕکەنەوە، چەپڵەیان پێ لێدەن، قسەیان لەبۆ بکەن.. هەر دەتدی سواری سەر شانی یەکدی دەبوون: «زەعیم ئێمە فەلاحین، بۆ جەمبوریەت سیلاحین».. یان کوتکەکی گەورەیان بەدەست دەگرت، دەچوون لە بەرامبەر ڕەسمی (کاوەی ئاسنگەر) ڕادەوەستان، کوتکەکەیان هەڵدەشەقاند و دەیانگۆت: «ئەگەر نازانن ناوی، پێی دەڵێن کوتکی مەهداوی» هەندەکی دی لەولاوە، هەموو پێکەوە دەیانگوت «بژی گەل، ڕۆڵەی گەل...» لەگەڵ ئەم قسەیەدا سنگە کوژێی پێکەوت، دوای چەند کۆخە کۆخێکی قووڵ و یەك بەدوای یەکەوە، گەرووی خۆی پاك کردەوە و گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «ئەوانە لە گوندەکان دەگەڕان، لەسەر جۆخینان یا لە جێیەکی لاپەڕ، خەڵکیان خڕ دەکردەوە: ئەمە عاردی دەرەبەگ و گۆڕدەکانتان هەمووی بەگوریس لەسەر دابەش دەکەین، ئەگەر بەشی نەکرد، تێی هەڵنەهات دەتانبەینە ناو مانگ، لەوێ زەویوزارتان دەدەینێ...! جەنجەڕ و هـەوجـاڕ و مـەکـینـەی پێنـج گـاسن بـەلاوەنێن. تـەبـارە و کێڵگـەکـانـتـان پڕ لـە دەڕاسە و تەلەنتەر دەکەین هەر بزانە شارەکانمان پڕ لە کارخانە و فابریقە کرد، جادە و کارەبا گەیشتە بەر دەرگای هەموو ماڵێك، هەر بزانە گوند هەمووی نۆژەن کرایەوە، هەموو ڕووناك بووەوە، هەمووی بوو بەقەسر و قسوور زێ و ڕووبارەکانمان گەیاندە سەر زوورگ و تۆقەڵەی چیایەکانیش، ئەمە واو ئەمە وا... قسەیان دەتگۆت لە بەحرە، هەر دەیانگۆت و نەدەبڕایەوە... ئەوان دەیانویست هەموو خەڵك بکەنە عرووس، ئەوان لەوێ

چییان بگۆتبایە، ئەوانە لێرە بەهەڵەداوان دەهاتن لە گوند و شارەکان دەگەڕان، کتومت قسەکانیان بەخەڵك دەگۆتەوە...! لە کەرەتی یەکەم، خەڵك هەموو بەگەڵیان کەوتن، بەقسان هیچیان تێدا نەهێشتبووەوە، گیایان هێنابووە چۆکان... ئەمان دوایی وەکی زانییان ئیشەکەی ئەوانیش هەر قسەیە، هیچیان نەهینا جێ، خەڵك هەموو لێیان تەکینەوە، هەموو لێیان دوورکەوتنەوە... وەبوو هەینێ حکوومەتیش هەر لێیان دڕدۆنگ بوو، مەنسوولەکی گەورەیان هەبوو، نازانم لە چ شارەك بوو... لە کەرکووك بوو یان لە جێیەکی دی بوو، پێیان دەگۆت (داود جەنابی) ئەویان لادا (ساڵح عەبدی)شیان لادا لە بەغدایێ.. ئێی نازانم کێ و کێی دیکەش... ئەمن ئەو شتانەم گەلە باش لە بیر نەمایە... هەر هەندەم زانی ئەوان ناویان نەما.. ئەوجە ئەو ماخۆ مردووانە پەیدابوون... ئەوانە قەومەکی گەلەك هار بوون، دەستیان لە کەس نەدەپاراست، لە هیچ شت نەدەپەنگینەوە، ئەو کەسەی بکەتبایە بەردەستیان، بە زندیتی قوتار نەدەبوو..!

کاتەکێ لە گوندەکانی لای کەندێناوە و قەراج و خوار کەرکووك و شارەبان و خانەقین و مەندەلی... و گوندەکانی لای حەمرین و زۆر جێی دیکەش.. بووە هەیهاوی فەرهوودچییان...! هەموو وەك کلۆمسکە دەهاتن هێرشیان دەکردە سەر ماڵی کوردان، تالانیان دەکردن، مەڕ و مالات و پڕوپیتاکی ناوماڵیان دەبرد، بڕ و بوزگڕیان لێ زەفت دەکردن.. هەرچی ڕای چەنگیان بکەوتبایە لە گەنم و جۆ، لە شڕوشالات هەر لە گچکەی هەتا گەورەی.. هەر لە کەمی هەتا زۆری لە جلوبەرگی ژنان، لانك و لەلووکی مندالان، دەسرازە و بالیفۆکەیان، مەرجان و مۆریان، خەناوکە و خەزێم و دەستەوانەی ژنان... هەرچی ئەتوو بەبیرت دابێ لە زیندە و مردە... لێی نەدەپەنگینەوە فەرهوودیان دەکرد...! ئەوانیش ئەمریان پێ کرا کە بچن گوندەکانی دەو زێ بپارێزن، نەیەڵن تالان بکرێن.. وەبوو ئەو و چەند دەستەیەکی دی گوندی (پەڵکانە و گێسمە و جاستان...) یان بەرکەوتبوو... پێیان گوتن، بچن لەوێ خۆیان لە بۆسە دانێن، ئەگەر هاتن لێیان دەن.. ئەوجە لەوێ تووشی شەڕەکی گەلەك گەورە هاتن.. سێ پێشمەرگەیان لێ شەهید بوو، یەك لەوان سەرداری من بوو». دوای ساتێ دۆشدامان و قووڵ بوونەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «ئەمان شەڕەکی ئەوەندە مەردانەیان کردبوو..! شەڕ چ شەڕ...! خوشکۆڵە، گوللە بەگوللە دەکەوتەوە، ئەوانەی لە بۆ فەرهوود هاتبوون، هەر بابا بوو خۆی قوتار دەکرد، هەر بابا بوو دیزداشەی بەددان دەگرت و جۆتە سۆلی ئەگەر لە پێ بایە، لە بن هەنگڵی دەنا، هەر لاقەکی دەکردە هەزار لاق، بەپڕە پڕ بەکەندەك یان بەجۆمەکدا

هەڵدەهات و لەوێ دوور دەکەوتەوە، هی واشیان هەبوو چۆکی شکابوو، نەتەی بەردابوو، دەچوو خۆی دەخیلی ماڵە کوردەك دەکرد، سەد سوند و قورعانی دەخوارد، سێبەردەی لە بۆ فڕێ دەدان، کە ئەو عیلم و خەبەری لێ نییە، هیچی لە هیچدا نییە...! پاش چەند سەعاتێك عەسکەر و پۆلیسەکی گەلەك زۆر چوون، وەکی هەزارەزیلە بەو ناوە وەربووبوون، ئیدی لە قەوامیاندا نەما چیدی بمینێنەوە، هەر بەکورتە شەڕ کشانەوە، کاتەك سەرداری من و دوو پێشمەرگەی دی کەتبوونە ناو بۆسە، ئەوانیش هەتا فیشەکیان پێ مابوو هەر شەڕیان کرد...! ئیدی پاش ئەو شەڕە هەیهاوی فەرهوودچییان کەم بووەوە و لێی سەنگرانەوە، ئەگەر نا، هەر ئەوها خۆیان لێ کڕ بکرابایە، وەك کلۆمسکە بەشارەکانیش وەردەبوون».

– براژنم زوو پشتیوانی لە قسەکانی کرد و گوتی: دەزانم، ئەمن باشم بەبیر دێ، دایکموانیش هەموو جارێ باسی دەکەن. دەڵێن ساڵێکی گەلێك بەرتەنگ و ناخۆش بوو...

«بەعەمراتی خۆم لەو ساڵەم بەدیۆمتر نەدیتبوو.. نە جۆتە نەهات، نەسەفەربەلگ، نە ساڵی بەفری سۆر... هیچ هیچ هیچ.. وەك ئەو ساڵە بەدوو بەرتەنگ نەبوو! هەتا بڵێی ساڵەکی ناخۆش و بە دەرد و بەڵا بوو، ساڵەکی گەلەك بەکوشتن و کوشتنکاری بوو. گەلێ گوند بەزاکوماکەوە، ناوماڵانیان بەجێ دەهێشت، ڕوویان لە ئاقار دەکرد، پەراگەندەی شاران دەبوون... خەڵك ئەوەندە ڕوویان لە شاری کردبوو، لە ماڵان جێیان نەدەبۆوە، ناچار دەچوون بەخۆ بەنوین و بڕ و بزگوڕی سەر شانیانەوە، لە قەبرستانەکان دەنووستن، قەبرستانی (شێخ محەمەدی خۆراسان) و (چراغ) و (شێخی چۆلی) و ناو مەحەتتەی قیتار و (ستی ئیمام) بەبەر نەدەکەوت، دەرزیت هەڵاوێتبایە بەعاردی نەدەکەوت، لە ژن و منداڵ جمەیان دەهات. ئەوجە ئەو کافرانە، دەیانویست لەوێشیان هەڵقەنێنن کردیان بە مەنعەتەجەولەك، نەیاندەهێشت تەیر سەری خۆی دەربینی. بەکۆپتەر قاقەزیان فڕێ دەدا، چ قسەی ناخۆش بوو، چ ترس و تۆقینەك هەبوو، لە ناویان دەنووسی، مردنیان بەخەڵك پیشان دەدا، گەفوگوڕیان لێ دەکردن: بزانین هەر کەسەك، هەر ماڵەك... موتەمەڕڕیدەك، ئەشقیایەك بحەوێنێتەوە، وای لە حاڵی ئاگر لە خۆی و لە ماڵی بەردەدەین، هەر کەسەك ئەگەر ئەشقیایەکی دیت و خەبەری نەدا، حوکمی عورفی دەدەین، ئەویش بەیاخیبوو و موتەمەڕڕید دادەنێین...» بەدەم تریقەی پێکەنینەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «هەندمان گوێ لەو قسە عەنتیکانە بووە و هەند ناو و ناتۆرەیان لەبۆ دیتینەوە، قەت لە بیریان ناکەم... موتەمەڕید و عەمیل و ڕێگر

و بەکرێگیراو و.. کچێ نازانم چیدیکەش ! هەر بڵێی تەواو نابێ». پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «ئەوەی خەبەرمان نەداتێ بەپیاوکوژ و ئەشقیای دادەنێین... وای لێ دەکەین و وای لێ دەکەین ! هەر جارێ کۆپتەر لەسەر شاری بگەڕابوایە و قاقەزی فڕەدابوایە، دەبووە جێژنەی منداڵان... بەبیرم دێ ئەو ڕۆژی، منداڵوتواڵ ڕمبەرمبیان دەهات، لە سەربان و لە کۆڵان و سەر جادە... هەر زرمەزلانێیان بوو... هەتا پەڕە قاقەزان بگرنەوە. جارێ ئەوانی گوڵەبەڕۆژە فرۆش و بەدەمچە فرۆش ئەو ڕۆژی ئیشیان هەر قاقەز خڕکردنەوە بوو، لە بۆ وان جێژنە بوو، هەموو خەنی بووبوون هەندی پەڕە قاقەزان هەڵگرنەوە! هەر کە کۆپتەرەکە نەما، ئەوجارە بە موکە ببیرە.. وەك ڕەحەتییەکی گەورەیە بەناو بازاڕ و بەناو گەڕەکەکاندا دەڕۆیشتن و بەخەڵکیان دەگۆت، کەس لە ماڵی خۆی نەیەتە دەرەوە، هەر کەس لە ماڵی خۆی دانیشێ دوکان و چایخانە و لۆقنتە هەتا دەرکەی مزگەفتەکانیش هەمووی کلیل درابوو، ئەو شارە گەورە و گرانە بۆنی خوێنی لێ دەهات... بەو نوێژی نیوڕانێ قەیسەری گەورە تاریکستانەك بوو، چاو چاوی نەدەدیت، هەر لە سۆری سبیانێوە هەتا ئێوارێ ئەوە لە بەر خەڵك ڕێ بەبەر ڕێداری نەدەکەوت.. ئەو ڕۆژی چۆڵ و هۆڵ بوو، دەتگۆت دێوی لێ تڕیە... سەگی قەسابخانە لە برسان هەموو بەرەلای ناو شار بووبوون... بچووبایە سەربان، تەماشات کردبایە، هەر حەرەس قەومی بوو، دەدیتران... کەسی دی نەبوو لەسەر جادە... ئەوانیش هەریەکەکیان بدیتبایە، لە ترسی ڕوحی خۆیان لێی ڕاست دەهاتن، بە دەیان تاویان دەدایێ، وەك جەندرمە پەلاماریان دەدا، قۆڵبەستیان دەکرد، هەتا دەیانگەیاندە لای سەرای گەورە، هەر بەقۆنداغە تەماتیك لێیان دەدا: هەی موتەمەڕڕید، ئەشقیا... ئەتوو دوژمنی ئوممەی، دوژمنی وەعدە و ڕەیجالەی  نازانم چی و چی دیکەش!

شار چۆڵ و هۆڵ بووبوو، ڕێ و بانی دەرێی شاریشیان تۆق کردبوو، ترومبێلەك، پەستەك، قەمەرەك، تڕترەك، پاسکلەك، عارەبانەیەك... هیچ هیچ نەدەهات، نە دەتبینی! نەدەهاتە شاری نە لێی دەچووە دەرێ. هەتا سکەی شەمەندەفەریشیان گرتبوو، لە (پردێ) و (هەمزەکۆر) لەسەر سکەکە دانیشتبوون، ڕێیان بڕیبوو، نەیاندەهێشت نەئەوۆی لە (بەغدا و کەرکووك) دێ بێتە شاری، نەئەوی شاریش بچیتە دەرێ. ئەو مەحەتتەی وەها گەورە و گران، پڕ لە سەرکە قیتار و مەکینە و فارغۆن بووبوو! ئەمن لەوەتی بەبیرم دێ، ئەو ڕۆژی یەکەم جارم بوو گوێم لە عووڕەی شەمەندەفەر نەبێ»

پرسیارێکی کتوپڕم ئاڕاستە کرد:

– قەت سەفەرت پێ کردییە؟

– نەوەڵڵا کیژێ من، ئەمن نەچوویمە ... ئەمان (هەمین)ی خوشکم وەکی چوونە حەج، هەتا بەغدا بەوی چووبوون!

پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «هەر لە ڕۆژی مەنعەتەجەولەکەدا کردیانە ڕەشبیگرەك، زەقزەقەیەك، بگرە بگرەك... نەبیتەوە! لە کێشتانەکی قایم چوون دەورەیان لە گەڕەکی (سەیداوە) و (سێتاقان) و وابزانم (کووران)یش هەینێ پێیان دەگۆت (ئیسماعیلیە).. دا هەموو خەڵکەکەیان گرت، هەموویان قولەپێچ کرد، دیاربوو موغبیری کرابوو، لە ترسی پێشمەرگە هەموو ڕوحیان هاتبووە سەری کەپوویان، وەها زراویان چوو بوو لە سێبەری خۆیان دەرەوینەوە: «وەخت و ناوەختیان نییە، دەڵێی ئەجندەن، هەر دیتت لێت پەیدابوون لە ناو نوێنی گەرم بی، لە ناو جێوبالینگانی خۆت بی... حەفت دەرگات لەسەرخۆت کلیل دابی.. هەر دیتت لەسەر سەرت حازر بوون...!! بەنوینەوە لوولت دەدەن، یان هەر لە جێی خۆت ساردت دەکەنەوە. بەنوێژی نیوڕانێ، لە ناو قولغ و سپێر و جبەخانە بی، لە ناو تابوورە عەسکەرەك بی، ئەگەر مەرامیان بێ زەبرت لێدەن، دێن و هیچ کەسیش ناتوانێ ڕێیان پێ بگری، تێیان ڕاخوڕی، یان بوێری لێیان بێتە دەست...، ڕکوڕك دێن و بەگوللان هەلا هەلات دەکەن!

ئەوەندە قەلەزراو بووبوون، کونە مشکیان لێ بووبووە قەیسەری، بەوان بوایە هەموو خەڵك جۆماژۆکەن، هەموویان لە گرتیخانەکان حەپس کەن.. بەوەندەش هەر وازیان نەهێنا، ئەوجارە چوون ڕوویان لە (خان) و (تەویلە)کان کرد، هەر چ کەر و وڵاغ هەبوو هەموویان گرتن، چوون هەموویان لە پێش قەزا لە ناو سیمەك کرد» بەدەنگێکی بەرز پێکەنی، ئێمەش لەگەڵیان زنجیرەی پێکەنینمان بۆ هەڵدا... پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «ساحێبەکانیان بەخۆ بەگوشی کا و تووڕەگەی جۆ دەچوون پۆلیسەکانیان بەگەڵ خۆیان دەدا، دەچوون سەریان لە کەرەکانیان دەدا، مهاجەیان دەکردن، کا و جۆیان لە پێش دادەنان، ئاویان دەدانێ... ئەگەر ئەوها نەبوایە، لەبەر قرچەی ئەو گەرمایە هەموویان دەتۆپین...» دوای نەختێ کڕبوون و زەردەخەنەیەك قسەکانی خۆی تێکەڵ بەپێکەنینی هەردووکمانەوە بوو:

«هەتا هەنووکەش، هەر جاری چاوم بە کەرەك بکەوێ، حەرەس قەومی و ئەو کەرە قوڕبەسەرانەی هەینێم بەبیر دێتەوە ئەوە چییە وەڵڵا، نەبادا خەڵك شەکر و چاو و

خواردن لە بۆ پێشمەرگەکان ببەن...» بستێکی لە عاردەکە رانا و، دەستی خۆی لەگەڵ بەرز کردەوە، دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی پێشووی:

– ئەو ساڵەی کە ئەو شەهید بوو، هەینێ (دلێر)م هەراش بوو.

– من بەڕووقایمیەوە پرسیارێکم لێی کرد:

– هەر ئەوت هەبوو؟

نەختێ لەو پرسیارەم سڵەمییەوە... پاشان گوتی:

پێشەوی دوو کوڕ و کیژەکم هەبوو، خوا لە بۆ خۆی بردنەوە، ئینشاڵڵا بووینە بەراگێڕی.. کیژی من، هەینێ، وەکی ئەوان ساوابوون عەیامەکی ئەوەندە بەدەرد و بەڵا بوو، ئەوەندە بەنەخۆشی بوو، ساڵانەکی ئەوەندە بەبەڵەت و بەدێوم بوو، چ نەخۆشی و تاعوون و عیللەت هەبوو لە ناومان تەشەنەی کردبوو، گەلەك کاری لە منداڵی ساوا و ناسکۆکان کرد، سەر و چاویان خوریکەی لێ پەیدابوو، یان تووشی تەنگەنەفەسی و ڕشانەوە هاتن، هەندەکیشیان باقۆ بووبوون، هەر دەبنێسان و هەر لاواز دەبوون هەر پووت هەڵدەگەڕان، ڕەنگیان بەردەدا.. نە هەڵیان دەدا نە گەورە دەبوون، وەك پیرێکی هەشتا ساڵی سەد ساڵییان لێ هاتبوو، دەموچاوی قۆپاو و شان و ملیان لە باریەك چووبوو، هەموو لاقیان خواروخێچ بووبوو، چوێڕ دەڕۆیشتن، هەبوو میزی دەگیرا، هەبوو خوێن دادەنیشت، هەبوو لاڵ و پت دەبوو، هەبوو کەڕ و کوێر دەبوو... هەر باس ناکرێ.. ناکرێ چ دەرد و بەڵایەك بڵاوبووبووەوە، چ قیامەتەك بوو!» بەدەستی ئاماژەی بۆ لای کۆمەڵە ماڵێکەوە ڕانا: «ئەو گەڕەکە ماڵە منداڵیان لێ قوتار نەبوو، هەموویان چوون، (خەجیجی سابیر)ی لە من هەش بەسەرتر بوو، جمکەکی هەبوو، هەردووکی بەکۆخەڕەشە چوون، باجوای، کوڕەکی بەخوریکە مرد، هەوگیانی، کیژەکی تازەیان بووبوو، شەوەك لە جێی خۆی ڕەق بووەوە، براژنی، منداڵەکەی یەکەکی وا فەراقەش بوو، هەردوو چاوی کوێرە بوو، پاش حەفت هەشت ڕۆژ حەیاتی لەبەر برا.. ماڵەکی دی لەو لاوەتر بوو، پێیان دەگۆت ماڵی (دادە زەینەب) کیژەکیان هەبوو، یەکەکی وەها گەورەش بوو، گەلە جاران دەهات ئەمن فێرە داودورمانی بکەم، کیژ چ کیژ، مێوژی بخواردبایە لە گەردەنی دیار دەبوو، پیاح کیژ ئەتوو ئەوەندە جوان بی..! بەو منداڵییەی خۆی، ئەوە چەرخەی ڕوومەتی بوو، داکت بمری، ئەویش گۆتیان دوسێ جار حۆقە حۆقی کردبوو برەك ڕشایەوە پێڕانەگەیشتن بیگەیەننە خەستەخانە...! ئەمان، وابزانم ئەو بەچاو چوو، چونکە لە گەڕەك باس هەر باسی جوانی ئەو بوو، ناو هەر ناوی ئەو بوو، سەرتۆپی

جوانان بوو، ئەوی کونی لە دەودا بوو دەیگۆت، ئەو کیژە گەورەتر بی لە زولەیخاش جوانتر دەبی، (فەروخولقا) وشیشی لە دوو ناکا، لە چ حەرەمسەرایەك کیژی ئەوها جوان و قۆزت نەدەکەوتە بەرچاو، کافرۆشی چی و پەری و پەریزادەی چی.. داکت مری دەتگۆت لۆکسە دەسووتێ، ئەوە تەبەشی بوو..» دوای نەختێ بیرکردنەوە، تیشکی چاوە نەرم و داهێزراوەکانی ئاراستە کردمەوە: «ئەمنیش هەر لەو ساڵی دوو مندالّم بوونە بەراگێر.. کیژۆڵەکەم کە کۆخە دەیگرت، هەردوو چاوی سوور هەڵدەگەڕا هەر دەمگۆت هەنکە نا هەنکە چاوی دەردەپەڕی.. سینگی خێسە خێسەکی پێ کەوتبوو... ڕۆژ بەڕۆژ هەر لێی توندتر دەکرد.. چەند شیری گەرمم دەدایێ، پیازاوم لە بۆی دەکرد، پەڕۆکی گەرمم لەسەر سینگی دادەنا، بێ فایدە بوو پاشی دە شەوان کوڕەکەشم بووە بەلاگێر...» سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و کەوتەوە دوعا و نزاکردن: «ئۆهـ خوایە ئەمنیش لەگەڵ ئەوان بکەیتە بەلاگێڕی (دلێر)، خوایە لە هەموو دەرد و بەلایەکی بپارێزی» بەم چەند وتەوە، کۆتایی بە قسەکانی خۆیەوە هێنا، ئیتر بەکڕی دانیشت، هەردوو دەستەکانی خۆی خستنەوە سەریەك. لەو کاتەدا براژنم دەرفەتی وەرگرت و بەڕوخسارێکی مات و خەمناکەوە کەوتە دڵدانەوەی: «ئینشاڵڵا تەمەنی درێژیان لەبۆ دلێری کوڕت بەجێ هێشتییە». لەم کاتەدا جیهان گەلێك ڕووناك هەڵگەڕابوو، ئەگەر لەبەر ئەو هەورە چڵکنەی کە بەری ئاسۆی گرتبوو... نەبوایە، بێگومان شاپەڕی زێڕاوی تەخشان و پەخشانی پێ دەکەوت، کزە با شێدار و فێنکەکەش خەریك بوو بەرە بەرە تینی دەسەند و لق و پۆپی داروبار و شمەك و کاڵەکانی سەر ڕستەکەی دەهەژاندەوە، دوای ماوەیەك جووکە و جریوەی هەموو مەل و مەلیچکەکان برا.. بەڵام کووکەی جووتە کووکختییەکی دەنگ کەرخ کە لەسەردار سەرووەکەی ئەوبەر ماڵمانەوە ڕا دەهات، نەرم نەرم دەکەوتە بەر گوێی! دوا بەدوای ئەمانەیشەوە، جوولە جوولی خەڵك و تەقە تەقی عارەبانەی شەق و شڕ و چرقە چرقی سمی وڵاغە بەرزە ناڵکراوەکان و زەڕەی گوێدرێژە بارکراوەکان لە داری گزرە و باراش و داناش... لەگەڵ گرە گڕ و فیقوهۆڕی ئوتومبێلەکانەوە تێکەڵ بەیەك بوون، ئەو کاڵا خۆڕسك و سروشتییەی کە لە باڵای ئەو گوزەرگا و دەوروبەرەدا ئالا بوو، بەرە بەرە بەرقێنی ئەو دەنگە وشکانەوە و هەروەها بەگڕەی ماشێنەکانەوە هەموو ونجر ونجر بوو! هەموو دیاردە خواکردە بەسۆز و ئەندێشاوییەکان نوقمی دەنگە ڕەق و تەق و دەنگە ناسازە دەستکردەکان بوون، ئەو شارەی وەها خامۆش و چاو بەخەویان بەبارێکی تردا هەڵگێڕایەوە!

وەك هەر مرۆڤێكی پاك و خاوەن دڵێكی پاك و گەرد نەگرتوو ئاسا.. وەك سۆزدارێك، هەموو ڕق و قینێكی لە دڵا سڕابێتەوە، هەر بە یاد و هەوای ڕۆژانی ڕابردووەوە، لە شوێنی خۆیا هەڵسایەوە و هات سەرێكی بەژوورەكەی ئێمەوە داگرتەوە، (ئالآ)ی دی هەروا لە پرخ و هۆڕی شیرین خەودایە، وای زانی منیش هێشتا هەر نوستووم بەئەسپایی هات، لێفەكەی بەسەردا هەڵكێشاینەوە، پاشان وەك زەیستانێكی ژان گرتوو، كە هەر لە ناو گێژاوی ئێش و ئازارەكەی خۆیدا تل بخواتەوە، گەڕایەوە ژوورەكەی خۆی و دەستی دایەوە پێنووس: «لەگەڵ یەك وەك خزممان لی هاتبوو، لەگەلیٚ لایەنەوە زۆر لەیەك نزیك كەوتبووینەوە، بەڵام هێشتان نەشمدەزانی ئایا دوای چاكبوونەوەم هەست و هەڵوێست و بیروڕایەكی نوێی بەرامبەر بە من پەیدا كردووە... یان هەر وەك جاران ڕەفتار و پێوەندییەكانی ئاسایی دەبن؟ لەم ڕووەوە گەنجێكی گەلێك مەند و سڕ قایم بوو، لە هەموو جوولانەوە و لە هەموو هەڵسان و دانیشتنێكدا، لابەلا سەیری دەكردم و لێم ورد دەبووەوە هەر چیم بوتبایە هەر چیم بكردایە، هیچ خۆی لە گوورە نەدەبرد، نەدەیویست من لە هیچ ئارەزوو خواستێكی بگەم، یاخود بزانم چ جۆرە كەسێكی بە دڵە، حەز لە چی دەكا، دەیەویٚ ئافرەت چۆن بیٚ و چ ڕەفتار و هەڵسوكەوتێكی هەبیٚ حەز لە چ ڕەنگ و دەنگ و بەژن و باڵا دەكا و چ جۆرە جوانییەكی بە دڵە، ئارەزووی لە چ جلوبەرگ و تەسریحەی قژ و خۆ ئارایشدانێكە،؟ حەز بەمكیاج و لێو سووركردن و نینۆك بۆیاغكردن.. دەكا؟ یان هەروا ڕەنگی سروشتی و ئاسایی پیٚ جوانە! ئەی خوایە چەندم حەز دەكرد كە ڕقی لەو شتانە بێتەوە! من لەم ڕۆژانەدا تەنیا بەیەك شت فەرامۆشی خۆم دەدایەوە... لە دوای چاكبوونەوەم هەر بەناوی خۆم بانگی دەكردم، چیتر (خوشكە و باجی) و ئەو ناوە جەرگبڕانەی بەكار نەدەهێنا!

لە یەكەم ڕۆژەوە كە دەستم بەكار كردەوە، كچانی ژوورەكەم، یاسین... زۆر بەگەرمی پێشوازییان لیٚ كردم، ڕۆژی دووەم، هەر لەوی نیوەڕۆ خوانێكی شەش حەوت كەسییان سازاند و هەر لە ژوورەكەی خۆمان مێزێكیان بەخواردن و ماستاو و جۆرەها میوە و تەڕە ڕازاندەوە، كچەكان هەرسێكیان سەرگەرمی ئامادەكردنی خواردن و ڕێكخستنی كورسیەكان بوون، لەپڕ ناو ژوور تاریك داهات، سەری خۆم هەڵبڕی، دیم یاسین بوو، بەخۆ بەدەنگە گەورەكەیەوە، هەر لە دوورەوە هەڵیدایی:

– ها... چتان كردەوە؟

بەدەم ئاوڕدانەوە و بەملا و بەولا ڕوانیندا، پرسی: ئەویتر كوا لەكوێیە؟

– لەیلا زوو وەڵامی دایەوە: لە جێی خۆی دانیشتووە، یاسین وەك خانی خاوەن خوان، خنینەوەیەکی خاو خاو، خورد و خەیاڵە خەمۆکییەکانی خستە خەرەندەی خامۆشییەوە، بە خۆخافڵاندن و خۆ خاوکێش کردنەوە، سەرپەرشتی خوان و خواردن و مێزە ڕازاوەکانی دەکرد بەشانازی بەخۆ کردنێکەوە، لەم و لەوی دەپرسی...، دیاربوو لە بەیانییەوەڕا هەموو کاتی خۆی بۆ ئەو دانیشتنە خوانە تەرخان کردبوو.. کە گوێی لە وەڵامەکەی لەیلا بوو، بەدەنگێکی بەرز پێکەنی، بۆ لای من هەنگاوی نایەوە:

– هەستە تۆش جووڵەیە بکە، بڕێ بای پێی خۆت بدە، هەوایەکت لێ بدا... ئەگەر هەر وەك جاران بەکورسیەکەی خۆتەوە بدووریێی، دیسان نەخۆش دەکەویتەوە «قڵپێنەیەکی لە ناو قورگیدا تەقییەوە، گرژینەوەیەکی بۆ کرد و گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی»:

– دوایە زەرتك هەڵدێنی.

ئەو کاتەش من لە جێی خۆم هەڵسابوومەوە، زەردەخەنەیەکی بەزۆر و نابەدڵ، لەگەڵ سووربوونەوە شەرماوییەکەی سەر ڕوخسارما تێکەڵ بەیەکتر بوون. نەجلا وەك یەکێ لە گێژاوێکا دەربێنێ و لە خنکان ڕزگاری بکا، بەدەنگێکی بەرز لای لێ کردەوە:

– ئێ دە وازی لێ بێنە چ کارت بەسەریدایە!

– لەیلا: مێوان نابێ ئیش بکا.

– یاسین، نا نا میوان نییە ئەویش خوشکتانە.

ئەو دەنگە ناسازانەم زۆر بەڕوونی دەکەوتە بەر گوێ، دەتگوت شانۆگەرییەکە و هەر کەسە ڕۆڵی خۆی لێ دەبینێ، چونکە لە شێوەی دەربڕین و ئاواز و نۆتەی دەنگیاندا، دەمزانی کە لە شوێن و لە بارێکی نائاساییدا هەڵدەقوڵێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، من هیچ باگۆم نەدانەوە، هەر سەیری ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیم دەکرد، لەسەر ئەو برسیتییەی خۆشما، هەرگیز بەبۆن و برینگی چێشت و خواردنە خۆشەکانی سەر مێزەکەوە، گەدەم بۆی نەدەخوسایەوە، بەڵکو ئەمن هەر بیرم لەوە دەکردەوە و لە دڵی خۆما دەمگۆت دەبی چ مەبەست و نیازێکیان لەم خوان و بانگهێشتنەوە هەبێ. چونکە دەمزانی ئەو جۆرە کەسانە لغاوێکی وایان لە دەم و لموزی کراوە، بۆ هەر لایە پەلکێشیان کەیت بەدواتا دێن! لە پێناو کەلك و سوودە تایبەتییەکانی خۆیان هەموو جۆرە دەرکەوانی و خزمەتکارییەك قبووڵ دەکەن. هەتا ئەگەر لەسەر حیسابی شەرەف و کەرامەتیشیان بێ دیسان یاسین زەردەخەنەیەکی هێنایە خۆی، لە گۆشەی چاوە زەقەکانیەوە، لای لەوانی تر کردەوە:

– سوعبەت دەکەم، ئەگەر ئەو بێ و باش بێ و لەگەڵ ئیش و کاری خۆی و لەگەڵ ئێمەشا بگونجێ، ئاوا وەك ئێوە ئازا و دڵسۆزبێ، چیترمان لێی ناوێ.. لە سەر چاوی خۆمانی دادەنێین.

لەگەڵ ئەم قسەیەدا کورسیەکی ڕاکێشا و لەسەری دانیشت، منیش دوای ئەو، بەدەم سوپاس کردنیانەوە لە جێی خۆما دانیشتمەوە، لام لە هەموویان کردەوە و گوتم:

– خوا لە خوشك و برایەتیتان کەم نەکا

ئەو قسەیەم بەدەنگێکی بەرز ئاڕاستە کردن، بەڵام یاسین بێ ئەوەی گوێم لێ ڕاگرێ بەتوندی دوگمەی زەنگەکەی داگرت، (مام خەلیل)ی نارده دوای (بەکرشاربرز).

پێش ئەوەی (مام خەلیل)ی بەردەست بگەڕێتەوە، بەکرشاربز هات و لە هیکرا بەژوورکەوت، بێ ئەوەی کەس گوێی لە دەنگی پێی بێ.. بەبێ هەست و خوست هاتە ژوورەوە، ئەوەندە خێرا گەیشتە لامان، دەتگوت لە پشت دەرگاوە خۆی مات کردبوو، (بەکرشاربزر) ڕیوییە زەلامێکی سەر و لمووز باریك بوو، لەبەر جگەرەکێشان، لێوەکانی وەك قەیتانی ڕەشیان لێهاتبوو، مووی پرچە قژن و ڕدێنە تەنکەکەی، بۆز هەڵگەڕابوون، کەڵە مووەکانی سمێڵی نەبێ، ئەوانەی کە کەوتبوونە بەر کونە لووتە قەلآنگانییەکەیەوە، لەبەر دووکەڵی جگەرەوە زەرد دەیانڕوانی، تا ڕادەیەك ڕوومەت و ڕوخسارە چورچ و چەوێڵەکانیان کاڵ کردبووەوە وەك بەنگکێشێکی هەردەم سەرخۆش، هەموو جووڵە و ڕەفتار و قسەیەکی، قوڕس دەکەوتە بەرگوێ، نائاسایی دەکەوتە بەرچاو...! هەردوو چاوەکانی زەق زەق دەپۆقینە دەرەوە، کە تێتڕامابوایە، دڵت هەزار ڕێی دەکرد ئەوەندە لەبنی چاوەوە ورد دەبووەوە، ئەوەندە بە مۆنی سەیری دەکرد.. هەرکەس لە بەرامبەری دانیشتبووایە، دڵی هەزار خەتەرەی دەکرد... سەدان هزر و بیری خراپ خراپ لە مێشکیدا گۆزەری دەکرد، لە مۆنییان سپیلکی چاوەکانی وەك هێلکەمار سپی دەیانڕوانی، بەدەنگە نەرمە قوڕسەکەیەوە هات و سەلامێکی لێ کردین، سەیری خواردن و مێزە ڕازاوەکەی کرد و، لە گۆشەی چاوە دەرپەڕیوەکانییەوە، سەرنجێکی خێراشی بۆ لای من ڕانا، بەزەردەخەنەیەکەوە لای لە یاسین کردەوە:

– پێدەچێ خۆتان زۆر هیلاك کردبێ!

مژێکی لە جگەرەکەی دەستی دا، پاشان هەر لە قسەکانی خۆی بەردەوام بوو: چاوەڕوانی چی دەکەن، بۆ وا دانیشتوون؟

– نابێ، ڕەفیق جاسمیش بێ

یاسین بەدەم ئاوڕدانەوە، بۆ لای پەنجەرەکەوە، بەم وەڵامەوە (بەکر شاربرز)ی دڵنیا کرد، بەڵام هێشتان قسەکەی تەواو نەکردبوو، جیڕە جیڕی قۆندەرەکەیان کەوتە بەرگوێ، بەکر شاربزر نەختێ گوێی خۆی ڕاداشت، بەدەست ئاماژە کردنەوە لە هیکرا گوتی:

– هەوە خۆیەتی ئەوە ئەویش هات

یاسین لای لە هەموومان کردەوە، بۆ سەر مێزەکەوە فەرمووی لێ کردین.

من و جاسم پێکەوە گەیشتینە سەر خوانەکەوە.

هەرکەسە لەسەر کورسیەك دانیشتین... بەکرشاربزر نەبێ، وەك کێلێژە دارێکی کرمێ هەڵگیرسابووەوە.

هەموویان لەسەر کوسکێشی کردن و ڕێزگرتنی جاسم پێشبڕکێیان بوو...

ناوە ناوە لەنگەریەکی پڕ گۆشتی ناسك و سوورکراوە یان برنج و کشمیشێکی چەور، کە زریـچکەزریچکی ڕوونی لێ بهاتایە، بەشێوەیەکی تایبەت بۆی دەهات و لە پێشی دادەنرا.. یا بەرداغە ماستاوێکی خەست و خۆڵ... یاخود جەرگ و سیقە دۆرەیەکی تازە برژاوی لەپێش دادەنرا، نوکتەی سەر خوان و تریقوهۆڕی پێکەنینیان لەگەڵ چرقەچرقی مڵاك و چەنگاڵ وەشاندن و لەنگەری و بەلەم... تێکەڵ بەیەك بووبوون..! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نیگا کەچ و خێڵ هەڵگەڕاوەکانی، کچەکان، جار جار بۆ دژایەتی کردنم، ئاڕاستەم دەکران، لە شوێن خۆما دەیان تاساندم و ببوونە مایەی نیگەرانی بوونم و بەخۆداچوونەوەم...! زۆرجار بەناخی خۆما قووڵ دەبوومەوە، شتی گەلێ ناهەموار و نەگونجاوم، لە تیشکی چاوەکانیان دەخوێندەوە گوایە من ببمە هۆی ئەوەی کە ئەو ناز و نیعمەتەیان لێ تێکدەم، ئیتر دەبم بە لەمپەرێك لەو جیهانەی خۆیان نەخشەیان بۆ کێشاوە دایاندەبڕێنم، دەبم بە شەستە بارانێکی خماوی، مێش و مکیاج و هێڵمە و گوڵی ئارایش و ئارایشکاریان لێ دەشێوێنم، دەبم بە تەورێکی ئاسن، ماسکارە و بۆیەی لێو و دەرماندڕناگ و کلوکلچووکیان لێ وردوخاش دەکەم، چونکە ئەوان وا تێدەگەیشتن، لە سەرینی ئەو ڕێز و نوازشە زارەکییەی کە لێم دەنرا بەرەبەرە خەریکە ئەوان خۆیان لە ئاقارێکی ترەوە ببیننەوە، ئەو دەم کە ئەو بیروبۆچوونە کرێتانەم بەمێشکی دادەهات، کەمێکی دەما لە جێی خۆما بڕشێمەوە، ئەو هزر و بۆچوونە ناشیاوانە منیان خستبووە گێژاوێکی پڕ لە نیگەرانی و گورچك بڕەوە، من بەتەواوی لەوانەوە دابڕابووم، ئەو

خواردنەی دەمخوارد وام دەزانی بەپشتم دادەچێتە خوارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو نیگەرانییەی کچەکان و ئاوەژۆبوونیان، هێشتان هەر لە پێکەنینە سیحراوییەکانیان نەکەوتبوون، لەگەڵ هەر قوڵپ و تریقانەوەی پێکەنینێکا، جاسمیش جار جار بەددانە زەرد و هەناسە قیراوییەکەیەوە، خێسەیەکی بۆ دەکردن، ناوە ناوەش، لەگەڵ ملاك بۆ دەم بردنیەوە، یا لەکاتی ماستاو خواردنەوەدا، سەیرێکی منیشی دەکرد، چاوەڕوان بوو منیش بەئەرکی خۆم هەڵسم و ڕێزی تایبەتی خۆمی پێشکەش بکەم، ئەگەرچی منیش لەسەر مێز و خوانە ڕازاوەکەوە بووم، بەڵام وەك کەوێکی دەنووك هەڵوەریو، هەر لە شوێن خۆما چینەم دەکرد، بێ ئەوەی تام و چێژێك لە خواردنەکە وەربگرم، چونکە مێز و بەرداغە ڕەنگاوڕەنگەکان، هەر فنجانە ڕەش و سپییەکانیان دێنایەوە بیرم، ئەوەی لە زووەکەوە، دلێر بۆی باس کردبووم...!! دوای نان خواردن، جاسم چوو لە هەورازەوە لەسەر کورسییەك دانیشت و لاقی لەسەر لاقی دانابوو، جگەرەیەکی بەئاگر کرد، پێش ئەوەی دەنکە شقارتەکە فڕێداتە ناو تەپڵەکەوە، لایە نەسووتاوەکەی بۆ ناو دەوی خۆی ڕەوان کرد و ددانە چڵکنەکانی پێ پاك دەکردنەوە، هەموو نان خۆرەکان، لە خوار ئەمەوە دانیشتبوون، ئەودەم ژوورەکە کش و مات و خامۆش بووبوو، هەندێ تەماشای دەم و دووی ئەمیان دەکرد، هەندێکیشیان خاو بووبوونەوە، بۆ سەرخەوێکی دوای نان خواردن، چاوەکانیان لێڵ و خامۆش بووبوون، چەند مژێکی لە جگەرەکەی دەستیدا، لە ناو دووکەڵە چڕەکەی، کە بەتۆپەڵ لە دەمییەوە دەهاتە دەر، دیتم تیشکی چاوە خێلەکانی ئاڕاستەی من کردبوو، هەر لە بنی پێم تا تەوقی سەر.. تەماشای دەکردم، تەواوێ سەری خۆی بۆ لای من خوار کردووەوە:

– دەبێ عەفوم کەی، واجب بوو بێمە مواجەهەت لە خەستەخانە!

دوای ئەم قسە ڕووی خۆی بۆ لای ئەوانی تر وەرچەرخاندەوە، گەلێ سەرکۆنەی کردن و بەسەریاندا ڕۆیشت... کە لە بەرچی ئەوانیش نەهاتبوونە لام، ئەوانیش دەتوت دەیانزانی ئەو گازاندەیان لێ دەکرێ، خۆیان بۆ هەموو پرسیار و گریمانەکان ئامادە کردبوو، یاسین لەجیاتی ئەوانی تریش کەوتە قسەکردن و پاکانەی بۆ هەمووان کرد، لەو کاتەدا منیش دەرفەتم بۆ هەڵکەوت و گوتم: – هەروا دەبێ، ئەوەی نەشهاتبێ هەر هاتییە...!

لەگەڵ ئەو قسەیەدا، دیسان ناو ژوور وەك گۆمی شڵەقاوی لێهاتەوە، ئەو قسەیەم لەگەڵ هاتوهاوار و گۆتەگۆتی ئەوانەوە تێکەڵ بوو، سەرنجی کەسیانی بۆ خۆ ڕانەکێشا!

ئـەوسا کـە هـەموویـان کـەوتـبـوونـە قسەکردن، دەتوت لـە یـانـەیـەك دانیشتوون، دوای ئەوەی ڕەنجێکی زۆریـان کێشابێ و ئـارەقـەی مـاندووبوون و کـارێکی سەخت و دژوار و درێژخـایـەن لـە نـاوچەوانیـاندا بسڕنـەوە...! لـەم کـاتـەدا (دلێر) بـەپێش ژوورەکـەمـاندا ڕەت بوو، گورگە ئـاورێکی لـێ داینـەوە، لـەگـەڵ ئـاوڕدانـەوەکـەیدا، هـەنگاوەکـانی سست بوونـەوە، واقوڕمـان و نیگـەرانی، ڕەنگ و ڕوخسارە سوورهـەڵگـەڕاوەکـانی دەرزیـئـاژن دەکرد، وەك بڵێی دەیویست، بێ ئەوەی فـەرمووی لـێ بکرێ بێتە ژوورەوە لـە بنوبۆتکی دانیشتنەکـەمـان بگـا، بـەڵام نـەیدەزانی چ بیانوویەك ببینێتەوە، من یـەکسـەر لـە جێی خـۆمـا هـەڵسامـەوە و بـەئـەوپـەڕی ڕێز و نوازشەوە فـەرمووم لـێ کرد، هـەر دوا بـەدوای لاکردنـەوەکـەی مندا، چـەند هـەنگاوێکی شل و پڕ لـە گومـان گـەیـاندیـانـە لامـان، کـە دانیشت یـەکسـەر لـەگـەڵمـا کـەوتـە ئـاخـاوتن و چـاکوخۆشی کردن، ئـەوان هـەموو لـە جێی خۆیـان مـات بوون، دەست و پـەنجـەیـان لـەسـەر جگـەرە و پیـاڵـە چـاکـاندا سڕ بوو، دواتر لـە تـەندروستی دایکیم پرسی و ئـەویش بـەدەنگێکی پچڕ پچڕەوە وەڵامی دامـەوە، بـاسی پیری و بـەنـاوسـاڵ کـەوتنی دایکی بۆ کردم:

– پیر، ئەگـەر داو و دەرمـانی لـێ ببڕێ، دەبێ چی بـەسـەربێ.

ئـەم قسەیـەی بـەدەنگێکی بـەرز و ئـاشکرا گوت، لـەگـەڵیا دەموچـاوی وەك هـەڵووژەی سـەرمـابـردوو پـووت بـوو بـووەوە. هـەر دوا بـەدوای ئـەم قسەیـەوە، وەك شتـێکـی بـیـر هـاتبێتـەوە، لـە براژنم و منداڵـە ساواکـانی پرسی و هـەروەهـا بـاسی ڕەئووفی کـاکیشمی کرد، کـەی مـادۆنی وەردەگرێ، کـەی دەگـەڕێتـەوە، هیوای دەخواست، لـە هـاتنـەوەی ئـەوجـارەیدا چـاوی پێ بکـەوێ و بـانگهێشتی مـاڵـەوەی بکـا و کـاتێکی خۆش بـەیـەکـەوە بـەسـەربـەرن، هـەموو یـەك یـەك سـەیریـان دەکردین، زۆر بـەوردی گوێیـان لـە قسەکـانمـان دەگرت، جـار جـار یـاسین و بـەکرشاربزر، تـەمـاشای یـەکتریـان دەکرد و بـەسـەرنج و تیشکی چـاوەکـانیـان، پرسیـار و وەڵامـە سـەرسوڕمـاوەکـانیـان ئـاڵوگۆڕ دەکرد، ئـەوانی تریش هـەر بـەم ئـاوایـە بـەسـەرسامی لـە جـاسم و دەوروبـەریـان ڕادەمـان، (جـاسم)یش لـەوان زیـاتر، دژواری و مۆلـەکـەییـەکی زۆری پێوە دیـاربوو، چـاوە خێل و خوارەکـانی جیقیـان کردبوو، بـەپـەنجـە زەرد هـەڵگـەڕاوەکـانیشیـەوە مژی لـە جگـەرەیـەك دەدا و وەك هـەمبـانـە دەف دووکـەڵـەکـەی قووت دەدایـەوە و دوایـەش بـەخێسـەخێس و هـەنـاسـە قیڕاوییـەکـەیـەوە فڕێی دەدایـە دەرەوە... ئـەگـەرچی ئـەویش نیگـەرانییـەکی سـەرسوڕمـاو ئـامێزی بـە ڕوخسارییـەوە دیـاربوو، بـەڵام بـەسـەرەخۆی نـەدەهێنا، چونکـە یـەکێکی وەك دلێر لـە هـەر کۆڕ و دانیشتنێك بوایـە، لـەبـەر

زیرەکی و ئاستی ڕۆشنبیری و دڵسۆزی لە کارەکەی ، هەڵبەت کەسایەتی خۆی بەسەردا دەسەپاندن، لەم ڕووەوە کەسیان نەیاندەتوانی قسە لە قسەی ئەو بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جاسم دەیویست لێپرسراوی و برا گەورایەتی خۆی بسەلمێنێ، هەر لە سۆنگەی ئەمەوە پرسیارێکی ئاڕاستە کرد:

– لە بەشەکەتان، ئیش و کار چۆن دەڕوا بەڕێوە؟

– دوای نەختێ وەستان و بیرکردنەوە وەڵامی دایەوە: خراپ نییە.

پاشان گوتی: بەو دوا دواییە کادیری هونەری زۆر باشمان بۆ هاتووە، ئەگەر هەروا لە بواری پسپۆڕی خۆیانەوە بمێننەوە، ئاستی جۆر و چەردەی بەرهەمی کارگەکەمان گەلێك بەرز دەبێتەوە، زۆربەیان خوێندنیان تەواوکردووە، لە پسپۆری پیشەکەی خۆیان بەکەلۆریۆسیان هەیە. بەکرشاربزر کە هەتا ئەوساش هەر لە دڵی خۆی دەقڵقلا، لەم قسەیەدا بەربینگی لێ گرت:

– لە جێی وادا شهادە گرنگ نییە.

– دلێر: ئەی چی گرینگە؟

– دڵسۆزی و ملکەچی و ڕێزگرتن لە یاسا و گیانی قوربانیدان و پاسەوانی و شەونخوونی،

– بەڵێ بەڵێ، جا کێ هەیە نکوولٌییان لێ بکات.

– ئەو کەسانەی کە تۆ ئاماژەت پێ کردن، هەتا بڵێی لووت بەرز و لەخۆباییین، ئەوەندە ڕایان لە خۆیە، دەڵێی بۆمبای ئەتۆم و کیمیاییان بۆ دروست کردووین، هەتا ئێستا یەکێکیان بەئێشکگری لە ناو کارگە نەماوەتەوە. (دلێر) ویستی قسەکەی پێ ببڕێ، بەڵام ئەو هەر درێژەی بە ئاخاوتنەکەی خۆی دا: گەلێ کەموکوڕی تریشیان هەیە، جارێ سۆزی وڵات و نیشتمانیان هەر لا نییە، دەڵێی بێگانەن، بۆ کار هاتوون، هێشتان نازانن ئێمە لەگەڵ چ دوژمنێکی سەرسەختا لە جەنگاین، زراویان لە کلاشینکۆف و چەك هەڵگرتن دەچێ.

– من لەو بارەوە ناڵێم، ئەوە شتێکی ترە، پێوەندی بەخۆیانەوە هەیە، بەڵام من ئاگادارم لە کۆبوونەوەی ئەوێ ڕۆژێی کارگێڕی کارگە، پرۆژەی زۆر باشیان پێشنیار کرد، باس و لێکۆڵینەوەی زۆر بەپێزیان ئەنجام دابوو، بێگومان ئەوەش، هەر لەسەر قسەی شارەزایان، کار لە گەشەپێدان و چاککردنی جۆری بەرهەم دەکا، سەرۆکی بەشەکەی

خۆیان بەشی کاڵا و بەرهەم زۆر سوپاسی کردن و زۆریش پشتگیری لێ کردن کە لە کارەکەی خۆیان هەر بەردەوام بن... هەڵبەت ئەوانەی کە تۆ دەیڵێی ئەوانیش پێویستن، بەڵام

بەدەنگێکی بەرزەوە قسەکەی پێ بڕی: ئەی کەوابوو خوێندن تەواوکردن و پسپۆڕی و بەکەلۆریۆس و شتی وا چ مانایەکیان هەیە، چ بایەخێکیان هەیە...؟! دلێر بەدەمێکی بەپێکەنینەوە لە قسەکانی ورد بووەوە، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، کەچی ئەو هەر لە قسەکانی خۆیا بەردەوام بوو: نەخێر بەڕێز وانییە، من دەڵێم ئەگەر کرێکارێك ئەزموون و شارەزاییـیـەکـی تـەواوی هـەبێ، گەلـێ چاکترە لـە کەسێك کە گەورەترین شەهادەی هـێـنـابێتـەوە، ئەوەی ئەوان کردوویانە، ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی تۆ باسی دەکەی بـەهـەمـوو کـەس دەکرێ، بـەهـەمـوو ئـەفـەندیـەك دەکرێ، بـەڵام پیـاوم دەوێ بـەشەوێکـی زستانی سارد و تەزیو، ببێتە پاسەوانی شەقامێ یان کۆڵانێکی تاریك، ئەوڕۆ پیاو ئەو پیاوەیە مەشق لەسەر هەموو جۆرە چەکێ بکا و بزانێ بەکاریان بێنێ، ئەو شتانەی تۆ دەڵێی، لە ڕۆژانی ئاشتی و ئاسایش خۆشن، ئیمڕۆ بەچی دەچێ؟

جاسم ویستی دارێ بە بەینیانا دابێنێ، قسەکەی لێ وەرگرتەوە و گوتی:

– نا نا شەهادەش موهیمە، شتێکی خراپ نییە، بەڵام لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا شتی موهیمتر هەیە.

– بەکر شاربزر بەپێکەنینێکی گەپئامێزەوە بەرز هەڵیدایێ: باوەڕتان هەبێ، ئەوانە کە گوێیان لە دەنگی دژە هەواییەکانی خۆشمان دەبێ، بەپرە پڕ خۆیان لە ژێر زەمینەکە دەکوتن، (دلێر) هیچ وەڵامی تری پێ نەما، لای لە هیچ کامێکی تریان نەکردەوە، هەردەم دەیویست خۆی وا دەرخا کە دانیشتنەکەی لەبەر ئەوان نییە، لەو کاتەدا دیم یاسین هەردوو دەستی خۆی لەسەر مێزەکە دانابوو زەلامی تاین، دەتگوت لەسەر کورسی ئاگر دانیشتووە، وەك منداڵی ساوا گەمەی لەگەڵ دەستەکانی خۆی دەکرد و چاوەکانی خۆی بەردابووەوە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، ئەوەی زاخ بێ لەسەر ڕوخساریدا بەدی نەدەکرا، دلێر بەچەند قسەیەکی کورت و لەسەرخۆوە کۆتایی بەدانیشتنەکەی خۆیەوە هێنا، کاتێ کە هەڵسایەوە، دزەنیگایەکی توند و پڕ مانای ئاڕاستەی من کرد و ئیتر بەجێی هێشتین.

لە دوای ئەو نیوەڕۆخوانەوە، هەموویان هەڵسان و دانیشتنیان لەگەڵم گۆڕا، هەندێکیان لێم لالووت بوون، هەندێکیشیان بەنهێنی، چاوەدێری هەڵسوکەوتیان دەکردم و سەرنج

و نیگا ژەهراوەکانیان هەردەم بەدوامەوە بوو، بەدوای سەرە داوێکدا دەگەڕان کە لێمی بدۆزنەوە، تا بمخەنە گەرداوێکەوە، بەڵام یاسین دەتوت کێچی کەوتۆتە کەوڵی، زۆر بەپەلە و بێ ئارام خۆی لێم نزیك دەکردەوە، لە هەموو کات و بۆنەیەکدا دەیویست سەراسووم بکا، دوا هەوڵ و تەقەلای ئەوەبوو کە بچم لە ژوورەکەی ئەودا لە گەڵیا کار بکەم و ببمە یارمەتیدەری، بەڵام من زۆر بەتوندی داوایەکەیم ڕەت کردەوە. کاتێ کە ئەو قسانەم بە(دلێر) ڕاگەیاند، دەمێ لە جێی خۆیا پەشۆکا، ڕوخساری وەك سەهۆڵ سڕ هەڵگەڕا، دوای ماوەیەك لە دۆشدامان و بیرکردنەوە، زەردەخەنەیەکی گەرم گەڕاندیەوە بارە ئاساییەکەی جارانی، لای لێ کردمەوە:

– ئەوە دانیشتنێکی دوو قۆڵی دەوێ تا هەموو شتت بۆ ڕوون بکەمەوە، پاشان گوتی: ڕۆژی هەینی گەر ماوەت هەبێ، ڕۆژێکی لەبارە.

ئەو قسەیە چەندی حەپەساندم، دە ئەوەندەش دڵی خۆش کردم، چونکە ئەو وادە دانانە، هەر خۆی بوو بەنیشانەی ئەوەی کەوا، خەریکە پێوەندی نێوانمان بەبارێکی تردا دەگۆڕێ... لە مێژ بوو من خەونم بە شتێکی واوە دەدی، بەڵام بەحوکمی چۆنییەتی ژیان و کولتووری کۆمەڵایەتیمان کچ هەر چەندی ئارەزووی لە کوڕێك بێ، دەبێ دەست پێشخەری لە کوڕەکەوە بێ نەك لەو، هەر لە سەرینی ئەو هەڵە کۆمەڵایەتیەشەوەیە کەوا گەلێ کچ و کوڕ، ئافرەت و پیاو، بوونەتە قوربانی و بەنامرادی گوڵی تەمەنیان وەریوە یاخود ڕووبەڕووی ژیانی هاوسەریەتی و شووی نابەدڵ بوونەتەوە.

کە شەو داهات، نەمدەزانی کەینێ ڕۆژم لێ دەبێتەوە، تاکو ڕاستی ئەم بۆچوونەی خۆمم بۆ دەرکەوێ، و هەموو گریمانەکانیش یەکلا بکەمەوە، ئایا دەبێ وەك خۆم بۆی دەچم و ئارەزوو دەکەم وا دەرچێ!؟ یاخود کارێکی تری پێم هەبێ؟

ئایا دەبێ ئەویش مرۆڤێکی هەرزان بەها بێ، یان خاوەن هەڵوێست و گفت و بەڵێنەکانی خۆی بێ؟

هەر دەبێ ئەویش لەو بابەتە کەسانە بێ، تەماح و کورسی و لەزەتی ژیان سەرخۆشی بکا و بەدوای کەسانی ترا بگەڕێ، بیکا بە پەیسك و پایە و ئامانجە نەخۆشەکانی خۆی پێ وەدی بێنێ؟ ناهەقم نەبوو کەوا نیگەران ببم و واش بیربکەمەوە، چونکە من وام هەست دەکرد کە ڕووبەڕووی ئەگەر و گریمانەیەکی چارەنووسساز دەبمەوە.

– ئەوە دوا هەنگاوتە بەخۆشی لەگەڵتا دێن.

کە گەیشتینە یەکتر، لەجیاتی هەموو سەلاّو و ڕۆژباشێك دلێر ئەو قسەی ئاڕاستە کردم، منیش هەر یەکسەر بەهەمان گەرم و گوڕی ئەوەوە پرسیم:

– ئەی دواتر؟

– گەر لێت بێ هیوابن، جا پڕوپاگەندەی خراپت دەرهەق دەکەن.

– حەدیان چییە؟ ئەوەی بیکەن سەگ بەئاسمان ڕەوینە.

– دەزانم، دەزانم، بەلاّم ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئێستایان، وامان لێ دەکات پەلە بکەین.

– پەلە بکەین، لە چی؟

بەدەم زەردەخەنەیەکی کورتەوە وەلاّمی دامەوە:

– نازانم بڵێم چی!

لەگەڵ خەندە و گرژینەوەکەیدا دڵم دەستی بەلێدان کرد. منیش وەك ئەو بافرەیەکم هێنایە خۆم و گوتم: با دیارە شتێکت لە دڵدایە و لێمی دەشاریتەوە، بەدەم بیرکردنەوەوە، بەرە بەرە پاشماوەی خەندە و گرژینەوەکەی لەسەر ڕوخساری سڕایەوە، پاشان لای لێ کردمەوە: تۆ ئەو مرۆخۆرکانە ناناسیت، ئەوەی نرخ بێ لە لایان نەماوە، هەر لە خەمی زگ تێرکردن و گیرفان پڕکردندان، ئەگەر تینیان بۆ بێ و نەدارا و برسی بن، دەربەست نین گۆشتی برای خۆشیان بخۆن.

لە قوولاّیی چاوا سەرنجێکی وردی بۆ ڕانام:

هەر کووی بێ، نامەوێ ببیتە نێچیری هیچ و پووچێکی وەك یاسە ڕەش.

– یاسە ڕەش؟

– جارێ کاتی ئەوە نییە، دوایە بۆت باس دەکەم.

بەدەم ترسێکی ناشاوەوە پرسیم:

– جا بەڕای تۆ چ بکەم باشە؟ دەست لە کار هەڵگرم یان.. نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم:

– نا نا نا... نەکەی بیر لە شتی وا بکەیتەوە.

دوای ئــەم قسانــە زەردەخــەنــە شەرمــاویــیــەکــەی جــارانــی لــەسەر دەمــوچــاویــا بەدیارکەوتەوە، دواتر کەوتەوە قسەکردن:

– پێویستە بەدەزگیران بکرێیت.

بەم قسەیە سەرم تاسا، چونکە هیچ چاوەڕوانی قسەیەکی وام لێ نەدەکرد، کە ئاوا بەبێ هیچ پێشەکی و دەست پێشخەریەك، ڕك و ڕك ئەو قسەیەم ئاڕاستە بکا، سەری خۆم داخست، هیچ وەڵامێکم بۆ نەدرایەوە، بەڵام لەو چرکە ساتانەدا سەدان پرسیار لە مێشکمدا تەقینەوە، پەرتەوازە و سەودا زەدەیان کردم، دەزگیران...!!! نامە گۆڕینەوەیەك پیاسەکردنێ، قۆڵ لە قۆڵ هەڵکێشانێ، ساتێ لە خۆشەویستی، ماوەیەك لە دڵداری، دیاری گۆڕینەوەیەك، ئەوانە هیچیان نا هیچیان نا، یەکسەر دەزگیران، دەزگیران! ئێ دەی ئەگەر وایە، لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ دار؟ لەگەڵ بەرد؟ کەی ؟ چۆن؟ بۆ وا زوو؟ بۆ وا کتوپڕ؟ مەبەستت لەمە چی بوو؟ بەڕاستتە یان هەر قسەیەك بوو لە دەمت دەرچوو؟ گەر وایە چۆن؟ هەر بەجلوبەرگی خۆم؟ یا بە نەخت و خشڵ و زێڕ؟

بەئاهەنگ و زەماوەند؟ یا.. یا..

– ها! بۆ وا داماویت؟

بەو پرسیارە کتوپڕەی لە ئارەزوو ئاواتە ئەرخەوانییەکانی خۆما پچڕاندمی منیش پرسیاریکی خێرا و بەپەلەم بەرەو ڕووی کردەوە:

– ئەدی چ بکەم؟ چ بڵێم؟

بەهەمان سەرنج و تێڕامانەوە بەپرسیارێ خامۆش کردمەوە:

– (نەنە پەرێ)ت خۆش دەوێ؟

– نەنە پەرێ؟

– چەند (نەنە پەرێ) هەیە؟

کە ئەو قسەیەم گوێ لێ بوو، بێ ویست و خواستی خۆم، پێکەنینێکی کورتم لە دەم تریقایەوە، بەڵام ئەو هەر لە قسەکەی خۆیا بەردەوام بوو:

– ئەو (نەنە پەرێ)یەی، هەموو جارێ تۆ پێت دەوت (یا پەرێ)!

نەختێ چاوەکانی خۆم داخست، پاشان لە ناخی دڵەوە وەڵامم دایەوە.

– لە چاوی خۆم خۆشتر دەوێ، هەر جارێ بیبینم بۆنی دایکم بۆ دێ.

– ئەگەر بێتە ماڵتان چی پێشکەش دەکەی؟

– هەرچی ئەو بڵێ و بەبێ دواکەوتن.

لەگەڵ ئەم قسانەدا هەستم کرد، ترپەی دڵم بەرە بەرە زیاد دەکا، پاڵەپەستۆی خوێنم بەرز هەڵدەچێ.. لە هەمان کاتیشا، گەلێ تاسە و ئارەزووی ڕابردووم لێ ژیایەوە، گەلێ خۆزگە و ئاواتم لابەرجەستە بوون، دەستی خۆی بۆ ڕاگرتم، بەڵام من خۆم کێشایەوە، چەند هەنگاوێ گەڕامەوە دواوە، ئەو چەند هەنگاوێ لێم هاتەوە پێش، لە نزیکما هەڵگیرسایەوە، لێم ورد بووەوە، سەیری کردم سوور هەڵگەڕا وردە ئارەقەیەك ڕوخساری پۆشی دواتر ڕەنگ و ڕووی گەڕایەوە سەر بارە ئاساییەکەی جاران، بەدەنگێکی پچڕ پچڕەوە چرپاندییە بن گوێم:

– خۆشم دەوێی!

لەگەڵ ئەم قسەیە هەردوو چاوەکانی پڕ ئاو بوون. منیش بەم قسەیە وەکو بۆمبایەك لە قووڵایی ناخما تەقیبێتەوە، ئاوا لەگەڵیا کەوتمە خورپە و ڕاچەنین، چیتر خۆم پێ نەگیرا، ئیتر پەردەی هەموو گریمانە و ئەگەر و شەرمم لادا و گوتم:

– ئەمن بەخوێن قەرزاری تۆم، هەرچی تۆ بڵێی لە قسەت دەرناچم.

هەردوو دەستەکانی توند توند گوشیم:

– لە ژیانا ئەوە یەکەمین خۆشەویستیمە، یەکەمین ئەزموونە، ئێمەمانان لە تاو غەم و ناسۆری خۆمانەوە بیرمان لە شتی وا نەکردۆتەوە، هەر خەریکی خوێندن و خەمەکانی خۆمان بووینە.

بەرزتر هەڵیدایێ: هیوادارم دوا تاقیکردنەوەم بێ!

– لە قووڵایی چاوا سەرنجم دا: لە لایەن منەوە دڵنیابە.

– بەڵام گیانە ئەوەش بزانە کە من ببمە خاوەن ژن و ماڵ گەلێ کار و لێپرسراویەتی قورس و گرانی تایبەتی و گشتیم بەرەو ڕوو دەبنەوە.

– وەك چی؟

– ناتوانم هەموویان باس بکەم، هێشتان کاتی ئەوە نەهاتووە بەتایبەتی گشتییەکان! دوای هەڵوەستەیەك: گرنگ ئەوەیە تۆ لە هەموو شتێکا دەبیت بەهاوبەشم، منیش چیترم نییە، جگە لە پیرە دایکێکی ماندوو و شەکەت و کۆمەڵە خەمێکی گورچکبڕ و پڕ لە دەردی دڵان! دەنگ و خشپە خشپی شتێك سەرنجی بۆ لای دەرەوە ڕاکێشا، ئەویش پێنووس و پەڕە کاغەزەکانی کۆکردەوە و یەکسەر لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، پەردەی پەنجەرەکەی لادا، لەم کاتەدا پشیلە بۆرە سەر خڕەکە، هەردوو چاوەکانی سوور دەچوونەوە، گوێی خۆی

مـووچ کـردبـووەوە، سەرادووی پشیلـەیـەکـی تـووکنـی خڕوخـەپـانـی نـابـوو، هـەر کـە لـە بەرامبەر پەنجەرەکەی ژوورەکەی ئەودا ڕەت بوو، لە بن دەست و پێی خۆی نا، هەردوو بەیەکەوە کردیان بەمرە مرێك، ئەم ناوەیان پڕ کرد لە قریوە قریو و میاواندن! ڕنگەیەکی گـەورە ڕایـچڵـەکـانـد، کـە لـە پـەنجـەرەی ژوورەکـەی ئـەمـدیـوەوە هـات، بـەپـەلـە بـۆ ئـەمـدیـو هەنگاوی نایەوە، دێ گۆچانی گۆڕین، ئەو دارەی کە ڕۆژ نەبوو سێ چوار جار بۆ شتێ هەڵنەدرابوایە، یان زیانێکی نەبەخشیبایە، دی، جامێکی پەنجەرەکەی ورد و خاش کردووە وەك مارێکی سڕی وشك هەڵگەڕاو، لە نزیك پەنجەرەکەوە، کەوتۆتە سەر زەوی، ئەویش لەسەر بەرماڵەکەی خۆیدا قیت بۆتەوە، بەدەم جوێندان و دەست هەڵشەقاندنەوە، ئەوەی دەیوت نەیدەگێڕایەوە:

ڕەشەمە لەمە نابڕێ، هەی ڕەبی دوات بڕێ گوربەبۆر، ناشتۆپی لە هێقەمان ببیتەوە، ئاورێکی نابیناو تاریکی لە ئێمە دایەوە: «هەمووت زارەترەك کردن، هەی قیامەتت لێ هەڵستی یاخوا».

ئیتر بەدەست کوتان بەملا و بەولاوە کەوتە جووڵە و سەربادان، تا سەرینەکەی کەوتە ژێر دەستی، تەزبیحی سەر بەرماڵەکەی گرمۆڵە کرد و لە ژێر سەرینەکەی دانا، جامە چکۆلانەکەی، هەر لەسەر چەمەنتۆکەوە ڕاکێشایە نزیکە خۆی و هەردوو ڕیزە ددانەکانی بەدەستەوە گرت. ڕیزە ددانەکانی لای سەرەوەی خستە ناو دەمی، پاشان ئەوەی ژێرەوەی، ئیتر دەمی بەیەك دادایەوە وەك یەکێ کە بەزۆر پاروویەکی زل قووت بدا، ئاوا هەردوو چاوی لەگەڵ سپی هەڵگەڕا، دەم و دووی ڕێك بووەوە و ڕیزە ددانەکان، بەتەواوی لەسەر تێسوە داخوراوەکانیدا سەقامگیر بوون، دەستی خۆی بۆ لای دەرگا و پەنجەرەکەوە درێژ کرد، لەسەر بەرماڵەکەوە بەنقڵدان و جووڵەی قاچەکانیەوە لەسەر دەست بۆی خشی، ناوە ناوە هەڵوەستەیەکی بۆ دەکرد، دەستی بەملاو بەولای خۆیدا دەکوتا «دارەکەم، نازانم هاویشتمە کێندەرێ؟» ئەم قسانەی بەنیوە بیستراوێکەوە دەکرد، دەتوت لوغلوغەی لە دەمی کەوتووە، قورگی گیرابوو، هەنسك و ئازارێکی بنێساو، خانۆچکەی سینە و سییە پووت هەڵگەڕاوەکانی دەرزی ئاژن دەکرد، کەوتەوە جووڵە و لقلقین، بەگاگۆلکێ بەرەو پەنجەرەکە خشی، تا لە نزیکیا سەنگرایەوە، دەستەکانیشی هەر بەملاو بەولادا دەگێڕا، هەر بەم شێوە و بەم ڕەفتارەیدا، بەدەنگێکی بەرز و تێکەڵ بە تووڕەبوون و کڕووزانەوە بانگی کردین:

کچێ ئالا دلۆ دارەکەم چی لێ هات؟

ئەو کاتە ئێمە هەردووکمان سەرمان بەکۆشی دایکمان کردبوو، هێواش هێواش پشتی دەخوراندین، دەمنادەمیش جوولەیەکمان بۆ دەکرد و خۆمان زیاتر دەئاخنیە باوەشی گەرمییەوە. هێشتان هەر چاومان بەخەو بوو، کە جار جار کڕووزانەوەی یەکێکمان دەبیسترا، یاخود دوا هەنسکی گریانێ بەرز دەبووەوە، پەیتا پەیتا فرمێسکی چاوە خەواڵووەکانی ئەویش وشك دەبوونەوە، بە مات و مەلوولییەوە سەیری لای پێخەف و جێ و بالینگانە تێك شێلراوەکانی لای بنەبانێ و سەیری گۆپاڵ و پەنجەرە شکاوەکە و پارچە شووشەکانی دەکرد، ئەم دیمەنە بۆ جیهانێکی جەنجاڵ و پڕ لە هزر و بیرکردنەوەی گێڕایەوە، خەریك بووین دیسان چاومان بکەوێتەوە خەو، خێرا دایکم، ئالای وەك کۆرپەی ساوا لە باوەشی خۆی کرد و بۆ ئاودەستی برد، ویستی منیش بەرێ، بەڵام من دامە پرمەی گریان و ڕکەگرتن، بەدەست و قاچ داکۆکیم لە خۆم کرد ناچار منی بۆ جێگای خۆم گێڕایەوە، لە تەك ئالادا درێژی کردم و بەتانییەکەی بەسەرمدا هەڵکێشاوە، دیسان بەدەنگە تووڕە و توندەکەیەوە، هێمنایی ناو ژووری شڵەقاندەوە: «نازانم دارەکەم چی لێ هات؟ عارد قووتی دا ئاسمان هەڵیکێشا؟» لەگەڵ ئەم دەنگەدا، سەری خۆم بەرز کردەوە سەیرێکی لای ئەولام کرد، دوای دزە نیگایەك، دیسان سەری خۆم بەسەر سەرینەکەوە کردەوە، بەم پێیە، هەردووکمان گەڕاینەوە سەر بارە ئاساییەکەی جاران و هەستمان بەگەرم و گوڕی و دڵنیابوونێکی بێ پایان کردەوە، زانیمان ئەو دەنگ و هەرایەی کە خەوی لێ هەڕماندین، تەنیا گۆبەندی گوربە بۆر و داری گۆرین و دەنگی پەنجەرەکە بوو، کە جامێکی غرەی هات و هەموو پارچەکانی ورد و خاش بوو، دیسان هەردووکمان لە ناو نوێنە گەرمەکەی خۆمانا کڕ کەوتینەوە، دایکیشمان تا ئەوساکەش هەر لە لای سەرینگانمان دانیشتبوو، ئەویش لە خوارەوە، لە لای پەنجەرەکەوە دەستی دەگێڕاو، هەر کوتە کوتی بوو، چەند هەوڵی دەدا گۆپاڵەکەی بۆ نەدەدۆزرایەوە، جار جار تەکانی دەدایە خۆی، دەیویست زیاتر لە پەنجەرەکەوە نزیك بکەوێتەوە. لە ئەنجامی ئەو جوولە جوول و دەستگێڕانەیدا، کاتێ، پارچە شووشە شکاوەکان خرمە خرمیان کەوتێ.. دایکم یەکسەر هەڵسایەوە و بەپەلە هەنگاوەکانی خۆی توند کرد و چوو دارەکەی بۆ هەڵگرتەوە، بەبێ دەنگی، گۆمکەکەی لە دەستی نزیك کردەوە، پاشان چوو، گەسك و تەنەکەیەکی هێنا و ناو ژوورەکەی لە وردە شووشەکان پاك کردەوە.

بەهەردوو دەستە لەرزۆکەکانی گۆچانەکەی گرت، هەر بەدانیشتنەوە، کلکی لە زەوییەکە گیر کرد و لە ناو قەدی ڕا دەستی خۆی پێوە گرت، دوای چەند هەوڵ و

تەقەلآیەکی نارێك و پچڕ پچڕەوە، پشتە کۆماوەکەی خۆی پێ ڕاست کردەوە، وەك بڵێی برووسکێ لە پشتی وەستابێ، تا دەمێ بەم شێوەیە مایەوە، بەرە بەرە ڕەنگ و بۆی هاتەوە بەر... ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە ئازاری پشتی نەما و هەر برووسك و ژانێ هەبوو، لە جەستە یا چووە دەر... نەختێکی تریش سەری خۆی بەرز کردەوە، بەدەنگێکی نزم، بەڵام بیستراو، دەستی کرد بەشادەهێنان و چەند ئایەتێکی کورت و دوعا و نزاشی بۆ هەڵدا، گۆمکی گۆپاڵەکەی ختسەوە ژێر ئەژنۆی، پشتی خۆی ڕاست کردەوە، هەتا توانی سەری خۆی بۆ لای ساپیتەی خانووەکە بەرز کردەوە و هەردوو دەستەکانی هەڵبڕی:

«غەوسەکەی ماڵ لە بەغدا، پیری قەرەچێوار، شێخە سەنی بەسری، چ چاك و پیری لە دنیایێ هەن و لەگەڵ مامزان لەوەڕاینە، ئەمانەتی ئەنگۆم دایە، ها! بەگوناحی من مەکەن، ئەمنیش بەشەرم شیری خاوم خواردیە، بەئاه و نزام بکەن، بەدوعا و ناورانەوەم بکەن، لە دارەتی دنیایێ هەر ئەو کوڕەم هەبوو، ئەوە ئەویشم کردیتە ئەمانەتتان، بەنگۆم سپاردییە، ئەوجە ئەنگۆش کەیفی خۆتانە، قوربانتان بم، قوربانی خۆڵەکەی بن گۆسکە ئاوی خەڵوەت و غەرنشینتان بم، لەنگۆم داوایە بیکەنە دار عەسای دەستتان، بەگەخۆتانی بدەن، لەکنە خۆتانی دانێن، دەستی ڕاستی بەیەکدا قرمساند و لە دەندەڵەی سینگی خۆی دایەوە، دەستی چەپەشی هەروا بە هەواوە پان کردبووەوە، دیسان کەوتەوە ئاه و نزا: «ئۆوە ڕەبی ئەوەی جەرگی داکی کراس ڕەشان هەلا هەلا دەکا هیچ جێی لە دەرێ نێشێ، هەمووی دوڕخان بی، بەهیچ دختۆرەك چانەبیتەوە، ئەوجە لێی بکاتە کولکە سۆتنەیەك نە سەری دیار بی نە بنی، غەوسی گەیلانی، سەید و شێخی گاورکوژ و غەزاچی، پەتۆی پێ نەدەن، تووشی بەڵەتەك ببی، لێی هەوداتەوە، دەرمانی حەفت ئیقلیمان چاکی نەکاتەوە، «تەنکە ئارەقەیەك، وەکو جوانا و لەسەر ڕوخساریا پەیدا بوو، ببووە گەواهی هەموو ئەو هورژمە گورچکبڕ و هەست بە ستەم لێکراوییەی کە لە دۆزەخی ناخیا ئاگرێکی ئەنگێز قرچ قرچ دەسووتا و هەر گڵپە گڵپی بوو!

چۆن چوو بوو، دیسان ئاوا بەخشکە خشك بۆ سەر بەرماڵ و جێ و بالینگانی خۆی گەڕایەوە، لەگەڵ هەر تەکانێکیش کە دەیدایە خۆی، گۆچانەکەشی لەگەڵ خۆیا دەگواستەوە.

لەسەر پێخەفەکەدا، بەرامبەر دەرگا و پەنجەرەکەوە پشتی خۆی بەسەرینە خڕ و توندەکەوە دا، ئەو سەرینەی کە ئەوەندەی کوڵکی مریشك و قەتێی تێ ئاخنرێ، وەك باگوردانی لێ هاتبوو!

وەك بڵێی هەست بەم ڕووناكییەی كە لە كاتی خۆرهەڵاتیدا بڵاو دەبووەوە و پەیتا پەیتا ناو ژوورەكەی ڕووناك دەكردەوە..بكات دەمنادەم، دەستی بۆ چاوەكانی خۆی دەبردو بەدەم باوشكێكی دوور و درێژەوە بەهەردوو دەستەكانی هەڵیدەگلۆفتن، بەچوار قوشمی لەسەر بەرماڵەكەدا دانیشتبوو، دوای ماوەیەك دەستی ڕاستی بۆ لای نیمدەرەكەی تەنیشتی درێژ كرد و بەدەنگێكی بەرز و بیستراوەوە لەبەرە خۆی كەوتەوە ئاخاوتن: «هەر پێی لە كۆسپەی دەركە ئاودیو كردو نەكرد، بەڕوویەكی بەپێكەنینەوە لە هیكرا بانگی كردم: دایە، لەگەڵ ئەو دەنگە یەك ڕم خۆم بڵند كرد، باگۆم دایەوە و گۆتم: هۆ گیان، هەر هەندەم گۆت و نەگۆت هات لە تەنیشتم دانیشت» لەگەڵ ئەم قسانەیدا دەستی لەسەر نیمدەرەكە دانا: «لێرە دانیشت، دەستی لە ملم كرد، ئەوەندەی ماچ كردم، ئەوەندەی ماچ كردم، ئەوەندە شان و پیلی شێلام، دەمارەكانی سەر و ملی گوشیم، هەتا هەموو گیانم ئارەقەی دەردا، دوایێ هەردوو دەستەكانی گرتم و لەسەر سینگی خۆی دانا و گوتی: ئۆخخەیش دایە ئیسراحەتم كرد، كە دەست و پێت ماچ دەكەم دەرگای بەهەشتم لێ دەكرێتەوە» ئەم قسانەی بەدەم گریان و فرمێسك ڕژانەوە دەكرد. چار چار گریان ئەوەندە قورگی دەگرت، نەیدەتوانی قسەی تر بكا، ئیتر لە شوێن خۆیا قوڵپ قوڵپ دەگریا و بەچمكی چارۆگە سپیپاتەكەیەوە دەموچاو و دەست و پلی شێداری دەسرییەوە، دوای گریان و نووزانەوەیەكی زۆر، چاوەكانی وشك بوونەوە، قوڵپی گریانیشی داكەوتەوە، دیسان لەبەرخۆی كەوتەوە قسەكردن: «ئەرێ بەخوای لە ژوور سەری، تازە هات ها ئەلێرە لەسەر ئەو نیمدەرە، لە تەنیشتم دانیشت، هات لە شانی ڕاگرتمی، سێ چار جاران ڕایهەژاندم و گۆتی: دایە ئەتوو خۆت لەسەرە من دانایە، ئەمنیش دەبی تۆڵەی بابیشمت لەبۆ بكەمەوە، هیچ داخ و كەسەرەكت لە دڵی نێڵم، مادام ئەتوو لە قسەی بابم دەرنەچووی گلێنەی چاوی خۆمت لە بۆ دەربینم هێشتان پێم كەمە، هێشتان هەقی توومم لەسەر لانەچی» دیسان دەستی كردەوە بەگریان، لەگەڵ گریانەكەشیا هەر قسەی دەكرد و دەناوارایەوە: «ئۆ ڕەبی داكت جەرگی هەلا هەلابی، كوڕە خین شیرنەكەم، ببمە دەركەوان و خەڵوەتنشینی كۆشكی بەهەشتێت، بەلاگێڕی یەك سەعاتت بم، بەقوربانی دەست و پەنجە ناسكەكەت بم، خوای گەورە، خۆزگە بەخۆزگەی دنیایێ.. دەست و پێیەكیشت لێ ستاندبامەوە و بتكردبامە سەدەقەی سەری! بووبامە توورەگە خۆڵەكی سەر قەبرەكەی» لە ناو جیهانە تایبەتییەكەی خۆی، تاك و تەرا توابووەوە و بەدەم تاسبردنەوەوە ئەم قسانەی دەوت و دەوتەوە. دایكیشم لەولاوە هەر خەریكی هەڵبژاردنی ناو ماڵ بوو، دوای

ئەوەی هەموو پەلە شووشەکانی کۆ کردەوە، گەسك و تەنەکەی لە دەرەوە دانا، ئیتر کەوتە تاوتوێی ئامادەکردنی خواردنی بەیانی، تەباغە نەوتییە دوو چاوەکەی هەڵگیرساندبوو، لە زوویەکەوە مەنجەڵێکی گەورەی پڕ لە گۆشتی وەسەر نابوو لە هەموو لایەکەوە هەڵمی لێ هەڵدەستا و ئەو ناوەی پڕ کردبوو لە بۆنی چەلاو و گۆشتی کولاو، لەسەر مۆرەی دیوارەکەی نزیك دارمێوەکەدا، گوربەبۆر هەڵقونجابوو، هەردوو گوێچکەکانی خۆی مووچ کردبوونەوە، هەر سەیری مەنجەڵە گۆشت و هەڵمە دووکە پڕ لە بۆن و بەرامەکەی دەکرد، بۆنی چەلاو و چەوری و چزە چزی گۆشتاوی رۆخ مەنجەڵەکە.. کەڵە مووە درێژەکانی سمێڵی وەك بژیی جوانەوە ئەسپێکی خورت و بزۆز گڤ کردبووەوە، بەدەنگێکی باریك و کلك کوتانەوە دەستی بە میاوە میاو کرد، لە تاو برسییەتی و لە تامەزرۆییان، لەگەڵ هەر میاواندنێکیا، کلك و گوێی دەکەوتە جوولە جوول.

کە گوێی لە میاوەی گوربە بۆر بوو، وەك لە ناو خەم و کەڵکەڵەیەکی دوور و قووڵ بێدار بووبێتەوە، هەر بەدانیشتنەوە، دەستی دایە گۆپاڵەکەی، سەری خۆی بۆ لای دەنگەکە وەرچەرخاندەوە «هەی سندان لە خۆت و لە چەند پشیلەی دنیایش هەیە بداتن» بەدەم ئەم قسانەوە، کلکی گۆپاڵەکەی گرت و لە هەوادا هەڵیشەقاند: «وای ئەگەر چاوم بێژینگە عاردەکی دەدیت، شەرت بی لە شەرتی خوای، ئەگەر نۆ گەرەکم لە دووت کردبایە، وازم لێ نەدەهێنای، هەتا بەو دارە دادڕ دادڕم نەکردبای! خۆت لە کابەی شەریفیش بکوتابوایە، هەلا هەلام دەکردی، وەڵڵاهی بەو قورعانە هەنکە، هەنکە، هەتا لەسەر ئەو رکەی بم، ئەگەر بتگرم، ئیللان و بیللان، گۆشاوگۆش سەرت دەبڕم». دەستی گرمۆڵە کرد و بۆ دەمی خۆی برد، وەك شتێ فرکا ئاوا بەدەم هەناسە وەرگرتنەوە کەوتەوە قسان: «وەك دوژمنی بابە کوشتە و کوڕ کوشتە خینم فڕ دەکردی. دەزانی لە چ خەو و خەونەکی شیرینت کردم، دیسان سەری خۆی بەرز کردەوە، بەهەردوو دەستەکانیشی، یاخە و بەرۆکی خۆی ڕاتەکاند، وەك بڵێی باوەشێنی خۆی بکا، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «ئۆف خوایە، دەبی لەسەر دنیا چ ئاوەك هەبی ئاگری هەناوم بکوژێنێتەوە، خوای لە ژوور سەری، داخوا چەند بەخت ڕەشی دی، ئەوها وەکی من بەبێ مرادی، سەری خۆی لە بەردی ئەلحەد دایە، چ دەبوو ئەگەر ئەو مرازەم حاسڵ ببایە، ئەمنیش وەکی هەر دایکەکی دی، وەکی ئەو خەڵکە، بەشان و پیلی کوڕی خۆم کفن و دفن کرابام... لە تازیە و خێرم دانیشتبایە... ئەوەندەشم لێ بوو بە عەزرەت، بووە کوچکە بەردەك لەگە خۆمی دەبەمە بن عارد».

زەنـگـی دەرگـا، قسەکـانـی پـێ بـڕی و کـردی بـەئـاورێکـی ئـاو پـێداکـراو، وەك بـڵـێی ساتمەیەکی کردبێ، لە شوێنی خۆیا مات بوو، پاشان لەبەرەخۆی، هەر بەدەم بیرکردنەوە و وردبوونەوە، لە سۆنگەی دەنگی زەنگەکەدا، کەوتە ترمەترم و بۆڵە بۆڵ کردن: خێربێ خوایە، بەو سبیانەی سەحەریان دەبێ کێ بێ هاتبێ! بەدەم گوێگرتن بەملا و بەولاوە، بانگی ئێمەی کرد:

– دلێر ، ئالا

پاشان هەر لەبەرخۆیەوە کەوتەوە قسەکردن:

– هەنکە پیرۆز بەخۆی دەچی.

لەو ساتەی دەنگی کرانەوەی دەرگام کەوتە بەرگوێ، لەگەڵ بانگ کردنی ئەویشا زیاتر بێدار بوومەوە، لە شوێن خۆما هەڵسامەوە و سەیری دەرەوەم کرد:

– ئۆی نەنێ وەڵڵا مامۆستامانە.

– مامۆستا کێ؟

بەدەم ترس و لەرزێکی ناگەهانەوە، ئەو پرسیارەی ئاڕاستە کردم، بەڵام من فریا نەکەوتم وەڵامی بدەمەوە، یەکسەر بۆ لای دەرگا ڕامکرد و چووم لە تەك مامۆستاکەی خۆما هەڵگیرسامەوە.

ئەویش لە ژوورەوە هەر گوێی خۆی ڕاداشتبوو، دەنگی هەناسەی نەدەهات، بەڵام چەندی هەوڵی دا هیچی نەدەکەوتە بەر گوێ، هەر دوای ماوەیەکی کەم، دایکم دەرگاکەی داخستەوە، ئەو یەکسەر بەدەنگێکی بەرز، هەر لە دوورەوە هەڵیدایێ و کەوتە پرسیارکردن:

– ئەوجارە چ ئیشی هەبوو؟

دایکم بە بیر و بە خەیاڵێکی جەنجاڵەوە، هەنگاوی دەهاوێشت و خۆی لەگوورە نەبرد، بەڵام نەنێ لە جاری یەکەم تەنگاوتر، دەنگی خۆی هەڵبڕی و بانگی کرد:

– پیرۆز لەگە توومە، چ بووە دیسان، چ قەومایە، بەو بەیانییە زووە دەرگای لێ گرتووین؟

زیاتر درێژەی بەقسەکانی خۆی دا:

ئەو عادەتیتی هەر بەناوەختان پەیدا دەبێ.

دایکم بێ ئەوەی خۆی بشڵەژێنێ، کە نزیکترکەوتەوە، هەر لە دوورەوە بەسەری زار

وەڵامێکی کورتی دایەوە:

– هیچ هیچ چ نەبوو! برەك ئیشی هەبوو، ڕۆیشت.

هەر ئەوندەی پێ وت، ئیتر بەپەلە ڕووی لە ناندینەکە کردەوە، بەڵام ئەو هەر لە ژوورەکەی خۆیا، کەوتەوە بڵمە بڵم و خۆ دواندن:

«برەك ئیشی هەبوو ڕۆیشت... چ ئیشی هەبوو؟ لەبەر چ بەو ناوەختە بەو سبیانە زووە؟ لەبەر چ، قەدەرەکە هەر ئیشی بەتوو هەیە؟ ئەوە چ بوو ئەو ئیشە هەر نەبڕایەوە؟ ئەو فسکە فسکەتان هەر نەبڕایەوە؟ ئاخر نازانم چ بڵێم نازانم.... ئەی هاوار لەگەڵ پیاوی عالەمێ و فسکە فسك... ئەوە لە کێ بووە، لە کێ کراوە، لە ناو چ قەومەك ئیشی وەها هەبووە؟ هەر ئەمە مەتکەبلیمان هەبوو...!؟ لە حەییاتی خۆم ئەوە یەك مامۆستای وەها جاڕس و ڕوو قایم ببینم، وەکی دڕکە زەردە بەهێقەمان وەنووسایە، بەئامان و زەمان لێمان نابێتەوە». بەدەم دوعاکردن و ئاهـ و نزاوە، بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ: «یارەبی خوایە ئەوەی دەرهەق بەمە چ نیازی خراپی هەیە، چەپارەی نەدەی، دەردەك هەڵینی وەها لێی تەشەنە بکا بە چ دەرمانەك چاك نەبیتەوە، هەر لەبەر خاتری ئەو سەبیلۆکانە! خوایە ح ح ححاهـ! دەبی ئەمە چمان کردبی، وەها لە هەموو لایەك غەزەبمان بەسەردا دەبارێنی، هەقی هەتیمانمان خواردییە؟ شیربابیمان وەرگرتییە؟ هێلانە پەڕەسێلکەمان تێکدایە؟ کابەمان کەچ کردییە؟ ئەمە چمان کردییە؟ وەك گاوری حەفت دینان هەموو دەرگایەکت بەجارەکی لێ گرتووین؟ هەتا هەنووکە هەر دەمگۆت داکەکیان هەیە سەد پیاوی بەقوربان بی، ئەمان ئەلعانەکینێ نازانم چ بڵێم، چ قسەم لەبۆ نایێ، نەچاك نە خراپ، بەشەر شیری خاوی خواردیە، بێوەژن کۆشی بارەکی گەلەك گرانە، هەموو کەس خۆی لەبەر ناگری، ڕۆژەك نییە و دوو نییە سێ نییە، ژنە عازەبەکی وەها، هێشتان هەر لە تۆغیاندایە... لێقەومان گەلەك ناخۆشە، گەلەك زەحمەتە، ئەوەی نەیدیتبی نازانی چەند ناخۆشە، (پەرێ...) چما هەموو کەس ئەتووە بەرگەی بگری، نەفسی خۆی بمرێنی، پیاوی وەها، گەندەومەندە بەلنگە سۆلەکی خۆتی نەگۆڕیەوە».

کە من بۆ ناو نوێنەکەی خۆم گەڕامەوە، گوێی لە دەنگی پێیەکانم بوو، بەهێواشی بانگی کردم.

– کوڕەکەم دیسان مامۆستاکەی توو و ئالا بوو؟

– ئا نەنی مامۆستا (ئەیاز) بوو.

بەخەندە و پێکەنینێکی پڕ لە هەوەس و لەخۆبایی بوونەوە، هەر لە قسەکەی خۆما بەردەوام بووم: ئەمن و ئالای زۆر خۆش دەویٚ! کە ئەم قسەی گویٚ لیٚ بوو، لەبەرە خۆی کەوتەوە بۆڵە بۆڵ و لچ و لێو بادان:

– هەی لەو خۆشەویستییە نەرِسکیٚ یا خوا، هەی لەگەڵ ئەو درۆیانەی هەڵتلۆقیٚ یاخوا.

دوای هەڵوەستەیەك گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:

ترسیٚ دەکەم ئەو پەڕە قاقەز و ماقەزۆکانەی پیرۆزخان دەینووسی، هەر بەفیتی ئەو بی، هەروەها دەکا خۆی لیٚمان دەدزیتەوە، دەچیتە ئەو دیو، دەرکە لەسەرە خۆی پێوە دەدا، نە سەعاتەك و نە دووان و نە سیٚیان نازانم چت بەسەر هاتیە ژنیٚ، ئەوە کوومانی نابی، کو و هیٚڵنگت لیٚ نابڕیٚ، کو و دەست و پەنجەت سڕ نابی، کو نارِزیتەوە کوو زەرتك هەڵنایینی؟ هەی ڕەبی کردەت کۆرەبی، ئەوەی ئەوها سوخەتی توو تێکدەدا، ڕەبی پەتۆی پیٚ نەدەی، نەیگەینە هێواریٚ» دەنگی خۆی بەرزتر هەڵبڕی، هەمان قسەی پیٚشووی لە ناو پرسیارێك خەست کردەوە و ئاڕاستەی کردم:

– ئەدی نازانی داکت ئەو هەموو پەڕە قاقەزۆکانە چییە دەنووسی؟ ئەوە بەینەکە بوویتە مەلای دوازدە عیلم؟

– وەڵڵا نازانم نەنیٚ هەموو جاریٚ پەڕە کاغەزەکان دەنووسی و هەڵیان دەگری.

دەستێکم بە لاتەڵۆکی خۆما ماڵی گۆتم:

ئۆی نەنیٚ زۆری نووسییە.

– وەیــە وە خــانم...! چــەنــد ڕۆژە داری لــەسەر بــەردی دانــەنــایــە، مــادام وەهــایــە بــا مەکینەکەش بفرۆشیتەوە و ئەو. یەك کۆشە پارەی پێدایە، لەبەر چ لە بەلاش لەویٚ بکەوی، تەڕەشوعی بیرِزێنێتەوە! ئەوی جلکی لە کن بەڕادان دایە، با هەموویان لە بۆ بنێریتەوە، ئەدی چییە ، بۆ خەڵك سۆزك بکا، با بەهەموو مەعمیلەکانی خۆی بڵیٚ، ئەمن چیدیکە خەیاتیم پیٚ ناکریٚ، ئیشی دیم هەیە، پەڕە قاقەزان دەنووسم، قەزاتە دەخینمەوە، فسکە فسك لەگەڵ زەلامی بێگانە و کەس نەناسان دەکەم! لە کیٚ پێڕادەگەم جلکتان لەبۆ بدوورم، وەڵـڵا بـابـە بـاش، تـەواومـان کرد، خـانم هـەوی داوە، تـەمـەرخـان تـرێی هـینـا، بیلامانیٚ ئەمەش مارین بە خۆڵیٚ دەژین.

بەدەم سەر لەقاندنەوە، لەپێشەخۆی هەر لە وتووێژەکانی خۆیەوە بەردەوام بوو:

دیارە ئەو بەخۆی کۆزی خۆی هەراش دەبینی لۆیێ وەها بێ منەتە...ئمممهممم... داکێ من... پیرێژنە بۆریەکەی گۆرینێ گۆتەنی... بەخۆی رووت نییە، هاگاشی لە زۆمێ نییە...! ... ئەوە دەق ئەوە... هممهممم... د خۆشکۆڵە بەخوای بەخوای، ئەگەر شتەکی لەبن سەری نەبی، ئەوها سەربەست نابێ، ئەوها حایج نابی.

چ پرسیاری ئاراستەی من نەکرد، هەر لەبەرە خۆیا کەوتەوە بۆڵە بۆڵ کردن:

وەی بابە لەو دنیای وەها خراپ. بریا بە بریای خوا، قەت نەگەیشتبایمە ئەو رۆژە. ئەورۆ رۆژێکی وەهایە کەس بە کەس نییە، کەس بە کەڵکی کەس نایێ. ئەو عالەمە هەند بێ دین بووە، هەند بێ ئینساف بوە... نە رەحم مایە، نە عیزەت مایە، نە مروەت مایە،.. ئەورۆ هەر خۆم هەر خۆمە...! نە عەیبە مایە، نە شوورەیی مایە،..!... ئێ وەهایە وها... کە دین نەمینێ، دنیا هەروەهای بەسەر دێ، ئەوها کاول دەبی...! نەڕێزگرتن دەمینێ، نە حەیاو حورمەت دەمینێ، نە خزمایەتی و نە جیرانەتی دەمینێ، نە سیلەی رەحم دەمینێ، نە خۆیی و بیانی دەمینێ... هیچ هیچ هیچ... ئەوها دەبیتە کەر بازاڕی، عەشتەبایەك نامێنێ...!

چەند وێنەیەکی رۆژانی زووی هێنایەوە بەر تیشکی سەرنجە هۆشی و هەستییەکانیەوە...وایان لێکرد ماوەیەك لە قسەکانی خۆیەوە بپچڕێ و دوای چەند وەرەورد و بەخۆداچوونەوەیەك، بگەڕێتەوە سەر قسەکانی خۆی:

ئەدی ئەوە بۆ ئەمە ئەوها نەبووین...!؟ ئەدی ئەمەش ژن نەبووین، حورمە نەبووین، ئەمەش وەکی ئەو عالەمە بێوەژنکۆشیمان نەدیتبوو، ئەمەش وەکی ئەوانە لێمان نەقەوما بوو، جەرگمان هەلاهەلا نەکرابوو...؟! چییە...؟!!

هەر بەدەم ئەم قسانەوە رووی خۆی بۆ ئەم شوێنە وەرسووڕاندەوە کە من و «ئالا» لێی درێژ ببووین:

ئەمن خەمی خۆم نییە، خەمی ئەو سەبیلۆکانەمە... چەند بەختیان رەش بوو، چەند بێ مراد بوون...!

گریانێکی کپ و بێدەنگ لە قسەکانی خۆی پچڕاند. دوای نەختێ کڕ بوون و دەموچاو وشك کردنەوە، دەستی راستەی کردە مشتەکۆڵەیەك و بەدەم شادە هێنانەوە پەنجەی خۆی رانا. بە دەنگێکی بەرز، جارێکی تریش شادە هێنانەکەی دووبارە کردەوە. پاشان وەك یەکێ لە بێدەسەڵاتییان دڵخۆشی خۆی بداتەوە، کەوتە دڵدانەوەی خۆی ئەوی لە خوا

خافڵە کافرە. خودا هەتا سەری دابێ ڕسقیش دەداو کەسیش ناهومێد ناکا، کەس وا ناهێڵێتەوە...!

جوولەیەکی بۆ کرد، بەرماڵەکەی لەژێرە خۆی دەرهێناو بەسەر شانی خۆی دادا. لە ژێر گەردەنیەوە چمکەکانی گەیاندەوە یەك و بە دەرزیلەیەکی ئەستووران هەموو سەرەکانی بەیەکەوە گرێدا. گۆچانەکەی ڕاست کردەوە، لە ناوەڕاستیدا گرتی و خۆی پێ هەڵساندەوە. بە کوتە کوت، بۆ دەرەوە ڕۆیشت....

لە ناو ناندینەکەدا، هەر تەقەتەقی هیربار و خشەخشی گەسك و کوتەکوتی مڵاکی دار و کەوگیر بوو... بۆنی تەباغ و گیزەی کتلی دەهات. وەك هەر خاوخێزانێکی تر، کە لە سووری بەیانییەوە بکەونە خۆیان و مژوولی تاوتوێکردنی خواردن بن و بۆ گەشتە نەورۆزێکی دوورە شار، خۆیان ئامادە بکەن...! ئەویش بەم چەشنە، لە حەوشە و ناندین و بەرسفکەکەدا دەخولایەوە. بەڵام «نەنە پەرێ» سەری لەم هەموو کێشە و هەڵسوکەوتانە دەرنەدەچوو. هەر چەندی گوێی خۆی ڕادەداشت و هەستی خۆی ڕادەگرت، هیچی بەهیچ نەدەکرد، بەڵام ئەوەندەی دەزانی، کە ئەو بەیانییە وەك ڕۆژانی تر ئاسایی نییە...!

ئەگەرچی خۆر لە دوو باڵ زیاتر بەرز بووبووەوە، بەڵام چەند پەڵە هەورێکی ڕەشی چڵکن لە بنەبنەی ئاسۆوە بووبوونە مایەی نیگەرانی و دڵتەنگی، جارجار تیشکی خۆر، وەك بڵێی لە پێشبڕکێیەکی بێ وچانا بێ، تاکو موژدەی ساڵی نوێ بەدانیشتوانی ئەو دەوروبەرە بدا...، کەلێنی هەر پەڵەیەکی چڵکن، یان هەر پارچە هەورێکی درز بردوو... دەبوو بەکلاوڕۆژنەی گورزە تیشکێکی بەتین و شەبەنگاوی... خرچ، پەڕە تیشکدەرەکان لە ناویا وەنەوزیان دەدا، مزگێنی بەقەدپاڵ و دەشت و نیهاڵ و خەڵکەکە دەگەیاند... دەبوو بەمایەی دڵخۆشی و گوشاد بوونەوەیان.

دوای ماڵ هەڵبژاردن و خول خواردنەوەیەکی زۆر، بەملاو بەولادا... دیاربوو لە کارەکانی خۆیا دڵنیابوو، دیسان ڕووی لە ژوورەکەی تر کردەوە، چوو لە تەك مەکینەی دوورمان، لەسەر کورسیەکەی بەرامبەر بەوێنەکەدا دادەنیشتەوە و دیسان دەستی دایەوە پێنووس و پەڕە کاغەزەکەوە:

«ڕۆژ بەڕۆژ باسی ژیانی دواڕۆژ و هاوسەریەتی و خوازبێنیمان دەکرد...! زۆر پەلەی لە کارەکانی خۆی دەکرد. هەر هەنگاوێکمان بنابوایە، دەبوو بە خشتێك لە دیواری ئەو تەلارەی کە هێشتا هەر لە چوارچێوەی خەیاڵمانا تێپەڕی نەکردبوو، دەبوو بەخونچەیەك

لە مێرگی ئەو بەهەشتەی کە خەونمان پێیەوە دەدی...! لە لایەکی تریشەوە هێزی نامۆ و شەڕەنگێزەکان، گەلێ جار دەبوونە ئاستەنگ، زۆریان بۆ دەهێناین و بەرهەڵستیان لێ دەکردین...! ئەگەر چی هێشتان بەتەواوی بۆمان یەکلا نەببووەوە، کە ئەوانە، چ نیاز و مەبەستێکیان هەیە؟ تا چ ڕادەیەك، لە گەڵمانا هەر ئەوها دڕدۆنگ و دڵ پڕ لە قین دەبن...!؟ بەڵام هەستمان دەکرد، کەوا خەریکی پیلان و شەڕوکووکە نانەوەیەکن...! لە پاڵ ئەمانەشەوە، چاوە ترسناکەکان هەردەم بە دوامانەوە بوون.

هەتا لە دەرەوەی کارگەش، شوێن پێمان هەڵدەگیرایەوە. شتی گەلێ ترسناك و قینی ڕەشمان، لە تیشکی چاوی هەندێ کەسانی نامۆ و نەناسیاوان بەدی دەکرد...! لە هەموو دەوروبەرمان کەوتبووینە گومان. تووشی شڵەژاوییەکی دەروونی زۆر کوشندە ببووین. هەر یەکێ بەتەکمانا ڕابوردبایە یان لەبەر دەرگای ماڵمانا گۆزەری بکردایە، لە هەموو جۆرە بابەت و کەسێکەوە... لۆبیافرۆش، عارەبانچی، کەنناس، سەوزەفرۆش، پاقلاوەفرۆش و کۆنەفرۆش و باڵەچی...، هەر هەمووی... هەمووی...گومانمان لێی پەیدا دەکرد... بە دەست خۆمان نەبوو، وایان لێکردبووین، لە ماسی ناو دەریاش سڵ بکەینەوە...! سەرباری ئەوانەش، ئارەزوو هەڵوێستە دڕندەییەکانی لێپرسراوی بەشەکەمان بەجارێ هەراسانی کردبووین، ڕۆژ بە ڕۆژ قالبێکی تری بەخۆوە دەگرت. بەڵام، پێش ئەوەی ئەوان لە سەروبنی ئیشەکەمان بگەن و پلانی ژەهراوی بۆ داڕێژن... ئێمە خێراتر کاری خۆمان ڕەها کرد و لێی بەخۆ کەوتین. ڕۆژ بەڕۆژ تا من و «دلێر» خۆمان ڕێکدەخست و لە کارەکەمانا پێش دەکەوتین... ئەوان زیاتر جڵەوگیری ئاژاوە نانەوە و کاری ناپەسند دەبوون. دوای ئەوەی کە خوازبێنیم کرا، بە ڕەزامەندی دایکی و کاکم و براژنیشم... هەروەها بە ئامادە بوونی چەند دۆست و ناسیارێك...! کە ئەوان بەم خوازبێنییەیان زانی، کوورەی ڕقوقینی ڕەشیان زیاتر هێنایە جۆشدان و خرۆشان. بەتایبەتی «یاسین» لە جاران زیاتر پەردەی لە سەر ڕووی خۆی هەڵماڵی و کەوتە پەلەقاژەی هەڕەشە و گوڕەشەکردن، جا چ لە پاشملە و چ بە ئاشکرا...: »ئەگەر نەمرم لەبۆی نامرم. ئەگەر یەك ڕۆژ لە تەمەنما مابێ نایەڵم ئەو کارەت بۆ مەیسەر ببێ، ئەفەندی...! لێمان بوە بەدۆنجوان... جارێ ماڵی لێتێکداوم، ئەو جارەش دەیەوێ دەستە گوڵی خۆی لێبدا. دیارە کەسی تر پیاو نییە ئەو نەبێ. بەڵام با ئەوەش بزانێ کە لە هەموو هەورێ باران ناباری. هەر ئەتوو شەهادەت هەبوو...!؟ بزانە کوو، قەڵەمەکەت دەخەمە ناو تەنەکەی زبڵەوە. کە گوترا دەڵێی نان و پیازیان لەگەڵ یەك خواردووە...بڕایەوە...

هەزار و یەك نهێنیت دەزانم. ئەگەر لەم كارانەی خۆتا پاشگەز نەبیتەوە بزانە چیت پێ دەكەم، بزانە چیت بەسەر دێنم. شەرت بێ لە شەرتی پیاوان، دەبێ وات لێكەم، پەشیمانی دادت نەدا...! ناسیاوی من و تۆ هی ساڵێك و دوو ساڵ و دە ساڵ نییە. تەمەنێكە یەكتر دەناسین. ڕەنگە ئێستا گەر بێتە قسە، خۆی لێم بكا بەرابەر و ڕێنیشاندەر و بڵێ من تۆم بە دونیای ئیشی كارگە و فەرمانبەرایەتی و شار و شارستانییەت... ئاشنا كرد. من چاوی تۆم كردەوە، من یارمەتیم دەدایت،... من واو، واو، وا...! ئەو زەبرەی جەنابت لە منت داوە، هەتا ماوم پێیەوە دەناڵێنم، هەر چیت لێبكەم هێشتان هەر لەبن قەرزی من نایەیتە دەرەوە...!. بەڵام پشتبەستن بە كەسایەتییە بەهێزەكەی «دلێر»ەوە، بەم گەڤ و گوڕانەوە دەربەست نەبووم...! ئەو حیسابی بۆ هەموو شتێ كردبوو، ئەوەندە شارەزای ئەو پێڕە ببوو، هەموو نیاز و مەبەستە ناشیاوەكانی ناو دڵ و مێشكی دەخوێندنەوە. لە شیكردنەوەی دیاردە و هەنگاوەكاندا، گەلێ دووربین و وردبین بوو. پێش مارە بڕینمان، هەنگاوی گەلێ  بەپەلەو ژیرانەی نایەوە. پێش هەموو شت مادۆنییەكی پازدە ڕۆژی بۆ وەرگرتم: «نامەویێ لە ناو ئەو دڕندانە بمێنێیتەوە. ئەوانە لە داری زەقنەبووت وەپاش كەوتوون، دژی خۆشەویستی ڕاستەقینەن. دژی دروست بوون و گەشەكردنی كۆمەڵگا و ماڵ و خێزانی ڕێكوپێكن. ڕقیان لە هەموو كارێكی ڕاست و دروست دەبێتەوە، دەیانەوێ هەموو كەس وەك خۆیان زەلیل و دۆڕاو بكەن...!  پیاوان بكەن بە تێرنەخۆرەیەكی كاسە لێس و لرفن، ئافرەتیش بكەن بە نێردەوان... سەیرم پێ دێ، ئەو جۆرە كەسانە لە كڵێشە و كاڵای مرۆڤا بن. ئەوانە دژی هەرچی شتێكن كە ڕاستی و حەقیقەتی تێدا بێ. دژی هەموو هەنگاوێكن كە زیرەكی و لێهاتوویی مرۆڤ دەربخا، دژی هەموو بەهرە و بەهایەكن. یاسا و داد و دادوەری، لە لای ئەوانا یەك مانای هەیە و بەس...!

ئەویش ئەمەیە كە هەموو ماف و دەسكەوت و سوود و قازانجێك بە بەرژەوەندی ئەوانەوە ببڕێتەوە، گەر وانەبێ هەرچی شێواز و سیستەمێكی داد و دادوەری هەیە دەیكەن بە تەرازوویەكی چەپرەك و ژەنگاوی...! مەبدەئیان ئەوەیە، كە هەموو كەس بێ باوەڕ و بێ بڕیار بێ. هەموو كەسایەتییەكی خۆیان لە كەسایەتی دەسەڵاتداردا دەبیننەوە. دكتاتۆر لە لای ئەوانا خاوەن هێزێكی ئەزەلی و ئەبەدییە. مافی كردگارانەی لە سەر هەموو كەس هەیە... چی وت گەل بیڵێ، چی كرد گەل بیكا چ فرمانێكی دەركرد گەل جێبەجێی كا..! ژیا بژین، مرد بمرن...!

ئەگەر مرۆڤ زات بكاو بڵێ ئێوە هەڵەن، هەڵخەڵەتاون، گەر بوارتان ماوە و بە خۆتان

دەوەستن، هـەوڵـدەن بـە خـۆتـانـا بـچـنـەوە، سەیـرن... ئـێوە نـازانـن چین، مـەلـەوانـی چ زەڵکاوێکن...! هێشتا نازانن کە سەری خۆتان لەناو خۆڵەپۆتی ڕیسواییدا شاردۆتەوە. ئێوە لە دەرەوەی پەراوێزی مرۆڤایەتیدا دەژین، ئێوە تەمەنێکن بەمردوویی لە دایك بوون، مێملێکی مشەخۆرن، جەستەی کۆمەڵگەشتان تووشی داخوران و داڕزان کردووە...! ئێوە خوێن و وزەی خۆتان بە ئەژدیهایەك دەدەن، ئەهرامەکەی لە کاسەی سەر و جەستەی گەلەکەتان دروست بکا. کێ دەڵێ کاسەی سەری ئێوەش نابێتە مشتێك لەو ئەهرامە، کێ دەڵێ جەستەی ئێوەش نابێتە مشتێك لە خۆڵەمێشی ئەو ئەهرامە... ئەو کەسەی بەدوای نەمریدا بگەڕێ، نابێ بەر لە مردنیا بمرێ. خولام و خزمەتچیان، هەتا دەقەکانی کتێبی مردن فێر نەبن، هەتا لەگەڵ کۆد و ئەلفبای کولتووری ترس و کڕنووش بردن ڕانێن، ناتوانن سەرکەوتنە نێگەتیفەکان... لە خوار پنتی سفرەوە، واتا چەند پلەیەك لە خوار ڕاستەهێڵی مرۆڤایەتییەوە وە دەست بێنێ...! «پیرۆزن» گیان بمبوورە، بمبوورە، لەوانەیە درێژدادڕیم کردبێ... ئێمە لە کاتێکی ئەوەندە خۆش و ناسکداین، دووبارە نابێتەوە. حەز دەکەم هەموو ساتەکانی بەخۆشی بەرینە سەر... بەڵام چی بکەم باسکردنی ئەو شتانەش پێویستن، ناوهێنانی ئەوانیش پێویستن... تا ڕۆژیان دێ، دەبێ هەر هەوڵ دەین و هەر بڵێین و هەر خەبات بکەین... تا ڕۆژیان دێ! چی بکەم بەدەست خۆم نییە...؛ بەڵام بێگومانم خۆشترین کاتمان ئێستایە، چەند ئارەزوو دەکەم، ئاوا هەر ئاوا ماوەیەکیش بۆ خۆمان و بۆ خودی خۆمان بژین...!»

لەسەرینی ئەمەوە، لەم چەند ڕۆژەی ئەو مۆڵەت وەرگرتنەمدا، زیاتر هەستم بە دڵنیایی و بە بوون و کەسایەتی خۆم دەکرد.

خۆشترین کاتمان، هەروەك وتم، لە ماوەی ڕۆژانی دوای خوازبێنییەوە دەستی پێکرد. بـەڵام هـەڕەشە و گـوڕەشەی «یـاسین»و چـاوە تـرسنـاکـەکـان ئـەو مـاوەیـان پـێ کورت کردینەوە. نەمانهێشت ئەوەندە درێژە بکێشێ، هەر خێرا خێرا «دلێر» کەوتە مشووری زەماوەندەوە. بەڵام ئەمن هەرگیز ئەو پازدە ڕۆژە لە بیر ناکەم کە لە کاتی بووك«نیمدا لەگەڵ «دلێر»م بە سەر برد. ئەو ڕۆژە هەنگوینییانەم لێ بۆتە مێژوویەکی زەق و تیشکدار. هەموو ژیانی داهاتوومیان لێ ڕەنگ دەداتەوە.

ئەگەر بێ و هەزار ساڵ بژیم و لە دواساتی تەمەنما لێم بپرسن: چەند ژیاویت؟

بە بێ سێ و دوو دەڵێم پازدە ڕۆژ!

ئەگەر لەو ساوەی لە دایك بوویمە و هەتا بشمێنم، هەر لە خۆشیدا بژیم و لێم بپرسن، چەندت خۆشیت دیوە؟ هەر دەڵێم پازدە ڕۆژ...! لەبەر ئەوە، ژیانی ئەو پازدە ڕۆژەمان، بە گەشتی تەمەنی ناو دەبەم...! گەشتێ بوو بە چاوقوچێنێ هات و ڕۆیشت. ترووسکەیەکە لەسەری دەرزی گەلێ وردترە... لێزەرێکی تیشك پڕێن ئاسایە، هەردەم درەوشاوەیە و کوژانەوەی بۆ نییە...! پێش ئەوەی گەشتی ژیانمان زیاتر خەست بکەینەوە، بە دووان لە ناو بازاڕا، مژوولی شت کڕین بووین، لە بەردەم دوکانێکدا هەڵگیرسابووینەوە، خەریکی هەڵبژاردنی ڕەنگی کراس و کەوێ و ئێلەگی سادە و بە پوولەك بووین. خەریکی دەستنیشان کردنی ماکسی و تەنوورە و بلووز و چاکەتی هەمەچەشنە و هەمەڕەنگ بووین... بە وردی لە ڕەنگ و مۆدێلەکانیان و چۆنیەتی هەمئاهەنگیان لەگەڵ ڕەنگ و جۆر و قەبارەی کەوشی پانی بەرز و باپووج و گۆرەوی و گۆبەرە و بازن و متو مۆرووە دانسقەکانمان دەڕوانی ...! دەستم بۆ کەوشێکی بن کلاشانی برد، هەر لە پاپەجانییەکی مۆدێل زۆر کۆن دەچوو... بە سەرسوڕماوی پێم گرژییەوە. بەدەم قسەکردنەوە توند دەستەکانی ڕاکوشیم:

—لە ئێستاوە دڵی خۆت دەمرێنی...؟!

سەرنجێکی کپم بۆی ڕانا...، بەڵام ئەو هەر درێژەی بە قسەکانی خۆیدا:

– ئەوە هی پیرانە! چۆن دەبێ بووك ئەوەندە بێ زەوق بێ؟!

– نابێ قسە لە قسەی بووك بکرێ. خۆت دەزانی بووك لە کاتی بە دەستگیران کردندا دەکەوێتە کەڵە هەرزی ئارەزووەکانی و حاڵەتێکی وەك مەگیرانی، چی بوێ دەبێ بۆی جێبەجێ بکرێ، نابێ هیچ داوایەکی ڕەت بکرێتەوە...!

– بەڵێ، بەڵێ... وایە، وایە... بەڵام ئەمە ، ئەمە..! ئەو یەمەنییە ڕەشە!؟ هی سەردەمی دەقیانووسە!

دوای کەمێ بێدەنگی و بەخۆداچوونەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «پیرۆز» گیان، حەز دەکەم بە قەشەنگترین شێوە بتبینم، بە جوانترین مۆدێل بڕازێیتەوە، جوانترین بووك بیت لەم شارەدا...! من کەش و سروشتی وڵاتەکەم عەشقی جوانیان کردووم، فێری پێکەنین و زەوق و هەوەسیان کردووم...! لەگەڵ ئاڵوگۆڕی وەرزەکانا منیش سەودازەدە دەبم . وەك زستان دەگریم، وەك بەهار دەبرووسکێنم، وەك هاوین هەنسك و خەمەکانم دەبنە ئارەقەیەکی شەکەت و ماندوو، لە پایزا هەڵدەوەرێم و پۆشاکی کۆن فڕێ دەدەم...،

بۆیە ئێستاش، لەو بەهارە تاقانەی ژیانما، حەز لە هەموو شتێکی جوان و ڕازاوە دەکەم...!

گەر تۆ لە حاڵەتێکی مەگیرانی خۆتا بیت...!؟ منیش لە لووتکەی حەز و ئارەزووەکانی خۆمام، لە چلەپۆپەی تەمەنێکی ئەرخەوانی دام...

بۆیە حەز لە هەموو شتێکی جوان و قەشەنگ دەکەم...

بەدەم ئەم گوزارشتە هزریانەوە، چاوێکی بە پێڵاو و بابووجە ڕیز کراوەکانی دوکانەکەوە گێڕا... دەستی بۆ پێڵاوێکی پانی بەرز برد و پرسیارێکی ئاراستە کردم:

ئەوەیان چۆنە؟ ڕات لێیە؟

هەر خۆی دوای ئەم پرسیارەوە، یەکسەر جووتە پێڵاوەکەی گێڕایەوە جێی خۆی: ...نا، نا... ئەوەش دەست نادا. دەتکات بە دارتێل، بە منارەی چۆلی... زۆر بڵندە... چەند کەڵەگەتی ئەوەندەی تر کەڵەگەتت دەکا...! هەمئاهەنگی و ڕێکی بەژن و بالات تێك دەدا.

بەڵام من هەمان کەوشە نەوییەکانم لە ناو کیسەیەك دانا و وتم: من ئەوەم دەوێ.

– سەیرە ها...! ئەوە چۆن بۆ تۆ دەبێ، کوا بە پێت دەکا...؟

– بەڵێ دەزانم، دەزانم، بەڵام کەوتۆتە بەر دڵم....

– دەنگم دەرمەینە..! ئەوە بۆ پێی تۆ نابێ. هە ها سەیری نمرەکەی بکە.

– بە ئەقڵت بۆ پێی کێ دەبێ؟

– ها...!! جا بڵێم چی؟ نازانم، نازانم. لەو دەمە هیچ شتێکم بۆ نایێ.

– ئەمە ڕێك بە پێی «نەنە پەرێ» دەکا. ڕەنگەکەشی لێ دەوەشێتەوە.

بەم قسەیە بوو بە ئاگری ئاو پێداکراو. بە سەرسامی کەوتە سەیرکردنم. هەر لە نێوان جانتا و کیسەی شتوومەکەکانەوە، دیسان دەستەکانی گرتم و لە جاران بەتاوتر ڕایکوشی. دەنگێکی هێواشی چرپاندە بنگوێم:

– ئای کە دڵخۆشم، ئای کە سەرفراز و ئاسوودەم... چەند حەز دەکەم ئێستا هەردوو دەستەکانت وەك شەتڵە لاولاو لە ملم بئاڵێنم. هەتا هێزم تیایە لە باوەشی خۆما بتگرم.

«دوای نەختێ قووڵبوونەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی» کە گەڕاینەوە پێش ئەوەی دیارییەکەی بدەیتێ، بە «نەنە پەرێ»ت دەڵێم... هەیدایێ لەو بووکە ئاقڵەی ئەتوو هەیتت، هەی کەسێ لەو دەسکە گوڵەی ئەتوو هەڵتبژاردییە، هەی خوشکۆڵە لەو حەریمگران و بە حەیا وشەرمەی ئەتوو داخوازیت کرد...! لە جیاتی ئەوەی شت بۆ خۆی بکڕێ، بۆ

خەسووی دەکرێ. «بە دەنگێکی بەرز پێکەنی»: ئەی توخوا وا نییە...؟ دایە گیان، دایە گیان، خەریکە لێت بترسم، گومانت لێ پەیدا کەم... بەخۆ بە «پیرۆز»ی بووکت دەڵێی شتێکتان لەبن سەریدایە...! دەبینم بووکەکەت جەهاز لە بۆ تۆش دەکڕێ...! بێگومانم، ئەو کاتە دایکیشم دڵی زۆر خۆش دەبێ، گەلێ بەقسەکانم پێدەکەنێ، چونکە دەزانێ ئەوە هەموو قسەکانی خۆیەتی من پێی دەڵێمەوە و بیری دێنمەوە. هەموو ڕۆژێ کە دەبێتە باسی من و تۆ، هەر ئەو قسانە دەکا و هەر ئەوانە دەڵێ و دەڵێتەوە... لەوانەیە لەگەڵیشما بکەوێتە زارگەمە و پێم بڵێ، ناعەنداری کێڕا مەغروور بووی، هەی سەر کەستوور کێڕا کەپووت بڵند بوو... دەبینم دەمەلاسکەم دەکەیەوە وەڵڵا بابە باش، لە هەنووکەوە شتم لێ بەداوێوە دەکەی...!! ئای چەند خۆشە کە دەبینم، بەدەم ئەم قسانەیەوە، بەرە بەرە ڕەنگ و ڕوخساری دەکرێتەوە و شەکر و شاباتی لێ دەباری. ئەو دیارییە چکۆلانەیەش بە دەست و پەنجەکانیەوە دەگرێ و سەیری دەکا و وەك گوڵ پێی دەگەشێتەوە و دەڵێ، لەوێش منی لە بیر بووە...! دیارە بووکەکی ئەسڵزادەیە، کیژی خانەدانانە، سەرتۆپی هەموو کیژانە، بە چاوی بووك و خەسووایەتی تەماشام ناکا، قەت پشتم تێ ناکا، لە پەلوپۆش بکەوم لێم بێزار نابێ، لەبەر چاوی ڕەش نابم...! ئا دەبی ئەمنیش ببمە لانکژین و خەمڕەوێنت. هەرچیم لە دەست بێ تەخسیریت لە بۆ نەکەم...!

سەیرێکی دەوروبەرەکەی خۆی کرد، پاشان وتی: «ئەگەر چ کارت نەماوە بابڕۆین. بابچینە لایەك، بەڵکو بەڵکو جێگایێ ببینینەوە، لێی بحەسێینەوە، لە بەرامبەر یەکتر دانیشین بە یەکتر دواندن و لێکرامان یەکتر تێر کەین. » لەگەڵ هەنگاو هەڵێنانەوە مانەوە بەملا وبەولایدا ڕوانی، بە بڕست لێبڕایەوە کەوتە بێزاری دەربڕین»: «توخوا ئەوە شارە...! نە باخچەیەك نە جێگایەکی دانیشتن...! چی دەبوو ئەگەر لە ناو ئەم بازاڕەدا، ناوە ناوە پارکێکی خنجیلانە هەبوایە، چەند کورسییەکی لێ دانرابوایە بۆ حەسانەوە، بۆ دانیشتن... سەیرە، چی دەبوو گەر برەوێکیان بەو شارە دابوایە...! ئەوەش بوو بە عەیب، ئەوەش بوو بە گوناح و تاوان، بوو بە بێ حەیایی و بێشوورەیی...! ئێستا دەچووین لە وێکا دادەنیشتین، تێر قسەمان دەکرد. چەند خۆش بوو! لەوانە بوو پڕیش بووبان لە منداڵ و کاڵ، گەمەیان تیا کردبووایە، سواری لەلووك بوونایە، سواری ئەسپ و ترۆمبێل و چەرخوفەلەك بوونایە و سووریان بخواردبایەوە، ئەو ناوەیان پڕ لە زاق و زرووق کردبایە...!» دەنگی خۆی بەرزتر هەڵبڕی:« ... ئەی ئەی، ئاگات لە خۆ بێ، کچم نەکەوی...! ڕۆڵە تۆش هەشیاری خۆت بە، چاوێکیشت لە خوشکت بێ...! ئەوەندە گەمە لەگەڵ خۆڵ

مەکەن، برۆنە لای لەلووکەکان... یەکتر ڕاهەژێنن...!» بەدەم ئەم نارەزایی و ئەم هەموو ئارەزوو و خولیا و ئاوات... دەربڕینانەوە داخاوت و قسەی دەکرد... من قۆڵیم گرت، بۆ جادە چۆڵەکەوە، بەرەو ماڵ هەنگاومان نایەوە... بە دەمێکی بە پێکەنینەوە لام لێ کردەوە:

– حەز دەکەم پرسیارێکت لێ بکەم.

– بۆ نایکەی.

– پار و پێراریش بیرت لە منداڵ و لە گەمەی ناو باخچەی منداڵان دەکردەوە؟

– با بیریشم لێی نەکردبێتەوە... بەڵام ئێستا هەقی خۆمە.

بەدەم ئەم وەڵامەوە سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی، بە هەوەس و لە خۆبایی بوونێکی بێ پایانەوە، بە دەنگێکی بەرز هەڵیدایێ: ئێستا هەقی خۆمە وا بڵێم. ئەی خەڵك نازانێ من ژن دێنم، من، من... ژن دێنم ژن... هاوسەرم دەبێ، هاوسەر... من، ... لە بەهەشتێکام، دەبێ پڕی کەم لە گوڵ و منداڵ...!

– کوڕە وس، کوڕە وس... حەیامان چوو. ئاگات لە خۆت نەماوە. بەدەم ئەم قسانەوە دەستم بۆ دەمی برد، کپم کردەوە... بە دووان، دەستمان کرد بە قاقای پێکەنین، هەر لە ناو تین و تەوژم و زنجیرەی پێکەنینەکەیا، کەوتەوە ئاخاوتن: چەند خۆشە مرۆڤ جار جارە ڕۆمانسی بێ. ناوە ناوە لەگەڵ خەون و خەیاڵی خۆیا بۆ ئاسمانێکی تر بفڕێ، لەگەڵ لاوکا ببێتە شۆڕە سوارێك و بە پەیژە و پایەکانی ئاسمانا هەڵگەڕێ، لەگەڵ حەیرانێکی بەرزەفڕدا باڵ بگرێ و بەسەر چیا و دۆندەکاندا لە شەقەی باڵ بدا...! بۆ جیهانێکی تر سەری خۆی هەڵگرێ و هەوارگۆزی لێ بکا، هەر بڕوا و هەر بفڕێ... هەر بفڕێ، بێ کۆنترۆڵ و بێ سەیتەرە و بێ ئەمن و بێ هیچ جرۆجامشتێك... بێ کوشتن و بڕین و بێ تەهجیر و ڕاوەدوونان بێ...! با، با... بەڵێ،«پیرۆز گیان» پێویستە ئەگەر لەبن کراسی خۆشمانابێ، دەبێ جار جار خۆمان بخوێنینەوە، مێژوومان بەسەرکەینەوە، بەناو شاخ و داخی وڵاتەکەمانا گوزەر بکەین... بفڕین، گۆرانی بڵێین، هەڵپەڕین، سەما بکەین، گوزارشت لە ناخی خۆمانا بکەینەوە، شتە شاراوەکان باوێینە دەرەوە، بکرێینەوە، بۆ ئەوەی ژەنگ هەڵنەهێنین، گوزارشت لە دەرفەت و ڕۆژە نائاکامەکانی سەردەمی منداڵیمان بکەینەوە... گوزارشت لە قات و قڕی سەردەمی زوومان بکەینەوە... وەی وەی «پیرۆز گیان»، چەند حەز لە ڕۆژانی مناڵیم دەکەم، چەند حەز دەکەم منداڵ ببمەوە، بکەومە گڕوگاڵ، پڕ بەلاقم غار بدەم، پڕ بەقوڕگم بزریکێنم، جەنە لە هەموو شت بگرم،

گرناگە لە هەموو شت داگرم، پڕ بە دەنگ بگریم، پێبکەنم، هاوار بکەم،... هەر ئەو کاتە من سەربەست و سەرفراز بووم، چونکە بە بیری منالّی بیرم دەکردەوە، گرنگ ئەوە بوو تێر بوومایە، جلوبەرگی نوێم هەبوایە، تێر تێر یاریم کردبوایە...چ تەنگوچەڵەمەی ترم نەبوو، بیرم لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە. «دەستێکی لەسەر شانم دانا، بە پێکەنینەوە لای لێکردمەوە»: ئێستاش حەز دەکەم لە باوەشی تۆدا منداڵ ببمەوە، ئەگەر گریام ئاشتم کەیتەوە، سەرم بخەمەسەر شلکەی ڕانت، ئیتر سەرخەوێ بمکا بە پەروانەیەکی باڵنەخشین، بمکا بە ماسییەکی ڕەنگاو ڕەنگ: «بەرە بەرە قسەکانی خۆی قووت دەدایەوە، وەك ئاگرێکی ئاو پێداکراو سارد هەڵگەڕا، بە داخ و حەسرەتێکی زۆرەوە، لەبەر خۆیا کەوتە پرسیار کردن و قووڵبوونەوە»ی: ... بەڵام کەی، چۆن، لە کوێ...؟ نەك لێرە، نەك لێرە، مەبەستم ئێرە نییە، مەبەستم ئەو سەردەمە ڕەشە نییە، لێرەدانە شتی جوان دەبینرێ، نە شتی ڕاست دەبینرێ، نە هەست بە مرۆڤایەتی دەکرێ، نە شتێ هەیە... بەناوی ژیان بەدی بکرێ... ئێرە بۆتە کوڵخانی ژیلەمۆ بەباکردنەوە، بۆتە تونێڵی تاریکی، خەرەندی خوێناوی، مۆزەخانەی پڕ لە لەیستۆك و بتی سەردەم... ئێرە پڕە لە جاڕنامە و مەنەفێستی بەتاڵ و کتێبی بێ ئەلف و بێ...! لێرەدا تەنها پیشەسازی مردن لە برەو و گەشەکردندایە،... گرتووخانە و دادگاکان، هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نییە، هەردوو وەك یەك بوونەتە فایریقەی مردن...! بەندیخانە و زیندانە ڕەشەکانیش سەرچاوەی کەرەسەی خاون، دادگاکانیش وەك شەمەندەفەری مەرگ بۆ قەسابخانەکان ڕایاندەگوێزنەوە... لە وێوە بۆ وێ، کەرەسەی خاوی مەرگ ئالۆێری پێدەکرێ، هەموو ڕۆژێ، کۆمەڵە گەنجێکی بە خنکاوی و بە شەتو پەتکراویان لێ دەردەچێ، کۆمەڵێکی تریان تێ دەئاخنرێ...! بەڵێ، بەڵێ، «پیرۆز گیان» ئێمە هەرگیز چێژ لەم دەوروبەرە بۆگەنە وەرناگرین، بەهیچ بارێ ناتوانین لەگەڵیا تێکەڵ بین، قبووڵی بکەین...! بۆیە ناچارین کە ڕۆمانسی بین، ناچارین بفڕین، خەون ببینین، لە دەریای ناهەستا خۆمان نقوم کەین، مەلەی تیا بکەین، لەگەڵ شەپۆڵەکان تێکەڵ بین... بەڵێ، هەر بە خەیاڵ، تەنها بە خەیاڵ... چیتر نا... چیتر نا...! هەر خەون و خەیاڵە داڵدەی ئێمە دەدا، هەر خەون و خەیاڵە فریادرەسمان دەبێ...!. حەز دەکەم ببمە کۆترێکی سپی باڵنەخشین، بەسەر هەموو دەشت و کێوی وڵاتەکەما بفڕم... لە ئەراراتەوە لە شەقەی باڵ بدەم، لە حەمرینا لەنگەر بگرم، لەسەر دوا لووتکەیا وچانێ بدەم، بفڕم بەسەر هەموو گۆڕە نامرادەکان... کفن خوێناوییەکان...! لایێ لە (U.N.) و کۆڕ و کۆنگرە جیهانییەکان بکەمەوە و بڵێم: من

نمایندەی کۆترێکم... من لە هێلکەی کۆترێکەوە چاوم ترووکاوە... ئەو کۆترەی کە لە «سیڤەر» چاوی پشکووت و لە قەسابخانەکەی «لۆزان»دا سەرتان بڕی...!... ئەی هەر لە مەڕ ئەو هەموو زلم و زۆرداری و مێژوو چەواشە کردنەوەیە... خەڵکی ئەو مەڵبەندە، هەموو بوونەتە شاعیر و دەروێش و خەرقە پۆش و هەردەگەڕ، وەك بولبول دەچریکێنن، وەك بێ نەوایان دەناڵێنن...« جوولەیەکم بۆی کرد، دەستم لە ناو قەدیەوە ئالاند، پەیتا پەیتا خامۆش بووەوە، بە ئاخاوتنێکی کەل و شکاوەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی»: قوڕ بەسەر ئەو کەسەی وەك من نییە... قوڕ بەسەر ئەو کەسەی کە وەك من ناژی...!! «دوای ساتێ لە بێدەنگی و بیرکردنەوە، خۆی لێ نزیکتر کردمەوە، منیش دەرفەتێکم بۆ خۆم ڕەخساند و ویستم زیاتر خامۆشی بکەمەوە، لێم پرسی»:

– تۆ بەختیاریت ؟ لەو ساوە لەگەڵمایت هەست بەخۆشی و ئاسوودەیی دەکەیت؟

ئەو پرسیارەم گەڕاندیەوە ناو جیهانە تایبەتییەکەی خۆمانەوە. بە چەند جوولە و ڕەفتارێکی سۆزدارەوە، کەوتەوە ناو ڕۆژانی خوازبێنی و بووك و زاوایەتیمان... درێژەی بە قسەکانی خۆی دا: حەزم دەکرد، تا دوو ڕۆژ سێ ڕۆژی تر، ئێوەش بەخۆ کەوتبان،... چۆنیان دەوێ و چۆنی خۆت ئارەزووت لێیەتی، لەگەڵ دایکما کارەکان ڕاپەڕێنین، هەموو جەهازەکان ئامادە بکەن. ئێمەش بە دووان دەچین ژوورەکەی خۆمان ڕێکدەخەین، چۆنی بمانەوێ وای دەڕازێنینەوە... کە کاتی گواستنەوەش هات، بۆ ئێوارەکەی، زەماوەندێکی خنجیلانەی بۆ ڕێك دەخەین هەر تەنها هەندێ خزم و کەسی هەردوو لامان و هەندێ دراوسێ و ناسیاوانمان لەگەڵ چەند دۆست و هاوڕێیەکی خۆم بانگ دەکەم... وا بزانم هەر ئەوەندە بەسە...! خۆت دەزانی، وڵات هەمووی تازیەدارە، خەڵك هەموو ڕەشپۆشە، ئێمەش نامانەوێ لەوان دابڕێین، بەلام ناشبێ ئەو هەلە لە دەست خۆمان بدەین، ئەو هەلە دەستەچیلەی چەندە ساڵ و سەردەمی بەهاری تەمەنمانە، هەریەك جار لە ژیانماندا ڕوو دەدا...

بەهەر چۆنێ بێ دەبێ، ئەو هەلەی ژیانمان بە هەموو وردەکاریەکی خۆیەوە، بە هەموو لایەنەکیەوە، بیقۆزینەوە و وە بەری بێنین، نەیەڵین هیچ کات و ساتێکی بە فیڕۆ بدەین... بۆ یاد و یادگاری هەتا هەتایە دەبێ زەماوەندێکی بۆ ساز بدەین... بە دەستەوایی خزم و خۆیشان، شای و ئاهەنگی بۆ بکەین، بۆی هەڵپەڕین، گۆرانی بۆ بڵێین...

«دوای ساتێ لە قووڵبوونەوە و بەخۆ داچوونەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی»: گەر ڕاستیت دەوێ من خۆم تێنووی ئەوەم کە بە سرووده مارشی «ئەی ڕەقیب» دەستمان بە

زەماوەند بکردایە، بەردەرگای ماڵمان، بە ئاڵای وڵاتەکەم برازاندبوایەوە، ئەو ئاڵایەی کە لە «چوار چرا»و لە سەر بارەگای «پێشەوا»دا دەشەکایەوە، بەڵێ، لەبن سێبەری ئەو ئاڵایەی کە لەگەڵ لە سێدارەدانی پێشەواکەی...دا، ئەویشیان کردە خۆراکی ئاگری ڕق و قینیان... بەڵام... قوڕ بە سەریان...!! لە ناو گڵکۆی ئەو گۆڕە پیرۆزەوە، دەیان سەرکردە و پێشەوای تر سەریان هەڵدایەوە، لە ناو خۆڵەمێشی ئەو ئاڵایەوە، هەزاران ئاڵای تر شەکایەوە... هەی لە خەیاڵی خاوی خوێنڕێژان، چەند کورد نەناسن...!! چەند بە سووك و ڕیسوایی بیر دەکەنەوە...!! بەڵێ، بەڵێ... «پیرۆز گیان»، دەبێ کۆشش بکەین، هەوڵ بدەین، خەبات بکەین، تا لەژێر سێبەری ئەو ئاڵایەوە، نەوەی نوێمان دروست بکەین... وەی «پیرۆز گیان»... «بەدەمێکی بەزەردەخەنەوە زیاتر خۆی لێ نزیك کردمەوە»: خەریکە وەك باوکێ بیر لە دواڕۆژ بکەمەوە، وەکو باوکێك هەست بە لێپرسراویەتی و چۆنیەتی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکانی داهاتوو بکەم... «من کە ئەو قسانەم گوێ لێ بوو، کەمێ شەرم دایگرتم بەڵام گەلێ تێنووی قسەکانی بووم، وەك تیشکی لێزەرێکی ڕوحی، تنۆك تنۆك خانۆچکەکانی مێشکیان دەپێکام، گۆشە تاریکەکانی دڵ و دەروونمیان ڕەوشەن دەکردەوە، دڵۆپ دڵۆپ ڕوح و جەستەیان پڕ لە ئاورینگ دەکردم...»... گیانە چەند حەز دەکەم منداڵەکانمان بە سەربەستی لە دایك بن، بەئاسوودەیی ڕەفتار بکەن، بە ئازادی بیر بکەنەوە، بێ سانسۆر بژین... بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ، دوور لە هێزە گومراوەکان، دوور لە چاوە ترسناکەکان، دوور لە نیگا ژەهراوییەکان... بێ گرێوگواڵ... گەورە بووبان... دوور لە کولتووری ترس و تۆقاندن، دوور لە یاسای دارستان نەشونمایان کردبووایە، کەسایەتی خۆیان بنیاتبنابوایە...! تۆ بڵێی، تۆبڵێی وایان ببینین، تۆ بڵێی بەو ڕۆژە بگەین...!؟... یا ئەوانیش هەمان ئازارو نوشستیەکانی ئێمە دەچێژن...!؟... من کە ئێستا لە لووتکەی خۆشی و بەختیاریدام، جار جاریش هەست بە گوناح دەکەم... دوژمن وای لێ کردووین... کە بەم شێوە بیر بکەینەوە... ترسان، نیگەرانی، ئەگەری جەرگبڕ، گریمانەی مەرگئامێز. برین و ناسۆری..!! ئاخ خ دوژمن...!!... تۆبڵێی ئێمەش نەوەیەك دروست بکەین، ئاوا وەك خۆمان بە کوڵێ خەم و پەژارەوە هەڵپڕوکێن، ئاوا هەردەم ترس و تۆقێن لە دەرگای ماڵیان بدا...!... بەڵێ، بەڵێ »پیرۆز گیان« هەروەك وتم، وا دەکەین... هەر چەند کەس و چەند خێزانێکی دیاریکراو بانگ دەکەین. ئەدی وا نییە...؟ پیرۆز... ئەدی وا نییە...؟ تۆش هەروات پێ باش بوو، ئەوێ ڕۆژێ لەگەڵ دایکما هەر دەتوت مامۆژن، با لە کورتی بیبڕینەوە... منیش نامەوێ بە هەرا وهۆریا و گەڕەلاوژە

بێ، سەردەمی هەلهەلە و تیلیلیلی و گەنم و چوکلێت و شیرناتی بەسەر بووك و زاوادا کردن بەسەرچوو... حەز بە ترومبێلی زۆر ناکەم، بە فیقوهۆڕ دوامان کەون و بکەونە پێشبڕکێ... نا نا نەخێر نا... منیش ئەوەم پێ باش نییە، تۆش ئەوەت پێ باش نییە... براژن و پلکەکانیشت دڵیان نەرم بووە، هاتوونەتە سەر ڕای ئێمە، دایکیشم هەروای پێ باشە کە بە مەولوود خوێندنەوە ئاهەنگەکەمان پیرۆز بکەین... ئەو وای پێ باشە، هەر واشی دەوێ، ئێمەش لە قسەی دەرناچین...مـن، خـۆم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمەوە دامانناوە بەر دەرگای ماڵمان بڕازینینەوە، لەسەر ڕەنگ و دیزاینی ئاڵای وڵاتەکەمانەوە، چەند گڵۆپی ورد و دەبدەبە و تەناف و کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگمان هەڵبژاردووە، هەر ڕیزە لە سەر ئەندازە و نەستەقی ڕەنگی ئاڵاکەمان بەردەرگای پێ دەڕازێنینەوە.

«من خێرا خێرا، بەربینگم لێی گرت و وتم»: هێواش، هێواش... وتمان بفڕە، بەڵام یەکجار واش نا...! وتمان ڕۆمانسی بە، بەڵام خۆت وتەنی نەبی بە «بایرۆن»ێك لەناو چاوی سروشتا خۆت بخنکێنی...! ئەوە تۆ چ دەڵێی، لە کوێ دەژی...!؟ چۆن ئاڵا دروست دەکەی...؟! چۆن دەرگای پێ دەڕازێنیتەوە!؟ تۆ لە کوێی، باسی چ سەردەمێ دەکەی!؟ لە ڕۆژی خوازبێنییەوە، هیچ ئاگات لە خۆت نەماوە. لەوساوە لە سەر ئەرزا نەماویت، بووی بە خانەزای مانگ و ئەستێران... هەر دەفڕی و نانیشێتەوە...!

– نا نا «پیرۆز گیان».. نا.. لە قسەکەم نەگەیشتی... دەڵێم هەر لەسەر سیستەم و ئەندازەی ڕەنگەکانەوە...، دیمەنێکی وا دروست بکەین، چۆنیەتی دابەشکردنی ڕەنگەکان بکەین بەهێمای ئاڵاکەی خۆمان...! لە سەرەتاوە تەنافێ ڕادەنێم هەموو گڵۆپ و کاغەز و دەبدەبە سوورەکانی لێ هەڵدەواسم... بەڵێ، بەڵێ، ڕەنگی سوور شەهیدەکانمان دێنێتەوە بەرچاو. با ئەوانیش لەگەڵمان بن، با ئێمەش لێیان دانەبڕێین. گەلێ خزم و کەس و دۆست و برادەری نزیکم لە شۆڕشا شەهید بوون، لە زیندانا لە سێدارە دراون، لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست داوە...! من لەم ڕەنگەدا هەموویانم دێنە بەرچاو، قسەم لەگەڵ دەکەن، پیرۆزباییمان لێدەکەن... بەڵێ گیانە، بەڵێ... ئەو ڕەنگە ئاه و ناڵەی ساتی بێهۆشی و بوورانەوەی گەنج و لاوی زیندانە ڕەشەکانمان دێننەوە بەرگوێ، دروشم هەڵدان و سروودەکانیانمان، کە بەدەم هەژاندنی پەتی سێدارەکانەوە چریویانە دێتەوە بەرگوێ... خوێنی پێشمەرگەم دێنێتەوە بەرچاو... کە بە برین و ناسۆری خۆیانەوە، لە شەڕی دەستەویەخەدا سەریان ناوەتەوە... ئەو پێشمەرگانەم دێنێتەوە بەرچاو... ئەوانەی کە لەدوا فیشەکدا دەستگیر دەکرێن و بە دەستی بە کەلەپچەوە لە ناو کۆپتەرە

سەمتییەکانەوە لە ئاسمانەوە ڕا سەرنگومیان دەکەن... ژیانی کراس ڕەش بە خۆ بە هاوسەرەوە، دایکانی قەڵەندەر و جەرگسووتاو بە خۆ بە مناڵەوە...لەو ساتەی کە زیندەبەچاڵ دەکرێن. بەڵێ، بەڵێ ئەم ڕەنگە هەموو ئەوانە و گەلێ پیرۆزیی تریشی بەخۆیا گرتووە...! تەنافێکی تریش بۆ ڕەنگە سپییەکە رادەنێم، بە جۆرە هاوێنەی کۆتر و دروشمی سپی دەیڕازێنمەوە...! ڕەنگی سپی پردێکی ئەفسووناوییە بە هەموو جیهانمان دەگەینێ. گەمییەکە بۆ هەموو دەریا و زەریاکانمان دەبا، بۆ هەموو ڕووکارێکی ئاوی و وشکانیمان دەبا، بۆ هەموو شوێنێکی نزیکە دەست و دوور و دەرازمان ڕادەکێشێ، ئەسپێکی باڵدارە دەمانگەینێ بە هەموو خەڵك و خانەزای ئەو هەسارەیە... لە وێکا هاوار دەکەین، جاڕ دەدەین، ئێمە ئاشتیخوازین ئاشتیخواز... ئێمەش مرۆڤین مرۆڤ! نەتەوەیەکین ئەوەندەمان خوێن لەبەر ڕۆییوە، هەرگیز حەز بە خوێن ڕشتن ناکەین، دژی شەڕین، دۆستی ئاشتی و تەباییین... زۆر لە مێژە بە دوای ئاشتیدا وێڵین بەڵام تا ئێستا نەماندۆزیتەوە. ئێمە گەر بتوانین... گەر لێمانگەڕێن بە دەنووکی کۆتر دەکەوینە غەبابەتی تۆڵە سەندنەوە. بەڵێ ڕەنگی سپی لای ئێمە زۆر پیرۆزە، هێمایە بۆ ئاشتی و بە یەکەوە ژیان، هێمایە بۆ جوانی سمرێتك و دۆندە سەر بە بەفرەکان. هێمایە بۆ مەندیل و مێزەرە پیرۆزەکانی شاعیرە کلاسیکە دانسقەکانمان..! هێمایە بۆ دڵی پاکی «شێخی پیران» مەزن و سەرکردەی گیانی شۆڕشگێڕی و بەرخودان... هێمایە بۆ دڵە گەورەکەی پێشەوا و یەکەم سەرۆك کۆماری کوردستان، کە بێ باکانە و دڵپاکانە، بە خۆ بە چرا هەرگیز درەوشاوەکەی ناو مێشك و دڵە گەرمەکەیەوە، پەت و قەنارەی کردە پایەندازی کەوشەکانی...! هێمایە بۆ مەلیکی کورد، بۆ شێخی شۆڕشگێڕ... ئەو شێخ و سەرکردە بلیمەتەی.. کە...هەتا ڕێگای ئاشتی هەبوایە بیری لە چەك نەدەکردەوە... پێش ئەوەی دەست بۆ چەك بەرێ، لە پێناوی دۆستایەتی و برایەتی خەباتی دەکرد...

بانگەواز و زایەڵەی ئاراستەی هەموو شوێنێ دەکرد: لەگەڵ هەموولا، لەگەڵ هەموو هاوسێ دڵنیای دەکردن: دروشمان بەیەکەوە ژیانە، بەخۆشی و ئاسوودەیی ژیانە... ئێمە شەڕکەر نین، مافمان ئەمە و ئەمە و ئەمەیە...! بەر لەوەی بچێتە سەنگەری شەڕەوە، سەنگەر و سپێری کرد بە دەزگای پەخش و چاپ، بەرلەوەی گوللە بتەقێنێ نووکی خامەی تیژ کرد، بەرلەوەی ئەشکەوت بکا بە جبەخانە، کردی بە چاپخانە، خامە و مەرەکەب و کتێبخانەی لێ دانا...نامەی ئاشتی بە چاپ گەیاند، بانگی هەق و برایەتی و بەیەکەوە ژیانی ڕاداشت...!

ئەو ڕەنگە هێمایە بۆ ئەو سەرۆکە نەمرەی کە لەسەر « کەلی پیر ئاو دەل» و هەرچی لووتکە و دۆند و سمرپکتی بالا بەرز و سەرکەش هەیە.. زایەڵەی شۆڕشی بە درێژایی چیای «شیرن» و «حەسارۆست» و «قەندیل»...و هەموو زنجیرە بەرزایی و گوزەرگایەکی کورد رانا و بە درێژایی تەمەنیا کەوتە شۆڕش بەرپاکردن و بەرخۆدان...و دەیفەرموو: دەبێ سەرفی نەزەر لە مەسڵەحەتی شەخسی بکەین... گەر غەڵەتم کرد پێم بڵێن، بۆم ڕاست بکەنەوە ...، ئەوەی بەبێ شەڕ دەستمان کەوێ، نکووڵی لێ ناکەین، ئاوی لێ ناخۆینەوە... ئێمە کوشتەی دەستی سیاسەتی تەوەرە بەندین، مەلێکین لە سەر دەستان، هەر گاوەکی دەستی خۆیان داخست نەفەسبڕ دەبین، دەخنکێین. بەڵێ... بەڵێ...هەر دوای چەند ساڵێ فەرمووەدەکان هاتنە جێ، نەهەنگی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کردی بە هەورە تریشقەیەکی ستەمکار، باڵی بەسەر وڵاتمانا کێشا، لەگەڵ گرمەی گەواڵەکان، لەگەڵ هەناسە ڕەشەکاندا، تیرێکی ژەهراوی هاوێشتراو بەسەر گۆڕی پێشەوادا گوزەری کرد و گڤەی هات، بەسەر ئۆردوگا و چادری پەناهەندەکانا ڕۆیشت و گڤەی هات... بەسەر گۆڕی جوانە مەرگەکانا گوزەری کرد و گڤەی هات. رك و رك لە موورەگەی پشتمان چەقی...ئاااخ خ پیرۆز گیان، هیچ شوێنێ لە جەستەمانا نەماوە نەپێکرابێ... کەی لە قۆناغ و مەنزڵگا نزیك کەوتینەوە، شتێکی وامان بۆ پەیدا دەبێ. گەلێ جاری تریش ئاوا، ئاوا، هەر بەم ئاوایە شیر و تیر و خەنجەری ژەهراوی، موورەگەی پشتی پێکاوین، سەر دڵی کردووین بە نیشانە... ئێمەی گەڕاندۆتەوە دوای کاروان...! حەیف و مخابن بۆ ئەو شۆڕشگێڕ و سەرکردانەمان،، بۆ شەهیدانمان... حەیفم پێ دێ لە هەناوی زەویدا ڕابکشێن، لە تۆێی خاکا بنوێنرێن...! ئەوانە پاسەوانێ بوون بەدرێژایی ژیانیان هەر لەسەر پێ بوون، خەو لە چاویان تارا بوو، خۆشی بە ژیانیانا نامۆ بوو،... نەیاندەزانی بخەون، نەیاندەزانی ڕابکشێن، پشوو بدەن، خۆیان تەنها کەن... نەیاندەزانی ژیانی خۆش چییە؟... کۆشك و سەرا و باڵەخانە چییە...؟ گەندەڵی و گیرفان پڕکردن چییە؟ ئەو شتانەیان نەدەزانی، دەروێشێکی کەشکۆڵ لە شان بوون بۆ گەلەکەیان، لە هەموو دەرگا و ئەیوانێکیان دەدا... بۆ کێشە ڕەواکەیان هەموو ڕێگایەکی هات و نەهاتیان دەگرتە بەر... بۆ هیند و سند و بیابانەکانا تاراوگە کرابان، بۆ ڕۆژی دواتر لە ناو شاخەکانی کوردستانا بەدیار دەکەوتنەوە. بۆ بیابانی بەفر و سیبریا و دیواری چەقۆ و پۆلابەندی قەسابخانەکەی «لۆزان» تاراوگە کرابان...، بۆ ڕۆژی دواتر لە شاخەکانی کوردستانا هەڵدەگیرسانەوە... ئەوانە شانازی نەتەوەکەمانن، بەشێکی هەرە ڕوون و ڕۆشنایی

شارستانی میللەتەکەمانن...! خەڵکانێ شانازی بە ئەهرامێ بکەن، کە هێمای بێگاری و بەندیواری و گەلەمرییە،... خەڵکانێ شانازی بە مێژوویە بکەن کە مێیایەتی گەورەترین تاوان بێ و ئەرزشی زیندە بەچاڵکردنی هەبێ...! خەڵکانێ هەرچی ڕێنمایی و کتێبی پیرۆزی ئاینی هەیە لە وشتر باری بکەن و بە باروبنەوە سنووورداشی بکەن...! گەلی و دۆڵە شاخەکان بکەن بە سەفەربەلگی گۆڕی بەکۆمەڵ...، بە بیابانی زیندەبەچاڵکردن، بە چەقۆی پاکتاوکردنی ڕەگەزایەتی و شانازیش بەو ڕابردووانەی خۆیانەوە بکەن، ناوی لێ بنێن شارستانییەت و لانکی مرۆڤایەتی و پێشیەوە بنازن... هەوڵ بدەن، نەتەوەیەك بە هەموو قورسایی مێژوو جوگرافیا و ئیتنۆگرافیای خۆیەوە بسڕنەوە،... تەنانەت، ئەگەر ناوی نیشتمانەکەی خۆیان بێنن، بە تاوانبار ناوزەد بکرێن، تەڵاقیان بکەوێ، گەر خەباتی بۆ بکەن، شۆڕشی بۆ بکەن، مارە و تەڵاقیان بەتاڵ بێ، بە هیچ مەلا و کۆڵەگەی دینێ چاك نەبێتەوە...!... توخوا «پیرۆز گیان» ئەمە دواکەوتوویی نییە...؟ نەزانی نییە...؟ کێ هەیە لەوانە دواکەوتووتر، لەوانە نەزانتر لەوانە دڕندەتر...!؟... وڵاتی وا هەیە، چەند پینەو پەڕۆکیان لەیەك داوە و شتێکیان دروست کردووە...جا لەژێر هەر پێناسە و ناوێکەوە بێ... کۆمار، شانشین...! مێژوویەکی درۆشیان بۆ نووسیوەتەوە، چی شتی چاك و گرنگ و مرۆڤایەتی هەیە خستوویانەتە پاڵیەوە، وای دەردەخەن هەر لە ئەزەل و ئەبەدەوە هەر هەبووە و هەر خاوەنی یاسا و ڕێسای شارستانییەکان بووینە...! ئەی ئێمە دەبێ چی بڵێین؟ چۆن نابێ سەری ڕێز و نوازش بۆ ڕابردووی دوور و نزیکمان دانەنەوێنین؟ چۆن دەبێ ئیکلاممان بۆی نەبێ...!؟ ڕێزی بێ پایانمان بۆی نەبێ؟... چۆن...!!؟ «پیرۆز گیان» من نازانم بۆ وا خۆمان بە گچکە دادەنێین!؟ چیمان لە خەڵکی تر کەمترە...!؟ بۆ خۆمان نەناسین، بۆ خۆمان نەخوێنینەوە...؟! «کپی و بێدەنگی شەقامەکەم بەهەڵ وەرگرت، دەستێکم لەملی کرد، بەسنگی خۆمەوە نووساند» دەی چیتریش، چیتریش...؟ ئەی ڕەنگەکانی تر، توخوا دەی، ئەی سەوز ئەی زەرد...؟ باسی ئەم ڕەنگانەشم بۆ بکە، لە مانا و هێمای سوور و سپی گەیشتم، ئەی ئەوانە، هێمای چی دەبەخشن، چیمان بیردێنێتەوە، چیمان پیشان دەدەن...؟... یا هەروا بەخۆڕایی کەوتوونەتە ناو ئاڵاکەمانەوە، هەر بۆ جوانی بەکارهاتوون...؟!

– کێ هەیە نکۆڵیان لێ بکا. کێ هەیە بایەخ و بەهایان نەزانێ، مەگەر ئەو کەسەی کە وڵاتەکەی خۆی نەناسێ، کێ هەیە وڵاتە پڕ لە خۆرە زەرکەفتەکەی خۆی نەناسێ؛ وڵاتێکی پڕ لە مێرگ و مێرخوزار و پڕ لە دار و دارستان و شاخ و کێوی دامەن

ڕەنگاوڕەنگ...! مەڵبەندەکەی ئێمەش، یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە ئەویش ئارامگا و مەرزو بوومی سەرچاوەی مرۆڤایەتی و هەموو جۆرە زانست و زانیارەکە...! بۆ زیاتر زانیاری وەرگرتن، بڕۆن لە نیاندرتاڵ بپرسن، بڕۆن چاوێ بە «شانەدەر و زەرزا و هەزارمێرد» بخشێننەوە، بڕۆن کوڵەگە کلسیپەکان «ستالاگمایت و ستالاکتایت»ی ئەشکەوتەکان بخوێننەوە، تویکڵ و پاتەکانیان شی بکەنەوە...لەگەڵ ڕەوەی «زریموك» بفڕن، تا بەشوێنەواری دێرین و جێنەزەرگەی باو و باپیرانتان ئاشنا بکەن...! ئەوسا دەزانین ئێمە گوزەرگای چ مرۆڤێکی کۆنین. چەندەها جار کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیمان لە قڕکردن ڕزگار کردووە، چەند پێغەمبەرە پیرۆزەکانمان بەخۆ بە کەشتیەکانیانەوە لە خنکان ڕزگار کردوون، چەند ناس و ئەجناسمان لە نەمان پاراستوون...بەڵێ «پیرۆز گیان» ئەو کاتە نیشتمانەکەی خۆمان دەناسین، ... ڕەنگەکانی ناو ئالا و ڕەنگە سروشتییەکانی خاکمان بەیەکەوە پەیوەست دەکەین و دەیکەین بەهێمای پیرۆز... بەڵێ، بەڵێ «پیرۆز گیان» ئەو دوو ڕەنگەی تۆ ناوت هێنان ئەوانیش وا لە کوردستانا بەرجەستە بووینە، هەردوو شێواز و ئەنجامی یەکترن تانوپۆی یەکترن...! نە ڕووکاری کەسکی کوردستان بێ خۆر دەژی و نە خۆری پڕشنگ زێڕاوی، بەبێ ئەوان بایەخی دەبێ... ئا ئەمەیە کوردستانی سەوز و پڕ لە مێرگ و بەهار، کوردستانی سەرچاوەی زانست و زانیاری...! بەڵێ، بەڵێ... پیرۆز گیان... ئەمە هێماو جەڤەنگی پێکهاتەی ئالاکەمانە...! هەر ئەوە ماوە بەخۆمان بڵێین و، لە خۆمان بپرسین: کەی دەبێ هەموو گۆڕەپان و دووڕیانەکان بکەین بە چوار چرایەکی سەرمەدی و جاویدانی، تا ئەو ئالایەی لەسەر هەڵبدەین...!؟ کەی لەسەر ترۆپك و شوێنە بەرزەکانی شارو دەر و هەموو دەوروبەرمان، ئەو ئالایەمان بە سەرفرازی و ئازادی... بەرز بەرز بشەکێتەوە...!؟» وەك بڵێی هەستی بە جوولەی ئێمەوە کردبێ، یەکسەر لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە و بەپەلە پڕووزێ بۆ لای ژوورەکەی ئێمەوە هات...، ئەو کاتە هەموومان تێر خەو ببووین، بەڵام هەر کەسە لە ناو نوێنی خۆمانا، وەك ئەرخەوانی چاو بەخەو کڕوکپ لێڕاکشابووین، ئەویش وەك زەیستانێ،...منداڵدانی خەیاڵ و وردەکارییەکانی، دیسان بۆ ژوورەکەی تر هەنگاویان پێ هەڵنایەوە، ئیتر لەگەڵ ڕۆژانی پێشووی تێکەڵ بووەوە: «دەمەو کێشتەنگاو، لە ناو هەلهەلە و چەپڵە و دەنگی گۆرانییەوە «نەنە پەرێ» قۆڵی لە قۆڵی هەردووکمان هەڵکێشا...«مۆژدەی نەخشین»ی ماڵە دراوسێمان، قوتابییەکی جوان و ژیکەلە بوو، لە دواوەڕا تەشك و دامانە درێژەکەی کراسی بووکێنیمی هەڵگرتبوو، نەیدەهێشت لە سەر زەوی بخشێ...« لە ساتێکی بێ ئاگاییدا، لە شوێن خۆیا

هەڵسایەوە، چوو ئەلبوومەکەی لە ناو سندووقەکەوە دەرهێنا. بە فرمێسکی گەرمی کەوتە سەیرکردنی وێنەکان. بە هەمان خولیا و نەفەسی جارانەوە بە هەنسکی گریان لەگەڵ وێنە و ڕەنگ و دەنگەکانەوە تێکەڵ بووەوە: «... ئیتر لەگەڵ چەند ترومبێلێکی ترەوە، ناو کۆڵانمان بێدار کردەوە، پەیتا پەیتا لە سەرەدیقانێی ماڵان و سەرهەڵکێشان و هەڵقوت هەڵقوتی پەنا ستارەی سەربانەکان، دوورکەوتینەوە و ڕێگای هاوینە هەوارەکانمان گرتە بەر. مامی گەورەی و دوو کەسی تر، لە ترومبێلەکەی دوای ئەوانیش ماڵی خوشکە «نەخشین»ی دراوسێمان بوون...، دوا بە دوای ئەوانیشەوە، چەند ترومبێلێکی تری خزمان و دۆست و هاوڕێ تایبەتییەکانی ئەو و هەندێ لە ماڵە دەستە خوشکەکانی من بوون... ڕێگا هەتا بڵێی ... ئۆتمبێل و قەرەباڵغییەکی زۆری بەسەرەوە بوو. «لۆفەکانی پیرمام»، لە هەموو جۆرە ماشێنێك جمەی دەهات. هەموو پشتەو شار ببوونەوە، ڕوویان لە هاوینەهەوارەکانی «مەسیف» و «سەری ڕەش» و «شەقڵاوە»... دەکرد.

هەموو ڕۆژی هەینی و ڕۆژانی پشوو ببووە نەریتێکی باو... ئەو ڕێگا و بانانە لە گەشتکەران سینخناخ ببن. گوزارشتیان لە بێزاری و لە جەور و ستەمی ئەو سەردەمە دەکردەوە. هەریەکە دەیویست بە گوێرەی بیروبۆچوونی خۆی بەرینگاری لەو سەردەمە ڕەشە بکاتەوە. ئەگەر چی هەر لە ڕۆخ شارەکانەوە تا بناری چیاکان... هەموو ڕێبازگە و ڕێگاکانیان بەرەبیە و ناقیلە و زیلە سەربازەکانەوە داچێنرابوون... بەڵام خەڵکەکە هەرگیز سڵیان لێیان نەدەکردنەوە... ڕۆژبێریان نەدەکرد، لەکاتی ڕۆژانی پشوو بۆی سەردەکەوتن...!! لە گۆڕەپانەکەی بەردەم گرووپە خانووی «k»ی گەشت و گوزارەوە دابەزین. هەر چوار دەورمان بوو بە ئاپۆرای هاوڕێ و خزم و خۆیشان... بوو بە چەپڵە ڕێزان و گۆرانی وتنی بووکانە و لەولاتریش کۆمەڵی گەنجان دەستیان کرد بە شایی و هەڵپەڕکێ.

«نەنە پەرێ» نەدەپەڕژایەوە سەرخۆی، سەرقاڵ، کەیفساز... نەیدەزانی بە چ زمان و ڕەفتارێ گوزارشت لە خۆشی و شادی خۆی بکاتەوە... لە ناو گەڕی شایی و گۆرانی و دەنگی چەپڵەوە، هەتا هێزی تیا بوو دەنگی خۆی بەرز دەکردەوە و پێدەکەنی... داخاوت...» هەی مەرگم بە پێشتان کەوێ جۆتە کۆترەکەم، بە سەدەقەی سەری بەژن و باڵاتان بم... «سەری خۆی بەرزکردەوە، کەوتە دوعا و نزا کردن»: خودایە بمکەی بە بەلاگێڕی ئەو دوو چەپکە گوڵە، لە چاووزار بیانپارێزی..«لای لە من کردەوە»: هەی بە قوربانی ئەو دەم و لێوەت بم ددان مرواری، دەڵێی خونچەی خەولێکەتییە... بە حەیرانی سەر ڕوومەتت بم

دەڵـێی هــەنــاری شارەبــانــە سۆر دەچـێتــەوە... بــووکــە نــەرم و حــەلــیمــەکــەم، بــووکــە حەریمگرانەکەم. «مامی بە دەنگێکی بەرز ڕووی لە قەرەباڵغییەکە کرد دەوجە با بەس بی، دەی، ئەوە نیوڕان داهات، لێیان گەڕێن با بەجێیان بێڵین...!

خزم و خۆیشانی هەردوو لامان هاتن و پیرۆزبایی و خواحافیزییان لێ کردین... «نەنە پەرێ» دەستی هەردووکمانی لەسەر سنگی خۆی دانا: گەلەکت ئاگا لە بووکەکەم بی...!» پاشان ڕووی لە من کرد «شێرە ژنەکەم...» لایەکی لە دەوروبەرەکەی خۆی کردەوە، بەرز پێکەنی و درێژەی بە قسەکانی خۆی دا»: لێرە و پاش ئەمن هەر بەناوی «شێرە ژن» بانگی دەکەم... ئەتووش گەلەك ئاگات لە پیاوەکەت بی، برسی نەکەی، بە برسیتی زۆر قەڵس دەبی، وەك منداڵ جەنە دەگری» پێکەنینێکی بەرزی تری لە دەم تریقایەوە وەك منداڵ خۆی لە تۆز و خۆڵ وەردەدا... ئا ئا کزەی جەرگەکەم، گەلەك ئاگاتان لە یەك بی...!

لەولاوە «مامۆژن»ی قسەی پێ بڕی:

–نا نا کیژێ... لە خەمیاندا مەبە مە...!

ئەولاد هەر بە دایك و بابی دەوێری...!

«نەنە پەرێ» بە دەنگی بەرزەوە کەوتە قسەکردن: کە گەڕانەوە سەروپێچکتان لە بۆ لێدەنێم، گیپە و ممبارتان لە بۆ دەکەم... لە هەنووکەوە ڕا بەڕادانم داوە... حەزتان لە چ خواردنی ترە ئەوەتان لە بۆ حازر دەکەم...

«دایکی موژدە» بەدەمی بەپێکەنینەوە هەڵیدایێ: بەشی ئێمەشی تێدایە؟

– هەر ئەتوو ئەوە «نەخشین» قابیلی زیاتریشی.

– «موژدە» خۆی خستە نێوانیانەوە: ئەمنیش، ئەمنیش «دایە پەرێ» ئەمنیش دێم.

– بە دەم قاقای پێکەنینەوە لای لێ کردەوە:

هەی هەیتە، ئەتووش خۆت بە گەڵ دا...!؟ پاشان وتی: چمان لەگەڵ مەتکەبلییان پێ ناکرێ، بە هەمان پێکەنین و دەنگی بەرزەوە ڕووی لە دایکی کرد، کچێ «نەخشین» هەر دوو سێ ساڵی دییە، دەبی زوو خەمی لێ بخۆین، زوو لێی بەخۆکەوین... پێکەنینێکی بەرزتری بۆ هەڵدا: کە گۆتت مەتکەبلی برایەوە،... سوار لەسەر زین دێننە خوارێ...!

– دایکی موژدەش بۆی کەوتە پێکەنین: نەنێ، هەتا هەینێ خوا کەریمە...«پاشان وتی»: ئێمە وا دەڕۆین...، ئەگەر چ ئەمرت لە بۆ ماڵی بووکێ هەیە، هەتا بچم پێیان بڵێم؟

– زاڵم ئەمرتان لەسەر نەکا. جاریٚ لەوان گەڕیٚ لە باوەخوند ماندییان دەکەین... «بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ»: سەرشین، دەتەویٚ خۆت بدزیەوە، نۆرەی خۆت بپەڕێنی؟

– ماڵی من کاولە ئاشی خۆتانە.

– ژنیٚ...! ئەمن ئەولاو ئەولا نازانم... هێی «نەخە» لەگەڵ توومە، نەکەی بە برنج و بریانی بە ڕێمان کەی، نا ...نا نا... نە دۆڵمە نە پەردەپلاو...!

ئەمن کوببەی حەلەب و کفتەی ڕەواندزم لێت دەویٚ...لای لەوانی تر کردەوە، وەی دایێ لەو کابانە، لەو دەستاوەی ئەو هەیتی.. هەی دایێ... لەو ژنە بە هووردە و پووردە و ماڵ ڕەنگینە...! «پێکەنینێکی کتوپڕ دەستی لەسەر نووسین شل کرد...! بەڵام بەپەلە سەری خۆی خستەوە سەر پەڕەکانەوە»، دوو ڕۆژ بەسەر تەمەنی بووك و زاوایەتیماندا ڕابردبوو...دەرکەوتین، هەر بەپێیان ملی ئەو ڕێیەی کە بۆ هاوینەهەواری «سەری ڕەش» سەردەکەوت... گرتمانە بەر... قۆڵی گرتم، بە قسە و پێکەنین و پیاسەکردنەوە، لە ئاوەدانی دوورکەوتینەوە. لامان دایە ناو تەختاییەکی پڕ لە کوڵیکە نیسانەوە... کە وەك نێرگزە جاڕێك دەکەوتە بەرچاو...قەد شاخ و نەوراییەکەی هەموو وە تەخشان و پەخشان خستبوو، ئەو ناوەی پڕ کردبوو لە بۆن و برینگان. لە دوورەوە، ئەو مێرگە دەتوت چ زێڕ و زیوی دنیا هەیە هەموو لێرەدا باریوە. لە ناو هەرچەند هەنگاوێکا چڵی بنە تووترکی، یان دار بەڕوویەك دەهەژایەوە. لەگەڵ هەر شنەبایەکا ڕووکارە ڕەنگا و ڕەنگەکان، شەپۆڵ شەپۆڵ لەنگولۆریان دەکەوتێ. ڕوومان کردە گۆڕاییەك، لەوێکا لق و گەڵا تەڕ و سەوزەکانی دارتوویەك، وەك کڵاوێکی سەر بە قەپووچکە بە زەوییەوە وەنووسابێ، ئەوها بەو شێوەیە لە دوورەوە، لەبەر تیشکی ڕۆژ دەبریسکایەوە، هەتا لێی نزیك دەکەوتینەوە، کڵاوە سەوزەکە لە زەوی جیا دەبووەوە و مێرگە پڕ لە گوڵ و کوڵیکە بەهارییەکانیش پیٚ بە پیٚ بۆڕایی کەم دەبووەوە. تا گەیشتینە ساکە گۆڕێك، بە هەر چواردەوری دارتووەکەدا وەرسووڕابووەوە. سێبەرێکی چڕی لەسەر ساکە گۆڕەکەدا دروست کردبوو، لە نزیك ئەویش کانییەکی چاوگەش کە تازە ئاوی بەهاری تیٚ زابووەوە، لە ناو تاوێرە بەردەکەدا، وەك هەنگوینێکی شل و ڕوون، زریچکەی بەستابوو. لە ناو قۆپەنە گیاکانیشا، لەبەر تیشکی خۆرا هەر دەبریسکایەوە. دارێکی ئەوەندە زل و زەبەلاح بوو، دەتوت سەد کەس لە ئاودان و لە خزمەتکردنی، دەستە و نەزەر بۆی وەستاون. لق و پۆپەکانی بەهەموو لایەکەوە پەرش و بڵاو ببووەوە، لاسکە تەڕو تازەکانی بە سروەباکەوە نەرم نەرم دەهەژایەوە. کە لە بنی ڕاوەستام دەتگوت لە ناو کەژاوەیەکیان داناوم و بە بزنەڕێی

قەدپاڵەکەدا دەمبەنە خوارەوە...! ئەویش لە من زیاتر لەگەڵ سحر و جوانی دیمەنەکانەوە تێکەڵ ببوو. ناوە ناوە، بە قسەیەکی کتوپڕەوە بۆ لای خۆی پەلکێشی دەکردم، یا بەیاد و یادگاری ڕابردوومان بە پێکەنینێکی بەرزەوە ڕایدەچڵەکاندم. نوکتەیەکی ڕۆژانی دوای خوازبێنی باس دەکرد، یا هەڵوێستێکی سەیری کاتی بە دەستگیران کردن و حەڵقە بەستانی دەگێڕایەوە و... هەردووکمان لەگەڵیا کەفەزگ دەبووین، ئەوەندەی پێکەنین...! هەندێ جار دەهات ئەوەندە لێم نزیك دەبووەوە، خۆی لەگەڵما جووت دەکرد، لاقی لە لاقم دەئالاند. دواجار من لەبەر شەرمی شوێنەکە و بەملاوبەولا ئاوڕدانەوەدا، تا هێزم تیا بوو لە خۆما دوورم خستەوە...! لە پڕ لەبن دار تووەکە، بۆدیوەکەی تر سووڕایەوە، لە دواوەڕا هەردوو دەستەکانی قرچاندمەوە، لە سەر ملی خۆی گیری پێ خواردن:

– ئاوا لە خاچت دەدەم. چیتر ناتوانیت داکۆکی لە خۆتا بکەیت!

– هێسکگران حەیامان چوو! چاو دێ چاو...ئەو ترومبێلانەی ڕەت دەبن...! ئەو خەڵکە... هەتا لێمان دوور دەکەونەوە هەر ئاوڕمان لێ دەدەنەوە.

– ئەگەر ئەوانیش هاوسەرێکی ئاوا جوان و قەشەنگیان هەبێ، گومانت نەبێ لە من سەرخۆشتر دەبن، لە من منالانەتر ڕەفتار دەکەن.

هەردوو خۆمان لەبن دارەکەوە مەلاس دا، دوور لە چاوی ڕێگا و، دوور لە دیدەی هەموو کەس... لێوەکانی لەسەر کوڵمم دانا، پڕ لە قوولایی چاوا، سەرنجە تامەزرۆکانی بڕییە نیگا پڕ لە تیشك و پشکۆکانم. لەژێر باڵی هێواشی و خامۆشیدا چەند قسەیەکی چرپاندە بنگوێم:

– لە ڕۆژانی زوو، وەك فریشتەیەکی وێڵ و سەرگەردان، هەموو سحر و جوانی خۆت لەنێو نیگایەکی سارد و سڕدا شاردبووەوە.

– منیش، منیش،... ژەهراوی چاوەڕوانی تۆم زۆر خواردۆتەوە. وێڵ و سەرگەردانی کردبووم، لە دیداری سەرنج و ڕامانەکانتا خەواڵۆ و کالیوە ببووم.

– تا ئێستا ژیانم، تەمەنێکی پڕ لە زریان و تەمومژ بوو، تاریکستانێکی ئاوارە و دەربەدەر بوو... بەڵام ئێستا، بوونی خۆم لە زەردەخەنەیەکی تەنکی تۆدا دەدۆزمەوە. گەر «دافنشی» بمابوایە، بێگومانم وێنەی مۆنالیزایەکی ناسکتر و جوانتری دروست دەکرد... ئیتر من چیتر هانا نابەمە بەر دەریای خەیاڵ، بۆشایی ئاسمان...گوڵەکانی باخی ئیرەم چیتر نابم بە هاوڕێ و هاودەمی ڕەشەبا و زریانە شێت و هارەکان!

«لێوەکانی خستە سەر دەمم، سەری لەسەر سنگم دانا» من گوڵێکی پووت و پەژمووردە بووم بەهەناسەی تۆ گەشامەوە. بەلەمێکی پەڕاگەندەی شەپۆڵبردە بووم، تۆ بوویت بە چرای ڕێنماییم بۆ لێواری ئارام. چیتر خۆمان پێ نەگیرا، هەردووکمان لەبن دارەکەدا چۆکمان دایەوە، بەدەم ئاخاوتنەوە پڕ بە حەز و ئارەزووەکانمانەوە هەردوو دەستی خۆم لە ملی ئاڵاند:

– خۆت گوتەنی... من کچێکی دڵ مردوو نیگا سارد بووم، سەختی ژیان و جەور و ستەمی ئەو سەردەمە ڕەشە، هەموو جوانی و چێژێکی لە چاوا کوشتبووم... تۆ حەز و ئارەزووە کپ و شاراوەکانی منت بێدار کردەوە. سەرم لە گەلێ شت دەرنەدەچوو، گەلێ شتی ڕاستەقینەم لێ ون ببوون تۆ هەمووت بۆ یەکلا کردمەوە... هەمووت هێنایە بەرخۆر! بەڵام گیانە، نازانم، نازانم چی بڵێم، هەندێ خەتەرەم بەدڵی دادێ، گەلێ ئازاریان پێوە دەچێژم..! «کڕ و بێدەنگ گوێی راداشتبوو لە قسەکانم ورد دەبووەوە» دڵم زۆر دەترسێ کوورەیەکی هەناو ڕەش لێمان بکەوێتە نێڵە نێڵ... هەموو ئەو خەونە خۆشانەمان لێ بکا بە خۆڵەمێش.

– نا نا... «پیرۆز گیان» وا بیرنەکەیتەوە. بە پێش ڕووداو نەکەویت. تکات لێ دەکەم بیر لە ترسی نادیار مەکەرەوە، دوایە تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەبی...! با دڵی ناحەزان بە خۆمان خۆش نەکەین... ڕاستە، دەبێ زۆر ئاگاداری خۆمان بین، بەڵام ناشبێ هەموو دەم لە ترسی مردن بمرین...هەردەم درەختی خەم بروێنین، دوای هەڵوەستەیە کردن و بەملاو بەولادا ڕوانین، سەری خۆی لەسەر شانم دانا. «پیرۆز گیان» ، گرنگ ئەوەیە، تێر لە شیلەی یەکتر هەڵمژین... بە دڵ و نیهادێکی ڕوونەوە بژین و پێشوازی لە داهاتوو بکەین. چونکە گومانت نەبێ، ئەو ڕێگایەی ئێمە گرتوومانە لە ژیان، ئەمە ڕێگا ڕاستەکەیە، ئەمە ڕێگا ئاساییەکەیە، ئەمە ڕێگا بێ خەوش و بێ ناهەقی و نوشستیەکەیە، ئیتر بۆ خەم و نیگەرانی لە خۆمان باربکەین...

بۆ تەنگوچەڵەمە بۆ خۆمان بنێینەوە...؟! »خەریك بوو، من پەیتا پەیتا لە ناو گۆمی خەمێکی و ونبوودا رووودەچووم، لە هیکرا بە دەمێکی بە پێکەنینەوە لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە و منیشی لەگەڵ خۆی هەڵسانەوە، هەتا هێزی تیا بوو قۆڵی گوشیم، بە دەنگێکی بەرز هەڵیدایێ:

– «پیرۆز گیان» ئیتر لاپەڕەی ئێمەش ئاوا بوو.

«ئەو قسەیە گەلێ سەرسامی کردم، بەڵام ئەو هەر درێژەی پێ دا» کۆتاییمان بە هەموو گلەییوگازاندە و قسە و قسەڵۆکێ هێنا. خزم و ناسیاو کەسیان نەمان نێن و پێم هەڵنەکارێن... ئەوە خوێندنت تەواوکرد و داشمەزرای، مانگانەیەکی پوختە و ڕوختە وەردەگری... هەتا کەینێ هەر پیرە دایك خزمەتت بکا...کوڕم، بابم...هەر کێت دەوێ لە خزمان، لە ناسیاوان... تۆ دەستی لەسەر دانێ و هەقت نەبی...! ماڵی مامم لێمان ببوونە دڕکی مەم و زین، بە هیچ شێوەیەك سەرهەدیان لەسەر هەڵنەدەگرتین... ئەوان لە ڕوانگەی نەریتە باوەکەوە سەیری شتەکانیان دەکرد، نا هەقیش نەبوون، ناڵێم هەڵە بوون... بەڵام منیش هەڵە نەبووم، چونکە نەمدەتوانی فێڵ لە حەز و ئارەزووەکانم بکەم، نەمدەویست خوێنی گەرمی خۆم لە سەهۆڵبەندانی کولتوورێکی پەرپووتەوە سارد بکەمەوە...!... مامۆژنم بەم دوا دواییە زۆر ئاموشۆی دەکردین... لە دواجاردا بیرم دێ، لەگەڵ دایکما تێکهەهەڵەنگووتن:

– «پەرێ»... دەڵێن قەرۆمەتان زۆر بڵند بوە، خزمایەتی لەگەڵ کەس ناکەن...!؟

– کەس هەقی بەسەرە من و بەسەر کوڕی من نەبێ... خوشکم، نە بەنانی کەس بووینە، نە بە ئاوی کەس بووینە... ئەوی لە بۆ قسە و قسەڵۆکان دێتە ئێرە، یان ئەوی لە بۆ شتەکی دی دێتە ئێرە با نێ... با وەکی جاران، سەراسوومان نەکا... وەك جاران با هەر جەژنە و جەژنە یەکتر ببینین...! ئەگەر دایکم ئەوها هەقورەق نەبوایە، هیچ کارێکم بۆ مەیسەر نەدەبوو. »بە دەمێکی بەزەردەخەنەوە لای لێ کردمەوە»: ئیتر نەکەس بە من دەڵێ ئەوە بۆ وا خۆت هێشتۆتەوە، خۆ لەوە گەورەتر نابی، لەوە گەنجتر نابی...! نەکەسیش بە تۆ دەڵێ: ئەرێ کچەتیم ئەوە چ بوو، خۆت بە چ تێدەگەی...!؟ ئەدی بە کێ ڕازی دەبی...؟ ئەوی بێتە داخوازیت بەڕێی دەکەی، هەریەکە هەنجەتێکی پێ دەگری، هەر یەکە بیانۆیەکی بۆ دەبینییەوە،...ئەوی دێ کلك و گوێیەکی لە بۆ دروست دەکەی و ڕێوڕێ دەیگێڕییەوە...! من دەستم کرد بە پێکەنین، قسەکانی خۆم بیرکەوتەوە، پرسیارێکم ئاراستە کرد:

–جا بەڕای تۆ قازانجم کردووە یا زیان؟!

– «بەدەمێکی بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە»، ئەمەیان من نازانم. دەبێ خۆت وەڵامی خۆت بدەیتەوە...، من ئەوەندە دەزانم لەو ساتەوەی یەکترمان دیوە، ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستی هەموو شتێك لە دڵما چەکەرە دەکا. هەموو شتێ... جوان دەبینم، هەموو دیمەن و دیمانەیەك قەشەنگ دەبینم، گوێم لە دەنگی سازگار دەبێ، گوێم لە ئاوازی خۆش

دەبێ، خەونی خۆش دەبینم، چێژ لە شتی خۆش وەردەگرم، سەوادم ڕوونە، بیر و ئاوەزم کــپ و خــامــۆشە... نــازانم، نــازانم... چــۆن هــەستــی خــۆم دەربــڕم... لــە چ خــۆشی و شادییەکدام...!؟» بەدەمێکی بەپێکەنینەوە سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی، «پیرۆز» گیان... ئای کە بەختەوەرم، هیچ کلك و گوێیەکت بۆ منیش دروست نەکرد. ئای کە سەرفرازم دەستت نەگێڕامەوە.

– کوڕێ...! ئەمنیش گەلێك ئازارم بە دەستتەوە چێشت. منیش تۆم بە کوڕە گەنجێکی ئاسایی نەدەهاتە بەرچاو. هەر سەر لەبەیانی یەکەم، کە تۆم دی، دڵم کەوتە خورپە و ڕاچەنین... نازانم بۆ، چی بوو ئەمە...چ ئاگرێ بوو، چ سحرێ بوو...!؟ لە دڵی خۆما هەر دوعام دەکرد و دەموت، خوایە ژنی نەهێنابێ، خوایە کوڕ بێ، بەڵام کوڕێکی سادە و بێ ئەملا و ئەولا... پەیوەندی لەگەڵ

– «قسەکەی پێ بڕیم» لێتی ناشارمەوە، هەر لە کەڕەتی یەکەم کە چاوم پێت کەوت، برووسکێ لە ناخما چەخماخەی دا، دوچاری هەنسك و داچڵەکینی کردم، زۆرم لە خۆم کرد هەڵوێستە دژوارەکان بشارمەوە... بەڵێ گیانە من هەر لەگەڵ سەرنجی یەکەمەوە پێکرام... بـەڵام بـێ هـیـوا و سەرگـەردان، چونکە خۆت دەزانی ئەو کچانەی لەگەڵتا کاردەکەن گەلێ نزم و هەرزانن...!

– جەناب...! بەو چاوەی ئەوانت تەماشا دەکردم...!؟

– بەدەمی بە پێکەنینەوە لێم نزیکتر کەوتەوە، دەستی لە ملم کرد، بۆ لای خۆی بەکێشی کردم، چی بکەم ئەو کاتە هەڵوێستەکە وای دەخواست. بەڵام گەلێ بەختەوەر و ئاسوودەم، گەلێ لە خۆما ڕازیم، کە گەوهەرێکم لە دەوروبەرێکی ئاوا لێخن و بۆگەندا بینیتەوە...!! بە دەورما کەوتە سووڕدان و خول خواردنەوە، ڕەوە قاز و قولنگێك سەرنجەکانی بۆ هەوراز بـەکـێش کـرد. سروەبـای قـەدپـاڵـەکـان سەرنجەکـانـی بـۆ سەر رووکـارە سەوزاییـیـەکـەی دەوروبـەری گـواستـەوە، لـە هـەنـدێ شوێنـا گـیـا بـەژن درێژەکـان، قـۆپـەن قـۆپـەن لـەگەڵ جوولەی سروەباکەدا کەروێشکەیان دەکرد. لە نزیك قەدی دارەکەوە سەنگرایەوە، بەدەنگ هەڵبڕینەوە لای لێ کردمەوە:

– دەزانم تۆ وەك کەوێکی چاو بەستراوی، هەر لە کونجی ماڵا گیرت خواردووە، وەرە با بەو خاك و خۆڵ و دار و بەرد و ئەو دیمەنە ڕەنگاو ڕەنگانەت ئاشنا بکەم. خۆت دەزانی هەر زەماوەند... و ئاهەنگێ گەر تێکەڵ بە جوانی ئەو دیمەنانەوە نەبێ، نابێ بەزەماوەند،

بە ڕای من هیچ چێژ و خۆشییەکی نابێ...!

دیمەنی کانییە چاو گەشەکە، هەنگاوی پێ هەڵێنایەوە. بەدەم هزر و بیرێکی جەنجاڵەوە، لەسەر تەمۆخێ دانیشت، سەرنجەکانی لکا بە دیمەنی کەل و بەندەنە سەرکەشەکانەوە. چیای «سەفین» و «کلاو قاسم» و «بەنی هەریر»... جار جار دەبوون بە نهێنییەکی سەرمەدی و لە ناو دڵی تەمومژ و کۆتەڵە هەورەکاندا، ڕەنگ و شێوەیان دەگۆڕا... یا لەبەر چاویا دەبوون بە پەیسك و پایە، تێکەڵ بە دۆند و سمریتکە تەماوییەکانی «کۆڕەك»و «گۆرەز» و «نەواخین»ەوە دەبوون...«گەلی و بێخمە و دەشتە دیان...»یان لە ناو سێبەر و نسێی خۆیانا دەخەملاند...! تا سەرنجی دوورتری ڕادەنا، لووتکەی بەرزتر و بەفراویتری دەکەوتە بەرچاوان. تیشك و ڕامانی چاوەکانی کردبوون بە باڵدارێکی بەرزەفڕ و پەیتا پەیتا بەسەر لووتکە بەرزەکانی «زۆزگ» و «حەسەن بەگ»ەوە گوزەری دەکرد، تا سەرنجە دوورەکانی لە سەر چیای «حەساڕۆست»دا سەقامگیر بوو، لووتکە بەرزەکەی «هەڵگورد»، وەك سیمفۆنیایەکی جاویدانی، وەك نۆتە مۆسیقایەکی هەمە پەیژە، ئاه و ناڵە و ئاوازە نەمرەکانی بۆ هەموو کوردستانەکانی هەر چواردەوری خۆی دەنارد... وەك باڵۆنێکی سەر و دامەن بە بەفر، بۆ کەشکەلانی ئاسمان بەرز ببووەوە...هەندێ جاریش کە تیشکی خۆر دەیئەنگاوت وەك چلچرایەکی تیشکدار وەك چوڕی شیر سپی دەیڕوانی...!

شووڕکە دارێکی لە دەست گرت و لە ئاوەکەی وەردا. بەدەم سەیرکردن و بیرکردنەوەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: ئەو ولاتەی ئێمە چەند دەوڵەمەندە، چەند بە پیت و بەروبوومە، چەند جوان و دڵگرە... دە هێندەش بە ئێش و ئازارە...!

بە گوڕ شووڕکە دارەکەی فڕەدایە ناو مێرگەکەوە و هەر بەدەم قسەکردنیشەوە هەردوو دەستەکانی لێکدەدان، وەك بڵێی لە تۆزوخۆڵ پاکیان بکاتەوە: ئێمە دەبێ بەوردی بە لاپەڕەکانی مێژووی خۆماندا بچینەوە و چیتر بە پەیڤ و پیاهەڵدانی نووسەرە بێگانەکانەوە هەڵنەخەڵەتێنین... فریو نەخوێن...!

لەگەڵ ئەم قسەیەدا ڕەنگی شین و مۆر هەڵگەڕا، چاوی لە کێو و لووتکە سەربە بەفرەکانەوە نەدەبڕی، دوای ماوەیەك لە کڕبوون و بیرکردنەوە، درێژەی بە قسەکانی خۆی دا:

هەتا ئێستا هیچ برینێکی تیمار نەکراوە. ئەوەی دێ، وەکو گامێش دایدەدۆشی، هەتا

تلّپی لیّ دەبڕیّ، ئەوجا باروبارکۆڵەی خۆی تێکدەنیّ و ئەوها بەزام و برینی خۆیەوە، بە کۆستی گرانی خۆیەوە جێی دێڵیّ...! من بۆیە «پێشەوا»م هەردەم لەبەر چاوە بە سەرۆك و ڕابەرێکی پیرۆزی دادەنێم، چونکە دەیفەرموو: من سەرکردایەتی ئەو خەڵکەم کردووە، بۆیە دەبیّ لە شەهادەتیش دەوری سەرکردایەتی خۆم ببینم، ئەو متمانە و خۆشەویستییەی بە منیان داوە نابیّ بەفیڕۆی بدەم، نابیّ ئەوانیش لە بیرو بۆچوونەکانیانا پەشیمان بکەمەوە، نابیّ وایان لیّ بکەم پاشگەز ببنەوە...! بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوومان بڕوایان بە خەبات و بەکۆماری جوانەمەرگی ئێمەوە لەق نەبیّ... بۆ ئەوەی ئەوانیش بە ئەوپەڕی گیانی قوربانی و لە خۆبووردییەوە، بە خۆبەختکردنەوە ڕێبازەکەی ئێمە تەواو بکەن و کەموکوڕییەکانمان ڕاست بکەنەوە...!

خەریك بوو گەلیّ قسەی تریش بکا، بەڵام من چووم لەتەکی ڕاوەستام، پاشان بە هەر چواردەوریدا خولم خواردەوە. لە دواوەڕا هەردوو دەستم لە سەرشانی دانا و گوتم: ئەو خەمە خەمێکی ئەوەندە گەورەیە، خەمی یەك کەس و دوو کەس نییە...دەستی ڕاستەم تەڕ کرد و پرچیم پیّ داهێنا، بەدەم ئەمەشەوە هەر لە قسەکانی خۆما بەردەوام بووم.

– لە گەشتێکی وا داین، پێی ناویّ بیر لە کۆستی گەورە بکەینەوە. «ئاوڕێکی بە پەلەی لێدامەوە، بەدەم ئاخاوتنەوە سەری خۆی بڵند کرد»، ڕاستە، ڕاستە ئێمە لە گەشتی ژیانداین، لە گەشتی تەمەنمانداین... بەڵام چی بکەم گیانە، بە دەست خۆم نییە، ناتوانم... ناتوانم... «بەدەست ئاماژەی بۆ زنجیرە شاخ و لووتکە سەر بە بەفرەکانەوە کرد»، ئەوانە، ئەوانە... هەریەکەی مێژووی پڕ لە کارەسات و نەهامەتیمان بۆ دەگێڕنەوە... ئەوانە، ئەوانە شاهیدێکی ئەزەلی و نەمرن، بۆ هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە کوردستانا ڕوویان داوە و ڕووش دەدەن...! باسی داینـاسۆرەکـان وا لەلای ئەوانە، باسی نیاندرتال و چۆنیەتی ڕاگوزاری و ڕەفتاریان وا لە لای ئەوانە... دڵۆپە خوێنێکی ڕۆڵەی خۆیان چییە بیر نەکردووە، وا لە قەدپاڵ و سمڕێتکی خۆیانەوە تۆماریان کردوون... زانا و دانا و شاعیران، میر و سەرکردە و میرنشینەکان، سەلاحەدینی ئەییووبی و شێرکۆ و سوپا بەهێزەکەی تا لە کوردستانا مابوون... شۆڕشگێڕانی قەڵای دمدم، بەچکە شێرەکانی شێروانە، ئاگری داغ، شێخی پیران، شێخی نەهری، کۆمارە جوانەمەرگەکەی پێشەوا، سمکۆی شکاك، شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، شۆڕشەکانی بارزان، شۆڕشەکانی قامیشلوو شەنگال...، کفری و باوە شاسوارەکەی، بەختیاری و لوڕ و کەلهوڕەکەی، هەورەمان و داڵەهۆکەی... ئەوا هەموو لەلای ئەوانە... چاو دیّ چاو، بزانە چۆن

تەماشامان دەکەن، چاوەڕوانمان دەکەن، بانگمان دەکەن، هەڵبەت هیوایان بە ئێمەیە، هەڵبەت بە ئێمەوە سەربەرز و پشت ئەستوورن... ئەی وا نییە... ئەی هیوایان بە کێ بێ... بە بێگانە، بە دراوسێ، بە پایزە براکان...! بەڵێ گیانە کێشەی ئێمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە زۆر... تا ئێستا ببووینە قوربانی پیترۆڵ... ئەوە خەریکە ئاویشی بێتە سەر، لە بەدبەختیمان ئێمە لەویش هەر بێ بەش نین... بەڵێ گیانە ئەوە کۆستی ئێمەیە... ئەوە کۆستی گەورەی ئێمەیە... کۆستی ئێمە گەلێ گورچکبڕە، هیچ سنوور و بوارێکی نەهێشتۆتەوە...ئەو کۆستە ئێمەین و ئێمەش ئەو کۆستەین.

لەسەر کانییەکەوە چۆکم دادایەوە، بەرامبەری دانیشتم، بەسەری پەنجەم چەند دڵۆپە ئاوێکم پڕووشاندە سەر دەموچاوی. سەرنجیم بۆ لای خۆم ڕاکێشایەوە. بە دەمێکی بەزەردەخەنەوە لێی ڕادەمام و لێی ورد دەبوومەوە. ئەویش زەردەخەنەیەکی تەنکی لەگەڵ نیگا کپەکانما تێکەڵ بەیەك کردبوو، لە قسەکانی خۆی پچڕا، کپ بووەوە خۆی لێم نزیك کردەوە، منیش زیاتر خۆم لێی نزیك کردەوە، لەژێر باڵی کڕوکپی دەوروبەرمانا، بە پرسیارێ زیاتر سەرنجەکانیم بۆ لای خۆم ڕانایەوە، لێم پرسی: «خۆشمت دەوێ؟!» بەم پرسیارەم وروژا، دیسان لە جێی خۆیا هەڵسایەوە: «حەز دەکەم پرسیارێکم لێ بکەیت کە وەڵامەکەی دیار نەبێ...».

– توخوا کەی دەی، دەی... حەز دەکەم وەڵامم دەیتەوە، حەز دەکەم گوێم لێ بێ...! خۆشمت دەوێ؟

– تکایە وازبێنە. گیانە تۆ بەم پرسیارە دەستخەرۆم دەکەی دەمهێنییەوە سەر سفر. دەمبەیەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم... دەمگێڕییەوە بۆ ئەو بەیانییەی کە یەکەم جار چاومان بەیەك کەوت. دەی زوو پرسیارەکەی ترت بکە.

– پرسیاری تر؟

– من لەژێر ئەو پرسیارەدا یەکێکی تر دەبینم. وا هەست دەکەم بە دوای وەڵامێکی تردا دەگەڕێی؟ دەی زووکە

– بەڵێ بەڵێ، بێگومان، من دەمەوێ بپرسم کامەمانت خۆشتر دەوێ من...؟

– یا خۆت؟

– نا نا ئەوە نا، ئەوە نا... دەزانم چی دەڵێی؟

– ئەی چی؟

– من یا... ئەو دەوروبەرە؟

– تێناگەم!

– من، من... دەمەوێ بزانم، تۆ، منت خۆشتر دەوێ یان ئەو دەوروبەر و شاخ و داخە؟!

– خێرا بەربینگی لێ گرتم: هەریەکە و جۆری خۆشەویستی خۆی هەیە. بێگومان خۆشەویستی تۆ جۆرێکە و هی ولاتیش جۆرێکی ترە...

– ئەی ئەگەر بلێم خۆشەویستی جۆر و بابەتی بۆ نییە، هەموویان لە یەك چاوگەوە سەرچاوە دەگرن؟! ئەو کاتە چ پاساوێك دەبێ بێتە ئاراوە؟!

– «من خۆم کە بۆ ئەم ولاتە جوانەی خۆمان، بۆ ئەو ژینگە پاك و سازگارەی خۆمان، بۆ ئەو شاخ و داخ و دەشتە ڕەنگاو ڕەنگانە سەرنج دەدەم، هەر لە تابلۆیەك دەکەن و تۆش پەپوولەیەکی ناسك و ڕەنگاوڕەنگی، لەسەر ئەم تابلۆیەدا نەخش کراویت. کە سەرنجی گوڵ و گوڵزارە گەردەن بە خوناوەکان دەدەم، تۆ ئەستێرەیەکی چاوگەشی و تیشك و ڕووناکیت ئالاندۆتە ڕەنگ و ڕوخساریانەوە...کە سەیری مێرگ و ڕووکارە سەوزاییەکان دەکەم، تۆ هەمیشە بەهارێکی و لەیەك چاویلکەی ژیان و دڵۆپە ئاونگی جاویدانیدا سەرچاوە دەگرن. کە ولاتم ئاسوودە بێ، لەگەڵ جووکە و جریوەی باڵندەکاندا گۆرانی دەچڕێ و خەو و خەونەکانم شیرینتر دەکەن... تۆ شالۆرێکی گوڵبەدەمی...! بەڵێ گیانە، بەڵێ... من و تۆ هێمای ئەو نیشتمانەین، من بۆ تۆ، تۆ بۆ من... بەلام ئەم نیشتمانە ئەم ولاتە بێشکە و مەڵبەند و خانەزای هەردووکمانە، زاینگەی هەموومانە...! «وەك گیانێکی پاك و پاراو، لەگەڵ تیشك و پشکۆ باڵدارەکانەوە، ئەویش بکەوێتە ئاسمانەوە. ئەویش ئاوا، بەڵێ ئاوا... لە فەنتازیای بۆشاییەکاندا... وەك پەروانە کەوتە باڵەفرەکردن، کەوتە ماخولێن... بە جۆرە ئاخاوتنێکی سەیر گوزارشتی لە هەڵوێستەکان دەکردەوە، من لە هەندێکیان نەدەگەیشتم، پڕ بەدەم دەنگی خۆی هەڵبڕی، بە ئاماژە و دەست هەڵشەقاندن، بە جوولەی تیشکی چاوەکانی و گۆڕینی شێوە و ئادگاری...، گەلێ وێنە و هێمای بەرجەستە دەکرد»: ئێمە لەم خاکەوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیان پەیدا کردووە... لەم خاکەدا نەشونما دەکەین، لە دوای مەرگا لە ناویا دەرزێینەوە، دەبین بە مشتێ خاك و خۆڵ و لەگەڵیا تێکەڵ دەبینەوە...! بەڵێ بێگومان مەڵبەند و نیشتمانی مرۆڤ هەموو شتێکن بۆ هەموو کەس...! بێکەس ئەو کەسەیە کە بێ ولات بێ، هەچ کەس بێ ولات بێ ناتوانێ هەست بە بوونی خۆی بکا! بەڵێ بەڵێ ولات هێمای هەموو شتێکە

بۆ ئێمە... وڵات هەموو شتێکی هەموو شتێکمانە... کەس ناتوانێ ئەو پەیوەستە گیانییەمان لێ کاڵ بکاتەوە، کەس ناتوانێ ئەو هێزە لەبن نەهاتووەمان لێ بتوێنێتەوە....

ڕیزە مێروولەیەك سەرنجی بە کێش کردن، لە دوای یەکترا، وەك ڕەشکە و شمڵی دەکەوتنە بەرچاو. ورد ورد ڕێچکەیان بەستابوو، هەریەکە شتێکی بە دەمەوە گرتبوو، بە زۆر ڕێگای خۆیان دەکردەوە، لە ناو پنجە گیاکاندا تەکانیان دەدایە خۆیان... لەو لاوەش هەزارانی تر بەدەمی بەتاڵەوە لە کونەکەوە دەردەچوون و ڕوویان لە دەرەوە دەکردەوە...! بە چەند هەنگاوێکی کورت گەیشتە لایان:

چاو چاو... باپیران وتەنی مەفتەن چەند شیرینە، سەیرکە سەیر چۆن کاری بۆ دەکەن، چۆن ژیانی خۆیان مسۆگەر دەکەن....

تۆ بچیتە ناو وڵاتە تاریکەکەیان، ئەوسا دەزانی چ کۆگا و کێڵگە و کۆمەڵگایەکی ڕێکیان دروست کردووە، بە چ گیان و سیستەمێکی وردەوە ریز لە یاسای ژیانی خۆیانەوە دەگرن...!

ئەو کۆمەڵگایە کڕ و بێدەنگە، دەڵێی هەموو بە شیرازەیەکی ڕوحی بەیەکەوە بەستراونەتەوە. هەست بەئێش و ئازاری یەکتر دەکەن، هەست بە هەنسك و هەناسەی یەکتر دەکەن، هەست بەسۆز و خۆشی یەکتر دەکەن، هەریەکە لە پلەوپایەی خۆیا، بە ئەرك و لێپرسراویەتی خۆیەوە هەڵدەسێ، هەر کەس بەڕاشکاوی ماف و بەشەخواردنی خۆی بۆ زامن دەکرێ، پیشەواکانیان زۆر خەمخۆر و دڵسۆزیانن، ئێستاش نەوە بە نەوە قسە و فەرمایشتەکانیان کردوە بە سیستەمی ژیانیان: «ئەی کۆمەڵگای مێروولە ئاگادار بن...!... ئاگاتان لە خۆتان بێ، سوپای سلێمان تێکتان نەشکێنێ...!... هەر لەو ساوە، کردگار هێزی ژیری و جەستەیی پێ بەخشیون... ئەو کونە چکۆلانەیان کردووە بە خانەزا و جێهەواری خۆیان...! «پیرۆز گیان»، من کە چاوم بە مێروولە و شارەکەیان دەکەوێ، هەر کونە تەیارەکانی لای خۆمانم دێتەوە بەرچاو...! تۆ بڵێی ئێمەش لە ناو ئەو کونانەوەڕا بەهەموو هێزو توانا و زانین و گیانی هاوکاریمانەوەدا دەرکەوین و لەسەر ئەو خاکە بەربڵاوەی خۆماندا موعجیزەیەك دروست بکەین...!» بەم پێیە هەموو ڕەفتار و هەڵوێستەکانی «دلێر» لەلای منەوە شتێکی نوێ بوون، زانیاری و هۆشیارییەکانی لەلای منەوە نەبیستراببوون... من تا ئەو کاتە لاپەڕەیەکی سپی بووم ئەو تۆماری کردمەوە،

بیروبۆچوونی پەرتوبلاو و لێکدانەوەی ڕاڕا و ناڕێکم هەبوو... ئەو ڕیزبەندی کردەوە، کەسێکی پەرتەوازە و چەپك چەپك بووم ئەو دایڕشتمەوە. بەژیان و رووناکی و کەیفسازییەوە نابەڵەد بووم ئەو ئاشنای کردمەوە، گۆشەگیر و ڕەشبین و تووڕە بووم، ئەو ئاشتی کردمەوە، گەلێ شتی شاراوە لە ناخما خۆی کپ کردبوو، ئەو بێداری کردنەوە... زیندەگانی وەبەرهێنانەوە... وای لێ کردم لە ژیانا هەست بە سەرەتایەکی نوێ بکەم، دیسان لە نۆژەنەوە دەست پێ بکەمەوە...! هەست بەدروست بوونەوەیەکی تر بکەمەوە...! ئەو غەم و پەژارە و نوشستییەی کە لە منداڵیمەوە لەگەڵمدا ژیاون و ناخیان دەرزی ئاژن کردووم خەریك بوو پەیتا پەیتا وەکو تەم دەرەوینەوە...!قسە و وتەکانی هاوسەرەکەم، بۆ من بۆتە پرۆگرام و سیستەمی ژیان: «پیرۆز گیان»، دڵی منت کردۆتە کێڵگەی نیگا تیژەکانت... بۆیە دەڵێم بەختەوەرم، زوو بە دیداری یەکتر شادبووین، لە عەشق و خۆشەویستی یەکتردا نەبووین بە خۆڵەمێش... ئاواتە خوازم هەروا لە ئاگر گەرمتر بمینێنەوە...! دەڵێن دڵداری دوای ژیانی هاوسەریەتی وەك بەهارە لەناو بەهار... هەموو خورپە و داچڵەکین و خەون و خەیاڵەکان دەبن بە پەروانە و بەرجەستە دەبن، دەبن بە لالە و بەر دیدمان ڕووناك دەکەنەوە...!».

لە ساتی بێ ئاگاییدا پێنووسەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە، بە یادی ئەو ڕۆژانەوە، زەردەخەنەیەکی پەرش و بلاو، دەموچاوی هەڵبزرکاند. چاوەکانی هەر لەگەڵ وێنەکەدا شیرازەبەند کردبوو، هۆن هۆن فرمێسکی گەرمیان لێدەڕژا و بەناو هێڵی ئادگارە گەچلاوەکەی ڕوخساریا دەهاتە خوارەوە.

بەیاد و یادەوەریەکانی ئەو ڕۆژانەوە وا سەرخۆش ببوو.. وەك بڵێی دەیویست بەنووکی پێنووسەکەی، ئەو ڕۆژگارانە بگێڕێتەوە و گیان وەبەر هەموویان بێنێتەوە. هەر جارێ، لە توێی یادگارییەکانیدا، هەندێ دیمەنی بهاتبایەوە بەرچاو زوێر و زگار دەبوو، هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد، ئارامی لێ هەڵدەسا... فرمێسك و دەنگە تووڕەکەی تێکەڵ بە یەکتر دەبوون. هەر کاتێ کە کراسە بە ئاگرەکەی باوکمی دەهاتەوە بەرچاو... کە هەر ئەوەی لە لا بوو تا لە تاوانبارانی بگرێ و ڕووبەڕوویان بێتەوە...!... ئەویش، هەر بەم ئاوایە... گەلێ جار هەرچی لە دەست بوایە، لە ساتێکی بێ ئاگاییدا فڕێی دەدایە دەرەوە و بەدەنگی بەرز، جوێن و تانە و تەشەرەی لە دەم دەردەچوو...!

بەچاوی بەفرمێسك و بەقوڕگی پڕ لە هەنیسك و گریانەوە... کوتکوت دەستی لە بن پەڕە کاغەزەکانەوە گێڕا... چەند هەوڵی دا پێنووسەکەی بۆ نەدۆزرایەوە. سەری خۆی بۆ بۆ بن

مـەكـینـەكـە خـوار كـردەوە. بـە پـەلـە بـۆی نـووشتـایـەوە و هـەڵـیگرتـەوە. دیسان بـەدەم سەیركردنی وێنەكەوە پێنووس و پەڕە كاغەزەكانی لە دەست گرتەوە.

«ڕووی لە مێرگی كولیكە و گوڵاڵە سوورەكانەوە كردەوە و چوو لە نزیك ئاوەڕێی كانییەكەدا چۆكی دادایەوە. منیش چووم لە بەرامبەریا دانیشتم لام لێ كردەوە».

– ئەو هاوڕێیانەی كە بەڕێیان كردین، كەمێكیان نەبێ كە هی كارگە بوون، ئەوانی ترم نەدەناسین. بەڵام سەیرم بە«یاسین» و هاوڕێكانیەوە هات، لە ڕۆژانی خوازبێنیم، هەموو ڕق و قینیان پێوە دیار بوو. بەخۆی ئەوەندە مڕومۆچ بوو هەر دەتوت پردی قیامەتی لێ وەرگەڕاوە.

– ئەی گوایە دەبوایە چۆن بێ؟

– دەبێ ڕقمان لێ هەڵنەگرێ؟

– لەچی؟

– كە لێت نەگێڕاوەتەوە؟!

بەم قسەیە پڕ هەڵما، بەدەنگێكی بەرز گوتی:

– هێشتان باش نایناسیت...! «قسەكانی خۆی قووت دایەوە، دوای نەختێ وەستان و بەخۆداچوونەوە لای لێ كردمەوە»: تەماشای كورسی و تەلەفۆن و فشوفۆڵییەكەی مەكە، كابرایەكی ئەوەندە چرووكە.

– قسەكەم پێ بڕی: دەزانم دەزانم، بای ئەوەندە شارەزای بوویمە، بەڵام هەر

– خێرا كەوتەوە قسەكردن: پێش ئەوەی بەڕێ بكەوین، پێم گەیشتەوە، گوتبووی دەبێ كەژاوەیان لێ بكەم بە دارەبازە.

– سەیرە...! بەقسەی «نەنە پەرێ» بێ... دەبێ پێشتر گەلێك یەكترتان خۆش ویستبێ...!

– وایە...! ڕۆژێ ئەگەر جەمە نانەكی لەگەڵم نەخواردبوایە، لەوانە بوو بەبرسیەتی بمابوایەوە... لە كارگە بۆتە ئەو پیاوە...«یاسین عبدالوهاب شمس الدین»، ئەگەر نا لە گەڕەكی خۆمان هەتا نەڵێی «یاسە ڕەش»، كەس نایناسێتەوە.

دوای نەختێ كڕبوون و بیركردنەوە، گەڕایەوە سەر قسەكانی خۆی:

پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر، كۆمەڵە قەرەجێك هاتن لە دوور شار چادریان هەڵدا، بەڕۆژ ژن و پیاویان بە ناو ماڵان وەردەبوو، هەرچییان دەست كەوتایە لە مریشك و پارە

و زەخیرە و جلوبەرگ و شەکر و چا و چێشت و خواردەمەنی... جا چ بەخواستنەوە و دەرۆزە چ بە دزیکردن...، کۆیان دەکردەوە و بەرەو چادرەکانیان دەگەڕانەوە، دوای ئەمانەوە کۆمەڵە خەڵکێکی تر دیسان بەناو کۆڵانەکانا بڵاو دەبوونەوە، دەبوو بە بە زەقزەقەیەك...، فڕانفڕانێك، دەبووبە ڕۆژی حەشر...! ئەو خەڵکەیان بە جاریێ هەراسان کردبوو. باوکی ئەو «یاسە ڕەشە»ش کە پێیان دەگوت «هابەی شەمسە چادر»، دیار بوو کابرایەکی دەستڕەنگین و لە خۆ گەڕاوە بوو، لەوانیتر باشتر بوو، حەزی لە کاسبی کردن دەکرد. ڕۆژێ بەپڕەپڕ لە ناویان هەڵات،...وە بوو ئەوانی تریش، شەوێك پۆلیس لێیان بەخۆکەوتن، چادریان بەسەردا هێخستن و شاربەدەریان کردن. ئەو «شەمسە چادر»ەی چەمبەریش، هات ژوورێکی گچکەی لە گەڕەکەکەمان بەکرێ گرت و خەریکی ئیش و کاری خۆی بوو. لە ڕاستیدا ئێمەش ناوە ناوە یارمەتیمان دەدا... ئەو کاتە «یاسە ڕەش»ی کوڕی، ئاوا یەکێکی ڕەقەڵەی بەژن درێژی پازدە شازدە ساڵان بوو. لەبەر بەدخۆراکی و لە دژوونییان دەم و چاو و دەست و پلی هەمووو قەڵەشتبوو. لە دوورەوە بۆندڕنی لێدەهات...! هەموو ڕۆژی هەینییان جووتە کەوێك یان جووتە کۆترێکی تەقڵەبازی لە ناو قەفەزێك دادەنا و دەچووە چایەخانەی کەوبازان بەشەڕی دێنان یا لە مەیدانی مریشکان دەیفرۆشتنەوە... ئەمنیش هەر لە ئاکامی ئەو یەکترناسینەوە، هەر جاری چاوم پێ دەکەوت، دڵم پێی دەسووتا... دەمبردەوە ماڵەوە، لەگەڵ یەکتر نانمان دەخوارد و یارمەتی تریشم دەدا...! زۆرجاریش کاری بۆ دایکم دەکرد و هەر شتێکی پێویست بوایە، لە بازاڕ بۆی دەکڕی...!

سەری بۆ کەشکەڵانی ئاسمان بەرز کردەوە، دوای نەختێ کڕبوون و بیرکردنەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:... خۆشی ترە خەتێکی هەبوو، هەوڵێکی زۆرم بۆی دا تا بە کرێکاری لە کارگەم دامەزراند. ماوەیەك زۆر پیاوانە کاری خۆی دەکرد و... زوو زوو سەری لێ دەدام و ئامۆشۆی دەکردم. بەڵام پاشان هەستم کرد «بەکر شاربزر» خۆی لێ نزیك دەکاتەوە...! گەلێ ئامۆژگاریم کرد، کە هەر خەریکی ئیش و کارەکەی خۆیەوە بێ و بەقسەی ئەو قرژاڵە هەزار سەرە هەڵنەخەڵەتی...! پێشتریش گەلێ جاری تر ئەو قسانەم بۆی کردبوو، زۆر شتم بۆ ڕوون کردبووەوە...! ڕۆژێ هاتە ماڵمان، ڕەنگ پەڕیو و پەشۆکاو: «ئەوەی ڕاستی بێ ئێمەومانان زوو ژن دێنین، «بەکر»یش گفتێکی وای پێ داوم. من یەکسەر ئاگادارم کردەوە و پێم وت: «خۆتیان لێ دوور بخەرەوە. هیچ شتێکیان بەگوێ نەکەی...!». بەڵام دایکم زوو پشتگیری لە قسەکەی ئەم کرد: «ئێ کوڕێ من دە

ماڵەکی لە بۆ دانێ تا حەوجەی ئەوانە نەبی...!» ئەو زوو ئەم هەلەی قۆستەوە: «قسەت بە شەکر بێ دایە، ئەی توخوا وانییە...؟! ئەمن هەر ئەنگۆ شك دەبەم...! ».

منیش بە زمانی سووتاو بەڵێنم پێ دا. هەر دوای مانگێ هەموو کارەکانم بۆی براندەوە... بەڵام زۆر لەگەڵ یەك نەمانەوە...! هەرچەند زۆر بەگرانیش لە سەر من وەستا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا منیش دەنگی خۆم خستە پاڵ دەنگی ژنەکە و ماڵی باوکی و، زوو پێمان تەڵاق دا... جا لەوساوە وەك دوژمن سەیرم دەکا. «دوای هەڵوەستەیەك گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی»: ڕاستە... پیری پێشینان دەڵێن، نان بدە بە سەگ مەیدە بە سفڵە...

– جا تۆ بۆ ئەوەندە مێشکی خۆتی پێوە خەریك دەکەی؟

– هەتا ماوم هەست بە گوناح دەکەم، هەست بە تاوان دەکەم.

زەردەخەنەیەکی تەنك ڕوخساری داگرت، لە یاد و یادەوەرییەکانی خۆی پچڕاند: داوێکی واشیان بۆ تۆ دانا بووەوە. منیش دوای تۆژینەوە و لێپێچانەوەیەکی زۆر... هەوڵم دا ئاوەگڵت نەکەن... هەرچەندە تۆ خۆت زۆر لە پلانەکانی ئەوانا بەهێزتر بوویت تۆ لەو ئاستە نیت کە

– قسەکەم پێ بڕی، هەردوو دەستەکانیم لە سەر دڵی خۆم دانا: دەبێ زۆر ئاگاداری خۆت بیت.

– خۆیان هیچیان پێ ناکرێ، بەڵام لە زمانیان دەترسم.

بەو قسەیە دڵم کەوتە خورپە و ڕاچەنین. ترسێکی نادیار لە ناو مێشکمدا سەری هەڵدا. «دلێر» لە ڕەنگی هەڵبزرکاو و شێوەی وردبوونەوەم، هەستی بە ئاڵۆزییەکەم کرد، هەر بۆ ئەوەی لەو خەم و دژوارییەم دوور بخاتەوە، لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە و کەوتە ویزە ویزی گۆرانییەکی خۆش...

چەند جارێ بە دەورما خولایەوە... دواتر بۆ لای کانییەکەوە هەنگاوی نایەوە... ئەو دەم خۆر گەرمییەکی بە تینی دەبارانده سەر ڕوخسارە شەمسی بووەکەمان، کزە با فێنکەکەش خەریك بوو لە جووڵە دەکەوت. ڕووی لە سێبەری بن دار تووەکە کرد و چوو لە نزیك قۆپەنە گیا و گوڵ و مێرگە ڕەنگاو ڕەنگەکەوە دانیشتەوە. دەستی بۆ کوڵیکە نیسانەیەکی تەڕ و گەش درێژ کرد... لە بنڕا کرتەی لێوە هێنا، لە کەپووی خۆی نزیکی خستەوە هەر بە دەم سەیری کوڵیکە پووت هەڵگەڕاوەکەوە، هەر بەدانیشتنەوە خشی، تا لە ناو سێبەرە چڕەکەوە سەنگرایەوە، سەری خۆی هەڵبڕی، کەوتە قسەکردن: «لە گوڵان، گوڵاڵە سوورەی

خوێناوی، له سێبەرانیش سێبەری دار توو. له هەموو شت جوانتر و خۆشتره لەلام.»
هێشتان قسەکانی تەواو نەکردبوو، ئەمنیش چووم له نزیکیەوه دانیشتم، چەند تەڵه حاجیله و کولێکه نیسانەیەکم بۆ چنی و کردمه چەپکێك و دامه دەستی: «چی تریشت پێ خۆشه له ژیانا...؟» کتێبێکت له دەستابێ و هاوسەرەکەشت... لەم کاتەدا دەستی له سەر شانی دانام، لەبەر سەماوەرێکا دانیشتبێ، جار جار دزه نیگایەکت ئاراسته بکا. ئەویش دەرفەت وەرگرێ و سەری خۆی بۆ کتێبێ خوار بکاتەوه. مناڵه وردەکانیشمان له ناو مێرگ و شینکاییەکی ئاوا ڕەنگاو ڕەنگا... وەك کارمامز هەر جلیتانێ بکەن و بەدەورماندا بسووڕێنەوه...! هەڵسایەوه، دەنگی خۆی بەرزتر هەڵبڕی: ئاخ...!! ئەوه بەرزترین ئەو هیوا و ئاواته تایبەتیانەن بۆ خۆم و بۆ خودی خۆم که خەونیان پێوه دەبینم. لای لێ کردمەوه: «پیرۆز گیان» توخوا شتێکی زۆرم داوا کردووه...؟ ئەوه چی تیایه...؟ بۆ یاساغ بێ، بۆ بڤه بێ...؟ ئاخر بۆ بۆ... پێم بڵێ... بۆ بەخیلیمان پێ ببردرێ...!؟ ئەوەشیان لێکردووین به خەونێکی قەدەغه و ناشیاو...!! بەهەر چواردەوری خۆیا ڕوانی، ڕۆژانی مناڵی خۆی هاتەوه بەرچاو: هەموو گوندانییەك حەز دەکەن ڕابردووی خۆیان یاد بکەنەوه. ئەمنیش به ڕەسەن خەڵکی گوندم، ئەگەر چی لێی نەژیاوم، بەڵام ئەوەنده ئاموشۆمان لەگەڵ خزم و کەسمان هەبوو، منیش وەك دێهاتییەك خۆم دێته بەرچاو، ئێستاش کاتی مناڵی خۆمم دێتەوه یاد. » زیاتر له یاد و یادەوەرییەکانی خۆیەوه قووڵ بوەوه، ماڵی «پلکه خاتوون» کۆمەڵه عەلەشیشێکیان هەبوو، له سەروبەندی پایزەوەڕا... ئێواران دەچوون لەسەر گوفەکەکەی نێوان ماڵی «شێعەده کوڕ» و ماڵی ئەوانەوه، وەك مێگەلی بەچکه دایناسۆر جغزەیان دەبەست...!، لەبەر نمەباران و شەوبای پیره پایزدا، وەها دەرسکان هەر یەکی بەقەد گیسکەکی لێ دەهات...

عەلەشیشی نێره و مێیه، داکانه و فرووج، خرت و باڕۆکه... لەگەڵ ئەوانەی دراوسێکانی تریش، لەسەر گوفەك دەهاتن و دەچوون، تێکەڵ بەیەك دەبوون و تێك دەسووڕان، پاشپەڕیان له یەکتر دەگرت، تێك دەقژقژان، خۆیان گیڤ دەکردەوه و بەڵغەبابەیان پڕ با دەکرد. : «شه شه شه...پر تـ... ك، پر تـ ...ك... پر تـ، پـ... ت...»

هەتا هەموو وەك هەمبانەی پفدراویان لێدەهات، ئێمەش هەموو له دەوروبەریان دەوەستاین و دەمانگوت: عەلیشیش گاڕاان هات... هەموو بەیەك دەنگ دەیانوت: علو،علو،علو،علو... «نادرۆك»ه ك هەبوو، ئاوزەی یەکدی بووین، پێمان دەگوت «ناله قوڕاوی»». یەکەکی لاق باریکی دەموچاو کەروێشکانی بوو، جار جار فیکەیەکی بۆ

ڕادەنان، دیسان ئەوان لە هاڕژنیان دەدایەوە: «علو، علو، علو، علو...»... ئەی خوایە لەو دەنگە سازگارانە! لەو دەنگە خۆشانە! هەموو بەیەکەوە، وەك کۆمەڵە ئامێرێکی مۆسیقا دەژەنران، ... چ ئاوازێکی بەرزیان دێنا کایەوە، چ هەم ئاهەنگییەك...! ئێستاشی لەگەڵ دابێ، سمفۆنیای ئەو دەنگە هاروهاجانەم دێتەوە بەر گوێ، هەر دەتوت تاڤگەیەکە و لە خوڕەمی خەرەندەیەك، بەسەر نۆتەکاندا بەقەڵبەز دێتە خوارەوە... پۆپ میوزیکێکیان دێنایە ئاراوە، تەلی دڵ و دەروونمیان دەلەراندەوە. «بەدەم ئەم قسانەوە هەردوو دەستەکانی گەیاندە سەر ئەرزەکەوە) وەك ئەوان خۆی گڤ کردەوە...، لای لە من کردەوە»:

دەی، دەی، دە... بڵێ... دەتووش بڵێ... بڵێ عەلیشیش گاڕاان هات...، دەی گیانە دەی، خۆت دەزانی من...من... گەلێ دڵخۆشم گەلێ سەرفرازم، ...مرۆڤ کە هەست بەئازادی بکا دەکرێتەوە، ناخی خۆی بەتاڵ دەکا... دەی، دەی «پیرۆز» گیان، تۆش لەگەڵ منا، چیت پێ دەڵێم وام بۆ بکە...

– هەر ئەوەت مابوو، چیت بەسەر هاتووە، دەڵێی دەستیان لێ وەشاندووی...!

– دەی، دەی، توخوا دەی.. دەبیڵێ... دەی..

کە من وا مدەوت، ئەویش هەتا هێزی تیابوو، پڕ بەقوڕگی، لاسایی ئەوانی دەکردەوە و وەك ئەوان دەکەوتە «علو، علو....»

– دەی «پیرۆز» ئەو جارەش... توخوا هەر ئەو جارە... شەرم مەکە هەر ئەو جارە... لەگەڵ ئەم قسانەشیا سنگی خۆی پڕ با دەکرد و وەکو ئەوان دەستی دەکرد بەکیفە کیفەکردن و پرتك پرتك...

– عەلیشیش گاڕان هات.

– علو، علو، علو، علو...

– عەلیشیش گاڕان هات.

– علو، علو، علو، علو...

دوای پشوودانێکی کورت لە جێی خۆی هەڵسایەوە، وەك بڵێی تاسە و ئارەزووی ڕۆژانی ڕابردووی خستبێتیە حاڵەتێکی بێئاگایی، وەك دێوانەیەکی سەرگەرم و تۆبەکار، دەستی بۆ ناو مێرگ و مێرخوزارەکەوە درێژ کرد:

– چەند خۆشە بگەڕێینەوە کاتی منالّی! لە گەڵیا تێکەڵ ببینەوە لەو ژیانە وشکە

دابڕێین، نەختێ خۆمان لەوبارە ناهەموار و بۆگەنە بدزینەوە...! چونکە ئێمەومانان تەنیا هەر لەکاتی منداڵی هەستمان بەئازادی کردووە، هەستمان بە سەربەخۆیی کردووە...، ئەویش لەبەر تەمەنی ساوایی و مێشك کاڵیمان بووە، لە ژێریمان نەبووە...! «پیرۆز گیان»، ئێستاش مناڵێکی باقۆ لە ناخما دەژی، خولیا و حەز و ئارەزووەکانی کپ کراوەتەوە، ئێستاش نەمامێك لە جەستەمدا دەژی، هەر چاوەڕوانی خۆر دەکا، تا لق و پۆپی لێ بڕوێ، چاوەڕوانی تیشك و ڕووناکی دەکا، تا چاوی بپشکوێ. تامەزرۆی هەوایەکی پاك و پاراوە، تا وزە و ژیانی لێ لە دایك بێ...! نەفامێك لە گەڵما ئاوێتە بووە، جار جار خۆی پێشان دەدا... جار جار شێتایەتی و سەرەڕۆیی خۆی دەردەخا... بەڵێ، بەڵێ، گیانە... مرۆڤ نابێ هەر بە قووتوو بەندکراوی بژی، لە هەموو ساتێکا هەر بەداخراوی و بەپڕ هەڵماوی قسەی قەڵەو قەڵەو بکا، بەخشتە و پلانی ڕێکوپێك ڕەفتار بکا، لە قاڵبی دۆگما کەسییەتەکەی خۆیا تل بخواتەوە...! کۆمەڵ چۆنی پێ باشە وا خۆی هەموار بکا، گەورەکان چۆنیان دەوێ، وا ڕەفتار بکا...! ... جار جار پێویستە خشتە و پلانی ڕێکوپێك و ژمارە و ڕەنووس و ڕێسا و پێناسە و خاڵبەندی و هەموو ئەو شتانەی کە سنووردارت دەکەن...، تووڕیان هەڵدەی... بەڵێ جار جار پێویستە هەموو ئەمانە و... هەموو کۆتوبەند و گرێ و قوفڵێك لەبیر بکرێن، بخرێنە پشت گوێ، تووڕ هەڵدرێن... بۆ ئەوەی خۆشی لە دڵمانا نەمری، سروودی ژیان لە سنگمانا وشك نەکا، پشکۆ و ڕووناکی لە چاومانا نەکوژێتەوە... بەڵێ، بەڵێ هەر بەم ڕێگایەوە، داهێنان دروست دەبێ، شتی نوێ لە لامان گەڵاڵە دەبێ،...!... ئا... بەم شێوەیە لە هەموو دیوەکانی ژیان دەگەین، چاو بەبڕگە و لاپەڕە و لایەنەکانی تری ژیان دەخشێنینەوە، هەموو کونج و کەلەنەکان بەسەر دەکەینەوە، ڕۆشنیان دەکەینەوە... دەبا چەند ساتێ بۆ خۆمان بەڕەمەکی بژین، ماوەیەك بە ڕووکەشی بژین، بەبێ قاڵب، بەبێ قفڵ، بەبێ قەفەز...، لەگەڵ خۆ ڕاببین بە ئاتەشفشانی تیشك، لەگەڵ مانگا بدرەوشێینەوە، لە گەڵ ئەستێرەکانا بکەوینە جریوە... بەڵێ، ئەوانیش تام و چێژی خۆیان هەیە...ئا، بەڵێ... حەز دەکەم تۆش ئەو شتانە تاقی

بکەیتەوە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ وا ڕەفتار بکەین... دوور لە ژمارە و ڕەنووس و جۆروچەردە و داهات و بوودجە و کالای هاوردە و دەرکردە و... لادانی شتی گەندەڵ و ڕزیو... ئەمەیان کۆنە، ئەمەیان بەها و وزەی خۆراکی خۆی لە دەست داوە، ئەمەیان کەڕووی لێداوە و ئەمەیان ژەنگاوی و ئەمەیان سنداندارى و ئەمەیان... قوزەلقورت و... ئەمەو ئەمەو... «هەتا تینی تیابوو دەنگی خۆی هەڵبڕی» :... ئەی هاااواار... «دەستی

بەنێوچەوانی خۆیامالّی» ... ئەی باوکە ڕڕۆۆۆ... لەو شتە وشکانە، لەو شتە کەڕولالّ و ناشیرن و بێ هەست و سۆزانە...!

... گیانە من دەیان ساڵە وەك ڕووبارێ پەنگ دەخۆمەوە، وەك پیرێکی چلەکێش تل دەدەم و ژان دەمخواتەوە... دەمەوێ جار جار بەسەر خودی خۆما بتەقمەوە... ببم بە ڕووبارێ شەپۆل شەپۆل ئاوم لەبەر بڕوا، لەنگەر لەنگەر... وچان بدەم... با چیتر پەنگ نەخۆمەوە، با چیتر خۆم دانەخەم، با نەبم بەگۆمێکی گەنیو، با قووڵایی ناخم، هەواگۆڕکێی لێ بکەم، با قووڵایی گۆشە تاریکەکانی دەروونم ڕۆشەن بکەمەوە...! بەڵێ گیانە، بەڵێ، بێگومان... دەبێ جار جار وابین، ئەوانەش جۆرە ڤیتامینێکن بۆ تەندروستیمان، جۆرە نۆتە و ئاوازێکی خۆشن بۆ دڵ و دەروونمان... بۆ ڕوحمان... ئا بەڵێ، بەڵێ... ئێستا چۆلە، کەسمان لێ دیار نییە، لە کەس دیارنین، بۆیە وا دەکەم، بەڵێ بەڵێ ئێستا فرسەتە وا بکەین، جێی خۆیەتی بکرێینەوە، گۆرانی بڵێین، پێبکەنین... «پیرۆز گیان» کە منالّمان بوو بەخێر، ئەوساکە سەیرکە من چۆن لەوان منالّتر دەبمەوە... بەخێر... گەر منالێکت بوو، بلێ دووم هەیە، گەر دووانت بوو بلێ سێم هەیە... جار جار منالبوونەوەی منیش لەبیر مەکە. سەیرکە چۆن یاری لەگەڵ منداڵەکانت دەکەم، خوا پشتیوان بێ، دەبێ هیچ کەسەرێ لە ناخیان نەیەڵم، با وەك ئێمەیان لێ نێ، لە گرێژەن نەچن...! گیانە ئێمە وەك ئاسنێکی لووس و سواوەین، هەناومان پڕی ژەنگوژارە، وەك بۆمبایەکین جەستە و دڵ و دەروون و ناخمان پڕی گرێ و گواڵە... کۆمەڵگا جەستەیەکی داڕووشاو و بنێساوە، بریتییە لە چەند قاڵبێکی داڕژاو و گرێکوێرەیەکەوە...! ئەوەندە قڕ کراوین، ئەوەندە شکاوین، ئەوەندە پێشێل کراوین... ئەوەندە ترساوین، تۆقێنراوین...، ئەوەندە پەنگمان پێ خوراوەتەوە... بۆیە هەردەم خەون بە جیهانێکی کراوە و بێ سنوور و بێ پەرژین و بێ سەربان دەبینم...! بۆیە خۆزگە بە سەردەمی منالّیمەوە دەخوازم، جیهانی ئەوساکەم زۆر نزیك بوو لەوەی کە گەرەکمە...!

بەدەنگێکی بەرز ساردم کردەوە، گێڕامەوە لای خۆم:

– جا من چوزانم کاتی منالّیت چۆن بووە؟

– بەناو لەنگولۆری یاد و یادەوەرییەکانیەوە کەوتە پێرەوکە و سەنگرانەوە: ئمـ... ئمـ... ئم... من من..

– پێ دەچی گەلێ بێعارو سەرەڕۆ بوویی. شەو و ڕۆژ دانەکەسابی هەر گەمەت کردبی...!؟

– هـەر گـەمـە، هـەر غـاردان، هـەر هـەڵاتـن...!؟ گـەمـەی وامـان دەكـرد ئـێستـاش وا لەبەرچاومە..

هەر بەدەم ئەم قسانەوە، هەردوو لاقی خۆی جووت كرد، پاشان لاقی ڕاستەی نەختێ بەرز كردەوە و چەماندییەوە، جا توند چۆكی بەدەستی خۆیەوە گرت، هەر لە شوێن خۆیا دەستی بەچزۆكێ كرد، بە شەلەشەل لەهەر چوار دەوری خۆیا دەسووڕایەوە و دەیگوت:

– هێسترە شەلە كێوە دەچی؟

هەرخۆشی وەڵامی خۆی دەدایەوە: «لە ڕكێ بابەی دەچمە كابەی» چەند جارێكی تریش ئەمەی دووبارە كردەوە. هەر جاری كە وای دەگوت دەمارەكانی ملی هەموو زیوێڵ زیوێڵ بەدیار دەكەتن. ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو، بە هانكە هانك ڕووی لە من كرد: پیـ... پیـ... پیرۆز... پیرو... دەی گیاا..نە..ئەتووش، وەك من بكە... گیانە ئەو ڕۆژەی فێری ئەو گەمەیە بووم، تازە لەگەڵ دایكما گەیشتبووینە جێ، منالّی گەڕەك لەسەر گوفەكەكەدا هەموو تێك قژ قژابوون، ئەو یارییەیان دەكرد. منیش چووم خۆم لە دایكم دزییەوە، بەجل و بەرگی پاك و خاوێنی شارمەوە.. دایكم هەمووی لە ئوتوو دابوو...! چوومە ناو گەڕی یارییەكەیان، ئای كە چەند خۆش بوو...! بیرم دێ هەر ئەو جاری دایكم منی داپڵۆسیبێ، چونكە هەر لە تەپڵی سەرم تا بن پێم لە خۆڵ و زبڵ هەڵاتبوو...! بەڵام گەمەیەكی زۆر خۆش بوو زۆر زۆر، هیچ لەبیرم ناچێتەوە. پێش ئەوەی لە جێی خۆم هەڵسمەوە لە قوڵمڕا گرتمی:

دەی دەی، ئەتووش.. توخوا دەی، گەمەكی زۆر خۆشە، هاە... هاە... دەی دەی، هەتا چۆلە كەسمان لێ دیار نییە نەختێ بجووڵێ، تۆش وەك من بكە، دەی دەی، تۆش، تۆش... شەرم لە چی دەكەی؟

منیش وەك ئەو چۆكی خۆم نووشتاندەوە و لەگەڵیا هەڵدەبەزیمەوە:

– هێسترە شەلە كێوە دەچی؟

– ئەویش بەدەنگی بەرز وەڵامی دەدامەوە: لە ڕكێ بابەی دەچمە كابەی.

دواجار هەتا هێزی تیابوو لێی وەرگرتمەوە: هێسترە شەلە كێوە دەچی؟

چەند جارێكی تریش ئەمەی دووپات كردەوە...و دەیوت:

– دەی، دەی... هاە، هاە...هاە... وەڵامم بدەوە، بۆوا بۆوا... بۆ كڕ وەستاویت... دەی دەی: هێسترە شەلە كێوە دەچی؟

هەردوو دەستی خستە بن کەوشمەوە، یارمەتی دام نەبادا بکەوم. دوای ماوەیەك لەو هەڵبەزین و دابەزینەدا، سەرم سوورِا، ئەوەندە خولی پێ خواردمەوە، کەمێکی مابوو ئەوەی خواردبووم بیهێنمەوە...! بەسەر پشتا کەوتمە سەر ئەرزەکەوە... ئەویش خۆی خستە تەکمەوە، بە هانکە هانك و پشوو سواری دەستی لە ملم کرد:

– ئاگات لە خۆ بێ سەرمات نەبێ، دەزانم عارەقەیەکی زۆرت کردووە.

– هەمووی خەتای تۆ بوو، تۆ وات لێ کردم.

لەگەڵما کەوتە دەستگەمە.. لەناو مێرگەکەوە، جار جار گەوزێکمان دەدا، لەناو قۆپەنە گیاکەوە و چاندا. بە ئەسپایی دەستی راستەی لەسەر زگم دانا

– گیانە دەبێ زۆر ئاگاداری خۆت بیت.

– چ زوو، دیارە زۆر بە پەلەیت...!؟

– خۆت دەزانی من کورِە شەهیدم. منالّی شەهیدیش ژیانی دەبێتە خەون و خەیاڵ و رق و توورەیی... بەداخەوە تا ئێستا نەمدیوە کەس دڵنەواییمان بکا...

هەردووکمان لەسەر پشت ڕاکشابووین، تەختایی ئاسمان وەك چادرێکی شینی ناو چاڵ بەسەرماندا کۆمابووەوە، دەمنادەم باڵندە بەرزەفرِە لەش سووکەکان، تاك تاك یان بە ڕەوە بەسەرماندا هەڵدەفرین و بەری ئاسمانیان دەنەخشاند، هەندێکیان وەك تیر باڵیان جووت دەکرد و سەرەو خواردەبوونەوە، هەندێکی تریان لەناو لوولە ڕێی تیشکەکاندا، لەگەڵ ڕەشکەوپێشکەی سەرنج و ڕوانینمانا بەرەو جێ هەواری ئەستێرەکان بەرز دەبوونەوە...! ماوەیەك وا ماینەوە، دوایە خۆی وەرگێڕایە سەر لای چەپەی، بەدەم بیرکردنەوە و تەماشاکردنەوە برِێکم پێ گرژییەوە، بەئەسپایی لای لێ کردمەوە:

– تۆ...؟ کچ یان کورِ، کامەیان زیاتر...

زوو وەڵامم دایەوە:

– ئەوەی خوا دای ئەو باشە و ئەوم دەوێ.

– دەمەوێ لە ناخی دڵتەوە وەڵامم دەیتەوە. تۆ ئێستا دوعا بۆ کامەیان زیاتر دەکەیت... کچ یان کورِ...؟

– کورِ!

– ناوی چ بێ؟

– دوای نەختێ بیرکردنەوە... لە دوای ناوێ گەڕام کە هەردووکمان لامان خۆش بێ... کە وتم «دیاکۆ»... خنینەوەیەك گرتی لە قوولایی هەناویەوە هەڵدەقولا، لە خۆشی ئەم ناوەوە کەوتە چەپڵە لێدان و دروشم خوێندنەوە...

بەدەنگێکی بەرز و بە دەمی بە پێکەنینەوە کەوتەوە قسەکردن:

– تۆ ئەو ناوەت هەر لە من بیستووە، حەز دەکەم خۆشت بیخوێنیتەوە... بەڵێ گیانە بەڵێ...

– قسەکەم پێ بڕی: بەڵکو ئەویش دەبیتە ئەستێرەیەکی گەش.

– بەڵێ گیانە بەڵێ... یەکەم ئیمپراتۆری نەتەوەکەی خۆی بوو. سەرکردەیەك بوو، نەیهێشت خاکەکەی دابڕ دابڕ بکرێ و ببێت بە پینەو پەڕۆ.

هەر بەدەم قاقای پێکەنین و خۆزگە و ئارەزووەوە، خۆی وەرگێڕایە سەر پشت. پرسیارێکم ئاڕاستە کرد:

– ئەی تۆ؟

– زۆر لەمێژە خەون بەمناڵێکەوە دەبینم ناوی «ئالا» بێ! سەرم لەسەر سنگی دانا، کوتەکوتی دڵی و دەنگی هەناسە و پشوو سواری تێکەڵ بەیەك بووبوو. خۆی خاوکێش کردبوو، بەرە بەرە لەشولاری شەکەت و ماندووی دەهەسایەوە و کزە با خۆشەکەش، هێواش هێواش ئارەقەکەی لێ وشك دەکردەوە. سەری لەناو قۆپەنە گیاکەدا بزر بووبوو، سەیری ئاسمانی دەکرد. دوای ماوەیەك لە پشوودان و خۆ کڕ کردنەوە، دەستێکی لەسەر سەرم دانا، بەدەم ئاخاوتنەوە توند ڕایکوشی:

– بەدەستە خۆم نییە، خەم لە هەموو شت دەخۆم. ئای...! ئێمەش توخمە مرۆڤێکین، هێشتان لە زوڵم و زەلالەت ڕزگارمان نەبووە. گەورەترین کەموکوڕی کە هەمان بێ، ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەوەیە کە ناتوانین نەهێنی بپارێزین... دایکم وتەنی شیرەتکارەکانیشمان هەموو گورگە مێشن. چونکە کۆمەڵێکی خێڵەکی سەروەشێن کراوین، هیچ قۆناغ و هەنگاوێکمان بەشێوەیەکی ئاسایی دەست پێ نەکردووە و بەشێوەیەکی ئاسایش کۆتاییمان پێ نەهێناوە. هەموو هەر بەناتەواوی و بەنیوەچڵی ماوەتەوە و ئێمەش هەر بەنەباڵقی ماوینەتەوە...! لەبەر ئەوەی گەلێ جار خۆشەویستی خەڵك بەرامبەر بەو شتەی کە لەلای بەرز و پیرۆزە دەگۆڕی بۆ ڕقێکی ئەستوور، یا خەو بەرۆکی خۆی دەگرێتەوە و بەگرانیش لەسەری دەوەستێ...!

گوێم لە قسەکانی گرتبوو، ورد ورد بیرم لێیان دەکردەوە، قسەکانی هەمووی نوێ بوون لەلام، بۆیە  چەند حەزم دەکرد گوێیان لێ بگرم، دە ئەوەندەش مێشکی خۆم پێیانەوە خەریك دەکرد و لێیان ورد دەبوومەوە... ماوەیەك هەر بەو کڕ و کپییەوە مایەوە، لەو کاتەدا من بەپرسیارێ ورووژاندم:

– دیارە تۆش گەلێ کولك و برینت لە دڵدایە؟

– هەر سەد! هەر هەزار...!؟ ... گیانە، ئەوەی لێرە بژی، هەموو گیانی بەنەشتەر و سەرە نێزە لەتلەتە... ئێرە نەشتەرگایە، وڵات نییە...! ئێمەیان کردووە بە پینەیەکی جینگوڕ جینگوڕ، بەو خەمخانەیانەوە دووریویانین... ئەوجا، بەسەد بارە و هەزار بارەش قەرزارمان دەکەنەوە، لافو گەزافیشمان لەسەر لێدەدەن.

دوای هەڵوەستەیەك، بەدەمێکی بەپێکەنینەوە درێژەی بەقسەکانی خۆی دا: ئۆخەی، کە دڵخۆشم... چونکە دەزانم ئێستا دڵسۆزێ هەیە گوێم لێ دەگرێ و منیش بێ ترس هەموو ئاخ و کەسەری دڵی خۆمی بۆ هەڵدەڕێژم.

– حەز دەکەم هەموو شتێکم بۆ باس بکەیت، گوێم لە هەموو شتێ بێ... بەڵکو منیش سوود لە ئەزموون و شارەزاییەکانت وەردەگرم... «وەك بڵێی دیسان بگەڕێتەوە سەر قسەکانی پێشووی...، کەوتەوە ئاخاوتن» : ئێمە هەموومان یەك ئاگر دەمانسووتێنێ، بەڵام هەندێ کەس هەن هەستی پێ ناکەن یانیش خۆیان لێ گێل دەکەن... هەموومان... تا لەسەر شنگ و تاقەتین، بەجۆرە بیر و باوەڕ و گوڕوتینێکی ترەوە هەوڵ دەدەین تا بگەین بەئامانج. بەڵام کە پێڤاژۆمان گۆڕایا بەناو ساڵ کەوتین...، ئەو کاتە خۆزگە دەخوازین کە ببینەوە بە کوڕی خۆمان...! بۆ؟ چونکە مناڵە با قۆکە فراژۆ دەبێ و دەکەوێتە جووڵە...!

لەگەڵ ئەم قسانەیدا هەستم دەکرد، جۆرە تەسکینییەك بەدڵیدا دەگەڕایەوە... جووڵەی هەناسە و شوارۆی دڵی، پەیتا پەیتا هێور دەبووەوە و بۆ بارە ئاساییەکەی خۆی دەگەڕایەوە. دوای نەختێ مژوولی و قووڵبوونەوە، هەروا بەدەم تەماشاکردنی ئاسمانەوە، کەوتەوە قسان: گیانە، مرۆڤ چەقی هەموو ناکۆکی و کێشەکانی ئەو بوونەوەرەیە. جەمسەرەکان چەندی لەیەك دووربن... لە خاڵێکدا یەکتر دەگرنەوە، ئەو خاڵەش مرۆڤە! بێگومانم کە مرۆڤ بوویەکی وایە دەتوانێ هەموو گرەوێك بباتەوە، ئاوەڕۆیەکە هیچ کۆتایی نایە... بەڵێ بەڵێ... مرۆڤ ڕووبارێکە هەرگیز دووبارە

نـابـێتـەوە، بـەڵام وەکـو تـاك نـاتـوانـێ مـانـی خـۆی نـەدۆڕێنـێ، نـاتـوانـێ بـوونـی خـۆی بپارێزێ...! جا لێرەدا بەهێزترین و بێ هیزترین خاڵ لە مرۆڤدا کۆ دەبێتەوە...!

سەری خۆی هەڵبڕی خۆی وەرگێڕایە لاکەی تریەوە...، سەری لەسەر سنگم دانا، چەند پەیڤێکی تری ئاڕاستە کردم:

دەزانی تا ئێستا لە مێژوودا، ئادەمیزادێك پەیدا نەبووە کە مەڵبەندێکی نەبووبێ، یاخود پابەندی هیچ شوێنێك نەبووبێ...؟ هەتا ئادەمیزادە کۆنەکانیش؟ چونکە ئەمە پەیوەندی بە بژێوی و گوزەرانی مرۆڤەوە هەیە، پێش ئەوەی پەیوەندی بەبیر و باوەڕ و بە هزر و هۆشیەوە هەبێ...؟

دەمێ بە کڕی لێم وردبووەوە... درێژەی بە ئاخاوتنەکەی خۆی دایەوە: بۆیە خاك لەهەموو شت خۆشەویستترە، لە دایك و باوك، لە هاوسەر، لە منداڵ، لە گیان...! لەوەتی مرۆڤ هەیە، زۆر لای ئەستەم بووە زاینگەی خۆی لەبیر بکا. زەقترین پێناسە لە ژیان و مێژووی مرۆڤدا خاك و نیشتمانە. ئەگەر هەر نەتەوەیەك پارچە پارچە بێ، دەیان حزب و دەستە و گروپی تیابێ، هەموویان لەبیر و باوەڕ و پڕۆگرامەکانیان دژ بەیەك بن... لەیەك شت یەکتر دەگرنەوە ئەویش خاك و نیشتمانە...! ڕوو لە هەر ئادەمی و بوونەوەرێ بکەی و لە خاك و نیشتمانی خۆی بشۆڕێنی، هەرگیز لێت قەبووڵ ناکا، بەهەموو شێوازێك، بەهەموو هێزی خۆیەوە بەرینگاریت لێ دەکا، دژت دەوەستێتەوە... گەر ڕووت لە کۆنترین ئادەمیزاد نابوایە...، یاخود، گەر دەستی نیاندرتاڵێکت گرتباو بتبردایە، لە عەر عەرێکا جێت هێشتبوایە، بتوتبا: تۆ، تۆ... کاکەی نیاندرتال، ئیتر پێویستت بە ڕاو نەما، لێرە بۆ خۆت هەر دانیشە و هەر بخۆ و بخەوە، ڕوو لەهەر لایە بکەی هەموو دراوسێی خوا پێداون، هەموو دەڵێی حەتەمن... لە هیچت کەم نابێ، پێویستت بە هیچ شتێ نابێ...! بەخوا پێش تۆ دەگەڕایەوە ناو شاخ و داخەکەی خۆی...! لەوانەیە گەر دەستیشی پێت گەیشتبایە، بە بازووە پۆلایینەکەیەوە، وەك گلۆڵە موویێ، لوولی دابوایتە بار یەك و لە بەردەم ئەشکەوتەکەی خۆیەوەڕا بۆ ناو دۆڵە شاخێکی هەزار بەهەزار گلۆری بکردایتەوە و پارچە پارچەی کردبوایت...!

تۆ پاشای مەزن... پاشای هەور و با بەرزەفڕ و سەرشێتەکان... لە دەربەندی بێڵوولەدا، ڕەشەبا هەراسانت دەکا، هەموو جارێ تەختەکەت لەق دەکا...، دەتبەمە دوورگەیەکی ئارام و بێ باوبژ... یەکسەر لە سێدارەی دەدایت!

تۆ «حدیاب»، قەبارەی دەسەڵات و هێزت گەلێ لە مەڵبەندەکەی ئێستات گەورەترە، شارەکەی خۆت جێ بێڵە پایتەختێکی گەورەترت لە قەبەڵ دەکەم...! یەکسەر، بەبێ سێ و دوو، لەسەر قەڵاوە، بەسەربڕاوی گلۆری دەکردیەوە...!

بینای سەرنجەکانی بۆ دوور... بۆ ڕەوەزە شاخ و دۆڵە سەوزەکانەوە ڕانا... وەك بڵێی لە خەونایە و بەرامبەر دار و بەرد و مێرگ و دارستان و کێوە مل قووت و هەروەها یارونەیارانی دەوروبەرەکەی خۆیدا وەستابێ و وتاریان بۆ بدا.

لە قەد پاڵێکی ئاوا بڵندا کە گەلێك زنجیرە شاخ و لاپاڵی پان و پۆڕ و دەشتی بەیاری پڕ لە دڕك و داڵ و کوێرە کانی و ڕەزی بێ خاوەنی دەکەوتنە بەرچاو...! ئەو دیمەنە خەمناکانە سەفەر بەلگێکی پڕ لە ناسۆر و کۆنە قینیان هێنایەوە یاد...! بەدەم ئاخ و کەسەر هەڵکێشانەوە، بەرەو دار بەرووەکەوە ڕۆیشت، دەستی خۆی بۆ چڵێکی تەڕ و ناسك درێژ کرد و لە قەدی دارەکەی پچڕاند... چەند جارێ لە لووتی خۆی نزیك کردەوە، بۆنی کرد... دواتر پەلکەکانی لێ دارنی، کردی بە شوورکە دارێکی شلك. بە دەستی ڕاستەی گرتی، ئەوەندە بە حوججەت هەڵیشەقاند، ورشە ورشی لێ هەڵسان، بەرق و قینێکی ژەهراویەوە، کە دەم و چاوو ئادگاری نیشانەی ستەم و ستەمدیدەیی پێوە دیاربوو... پڕ بەهێزی دەمار و ماسولکەکانیەوە کەوتە قسەکردن:

– هەرچی کراوە و هەرچیش بکرێ، نە کانیا وچك دەکا و نە شاڵوریش لە هوزار دەکەوێ. لاوك و لێگزنۆکێ و هۆرە و قەتارە و سیاچەمانە... هەر چریکەیان دێ و هەر چریکەیان دێ. «قۆچپەکانی کراسەکەی لە یەکترازاند، هەر دوای چرکەساتێ کزە با فێنکەکە ئارەقەی ڕق و قینی لێ وشك کردەوە... بەرزتر هەڵیدایێ»؛ کارمامزی سۆرغەڕی حەیرانە بەرز فڕەکان هەر زیاد دەکا و لە جلیتانێ ناکەون. «دەستی بۆ سوورکانە بەیارەکەی قەد شاخەپان و پۆڕەکەی بەرامبەرمانەوە درێژکرد» : هەموو کێڵگەیەك بسووتێنرێ، هەموو سەوزاییەك قڕ بکرێ، تام و بۆی ساوارم بیر ناچێتەوە. «ڕەنگی سوورتر هەڵگەڕا، دەندەڵەی سنگی خۆی دایە بەر کۆڵەمستان کە لەگەڵ لێدانیا خیسە خیسی هەناسەی دەهات» ... نە من بەبێ ساوار و حەیران دەژیم و نە ئەوانیش بێ من هەڵدەکەن... هیچ هێزێ ناتوانێ لە گەزۆ و سەمەنی و هەنگوینی گوڵشیرەی کوێستانی نیشتمانەکەم بکا...!

لە ناخی دڵەوە گوێی خۆم ڕاداشتبوو، لەگەڵ خەیاڵ و هەڵوێستە پڕ لە نەهامەتییەکانیا، منیش بووبووم بە باڵۆنێکی بابردەڵە و لەگەڵ گێژەنی گەردە لوولدا

گەرە پێچەم پێ کەوتبوو... ئەم هەست و گوزارشتانە، دەمار دەمار بەناو ناخما دەچووە خوارەوە و کاری لێ دەکردم. لە لایەکی تریشەوە وەك بڵێی قەدەر عەیامێکی درێژ بێ ئەو هەمـوو خـەم و خـەفـەتـە خـەفـەکـراوەی لـە خـۆیـا بـارکـردبێ و بـاری بۆ نـەرەخسابێ بیاندرکێنێ، هەر پەنگی خواردبێتەوە... گوێم لێی دەگرت، هانم دەدا تا سفتوسۆی خۆی دامرکێنێ، هیچ شتێ لە دڵی خۆی نێڵێتەوە، با ژانوژارە پەنگخواردووەکانی بەرهەڵدا... با بەجارێ هەمووی هەڵڕێژێ...» ... لە نزیك دار مێوەکەوە خۆی بەسەر گۆچانەکەیەوە دادابوو، کزە بایەکی فێنك و شێدار بۆن و بەرامەی خۆڵی پاش بارانە و گەردی سەر چڵەدار و گەڵا تازە چاو پشکووتووەکانی لە دوورەوە دەهێنا و بەلووتی دەپژاند. لە دوای برووسکێ... کە وەك تەنافێکی ئاگرین بەشێوەیەکی نارێك و خوار و خێچەوە لە بنی ئاسۆوە چەخماخەی دا و دەستی بەئاورینگ پژان کرد، بەرز بووەوە و هات لە سینەی ئاسمانا کوژایەوە ئیتر ئاسمانی ڕووگرژ و ڕەشدا گەڕاو وەك تۆپی کەللە دەستی کرد بەگرمەگرم... لە دوورەوە گەواڵەیەکی تر تریشقاندی... تا هات و لەسەر شارا وەك کۆمەڵە بۆمبایەکی لەناو یەکتر ئاخنراو، چەند جارێ تەقییەوە: «هەی لە کەرەمت بەزێدە بێ وەستا کەریم. شاهی شاهان هاوار هەر ئەتوومان هەیە...!» لەگەڵ دەست هەڵبڕینا گۆپاڵەکەشی بەرز کردەوە، سەری خۆی بۆ ئاسمان بڵند کرد: «شای داروبەرد و بەفرو ئاو و هەموو چۆڵ و بەرپایەك، شای بنیادەم و هەموو مار و مێروو و کرم و ڕوحلەبەر و دەعبایەك پشت و پەناهم بەتوو قایمە. خوای لە ژوور سەری، بکە بەخاتری خۆشەویستی خۆت، حەزرەتی جبرائیل، چ شێخ و مشایەخی لە دنیایێ هەن...، کوو خێر و بەرەکەت بەسەر ئەو زەوی و زارە دادەبارێنی، ئەمەش ئەوها لە کەرەم و لە مەرحەمەتی خۆتمان بێ بەش نەکەی. ئەمەش عەبدەکی بێ نەوعا و ملکەچین. خودایە بەگوناهی من مەکە، بەپیسی و بێ دینی من مەکە، ئەمنیش بنیادەمم شیری خاوم خواردوە...!

ئەمان بکە بەخاتری ئەو دوو سەبیلۆکەیە، کە هێشتان وەکی زەردێنەی هێلکەن، شل و خاو و بێ گوناهن، هێشتان هەر دەڵەمەن...! کە لە نازی بابت کردن، ناشوکری نەبێ... خودایە...! هانا هەر بە بەر توو دەبەم، چ کەسی دیم نییە لە توو زیاتر... لە بۆ خاتری گەورەیی خۆت چەپارەیان بدەی، تووشی چ نسکۆیان نەکەی، یاخوا هاوار، هاواار...!» دەنگی دەرگای حەوشە لە قسەکانی خۆی پچڕاند، لەگەڵیا دڵی داخورپیا: «یاڵا خێر... ئەو جارە دەبی کێ بی؟...!» بە دڵەکوتێ و نیگەرانییەکی زۆرەوە لەبەر خۆیا کەوتە بڵمەبڵم. پاشان خۆی بەسەر گۆچانەکەی دادایەوە و هەستی ڕاگرت. کتوپڕ دەنگی منالێ

ڕایچڵەکاند:

– ها «نەنێ»، ئەوە دایکم بۆی ناردووی.

– چییە...؟!

– نانی فڕنییە.

– ئەوجە ئەمن ددانم لە کوێ بوو ئەو ئەستوورکە چیرە بخۆم.

–دایکم دەڵێ با زوو بیخوا نەکوو ڕەق بێتەوە.

بەدەم ئەم قسەکردنەوە، هات نانەکەی لەسەر نوێنەکانی «نەنێ» دانا، فرتکەیەکی بۆ کرد و بۆ لای دەرەوە ڕای کرد. کە «نەنە پەری» گوێی لە دەنگی پێیەکانی بوو، بەدەم هاوارکردنەوە لای لێ کردەوە:

– هەی قیامەت...! ئەوە کێ ناردبووی؟!

– ناڵێم دایکم!

بەتوندی لە جێی خۆی سەنگرایەوە، بەگورجی ئاوڕێکی لێ دایەوە و ئەم قسەی ئاڕاستە کرد...! بەڵام ئەو دیسان لێی دووپات کردەوە:

– داکم، داکم...! ئەمن چسوانم ئەتوو کێی؟

لەمدیو دیوارەکەوەرا، دەنگی «فاتە دەلال» بەرز بووەوە:

– ئەوە کچەتیمەکەی منە من... سەورەیە...، دەنگی ناناسییەوە؟

بەدەم ئاوڕدانەوە بۆ لای دەنگەکەوە، بەرز هەڵیدایێ:

– نەێ وەڵڵا ناینناسمەوە، کیژێ من! چما ئەمن چ شنگو تاقەتم لەبەرمایە؟ کەپووم بگری ڕوحم دەچێتە دەرێ. ما خەم و خەفەت لێدەگەڕێ برەك خۆ بگرمەوە... وەك گیسکەکەی هەیاسم لێ هاتیە، ڕۆژێ سەد سەراو و دەراوم پێ دەکرێ!

ئەو قسانەی دوایی، بەدەنگێکی نزم دەدرکاند پاشان ڕووی خۆی وەرچەرخاندەوە و لە پێشە خۆی کەوتەوە بڵمەبڵم کردن: ئەو کەسەی لە گەورەیی بێ چاو بی گەلەك زەینکۆر دەبی. هرەی لە برەی دەرناکا...!

ئەم خۆ دواندنە گێڕایەوە ناو ئەندێشە و جیهانە جەرگبڕەکەی خۆیەوە. دیسان گرکانی ڕق و قین و گیانی تۆڵە سەندنەوەی خۆی کردە چەند پەیڤێك و دەری بڕین:...! دەستێکی بە سنگ و بەرۆکی خۆیا ماڵی، دەستی کردەوە بە دوعا و نزاکردن:

ئۆە خوایە کوو بەو پیرییە چاوت لە من ساندەوە، غەنیمی منیش ئەوها لێ بکەی، ئەوەی ڕووناکییە لە چاوی نێلی.

– دەنگێکی کتوپڕ هەڵوێستەکەی پێ گۆڕی:... ئەدی پیرۆز؟!

– ها... گوێم لێت نییە، کێی ئەتوو، چ دەڵێی ؟!

– کەمێکی لێ نزیك کەوتەوە، هەر بەهەمان دەنگی گنییەوە.

پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: نەنێ ئەمنم ئەمن... دەڵێم ئەدی «پیرۆز» لە کێیە؟

– دوای نەختێ چاو تروکاندن و بیرکردنەوە: «فاتم» ئەوە ئەتووی؟!

–ئا ئا، نەنێ... هاتیمە شتێکت پێ بڵێم.

دوای چاو گێڕان بەملا و بەولادا، دیسان پرسیارەکەی پێشووی دووپات کردەوە: ئەدی پیرۆز؟!

– بەنارەزایی دەربڕینەوە وەڵامی دایەوە: ئەمن چ چاوم هەیە هەتا بزانم لە کێیە؟!

– هەندێکی تریش لێی نزیك کەوتەوە، بەدەنگێکی تزمتر گوتی: بەو سۆری سبیانێ، دیسان باچکە سەگەکە هات لە دەرکەی دا. «پاشان پرس»: نەنێ، ئەدی ئەتوو بە خەبەر نەبووی؟!

ئاگات لێ نەبوو...؟!

– با... بەخەبەر بووم، ئەمان تێنەگەیشتم بە چ ئیشەك هاتبوو...ئەدی ئەتوو؟!

– ئەمنیش وەك توو...! گەلێك لە پەنا دەرکە خۆم گرت. چەندی کردم هیچیان لێ تێنەگەیشتم. گوێم لە تریقوهۆڕی پێکەنینیان بوو، دیاربوو هەردووك لە خەنیخۆشی یەکدی شین بووبوونەوە، کەفەزگ بوون هەندی پێ بکەنن... جارێ «پیرۆز»ی بووکت دەتگۆت لە حەفت قۆڵان شای و لۆغانی لە بۆ دەگەڕێ.

ئەم قسانەی «فاتە دەڵاڵ»، کردیان بەکوندەی ژەهر، ئەوەندەی تر پەشێو و پەشۆکاو بوو. سەری خۆی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، چەند جارێك گۆچانەکەی هەڵگرت و دایەوە بەئەرزا، لەپڕ هاوارێکی لەدەم دەرچوو: ئەڵڵاااهـ... یا هەق هەر ئەتوو هەی !خوای بێ کەسان خۆت ئاگاداری، هەر ئەتوو زەواڵی زاڵمانی.

«فاتە دەڵاڵ» هەر بەم لاو بەولادا چاوی دەگێڕا، پاشان دەمی خۆی لە گوێی «نەنە پەرێ» نزیك کردەوە:

– ئینسان ناتانی لە تاریکی چ بڵێ، ئەمان ئەمن ئەوەندی لەو مامۆستا «ئەیان»ە سەر بە هەشە هوورد دەبمەوە، وەکی مەسەلەکەی ئەزم و دزم دەکا...! وەڵڵاهی، هەر جارەکی کە چاوم پێی دەکەوی. لە خەفەتان دەمرم و دەژیمەوە... دوای کەمێ بێ دەنگی و بیرکردنەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «نەنە پەرێ» نەڵێی بێ چاوم و... وەهاچوو وەهابوو...! هەتا ڕوح لە بەدەنم مابی دەبمە چاوت، شەرت بی لە شەرتی خوا تەیراوڵ بەپێش دەرکەتاندا ڕەت بی و بەخواری تەماشاتان بکا پێت بڵێم. ئەگەر ئەمری تووشم پێ بی بەخۆم لاقی دەشکێنم. ئەدی جیران لە بۆچی باشە، ئەگەر لە بۆ ڕۆژێکی ئەوها نەبێ...؟!

قسەکانی «فاتە دەلاڵ» هەموو وەك نەشتەر لە جەرگی دەچەقین و ژەهراویان دەکرد، گەرەکی بوو باوەڕیان پێ نەکا، بەلام نەیدەتوانی...! چونکە خۆشی چەند مانگێ بوو... لەو کاتەوەی کە من و «ئالا» بۆ ئەم قوتابخانەیە گوازرابووینەوە، ئەم گومانەی لا پەیدا بووبوو.

چاوەدێری کردن و برەو پێدانی مامۆستا «ئەیان» بەئێمەی بێ بەش لە ناز و شکۆمەندی باوك... بووبووە جێگای سەرنج ڕاکێشانی گەلێ کەسی تریش، جا هەریەکە و بەگوێرەی بیروڕا و بۆچوون و ڕەوشت و پەروەردەی خودی خۆیەوە ڕمڵی خۆی لێ هەڵدەدا...! بەلام هەندێ لە مامۆستاکان بە پێچەوانەی بیروڕای زۆربەی زۆری ئەوانی ترەوە، سەیری سەروبنی مەسەلەکەیان دەکرد. بەتایبەتی، ئەوانەی دۆستایەتیەکی نزیکیان لەگەڵ مامۆستا «ئەیان»دا هەبوو. هەروەها هەندێ لە مامۆستا ئافرەتەکانیش، سەبارەت بە«موژدە» کە دەستە خوشکی یەکتر بوون، گەلێك سۆز و دڵۆڤانی خۆیان بۆ ئێمە پیشان دەدا.

زۆربەی مامۆستاکان، تا درەنگان بە میانەو ئامۆشۆی ڕاستەقینەی ئێمە و «موژدە»یان نەدەزانی! چونکە هەر لەگەڵ ئەودا دەچووینە قوتابخانە و لەگەڵ ئەویشدا دەگەڕاینەوە. خۆشی بۆ هەر قوتابخانەیەك بگوێزرابایەوە ئێمەشی لەگەڵ خۆیا دەبرد بۆ ئەوێ. نەیاندەزانی کە ئێمە خوشك و برای شیرین و لە دایك و باوكێك نین...!

زۆر ئاستەنگە منالی پاشە باوك، بەدایکێ بەخێو بکرێ... کە موورەگەی پشتی بەزۆرەکی زۆرداری شکابێ و خەم و خەفەت و ژیانی ستەمکاریش هەردوو مەمکی لێ وشك کردبێ. بۆیە هەرچەندی بەهێز بێ و هەرچەند غەریزەیەکی دایکایەتی و مێیایەتی

و وزەیەكی مرۆڤایەتی و خاتوونزادەیی هەیە...، هەمووی لەخۆ كۆبكاتەوە، ناتوانێ دوو منالّی جمك و پاشە باب بەم بێوەژن كۆشی و ڕەنج كێشانەوە بەخودان بكا و وەكو پێویستە گەورەیان بكا...! هەڵبەت، لەو كاتەدا دەبێ لەناو دەیان بەڵكو سەدان دەرگای داخراودا یەكێكیان لێ بكرێتەوە و ببێتە كلاوڕۆژنەیەك تاكو دڕ بە هەموو خەم و خەفەت و تاریكییەك بدا. دەبێ دراوسێیەكی دێرین و خێرخوازی وەك مالّی «دایە نەخشین» پەیدا بێ و ئەو شیرەی هەیەتی بەسەر هەردووكمانا دابەشی بكا...! ئێمەش وەك كاریلەی تازە چاو پشكووتوو، كە هێشتان بۆن و برینگ و هەڵمەدووكەی ناو منداڵدانمان لێ هەڵدەسا پێیەوە ببانێینەوە... و دایكێكی لێو بەبار و لێقەوماو و دەستە پاچەش لەخەم و خەفەت و لە دەردی بێ شیری و لە ئۆباڵێكی گەورەدا ڕزگاری ببێ...!

«نەنە پەریّ» بەهەموو ئەو سەر بەهووردە و ئەو شتە ڕاستەقینانەی دەزانی و لەگەڵ ورد و درشتی ڕووداوەكانەوە ژیابوو. لە سەردەمی چاو ساغیشیا لەگەڵ مالّی «دایە نەخشین»دا هەر یەك مالّ بوون. دوای كارەساتە جەرگبڕەكەش زۆر بەگەرمی لە هەموو بارەیەكەوە بەهانای دایكم و داپیرمەوە هات... كاتێ كە ئێمەی بەدایەن كرد، هەموو ڕۆژێ «نەنە پەرێ» بەدەیان جار خۆی بەقوربان دەكرد و بەلاگێڕی منالّەكانی دەبوو. چونكە لە ڕۆژی وادا كەم كەس دەیتوانی بەدڵسۆزییەكی وا بێ پایانەوە ئاوڕیان لێ بداتەوە و بە تەنگیانەوە بێ. هەموو جارێ بەدایكمی دەووت: (كیژم «پیرۆز» شێرە ژنەكەم، «نەخشین» منداڵی سەركەوبنكەشی هەیە، كوڕی هەیە، كیژی هەیە... لە جەژنان یان لە بووك و داوەتان كەیفیان بەجل و بەرگی نوێ دێ... ئەوە پێت دەڵێم، قایل نابم دەستهەقیان لێ وەرگری. هەتا ماینە ئەمە قەرداری ئەو مالّەین. ئۆە خوایە، دەبی ڕۆژەك بێ بتوانین چاكەیان پڕ كەینەوە ...! چەند باشن، چەند ئەهلی كارن... چاو و دڵەكی چەند فراوانیان هەیە...! بەخۆ بەكیژەوە لەبۆ مە سەریان پێوە نەبووە. ئۆە ڕەبی «نەخشین» بەخۆ بەمێردەوە، دەست لە بۆ بەرد ببەن ببیتە زێڕ...! نەخشەی لە «موژدە»ی كیژیشت بێ، ئاخیری خێر بێ بەدایكی كوڕان بێ، ئەوها وەكو توو بە ڕووسووری و بەچاو تێری مالّەكی گەورە و گران ئاوەدان بكاتەوە...! .)

بەلام لەم چەند مانگەی دوایی، هەموو ئەو ڕابردووە لانەواز و ئەم پەیوەندییە گیانی بەگیانی و ڕۆشنانەی لە مێشكیا سڕابووەوە. هەر كارێكی چاكی ئەوان و هەر وشە و پەیڤێكی ڕاستەقینە، لەناو شانۆچكەكانی مێشكیا و لەناو و خانۆچكەكانی دڵیا... بەپێچەوانە هەڵگەڕابووەوە. هەر دەتووت ڕەوتی سووڕی خوێنی بەپێچەوانەی بارە

ئاساییەکەی خۆی سوور دەدا، هەرچی شتی باش و ڕاست و گونجاو بوو، لەم ماوەیە لەلای بووبووە پێچەوانە... دەنگ و باس و قسەکانی «فاتە دەلاڵ»یش لەملاوە بوەستێ...! ئەو فاتە دەلاڵەی کە هەموو ڕۆژێ شتومەکی منالان و کووتاڵی قاچاغ و زێڕی قەڵپ و عەیار جوێ جوێ و گەلێ جۆرە جلی ئافرەتانەشی... لە چەند ماڵ بگێڕابوایە بۆ فرۆشتن و ئەو دەر ئەو دەری بکردایە... بەقەد ئەوانیشەوە دەنگوباسی کۆ دەکردەوە. ئەو ئافرەتە گەلێ تێنووی ئەم شتانەبوو... سەری هارومارى لا دەست دەکەوت. لە کۆلانیشا هەر لە کازیەی بەیانییەوە هەتا شەو ڕادەشکا هەردەم پێیەکی لە دەرەوە بوو، یەکیشی لە ژوورەوە...! مێردە پووخەڵە دەمچەفتەکەی و منالە پێخواسە بۆر و چڵکن و سەر بە ڕشك و ئەسپێکانیشی هەر بەم هەڵیتە و پەڵیتە و بەم شێوە نارێکەوە پەروەردە دەکرد و نیگاداشتی دەکردن.

لەو بەیانییە کشوماتەدا «فاتە دەلاڵ»، کە لە «نەنە پەرێ» ورد دەبووەوە، تێگەیشت دەنگوباسە جەرگبڕەکانی ئەمجارەی بوونەتە تیری ژەهراوی و هەتا سەر ئێسقانی کاری تێ کردوون. بەلام، ئەفسووس... پیرێکی کەنەفتەی داڕزاو و کەمبینا دەبێ چی لە دەست بێ، بەئەنجامی بگەینێ! چۆن بتوانێ خۆی وتەنی باری گرانی ئەو دوو منداڵە بخاتە ئەستۆی خۆیەوە.

بەدەنگێکی بڕ لە قەهرو تووڕەییەوە لای لە «نەنە پەرێ» کردەوە... کە تا ئەوساکەش هەر خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا خوار کردبووەوە و لە شوێنی خۆیا دۆش دامابوو: گوێ مەدێ، ئەوجارە ئەو گڕمووزنە سەیانییە بێرە دابێ، چەند منالە هوورتکەی کۆلانێ هەیە هەمووی تێ بەردەدەم. دەبێ وەهای لە خرتۆڵێ وەردەن...وای تەمبێخواردوو بکەن جارەکی دی ڕوو لێرە نەکاتەوە.

دوای هەڵوەستەیەك گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: مامۆستای وام بە قوڕ گرت... ئەوە کەی مامۆستایە!.

«نەنە پەرێ» بەو قسانە گەزگەز گۆشتی بەردەدا، خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا هەڵگیرساندبووەوە، بە کزی کەوتە باگۆدانەوەی:

– کیژێ من، بەرە لە لای تەنکی دەدڕێ. هەنووکە ئەمن دارەکم بەدەستە، هاشا حازری... وەکی گۆتم هاشا حازری، پەرژینە دەبڕێتەوە...، هەر دوو سەری بە گووە.

بەدەنگێکی تێکەڵ بەگریانەوە لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیشت: ئەگەر یەکەك دایە دادی

بێعاری و بێ دینی، بەخوا نەبێ بە کەس ناگەڕێتەوە... نە عەیبەی لەکن دەمینێ، نە شەرم و حەیای دەمینێ...

«فاتە دەلاڵ» بەدەست هەڵشەقاندنەوە کەوتەوە قسان:

– خوا لە کەس نەگۆڕێ... ڕۆژێ پێنج فەرزە، هەر دەبێ بڵێین و بناورێینەوە، خوایە لە بەلای وامان بەدوور بگری، خوایە بە سۆدرەمان نەبەی تووشی ڕێی خراپمان نەکەی...

دوای چرکە ساتێ، بەچەند قسە و ئاخاوتنێکی بەپەلە لای لێ کردەوە:

دە ئەتووش ئەوەندە خەمەی لێ مەخۆ، لێی بێ منەت بە، خوا ڕسقدەرە... ئەوڕۆ دەچمە کن کاکم پێی دەڵێم با هەوڵت لەبۆ بدا، بەڵکەم تەقاویتییەکەی جوانەمەرگت لە بۆ دەردەچۆینێ ئەوجە هەینێ  منەتتان بەوی نامینێ.

– فاتم، ئەتوو نازانی ڕۆژم لە جێیەکی چەند خراپ لێ ئاواب ووە...! بەقوڵپی گریانەوە، درێژەی بەقسەکانی خوی دا: ئەگەر شنگوتاقەتی جارانم دەبوو، منەتی ئەو خوای گەورە نەبی «دەنگی خۆی بەرز کردەوە» منەتی کەسم بە پووشکەك نەدەزانی. ئەمن قەت کۆزی خۆم ساوا نەکردیە... ئەمان ئاخ چ بکەم دەستم شکایە، پیری و سەد عەیب...!

دوای نەختێ کڕ بوون و بەخۆدا چوونەوە، دیسان کەوتەوە قسەکردن... کە ئەوکاتە مات و مەلوولییەکی زۆری پێوە دیاربوو:

تەقاویتییەکەش خراپ نییە، ئەگەر بماندەنێ...!

ئەم قسانە «فاتە دەلاڵ»یان خستە ناو دەریایەکی بیرکردنەوە. بەناخی خۆیدا قووڵ بووەوە... لە دڵی خۆیا کەوتە پرس و وەڵام. چۆن ئەم کارە ڕاپەڕێنی، چۆن باری بۆ بڕەخسێنی و دوا بەدوای ئەمیشەوە پلان و ئامانجەکانی تری زیندوو بکاتەوە، بەرامبەر بەمەشەوە دەستخۆشانە و پاداشی ماندووبوونەکانی خۆی وەربگرێ...، باشە...! ئەی لە سەرەتاوە لە کوێوە دەست بەکارەکەی بکا...!؟ هەڵبەت دەبێ یەکەمجار لە کاکییەوە هەنگاوی بۆ بنێتەوە، دوایەش بەدوان پێ بەپێ کەسانی تر بدۆزنەوە.

... ئەوان شارەزای کار بەدەستانن، سەریان لە ڕەفتار و ڕازو نیازیان دەردەچێ. سەر لە هەموو شتە گشتی و شتە تایبەتییەکانیان دەردەکەن، شارەزای خۆزگە و خولیا و ئارەزوو و زەوق و کەیفسازییەکانیانن، شارەزای کۆڕە ڕەنگاوڕەنگ و ئاهەنگی شەهرەزاد ئامێز و شەوە ئەرخەوانییەکانیانن، تەنانەت شارەزای نهێنییە ورد و درشتەکانی ناو ماڵەکانیشیانن...!

لـه گـەرمـەگـەرمـی ئـەم لێکدانـەوە و بـەخـۆداچـوونـەوەیـەدا بـوو، بـەردی گـورەی هـات و بەدەرگای ماڵیان کەوت، گوێی خۆی قوڵاغ کرد، لە هزر و بیرەکانی خۆی پچڕا... بانگی منداڵەکانی کرد «... گدۆ، گەلۆ»... ئەوان دەمێ بوو چووبوونە دەرەوە، وەك هەموو بەیانییەکانی تر، پێش ئەوەی مریشك و جووجەڵەکانیان دەرگای کۆڵیتیان لێ بکرێتەوە، ئەوان بەکۆڵانا بڵاودەبوونەوە..! لەگەڵ منداڵانی ترەوە کر و کچی کۆڵانەکەیان دەشڵەژاند... لەبن دیوارا خۆڵخۆڵۆکێیان دەکرد، یا دەمانچۆکە و تۆپترەقەو خولخولەیان دێنا و یارییان پێ دەکرد... و سووقی منداڵەکانی تریشیان دەکردەوە... یا لەناو قوڕ و چڵپاوی جۆگە سیانەکاندا، چەند منداڵە ورتکەی تریشیان بەگەڵ خۆیان دەدا و چڵپوچۆپ بەناوی دەکەتن، یا قورقورۆکێیان دەکرد و خانیچۆلۆکە و ئاشۆکە و حەوزۆکەیان دروست دەکرد...! دەنگ و زەنازەنای منالەکانی زیاتر بەرز بووەوە، ئەویش زیاتر گوێی گرت...! دوای چرکە ساتێ بەدەنگێکی بەرزتر بانگی منداڵە سەرکەو بنکەکانی تری کرد: «سەورە... باسیمە»... کە گریانی کچە گچکەکەی کەوتە بەر گوێ، هەراسانی لێ هەڵسا، هەر لەوێوە تەشکودامانی خۆی لێ هەلکرد، خۆی گورج کردەوە، توند و تەیار وەك تیسکەی تفەنگ بۆی دەرچوو. سەروبنی کۆڵانی پڕ لە هاتو هاوار کرد، دەتووت دەمەرقاچان لە دەمیا تەقیوەتەوە، ئەوەی بهاتایە سەر زاری نەیدەگێڕایەوە، بەدەنگە بەرزەکەیەوە، بانگی «گدۆ»ی کوڕی کرد:

– «سەورە» بۆوا دەگری، بۆوا دەموچاوی لە خوێن داگەڕاوە.

ئەویش بەدەم کۆکردنەوەی چەند خڕکە بەردێکەوە، لووشەیەکی بۆ کرد، لووتی خۆی بەسەر قۆڵی داهێنا و پاکی کردەوە. بەڵام دایکی بەبڕست لێبڕاوییەوە هاوارێکی لەسەر کرد:

– دە زووبە هەی بەڵا گێڕم بی، پیم بڵێ چ بووە؟!

ئەوبە جوێندان، دەرگای ماڵی دراوسێکەیان دا بەر بەردان! دایکی هەر لەوێڕا دەستی بەجوێندان کرد و کەوتە گەفوگوڕ:

(بەچکە سەیەکانی ماڵی «حاجی خدر» لە بۆم وەرنە دەرێ، وەڵڵاهی دەبی سەری هەمووتان وەك کێشکە هەڵکێشم، دەبێ ئەوها وەکی کیژەکەم لەناو خوێن و خیزاوی خۆتان بگەوزێنم.» ئامێزی لە کچەکەی وەرینا، لە باوەشی خۆی کرد، دەموچاوی سڕیەوە:... «دەبا دایکە سەر بە هەشەکەتان لە بۆم بێتە دەرێ... وەڵڵاهی ئێواریێ مێردە مل

لبادەکەی لە ئیش بگەڕێتەوە، چی خراپە، دەبی ئەوی پێ بکەم...! هەی لەبەر دەلینگم مرن...!».

ناو کۆڵان چۆل بووبوو، هەموو دەرگاکان داخرابوون، ئەوانی کە هێشتان لەناو نوێنابوون هەموو خەویان لێ زڕابوو، ئەوانی تر بەهیچ جۆرێ نەدەهاتنە دەرەوە، دەرگاکانیان هەموو درزبڕ کردبوو... وا ڕاهاتبوون... کەس نەیدەویست خۆی لە گێچەڵی «فاتە دەلاڵ» بئالێنێ... هەموو شارەزابوون، ئەزموونی دراوسێیەتیکەیان بۆیان دەرخستبوو، هیچ سوودێ لەخۆ تێهەڵقوتاندن و قسە لەقسەی ئەو ئافرەتەکردن نابینرێ. هەر ماڵێ وای کردبێ، زەرەرمەندی یەکەم و دوامین هەر خۆی بووە...!

جگە لەخۆی و منداڵەکانی و هەندێ لە ڕێڤینگان... کەسی تر لە کۆڵان نەدەبینرا...! بەدەم هەمان جوێن و تانە و تەشەرەوە، دەستی دایە گاشە بەردێ ، ڕووی لە ماڵی «حاجی خدر» کرد: «فایدەی نییە هەتا ئەنگۆش چاوشکێن نەکەم، دڵم داناکەوی. هەنکە دێم بە بەرچیغان وەردەگەڕێمە سەرتان... هوورد و درشتتان کەرتڕێن دەکەم... دەبی بە کیرکە فیلان هەمووتان هەنجن هەنجن بکەم».

یەکێ لە ڕڤینگەکان، بەچەند قسەیەکی خۆش و نەرم هەوڵی دا ساردی بکاتەوە: «باجی پشووی خۆت فراوان کە، گەر غەدریشت لێ کرابێ خاترجەمیان کە...» بەدەنگی بەرز دەمکوتی کردەوە: «کوڕە دە سیکتر بن، گەواد هەیە غەدرم لێ بکا...!»...« باجی، پێ ناچێ کەس لە ماڵ بێ...!»... بەچاوە وردە جناوییەکانییەوە و بەڕوخسارێکی شینومۆر هەڵگەڕاوەوە بەرز هەڵیدایێ. «چۆلی چی و تەڕەماشی چی...؟! بەکاری خۆیان شك دێ ئەو چاوشۆڕانە...، هەموو وەك مریشکە کورك خۆیان لە بنەبانێ پەستایە...!». دەنگی خۆی بەرزتر هەڵبڕی . «ئەمن کیژی گەوادی کوڕی گەواد بم، ئەگەر بێڵم هەتا ئێوارێ لێرە بمینێن... هاااڵئەه... هەنکە عەبایەکەم دێنم و دەچمە کن کاکم... ئەگەر ئەو ئیشەم لەبۆ نەکا، مۆرەکەی لە گیرفانی کورتەکی دەردینم و بەدوڕچاوی دادەم. قەت ناماقوولیم لە ڕاستی نەکردییە، ئەمان ئەو جارە ئەو ئیشەم لەبۆ نەکا، لەگەڵی دەکەم...! کاکە دیارە پێت خۆشە ئەوها ببینە سینەمەی عالەم، ئەوها ئەوی بێرەدا ڕەت بی تەماشامان بکا و لەبن لێوان پێمان پێبکەنن...!». بەدەم هەمان گرژی و توندییەوە، لای لەملا و لەو لای خۆی کردەوە: «ئەدی بە چ گەورەی سێ گەڕەکانە، ئەدی بە چ عالەم منداڵی ساوای ناو لانکێی پێ کڕ دەکاتەوە...! ئەوی نەمناسی دەڵێ دەبی چ فەقیر و بێکەسەك بێ...، هەی قوڕۆکەتان...!!». هێشتان قسەکانی تەواو نەکردبوو، دەوروبەری چۆڵ بوو، هەمووی لێی

دووركەوتنەوە، هەركەسە ملی ڕێگای گرتەوە بەر... بەڵام ئەو بە هەمان دڕدۆنگی و ژاوەژاوی جارانییەوە لای لە هەموو ماڵەكانی ئەوبەر و ئەوبەری كۆڵانەكەی كردەوە، كەوتەوە جوێن و تەشەرە: «گەڕەك، گەڕەك...! هەی ڕەبی هەمووتان لە ژووریٚ هەڵدەتلۆقان...! وەكی ئیشەكیان دەبی و دێن...» لەو كاتەدا هەردوو دەستی لە كەمەری خۆی ئاڵاند، لچولێوی خۆی خواركردەوە و كەوتە دەمەلاسكە كردنەوەیان: «خیچە فێتم... ئیچەكمان كەتیتە كن كاكت... بەخێری داك و بێیت و هەموو ملدی و ژیندیتان... وەڵلاهی خووچە فیتم بەپیلاوەوە دیچیە بەهەشتیٚ...!» دەم و دووی خۆی هێنایەوە بارە ئاساییەكەی جاران و لچولێوی خۆی ڕاست كردەوە، بەرزتر هەڵیدایێ: «هەی سەگ سفەت و بیٚ نمەكینە، هەی بەخولامی مۆرەكەی بن... ئەمن هەموو ڕۆژیٚ یەك بن بار عەرز و حاڵ و قەزاتەتان دەبەمە كن كاكم، ئەویش لەباتی مۆرەك دووانتان لەبۆ لێدەدا... هەتا هەنكەش یەك عانەی لە كەستان وەرنەگرتییە...!».

«نەنە پەریٚ» هەر لە سەرەتای ڕۆیشتنی «فاتە دەلاڵ»و شەڕو كووكەكەوە ڕا، هەرسەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕیبوو، ئەویش دەیویست لە سەروبنی مەسەلەكە بگا... شەپۆلە بایەكی سارد هەڵی كرد... كردی بەسر و سەقەمێك، ئەو ناوە وەك سەهۆڵبەندانی لیٚ هات. سەرما زۆری بۆ هێنا، خەریك بوو بەرە بەرە دەستی لیٚ بسەنیٚ و جەستەی پڕ لە لەرز و ڕاجفرین بكا...! شان و پیلی خۆی جووڵاند، بەرماڵەكەی بەپشت و سنگی خۆیەوە شەتەك دا، بیٚ هوودە بوو، سەرما زۆری بۆ هێنا. لەو كات، كە لە دوورەوە گرمەگرمی هەورێكی تەڕ و چڵكنی كەوتە بەر گویٚ، لەبەر خۆی كەوتە ئاخاوتن:

– نەورۆز ناڕوا بیٚ باران. ئەگەر لە چۆل و بەرپایەكی هەندی چاوە گایەكیش بی كاری خۆی هەر دەكا! با ساردەكە توندتر هەڵی كرد، لق و پۆپ و گەڵای تازە چرۆكانی بنە دار هەنارەكەی هەژاندەوە و بەسركە سركی خست. لەم لاوەش پەڕە سپییەكانی كوڵیكەی دار هەرمێكەی ناو حەوشەكەیان ئەوەندەی پێیەوە مابوو، ئەویشی هەموو داوەشاند و لەسەر چەمەنتۆكەدا وا خێزەرەی خستن:

ماشەڵڵااه لە كاری خوا... هەر دەڵێی چللەی زستانە! شەپۆلی با ساردەكە بڕستی لیٚ بڕی، بەكوتە كوت كردنەوە بەرەو ژوورەكەی خۆی گەڕایەوە، چوو لەسەرجیٚ و بالینگانی خۆی دانیشتەوە.

بۆ ماوەی سیٚ چوار خولەكێك، تاوە بارانێكی سەر بەكلاوە، بە ڕێژنە دایكردو لەگەڵیشیا

هەور وەك دايكە دێو دەيگرماند و ئەو ناوەی هەراسان كرد. بريقوباقی برووسكە يەك لە دوايەكەكان، ئەو دەوروبەرەيان كردبووە چراخان.

دايكم تا ئەوساكەش هەر لە ژووری خۆيا، بەرامبەر بەوێنەكەوە دانيشتبوو، پەڕە كاغەزەكانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەكرد و دەيخوێندنەوە... نە ڕاوەستان و قسەكانی «نەنە پەرێ»و نەهاتنی «فاتە دەلاڵ»و نە شەڕە كووكە و گێچەڵەكەی كوڵان و...، هيچێكيان نەبوونە هۆی سەرنج ڕاكێشانی ئەو...، ياخود لە نووسينەكانی خۆيا بپانپچڕێنێ...! چونكە ئەم شتانە هەموويان بووبوونە دياردەيەكی ئاسايی و گەلێ جاری تر دووپات دەبوونەوە. بەڵام گرمەگرمی هەورو ڕێژنە بارانەكە گەلێكی نيگەران كرد. يەكسەر لە شوێن خۆيا هەڵسايەوە، بە پەشۆكاوی ڕووی لە دەرەوە كرد. لەو دەميدا، قريوە قريوی «فاتە دەلاڵ» وەك ئاوری ئاو پێداكراوی لێ هاتبوو. لەگەڵ زوقمی تاوە بارانەكەدا پايەماڵ بووبوو! ئەو دەوروبەرە كشومات هەڵگەڕابوو... لە لێلايی ئاسمان و زەوی تەڕبوودا ڕادەما:

خوايە لەبۆ خاتری گەورەيی خۆت، هەڵيبرينگێنی.

دوای نەختێ چاوگێڕان و وردبوونەوە گەڕايەوە سەر قسەكانی خۆی:

هێشتان هەر باشە، بەهارە... عارد نير بووە، ئەگەر چيدی باران نەبارێ زوو وشك دەبێتەوە.

دوای ماوەيەك لە بيركردنەوە و خۆزگە خواستن، بينای سەرنجی بۆ تۆقەڵەی ئاسمان شل كرد... كۆمەڵە هەورێكی چڵكن، دڵی خستەوە خورپە و ڕاچەنين...! وەك كێوی ڕەش ڕەش بەسەريا قەتارەيان دەكرد و كەوتبوونە بەر بايەكی بەرزە فڕی هاروهاجەوە، بۆ لای «سێنگ و ئەشكەوسەقا»و ڕەوەزە شاخ و هەڵەت و پەڵەتی لای خۆشناوەتی گۆزەريان دەكرد. هەر لەو بای غارەدا، هەورە تريشقەيەك هات و تيشك و تريسكەی بەهەموو لايەكەوە پژاند. ئيتر هەوری چەمبەری بەدەم بۆڵە و گرمەگرمەوە بووەوە بەدايكە دێوێك و ئەو ناوەی هەراسان كردەوە: «خوايە بەخێری بگێڕی» بەدەم ئەو خۆ دواندنەوە، هەتا هێزی هەبوو سەری خۆی بەرزكردەوە و بەپانتايی ئاسمانا چاوەكانی لە مۆڵەق وەستاندن... هەر دوای چركە ساتێ، ناوەڕاستی ئاسمان درزی كەوتێ، چەند چاوێكی شينی وەك كەوز ئاسای لەناو هەورە تەنكە هەڵبزڕكاوەكەدا كەوتە بەر تيشكی سەرنج و ڕامانەئاوەژۆكانيەوە... پەيتاپەيتا هەڵيبرينگاند، خۆری شاپەڕ زێڕين كە سێ چوار بەژنە

زەلام لە ئاسمانا بەرز بووبووەوە، بەم ناوەدا تەخشان و پەخشانی پێ کەوت. لە دوورەوە لەسەر چیای «پیرمام» و «سەفین»ەوە پەلکە زێڕینەیەکی ڕەنگاوڕەنگ، سەرنجی ڕاکێشا. بەشێوەی نیوە بازنەیەك وەك دەسرازەیەکی تازە چنراو بەڕەنگی کەسك و سوور بەڕووی ئاسمانا چەمابووەوە. لەگەڵ ئەم دیمەنەدا دڵی گەشایەوە و زەردەخەنەیەکی کپ و قووڵ، لێوە بار لێکەوتووەکانی لەیەك ترازاند، ڕووی لە ناندینەکە کرد. فتیلی تەباخەکەی نەختێ دەرهێنا و خرچ دەنکێ شخاتەی ئاگر دا، کتلییەکەی وە سەرنا. دوایەش چوو دوو نانی مەزرەقەی لەسەر سەویەکە دانا هەردوولای ئاوڕشێن کرد و سەرنانەکەی بەسەردا هەڵکێشا... لەگەڵ قاپە لۆبیاکەوە ئامادەی کردن. پاشان هەنگاوی بەرەو ژوورەکەی ئێمەوە نایەوە. لە هەوەڵەوە نوێنەکانی خۆی دوایەش جاجمە دوولاکەی «نەنە پەریێ»شی دەق کرد، هەمووی کردن بە باغڵەمەیەك و لەسەر سندووقەکەی ڕیزکردن.

تیشکی خۆرەکە، ئەو دەوروبەرەی ڕووناك کردبووەوە و لاسکە تەڕ و سەوزەکان پێی دەگەشانەوە... ئەویش وەك ئەوان بەهەمان شێوە... خۆشی و خەندەیەکی بێ پایان بەدڵ و ڕوخساریدا گەڕابووەوە. بەڵام ئادگارە چورچ و چەوێڵەکانی «نەنێ» ئاوەژۆی کردەوە... کە ئەوکات چەند ڕیزە فرمێسکێکی گەرم و حەسرەت ئامێز، هەموو دەموچاو و لەچەگی شێدار کردبوو لە هەر دڵۆپێکا، شەبەنگێکی پڕ لە داخ و کەسەر و کولك و کۆڤان... تیشکیان دەدایەوە و سەدان گلی و گازاندە و ناڕەزایی دەربڕینیان تیا دەخوێنرایەوە: (هەی لەمنت نەکەوی «پیرۆز» ئەوە چەند ساڵ و عەیامە لێت قەومایە... خەڵك هەموو سوێندیان بەسەری توو دەخوارد، ئەوەی بەبیری کەسدا نەهاتبوایە مێردکردنەوە بوو. هەر لەبەرئەوەش ئەمن ئەو ناوەی کە وەختی خۆی سەردارم پێی بانگی دەکردم...! هەر جاری کە دەیگۆت «شێرە ژن»...! مسك و عەنبەر لە دەوی دەباری و ئەمنیش بستەك پێ گەورە دەبووم. شنگوتاقەتم زیاتر دەهاتەوە بەرێ...!... ئەمن ئەویشم لە قەبەڵی توو کرد. نە ئەشەدەنبیللا هەتا ئەو چەند مانگەی دواییش، ئەتووش هەر شێرە ژن بووی، هەر بەشێری ژیای و ئەو ناوەت قابیل بوو...! ئەمان نازانم بەو دواییە کێ مێشکی تێکدای کێ وەها دەستخەڵەتی دای، کێ لە خشتەی بردی.. بەچاو چووی، نووشتەت لێ کرا، سحریان لێ کردی...!؟ نازانم چ بڵێم، هەر چەندی سەر دینم و دەبەم، هەر چەندی لێی هوورد دەبمەوە، تەخمین دەکەم... مەزەندەم لەبۆ هیچ شتەك ناچی... مەزەندەم لەبۆ هیچ کەس ناچی...ئەوەندە بێ دین و بێ ئیمان بی، ئەوها یەکترمان لەپێش چاوڕەش بکا. قەت، قەت کەسم پێ شك نایێ... «نەخشین» و کچەتیمەکەی نەبی...! لەوان بترازێ

کەسەکی دیم پێ شك نایێ ئەو زەبرەمان لێبدا. چونکە ئەمە هەر لەگەڵ ئەوان تێکەڵین و ئاموشۆمان هەیە... ئـ مـ مـ هـ مـ مـ مم... خوشکێ من... بەردی گەورە لە نێزیك پێت دەکەوێ. لە عاردان بی و لە عاسمانان بی، لەوان بترازێ کەسی دی نییە...! جارێ کچەتیمەکەی، وەلوەلوەلوەل...! هەی ڕەبی هەزار «مژدە»ی دیکەت بەناو بکرێتەوە، ئەو سەر بە هەشە ئەوەندە بە مەکر و ئۆدی و بۆدییە، ئەوەندە ئۆینبازە، وەکی ئاگری بنکایە، ئیشەکانی هەمووی لە بنەوەیە... گەلەك سەراسووت دەکا. ئەمان ناشزانم چ بڵێم... لە سەرەوە چ عەیبی نییە، ئەوەندە بە دەو و زارە دەڵێی ئاوقاتە وەکی دێتە قسان لە بۆت دەبیتە خاك و خۆڵ...!) بەچاوێکی ئەشکبارەوە، ئەم قسانەی لە پێشە خۆی دەوت و دەوتەوە، دوای نەختێ هەست ڕاگرتن و بیرکردنەوە، دیسان کەوتەوە سەرکۆنە کردنی دایکم: «هەی لە منت نەکەوێ هەزار جاری. دەبایە هەتا سەری بتبردایە، ئەوجە هەنگینێ هەموو دەروجیران، هەموو خزم و ناسیارەك... ئەوەی ئەتووی بناسیبوایە و شارەزات بووبایە. ئەوەی کونی لە دەو بایە، دەستیان لە بۆت لە سنگ دەدا و دەیانگۆت، ئەشەدەن ئەوە ژنە... قەت چ ژنی ئەوها بەحەیا و حورمەت و بەناموس و حەرێمگرانمان نەدیتییە. ئەوجە ئەوها دەستڕەنگین، ئەوها چاو تێر و خانەدان...! جارێ دوو منداڵی هەیە، سەد سوند دەخۆی بەچکە فریشتەن، لە عاسمانێ هاتینە خوارێ، ئەوەندە قشت و جوانن ئەوەندە پاك و خاوێنن...! خەسوویەکی کۆرەی هەیە، هەنکە فرەی دەیە سەر گوفەك، سەگ گۆشتی ناخوا، ئەو بووکە، ئەو شێرە ژنە، چونکە عەسڵزادەیە، کیژی خانەدانانە... لەسەر سەری خۆی دادەنێ. خزمەتەکی وەهای دەکا، ئەگەر پیرێژن حەفت کیژی عازەب و حەفت قەرەواشی هەبایە، ئەوها خزمەتیان نەدەکرد...!»

ئەم دیمەنەی «نەنە پەرێ»و جار جار هاتنی قوڵپی گریان و لوشکە لوشك و دەموچاو سڕینەوە، دایکمی گێڕایەوە بارە نائاساییەکەی جاران، بەچاوێکی پڕ لە ڕق و غەزەبەوە تێی دەڕوانی، چونکە دەیزانی لە سۆنگەی چییە، وا کەوتۆتە دادو بڕۆیەکی بێ وچان و بێ وەستان. دەیزانی ئێستا چ شەیتانە شینکەیەك لەناو مێشکی ئەو پیرەژنە ساڵخوردە ستەمدیتەیەدا خۆی مەڵاس داوە، بووەتە تاپۆیەك و بەقەد شاخێك خەم و خەفەت و کلۆڵی بەسەردا دەبارێنێ. بەڵام ئەفسووس ئاڵوزی مەسەلەکە و ناسکی هەڵوێستەکان...! و باری گرانی ژیانیان، وای لێ کردبوو کە نەتوانێ هەموو شتێکی لەگەڵ یەکلا بکاتەوە...! پیری و کەنەفتەیش بووبووە لەمپەرێکی درز بڕ... نە دەکاران... تا هەردووکیان بەگفتوگۆ کردنێکی هێمن و لەسەرخۆ، گوێ لەیەکتر بگرن و بەسنگێکی

فراوانەوە دانووسانی یەکتر قبووڵ بکەن. دەموچاوە ترش و تاڵ و شێدارەکەی «نەنە پەریّ» بووو بە مایەی ناڕەزایی دەربڕین: «پیرێژن... لە منالێکی ساوای خراپتری لیّ هاتووە. هەر هەندە گڕناگەی لە شتیّ داگرت، یان شتێکی لە ئەقڵی چەقی، ئەوجە نایبڕێتەوە، وەك هەقایەتی مێشە هەر دەیلّیّ و دەیلّێتەوە... عەرد و عاسمان خۆی لێك بدا، لە کەلی شەیتان نایەتە خواریّ...!». بەدەم ئەم قسانەوە، دەستی بۆ چمکی نیمدەریّ درێژ کرد و سیّ چوار جار بەتوندی دایوەشاند... هەر بەهەمان گڕ و تین و تووڕەیییەوە، ئەویشی خستە سەر سندووقەکەوە. بیّ ئەوەی لا لە هیچ لاییّ بکاتەوە، بەتووڕەیی بانگی هەمووماني کرد: «دە هەستن دەی، بەس بنوون...! ئەدی کەینیّ نانی سبیانیّ دەخۆن؟ ئەوە نیوڕان داهات.» هەر بەدەم ئەم قسانەوە پیلی «ئالاّ»ی گرت و ڕاستی کردەوە: «دە هەستە کچم هەستە، بڕۆ چاوت بشۆ!».

دەستی بۆ دۆشەگەکەی ژێری برد تا بزانی تەڕە یان وشکە... دواتر بانگی منیشی کرد، بەتوندوتیژی جارانەوە، ئامێزی خۆی تیّ وەرینام و لەجێی خۆما هەڵیسانمەوە. یەکسەر دەستی بۆ لووتی خۆی برد: هەی ڕەبی خودا ئەو دایکەت لیّ بسێنیّ، مل شکاو... چەندم گوت ئاو زۆر مەخۆرەوە...، نێرەکەر خۆ لەوە گەورەتر نابی» لەگەڵ ئەم قسانەدا بەتوندی خستمیەوە سەر نوێنەکەی خۆمەوە: «دمۆری سەیانی، پێش ئەوەی بتۆپیتەوە، چەندم گوت میز بکە...!» ... شەقازللەیەکی سرەواندە بنگوێم، بەچاوی خەواڵوّوە لە هاڕژنی گریانمدا، بەپڕە پڕ خۆم لەبن دەستی ڕزگار کرد. چووم لەبن باڵی «نەنە پەریّ» هەڵترووشکامەوە. بەبیرمە لەو دەمیدا، زەردەپەڕی خۆر بەجامی پەنجەرەکە کەوت و سەرنجێکی بەپەلەی بۆ دەرەوە ڕانا. هەر بەپێوان سەیرێکی من و «نەنە پەریّ»ی کرد. دی «نەنیّ»»، تیزوفیز لەسەر نۆینەکەی خۆیدا دانیشتبوو، ڕووی لە دیوارەکە کردبوو. توند منی لە باوەشی خۆی گرتبوو، دەستی بە قژە خاوەکەمدا دێنا. وەکو قەلغانێك کە هەموو تیر و توانجێکی ئەو گەردوونە چەپگەردە بگێڕێتەوە...، ئاوا، بەم شێوەیە خۆی بەسەرمدا نووشتاندبووەوە.

ئەم دیمەنە هەڵوێستی بەدایکم گۆڕی، بەدەم سەرنجدانەوە هەناسەیەکی سارد لە قووڵایی ناخیدا تەنییەوە و هەموو ڕق و قینە دایکۆنییەکەی دامرکایەوە: «قەی ناکا ″ نەنیّ» با وابیّ...! ئەوەندەم نەماوە لەو دۆزەخە نەگریسە ڕزگارم بیّ ...!».

نان و چاو تەباخەکەی هێنایە ژوورەوە، لە نزیك دەرگای دانان. خۆشی لەسەر چمکێکی نیمدەرە گوڵگولییەکەدا دانیشت و «ئالاّ»شی بانگ کردە لای خۆی. ئەویش چوو

لە تەك مەجمەكەدا ڕاوەستا، چاوی لە جێیەكی گونجاودا دەگێڕا تا لێی دانیشێ. لەناو مەجمەیەكی بچووكیشەوە، پارچە نانێكی نەرم، كە هەموو ڕۆخە ئەستوور و خاوەبرژە ڕەق هەڵاتووەكانی لێ دامالّی، لەگەڵ فەخفورییەكی بچكۆلانە لۆبیای تێكرد و چاكەشی لە ڕۆخ دانا. دای بە«ئالا»و ئەویش هات لەبەردەم «نەنە پەرێ»ی دانا. وەك چەند جارە «ئالا» ویستی دەستی «نەنە پەرێ» بگرێ و شوێنی خواردن و چاكەی بۆ دەستنیشان بكا... بەڵام ئەو وەك پەیكەرە بەردینەیەك لە شوێن خۆیا دانیشتبوو، متەقی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە. تەنیا لەدەنگی هەناسەی دەزانرا زیندووە...! منیش هەر بەم ئاوایە خۆم لە باوەشیا مات كردبوو.

(كچی «دلێر»یش لەگەڵ خۆتا بێنە، بابێ نانەكەی سندان بكا). دایكم بەقەهەر و تووڕەیییەكی قووڵەوە ئەو قسەی ئاراستەی من و «ئالا» كرد؛ بەڵام من تا ئەو ساكەش هەر دەرفەتێكم بۆ هەڵكەوتبا لە درزێكەوە سەیری دایكم و سەیری ناو ژوورەكەم دەكرد. چاوەكانم سوور هەڵگەڕابوون، خوێاوكی فرمێسكەكانی تیا كۆ بووبووەوە... ئەوەندەی فرمێسك بڕێژم، چاوەكانم دەتوت پڕ لە خورشت و خاشاك بووینە... هەتا ئەوساكەش بنگوێم دەزوورایەوە، بەڵام گەرمایی باوەشی داپیرە «نەنێ»م، تام و چێژێكی خۆشی پێ دەبەخشیم. هەر چەندی «ئالا»ی خوشكم بانگی كردم و ئاگاداری كردمەوە، بێ سوود بوو. لە شوێن خۆما نەجووڵامەوە...! ئەو بەیانییە دایكم وەك دێوەزمەیەك دەهاتەوە بەرچاو. زۆر لە چاوەكانی دەترسام، كە جوولەی دەست و پەنجەكانیم دەبینی، مووچڕكم بە لەشی دادەهات، لەگەڵیا دەكەوتمە دڵەكوتێ...! نازانم بۆ ئەو ڕۆژە، دایكم ئەوەندە پەلەی لە كارەكانیا دەكرد. ئەو بەیانییە لەسەر ئاو و ئاگر بوو. دەیویست بەزووترین كات هەموو ئیشەكانی تاوتوێ بكا، ناومالّ هەڵبژێرێ، هەرچی ڕێژە و پێژەیەك هەیە بەوەختەوە بیكا. تەنانەت خۆشی ئەگەر لەبەر ئێمە نەبوایە، ئەو بەیانییە، نە نانی دەخوارد نە چای دێم دەكرد. سەرباری ئەوەش، نیگەرانی و تووڕەیی خۆی و گریان و فرمێسك هەڵوەراندن و شك و گومانی «نەنە پەرێ». هەروەها ڕەفتاری سارد و سڕ و كزۆڵەیی من و «ئالا»... كە دەتوت خۆڵ و دۆمان بەسەردا كراوە... ئەمانە گشتیان بەجارێ لەگەڵ یاد و یادەوەریە تاڵەكانیەوە تێكەڵ بەیەك بووبوون. هەموو ئەو دیاردانە خستبوونیە جیهانێكی تری دوور لەو جیهانە ڕیاڵستەی كە تیای دەژیا.

بەتەواوی لە دەوروبەرەكەی خۆی دابڕابوو، جوولە و ڕەفتارە نا ئاساییەكانی... زۆر سەیر بوو لامان... بڕست لێ بڕاو و بێ ئارام و نیگەران...! هەروەك شۆڕشگێڕێكی

ڕادیكاڵی دەهاتە بەرچاو، وەك بڵێی گۆڕانێكی وا بەرپا بكات، كە سەروبنی هەموو دیاردە و هەموو ڕووداوەكان لە ڕەگوڕیشەوە بگۆڕێ، هەموو شت یەكلا بكاتەوە..! ئەو بەیانییە گەلێ سەرقاڵ و شڵەژاو بوو. سەرەڕای نووسینەوەی یاد و یادەوەرییەكانی، پێیەكی لە ناندین و پێیەكی لە ژوورەكەی ئێمەوە بوو. ناوە ناوەش سەیری گوڵدان و دارەكانی دەكرد، سەری بەدەرگای دەرەوە دادەگرت، دەگەڕایەوە ژوورەوە...، ڕەفتاری ئەو بەیانییەی هەر لە ڕەفتار و جموجۆڵی ئەو ماڵە ڕەشماڵنشین و بنەگەچی و ئەو دایك و كەیبانووانە دەكرد، كە ماڵی خۆیان تێك بنێن و بۆ شوێنێكی تر هەوارگۆزی لێ بكەن... ئەویش بەم شێوەیە ڕەفتاری وا سەیر و نا ئاسایی دەكرد، وەك بڵێی ماڵئاوایی لە هەموو ڕۆژانی ڕابردوو یادەكانیەوە بكا. ماڵئاوایی لە ژوورو لە گوڵدان و لە ناندین و لە كار و لە مەكینەی دورمان و لەهەموو شتەكانی ماڵەوە بكا..! قۆریە چاكەی لە خۆی دوور خستەوە، لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، بەرەو لای من هات، ویستی لە باوەشی خۆیم بگرێ، بەڵام من ئەوەندەی تر خۆم لە داپیرم نزیك كردەوە، وەك بەچكە كەروێشك خۆم زیاتر ئاخنیە بن هەنگڵیەوە. لە پاڵ ئەمەیشا دەستم بە گرین و زەنازەنا كرد.

«ئەهـ زریكەت لێدا كوڕ...، دە هەستە نانەكەت قوزەلقورت كە، ئەوە نێوڕان داهات...!». لەگەڵ ئەم قسانەدا گەرەكی بوو لە پیلم ڕا بمگرێ و لە باوەشی داپیرە «پەرێ»م دەربێنێ، بەڵام من بەهەموو هێز و توانامەوە كەوتمە داكۆكی لە خۆكردن. دیسان كردمە گرین و هەرایەك، دەنگم ماڵەوماڵ دەڕۆیشت.

«نەنە پەرێ» هەردوو چاوەكانی پڕ ئاو بووبوون، بەڵام نەیدەتوانی داكۆكیم لێ بكا. سەری بۆلای من خوار كردەوە، بەدەنگێكی خەمناك و خامۆشەوە لای لێ كردمەوە: «نانا... بەرخۆكەكەم، ئۆخخەیش، گجیلانۆكەكەم، ناسكۆكەكەم... چیدی مەگری. وەكی برسیت بوو بەخۆم بەدەستی خۆم نانت لە دەوی دادەنێم... هەندە مەگری، كوڕە شیرینەكەم، كوڕە بێ باب و دایكەكەم...!» گەلێ جار سەرسوڕماو و سامگرتوو دەبووین ترسێكی ناگەهان هەموو گیانی دەرزیئاژن دەكردین...! هەر جارێ دایكم تووڕە بووبووایە، ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا، ڕوخساری دەپەنما، چاوەكانی زەق دەبووەوە، وەك دەریایەكی فێ لێهاتوو دەكەوتە هەڵچوون و داچڵەكین...! ئەو كەسە هێمن و لەسەرخۆ و قسە خۆشە نەدەمایەوە...! وەك جانەوەرێ، هەر جارێ كە تووشی ئەو هەڵوێستە بوایە، لەوانە بوو هەرچی لە دەست بوایە ڕایوەشاندبوایە... ئێمە هەموو لێی دەترساین، لەو ساتە مۆلەكانەدا زراومان لێی دەچوو...! لەو كاتە دژوارانەدا «نەنە پەرێ» لە ئێمە زیاتر

دەترسا، قەلە زراوتر دەبوو... زیاتر دەشڵەژا، هەموو گیانی پڕ لە لەرز و داچڵەکین دەبوو...، زۆر جار گەر بەپێوە بوایە گۆپاڵەکەی لەدەست دەکەوتە خوارەوە، هەناسەی سوار دەبوو، ئەو لە هەردووکمان زیاتر ترسی لێ دەنیشت...! بەڵام هەندێ جاریش ئارامی نەدەما، ئەوەندە لێی پەست دەبوو، ئەوەندە لێی داخدار دەبوو، لە پێستی خۆی دەردەچوو... وەك گەرووی بوڕکان دەکرایەوە، چی بەسەر زاری دابهاتایە نەیدەگێڕایەوە...!

ئەو بەیانییە، هەر بەم ئاوایە، لە ترسی دایکم خۆی گرمۆڵە کردبوو، هەر لەبن لێوان ورتە ورتی دەهات و بەدەنگێکی نزم قسەکانی خۆی لەبن گوێی من دەگوت و دەگوتەوە...! دایکم بەناچاری لێمان دوورکەوتەوە، گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی. هەردوو چۆکی بە سینە و بەرۆکی خۆیەوە گرت و کەوتە بیرکردنەوە. چەند جارێك بەهەردوو دەستەکانی توند توند تەوێڵی خۆی ڕاکوشی، بەپەژارە و دژوارییەکی بێ پایانەوە کەوتە ئاخ و حەسرەت هەڵکێشان: «وەیش خوایە... نامکوژی لەکۆڵ ئەوانەم بکەیتەوە! وەختە مێشکم بتەقی. قەت بەو حاڵە ژیان ناچێتە سەر، ئەمن خۆ هەر ساوایەك و دوو ساوام نییە» ڕووی خۆی بۆلای «نەنە پەرێ» وەرچەرخاندەوە: «ئەوەیان لە هەموویان خراپترە، لە هەمووان باری گرانترە...! یا ڕەبی خوایە ئەگەر ژیانمان هەر وا بەسەر دەچێ، لەکۆڵ یەکترمان کەیتەوە. هەر ڕۆژێکم لێ بووە بە ساڵێك، مردنم گەلێ پێ خۆشترە لەو ژیانە.»، «نەنە پەرێ» ئەگەرچی ڕووی لەو نەبوو، بەڵام گوێیەکی هەر بۆلای ئەو ڕاداشتبوو. بێ ئەوەی ڕووی تێبکا بەقوڕگێکی پڕ لە گریانەوە، لە پێشە خۆی کەوتە سەرزەنشت کردن و تانە لێدان: «... کیژێ من خوانەکا، هێشتان خۆت بە دە کیژی جوان و عازەب ناگۆڕیەوە. هەر جارێ وەکی قسە، بێتە قسە، هەموومان قەردار دەکەیەوە...! خوا نەکا کیژێ من، ئەو دووعایە لە خۆت مەکە...!» دەستی بۆ چاوەکانی خۆی بردو فرمێسکەکانی سڕییەوە، دوای چەند وردە کۆخەیەکی وشك، دیسان لەبەر خۆی کەوتەوە قسان: «... لەبۆ ئەمە و مانانیش خوا کەریمە...! خوایەکی ڕسقی مار و مێرووان بدا، کرمەکی بن عاردی لەبیر نەکا...! ئەمە لەبیر دەکا...؟! خوای گەورە هەند بەرەحمە هەند بە مەرحەمەتە، ئەگەر هەموو دەرکەمان لەسەر پێوەدا، یەکەکی هەر دێڵێتەوە... هەرنا هەرنا... لەبەرە من نا، لەبەر خاتری ئەو دوو سەبیلۆکەیە...». لەم کاتەدا «ئالا» بەدڵساردی و بە کزییەوە لە نزیك کتلی و قۆریە چاکەدا راوەستابوو. هەر سەیری دایکم و داپیرە «نەنێ»ی دەکرد. لە ڕەوش و ساتە پڕ لە مشتومڕ و ئاشووبەکانەوەی دەڕوانی. کز کز لەدەور و بەرەکەی خۆیا ورد دەبووەوە، داپڵۆسین و گریانەکەی من زیاتر پەژموردە و هەراسانی کردبوو. ئەویش

وەك من، ڕووبەڕووی سەدەمێك بووبووەوە...! چونكە هەردووكمان بەهیوا و خۆزگەی بەیانییەكی خۆش و فراهەمەوە لە خەو هەڵسابووین...! سەر لە ئێوارەرە بەخۆشی گەشتە نەورۆز و گەمەی ناو گیا و گۆڵ و جۆلانێ و هەڵبەز و دابەز و جلی جوان لەبەركردن و خۆڕازاندنەوەوە... كەوتبووینە ختووكە و هەڵەكە سەما...! هەردوو خەومان لێ هەڕمابوو، هەر باسی سەیران و یاریكردن و غار غارۆكێمان دەكرد. بەحەز و ئارەزوو دەربڕینەوە، بەربینگمان لەیەك دەگرت... هەر كەسە دەمانویست گوزارشت لە هەوەس و خۆشییەكانی بەیانیمان بكەینەوە...«ئالآ» بەدەنگە ناسكەكەیەوە لای لێ كردمەوە:

– دلۆ، دلۆ... ئاگات لێیە «گاورباغی و سەرمەد و پەروین»یش دێن؟

– «دایە نەخشین» گۆتی گەلێ منداڵی دیش دێن... نادیە، شەونم، خانزاد...، ئەوجە لەبۆ خۆتان هەر گەمان بكەن و هەر غاردانێ بكەن.

– ئەی دایە... چەند حەزم لە جۆللانێیە!

– ئەدی تۆپانێ...! ئۆی... بەڕاست! چابوو بەبیرم هاتەوە، ئالآ، ئالآ... داكم ئەوەندە شتی كڕییە، هەند شتی كڕییە... هەند زۆر، هەند زۆر... بەدەمچە و تۆ گوڵە بەڕۆژە و كێك و پاقلاوە و شەربەت...

– دلێر، دلێر... دایە شرووبیشی كڕییە. زۆر حەزم لێیەتی... ئەوها پەنچەی لێ بدەم، بیخۆم...!

– ئەمن حەزم لە مژمژەیە. وەی دایە كەینێ ڕۆژ دێ...؟

ئەی؟ چابوو بەبیرم هاتەوە... بچم تۆپەكە بینم لەكن جلكەكانمی دانێم.

– لەوێ تۆپانێ خۆش نییە. ئەمە لەبۆ خۆمان ساپساپانێ دەكەین...»

وەك بڵێی «ئالآ»ش تووشی سەدەمێك بووبێ، كز كز نیگای چاوەكانی بۆ ئەملا و ئەولای خۆی بەرهەڵئەدا، سەرنجە گرینۆكەكانی ئاڕاستەی هەردووكیان دەكرد. بەیادی قسەكانی سەر لە ئێوارەوە هەر بیری دەكردەوە و لە گەڵیا چەواشە بووبوو. ئەویش وەك من نەیدەزانی لە سۆنگەی چییەوەیە، ئەو بەیانییە زیاد لە هەموو ڕۆژانی ترەوە، ئاوا ناخۆشتر و نائاسایی تر بوو...! هەر دەتوت هەموو ڕق و قینی هەورە تریشقەی ئاسمان و شەڕە كۆلانی گەڕەكەكەیان لە ماڵی ئێمەدا خەست بۆتەوە...! «ئالآ» لەمن زیاتر ترس و نیگەرانی پێوە دیاربوو..! هەر بە سەرسامی و بەقورگێكی پڕ لە گریان و بەدڵێكی پڕ لەترس و لەرزەوە، لە شوێن خۆیا دۆش دامابوو. وەك پەپوولەیەكی باڵ هەڵكڕووزاو،

سیس و ژاکاو و چاو پڕ لە فرمێسك، لای لەملا و لەولای خۆی دەکرەوە. دایکم دەستی بۆ درێژکرد، لە شانی ڕا توند گرتی و دایبەزاند، ئەویش هەر لەگەڵ جوولەی دەستی دایکما، لە ترسان بەگوڕ خۆی بەزەوییەکە دادا... چا و خواردنی بۆ بەردەمی برد. بەڵام ئەو چەند دانە فرمێسکێکی وەك دڵۆپی ئاونگ، لە چاوە خەواڵووەکانیدا بازرەقەیان بەستابوو، تا ئەوساش هەر دەکرووزایەوە. پاشماوەی ناڵە و گرین و نووازنەوەیەکی گورچکبڕی لەسەر ڕوخسارە هەڵبزڕکاوەکەیدا دەبینرا...! لەوانەیە ئاهـ و نزای هەموو هەتیو و بێ نەوایانی هەر میللەتێکی بێ خاوەن و بێ کەسی هێنابێتەوە بەرچاوی مرۆڤ... چونکە مرۆڤی بێ کەس و بێ پشتیوان نە بایەخ بەگریانی دەدرێ نە بەپێکەنینەکەشی. ڕەنگە لە سات و سەردەمە بێ بەروار و بێ مێژووەکاندا زەنگێکی قووڵ و حەسرەتئامێز بکەوێتە زایەڵە: «ئەی بێ هێزانی سەر زەوی، تا زووە خۆتان زیندە بەچاڵ کەن. مەبن بەئاوی لێخن و گەنیو...! ئێوە بەهەڵە لە دایك بوون...، چونکە ناتوانن هیچ لاپەڕەیەك لەمێژوودا پڕ بکەنەوە...!».

لەگەڵ ئەو هەڵوێستە ناخۆشانەی «ئالا» شەوە، من هەر لە باوەشی «نەنە پەریّ»دا خۆم لوول دابوو. بەڵام کزی و کڕووزانەوەکەی «ئالا» هەراسانی کردبووم. «نەنە پەریّ» زانی هەرچی بکا و بیڵێ، هیچی بۆ مەیسەر نابێ... لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە و دەستی منیشی گرت... منیشی لەگەڵ خۆیا بردە دەرەوە. بەبێزاری دەربڕین و دڕدۆنگییەوە ژوورەکەی جێ هێشت. لە هەمان شوێنی جاران هەڵگیرسایەوە. دەستێکی خستە سەر گۆمکی گۆچانەکەی و دەستەکەی تریشی لە ملم ئالاندبوو، توند بەخۆیەوە گرتبووم.

دایکم چوو لەبەر چاکەدا دانیشتەوە بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ: «یا ڕەبی لەوەتی پار نەودەخوارد» بەدەم ئەم قسانەوە ئاوی لە پیاڵەیەکی تەوشوتراش وەرکرد...، چایەکی خەستی ڕاکێشایە بەر دەمی خۆی. بەتووڕەیی چایەکی زەرتکاویشی لەبەردەم «ئالا» دانا: «دەها... زووبە تێکی دە... ئەگەر گەرمە بڕۆ بەخۆت جامە ئاوێکی سارد بێنە.»... بەدڵێکی پڕ لە ترس و لەرزەوە ویستی ڕوو لە بەلووعەکەی نزیك دەرگای دەرەوە بکا، لەگەڵ هەنگاو هەڵێنانەوەیدا، ساتمەیەکی کرد، قۆریە چایەکەی بەسەر مەجمە و نیمدەرەکەدا قلْب کردەوە...دایکم ئەوەندەی تر لێی دەهری بوو، وەك گەواڵەکەی بەربەیان هەرچی قەهرو تووڕەیی بوو هەمووی پێدا ڕشت: «...هەی ڕەببی لاقت لاڕەشەی لێ بێ کیژ، ڕەببی ئەتووش بەکوێرەیی لە تەنیشتم دابنیشی...!». بەدەم ئەم جوێن و دووعا کردنانەوە، دایە بەر چەپەڵۆکان، لە قژیەوەڕا گرتی و فڕەی دایە لای دەرگاوە...ئەویش

کردی بە زریك و هۆڕ و پڕمەی گریان...! بەمەش هەر وازی لێ نەهێنا چەند جارێکی تریش سەر و پۆتەڵاکی داپلۆسی، دەموچاوی هەموو شین و مۆر هەڵگەڕاند. لەبن دەستیدا بوو‌بوو بە گلۆڵەیەك، وەك زەڕنەقووتەیەکی بەر باران، هەموو ئەندامی جەستەی دەلەرزی، هەر لرفەلرفی بوو...! من لەو بەیانییەدا گرینی ڕاستەقینە و پێکەنینم لەیەك جیاکردەوە... پێشتر هەر وام دەزانی گرین جۆرە پێکەنینێکە... لە کاتی یاریکردندا، یان لە کاتی جەنەگرتندا منداڵ دەیکا، هەندێ قاچی دەکوتی و خۆی لە عارد دەدا:... جا یان داواکەی جێبەجێ دەکرێ یان لەبیری دەکا... ئیتر دوایە هەموو فرمێسك و هەنسك و گریانەکان، کاڵ دەبنەوە و دەبێ بەپێکەنین و خۆشی...! «نەنە پەرێ» لەگەڵ هەنسك و فرمێسکی ئەو جارەیدا ئارامی لێ هەڵسابوو. لە هیچ شوێنێکا ئۆقرەی نەدەگرت... ئاوڕێکی بۆ لای ژوورەوە دایەوە، بەدەنگێکی کەل و شکاوەوە کەوتە قسەکردن: «هەی چاوی داپیرەت کۆرە بێ، وەکی کۆرە بووە!» دەستی لەملا و لە ولای خۆی دەگێڕا، بەدەنگێکی کەرخ و گریناوییەوە بانگی کردە لای خۆی: «کارمامزە بێ مرادەکەم، وەرە کن داپیرەی خۆت، ئەدی ئەمن چمە؟ وەرە، ئەمن وا لێرەم...!» هێشتان قسەکانی تەواو نەکردبوو، ئەویش هات وەك چۆلەکەیەکی ڕاونراو خۆی لەبن باڵی کوتا... هەردووکمان وەك دوو بێچووە باڵندە، لەژێر باڵی داپیرەمانا هەڵکورمابووین. هەڵاوەی گەرمی باوەشی «نەنێ»مان، بەرەبەرە جۆرە باوەڕ و گڕو تین و خۆشییەکی تری لە دڵ و دەروونمانا پەیدا دەکرد...! هەستمان دەکرد کەوا یەکێ هەیە و داڵدەمان دەدا. لەو ساتە جەرگبڕانەدا «نەنە پەرێ» هەموو شت بوو بۆ ئێمە. وامان دەزانی قەڵایەکی سەخت و پۆڵا بەندە، قەڵغانێکی بتەو و ئامادەیە و هەموو شیر و تیرێك دەگێڕێتەوە، لە هەموو شەستە باران و وەیشوومەیەکدا دەبێتە بەربەست و پەناگەمان، لە هەموو زریان و ڕەشەبایەك دەمانپارێزێ...! ئەویش لەگەڵ گرین و هەنسکەکانی ئەودا، بە خەم و خەفەتێکی تێکەڵ بە تۆڵە و ڕق بوونەوەوە، مێشکی خۆی جەنجاڵ کردبوو، لە ناو دووڕیانی بەدگومانیدا تلی دەخواردەوە...! بەڵام کە لە خۆی وردەبووەوە. دەیزانی هیچ بڕیارێکی بۆ ناچێتە سەر، هەرچی ئەو بیڵێ و بیکا... دەبێتە کوچکە بەردێ سەر سنگی خۆی دەگرێتەوە. هەموو ڕق و قینی دەکردن بەفرمێسکی سێ ڕێز و بەڕوخسارە شەمسی بووەکەیدا دەهاتە خوارەوە...! ئای، ئەو فرمێسکانەی ئەو چەند ئازاریان دەدام...؟! جار جار دڵۆپێکی لێ دەکەوتە سەر ڕوخسارم، بەقەد کەرتکە چیایەك قوڕس بوو! ئێستاش کە بیرم دەکەوێتەوە، سۆزم بۆی هەڵدەسێ و هەست بەبارێکی ئەوەندە قوڕس و گران دەکەم، هەموو گیانم لەگەڵیا دادە

هێزرێ...! دایکمی لە لا بووبووە گورترین زۆردار، کە بتوانێ گورزی گەورە بوەشێنێ. بەچاوەکانی خۆی، ڕووداوە جەرگبڕەکانی «سەفەر بەلگ و ڕاوە ڕووتی داروغە و جەندرمە... دوا بەدوای ئەوانیشەوە، هەموو ڕووداوە خوێناوییەکانی تر یەك لەدوای یەك هەموو بەرپا بووبوون. هاتنی سیکە و گورگە، پەیدابوونی ئینگلیز، بەرپابوونی زۆرداری و بێگاری، فەرهوودی عارەبان، شەهیدبوونی هاوسەرەکەی... هەتا شەڕە گەڕەگ و دەمەودوکەی کۆلانان... هەر شتێکی کە گیرۆدەی، بکردایە یەکسەر بەرۆژە ڕەشەکانی ئەو ساتەوەی پەیوەست دەکرد. لێی بووبووە خوو، هەر شتێ نیگەرانی بکردایە، خەیالی بۆ ئەو سەردەم دەگەڕایەوە! لەم کاتەشدا. لە سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە پڕ لە مەینەتییەشدا... ستەم و ستەمکاری ئەو سەردەمی بیرکەوتەوە. ڕەفتارە توندوتێژەکانی دایکم هەمان ڕۆژانی ڕەشی سەفەربەلگی هێنایەوە یاد، کە چۆن خەڵکە گیرۆدەو دیلی برسیەتی و ستەم و زۆرداری عوسمانییەکان بووبوون...! سەفەر بەلگ لە مێشك و هزری ئەودا، تەمەنێ بووبێ ژیان، پەڵەیەك بوو بێ مێژوو...! جانەوەرێك بوو ...! لەو قاتوقڕی و نەهامەتی ئەرز و ئاسمان، یەکتریان گرتبوو...، سوڵتانی زەلالەت و تاریکی دەیویست هەموو قۆناغەکانی مێژوو لە گرێژەن بەرێ، ئەو خەڵکە وەك زەردەواڵە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، بەکۆمەڵ بۆ دۆڵی مردن جۆماژۆ دەکران...! زیندووەکانیش گەنم گوڵ و جۆبلاویان لێ کردبوو. هەموو وەك مەلی باڵ شکاو هەڵەتە بووبوون و لە دەوروبەری ئەو شارە دێرینەدا داوریبوونەوە.

بەدەم ئەم خورد و خەیالانەوە، کتوپڕ قسەیەکی هاوسەرەکەی خۆی بیرکەوتەوە: «ئەمن گەلێك سەراوو دەراوم دیوە. گەلێ جێگا گەڕاوم. لەگەڵ هەموو بابایەك هەڵسان و دانیشتنم کردووە، ئەمان... ئەمن قسەیەك دەکەم و بیکە ئەڵقە لە گوێی خۆتی بکە...! هەر دووعا بکە و بڵێ، یا ڕەبی خوایە لەبۆ خاتری گەورەیی خۆت، ئەگەر ڕۆژێ لەرۆژان لێمان قەوما، بەسوورەسوور هاتن لەناو خانووبەرەی خۆمیان دەرهێنام و بەسەڵت و قوڵتی فڕەیان دامە چۆل و بەرپایەك یان لە قەفرایەك بەجێیان هێشتم... دووعا بکە لە نزیك شارێك بی، وەك شارەکەی خۆمان بێ، یا لە نزیك هەر ئاوەدانی و شارێ بێ کە هاوزمانی خۆمان بێ و... خانەزای نەتەوەی خۆمان بن...!» ئەم یادو یادەوەرییانە هێمایەکی گەشی بەسەر دەموچاوی داهێناو ڕۆشناییەکی گەشی خستە ناو دڵییەوە.

ئەم هزر و بیرکردنەوانە بووبە هۆی ئەمەی کەوا بکەوێتە دڵدانەوەی خۆی: «باپیران گۆتیتیان، لەسەر بەرد بی، مادام لەو شارە دەژی لەهیچ شتێك پەکت ناکەوێ...! منداڵی

ساوات هەبێ، پیر و کەنەفتی دەردەدار و پەککەوتەت هەبی، لەسەر ڕۆخی قەبر بی، جێژنان عانەکت لە گیرفانیدا نەبی...، خەڵکی ئەو شارە، کە لە حاڵ و گوزەرانت گەیشتن، هەموو لە دەوی خۆیان دەبڕنەوە دەیدەنە تۆ. هێقەی کێهان دەگری، لەهەر یەکەك دەتۆژیەوە، هاوار لەبۆ هەر کەسەك ببەی، هەر لە گچکەی هەتا گەورەی، کە دەڵێی ها ئەوەیان پیاوەکی بێ دین و سەرەڕۆیە، چەقۆ کێشە، قۆڵبڕە...! یان ئەوەیان قوماربازە و ئارەق خۆرە...! ... ئەهلی کار و پیاو چاك و خێرەومەندەکانیش هەر هیچ، هی ئەوانە بێ منەتە..، ئەگەر چاویان بەدەست کورت و بێ نەوایەك بکەوێ... وەها داڵدەی دەدەن... لە بۆی دەبنە خاك و خۆڵ. تەحا، لەو شاری وەها بەخێر و بەرەکەت و چاوتێر...! ئەمن کە لە شارەکی ئەوهادا بژیم، منەتی توو بە پووشکەیەك نازانم...! خانم کەسیش لە برسان نەمردووە هەتا ئێمە لە برسان بمرین. لە خانیمان دەردەکەی، دەستی هەردووکان دەگرم و دەچم لە دوور شاری، لە ساکە گۆڕەك دادەنیشم، ئەوجە بزانە کوو خێرەومەندی ئەو شارە هەموو وەکو مێرووستان سەر لە دوو یەکدی دەنێن. شفێر بەترومبێلی خۆی، عارەبانچی بەعارەبانەی خۆی، ئەوی تەلەنتەری هەیە، بەعارەبانە و تەلەنتەری خۆی، ئەوەی کەرەکی پووخەڵەی هەبێ، یان هێسترەکی گۆجەی لەبن بێ... هەر بابایە بەولاغ و باری خۆی دێ و هەرلەوێ ماڵەکی پوختە و ڕوختەمان لەبۆ دادەنێن. کونجەش، ئەگەر کردیان، ئەوە باشە ئەگەرنا چادرەك، ڕەشماڵەك، یان قەپێلکە ترومبێلەکی وهامان لەبۆ دینن، قلّپی دەکەنەوە، چاردە شەو و چاردە ڕۆژان... هەر باران بباریێ و لێی نەکاتەوە پشکەکمان پێ نەکەوی...! ئەمن ئەوە و زیاتریش لەو شارە و لە خەڵکی ئەو شارە ڕادەبینم...! ئەوێ جارێ کە لەناو شار بووە دەنگ... گۆتیان کۆمەڵە خەڵکێك بەخۆ بەماڵ و مناڵەوە لە ئاقاریان فڕێداون... لەسەرێ لە گوندە دوورکانی ناو چیا لە بادینان بە زیل و بە ئیڤا هێنابوویانن، تا لەو ئاقارە لە تێنان و لە برسان بمرن، لە سەرمان ڕەق ببنەوە...! ئیدی ئەو خەبەرە وەك برووسك لەناو شاری تەشەنەی کرد، ئەوی کونی لە دەودا هەبوو دەچوو بەوانی دی دەگۆت... ئیدی یەك بەیەکی دەگۆ... قسە بەقسە تا گەیشتە هەموو شار. ئەو خەبەرە لە هەموو گەڕەك و کۆڵانەك پەنگاوی دایەوە، کاتەك بووە هەرا، بە ژن و بەپیاو و بە پیر و منداڵەوە، ئەوەی لاقی عاردی دەگرت، ئەوەی دەستی داری دەگرت، ئەو پیر و کەنەفتەی کە هەندی بێژینگەك عاردی دەدیت، ئەو شەل و خێل و خوارەی کە بەگۆپاڵ دەڕۆیی، گچکە و گەورە، نێرو مێ... بە زاکوماکەوە کردیانە دەنگ و هەرا... تێ کقژقژان، هەموو ڕوویان لە ئاقار کرد، لە دەوریان خڕبوونەوە، وەکی جمجمە

سوڵتان دەورەیان لێدان، کردیانە کەرەسیسەیەك ڕێ بە بەر ڕێداری نەدەکەوت...

– کوڕینە ئەوڕۆ ڕۆژی پیاوانە، هەندە فرسەت هەیە هەر جارەك لە ژیان هەڵدەکەوی، دووبارە نابێتەوە...

– ئەوەی غیرەتی هەبێ، ئەوڕۆ با خۆی بەدیار بێخی. ئەوڕۆ ڕۆژی مەردانە!

– حوکمەت ڕێ بداو نەدا، بۆ ئێمەومانان بێ غیرەتییە بێلین ئەو بەستەزمانانە لە برسان ڕەق ببنەوە.

– کوڕینە، چمان لە دەست بێ دەبێ تەخسیری نەکەین، ئەوەی کە بتوانی مڵاکێکیشیان لە بۆ ببا زۆرە!

– ئەوەی لە دەشتی بەرانەتی دەبینرێ، کافری حەفت دینانی پێ موسڵمان دەبی. لەهیچ شەڕێك دیل و ئەسیری وا نەگیراوە، وایان بەسەر نەهاتووە! لەناو هیچ قەوم و قیلەیەك شتی وا نەکراوە... پیر و گەنج و گچکە و گەورە، منداڵی سەرکەوبنکە و شیرە خۆرە، مەلۆتکەی تازە لەدایکبوو، ژنی نەخۆش، دووگیان، زەیستان، چللەشۆر... کیژی عازەب، بووکی دابڕاو لە زاوا، دایکی دەستگیرانی بێ سەر و شوێن کراو، بابی گەنج و کوڕە لاوی گومکراو...! ئەوە هەموو وا لەو دەشتە ڕووتە فڕێ دراون، چاوەڕوانی مردن دەکەن...! ... ئەوەی خێری لەخۆی گرتووە، ئەوەتە خێر و خواش بە سەد قات لە بۆی دەنووسێ، ئەوەی حەجی لەخۆی گرتووە، با نەچێتە حەج... ئۆباڵی لە ملم... ئەوەتە حەج وا هاتۆتە بەر دەرگای ماڵەوە... ئەوەی سەدەقە و قوربانی لەسەرە، بابچێ لەوێ سەدەقەی خۆی ببەشێتەوە...! ئەوانەیان لەبۆ مردن لەوێ فڕێ داوە تا لەوێ بۆگەنی بن و لەبەر چاومان بەشۆڤڵ و دۆزەر بن خاکیان کەن...! ... ئیدی بوو بەهەڵلایەك، شار هەموو هەڵسا.... گووندەکانی دەوروبەر، ئەوانەی کە هێشتان کاول نەکرابوون هەموو هەڵسان، هەموو ئاگریان تێ بەربوو، جۆش و خرۆشەکیان گرت نەبیتەوە...! هەر کەسە لە ماڵی خۆی ئەوی شتی زیادەی هەبوو ئەوی نەیبوو، ماڵی لەگەڵ بەش کردن...! هەر لە دەرزی و لە مڵاکە چا و جامی ئاو و سنی و قاپ و قاچەغەوە تا برِ و بزگوڕ و جاجم و بەتانی و دۆشەك و بالیف و جلکی ژنان و جلوبەرگی پیاوان، هی منداڵان...، پێڵاو و سۆل و گۆریە و پۆتین... هەتا دەگاتە گەنم و برنج و نیسك و نۆك و زەخیرەی دی...، ئاردی بەمبە و تەنەکەی ڕوون و فەردەی شەکر و سندووقی چا... هەموو، هەموو، هەر هەمووی... دەلعازی لەبۆیان چوو...! بابا هەبوو، دەچوو لە چەند کۆڵانێ دەسووڕایەوە و دەرگا

بەدەرگا ماڵەکانی ئاگادار دەکردەوە و دەیگۆت: ئەوەتە قەلابم هێناوە، لۆری عەنتەرناش، یا تەلەنتەر و عارەبانە...! یەك رکێب لەبۆ «گێژنیکان» گڕی دەدا و دەڕۆیشت...!

ئەوانەی ترومبێلی گچکەیان هەبوو... قەمەرە و جێب و پیکەم... هەرچی ڕای چەنگیان بکەوتبایە، باری دەکرد و بەرێ دەکەوت... «گێژنیکان» خۆت بگرە و هاتم...!

پاش ئەوەی لە مردنی برسیەتی و ڕووتی قوتاریان بوو، ئەوجارە بوو بەدەنگ و هەڵڵا... ساحێب کارگە و کۆگا و دوکاندار و پارەدارەکان...: «کوڕینە پێش ئەوەی زستان دابێ، دەبێ سوکنەیان لەبۆ بکەین، ئەگەرنا لە سەرمان ڕەق دەبنەوە...».

ئیدی بووەوە بە هەڵڵا و بانگ هەڵدێران... هەر قەلاب و ترێلە و لۆری گەورە گەورە بوو، چیمەنتۆ و بلۆك و کەرپووچ و چینکۆ و دەندە و شێلمان و دەرگا و پەنجەرەیان، لێ بار دەکردن و گڕیان دەدا...«گێژنیکان» خۆت بگرە، لەبۆت هاتم...! شیش و چەگڵ و قومیان لەبۆ بردن، عارەبانە و خاکەناس و پێمەڕە و قازمە و قاپی قوڕ و زەمبەرەی قوڕکێشانیان لەبۆ بردن...! هەر لە دوای دوو حەفتە سێ حەفتە، ئیدی ئەو ئاقارە کاکی بەکاکییە بوو بە گوندەکی سەد، دوو سەد، سێ سەد... ماڵی، ئەو دەشت و دەرە نەدەناسراوە، ئیلاهی، ئەو گوندە قەوغایە لەکوێ پەیدابوو، لەکوێ هات... لەبن عارد دەرپەڕی لە عاسمان هاتە خوارێ... ئەوە کوو وەها بە سێ و دووەك ئەو هەموو خانووبەرەیە قیت بووەوە...! ئەوجە کە دامەزران، ئەوجارە خەڵکی شاری، بەقۆنتەراتچی و ساحێب شینایی و کارگەکانەوە... هەموو بەخۆ بەپییەکەم و لۆرییەوە، بە بەتاڵی دەچوون لەوێ پڕیان لە ئیشکەر و عەمەلمەندە دەکرد، هەر ئیشەکیان هەبایە، هەر لە هی گچکە هەتا گەورە... دەچوون لەوێ زەلامیان دینا و ئیشیان پێ دەکردن...!

هەموو ڕۆژێ بە دەیان تانکەری ئاو و نەفت، ڕوویان تێدەکرد، بە سەدان پارەدار و دەوڵەمەندی شاری، زەکات و سەرفترە و خێر و سەدەقەی خۆی لەوێ لەسەر ئەو بادینیانەدا دەبەشییەوە. ئەلهەقی خەڵکی شار و خەڵکی دەرێی شار بە جاش و باشیەوە، بە فەقیر و دەوڵەمەندیەوە، بە چاك و خراپیەوە. هەموو وەك یەك دەستی خۆیان دایە بەرێ. ئەوەی پێیان کرا کردیان. لە هیچ شتەك تەخسیریان نەکرد...

بەدەم ئەم خۆ دواندن و خورد و خەیاڵانەوە، نەرم نەرم بەدەست کوتان لای لێمان کردەوە و دەستی بەسەرمان دا هێنا: "ئەدی کوو، خۆ هەموو کەس ئەوەندە مەیدانی کورت نییە. ئەدی کوو، کۆڕپەکان مەگرین. غەم مەخۆن! لەبەر ئەوەیە دەڵێم، ئەمن سەد ئەوەندە

لەو شارە و لە خەڵکی ئەو شارە رادەبینم. مادامەکێ لێرە دەژین، نە چاو بەرە ژێری ژنە حەدیدی و نەدیوبدییان دەبین، نە منەتباری کەسیش دەبین. نە کوسکێشی و مادەلاییش لەبەر کەس دەکەین. ئەوجە با ئەویش هەر فسوهۆڕی خەوێی بێ، لانکی عالەمێ بژینی! هەی سەرشین، لەزگە بێ تامی بکەی. دبووسیاتی خۆت بەتەواوی بەدیار هێخست. دەبڕۆ هەرچی دەکەی بکە، وازمان لێ بینە، ملی خۆت و باب و باپیر و ملی ئاجەڕاتیشت لەگەڵ بشکێ.»

پشتی خۆی ڕاست کردەوە، چمکی ئەملا و ئەولای بەرماڵەکەی زیاتر شۆڕکردەوە و بەسەر هەردووکمانا هەڵیکێشا، نەبادا سەرمامان بێت. لەگەڵ ئەم جوولە و خۆ بزواندنەدا، پەراسووە دەرپەڕیوەکانی لە یەك دوورکەوتنەوە، سییەکانی بە هەوایەکی فێنك و شێدارەوە پەنماند. سێ چوار جار، کۆخەیەکی توند بەربینگی لێ گرت، دوایەش گەڕایەوە بارە ئاساییەکەی خۆی و بەئەوپەڕی بڕوا بەخۆ بوونەوە، دیسان لەبەرە خۆی کەوتەوە ئاخاوتن: ”ئەو کەسەی غەدر و غودوران لەو هەتیمانە بکا، وەکی مرد دەستەك و پێیەکی لە قەبرێ دێتە دەرێ. قوڕبەسەر، هەنکە شەیتان سواری ملت بووە، وەکی کەرێ.حەچ، حەچ، حەچ... دەتهاژوا! ئەمان ڕۆژەکیش دێ، وهات لێ دەقەومێ پەشیمانی دادت نادا. ئەمن مردی ئەتوو زندی ئەگەر وەنەبوو، وەرە بە گیزانەکی تیژ تیژ سەرم بتراشە. پاشەوپێش سواری کەرەکی هەندی بزنمشکەکم بکە و گەڕەك بەگەڕەك بمگێڕە... کوڕە، هۆینە... ئەوە پیرێژنی خوری دزە، وەرن خۆڵ و دۆی بەسەری داکەن، ئەوە شەو لە بانی منداڵ خۆرکە و مەلۆتکە فرێنە... وەرن لە بن خوترمان بیڕزێننەوە... عالەمینە ئەوە شەوەیە، ئەمن گرتیتم، وەرن دەرزیلەی لە هێقەی بدەن، نەکودیسان خۆی بزر بکاتەوە. نەکو دیسان بەگژ ژنە زەیستانەکدا بچێ و مەلۆتکەکەی لێ بمرێنێ. هەی دبووسی لە دبووسیان پاشکەتی. ئەوە لە پێش چاومە، ڕۆژەك دادێ، دێی بەگریان و نووزانەوە خۆت دێخیە سەر جۆتە یەمەنییەکانم و دەڵێی هاتیمە هەر چاوەکم بە منداڵەکانم بکەوێ، «نەنێ» ئەمن کردم ئەتونەکەی. هە ها بەقوربانی ئەو داوە مووە سپیانەت بم، بە حەیرانی ددانی خەلیفایەتیت بم. بەقوربانی بەرزی و باغەڵ و بنکەوێ و چارۆگە و... دووگردی سەر شانت بم. بەس لێمگەڕێ بێمەوە، خزمەتتان بکەم، ببمە کارەکەر و قەرەواشتان، ببمە جلشۆر و هەویرکەرتان، ببمە قاپشۆر و نانکەرتان، ببمە دارکەر وتێلەگەکێشتان. هەی لە خۆت بێ ئەقڵ و کەمزانێ، ئەگەر ئەمن ڕێشت بدەم ئەوان ڕازی نابن. ئەوان، ماشەڵلا «دلێر»م دەبینی... ها ها ها... ئەوە باڵۆنەی باسکیتی، «ئالا»م

دەبینی، ... ها ها ها... لەگەڵ ئەم قسەیدا گۆچانەکەی بەرز کردەوە: "ئەوە بەژن و باڵایتی. وەك شلکە ئەسپیندار هەر دەرواو دەهەژێتەوە. چ ئیشیان بەتوو دەبی و چ وجوودی بابای وەك توو دەزانن... ئەتوو ژنەکی ئەوها گەورە و تەمام بی...، ئەوها لە خۆ گەڕاوە بی، کە دایکایەتییان لە بۆ نەکەی، خۆتیان لێ بەخاوەن نەکەی. ژنەکی ئەوها هەیتە و سووك و سەمەندۆك بی. ئەوها حەیا و حورمەت و شەرمت لە کن نەمابی. ئەوها چەپك چەپك و وشی وشی بی... ئەوان چ مەجبوورن بەدایکی خۆیانت دادەنێن، ئەز بم هەر ئاوڕیشت لێ نادەمەوە».

دەنگە دەنگی کۆڵانی کەوتەوە بەرگوێ، لە خۆ دواندن و ترمە و بۆڵە بۆڵی پچڕاند، هەستی خۆی ڕاگرت. نەبادا دیسان شەڕ و کوکەیەکی تر سەری هەڵدابێتەوە، بەڵام چەندی گوێی خۆی ڕاگرت هیچ شتێکی تری بەدواوە نەهات. دیسان گەڕایەوە بۆ هەڵوێستەکەی جارانی و کەوتەوە خۆ دواندن و بۆڵە بۆڵی جارانی: «هەنووکە وا کەپووت بڵند بووە، بەقسەی عالەم کەتیە هەیبایێ... هەی قوڕۆکەت، وەڵڵا هەر چەندی جێوڕێی خۆت خۆش ببینی، گوزەرانی خۆت باش ببینی، لەسەر کووپەی لیرە دانیشی، مادام ئەوها بێ حەیا و حەسیەت بی، هەر دێیەوە سەر حوللمسێیەکەی جاران. هەنووکە هەوایەکت کەتیتە مێشك، خۆت بەکیژە عازەبەکی چاردە ساڵیش ناگۆڕییەوە. هائهوو... تەمەر خان، لە هەموو دەراوەك ئاو ناخواتەوە! هەی ڕەبی دۆزاقت لێ هەستی ژنە دمۆر و نیوچەوان سێزدەکە، بەو دوا دواییە هەر بەیەکجاری کەلکی خۆت بڕییە، بەیەکجاری مێشکیان تێکدای، ئەوە دەزانم پیرە قۆترەکە و «موژدە»ی کیژی، وەها لە خشتەیان بردی... ئەو هەناو ڕەشانە، ڕەبی جەرگیان هەلا هەلا بێ، دەردەك هەڵینن نە سەری دیاربی نە بنی، بەهیچ دختۆر و دوعا گۆیەك چا نەبنەوە. کیژ چ کیژ... دەڵێی قەرەقاجە، لاق ڕووتی بێ دین و ئیمان، سەر بە فەرزی خوا داناگری. ئەوجە وەکی چاوی بە من دەکەوی کوو خۆی دەکاتە خاك و خۆڵ. ویس ویس، کوولاییم دایێ. نەنی، چیتە؟ نەخۆسی، سیلمات بووە، بچمە ئازەخانە دلمانت لە بۆ بێنم، میلحەمت لە بۆ بکلم پێ چەولت کەم.

هەی لەگەڵ ئەو درۆیانەت هەڵتلۆقێی کیژ، قوڕ بەسەری ئەو منداڵەی ئەتوو دەرسیان پێ دەڵێی... وەکی گەورەبوون داخوا چییان لێ دەردەچی. عەین و مەین داکە سەر بەهەش و خمەکەیتی... هەموو جارێ فاتمۆك دەیگوت: «هەر هەویلێ...» ئەمن لە دەوم دەدایەوە! ئەمان قسەکەی ڕاست دەرچوو... وەیە وە. کتومت چوویتەوە دوو «نەخە چاوپان». ئەدی ئەگەر ئەوان نەبانایە، قەت ئەو ناکەسبەچە دەو خوارەیە دەبووە قاندرمان". فاتمۆك

گۆتەنی: "دەڵێی پشیلەی داك مردیە، وەکی بەکۆڵانێ دادێ، چاوم پێی دەکەوی. بەمن بی بچم بەددانم دادڕ دادڕی بکەم. ئەوە، ئەوە ... ئەمن نازانم ئەو ناکەسبەچەی لە شاران هاتی لە کێ لەمە پەیدا بوو، ئەو ناجسنە، ئەو هەتیمچەی لە کۆڵانان، لەبەر چ وها لەو ژنە نەبوویتە ئەو شۆڕەسوارە..!» قینی ڕەش و غەم و پەژارە قووڵەکانی، وەك گەواڵەی بەهار، لە قووڵایی هەناویا خستیە قوڵپ و هەنسکدان، دەم و لێوی لە گرێژەن چوو، وەك بڵێی زەردەخەنەیەکی لەسەر ڕوخسارە چرچ و چەوێڵەکەیدا بڵاوبووبێتەوە. نەختێ خۆی جوولاندو سەری خۆی هەڵبڕی: «گاگرۆ بەهاری هێنا بە درۆ...» دیسان درێژەی بە قسەکانی خۆی دایەوە: (ئەوە ڕاست ئەوە، بە مەحت و سەنای «نەخە» سەربەقوڕ و قەلە باچکەکەی کیژی... هەی بەژنت وها و باڵات وها... پرچت دەڵێی خامەکە، تەبەشت دەڵێی گوڵە ئەشرەفییە، ددانت دەڵێی برنجی قەرەجیداغەیە، لێوت نازانم چییە... ئەوە ئیدی ئەویش، بەو قسانە بای کەتە کەپووی، هەروا دەزانی تازە تۆغیانی مێردکردنیتی... هەی ڕەبی جەرگت هەلا هەلا بی ژن، ئەوەی هەنووکە دەیکەی... دەبایە پێش چار ساڵ، پێنج ساڵ، شەش ساڵ لەوە پێش بتکردبایە. تاااازە بەتاااازە... بە شێخی باڵەکان... خۆی لێمان دەکاتە کوڵیکە گاگرۆ...)

لە پڕ دەرگای حەوشە کەوتە سەرپشت، ئەویش وەك ساتمەیەکی کردبێ یەکسەر دڵی ڕاچەنی، لە قسەکانی خۆی پچڕا. لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکەوە، من و «ئالا»ش وەکو ئەو، لە جێی خۆمانا قولاغ بووین. بەرە بەرە دەرگاکە دەکەوتە سەر پشت، ئافرەتێکی چوارشانە خۆی لە عەبا لوول دابوو، بەهەنگاوی ورد ورد هاتە ژوورەوە. هێشتان هەر بیرمان بۆ کەس نەدەچوو، نەماندەناسییەوە. «نەنێ» لەگەڵ دەنگی دەرگا کردنەوەکەدا. زیاتر گوێی خۆی ڕاداشت. کاتێ هەردووکمان لە پڕ وەك جووتە کەوێکی بن کەڤران، لە فڕەی باڵمان دا و بۆی دەرچووین، توند و تاو بەرەو دەرگاکە هەڵاتین، پەردەیەکی ڕۆناهی و گوشادی بەسەر پێڵووەکانماندا هەڵکشا:

– نەنێ، نەنێ.. ئۆی... «دایە نەخشین هات»

بەدەم هەڵاتنەوە هەر ئەوەندەمان بۆ وترا. ئیتر وەك تیری نێو کەوان بۆی دەرچووین. ئەویش هەر لە دوورەوە عەباکەی پێچایەوە:

– هەی «دایە نەخشین» بەقوربانتان بی... بەلاگێڕتان بی! بەدەم ئەم قسەیەوە، ئامێزی خۆی بۆ هەردووکمان کردەوە و هەڵیگرتین. دەمنادەم ماچێکی قووڵی لێ دەکردین و پێمان دەگرژیەوە. دوای چەند هەنگاو هەڵێنانەوەیەکەوە، هەناسەی سوار بوو، هێنکە

هێنکی پێ کەوت. بەدەم سەر هەڵبڕینەوە بەرەو ئاسمان، لە پێشە خۆی کەوتە قسەکردن:″ ماشەڵڵااالە لە کاری خوای گەورە، سەر لە سبیانێ با و باران و هەور و هێرەك بوو، دەمگوت هەنکە نا هەنکە ئاو دەمانبا...

بەدەم ئەم قسانەوە هەردووکمانی دانایەوە. پاشان لە شوێن خۆیا هەڵگیرسایەوە، بە چمکی چەفیەکەی، ئارەقەی دەموچاوی خۆی سڕیەوە. نەختێ خۆی باوەشێن کرد و بەدەم ئاخاوتنەوە، بەرەو هەیوانەکە هەنگاوی نایەوە:

– لەزگە ئاگرم تێ بەربی.

لەگەڵ ئەم قسەیەدا لە شوێن خۆیا سەنگرایەوە، دیسان سەری خۆی بەرزکردەوە، ئاسمانێکی ساف و بێ گەردی کەوتە بەرچاو، ئەوەی پاشماوەی هەور بێ بەرخساریەوە نەمابوو، گرژینەوەیەکی کپ و بێدەنگ سەر کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕاند.

چاوی بەناو حەوشەو هەیوانەکەدا گێڕا و سەری خۆی بۆ لای ناندین و سەرشۆرکەکەش خوار کردەوە کەسی نەکەوتە بەرچاو. (نەنە پەرێ)ش لەملاوە، کە گوێی لە دەنگی ئەو بووبوو، هەر زوو خۆی خزاندبووە ژوورەوە و چووبوو لە جێی خۆی دانیشتبووەوە.

بەدەنگێکی بەرز بانگی دایکمی کرد، دوایەش یەکسەر ڕووی لە ژوورەکەی دەستە ڕاستی کرد، ئەو دەم دایکم لەسەر کورسیەکەی بەرامبەر مەکینەی دورمانەکەوە کزۆڵەی کردبوو، دەستی خستبووە ژێر چەناگەیەوە، بێ ئەوەی خۆی لە گوورە ببا، هەر بیری دەکردەوە.

– چییە دیسان نووسینە یا دوورین؟

دوای ئەوەی تێی ڕوانی ئەو پرسیارەی ئاڕاستە کرد.

بەڵام هیچ وەڵامێکی لە دایکم گوێ لێ نەبوو لەو کاتەدا دەتوت بووراوەتەوە، بەچاوێکی ئەبڵەقەوە هەر دۆش دامابوو ورد دەبووەوە هیچی تریش نا.

بە سەرسوڕماوی چەند سەرنجێکی بۆ لای ڕانا، دیسان کەوتەوە پرسیارکردن:

– مژدەم بمری ئەگەر پێم نەڵێی چ بووە دیسان؟

دایکم کە ئەم قسەی گوێ لێ بوو، لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، کەلکەلە و مێشکی جەنجاڵی هێور بووەوە، وەك مەلی تەریو و هێلانە هەڵوەشاو ئاسا، گەڕایەوە بارە

ئاساییەکەی خۆی، جێگایەکی بۆ دەستنیشان کرد بۆ دانیشتن، دوای ساتێ پشوودان، بەخێرهاتنی کرد و بە غەمبارییەوە کەوتە قسەکردن:

– لە عومراتی خۆم بەختم هەر ڕەش بووە و هەر واش دەبێ.

– قسەکەی پێ بڕی، بەناڕەزایی دەربڕینەوە باگۆی دایەوە:

خوا نەکا، چ بووە دیسان؟ پاشان وتی «ئەتوو قەت ئەوها نەبووی، زێدە لە ڕۆژان ئەوڕۆ هەر هەش و خمت لە دەو دەباری، تەماشای دەموچاوی خۆت کردووە.

بۆ وا گرژو تاڵی، نێوچەوانت هەندی پەنجەیەکی لێ هاتۆتەوە.

– خوشکم، ئەوەی لەشەڕ نەبێ شیری تیژە، لە دوێنێ ئێوارێوە، ئەو پیرێژنە خەو و خۆراکی لێ حەرام کردووم، وەك ئاشی ئاگر هەر چەقەنە لێدەدا و نایبڕێتەوە، چاك بوو زوو هاتی، ئەدی موژدە.

– وا خۆی دەگۆڕێ، دەمەکی دی دەگاتە جێ.

– ئێ دەباشە، خوا دەکا زوو بێ، ئەو پیرێژنە دوو ڕۆژ دەبی تامی زادی نەکردووە، بەڵکو ئەو هەوڵی لەگەڵ بدا، بەقسەی ئەو دڵی نەرم بێ!

– (دایە نەخشین) بە پێکەنینەوە لای لێ کردەوە: ڕەنگە گەلەك خراپیان لەبن گوێی خوێندبی، بۆیە وا بووە بە کوندەی ژەهر.

– هووووو هەر تووڕە بوون، هەر گریان، هەر ترمە ترم و بۆڵە بۆڵ! سبیانێ زوو زوو ئەو سەر بە هەشە... «دەنگی خۆی نزم کردەوە» : فاتە فللار هاتبووە لای، ئەوە دەبینم پس پس لەبن گوێی دەخوێنێ:

– داخوا چی گۆتووە؟

– ئەوەیان، هەر خوا بەخۆی دەیزانێ و..

– (دایە نەخشین) بەدەم بیرکردنەوەوە قسەکەی پێ بڕی، پاشان چرپاندییە بن گوێی: دەزانم کەرخی ئەوە، ئەو سەربەهەشە هەر وابووە، هیچ زمانی بەچاکە نەگەڕاوە، ئەدی ئەتوو چیت کردەوە؟

– تێمگەیاندوون، ئەوڕۆ دەبێ بێن هەموو شتەك ببڕێننەوە.

ئەگەرچی (نەنە پەرێ) لە ژوورەکەی ترەوە خۆی گۆشەگیر کردبوو، لە هەموو کار و کردەوە و گفتوگۆکانیانا، خۆی لێ نەبان کردبوون، بەڵام گوێیەکی هەر لە لای ئەوانەوە

بوو، هەر جاری کە یەکێکمان بچووبایینە لایەوە، یەکسەر بانگی دەکردین و گەلێ پرسیار و لێتوێژینەوەی لەگەڵا دەکردین، دەیویست تێبگا کە خواست و نیازیان چییە، باسی کێ دەکەن و گەرەکیانە چی بکەن و چی نەکەن؟ ئەو یەك بە باری خۆی، وای هەست دەکرد کەوا ڕۆژی ڕووبەڕوو بوونەوە نزیك کەوتۆتەوە، هەندەی نەماوە لە یەك ئاشکرا بن، ئەو نهێنییانەی کە تا ئێستا هەر شاردراونەتەوە و پووش بەسەر کراون، ئاشکرا بکرێن، هەردوو دەست بەڕووی خۆیانەوە بنێن و ئەوەی نیازیانە بیکەن و بیڵێن و هەموو شت ببڕێننەوە... ئێمە ئەو کاتە بەو سەین و بەینەمان نەدەزانی، لە خۆشی هاتنی (دایە نەخشین) لاقمان نەدەکەوتە عاردی، هەتا ئەوساکەش کە دەچووم خۆم لە ناو باوەشیا مات دەکرد، وەك کاتی ڕۆژانی ساواییم، حەزم دەکرد دەمم بە مەمکییەوە بنێم و مڵچ مڵچ بیمژم، ئەو شیرە بەتامەی مەمکەکانی ئەو، ئێمەیان لە خواردنی خۆش ڕاهێنا، ئێمەیان فێری مژمژە و چلوورە و هەنگوین خواردن کرد، ئێستاش تامی هەر لە دەمم ماوە، هەر منداڵێکی شیرەخۆرە دەبینم، یەکسەر خۆم و (دایە نەخشین)م دێتەوە بەرچاو، هەست بە هەمان سۆز و گەرمی و ئارامی ئەوکات دەکەم. دوای هەڵبەزین و دابەزینێکی زۆر، دوای ئەوەی هەردووکمان لە باوەشی گەرمی دایەمان تێر بووین و هەساینەوە، دیسان دەستمان کردەوە بەڕاوەڕاو و لە ناو حەوشەدا بەدوای یەکترا ڕامان دەکرد، یاخود تۆپە لاستیکە چکۆلانەکەمان دەدایە بەر شووتان، هۆ لێرە و لەوێ بەدوایدا هەڵدەهاتین، دوای ماندووبوون و هیلاکییەکی زۆرەوە بەجووتە چووینە لای (نەنە پەرێ) و لە نزیکیا دانیشتین. (ئالا) بەکەیف و هەوەسێکی بێ پایانەوە، هەڵیدایێ:

– نەنێ، نەنێ، (دایە نەخشین) دەڵێ هەنکە (موژدە)ش دێ.

– منیش قسەکەم بۆ پشتڕاست کردەوە و گوتم: ئەرێ وەڵڵا تازە بە دایەی گۆت، گۆتی هەنکە دێ.

– کە ئەم قسەی گوێ لێ بوو دۆش داما، بەدەم خۆ دواندنەوە کەوتە دەریای بیرکردنەوە: بابڕۆن ئەو سەرە خۆرانە، ئەوانە وەك کوندەبۆن ڕوو لە هەر ماڵێ بکەن کاولی دەکەن، نەمدەزانی وەها بەدیۆم و دڵڕەشن، هەر بەجارێ لەبەر چاوم کەوتینە، با نێن، ئەو سەگسارانە، هەر نێنە ماڵمان، ئەوی لەوان بەدووربی لە خوا بەنێزیکە.

من کە ئەم جوێنانەم لە (نەنە پەرێ) گوێ لێ بوو، زۆر سەرم سوڕما زۆر حەپەسام، گەلێ سەرسام بووم، یەکەم جارم بوو قسەی وام لێی گوێ لێ بێ، بەبیرم دێ، گەلێ جار

لەگەڵ دایکما تێك گیراون و قسەیە لەم و قسەیە لەو بۆتە دەمەقاڵێیان (نەنە پەرێ) لە ئەنجاما لەبەری داهێناوە، بەڵام پاشان لە پاشملە وەك گرکانێك هەڵچووە لەبەرخۆیا چ جوێن و تانە و تەشەرەی ناشیاو و نەبیستراوە لە دەمی هاتۆتە دەرەوە، چی بەسەر زاریدا هاتبێ نەیگێڕاوەتەوە، تا کەفوکوڵی دانەکەوتۆتەوە هەر نەیبڕیتەوە، بەڵام ئەوە یەکەم جارە گوێم لێ بێ، جوێن بە(دایە نەخشین) و (موژدە) بدا، لە سۆنگەی ئەمەوە، بەدڵێکی ڕاڕا و بەدەنگێکی پڕ لە ناڕەزایی دەربڕینەوە لام لێ کردەوە:

– نەنێ بۆ ئەو قسانە دەکەی، ئەدی (موژدە) مامۆستامان نییە؟ دەرسمان پێ ناڵێ؟

– (ئالا)ش گوزارشتی لە هەڵوێستەکەی من کردەوە: ئەدی هەموو سبیانان لەگەڵ خۆی نامباتە قوتابخانە؟ توند دەستمان دەگری، لە جادە دەمانپەڕێنێتەوە، جانتامان بۆ هەڵدەگری، کە بگەینە قوڕ و چڵپاوەك لە باوەشی خۆیمان دەکا.

– قسەکەم بە(ئالا) بڕی: هەموو ڕۆژێ لە ڕیز دەرمان دێنێ، بۆ سروود گوتن و پاك و خاوێنی و زیرەکی.

(نەنە پەرێ) وەك بڵێی گوێی لەم قسانە نەبووبێ، ڕووی خۆی لێمان وەرگێڕاو لەبەر خۆی کەوتە قسەکردن: مامۆستا، مامۆستا، ڕەبی تاعوونەکیان بکەویتە ناوی، یەکیان لێ قوتار نەبی.

من و (ئالا) بەم قسەیە زیاتر نیگەران و پەشۆکاو بووین، هەتا دەمێ هەردووکمان سەرنجە نیگای سەرسامی و تووڕەییمان ئاڕاستەی یەکتر دەکرد، پاشان لەجێی خۆما هەڵسامەوە، دەستێکم لەسەر شانی (نەنە پەرێ) دانا، بەدەنگێکی باریك و کەل و شکاوەوە، کەوتمەوە قسە:

– مامۆستا موژدە، هەموو جارێ لەسەر تەختە ڕەشە وێنەی جوان جوانمان لەبۆ دروست دەکا.

– ئالا: ئالا، بەبیرتە کە

– «قسەکەم پێ بڕی»، جارێ وێنەی چیایەکی کرد و گوتی ئەوە بڵندترین لووتکەیە لە کوردستان، پاشان هەر بەخۆی گوتی ناوی (هەڵگورد)ە.

– ئالا: جارێکیش پرسی، دەزانن کۆنترین شار لە جیهاندا کامەیە، کە هەتا ئێستاش هەر ئاوەدان بێ؟

پاشان هەر بەخۆی وێنەی قەلا و منارەیەکی کێشا، ئەمەش هەموو دەستمان بڵند کرد

و گوتمان ست، ست ، ست ئەمنی هەستاندەوە وەڵامم دایەوە، ئۆی (نەنێ) چەند کەیفم هات کە چەپڵەیان لەبۆ لێدام.

– منیش باسی وێنەکەی ترم بۆی کرد گوتم: ڕۆژەکی دیش وێنەی وێنەی لەمپایەکی کرد و گوتی ئێستا پڕی نەفتیش دەکەم، پاشان پرسی ئا بەڕاست، پرسیارەکم بیرکەوتەوە، کێ دەزانێ زێڕ کووە؟ ئەمە هەموو گۆتمان زەردە. (ئالا) بەدەنگی بەرز پێکەنی، ئۆۆی بەبیرم هاتەوە هەینێ (سەرمەد) گۆتی سپییە، وەی دایە ئەو ڕۆژی چەند پێکەنیم...! هەند پێکەنیم، هەند پێکەنیم (سەرمەد) گۆتی کڕ نەبی چوغلت دەکەم.

– ئالا، ئالا دە جارێ ڕاوەستە، ئەتوو کڕبە، ئەمن، ئەمن قسەکی خۆشم بەبیر هاتەوە، نەنێ، نەنێ ئەوجارە مامۆستا پرسی زێڕ چ ڕەنگی دی نییە؟ نەمانزانی چ بڵێین، لە شەرمان هەر تەماشای یەکدیمان دەکرد، دیسان گۆتی ئەدی زێڕی ڕەش؟ ئەمە هەموو دەستمان بە پێکەنین کرد.

(گاورباغی) نەبێ، لە تەنیشتم دانیشتبوو، ئەو هەر بیری دەکردەوە، دەم نادەمیش دەستی خۆی بڵند دەکرد و زووش دایدەناوە، دیسان مامۆستا پرسی، کێ دەزانێ زێڕی ڕەش بەکەلکترە یان هی زەرد؟ کەس دەستی خۆی بڵند نەکرد، دەمەکی پێ چوو (گاورباغی) هەستایەوە گوتی: لە باوکم بیستووە زێڕی ڕەش، مامۆستا موژدە هاتە لای دەستی لە ملی کرد، پێی گوت ئافەرین، ئافەرین. ئەمەش هەموو چەپڵەیەکی قایمان لەبۆی لێدا، ئەوجارە مامۆستا گوتی، دەی قوتابییەکان پرسیارێکی تر، لەگەڵ ئەم قسەیدا ئەوەندە پێکەنی، ئەوەندە پێکەنی، نەیتوانی پرسیارەکەی بکا، ئەمەش هەموو لەگەڵیا دەستمان بەپێکەنین کرد، چەپڵەمان لێدا، هەر تەماشای مامۆستامان دەکرد، دیسان ئەو کڕی کردینەوە و گوتی، ئەوە زێڕی ڕەشمان ناسی، ئەدی زێڕی شین چییە؟ کێ دەزانی زێڕی شین هەیە یان نییە؟ ئەمە هەموو دەستمان کردەوە بەپێکەنین و گوتمان مامۆستا ئەوە چییە، دەبی زێڕی شین چ بی؟

لە کێ هەیە؟ دەبی چەند عەنتیکە بی؟

(ئالا)ش خۆی بەیاخە و بەرۆکی (نەنە پەرێ)دا شۆڕ کردەوە و دەستێکی لە ملی کرد، پاشان بە گڕو تینێکی پڕ لە خۆزگە و هیواوە پرسیارێکی ئاڕاستە کرد:

– توخوا (نەنێ) ئەدی زێڕی ڕەش بەکەلکتر نییە؟ ئەتووش نازانی لەگەڵ چیتی؟

(نەنێ) ڕووی خۆی بۆ لایەکەی تر وەرچەرخاندەوە و بەدەم سەربادانەوە، وەك بڵێی

چەند پەیڤێك ئاڕاستەی کەسانی لە ئێمە گەورەتر بکا، بەتوانج لێدانەوە دەنگی خۆی بەرز کردەوە:

– وەڵڵا دایێ ئەمن سەرم لەو ئاینوئۆینانە دەرناچی، ناوەڵڵا دەنگی خۆی نزمتر کردەوە: ئەویش لە (نەخە)ی دایکی ئۆینبازترە.

– منیش لاشانەکەی تری (نەنێ)م گرت و پرسیم: (نەنێ) ئەدی زێڕی شین چییە؟

(نەنە پەرێ)ش لە جێی خۆی ڕاچڵەکی: هەی کەسێ تۆبە، تۆبە، تۆبە، ئەو قەلەباچکەیە ئەو قسەو قسەلۆکانەی لە کێ هێنایە؟ ئەوە هەبی و نەبی لە ئارەقخۆرانی گوێ لێ بووە.

– با با.. نەنێ مامۆستا دەیگۆت ڕۆژێ دێ زێڕی شین لە هەموو زێڕەکانی دی گرانتر دەبی، شەڕی گەورە گەورەی لەسەر دەقەومێ، خوێنی لەبۆ دەڕژێ.

– نەنێ بەتوندی قسەکەی پێ بڕیم: عودە، عودە، عودە، هی هی، نەدیوبدی لە باتی دوو قسەی خێرتان لەبۆ بکا، بزانە بزانە کوو مێشکتان تێکدەدا، عەین و مەین داکە سەر بە گۆبەندەکەیتی.

– لە جێی خۆما هەڵسامەوە، دیسان خۆم بەسەر شانی چەپەی دادایەوە، لام لە (ئالاّ) کردەوە: ئالە، ئالە، دە ڕاوەست ئەمن قسەکی خۆشم بەبیر هاتەوە، نەنێ نەنێ، بەدەم ئەم قسانەوە چەند جارێ شان و پیلی (نەنە پەرێ)م ڕاهەژاند:

ڕۆژەك مامۆستا لە دەرسی ئاین فێری زمانی ناو قەبری دەکردین دەیگۆت دەبی ئەزبەری بکەن، نابی لەبیریشتان بچێتەوە.

(نەنە پەرێ) وەك بێ ئارامێکی بڕست لێبڕاو، کە چیتر نەتوانێ بەرگەی ئەو هورژم و تینەی کە لە دەروونیدا پەنگی خواردبووەوە دابگرێ، قسەکەی پێ بڕیم.

– های، قوڕۆکەی، وەڵڵا وەکی چاوی بەهەردوو سۆری چاوشین دەکەوی، فیلم دەوێ خۆیان لەبەر ڕاگری، یەکەکیان لەو دەستەی، بەخو بە تەورزینەکی بەئاگرەوە لە پێشەوەڕا لێی پەیدا دەبێ، ئەوی دیکەش هەر لە دەستەکەی دی لە پشتەوەڕا لە بۆی دەچێ، قەڵەم و قەزاتەیەکی لە دەستە، هەردووك چاویان کوسکە کوسکیتیان، لە ناو قەبری تەنگ و تاریك لە دووڕا چاویان دەبریسکێتەوە، ئەوی تەورزین بەدەست «لەو کاتەدا چاوەکانی خۆی قوچاند و سەری خۆی بەرز کردەوە، لەبەرەخۆی وتی» : «تۆبە خوایە» پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی پێشووی« هەر تەورزینەکەی بادەدا و چاوی لێ سۆر دەکاتەوە» بەدەنگێکی بەرزتر هەڵیدایێ، دەم نا دەم بەسەریدا دەقیڕێنێ و مەڕەمووکەی لێ دەکا،

لەگەڵ دەنگە بەرزەکەیدا، من و (ئالا)، لەجێی خۆمان ڕاجفرین، دڵمان پڕی ترس و لەرز بوو، لە ترسان ڕەنگمان سپی هەڵگەڕا، وا سامگرتوو بووین، لە شوێن خۆمانا مات بووین، هیچ هەست و جوولەیەکمان نەما. ترسێکی کوشندە هەنسك و هەناسەی لەبەر بڕین، بەپرە پڕ خۆمان لە باوەشی (نەنە پەرێ) کوتا، ئەو قسانەی کە دەمێ بوو سەرگەرمی گێڕانەوەی بووین، بۆمان تەواو نەکرا، هەموویمان لەبیرچووەوە، (نەنە پەرێ) دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: ئەوان دەپرسن و ئەویش باگۆیان دەداتەوە.

(ئالا) بەڕەنگی پەڕی وو تێکەڵ بەترسی ناگەهانەوە، ویستی پرسیارێکی ئاراستە بکا، بەڵام ئەو هەر لە قسەکانی خۆیا بەردەوام بوو: جارێ قوڕ بەسەری لاقڕووت و سەرقۆتان، هەهای، لە بابی خۆیان کەوی، لێدە و کێندەرێت دێشی، نەك هەر خۆیان، باب و باپیریشیان، (دەنگی خۆی بەرزتر کردەوە: داکە سەر شینەکانیشیان قوڕیان بەسەری کێوە دەچن، لەبن بەردی ئەلحەد حەسیرمەیدانەکیان دەکەن نەبێتەوە، لەگە هەر گورزەکی کە لێیان دەدەن، نۆ ڕمیان لە عاردی دەبەنە خوارێ، قودرەتی ئیلاهی لەبۆ ئازابدانێ دیسان بەسەر دەکەونەوە.

من توند چاوەکانی خۆم گرتبوو، خۆم لەبن هەنگڵی (نەنە پەرێ) مات کردبوو، بەقورگێکی پڕ لە گریان و بەدەنگێکی پڕ لە ترس و لەرزەوە گوتم:

– بەمامۆستام گۆت، گوتم ئەتوو هەر دەڵێی ئەزبەریان کەن، نازانم کوو هەموومان لەبیر دەمێنێ.

– نەنێ بەپرسیارێکی خێرا لای لێ کردمەوە:

ئێ ئەو چی گۆت؟

– هیچ، هەندێکم پێ پێکەنی، دوایە لە باوەشی کردم و گوتی هەی ماڵەکەم چەند زیرەکی، کوڕە ئەتوو زۆر لە تەمەنی خۆتا گەورەتریت.

(نەنێ) کە گوێی لەم قسەیە بوو، زەردەخەنەیەکی پڕ لە ڕق و کینەی پەڕییە سەر ڕوخسارە هەڵبزرکاوەکانییەوە، بەدەم چووکە چووك کردن و سەربادانەوە کەوتەوە قسەکردن:

– هەی لایێ غاین، مەلعوونی لە داکێ مەلعوون، دێڵە سەگ، ئاخر نە ئەو دبووسیەش «لەگەڵ ئەم قسەیەدا ڕووی خۆی بۆ لای ژوورەکەی تر وەرچەرخاندەوە»، لەو دایکە بێ حەیا و حەسیەتەیە، ئەدی کوو، کوڕێ من گوجیلەی خۆڕی لە دێڵی فسکەن بە باشی

دەکەوێ، کوڕەکەم قەلقەلاشك لە خۆی بەش کە لە هەنکەوەڕا دەزانی زمانی دەبەسترێ، لەبەرئەوە نەیتوانی باگۆت بداتەوە تێی بزر کردیە ئەدی کوو، ئەو قەرەقاجە لە هەنکەوەڕا دەزانی جێی کوێندەرە لەو دونیا، ئەدی هەر لەبەرئەوەشە ئورقومی لە دەم نەهاتیتە دەرێ.

دوای هەڵوەستەیەك (نەنە پەرێ) دەستی بەقسان کردەوە، گەلێ شتی باس کرد، ناوی گەلێ شتی هێنا، بەلام ئێمە لێی حاڵی نەدەبووین، تەنیا هەستمان دەکرد، کە بەدەم باسکردنی ئەم شتانەوە و ناو هێنانیانەوە، ڕەنگ و ڕوخساری دەگۆڕێ و بەڕەفتاری سەیر سەیر دەستەکانی خۆی دەجووڵێنن و هەڵسوکەوت دەکا، (ئالا) هەر لە شوێن خۆیا تاس دەیبردەوە، دەیویست قسەکانی (نەنە پەرێ) بەدیمەنێکی بەرجەستەکراوەوە بێنێتەوە بەرچاوی خۆی، بەدەم ترس و لەرز و دۆشدامانەوە پرسی:

نەنێ نەنێ، ئەوە ئەتوو چ دەڵێی، تێ تناگەم، توخوا توخوا (نەنێ) باسی ناو قەبرمان لەبۆ بکە.

– خێرا باگۆی دایەوە و گوتی: تۆبە خوایە.... کیژم ئەو قسانە مەکە، قسەی ئەو بێ دینانەش مەگێڕەوە با غەزەبمان بەسەردا نەبارێ.

پاشان گوتی: هەر ئەوەمان کەمە.

دیسان (ئالا) بەدەم بیرکردنەوە و مەترسییەکی ناشیاوەوە دەمی پرسیاری ئاڕاستە کردەوە:

– ئەدی ئەوان (نەنێ) دەتگوت چ دەڵێن؟

– کیژم ئەوان دەڵێن (مەڕڕەمووکە) و لەسەر سەرت حازر دەبن.

پاشان هەتا هێزی تیابوو ملی خۆی درێژ کردەوە، ڕووی خۆشی بۆ لای ژوورەکەی ترەوە سووڕاندەوەو، بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد، لەگەڵ هاوارکردن و دەنگی بەرزیدا پشتی کووڕ دەبووەوە چەند جارێ ئەمەی دووپات کردەوە، لەم کاتەدا گوربە بۆر کە هەر لە سووری بەیانییەوەڕا، لە نزیك مەنجەڵەکەی سەر ئاگر و بۆن و بەرامەی گۆشتە کولاوەکەوە ملۆمای دەکرد و دەگەڕا و دەسووڕا، بەدوای پشیلەیەکی سپی خڕ و خەپان کەوتبوو، بەدوای دارای دەکرد و بەدەنگی بەرز کردی بەمڕەمڕ، (نەنێ) کە گوێی لەم دەنگە کتوپڕانە بوو، هەر بەدانیشتنەوە لەخۆی هەڵدا، لەگەڵ قسەکردن و دوعا خوێندندا لێوەکانی تەتەڵەی کرد:

ویسمیلا ئەوە چ بوو؟ تۆبە خوایە، تۆبە، دەستی خۆی لەملا و لەولا گێڕا، ئێرە کێندەرە، ئەمن لە کوێم، کێم لەگەڵە؟

من و (ئالا) لەگەڵ ڕاجفرین و ڕەفتارە سەیرەکانی ئەودا، ترسێکی زۆرمان لێ نیشت هەردووکمان کردمان بەڕمبە ڕمب و زریکە زریك، بە هەڵەداوان چووین خۆمان لە ناو سندووقی نوێنان شاردەوە. دوای چرکە ساتێ (نەنە پەرێ) هەر لە جێی خۆیا کەوتەوە بڵمە بڵم و شادە هێنان، ئیتر بەدەم سەلاوات لێدان و وێرد خوێندنەوە، بەرە بەرە گەڕایەوە سەر بارە ئاساییەکەی جارانی.

دایکم و (دایە نەخشین) لەگەڵ ئەم دەنگە دەنگ و زاق و زریقانەوە بەڕاکە ڕاکە، هاتن و ڕوویان لە ژوورەکەی ئێمەوە کرد، دوای چاوگێڕان و بەملاوبەولا سەیرکردنەوە، بە هەڵەداوان ئێمەیان لە ناو شتومەکەکان دەرهێنا، هەردوو ڕەنگی مردنمان لێ نیشتبوو، ئەوەی سوورایی بێ لە سەر لێومانا نەمابوو، هەریەکەو یەکێکمانی لە ئامێز گرت، هەردووکمان وا زارەترەك بوبووین لە دوورەوە هەست بە کوتە کوتی دڵمان دەکرا، بەڕەنگێکی هەڵبزڕکاو و هەناسە سوارییەوە هەر یەکەمان لە باوەشێکی گەرما خۆمان گرمۆڵە کردبوو، (نەنە پەرێ) کڕ و بێدەنگ خۆی کورژ کردبووەوە، وەکو جاران ڕووی خۆی بۆ لای دیوارەکەوە وەرچەرخاندبووەوە. ناوە ناوە دەستی بە دەموچاوی خۆی دادێنا، هەر لەبەر خۆیا ورتە ورتێکی لە دەم دەهاتە دەرەوە و لێوەکانی دەجوولاند، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چەند پەیڤێکی ئاڕاستەی ئەوانەوە دەکرد: «هەی لە درۆتان نێم عفریتینە ئەو مەکرە چییە دەیکەن؟ ڕەنگە گەلەك زگتان بەو سەبیلۆکانە بسووتێ، گەلەك دڵتان پێیانەوە بێ، هەی لە هەش و خمتان نێم، دەزانم چ گۆبەندەکتان لەبن سەریدا هەیە و کێ تیخ تیخەی داون، مست لە درێشە دەگەڕێتەوە، ئەمان ئاخ چ بکەم، کەسەکی وەها نێزیکم نییە هەتا بێ جێتان بکاتە ئەو جێ دەزانم چ ئۆین و ئۆینبازیتان لەبن سەری دایە.

دەتانەوێ هەنجەتم پێ بگرن، هەی کوڕیژگۆکە زراوی ڕژا، هەی کیژۆڵەکەم مانگ دەگری، (نەخە) چاوزەق، ئەگەر چ ئۆین و بلعاتەکت لەبن سەری نەبی، لەبەر چ هەندە بەخۆ بەکیژەوە سەراسووی پیرۆز دەکەن، ئەنگۆ، ئەلعانەکینێ هەندە قەرۆمەتان بڵند بووە، کەپووتان هەندە بڵند بووە، هەند بڵند لێدەکەن، لەگەڵ کەس قسە ناکەن، دەعیەتان نایێ ئاوڕ لە هەموو کەسی بدەنەوە، وەڵڵا ئەوە چییە کیژم بوویتە معاشخۆر، ئەدی مادام لەبەر چ ئەوەندە قاندری ئەمەومانان بووینە، دوای نەختێ بێدەنگ بوون و دۆشدامان،

ئاخر نە پیرۆزیش پێی خۆشە ئاموشۆتان بکا، وەکی دێنە کنی دەڵێی دۆنی گای لێ دەدەن، سەر بە هەش، ئەوی نەیناسی دەڵێ داخوا دەبی خانم چ شێرە ژنەك بی، چ داکەکی دەست ڕەنگین و بەهووردە و پووردەبی، هایهووو حەیران لە دێر و هەرشەمێ شێرە ژنی چی و تەڕەماشی چی؟ (پیرۆز) نە ئەو (پیرۆز)ەی جاران، هەنکە ئەویش بای ئەوانی کەتیتە کەپووی، بەهەوای ئەوانەوە کەتیتە هەیبایێ، خەون بە مانگانە و قەسری بەبریق و باقەوە دەبینی، هەی بەقوڕم گرت، خانم داخوا مالی کێی دیش کاول دەکا، پێ وقەدەمی هەندە ڕەش بوو، هەند نەحس بوو، هات و نەهات ئاگردانی لێ سارد کردمەوە، حەیاتی خۆم لەسەر ئەو کوڕە دانابوو، کۆراییم دایێ، ئەویش هەر ئەو سەربەهەشەی بەدەستگیران کرد و گۆستییەوە، لەبۆ ڕۆژی پازدە، کە هێواری چووە دەرێ، هەر ئەو چوونە دەرێیە بوو، «لەگەڵ ئەم قسەیەدا دەستی بەگریانێکی توند و گورچکبڕ کرد و لەگەڵ لوشکە لوشکی گریان و فرمێسك هەڵوەراندنەوە قسەکانی ئەمی هاتەوە بیر»:

ئەوا دەچمە دەرەوە، گیانە چمان دەوێ لەگەڵ خۆما بیهێنم؟ دایکم خێرا باگۆی دابووەوە: «نا نا... هیچمان ناوێ، هەموو شتمان هەیە، بەس خۆت گیرمەکە، ئەمنیش هەتا ئەتوو نەگەڕێیەوە نان ناخۆم.

«ئای کە چەند دڵخۆش و بەختیارم، چەند خۆشە یەکێکی وا چاوەڕوانت بکا، (پیرۆز) گیان، گەلێ بە هەڵسوکەوت و ڕەفتارت خۆشحاڵ و سەرفرازم، پێم گەیشتۆتەوە، لە ئێستاوە خزم و کەس و ناسیاو باست دەکەن، هەموو لێت ڕازین، هەموو گوتیتیان ژنێکی گەلەك بەڕێز و ڕووحپەرەیە، گیانە ئەوە ڕۆیشتم، پیرۆز گیان، ئەگەر دایکم برسی بوو، خواردنی بۆ دانێ، ئێ دایە، گوێت لێم بوو، ئەتوو چاوەڕوان مەکە (بەدەمێکی بەپێکەنینەوە) چونکە دەزانم ئەتوو بەبرسیەتی برەك تێکدەچی ئیتر هەر بەدەم ئەم قسانەوە ماڵئاوایی لە دایکم و لە (نەنە پەرێ) کردبوو.

بەدەم ئەم یاد و یادەوەرییە تاڵانەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:

«پاش چەند بزربوون و گەڕان و سووڕان بەدوایدا، جەنازەکەیان هێنایەوە، بەختی مە کوو دەیکا، هەندەك بووك هەن هەند نیوچەوان سێزدەنە، هەند دمۆرن، بچنە سەر زێی (سیروان) هیشکی دەکەن. ئەدی ئەگەر ئەمنیش بەختم ڕەش نەبایە، بووکەکی پێ و قەدەم بەخێرم بەنسیب دەبوو.

دوای فنگە فنگ و گریانێکی پڕ لە هەنسك و حەسرەتەوە، دیسان لەبەرخۆیا کەوتەوە بۆڵەو خۆ دواندن:

ئــەوەی ئــەمــن لــە شەختــە و بــەنـدەردا، بـەقـوڕبـەسەری و بـەخـاکـەساری چـانـدم و بەبێوەژنکۆشی گەورەم کرد، ئەوان بەئاگر دووریـیانەوە، ڕۆژی لە دایکبوونی باوکمی هاتەوە یاد، کە لە ڕۆژێکی سەرمای بەفرانباردا چۆن ئەو کوڕەی بوو، «میمکە زارێ»ی هاوسێیان مامانی بۆ کرد، هەر ئەویش ناوکی بڕی، کردیە مەلۆتکە و لە ناو سەرەندێکا لەتەك قورئان و نووشتە لە شەمێ و مشت گیراوەکەدا درێژی کرد، ئینجا بردیان لە نزیك مەقەڵە ڕەژووەکەوە دایاننا»... هەر بەدەم یاد و یادگارییەکانی ئەم ڕۆژە، بەردەوامی بەقسەکانی خۆی دا:

«بابی ئەوەندە دڵخۆش بوو ئەوەندە بەکەیف بوو، لە خۆشییان هەموو ڕۆژێ دەچوو لە بازاڕ کەڵەبابەکی عەمەلیقەی خڕ و خەپان، یان فڕووجەکی سەر بە پۆپیتەی دەکڕی لە مــاڵــێ دەیـکـوشتــەوە، لــەگــەڵ مـریشکـە سەرەمـرێکـی قـونـدە و قـەڵـەو... شەوانیش لەگەڵ دەرودراوسێ و ماڵە خزمەکان شەوارەیان دەگرت، هەتا مەلای سبیانێ بانگی دەدا، ئەوانە هەر قسەی خۆشیان دەکرد و پێدەکەنین».

دایـکـم و (دایــە نــەخشین) تــا ئــەوساش هــەر دەستـیــان بــەسەر و قـژی ئـێـمـە دادێـنـا و دەیانویست ترس و لەرزمان لە هەناوا دەرکەن، دایکم منی توند توند لە باوەشی خۆیەوە گرتبوو، وەك گڕکانێ کە چیتر نەتوانێ ئەو قەهر و تووڕەیی و نوشستییە لە ناو هەناوی خۆیەوە گیری پێ بخوات، بەدەنگێکی شەڕاوی و بڕست لێبڕاوەوە، کەوتە دوعاکردن لە خۆی: «وەی خوایە نامکوژی لەکۆڵ ئەو دنیایەم بکەیتەوە» بەدەم ئەم قسانەوە ئاوڕیشی لە (نەنە پەرێ) دەدایەوە و بەتووڕەیی سەیری دەکرد. «خۆ ئەمن هەر خەمەك و دوو خەمم نییە، خەمەکانی من گەلێ قوڕسن، برینیان گەلێ قووڵە، زام و برینی پڕ لە خوێن و کێم، قووڵ و دوڕخان ، هەتا ناو هێسك و پرووسکم چووە» بەدەم ئەم قسانەوە هەردووکیان هەڵسانەوە و بەرەبەرە لە (نەنە پەرێ) دوورکەوتنەوە هەردووکمانیان لە ئامێز کردبوو، کە گەڕانەوە ژوورەکەی تر، هەردووکمانیان لەسەر کورسیەکەی بەردەم مەکینەکەوە دانا، (دایە نەخشین) خێرا خێرا چوو ئاوی بۆ هێنایـن، ئێمەش پەیتا پەیتا ڕەنگ و ڕوومان دەهاتەوە بەر و دەگەڕاینەوە بارە ئاساییەکەی جارانمان، بەڵام دایکم بەدەم ئاخ و حەسرەت هەڵکێشانەوە هەر لە گلەیی و گازاندەکانی خۆیەوە بەردەوام بوو: «خوای گەورە، هــەنـدێ کــەس لــە نــاو نــازو نـیعـمـەت خـەنـی دەکـا و هــەنـدەکیش لـە نـاو خـەم و خـەفـەتدا دەرزێنێتەوە، ژیــانــی لــێ دەکــاتــە بــەڵایــەکی گـەورە، بـەبـارێکی قـوڕس (دایـە نـەخشین) قسەکەی پێ بڕی، دە بەسە بیبڕەوە ژنێ هەندە ناشوکرییان مەکە، نەکو خراتر لە پاشتر بێ.

– ئەتوو نازانی کوو ئەمنیان کونەجەرگ کردووە، کوو ژیانیان لێ تاڵ کردووم.

دەستێکی بۆ ژوورەکەی تر ڕانا: جارێ ئەو ئاخیر شەڕە لە هەمووان خراترە، ئەوی دوو ڕۆژ لەگەڵی بژی، ڕۆژی سێیەم وەرەم هەڵدێنێ.

– کچێ (پیرۆز) ناهەقی مەگرە، لە تاو زگی خۆی وای لێ هاتووە، دەزانی (نەنە پەرێ) دایکی چ نازدارەك بوو؟ دایکی چ قارەمانەك بوو؟

ئەم قسانە دایکمیان گێڕایەوە ناو جیهانی ئەندێشە و یاد و یادگارییەکانی پێشوویەوە، تیشك و نیگای چاوەکانی لەگەڵ تیشکی جامی وێنەکەدا شیرازەبەند کرد، پازدەهەم ڕۆژی بووك و زاوایەتی خۆیانی بیرکەوتەوە. کە هاتنەوە ماڵەوە، باوکم چەند خاڵ و ڕێنماییەکی بۆ ڕوون کردبووەوە: «پیرۆز گیان، نابێ بەچاوی بووك و خەسوایەتی تەماشای دایکم بکەیت، دایکم شێرەژنێکی وایە سەرتاسەری ئەو گەڕەکە سوێند بەسەری دەخۆن، کە گوتت (نەنە پەرێ) دەبرێتەوە هەر کەسە بەملکەچی و بەڕێز و نوازشەوە ناوی دێنن، نەڵێم دایکمە با ئەوەت پێ بڵێم، ژنەکی گەلێ ئازا و ماڵداریکەریشە، لەوانەیە خۆت لەمن باشتر بزانی. هێشتان هەر لەسەرخۆیە، ئەگەربێ و باش بیت و خۆتی لەگەڵ بگونجێنی، دەبێتە مایەی بارسووکیت، ژیانی خۆی لەسەر من داناوە، بەگەنجی لێی قەوما، منیش هەر خۆم بۆ ئەو ڕۆژە هەڵگرتبوو، کە تا تۆڵەی نەسێنمەوە بیر لە ژن هێنان نەکەمەوە، بەڵام کە تەماشام کرد، مەسەلەکە گەلێ گەورەتر بوو لەوەی کە کوڕێکی باوك شەهیدکراو تۆڵەی باوکی خۆی بکاتەوە، تاوانبارەکانیش گەلێ زۆرتر و بەهێزتربن لەوەی کە لەبەرچاون، ئەو تاوانبارانە گروپ و دەستەی جیا جیا بوون، لە هێزێکی گومرای بەناو میری سەرچاوەیان دەگرت، خۆفرۆش بوون، جاسوس بوون، گەندە و مەندە بوون، زۆردار بوون، تۆخمپەرست بوون، ڕەگەز پەرست بوون، بۆیە لەو کاتییەوەڕا بڕیارم دا کە هەمووو ئێش و ئازارەکانی خۆم لە ناو ئۆقیانووسی ئێش و ئازار و ژان و برکی نەتەوەکەمدا تێکەڵ بەیەك بکەم، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمنیش تیاچووم، سەدانی تر جێگام بگرنەوە، شوێنپێی ئێمەومانان هەڵبگرنەوە و خوێنمان بزر نەکەن، ئەو تۆی ڕق و کینە و دووبەرەکییەی کە دەسەڵاتدارە گومراکان چاندوویانە،و دوابەدوای ئەوانیشەوە فەرمانڕەوا و دوژمنە ڕەگەزپەرست و وڵات کاولکەرەکان...! گەلێ سەختە ئێمەی خێڵەکییەکی وا ساوا و ساکار و بێ پشتیوان بتوانین بەئاسانی ڕیشەکێشیان بکەین، گیانە نابێ هەموو شت بخەینە ئەستۆی دوژمنانەوە، کۆمەڵگاکەی ئێمەش هێشتان زۆری ماوە کە بگاتە ئاستێ، بزانێ داوای مافەکانی خۆی بکا و بەرگرییان لێ بکات، تا

ئێستاش گەلێ گوند و شارۆچکە هەیە، بەدەگمەن نەبێ، قوتابخانەیەکی سەرەتاییشی لێ نییە، زۆر ماڵ و خیزان هەن هەتا بەم دوایییانەش پێیان شەرم بوو کچی خۆیان لەبەرخوێندن دانێن، شۆڕشەکانیشمان بەناشوکری نەبێ هیچ پێڕا نەگەیشتوون برەوی پێویست بەلایەنی پەروەردە و دروستکردنی مرۆڤی کوردی هاوچەرخ بدەن، سەیرکە ها ها شۆڕشی ڤێتنام، کوبا، کۆریا، لە هەموویان بەناوبانگتر شۆڕشە مەزنەکەی چین، لە هەر هەنگاوێ کە پێش دەکەوتن، ناوە ناوە خەڵکەکەش لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەدا دەگۆڕا، ڕەفتار و شێوازی نوێیان بەخۆوە دەدی، بەڵام لە شۆڕشی ئێمەدا، بەدرێژایی تەمەنی، ژمارەی چەکدار و ئەمن و کەسانی سەر بەدەستە و فەرمانگە داپڵۆسێنەر و ترسناکەکانی میری، لە ژمارەی شۆڕشگێڕان زیاتر بووە، لە هەموو سەردەمێکدا ژمارەی جاش چوار پێنج ئەوەندەی پێشمەرگە و بنکە جەماوەرییەکەی بووە، بەدرێژایی تەمەنی نەیتوانی شەڕی پارتیزانی گەشە بسێنی و چەند شارۆچکەیەکی گەورەی نزیك شارە سەرەکییەکان بکات بەبنکەیەکی هەمیشەیی و شۆڕشگێڕانە و دروشمی ڕزگاری خاك هەڵگرێ، دروشمی شۆڕشی ڕزگاری یەکجارەکی، بەکردەوە بخاتە بواری پراکتیکەوە، ئەوەی وتراوە هەر بۆ هاندان و وروووژاندنی سۆزی خەڵك بووە، تەنانەت تا ئێستا نەیانتوانیوە دروشمی ئۆتۆنۆمی بگۆڕن بۆ دروشمێکی فراوانتر، گەلێ لێپرسراوی سەرکردە، شۆڕش و شۆڕشگێڕانیان لە جغزێکا ترنجاندۆتەوە، پانتاییە فراوانەکەی دەرەوەی جغزەکەیان لێ کردوون بە هێڵی سوور، بای یاد بۆنی شووشەی گوڵاوی پاتراکەی بەلووتا پژاند، بەر لەوەی باوکم دەرکەوێ، بەسەری پەنجەکانیەوە هەندێکی لە یاخە و بەرۆکی هەڵسوی بوو، لەگەڵ یاد و یادگاریەکانی ئەو بۆن و بەرامەیەدا، ئاخێکی قووڵ، پڕ لە ناسۆری و کولك و کۆڤانەوە تێکەڵ بەهەناسە ساردەکەیەوە بوون، کە لە کاتی خۆ خاوکێش کردن و باوشك هاتندا هەڵکشا و پاشانیش دەریدایە دەرەوە، دوای ساتێ لە دەم و دوو هەڵپشاوتنەوە، دیسان قسەکانی باوکمی هاتەوە یاد: (پیرۆز گیان) وێنەی (نەنە پەرێ) کەم هەیە، ئەوەندەی بەسە کە یەکێکی وەك منی، لە ناو چ جرۆجامشت و گورگەمرۆ هەیە، قورتاری کردم، بەبێوەژنکۆشی گەورەی کردم و پەروەردەی کردم، پێیگەیاندم، هەی ئافەرین ئافرەت، نەیەڵی ڕۆژێك هەست بەبێ باوکی بکەم، لەسەر ئەو بێ باوکی و تەنهاییەی خۆشما وای نەکردووە کە چاوم لە دەستی کەسێ بێ، (پیرۆز گیان) ئەمن مردوو تۆ زیندوو دایکم ئەمانەتێکە و لە ئەستۆی تۆدایە، نابێ هەرگیز هەستی بریندارکەیت، یا دڵی لە خۆتا بڕەنجێنیت» لەم کاتەدا بەرسڤ و قسەکانی خۆی کەوتەوە

یاد: (دلێر گیان، دڵنیابە، ئەو قسانە بەیەکێ بڵێ شارەزای نەبێ، «نەنە پەرێ» هەر دایکی تۆ نییە، دایکی هەموومانە) بەهاتنی (موژدە) دایکم لە یاد و یادگارییەکانی خۆیا پچڕا، لەتەك ئەمەیشەوە، باری ناو ژووری ئەم خانووە چکۆڵەیە گۆڕا، جۆرە جموجۆڵ و هەڵسوکەوتێکی تری لێ کەوتەوە، بەدیتنی ئەو ڕوخساری هەموومان گەش هەڵگەڕایەوە، بەڵام ئێمە لەوان زیاتر بەدیداری (موژدە) شاد بووینەوە. کە زیاتر لێمان نزیك کەوتەوە، کراسە بەسیمە ڕەنگ گورپەییەکە و کەوێی بەپوولەکی، ناو هەیوانی ڕووناك کردەوە، بۆنێکی خۆش و دڵتەزێن، لەگەڵ بۆن و بەرامەکەی گوڵە ئەشرەفی و نێرگزی ناو گوڵدان و گوفکە تازە چاوپشکووتووەکانی بنە دار پرتەقاڵەکانەوە، تێکەڵ بەیەك بوون، شلك شلك هات، کە لێمان نزیکتر کەوتەوە بەدووان یەخانگیری بووین، ئەویش هەردووکمانی وەك کۆرپەی ساوا لە باوەش خۆی کرد، دوای چەند ماچ و مووچێکی تەڕو بەتام، لە ژوورەوە لە نزیك مەکینەکەی دورمانی دانایین، ئەم دیمەنانە بوون بەمایەی خنینەوەیەکی بێدەنگ و پڕ لە سۆز و دەموچاوی دایکمی سوور هەڵگەڕاند، لە قووڵایی چاوەکانیا، (موژدە)ی بەکاڵا و باڵاوە دابووە بەر ڕۆشنایی سەرنج و نیگا کەچ و کاڵەکانییەوە، (موژدە) لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد، بەدەم ئاخاوتنەوە لای لە دایکم کردەوە: سبیانێ هەر بیرم لە تۆ دەکردەوە، هەر دەمگۆت ئێستا لەگەڵ گرمەی هەر گەواڵەیەك، خەفەتخان دەبێ، دڵی ڕادەچەنێ، «دوای پێکەنینێکی کورت گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی»: باش بوو بەختت هەبوو، زوو هەڵیبرینگاند.

– (دایە نەخشین) بەدەم چاك و چۆنکردن و گرژینەوەوە زووتر هەڵیدایێ: هەی هەیتە، «لای لە دایکم کردەوە»: بزانە بزانە، کو هەڵەتەمان دەکا.

– دایکم بەدەم زەردەخەنەیەکی تەنکەوە، هەردوو دەستەکانی خۆی خستنە سەریەك، ئاوڕی لە (موژدە) دایەوە:

خانم خەریکە بەسۆدرەبچم، ئەگەر تەورداسیش بباریبوایە، ئەوڕۆ هەموو شتەکم یەکلا دەکردەوە.

– دایە نەخشین سەری خۆی بۆ لای ژوورەکەی تر وەرچەرخاندەوە: ئەدی پیرێژن؟ هێشتان بەخۆنەکەوتووە؟

– دایکم بەتووڕەیی و نیگەرانی وەڵامی دایەوە: مەڵێ پیرێژن، بڵێ دەرکەوانی جەهەندەم، لەودیو وا بەجێ و بالینگانی خۆیەوە دووراوە...! ئەمن چیدی نەقسەی لەگەڵ

دەكەم نەخۆی تێدەگەینم، ئەنگۆش كەیفی خۆتانە، ئەگەر ئازان، دەچن نزیكی دەكەونەوە.

– (موژدە) كە ئەم قسەی گوێ لێ بوو بەرزەپێ لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە بەدەنگی بەرز هەڵیدایێ: نەنە پەرێ

– دایكم بەدەم ئاخ و حەسرەت هەڵكێشان و دڕدۆنگی جارانیەوە وەڵامی دایەوە: نەنە پەرێ، یان نەنە خەم و خەفەت؟ ئەوە خۆی هەندی چنگە لوایەك لێكردۆتەوە، چەند ڕۆژە لێم غەزرییە، ئەو خواردنەی ئەمن لەپێشی دادەنێم كووی دەبەم ئەوهای دێنمەوە.

(دایە نەخشین) لەجێی خۆی هەڵسایەوە، دایكمی ئاگادار كردەوە تا خۆی ئامادە بكا و هەر خواردن و توێشەبەرە و پرێسكە و پاڵێكی كە پێویستییان پێی هەبێ، ئامادەی بكەن، ئەویش زوو بەدەنگییەوە هات و یەكسەر لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، كەوتە جموجۆڵ ، بەڵام وەك شتێكی بیر هاتبێتەوە، بە سەرسوڕماوی ڕووی لە (دایە نەخشین) كرد و پرسیارێكی ئاڕاستە كرد:

– ئەدی ئەو... دەبێ ئێوە بتوانن دڵی نەرم كەن؟

– خێرا وەڵامی دایەوە: ئێمە دەچینە جێگایەكی وا، چۆن خۆی لە ماڵێ پێڕادەگیرێ.

– (موژدە) كە گوێبیستی قسەكانیان بوو، لای لە هەردووكیان كردەوە: واز لە (نەنە پەرێ) بێنن، هەقتان بەسەریەوە نەبێ بۆ منی لێگەڕێن، درێژەی بەقسەكانی خۆیدا: دایك هەیە نەچیتە سەر گۆڕی كوڕی خۆی؟ لە كوڕانیش جوانەمەرگێكی ئاوا نازدار.

لەگەڵ ئەم قسانەدا دەستی (ئاڵا)ی خوشكمی گرت، منیش خۆم بەلاتەڵۆكیدا شۆڕكردەوە و بەدووان بۆ لای ژوورەكەی (نەنێ) بەكێشمان كرد، ئیتر ورد ورد لە ژوورەكەوە دەركەوتین و بەسێیان لێیەوە نزیك كەوتینەوە، لەملاوەش دایكم و (دایە نەخشین) كەوتنە تاوتوێكردنی شتومەكەكان و كار و دروستایی خۆ ئامادەكردن، خواردن و كەرەسەی چا و هەرچی شتێكی تر كە پێویستییان پێی بوو، چوون كۆیان كردنەوە و لە ناو زەمبیل و كیسەكانیان ئاخنی.

(موژدە) لە قووڵایی چاوا لە (نەنە پەرێ) ڕاما، ئەویش سەری خۆی داخستبوو و كپ و بێدەنگ، تاكو تەرا، بەبێ جوولە، وەك خاڵێكی ڕەش بەسەر نیمدەرەكەدا دەستی خستبووە سەر ئەژنۆكانییەوە هەر دەتوت پارچە هەمبانەیەكی، ڕەق و تەقە، شەختە بەستاویەتی و لە سڕوسەقەم هەڵاتووە، كە گوێی لە قسە و جموجۆڵی ئێمەوە بوو، سەری خۆی هەڵبڕی، گوێی خۆی ڕاداشت، بەڵام كە بەئێمەوە حەسیا، خۆی گرمۆڵە كردەوە، بەمڕومووچی و بە

نیگەرانییەوە ڕووی خۆی بۆ لای دیوارەکە وەرچەرخاندەوە، خۆی هێنایە سەر بارێکی وا کە ئاگای لە کەس نییە، خەریکە خەوەکوتکە بیباتەوە، جار جار هەناسەیەکی دەدا و لەگەڵیا چاوە لێر و وێرەکانی دەترووکاندن.

زاقوزرووقی ئێمە، شەوق و ڕووناکی کەوای بەپوولەك، خشوهۆڕی کراسی بە سیم و ترپە ترپی پێمان هێمنایی ناو ژوورەکەیان شڵەقاند، بەڵام نەنە پەرێ لەگەڵ ئەو هەموو دەنگە دەنگ و بزۆزییەشدا، لەسەر جێ و بالینگانی خۆیدا، بەبێ هەست و خوست خۆی کورژ کردبووەوە، دەست و باسکی نوشتاندبووەوە باریەك.

یەکسەر لەگەڵ چاك و خۆشی کردنا، دانەویە سەری و دەستەکانی ماچ کرد.

– ئەوڕۆ ڕۆژی چوونە سەر قەبرانە.

هێشتان دەستەکانی بەرنەدابوو، کە (موژدە) ئەم قسانەی ئاڕاستە کرد.

بەئاماژەی دەست و دەم و دوو، جوولانەوەوە، پشتی خۆی ڕاست کردەوە، بە سەرسامی سەرنجە کوتوکوێرەکانی ئاڕاستەی لای دەنگەکانەوە کرد، دوای چرکەساتێ بەدەنگێکی کەل و شکاوەوە باگۆی دایەوە: کێ ڕێی لێ گرتوون؟

دوای سەرهەڵبڕین، ئەم قسەی ئاڕاستەی (موژدە) کرد، بەڵام لەم ساتەدا خەم و پەژارەیەکی زۆری پێوە دیاربوو.

– ئەدی ئەتوو؟

– با ئەوجارە ئەمن لەگەڵ نەبم، ئەدی ئەنگۆ چنە؟ لەباتی منیش هەڕوون، دوای نەختێ کڕبوون و بیرکردنەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: ئەمن چارشەم لەگەڵ (دلێر) و (ئاڵا) دەچم.

– نەنێ، بەبێ تۆ ناتوانین ڕێ داگرین.

– بەهەناسە هەڵکێشانێکی سارد و سڕەوە وەڵامی دایەوە: نا، نا کیژێ من لە خەمی مندا مەبن، «لەبن لێوان کەوتە بڵمە بڵم»: ڕەنگە گەلەك پیرتان بەمن بێ، لەسەرە من مەحتەل بووبن، دەنگی خۆی هێواشتر کردەوە، ڕووی خۆی بۆ لای دواوە وەرسووڕاندەوە: مەکرباز.

– موژدە لە وەرە ورد و خۆ دواندنەکەی پچڕاند: نەنێ تا ئێستا قەت بەجێ نەماوی، تا ئەوڕۆ بەجێ بمێنی.

لەم کاتەدا من و (ئالاّ) دەرفەتمان بۆ ڕەخسا، هەر یەکە لە لایەکەوە خۆمان بەسەر شانیدا هەڵواسی و دەستمان بەکرووزانەوە کرد:

– دەی، دەی نەنیّ توخوا با بچین ئەویّ زۆر خۆشە.

– من بەهەناسە هەڵکێشانێکی درێژ و دژوارەوە وتم: نەنیّ، باوکم چەند گوناحە.

لەو کاتەدا، من هەر لە توێی قسە و باسەکانی ڕۆژانەی دایکم و (نەنە پەریّ)دا، وێنەی باوکم بەرجەستە کردبوو، ڕەنگ و ڕوخسار و شەبەنگە وێنەی یەکێکم هاتەوە بەرچاو، کە ئاوا یەکێکی لاوازی بەژن باریك، قسەخۆشێکی دەم بەپێکەنین بوو، هەر بەم ئاوایە، ئەو شەبەنگە وێنانە، لەگەڵ هزر و بیرکردنەوەمدا، ڕەشکەو پێشکەیان بەچاوم دەکرد، ئێستاش لەگەڵدابیّ، هەر جاریّ سەعاتەکەی باوکم دەبینم و لەتەك خۆما درێژی دەکەم، هەمان دیمەن و هەمان وێنە لە ناو جام و چرکەچرکی میلەکانەوە بەرجەستە دەبیّ، (موژدە)ش بەدەنگە پڕ لە سۆز و سەرنج ڕاکێشەکەیەوە لای لیّ کردەوە و منیشی لە هزر و خەیاڵ و سەرنجە تەماوییەکانەوە پچڕاند:

– جوانەمەرگان هەردەم چاویان لە ڕێی جەرگسۆز و کەسوکاریانە. بەتایبەتی لە بۆنە پیرۆزەکان.

(نەنە پەریّ) بەم قسانە، چاوەکانی بوونە خڵتانی خوێن، چەند دەیویست و هەوڵی دەدا، بۆی نەدەکرا قوڵپی گریانی قووت بداتەوە، دیسان فرمێسکە وردەکان، زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەسەر ڕوخسارە چرچ و چەوێڵەکەیەوەدا زریچکەیان بەستا.

– من بەدەم ئاخاوتنەوە لە جێگای خۆما هەڵسامەوە:

دەچمە دوو (تارا)ی باجی (نوخشەخان)یش، لەوەتی ماڵیان هاتۆتە ئێرە هەموو جاریّ لە قوتابخانە بەبیرم دێنێتەوە، دەڵیّ ڕۆژێك ئەمنیش لەگەڵتا دێمە سەر گۆڕی باوکت.

– موژدە: من لە دوێنێوە پێم گوتوون.

– (ئالاّ) کە ئەم قسەی گویّ لیّ بوو، لە شوێنی خۆیا هەڵسایەوە، وەك شتێکی بیرکەوتبێتەوە: دوێنیّ (سەرمەد) و (نادیە) و (گاورباغی)ش وتیان ئەوجارە ئەگەر چوون بەجێمان مێڵن.

هەر بەم ئاوایە، (موژدە) ئێمەشی وا لیّ کرد کە ببین بەیارمەتیدەرێك، تا بتوانیّ دڵی (نەنە پەریّ) چاك بکاتەوە، هەرچی ڕقوقین و تووڕەییەك هەیە لێی بڕەوێنێتەوە،

لەولاوەش دایکم و (دایە نەخشین)، هاتبوونە کۆتایی پێهاتنی کارەکانیان، خۆش بوونەوەی کەش و دەرکەوتنی ڕۆژ و نەمانی ئاسەواری هەور و برووسك و باران، زیاتر هانی دان کە پەلە لە کارەکانیان بکەن و بۆ دەرەوە بەڕێ بکەوین. بەلاَم تاوە بارانەکەی سەر لەبەیانی و تیشکە گەرمەکەی خۆر و وەستانی هەوا، بوو بووە بەمایەی پشووسواری گەلێ کەس...! دەتوت لە ناو بیرێکی قووڵی پڕ لە برك و هەڵمەدووکە هەناسە هەڵدەکێشین، بەتایبەتی ئەوانی بە تەمەنەکان، زوو زوو پشوویان سوار دەبوو، هەندێ جار دایە نەخشین هەر ئەوەتە قسەی پێ دەکرا، لە گەرمان و لە پشووتەنگیان چەفیە و سەرکەوێی خۆی لەبەرکردەوە، بەدەم ناڕەزایی دەربڕینەوە لای لە دایکم کردەوە: «ئەمن ناتوانم بەو گەرمایە و بەو هەموو جلوبەرگەوە ڕێ داگرم، هەر لە هەنووکەوە هەناسەم سواربووە»، ئیتر هەموومان، دایکم و (نەنە پەرێ) و (دایە نەخشین) و (موژدە) لەگەڵ (تارا)ی قسە خۆش و قشتیلانەکەی هاوتەمەن و هاوپۆلی من کە هەر یادی ئەو ڕۆژانەش بوو، بووین بەهاوسەری یەکتر و (ئالا) و (گاورباغی) کوڕی (یارەحمە)ی دراوسێی شەش حەوت ساڵەی دەرك بەدەرکێ و هاوپۆلیشمان، لەگەڵ (خانزاد و نادیە و شەونم و سەرمەد و) چەند هاوڕێ و هاوتەمەنێکی ترمانەوە، لە ماڵەوە دەرکەوتین و بۆ سەر مەزارگەی باوکم، کەوتینە ڕێگا.

هەر دوای چەند هەنگاوێ خۆمان لەسەر شەقامە سەرەکییەکە دیتەوە. ئیستاپکردنی تاکسیەك، سەرنجی هەموومانی بۆ خۆی بەکێش کرد، دیمان (فاتە دەلاَڵ) بەدڕدۆنگی و پەشۆکاوییەوە دەرگای پشتەوەی کردەوە، بەخۆ بەکچەکەی باوەشیەوە لێی دابەزین... ئەو شتەی کە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەو پارچە پەمووە بوو کە لە لووتی ئاخنرابوو، بەڕەنگی پەڕیو و هەڵبزرکاوەوە سەری بەسنگی دایکییەوە کردبوو.

(فاتە دەلاَڵ) گەلێ هەوڵی دا لەگەڵ دایکم چاك و خۆشی بکا و بیدوێنێ، بەلاَم ئەو زوو خۆی لێ لا تەریك کرد، لەولاوەشی (موژدە) و (دایە نەخشین) وەستابوون، چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، ئیتر لەگەڵ ئەوانا دەرفەتی بۆ ڕەخسا، هەردووکیانی بەقسان خەریك کردو لەگەڵیانا کەوتە درێژدادڕی و ناڕەزایی دەربڕین: «پێم شل بوو هەندی ڕاوەستم، تریقەی پشتم ژان دەکا. چ خەستەخانە هەیە، هەر بەناو هەوە، ڕەبی خەستەخانەی وا بەقوڕ بگیرێ، لە دەرێی حەوشەڕا خەڵك ڕیزیان گرتبوو، خۆ ئەمن ئەوەندە لە چارەسەری کیژەکەمدا نەبووم، ئەوەندەی لە چاوەڕوانی و لە ڕیزگرتندا گیربووم، لەسەر ئەو هەموو خەمەش، دوای ئەو هەموو ماندووبوون و چاوەڕوان کردنە، هەر چوومە لای دکتۆر،

بـەچـاوقـوچـێنـەك تـەمـاشایـەكی كـرد، سەری خـۆی لـەبـەر خـوار كـردەوە، بـابـانـكـۆر بەهـەشتاوی دەتگۆت ڕاوی دەنێن، هەندێ لۆكەی لە كەپووی پەستا دوو سێ قلە حەبی لەبۆ نووسی و بەڕێی كردین، هەرچەندی بەبەریدا كەوتم و پرسیارم لێی كرد، بێ فایدە بوو، دەتگۆت سەرخۆشە، هەندە قسەی حەلەق و مەلەقی كرد: «چ نییە، نە بەخۆی چاك دەبێتەوە» ئەوە دەبینم تەماشای پێ و پلی دەكا: «ئەوە چییە، پێی لەبەرچی ئەوەندە پیسە، دەست و پلی بۆ ئەوەندە بەقرێژە چیتر مەیەلە بە پێخواسی بگەڕێ، بیبە بازاڕ پێڵاوی جوان جوانی لەبۆ بكڕە، گۆرەیەی ڕەنگاوڕەنگی لەبۆ بكڕە، لێمەگەڕێ چیدی بەپێخواسی بچێتە دەرێ، زوو زوو سەری بشۆ، نینۆكی بكە...!!؟ بەڵاگێڕم بی هەی، شێت و شوور، كەپوو لە كێ؟ پێ و پێڵاو و گۆریەی جوان جوان لە كێ؟ چما ئەمن هاتیمە پێڵاوت لێ بكڕم، یان برینمان تیماركەی...؟ ئەوە لەخوابی دختۆرە، یەك قەیاسە پارەش وەردەگری» ئەوان هەر بەدەم چاوەڕوانكردنی ئێمە و (نەنە پەرێ) وە بەقسەكانی (فاتە دەڵاڵ)ەوە گیریان خواردبوو، بەنیگەرانی كەوتبوونە چاوگێڕان و سەیركردنمان، تا زوو بگەینە لایان. (دایە نەخشین) هەر لەم هەڵوێست و چاوەڕوانكردنەیەدا، بەپرسیارێ لای لێ كردەوە:

– ئەوە لەبەرئەوە بوو، سەر لەسبیانی زوو گوێم لە دەنگت بوو، كیژۆڵەكەشت هەر دەگریا و دەنووزایەوە.

– ئەدی كوو نەگریێ، نابینی كەپووی چەند ئەستوور بووە، ئەمان ئەگەر نەمرم لەبۆ ماڵی (حاجی خدر) نامرم، وەڵڵاهی ئەگەر یەك ڕۆژ لە عومرم مابی، دەبی ئەو دركەیان لەبن پێ دەربینم، هەزار جار خۆیان باوێنە سەر پێڵاوەكانی كاكیشم لێیان خۆش نابم، دەبی بەسیاسەتیان ببەم، وەها چاویان دەشكێنم، هەتا حەیاتیان مایە نە خۆیان نە منداڵە تەشكەڵ بەگووەكانیان، جارەكی دی دەست لە منداڵم ڕاست نەكەنەوە، ئەدی كوو، ئەوەی بەو سۆری سبیانێ بەو منداڵە بەستەزمانەكرایە، هەتا مایمە لە بیرناكەم. بەم دژواری و دڕدۆنگییەوە ئەوانی جێهێشت و هات لەپێش (نەنە پەرێ) هەڵگیرسایەوە، (نەنە پەرێ) بەپرسیاریكی گازاندە ئامێزەوە قسەكانی پێ بڕی: ژنێ ئەتوو سبیانێ لەگەڵ من قسەت دەكرد و تەگبیرت دەكرد، ئەوها دەكەین و ئەوها دەكەین... دوایێ نەمزانی كوو فرتكەیەكت كرد و ڕۆیشتی؟ ئیدی نەمدیتییەوە، خۆت كرد بەهەناره شیرنە، ئیلاهی ئەو ژنەیە چی لێ هات، عارد قووتی دا، ئاسمان هەڵیكێشا؟

– چ بكەم نەنێ، بەو سبیانەی ساڵحان، ختوخۆڕا شەڕ دەرگای لێ گرتین.

– ئیشەکەی منیش ئەوها دەمینێتەوە؟

– نـا نـا، کـوو ئـەوهـادەمـینـێتـەوە، «دوای لاکـردنـەوە بـەهـەر چـوار دەوری خـۆیـدا، بەدەنگێکی نزم کەوتەوە قسەکردن»:

– نەنێ، مزگێنییەکی خۆشم پێیە، قەول وایە کاکم و ئەو (مامۆستا یاسین)ەی کە ئیشی جوانەمەرگی بەدەستە، کارەکەت لەبۆ تەواوکەن، تەقاویتییەکەت لەبۆ دەربچوێنن.

– پرسیارێکی بەپەلەی ئاراستە کرد: هـاااا... کوو دەزانی؟

– کە لە خەستەخانە گەڕامەوە لامدایە ماڵی کاکم، هەندەك ئیشی خۆم پێی هەبوو، ئەوەی تۆشم پێ گوت.

– باشت تێگەیاند؟

– خەمت نەبی، سەروبنی ئیشەکەم هەموو ورد و باریك، لەبۆی گێڕایەوە.

– ئێ، ئەوجە دەبی زوو دەری بچوێنن؟

– باوەڕناکەم زۆری پێ بچێ، ئەورۆ گفتی دا هەردووکیان بێن بتبینن.

– هەرکەینێ هاتن، بەخێربێن، (پاشان پرسی): ئەمن دەبی ئەو (یاسین)ە نەناسم؟

– بەخوا نازانم، بڵێم چی، (نەنێ) پیاوەکی هەندە گران و سەنگینە، هەند بە ویقار و ئەربابە، هەر زەینەتە ئیشت بکەویتە لای و بچی لەگەڵی دانیشی، دوای نەختێ کڕبوون دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: ئەتوو هەقت بەو نەبی، ئیشەکە کاکم دەیکا، ئەگەر بزانم ئەورۆ زۆر لەسەر قەبران دەمێنینەوە، دەیانهێنمە ئەوێ، بەخۆشم لەگەڵیان دێم، وەکی هاتم ئەمن بەخۆم دێم دەستت دەگرم دەتبەمە لایان.

ئێ زۆر باشە لەوێ چاوەڕێتان دەکەم، ڕەنگە ئەمەش هەتا عەسرێمان پێ بچی، دوای بیرکردنەوە و بەخۆدا چوونەوەیەکی قووڵەوە، پرسی: خوا. کەم ئەو ئیشە پارەیەکی زۆری نەوێ؟

– بەخوا سەرم لەوە دەرناچێ، ئەوان کە هاتن هەموو شتێکت پێ دەڵێن، چەندی دەوێ و چەندی تێ دەچێ و کەینێ خلاسی دەکەن؟ ئەو شتانە ئەوان باشتر دەزانن.

بەدەم ئەم قسانەوە خێرا خێرا کچەکەی لە باوەشی خۆی کردەوە بەچاوێکی پڕ لە غەزەب و تووڕەیییەوە سەیری دایکموانی کرد، لە تیشکی چاوەکانیدا هەزاران پرسیاری پڕ لە ڕق و کینە و کەڵکەڵەی شەیتانی و هزر و خەیاڵی کرێت کرێت بەدیار دەکەوتن،

(نەنە پەریٚ)ش بەهزر و خەیاڵێکی جەنجاڵەوە سەری خۆی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، هەردوو دەستەکانیشی خستبووە سەر گۆمکی گۆچانەکەیەوە و هەر بیری دەکردەوە، بەڵام ئەوانی تر هەر لە چاوەڕوانی ئەودا بوون، تا لەگەڵ من و ئالآدا ئەویش هەنگاو هەڵێنێتەوە، دوای ماوەیەك لە چاوەڕوانی و سەیرکردنی ئێمەوە، هەر لە دوورەوە (موژدە) ئاوڕی لێمان دایەوە، بەدەست ئاماژەی بۆ کردین ئێمەش هەر لەگەڵ دەست هەڵشەقاندنەکەی ئەودا، (نەنە پەریٚ)شمان ئاگادار کردەوە، هەر یەکە دەستێکمان گرت و بەرەو تەکسیەکە ڕۆیشتین... کە لە نزیك گۆڕستانەکەوە سەنگراینەوە، هەموومان دابەزین، هەرکەسە بەگوێرەی توانای خۆی دەستی بۆ زەمبیلیٚ یا گرێبەچکەیەکەوە برد، دایکم و (دایە نەخشین) سەماوەر و سنی و ئیستیکانەکانیان هەڵگرت و بەناو توولە ڕێی گۆڕەکاندا هەنگاوی کپ و بێدەنگیان هەڵێنایەوە.

لە ناو ئەم گۆڕستانەدا، بۆ هەر لایە بینای سەرنجت ڕانابوایە، هەر گۆڕی هەڵنراو و قەفەزی ئاسن و نیکلی سەر بە گومگومە بوو، لە هەر کێلێك رامابوای، کورتە مێژوویەکی خاوەن گۆڕ و ڕۆژی شەهیدبوون و جوانەمەرگ بوونی، یان مردنی لەسەر نووسرابوو. من کە گەیشتمە پۆلی چوار و پێنج ئەوسا بەتەواوی لە واتای ئەو شتانە گەیشتم. پێشتر هەروام دەزانی ئەم گۆڕانەش هەموو وەك باوکم شەهید بوون، وەك باوکم کتوپڕ تەرمەکەیان هێنراوەتەوە، بەڵام کە فێری خوێندنەوە و مانای بەردە نووسراوەکان بووم، ئەوساکە توانیم واتای (شەهید) و (جوانەمەرگ) و (مردنی ئاسایی) لەیەك جویٚ بکەمەوە. ئەو کاتە تێگەیشتم ئەو کەسەی شەهیدبیٚ مانای چییە؟ ئەو کەسەی لە ناو جێوبالینگانی خۆی دەمریٚ مانای چییە؟ جوانەمەرگان کێن، دایکی کراس ڕەشان کێن، بێوەژنکۆشی چ مانایی دەگەیەنیٚ، چ ئازار و ئەشکەنجەیەك بەخۆیەوە هەڵدەگریٚ؟ هەر بەم هزر و خەیالآنەوە هەنگاوم دەنایەوە و سەیری گۆڕەکانم دەکرد، هەندێکیانم دەدی گوڵدان و وێنەی لە جامگیراوی شەهید و جوانەمەرگانی پیا هەڵواسرابوو، هەر کۆمەڵە گۆڕێکیش بەدیوارێکی نەوی پەرژین کرابوو، لە ناو هەندێکیانا خەڵفەداری کاژ و سەر و گەلیٚ جۆری تری لیٚ ڕوێنرابوو، هەڵبەت لە تەمەنی شەتڵە دار و نەمامەکاندا دەزانرا کە گۆڕەکانیش گەلیٚ کۆن نین، لە دامێنی گۆڕستانەکەشەوە، لە نزیك ڕێگا قیرتاوەکەوە، چوار پێنج بیری دەستهەڵکەن هەبوو، ئەوەندە پاراو و بەهەڕمێن بوون، هەردەم بەدرێژایی وەرزەکانی ساڵ شوڵقە شوڵقی ئاویان دەهات، لەسەر هەر یەکێکیان قاناتی بەخشتی کاڵ یان قاناتی بەکەرپووچی لیٚ هەڵنرابوو، لە هەرلا قاناتێکیش دا بۆ ئاو

هەڵێنجان، گڕ گڕەی بەچەرخ و بۆلبەرینیان تێ ئاخنرابوو. کەرکێشی هەر بیرێك لەم بیرانەوە بوو بوو بەپێخوست، ڕیچکۆڵەیەکی بەقەد قووڵایی بیرەکەی دروست کردبوو، لەسەر تا قڵانایییەکی وادا درێژ بوو بووەوە هەر لە دوورەوە سپی دەیڕوانی، هەر کە چاوت پێ دەکەوت، وەك پێوەرێك یەکسەر قووڵی بیرەکانت بۆ دەردەکەوت، هەروەها دەشزانرا کەوا زۆربەی زۆری خەڵکی شار هاتوون و ئەو شوێنەیان کردووە بەپێخوست و بەدەولك ئاویان لێ هەڵێنجاوە.

هەر جاری کە دەچوومە ئەو گۆڕستانەوە، وام هەست دەکرد چوومەتە جیهانێکی ترەوە، چونکە هیچ شتێکی بەگەڕەك و کۆڵان و خانووبەرە و ماڵەکانی شار نەدەچوو، بگرە دیوارەکانیشیان لەیەك جوێ بوو، چونکە لە ناو زۆربەی پەرژین و دیوارەکانیەوەدا نەمام و بنەداری جۆراوجۆرم دەدی، وێنەی گەنج و لاوم دەبینی، گۆڕی پۆشتە و ڕازاوەم دەبینی، گۆڕی هەڵنراو و پڕ لە گوڵ و گوڵدانم دەبینی، قەفەز و گومەزی گەورە گەورەم دەبینی هەموو بەپەرۆکی کەسك و نایاب نەخشێنرابوون، گەلێ لە خانووبەرەکانی شار جیابوون، ئەو شارەی ئێمە، ئێستاشی لەگەڵدابێ بریتییە لە کۆمەڵە دیوارێکی سەر گیراو و بێ گیان، بێ زیندەگانی، ئەگەر دیواری شارەکانمان هەموو یەك بەدوای یەك ڕیز بکەین و درێژی بکەینەوە، گەر زۆربەی شەمەندەفەر و فارگۆنی جیهان لێك بدرێ لەوانەیە بەقەد ئەو دەرنەچێ، ڕەنگە گەلێ لە شوورەی چین و چیای ئەندیز و ڕووباری مەسیسیپی و دۆناو و نیلەوە درێژتر دەرچێ، بەڵام ژمارەی دارە چێنراوەکان، گەر بەراوردێکی ڕێژەکاری بۆ بکەی بەوانی خۆڕسکیشەوە لە پەنجەی دەست ڕەت ناکا، لە دوورەوە کە ئەو جۆرە گۆڕستانانەت دەکەوێتە بەرچاو، هەر لە ئاوەدانییەکی زۆر قەرەباڵغ دەکا. لە گەڕەکە ماڵەکانی شار گەلێ جەنجاڵتر و سیخناختر دێتە بەرچاو. بەڵام ئەوەی کە لەو شوێنانەی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە، کە بەهەر کۆڵان و گەڕەکی ماڵێدا ڕابووریت، گوێت لە زۆر دەنگ و جوولەی ئاسەوارەکانی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی دەبێ، دەنگی منداڵ، گفتوگۆی خێزانی، قیژەیە لەوێ، قیرەیە لەوێ، نووزەی گریانێ لەملاوە، پێکەنین و تریقانەوەیەك لەملا ترەوە، تەقەو رەقەی هیربار و دەنگ و دەهۆ و ڕێژە و پێژەی ناوماڵ، دەنگی ڕادیۆ، ڕیکۆردەر، گەلێ شتی تریش، بەڵام لە ناو ئەم ئاکنجی بووە کڕ و بێدەنگانەدا، لە ناو ئەم دانیشتوانە کپ و ماتەدا، بەهیچ بارێ گوێت لەم دەنگە دەرەکی و دروستکراوانە نابێ، تەنیا لە ناخەوە ختووکەیەك دەتجوولێنێ، ئاوازێکی قووڵ و بێدەنگ دەتورووژێنێ، لە قوڵاییەوە جەزبەو هەنسکێ ڕاتدەچڵەکێنێ و لە خورەم و خەرەندە بێ

بنەکەی ناهەستەوە خورە خورێ دەتخاتە جیهانێکی سحرئامێزەوە، دەنگەکانی ناخ، شەپۆل شەپۆل هەڵدەبەزنەوە، هزر و خەیاڵە نووستوەکان بێدار دەکەنەوە، زیندوویان دەکەنەوە. زۆر سەیرە لەم شوێنەدا، هیچ دەنگێ نییە و هەناسەیە نییە، کەچی گوێت لە هۆنەی سروەبایەکی کپ و نادیار دەبێ... بەهەڵە چوون، ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە گۆڕستانانە بەچۆڵ و گۆشەگیر دابنێن، کەڕولاڵن ئەو کەسانەی گوێیان لە دەنگە کپ و قووڵەکانیان نەبێ، ئا، ئەلێرەدا دەریایەك لە ڕابردوو لە ڕانەبردوو و هزر و خەیاڵ و ئەزموون و ئاهـ و ناڵین و کولك و کۆڤان و هیوا و ئاوات و دواڕۆژ و تیشکی سەرکەوتن، شۆڕش و بڵێسەی خەباتکردن، هەزاران هەزار دیاردەی تری دژ بەیەك، شیاو و ناشیاو کۆنخواز و نوێخواز، کۆدەبنەوە لە ناو بۆتەی یەکتردا دەتوێنەوە و ئۆقیانووسێکی قووڵ و بێ بن، شەپۆل شەپۆل لە ناخی هەموو شتەکانا، لە دڵی هەموو ناتەباییەکانا دێتە ئاراوە، هەر بەم ئاوایە، هەروەك جارانی پێشوو، هەر لە ساتی دابەزینمانەوە، هەموو بە کڕ و کاسی بەرەو ناوەڕاستی گۆڕستانە پان و پۆرەکەدا هەنگاومان دەنایەوە ... هەتا ئێمەش، بەو منداڵییەی خۆمان، وەك ئەوانی تر لە دەریای بێدەنگیدا نقووم بووبووین، هەتا ماوەیەك هەر بەم ئاوایە زاق و زرووقمان نەدەهات، ئێمەش ئەوان ئاسا هەنگاوی بێدەنگمان دەنایەوە، هەڵبەت لە جێگای وا بەسام و هەیبەتدا، مرۆڤیش چەقچەقۆکە ئاسا دەچێتەوە ناو ناخی خۆی و قووڵ دەبێتەوە، بەملا و بەولای خۆیدا دەڕوانێ، گوێ لە ئاپۆرا و قەرەباڵغییە بێدەنگەکانی ئەم شوێنەوارە دەگرێ، لە گلکۆ و گۆڕخانەکان ورد دەبێتەوە، دەزانێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەوانیش وەك ئەم زیندوو بوونە، بەڵکو ئەستێرەیەکی گەش و درەوشاوە بوونە، لەوانەیە سەرکەش و لەخۆباییش بووبن، لەوانەشە هەر بیری لە چارەنووسێکی وا نەکردبێتەوە، کە ئاوا دەبێتە مشتێ ئێسقان، تاك و تەرا لە توێی ئەو خاکەدا تێکەڵ دەبێ و گۆشت و دەمارەکانی لە ناو کفندا دەڕزێتەوە. بەڵێ لەم هەڵوێستە سحر ئامێزەدا، لەم کات و ساتە ئەندێشاوییانەدا، زۆر شت بە مێشکی منیشدا دەهات، ئەو منداڵانەی لەوێم دەدیتن، هەر وام دەزانی ئەوانیش هەمو کوڕە شەهید و باوك جوانەمەرگن، گەلێ زاراوە و دەستاوێژمان لێ بوو بوو بە کولتوور و هەموو بوارێکی ژیانی لێ داگیر کردبووین...، «منداڵە شەهید»، «منداڵە بێ باوکەکان»، «ماڵی منداڵان»... جوانەمەرگ ئەمانە خۆیان لە خۆیانەوە بووبوون بەداب و نەریتێك و قالبمان پێوە گرتبوو...! ئەم بیر و بۆچوونانە لەگەڵ سەیرکردن و بیرکردنەوە لە گۆڕستان و چۆنیەتی ڕاکشانی مرۆڤەکانی ناو گۆڕەکان و خامۆش بوونیانەوە گەلێ

جۆرە هزر و بیری سەیر بۆ مرۆڤ دێننە کایەوە و دەیورووژێنن.

لەو پێودانگەوە، مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دوو هەڵوێستی بەرامبەر بەیەکەوە، دوو هەڵدێری دژبەیەکەوە، هەڵدێری ڕابردووی بەفیڕۆچوو نەگەڕاوە و هەڵدێری داهاتووی بەرزەفڕ و نادیار...! ئا ئەلێرەدا زیندووەکان دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن، چونکە گەوهەری ژیان و زیندەگانی پێشکەوتن و هەرچی جموجۆڵ و هەڵسوکەوت و هەرچی شتێکی تری لەم بابەتەوە هەیە هەمووی لە دڵی داهاتوودا خەست بۆتەوە، هەمووی لە گرێ و گریمانەکانی دواڕۆژدا چەکەرەیان بەستاوە، ڕابردوو ناتوانێ تەنانەت زیندوو مردووش لە یەك جوێ بکاتەوە، کارخانە و مۆزەخانە لە یەك هەڵاوێرێ و ریزبەندیان بکا، چونکە خۆی کات و سەردەمێکی بەسەرچوو بێ گیانە و هەرگیزاو هەرگیز، نە گەڕانەوەی بۆ هەیە و نە گرو تینی تیا دەگەڕێتەوە، بەڵام داهاتوو، کە لە هەڵسوکەوت و جموجۆڵە هەنووکەییەکانەوە گوزارشت دەکرێتەوە و بەرجەستە دەبێ، ڕابردوو گونجاو و شیاوەکانیش ئەوانەی کە لە بۆتەی پەند و عیبرەت و وێنەی سوودبەخشەوە بەرجەستە بوون، دەکا بەخۆراکی میکانیزمی پێشکەوتن و فراژۆ بوون، بۆ زیندووەکان و بۆ نەوەی داهاتوو، بێگومان ئەم جۆرە قووڵبوونەوە و بەخۆداچوونەوە، مرۆڤ دەخاتە هەڵوێستێکی دژوارەوە...، ئەگەرچی هەست بەبوونی خۆی و هەست بەبوونی کاتەکە دەکا، کە وەکو ئەم دێ و پیایانا ڕادەبوورێ، هەروەها هەموو هەست و هەموو دیاردە فسیۆلۆژییەکانی لەم بوونەدا هاوبەشی لەگەڵا دەکەن و هۆش و نەست و هورژمە دەروونییەکان لەگەڵ چۆنیەتی و چەندێتی شتەکانەوە بەرجەستە دەبن...! ئەو کاتەی بۆ دێتە ئاراوە کە تیایدا دەژی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوکاتیش لە هەموو ساتەکانی ترەوە تاریك و نووتەکتر دەبێ، بەگوێرەی ئەو کەسانەی کە لە هیچ شتێ شتێکیان نییە و دەستکورت و نەداراو و بەلەنگاز و ڕەنج بەفیڕۆچووی بێ ئامانجن، ئەو کەسانەی وەکو ماشێن لێدەخوڕدرێن، بێ ئەوەی خۆیان مافی تاکە پرسیارێکیشیان پێ درابێ!

هەڵبەت ئەو تەرزە مرۆڤەش تینووی ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و خۆشەویستییەکی بێ گرێوگواڵ و سۆزێکی ڕەسەن دەبێ، بۆیە ژیانی ئەم جۆرە کەسانە دەبێتە تاوانێکی ڕەش، دایك و باوکیان بەسەریانا دەیسەپێنن، بەڵام لەم تاوانانەش گەورەتر ئەوەیە، ئەگەر ئەوانیش گەرەکیان بێ وەکو ئاژەڵ بژین و وەك ئاژەڵیش بمرن و چاوەڕوانی چەقۆی قەساب بکەن و وەچەکانیشیان لەسەر هەمان ڕێڕەو پەروەردە بکەنەوە، جا لێرەدا بایەخ و پایەی شەهید بەدیار دەکەوێ، کە چ کەلێنێك بەجێ دێڵێ و چ کەلێنێکیش پڕ دەکاتەوە

و لـه تـرۆپـكـی چ لـووتـكـەیـەكـی بـەرز و پیرۆزیشا هـەمیشە سەقـامگیر دەبـێ، خـاوەنـە زیندووەكـانیشیـان چـەندی ئـازاری پێوە دەچێژن، دە ئـەوەندەش بـۆیـان دەبـێتـە مـایـەی شانازی و سەربەرزی.

هـەر بـەم خـورد و خـەیـاڵ و بـەدەم ئـەم قـووڵـبـوونـەوە و خـۆ دوانـدنـەوەدا سەرنـج و كەڵكەڵـەمان تێكەڵ بەكشوماتی بێدەنگییەكەی ئەم گۆڕستانە جەنجاڵ و جەستە ماندوو و نووستووەكانەوە دەبوو. دوو ڕێچكۆڵەی باریك، كە قەرە بەقەرەی یەكتر بۆ ناو جەرگەی گۆڕستانەكەوە درێژ بوو بوونەوە، ئێمەی كرد بە دوو بەشەوە، هەر بەشێكمان بەریز یەك لە دوای یەكتر دەڕۆیشتین.

هەموو چوارشەممەی خوا، ئەگەر نەچووباینە ئەو گۆڕستانە جەنجاڵەوە، ڕۆژی هەینی هەر دەبوایە بچین، چوونەكەشمان بەدرێژایی كات لێ بوو بە خوویەكی سواوە، دوو ساڵ سێ ساڵی بەرایی لێ بچێتەدەر، هەروەك (موژدە) بۆمان باس دەكا، ئەگەرنا لەوی بەدواوە كە دەهاتن لە بارێكی زۆر ئاساییدا بوون، بیرم دێ كە ئێمە منداڵ بووین، دایكم بەدەنگێكی كپ و بێ دەنگ دەگریا. فرمێسكە درشتەكانی ئەوەندە هەڵدەوەراندن، سەر كوڵم و یاخە و بەرۆكی هەموو تەڕ دەكرد، چاوەكانی سوور هەڵدەگەڕان، هەر جاری كە من چاوم بەفرمێسكەكانی بكەوتایە، هەنسك و نووزەی گریانێ، تێكەڵ بەقیرە و ڕاكە ڕاكە و هەراوهۆریای گەمەكانم دەبوو، لاقی لە جوولە دەخستم، ئێستاش نازانم ئەو فرمێسكانە چی بوون؟ بۆ ئەوەندە كاریان لێ دەكردم؟ هەر ئەوەندە دەزانم كە هیچ دەریایەك وەك گریانی بێدەنگ قووڵ نییە، هیچ بەردێكیش وەك فرمێسكە كپەكان قورس نین

(نـەنـە پـەرێ) جـیـابـوو گریـانـی ئـەو وەك هـی ئـەوەی دایكم نـەبـوو، ئـەو هـەمـوو جـار بەدەنگی بەرز دەگریا و بەخەم و پەژارەیەكی زۆرەوە دەستی بۆ یاخە و بەرۆكی خۆی دەبرد و ئاهـ و نزولەی لێ بەرز دەبووەوە، سەری بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و دەكەوتە دوعا و نزاكردن، دەوروبەری خۆی هەموو خەریك دەكرد و سەرنجی هەموو لایەكی بۆ لای خۆی ڕادەكێشا، بەڵام گریانی دایكم جۆرێكی تر بوو گەلێ كاریان لێ دەكردم، نەمدەزانی بۆ وادەگری، كە لە قووڵایی دڵیەوە بڵق بڵق دەكولاو وەك ئافرەتێك كە لە سەرەتای ناوەڕاستی تەمەنیابێ، لەگەڵ كولك و كۆڤان و كەسەر و تازیەباریدا تێكەڵ بەیەك بووبوون، هەروەها ئەو قوڵپی گریانە شێتانەی كە (نەنە پەرێ) فرمێسكی سێ ڕیزی لەگەڵا دەڕشت و بیری تۆڵەسەندنەوە و هەست بەزوڵم و زۆرداری كردن دەیورووژاند و

دەیسووتاند هەر لەو کاتەی کە ئەویش هێشتان گەنج بوو، جەرگی ئەویش داغ کرابوو، چرای ماڵی لێ کوژابووەوە، بە دووبارەبوونەوەی کۆستە جەرگبڕەکەیەوە، بەشێوەیەکی کوشندەتر و بەزەبرێکی ژەهراوی ترەوە، هەموو ژەنگوژاری کۆنینەی لەگەڵ زام و برینی سەختی ڕۆژگاری ڕەشی لێ زیندوو بووبوونەوە... بەڵام هەموو ئەمانە، بەهۆی بەسەرچوونی کاتێکی درێژخایەن بەسەریاندا دیسان لاپەڕەکانی ڕۆژگار پێچایەوە بار یەك و ئەوانیش کەم و زۆر گەڕانەوە بۆ بارە ئاساییەکەی خۆیان، ئەو سەرو سەربردە ڕەش و ئەو کارەساتە گەورەیە، لەسەر شێوەی چەند پنتێکی تاریك و نووتەك و ژەهراوی، چڕ بوونەوە، تا بوون بە هێما و نیشانەی سەرگەردانی و ستەمدیدەیی و مێژوویەکی گورچکبڕەوە.

یەك لەو بەرگە و توانا بێ پایانەی کە ئەو ستەمدیدانە پێیانەوە دیاربوو، ئەوەبوو کەوا بەدرێژایی کات و بەسەرچوونی ڕۆژگار، توانییان بەسەر گەورەترین ڕۆژی ڕەش و کارەسات زاڵ ببن، بەسەر هەموو گرێوگواڵە سەختە دەروونییەکانەوە زاڵ بن، توانییان، کەوا پاش ماوەیەك بچنە سەر گۆڕی خۆشەویستترین کەس و لە بارێکی زۆر ئاساییشدا بن، بەڵام ئەوجارەیان (نەنە پەرێ) بەشێوەیەکی تر دەهاتە بەرچاوم، دەتوت دیسان لە نـوێژەنـەوە پـرسەکـەی لـێ نـوێ بـوّتـەوە وەك ڕۆژانـی سەردەمـی سەربـردە و ڕووداوە گورچکبرەکانەوە ڕەفتاری دەکرد، غەم و پەژارە و مات و مەلوولییەکی ژەهراوی بووبوو بەمێردەزمەیەك و سواری قەڵاندۆشکانی بووبوو، گەڕایەوە سەرەتای ڕۆژانی کارەساتە دژوارەکەوە، کە هەردوو لە ماڵەوە دانیشتبوون، لە ئێوارە دانیشتنێکی کڕ و کپدا، بەدەم هزر و بیرێکی پڕ لە نیگەرانی و دۆشدامانەوە، چاوەڕوانییە بێ هوودە و بێ ئاکامەکان، پەیتا پەیتا شانۆچکەکانی مێشك و خولیایان دەخواردەوە، (نەنە پەرێ) بەدەم دووعا و وێرد و سەڵاوات خوێندنەوە، خۆی خەریك کردبوو، کەی کوڕەکەی پەیدا دەبێتەوە، لە هـیکرا دێتـە ژوورەوە، بـەدەمـی بـەپێکەنین و بـەقسەی خـۆش خـۆش گـەشتـەکـەیمان بـۆ دەگێڕێتەوە، بەسەرهاتەکانی خۆیمان بۆ باس دەکا، دایکم تەنگاو و بڕست لێبڕاو، بیری لە هەموو شێوازێ دەکردەوە، ڕێگا چارەیێ، تەگبیرێ، نابێ هەر بەوەندە هەوڵدانە واز بێنن، کەس نەما ئاگاداری نەکاتەوە، بەخۆی و خاڵم و خزم و کەسانی هەموو لاوە، هیچ دەرگا نەما نەیکوتنەوە، لێرە و لە بەغدا و لە هەر شارێکی تر کە بیانزانیایە شتێ بە شتێ دەکرێ، لە هەر شوێنێکی تر کە بیانزانیایە دەتوانن سۆراغێکی لێ بکەن، ئاویان لێ نەدەخواردەوە، هیچ ڕێگایەك نەما تاقی نەکەنەوە، شەو و ڕۆژ لە سەر و سۆراغی ئەودا

بوون، هەر کەسێ ڕێی تێ چووبایە و گوێیان لێ گرتبان، بەسەریان دەکردەوە ئەو ئێوارە وەك هەموو ڕۆژانی تر گوێ قۆلاغ و دڵ پڕ لە نیگەرانی، کاتێ لە هیکرا ترومبێلێ لەبەردەم دەرگا ڕایگرت، دوای کەمێ لە دەرگا درا... (نەنە پەرێ) پڕ بەپێیەکانی هەنگاوی نایەوە، دایکم لەو خێراتر... هەر لەگەڵ ترازانی دەرگاوە (مەرگنامە)یەکیان دایە دەستی دایکم و ئیتر بەچەند کەسێکەوە لەگەڵ موختاری گەڕەك، جەنازەکەیان هێنایە حەوشە.

دایکم بەبێدەنگ و بێ جووڵە، بەڕەنگی پەڕیو و پەشۆکاوییەوە چاوی بە مەرگنامەکەوە خشاند، دوای ساتێ لە شوێن خۆیا کەوت و بوورایەوە، (نەنە پەرێ) کەوتە پرسیار، کەوتە بانگکردن، بەدەنگی بەرز... پیرۆز، پیرۆز پیرۆز پیرۆ، ئەوە چییە، تۆ بۆ وات لێ هات، لۆ وا تێکچووی، بۆ کەوتی؟ ئەوە چییە نازانم، ئەوە چییە هێنایانە ژوورەوە؟ بەدەم ئەم قسانەوە، بەلەرزە لەرز، بەدڵێکی پڕ لە ترس و گومانەوە، تا سنگەکوژێی پێ کەوت هەر هاواری کرد، هەر بانگی کرد، پاشان بەلەرزە لەرز خۆی خوارکردەوە، بەتانیەکەی لەسەر دەموچاوی لادا، ڕەنگ و ڕوخسارە زەردهەڵگەڕاوەکەی کەوتە بەرچاو، چاوەکانی خستبوونە سەریەك، دەتوت خەوی لێ کەوتووە، لەگەڵ سەیرکردنیا برووسکێ هات، وەك گەواڵەی بەهار لە ناو مێشکیدا گرماندی، لە ناو هەردوو گلێنەی چاوەکانییەوە بوو بەگورزە ئاگرێك، بوو بەبرووسکە زەبرێك ئەوەی ڕووناکی بوو لەچاویا نەیهێشت، هەمووی تاریك هەڵگەڕاند، بەرچاوی بوو بە شەوە زەنگێکی دەیجوور و ئەنگوستەچاو لە ساتەکانی بێ ئاگاییدا، بەغەریزە دایك و کوڕانییەکەیەوە، خۆی بەسەر تەرمەکەیدا کێشا، هەر لە بنی پێ پەنماو و پشت و سنگە لە ئوتوو دراوەکانییەوە تا تەوقی سەری، کە هەموو وەك جێی گوللە ئاوا پڕ بوو لە گۆمیلکەی خوێن و وشکیان کردبوو، لووتی پیادا دەهێنا، بۆنی دەکرد، هەناسەی قووڵ قووڵی لەگەڵ هەڵدەکێشا: (ئۆخەی کزەی جەرگەکەم، چەند مانگە بۆنم نەکردی، بۆنت چەند خۆشە، ڕووناکی چاوم، هەر بۆنی جارانت لێ دێ، هەر وەك جاران بۆنت خۆشە، هەر وەك جاران، مەرگم بەپێشت کەوێ، ئەدی ئەوە لەبەر چ نووستووی؟ کەینێ هەڵدەستیتەوە؟ ئەتوو بەمنت گۆت هەندەم پێ ناچێ دێمەوە، بە(پیرۆز)ت گۆت ئەگەر داکم برسی بوو با نان بخوا، با چاوەڕوان نەکا، ئەوجە پاشان کە هاتمەوە، ئەمن و تۆ پێکەوە نان دەخۆین، هەی ئەو نانەم بەسندان بی، بریا ئەمنیش وەك (پیرۆز)م کردبایە، ئەو شیوەم قوزەلقورت نەکردبایە، هەی ماڵەکەم، دەسکە گوڵەکەم بانگم کە، دە باگۆم بدەوە هەی گوڵەکەم، وەکی جاران، وەکی جاران، بانگم بکە، بانگم بکە، حاهـ، هەر یەك جار بانگم کە گوێم لە دەنگت دەبی، بلێ.. دایە، دایە...دا)... هەر بەم

ئـاوایـە دەیـویـست لـە نـاو ساتـە بـێ ئـاگـایـاکـانـدا خـۆی بـتـوێـنـێـتـەوە، دەیـویـست بـڕوا بەچاوەکانی خۆی نەکا، دەیویست بڕوا بەم دیمەنە جەرگبڕە نەکا، کوڕە تاقانەکەی چۆتە گەشتێك و هاکا دیتت لە دەرگای دا و هاتە ژوورەوە، هەر بەم شێوەیە هەتا لە هۆش خۆی چوو، لەگەڵیا دوا، ماچی کرد، بۆنی کرد، هەروا دەدوا و داخاوت، وەك کۆنە خەرقەیەکی هەزار ساڵی، ئەویش چووە باریەك و لە تەکیا بوورایەوە، جگە لە دایکم کە تا ئەوساش نەچووبووە باوەخوند و هەر لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی هاوسەرە بێ سەر و شوێنبزر بووەکەیدا بوو، ئەویش وەك ئەو کەوتبووە بەر وەیشوومەی شەپۆلە هاروهاجە پڕ لە سۆز و ئارەزووە پێویستەکان، کە هەموویان بەیەکەوە ئاگرێکی پڕ لە گڵپە و ئەنگێزیان لە دڵ و دەروونیا هەڵگیرساندبوو، لەگەڵیا بووبوو بەقەرەبرووت، هەروەك نەوبووکێکی هێشتان وا لە ناو پەردەدا، هەروەك دڵدارێکی شەیدا کە هێشتان خۆشەویستەکەی لە ناو خەڕەکی ئەزموون و ئەزموونگەریدا نەسوابووەوە، هەر وەك ئافرەتێکی ئەم دەوروبەرە و هی ئەم هەسارەیە، کە ئالوودەی چارەنووسێکی بەخێر و بێر و ڕوون بێ، هەروەك دایکێکی دواڕۆژ، ویست و ئایندەخوازن، هەروەك مرۆڤێ، دەگریا و دەبوورایەوە، کە نەختێ هۆشی دەهاتەوە بەر فرمێسکی خوێناوی دەڕشت، قژەکانی دەڕناندەوە، دیسان گریان، گریان، دیسان بوورانەوە، گریان شین و شەپۆڕ، فرمێسکی بەگوڕ، هەنسکی بێدەنگ، سنگەکوژێ، پشوو تەنگی، گریان، گریان، شین و خۆداپلۆسین، دیسان گریان، گریانێکی وا، گـڕ و تـیـنـی لـە تـرپـەی دڵ و لـە سووڕی خـوێـنـی... لـە گـەورەتـریـن شاخـوێـنـبـەر و خوێنهێنەرەوە تا وردترین دەزۆڵەی باریك و بەچاو نەبینراوی وەردەگرت، گریانێکی وا، ئـاهـ و نـاڵین لـە کـرۆکـی دڵ و لـە بـچـووکـتـریـن شانـە و شانـۆچـکـەی مـاسوولـکـە و ئێسقانەکانیەوەڕا لێ هەڵدەسا... گریانێکی وا کە تێکەڵ بە سڕبوونێکی بەنجاوی بووبوو، هەر لە بنی پێیەوە تا تەپڵی سەری، هەمووی خرچ خرچ دەرزیئاژن کرابوون. ئای کە چەند هەست بەئازار و نوشستی دەکەم کە هاوبەشیم لەو گریان و فیزاعانە نەکردووە، با ئەوساکە لە دایکیشی نەبوومایە، بەڵام دەبوایە دواتر منیش بەجۆرێ لە جۆرەکانی گریان هاوبەشیم بکردایە، گوزارشتم لە خەمەکانی دایك و داپیرم کردبوایە، جۆرێ لە جۆرەکانی فرمێسکی ورد و خوێناویم بڕشتبایە، بەگوێرەی تەمەنی ئەوساکەم شتێکی وام بکردایە، ئەی بۆ نا؟ ئەگەر گریانە ئەگەر فرمێسکە، ڕەنگە یەك سرۆشك و سەرچاوە و ئاوەڕۆیان هەبێ، بەڵام هەزار جۆر و بابەتیان هەیە، هەزاران دەنگ و ئاواز و ناڵەیان هەیە، هەر هەنسکێکی هەورەتریشقەیەکە، هەر دڵۆپێکی کێوە ئاورپژێنێکە، قەقنەسێکی

فێڵێهاتووی زووخاڵێکە، ئەو قوڕگەی ئاهـ و نزوولەی لێ بەرز دەبێتەوە، گەلێ لە گەرووی بوڕکان بەهورژمترە، لە تونێلی دۆزەخ گەرمترە.

هەتا گالیسکەی ڕۆژگار دەکەوتە نێوان ئێمە و ئەم بۆنەو بەرواره جەرگبڕەوە... داپیرم زیاتر دادەهێزراو پووت دەبووەوە... وەك ئاقارێكی قەسپۆك و لماوی هەر دادەكەوت، وەك قەرسیلێكی بێ باران هەر زەرد دەبوو و هەر وشك هەڵدەگەڕا...، وەك خەرقەیەكی سەد ساڵی هەر بەسەر خۆیدا دەنووشتایەوە و دەچوە باریەك...! خۆی وتەنی هەندی چەنگێكی لێ هاتبووەوە...! كۆڵی دایكیشم تا دەهات قورسترده‌بوو...! ئێمە بەهەموو مانایەكی دەڵەمەیی و ساوایییەوە، (نە نە پەریێ) بەخۆ بەهەموو بارێكی بێ هێزی و كەم بیناییییەوە... خۆشی بە هەموو ئێش و ئازاری تەنهایی و خۆزگە و ئارەزووە سەر بڕاوەكانیەوە...! هەموو ئەوانەی لێ ببوو بە كۆستێكی گەورە و هەردەم لە هزر و بیری دەرنەدەچوو، وەك مارانگاز جینگڵی پێ دەخواردەوە و پێیەوە دەینالاند...! سەرەڕای ئەمانەش هەمووی، خۆی لە بارێكی وا دیتەوە، كە دەبوایە ڕۆڵی باوكیش ببینێ و جێی ئەویش بگرێتەوە...چونكە كتوپڕ كەوتە ناو گەردەلوولێكی پڕ لە چەرمەسەری و كێشە كێشەوە، كەوتە ڕەوشێكی وا كە ژیانی پڕ لە مەینەتی و لێپرسراوییەوە بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایكم لەبەر عەشق و پەرۆشی ئەو ڕۆژە كەمانەی لەگەڵ باوكما بەسەری بردبوو، هیچ هەستی بە بارە قورسەكەی سەر شانیەوە نەدەكرد. ئەوەندە عەوداڵ و پابەندی ئەو ڕۆژە ئەرخەوانییانە ببوو، وای لێ هاتبوو كە بە درێژایی ژیانی لە نووسین و لە كردەوە و بیر و ڕاكانیا كەسێتییەكی پراگماتی زۆر ورد و وابەستەو پراكتیكی لێ دروست ببێ...! ڕۆژانە بە خشتەیەكی ڕێك و پێك و بەبێ دواكەوتن، بە هەموو ئەرك و كارەكانی خۆیەوە هەڵدەسا...! جل و بەرگ دوورین، برەودان و بەتەنگەوە هاتنی من و (ئالا) و (نەنە پەری) و نیگا داشتی كردنمان، ڕێژە و پێژەی ناو ماڵ و پێداویستییەكانی تری بژێوی ڕۆژانە، گەڕان بە دوای چۆنیەتی گیران و بەندكردنی باوكم و چۆنیەتی كۆتایی پێهاتنی ژیانی و شەهیدبوونی، نووسینی یاد و یادەوەری و ڕۆژانی بەیەكەوە بوونیان... ئەم كارانە وایان لە دایكم كردبوو لە ڕەفتاری ڕۆژانەی وشك و ڕەقەكار بێ. لە سۆنگەی ئەمەوە زۆر جار سۆز و خولیامان بەلای (نەنە پەریێ)دا زیاتر دەشكایەوە. بەتایبەتی لەو كاتە ئاستەنگ و مۆڵەكانەی كە لەگەڵ یەكتر بكەوتبانە مشتومڕ و دەمەقاڵێ. بەڵام لە هەموو بارێكا هەتا كێشەكەی باوكمی بەتەواوی بۆ ساغ نەبووەوە، وازی نەهێنا، هەر لە تویژینەوە و لێكۆڵینەوەی خۆی نەكەوت، بەخیلی بەپارە و بەماندووبوونی خۆی

نەدەکرد...! ئەمەیان گەورەترین خەم و نیگەرانییەکانی ئەو بوو. بەم پێیە هەروەك لە یاداشتەکانی خۆشی نووسیویەتی، کە دوای ڕوودانی کارەساتەکەو دوای هاتنەوەی تەرمی باوکم هەر وازی نەهێناوە، هەر بەدوایدا چووە و لێی تۆژیوەتەوە، تا بە تەواوی و بە ورد و باریکی مەسەلەکەی بۆ ساغ بێتەوە، چۆن ڕووی داوە، لە چ بەندیخانەیەك گیراوە، کێی تری لە گەڵا بووە، کێ لە دوای ئەم کارەوە بووە، کێ دەستکیسی کردووە، کێ زمانی لێ داوە، چاوە تاوانبارەکان و دەستە خوێناوییەکان کێن...!؟ هەڵبەت بۆ وەدیهێنانی ئەم زانیارییانەوە، هەر وەك خۆی دەڵێ، بێندرێژی و شەو نخوونی و کاتێکی زۆری بۆ تەرخان کردووە، هەروەها پارە و پوولێکی زۆریشی بۆ ئەم مەبەستە خەرج کردووە. لە سەرینی ئەمەوە شەو و ڕۆژ هەر کاری کردووە و هەر جل و بەرگی دووریوە، تا داهاتی مانگانەی بەرز بکاتەوە و لەم پێناوەدا خەرجی بکا...! بەرێگای خاڵم (ڕەئووف) و هەندێ دۆست و ناسیاوی ترەوە، هەوڵی دەدا تا هەر زانیارییەك کە پەیوەندی بە چارەنووسی باوکمەوە هەبێ وەدەستی بێنێ، پێویستی بە چەند خەرجی و ماندووبوونەوە هەبێ سڵی لێ نەکاتەوە...! تا لە ئەنجاما وردترین زانیاری لە لا کۆ بووەوە... هەر لە ڕۆژی گیرانیەوە ڕا، زیندان بە زیندان، بەندیخانە بە بەندیخانە، پێ بە پێ، بۆ هەر کوێیەك گوێزرابایەوە... وردە وردە هەمووی کۆ کردەوە...! چۆنیەتی ئازاردانی، چۆنیەتی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی... کۆپی پرسیار و وەڵام و ئیفادەکان... دان پیانەنان و سەرپێچییەکانی و ڕەتکردنەوەی هەموو تەماح و بەخشندەیییەکان...! هەروەها ئەو زانیارییانەی کۆ دەکردەوە، کە چۆن لە زیندانا ژیانی بەسەر بردووە، ئەوانەی لەگەڵی ژیاون لە کورد و عەرەب و هەروەها لە ناسیاو و خەڵکی شارەکەی...! ئەوانەی هەموو، موو بە موو، هەتا توانیبێ کۆی کردوونەتەوە، هیچ زانیارییەك هەر لە وردی هەتا درشتی فەرامۆشی نەکردوون، هەمووی کۆ کردبووەوە و بە دوور و درێژی لە لای خۆیا تۆماری کردن. من لەم ساڵانەی دوایی ئەو لاپەڕە و دۆکیومێنتانەم بینیوە. پێشتر دایکم هیچیانی پێ پیشان نەدا بووم. هەر بە قسە بۆی باس دەکردم و ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕامەوە... بەڵام کە دەسخەت و نووسینەکانیم خوێندەوە، زیاتر لەو ڕۆژەی کە سەعاتەکەی پێ دام، سەراسیما و سەرسوڕماو بووم...! ڕۆژەکە وابوو، دایکم هەر جارێ بە نهێنییەکی سەرسووڕێنەرەوە ناخی دەورووژاندم. بە شێوەیەك وای لێ کردم کە بیر لە نووسینی ڕۆمانێ یا چیرۆکێ بکەمەوە. یەکێ لە چاکترین و ڕاسترین ئەو سەرچاوانەی کە زانیاریان بە دایکم دا، ئەو دوو کوردە فەیلیە (ئەکبەر و خودێدە) بوو

لەگەڵ دایك و باوكی ئەو شەهیدانەی كە بەهەزار ناری عەلی، پێش لە سێدارە دانیان، توانییان سەردانیان بكەن لە (ئەبوغرێب) و بۆ دواجار بیانبینن. لە سەرەتاوە ئەوان شەوێك هاتنە لای دایكم، ئەو دەنگوباس و زانیارییانەی لە كوڕەكەیان بیستبوو، ئەوەی بەخۆیان دیبوویان... هەموویان بە دوور و درێژی بۆ باس كرد. ئەو ڕۆژی باوكم لەسەر دینارێكا نامەیەكی كورت و بەپەلەی نووسیبوو، هەروەها سەعاتی دەستی خۆشی پێدا رەوان كردبوونەوە... جا كە من گەورە بووم بەیادی باوكمەوە لە دەستی خۆم كرد. ئەو سەعاتە، یەك لە شتە نایابە یادگار ئامێزەكانی باوكمە كە لام مابێتەوە... ئەوەی ڕاستی بێ ئێستاش هەر لە هەندێ بۆنەی زۆر دانسقە و پیرۆز لە دەستی خۆمی دەكەم، ئەگەرنا لەناو قوتووە زێڕەكەوە لە تەك وێنەی باوكمەوە هەڵمواسیوە. ئای كە چ هەست و سۆزێك وروووژاندمی، كاتێ كە دایكم ئەو سەعاتەی لەدەست كردم... دوای ساڵانێ هەر هەڵیگرتبوو، لێی شاردبوومەوە...! كە وتی ئەمە دیاری باوكتە، كاتی خۆی لە بەندیخانەوە بۆی ناردووی...! گەلێ سەیرم پێهات، تووشی تەپە سرپەكی كوشندە بووم. لەگەڵ ئەو تەمەنە هەرزەكارییە ی خۆما، وام هەست كرد كە كلیلی هەموو دەرگا تەلەسماوی و نهێنییەكانی جیهانم كەوتۆتە دەست. گەلێ شانازیم بەو سەعاتەوە دەكرد. (ئالا)ی خوشكم لەمن زیاتر...! هەموو ڕۆژێ بەدووان دەرمان دەهێنا لە دەستی خۆمان دەكرد، بۆنمان دەكرد، ماچمان دەكرد و هەتا چەند ساڵێ لە سەرەتاوە فرمێسكی گەرممان بۆی دەڕژاند... سەیر بوو هەتا درەنگانێك هەر بۆنی باوكمی لێ دەهات، میلەكان دەنگ و ڕەفتاری ئەمیان لە بۆتەی خەیاڵ و گریمانەكانمانەوە بەرجەستە دەكرد. ئێستاش هەر جارێ كە غەم دامبگرێ یا هەست بە غوربەت و نوشستییەكانی بێ باوكی بكەم، سەعاتەكە دێنم لەسەر دڵی خۆما دایدەنێم... لەتەك خۆما لەگەڵ خۆم درێژی دەكەم... هەروا دەزانم باوكمە هەناسە دەدا و قسەم لەگەڵا دەكا. لەگەڵما پێدەكەنێ ئامۆژگاریم دەكا، لە ئیش و كار و ئەركەكانی ماڵەوە دەتۆژێتەوە...! لە جووڵەی میل و دەنگی چركە چركەكان ، ڕەنگ و ڕووی باوكمان بۆ بەرجەستە دەبێ، هەموو جارێ ئەو وەسف و هەڵدانەی كە دایكم و داپیرم دەیانكرد، بەدوو بارە و سێ بارەكردنەوە و لە كاتێ جوێ جوێدا... ئێمەش هەروا دەزانین كە دیومانە و لەگەڵیا ژیاوین...!

تازە دایك و باوكم بەبووك و زاوایی گەڕابوونەوە ماڵەوە، بۆ ئێوارەكەی كە دەچێتە دەرەوە، دوو (ئەمن) بەدەنگێكی نەرم بانگی دەكەن، لایدەدەنە سەر پیادەڕۆی شەقامەكەوە، ناونیشان و ئەدرێسی دەپرسن، داوای پێناسەی لێ دەكەن و تا دەمێ

بەراوردی وێنەکە لەگەڵ خۆی و ئادگار و روخساریدا دەکەن... پاشان پێی دەڵێن: ئەگەر لات گران نییە پێنج دەقیقە لەگەڵمان بێی، چەند قسەیەکمان لەگەڵتا هەیە... ئیتر هەر بەم ئاوایە، ماوەی نابێ کە دەرفەت وەربگرێ و بیر لە گریمانەی تر بکاتەوە، هەر لەگەڵ ئەم قسانەیانا هەر چوار دەوری بە ئەمن و چەکداری میری ئابڵۆقە دەدرێ و دەیبەن بۆ یەکێ لە فەرمانگە نهێنییەکانی خۆیان... ئیفادەی لێ وەردەگرن، چا و ساردی بۆ بانگ دەکەن، تا ماوەیەك دەیهەسێننەوە، قسەی خۆش و بەڵێن ئامێز، پارە و تەماح پێ پیشاندان، پاشان دەیبەنە ژوورێکی ترەوە... وازی لێ دێنن... دیسان شەو بانگی دەکەنەوە، بەهەمان گفت و لفتی نەرمەوە ڕەفتاری لەگەڵا دەکەن و پرسیارەکانی جارانی ئاڕاستە دەکەنەوە... بەڵام ئەو هەردوو جار هیچ وەڵامێکی بۆ پرسیارەکانیان لا نەبوو، ئەوانیش هیچ پاساوێکیان بۆ وەڵام نەدانەوە و خۆکڕکردنیان لێ قبووڵ نەکرد. ئیتر چەند شەو و چەند ڕۆژ هەر لە ژووری ئەشکەنجە و ئازاردان دەیهێڵنەوە... هەموو شێوازەکانی ئێش و ئەزیەتدانیان پێ تاقی کردەوە، لە فەلاقەدان، سەراوپێش هەڵواسین، بەپانکە هەڵواسین، هێشتنەوەی لەناو ژووری تەنها و تاریك و پڕ لە دەنگە دەنگ و مۆسیقایەکی تۆقێنەرەوە بۆ ماوەی چەند شەو و چەند ڕۆژ...دواتر لە کارەبادان، لە ئوتوودان و جگەرە لەسەر پێست کوژانەوە...! دواتر گەف و گوڕ و ترس و تۆقاندنی دەروونی... دایکت وا لە ژوورەکەی تەنیشتت بووراوەتەوە، خێزانت چەند شەوە لە ژوورەکەی تر بەند کراوەو بەتەنهایە... دەسا زووکە هەموو شتێکمان پێ بڵێ... گیرمان مەکە، ئەوانیش هەروا چاوەڕوانن، لەسەر قسەی تۆ وەستاون، تەنها دان بەکار و کردەوەکانتا بنێ، وەڵامی پرسیارەکانمان بدەرەوە... ئیتر یەکسەر بەخۆت و بە دایکت و بە دەستگیرانتەوە بۆ ماڵەوە دەچنەوە... تەنانەت چاو قوچێنێ چییە گیرتان ناکەین، یەکسەر دەچڕتەوە ناو پەردەی بووك و زاوایی... خۆت دەزانی ئەو ماوەیە خۆشترین کاتی ژیانتانە، ئەو ماوەیە بەهاری تەمەنتانە،بۆ خۆتی لێ بێ بەش دەکەی، بۆ دەسگیرانەکەشت دەستخەڕۆ و بەختڕەش دەکەی! وابکە ئێمەش ژیانی نوێتان لێ پیرۆز بکەین، ژیانی هاوسەریتان پڕ لە گوڵ و گوڵدان بکەین، هەلێکە و بۆتان ڕەخساوە، لەدەست بچێ ناگەڕێتەوە. پەشیمانیش دادتان نادا، هۆشێ بێنەوە سەری خۆت، باوەڕ و متمانەی ئێمە لە دەست خۆت مەدە، دەمانەوێ داڵدەتان بدەین باربووتان بکەین، یارمەتیتان بدەین، دیاریتان بۆ بنێرین، هەر داواو پێداویستییەکتان هەبێ بۆتان دابین بکەین... ئێمە دەزانین ئێوە نوێ ماڵن! ئەمە و زیاتریش لە بەخشندەیی و چاوتێری حوکمەتی شۆڕش ڕەچاو دەکرێ! دڵنیابە سنگی

حوکمەتی نیشتمانی زۆر فراوانە، دڵی زۆر باشە، سێبەر و سایەی هەموو هاوڵاتییەکە. هەرچیت کردبێ دەبووریێ، هەر تاوانێکت ئەنجام دابێ هەمووت لەسەر لادەچێ، بەمەرجێ تۆش یارمەتیمان بدەی، وەڵامی پرسیارەکانمان بدەیتەوە، ناوی هاوڕێ و دۆستەکانتمان بدەیتێ بە ناونیشانی شوێنی دانیشتن و گەڕەکیانەوە و بەباری کۆمەڵایەتییانەوە!! هەرچەند هەوڵیان دابوو بە بەری داکەوتبوون، دیسان هیچ شتێکیان لێ هەڵنەکڕاندبوو، ئیتر پەیتا پەیتا تووڕەییان زیاتر دەبوو ئاستی تری بەخۆیەوە دەبینی! زووکە گەر غیرەتت هەیە خۆت بە پیاو دادەنێی، گەر شەرەفی خۆت لاخۆشەویستە و قەدری دەزانی، مەیەلە دایك و خێزانت چ شەوێکی تر لێرە بمێننەوە. هەر دەستگیرانەکەت جوان و جاهێڵ نییە، دایکیشت هێشتا هی ئەوەیە ماڵێکی تریش ئاوەدان بکاتەوە...!

لەم کاتە مۆلەکە و سەختانەدا، گەر بە قورسایی خۆیان و پۆستاڵەکانیانەوە بەدەم ئەم تانە و تەشەرانەوە لەسەر سینگی ڕانەوەستابان، بە سێ چوار کەسەوە لەژێر پۆستاڵی خۆیان نەنابوایە... بێگومان نەك هەر بە تف، کە جار جار هەر لەسەر پشتا لە کەلێن پۆستاڵەکانیەوە بۆی هەڵدەدان و جوێن و نەفرەتی بۆ دەناردن، لەسەر ئەو تەنهایی و ناهەمواری و هەڵوێست خراپی خۆیەوە، دەیدانە بەر شەق و شولاق، هەتا بەگوللە پارچە پارچەیان دەکرد، هەر تفبارانی دەکردن و هەر جوێنی پێدەدان...! هەر بەم شێوەیە بەقورسایی خۆیانەوە، هەتا ماوەیەك لەسەر سنگ و زگی ڕادەوەستان، هەناسە بڕیان دەکرد...! پاشان بە دووکەس ڕاستیان دەکردەوە لەسەر کورسییە ئاسنینەکەیان دادەنا و دەم و چاوی پەنماو و خوێناویان دەسڕیەوە، دەستیان دەکرد بەشێلانی سنگ و پشت و پەراسوو سەرە جومگە لە گرێژەن چوەکانی... وەك سستەرە شارەزاو خاوەن ئەزموونەکان مەساجیان بۆ دەکرد، تا هەناسەی بێتەوە بەر !! کە ڕەوشی تەندروستی ئاسایی دەبووەوە دیسان خۆیان بەبارێکی ترا دەگۆڕی، بە ڕەنگ و ڕوو ڕەفتارێکی ترەوە سەیریان دەکرد، بەقسەی نەرم نەرم لەگەڵیا دەکەوتنەوە ئاخاوتن: دە زووکە دەی خۆشت و ئێمەش لەو نیگەرانی و دەردەسەرییە قوتارکە، لەو باری قورس و لێپرسراوییەوە ڕزگارمان کە، بۆ ئەوەندە کەللەڕەق و عینادی، بۆ ئەوەندە ئازارمان دەدەیت؟! هەندێ جار تکایان لێ دەکرد، هەندێ جار گەف و گوڕ و پەنجە لەچاونان، هەندێ جاریش مادەلایی کردن و دڵ وەرگرتن... هەندێ جاریش وەك گەندە پیاوێکی زەلیل و ڕسوا، وەك بلێی لە بەرامبەر کێوێکا وەستابن... ئاوا لێی دەپاڕانەوە، لێی دەناورانەوە کە شتێ بدرکێنێ، چەند

وشەیەکی لە دەم بێتە دەرەوە، تا ئەوانیش لەلای ئامر و لێپرسراوەکانی خۆیانەوە سنگ دەرپەڕێنن، خۆیان هەڵکێشن و ئافەرین و دەستخۆشانە وەربگرن، گەر گونجاش تەرفیع و قیدەمیان پێ بدریا! چەند حەفتەیەك هەربەم ئاوایە، لەناو ئەو ئێش و ئازار و جەزربەیەدا مایەوە. پاشان بۆ چەند شوێن و زیندانێکی تری نهێنی ڕاگوێزرایەوە... ئیتر هەر بەم شێوەیە هەر ئەو بەندیخانە و ئەو بەندیخانەی پێ کرا تا لە ئەنجاما بۆ دۆزەخەکەی بەغدا گوێزرایەوە. کە گەیشتبووە زیندانەکانی ئەوێوە، هەر وەك خۆی بە هاوڕێکانی گوتبوو (هەر وا دەزانم لە ماڵی خۆمم)... وا پێ دەچێ لەو کاتەدا ئازار و ئەشکەنجەی لەسەر هەڵگیرابێ، کێم و برینی جێ ی قامچی و ئوتووی داغکراو و جێ جگەرەکان، پەیتا پەیتا قەتماغەیان کردبێ. لەو ساوەش، ئەویش و ئەوانی تریش کە لە بەندیخانە دایەکتریان ناسی، زۆر ورە بەرز و سەرفراز بوون، ئەو کاتەی کە ناردیانە هۆڵێکەوەً، کۆمەڵە گەنجێکی خورت و تۆلازی تێدا بوو، ئەوانیش هەموو کورد بوون... یەکسەر پێیان گوتبوو: (ئەو هۆڵە شوێنی چاوەڕوانکردنی دادگاییکردنە). یەکێ لە بەندەکان لای لە چەند گەنجێکی قارەمان و باڵا بەرز کردەوە: (ئەوانە ئیمڕۆ دادگایی کراون، پاش دەمێکی تر بۆ قاوشی سێدارە دەیانگوێزنەوە، لەوێ ڕیزبەندیان دەکەن تا نۆرەیان دێ...) دووی تر لەملاوە ڕاوەستابوون، ئاماژەی بۆ کردن: (حوکمی ئەبەدییان بەسەردا سەپێنراوە...) چوار مێرد منداڵی تر کە هێشتان لە تەمەنی پازدە شازدە ساڵی بوون... هەر یەکەیان بە پازدە ساڵ دادگایی کرابوون...! ئەو ڕۆژەی کە بانگی بەردەم دادگایان کرد، لەناو قەفەزە ژەنگاوییەکەدا، لە بەرامبەر دادوەر هەڵگیرسایەوە یەکسەر ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی دانپیانانی پێ پیشان درا... دادوەر لێی پرسی: ئەمە دەستنووسی خۆتە؟

– نەخێر دەستنووسی من وانییە.

– دادوەر بە پێکەنینەوە پرسیارێکی نوکتە ئامێزی ئاڕاستە کرد: ئەوەش ئیمزای تۆ نییە... ها...!؟

– نەخێر، نەخێر... ئەوەش ئیمزای من نییە.

– دادوەر دایە قاقای پێکەنین: ئەی گوایە دەبێ چی بڵێی... یەکێ خاوەنی ئەو هەموو تاوان و کردەوە نامرۆڤانە بێ...! دەبێ هەروا بڵێ... چونکە خۆت دەزانی چیت کردووە، چ تاوانی گەورە گەورەت ئەنجام داوە! (زنجیرە پێکەنینێکی تری بۆ هەڵدا) : سەیرە گەر بڵێی

ئەوانە خۆت ڕیزت کردوون، ئیمزاکەشی هەر جێشوێنی نووکە قەڵەمەکانی خۆتە یا هی یەکێکی ترە...! دوای ئەم قسانە پاشماوەی پێکەنینە گەپئامێزەکەی لەسەر ڕوخسارە ڕەش و لپرلپرەکەیدا سڕایەوە، درێژەی بە قسەکانی خۆی دایەوە: ئێستاش هەر وازت لە کەللە ڕەقیەکەی خۆت نەهێناوە، بەڵام تۆ بڵێی و نەڵێی، دادگای لێکۆڵینەوە ئەم ڕاپۆرتەی بە هی تۆ داناوە، ئەم نووسینانەش هەموو دەستخەتی خۆتن، دانت پیا ناون و خۆشت کاتی خۆی ئیمزات لەسەر کردوون، ئێمەش وەك (دادگای سەورە) و منیش وەك (سەرۆکی دادگا) پشتیوانی تەواو لە ڕاستییەکانی (دادگای لێکۆڵینەوە) دەکەین و ئەم ڕاپۆرتە و ئەوەی کە لە ناوی هاتووە هەمووی بە هی تۆی دەزانین... بۆیە ماوەی پاشگەز بوونەوە و نکووڵی لێکردنی تیا نەماوە. ئا ئەوەتا لە خوارەوە، سەرەڕای ئیمزاکەت ناونیشانی تەواوی خۆتی لەسەرە...! باوکم لەم کاتەدا هیچ وەڵامی نەدابووەوە و هیچ لەگەڵی پێدا نەچووبوو، دوای نەختێ کڕ بوون و دۆشدامان، دیسان دادوەر پرسیارێکی ئاڕاستە کرد:

– ها چیت وت؟

– چی بڵێم، دیارە هەموو شت بڕاوەتەوە.

– نا نا... هێشتان دادگایی دەستی پێ نەکردووە. دەتوانی بەرگری لە خۆت بکەیت.

– جا چی بڵێم، چ بەرگرییەك لە خۆما بکەم...؟ من هەر ئەوەندە دەڵێم ئەم نووسین و ڕاپۆرتە هی من نین، یەکەم جارە بیبینم. من شتی وام نەوتووە، من خاوەنیان نیم، من چیم نەوتووە تا بینوسمەوە و ئیمزای لەسەر بکەم (دوای نەختێ کڕ بوون و بەخۆداچوونەوە) : جەنابی دادوەر گەر وابێ شایەدتان کێیە؟

دادوەرەکە بەدەنگێکی بەرز دابوویە قاقای پێکەنین:

– بەخوا ئەوە خۆشە. جا هەروەرە لە جێگەی منیش دانیشە... گەمژە، دادوەر داوای شایەد دەکا یان تاوانبار...؟!

–باوکم چیتری لەگەڵ پێدانە چوو بوو، تەنها بەقسەیەکی کورت و بەدەنگێکی بەرز وتبووی: ئەوانە هیچیان هی من نین، نە دەسخەت و نە ئیمزا... هیچیان من نەمنووسیون... دەتوانن لەگەڵ دەستخەتی منا بەراوردی بکەن. سەرۆکی دادگا بەتووڕەیی لای لە (داواکاری گشتی) کردبووەوە، ئەویش ڕاپۆرتەکەی ڕاکێشابووە بەردەمی خۆی و هەڵسایەوە، کەوتبووە خوێندنەوەی: لە بەروار و شەوێکی دیاریکراودا. دوو چەتەت لە ماڵی خۆتا حەواندۆتەوە، ڕۆژی دواتر دووکەس لە وەکیلانی فەرمانگەی

ئـەمـن و ئـاسایش و چـوار بـاوەڕ پـێکراوی حوکمـەتـی شۆڕش لـە شارەکـەتـاندا شەهـید کراون...! لەسەر دار و دیواری گەڕەکەکەی خۆتانەوە تا دەگاتە گەڕەکە دوورەکانەوە... بـەنـووسین، گـەف و گـوڕتـان کـردووە، خـەڵکـی بـێ گـونـاح و مـەدەنـیتـان تـرسـاندووە، چ نـاماقوولی و قسەی سووك و جنێوی پیسە بۆ حوکمەتی سەورە نووسیوتانە... گەنجان دنە دەدەن، رشتیان دەکەن،هەڵیاندەخەڵەتێنن تا بۆ ناو ئەو پیاو کوژانە بیاننێرن! لە نووسینی ترتانا باسی (کەرکووك) و (گەرمیان) و (حەمرین) و نازانم کوێ و کوێی کەشتان کردووە... وەك سەرخۆش و حەشاشەکان، خەونی سەیرسەیرتان نووسیوە... بۆ نموونە نووسیوتانە : (گەر لە شەڕی پارتیزانیدا یەك بە دەبین، دەبێ بۆ ڕزگار کردنی کـەرکـوك دەبـە یـەك بین)! (داواکـاری گشتـی) دوای نـەختـێ وەستـان، بـە دەمـێکـی بـە پێکەنینەوە دەستی بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی کردەوە و گوتی: دیارە، ئێوە ویستووتانە بە سروود و ئـاوازیش خەونەکانی خۆتان بکەن بە دروشم و پڕوپاگەندەی هەرزان بەها... لە زۆر شوێنا نووسیوتانە: (لە شەنگار و حەمرینەوە تا مەندەلی و بەدرە، بەدار و بەرد و گڵیەوە لە خوێنی کورد سوورە!) بەدەنگێکی بەرز پێکەنی و دادوەرەکانیشی لەگەڵ خۆیا خستـە پێکەنین... ڕووی لـە سەرۆکـی دادگـا کـردو وتـی: گـەورەم نـاماقـووڵـییـەکـی زۆر گەورەتریان نووسیوە و دەڵێن: (لە ئەراراتەوە تا حەمرین، گشتمان دەبێ بۆی بمرین) دوای خوێندنەوەی ئەمانەو سرانەوەی پاشماوەی پێکەنینەکانی، سەری خۆی لەسەر ڕاپۆرتەکە هەڵگرت و وتی: ئەو خەت و نووسینانەی کە لەسەر تاق و دیوارەکانا، بە بۆیەی جیاجیا نووسراوە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد، لە پۆلیسی شارەکەتانەوە ڕوون بۆتەوە کە هەندێکی بە دەستخەتی تۆ نووسراوە، بەڵام ئەوانی تر بزرن و تۆش هیچت لەبارەیانەوە نەوتووە. (داواکاری گشتی) دوای چەند هەڵوەستەکردنێ چاوی خستەوە سەر ڕاپـۆرتـەکـەوە) : هـاوڵاتـیـیـەکـی سیـڤـیل و جگـەر سۆز، هـەمـوو پێـنج شەمـوان لـە قوتابخانەکاندا گەڕاوە و لە کاتی ڕیز کردنی قوتابیان، تەقەی هەق و خۆڕاگری لە ژێر ئاڵا شەکاوەکەی وڵاتدادەکرد... خوێنی ئەو هاوڵاتییە لە ملی تۆ شەتاوە... بەڵام هەتا ئێستا ناوی ئەوانی ترت نەداوە...! خۆشت هیچ بەڵگەیەکی وات بەدەست نەداوە کە تۆمەتباریت، هەر بەکەللە شەقی و سەرکەشی خۆتەوە، نکۆڵیت لێ کردووە، خۆت دەزانی (نا)و (نەخێر) و نکۆڵی لێکردنی بێ بەڵگە لە دادگا نایخوا!

داوات لە یەکێ کردووە، کە ئەویش وەك خۆت بێنیتە سەر ڕێی تاریکی و یاخیبووان، دژی حوکمەتی سەورە تاوان ئەنجام بدەن، بەڵام ئەو ئاقڵتر بووە و بای ئەوەندە ڕووناکی

سەورەی لە دڵابووە، سەری نەهێناوەتە بەر... تۆش گەفت لێ کردووە، پێت گوتووە ئەو قسەیەت لە دەم دەرچێ، یا لەلای یەکێ، هەتا لای کەس و کارێکی خۆشتا بیدرکێنی هەر پەلێکت لە کەندێ هەڵدەگیرێتەوە! کاتی خۆشی ماڵێشت لێ تێك داوە، ئەویش هەردەم لە خۆی ترساوە و وەك هەر هاوڵاتییەکی تر، بەترس و نیگەرانییەوە شەوی کردۆتەوە، نەوەك شەوکوت بێن و زەبری پێ بگەیێنن! بەم کارەش، خۆی لە خۆیەوە بەتۆمەتی کوشتن تاوانبار دەکرێیت، بەڵام دەزانم ئێستاش تۆ هیچ وەڵامێکت بۆی نییە...! بەیان و بڵاوکراوەش هەر بە ژمارە نایێ. هەر لەناو دوو حەفتە سێ حەفتە جارێ یان زیاتر، لەگەڵ چەند هەڵخەڵەتاوێکی تردا، لە کۆڵان و شەقامەکانا بڵاوتان کردۆتەوە. لەوەشیانا تـۆ هـێشتـان نـاوی کـەست نەداوە. ئـێمـەش هـەر خـۆت تـاوانبـار دەکـەین، دڵـنیـابـە تـا ئەوانیشمان دەست دەکەوێ، هێزی پۆلیس و ئەمن هەر لە هەوڵ و کۆششی خۆیاندا دەبن. هەروەك لە ناوەڕۆك و نووسینەکانی خۆتا بە دیاردەکەوێ... تۆ لە ڕێخراوێکی خوێنڕێژ و یاخیبوودا کار دەکەی. سیستەمی ئیشکردن و پەیوەندی کردنەکەیان لەسەر سیستەمی تـاك تـاکـە و هـەروەهـا لـەسەر سیستـەمـی هـێشوویـیـە... تـۆ لـێپـرسراوی سیستـەمـە هێشوییەکەی بووی، واتا لێپرسراوی ڕاستەوخۆی چەند کەس و باندێکی، کەچی تا ئێستا تۆ ناوی ئەو باندەت نەداوە... کێنە، ژمارەیان چەندە، کار و پیشەیان چییە، ناونیشانیان چییە، ئێستا لە کوێ دەژین؟ هەتا ئێستا هەر خۆت لە پرسیارەکان گێل کـردووە و هـیـچ شتـێکت لـە بـارەیـانـەوە نـەوتـووە... تـایـپ و ڕۆنـیـۆی فـەرمـانـگـەیـەکی شارەکەتان دزراوە، تۆ بۆ عوساتت ڕەوان کردوون، بەڵام چۆن، کەی، بە چ ترومبێلێك، بە چ ڕێگایەك، بەهۆی چ کەسێ، کێ گەیاندوویەتی، کێ وەری گرتووە؟ ئەو پرسیارانە هیچ وەڵامێکیان نەبووە، تۆش هەر لە کەم تا زۆر خۆت لێی بەخاوەن نەکردووە، تا ئێستا هیچ زانیارییەکت نەداوە...! خوێندکارێ لە ئامۆژگای مامۆستایانی شارەکەتانا، تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە، کە فەرمانی گرتنی دەرچووە، تۆ لەماڵی خۆتانا شاردۆتەوە، دوایەش بۆ گوندێ ڕەوانت کردووە، پێی دەڵێن (کلکەروش) یان (کولکەرش)... ناوی گوندێکی وایە، باش نایەتە سەر زارم! ئێستاش وا لەگەڵ عوسات و شەوکوتەکان وەك شەمشەمە کوێرە لە کونە جورجێکا خۆی شاردۆتتەوە... تۆ گەلێ گەنجت لەسەر ڕق و قین و پیاوکوژی ڕاهێناوە، فێری درۆ و دەلەسە و تاوانی گەورە گەورەت کردوون، هانت داون کە لە مردن نەترسن، لە هیچ ترس و تەلەزگەیەك سڵ نەکەنەوە، لە مەرگ و، خۆت گوتەنی قوربانیدان نەپەنگێنەوە... لە قسە و کۆبوونەوەکانتا بەقسەی پڕوپووچ مێشکت تێك

داون، وتووتە تەمەنی مرۆڤ بە مانگ و ساڵ ناپێورێ، بەڵکو بەو خەبات و بەو ئەرك و فەرمانەی کە جێبەجێی دەکەی دەپێورێ...!! دادگا هەموو ئەو پڕوپاگەندە و کردەوە ناشیاوانە، بە کرداری دەستپێك و دەستپێشخەری کوشتن و کوشتنکاری دادەنێ، ئەوەش هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی خەڵك بکوژی، لەڕووی یاساییەوە، هەردووکیان یەك مادە و یەك پەڕەگرافیان هەیە و لەگەڵ یەکتردا ڕیز بەنددەکرێن. دوای نەختێ بێدەنگی و قووڵبوونەوە، ڕاپۆرتەکەی پێچایەوە، گێڕایەوە ناو دۆسیەکەوە، پاشان سەرۆکی دادگا کەوتە قسەکردن: من وەکو دادوەر و وەك مرۆڤێکیش، سەرەڕای ئەو هەموو تاوانانەشت... دەمەوێ یارمەتیت بدەم، بەمەرجێ تۆش لەگەڵما هاوکار و تەبا بیت... (لەگەڵ ئەم قسانە پێنووسەکەی بەرز کردەوە) : گەر وەڵامی پرسیارەکانمان بدەیتەوە... بەشەڕەفم، بە کەرامەتم، یەکسەر بەڕەڵات بکەم، بەغیرەتم یەکسەر بتنێرمەوە ماڵەوە... دەزانم ئێستا دایکت چەند ئارەزووی لە بینینی تۆیە، دەزانم ئێستا دەسگیرانەکەت لە چ ئەزیەت و ئازارێکی دەروونی و تەنهایی و شتی ترە.. شەوی لەلا چەند درێژە، چەند مات و پەشۆکاوە، ! هەرچاوی لە ڕێگایە، لەسەر ئاو و ئاگرە...!

ئەگەر چی باوکم بەدرێژایی ئەم کاتەوە، هەر لە ناو قەفەزەکەدا وەستابوو، ورد ورد گوێی گرتبوو، بەڵام دەیزانی ئەم نووسین و ئەم قسانە ئەگەر ڕاستیش بن خۆی نەیوتوون و دانیشی پیا نەهێناون! ئەوانە هەمان قسەی پاسەوان و ئەمنەکانی شارەکەی و بەندیخانەکانی تر بوون، کە لەڕێگای چەند کەسانێکەوە بۆیان کۆ کرابۆوە و پێیان گەیشتبوو. دەیزانی کە ئەم دادوەرەش هەر یەکێکە لەوان، تەنها ڕۆبێکی ڕەشی کردوە بەو بەردا و هیچی تر ! لە سەرینی ئەمەوە، چیتر بەرگری لە خۆی نەکردبوو، چونکە ئەو گەیشتبووە ئەو ڕاستییە، ئەو بڕیارەی کە داویانە هەر ئەو سەری دەگرێ...!

دایکم لەسەر ڕووپەڕی ئەو لاپەڕانەدا، گەلێ ناوی بە هێماو بە پیتی ئەلفبا پەراوێزنووس کردووە: (نابێ ئەوانە فەرامۆش بکرێن! هیچ کەس، هیچ لایەن، هیچ حیزب و گروپێك مافی ئەوەی نییە لەوانە ببوورێ! ئەوانە هەر دەبێ بە ڕۆژی خۆیان بگەن...!!) دوای ئەم دادگاییە سەرپێییەوە، ئەویشیان بۆ ئەو قاوشە برد، کە فەرمانی لەسێدارەدانیان دەرچووبوو. ئەوانەی کەسەردانی دایکمیان کردبوو، بەوردی باسی بەندیخانە و هەموو بەندەکانی ناویشیان بۆ گێڕابووەوە...! بۆیەشە زۆر بەوردی و زۆر بەڕاشکاوی هەموو شتەکانی نووسیوەتەوە و تۆماری کردوون: قاوشەکەیان بەشێك بوو لە ژێر زەمینێکی گەورە، هۆڵێکی وا مامناوەندییان لێ دروست کردبوو. بەچەند دیوار و

ناوبڕەیەکەوە لەبەشەکەی تری ژێر زەمینەکەیان جویێ کردبۆوە. تەنها یەك پەنجەرەی چکۆڵانەی تیابوو، لەگەڵ پەنجەرە باریکەکەی سەر دەرگا ئاسنینەکەوە، ئەوەی کە هەمووجار لەوێوە خواردنیان بۆ دەچووە ژوورەوە. ئەو ڕۆژەی کە ئەویان بۆ ئەو زیندانە برد بوو، پازدە کەسی تری تیابوو، هەشت کەسیان کورد بوون، بەخۆیەوە بوون بە نۆ. ئەوانی تریش خەڵکی شارەکانی باشوور و ناوەڕاست بوون. شەو ناشەوێ ژمارەیان کەم دەبۆوە، شەش حەوتێکیان دەمایەوە یان کەمتر... دیسان لە پڕ چەند کەسێکی تریان دێنا و بە ساڵدرمان دەیانهێنانە ژوورەوە. سێ هاوڕێی خۆی، ئەوانیش هەر خەڵکی گەڕەکە نزیکەکانی خۆی بوون، سەرلەبەیانییەك لە پڕ، لە پشت دەرگاکەوە ناویان خوێندرایەوە. هەموو هۆپەکیان لە خۆیان زانیبوو، چونکە بەدرێژایی ئەو ماوەی کە لەوێ بوون، وا ڕاهاتبوون هەر بە شەو ئەوانەی کە ناویان دەخوێندرێتەوە، قۆڵبەستیان بکەن و بۆ ژێر پەت و قەنارەکانەوە بیانبەن. گەلێ جار لە شەو درەنگانێکدا، هەر گوێی خۆیان ڕادەگرت کە بزانن چی ڕوودەدات... هەندێ جار ناڵەیەکی خنکاو یان ئاخ و حەسرەتێکی کتوپڕیان دەکەوتە بەرگوێ. ئیتر هەموو شت کۆتایی پێ دەهاتا دەنگەکان دەخنکێنران و بەندە خەو زڕاوەکانیش هەموویان نوقمی دەریای تاریکی و بۆنی خوێن دەبوونەوە...! پاسەوانەکانیش سەرمەست و سەرخۆش بە ملا و بەولادا رەتیان دەبرد... جارجار ڕانە مریشکێ یان سەندەویچێ پڕ لە گۆشت و کەباب و تەماتە و پیاز و بەهاراتیان دەگلاند. گەلێ جار بۆن و برینگی خواردن و خواردنەوەکانیان دەکەوتە بەر لووتی ئەوانیشەوە. لە گەلێ نیوە شەوی کپ و بێ دەنگدا، ئەو پاسەوانە لاپرەسەنگ و سەرخۆشانە دەکەوتنە چەقەنەلێدان و گیزە گیز. گەلێ جار (گوڕەیشی) و (عەنناسرِیە) و (یارێل) و گۆرانی تری کێوەلییانەیان بۆ هەڵدەدا. هەموویانی خەو زڕاوتر و نیگەرانتر دەکرد.! هەرسێ هاوڕێکەی (نەبەز) و (چالاك) و (سەرفراز) هەڵسانەوە، دەستیان لە ملی کردو بە پێکەنینەوە خواحافیز و گەردن ئازاییان لە یەك کردبوو. ئەوانیش گەردەنی ئەمیان ئازاد کردبوو. بەڵام پاسەوانەکە لەو دیو دەرگاوە، دیسان بە دەنگێکی بەرز ناوی خوێندنەوە و گوتی، دوای نیو سەعاتی تر خۆتان ئامادە بکەن، دایك و باوکتان بۆ دیدەنیتان هاتوون.! کە باوکم ئەو قسەی گوێ لێ بوو، یەکسەر لەسەر دینارێك نامەیەکی کورتی بۆ دایکم نووسیبوو، سەعاتەکەی دەستیشی پێ دابوون. ئەوانیش دابوویانە دایك و باوکی خۆیان، لەگەڵ خۆیانا بۆمانیان هێنابووەوە.! هەر لەبەر دەرگاوە دەستیان کەلەپچە کردن و یەك و کیسەیان بەسەردا هەڵکێشان، بەم شێوەیە هەریەکەیان

دووپاسەوان لە ملا و لەولایانەوە، قۆڵیان لە قۆڵیان هەڵکێشان و یەك لەدوای یەك بۆ دەرەوەیان بردن.! ڕۆژی دواتر ناو قاوشەکەیان چۆڵ ببوو. تەنها ئەو و یەکێکی تر ناوی (کەراڕ) بوو، خەڵکی گوندێکی سەر بە شارۆچکەیەکی گۆشەگیر و دوور و دەرازی ناوچە زۆنگاوەکانی باشوور بوو، مابوونەوە. هەر جارێ (کەراڕ) دەوروبەری چۆڵ ببوایە، سۆزو غەریبی هەڵدەستاو گەلێ بیروبۆچوونی سەیر سەیری بۆ دەهات، دەگریا و دەیگوت (ئەی خوایە چەند حەزدەکەم تەرمەکەم بۆ «مەیموونە» ببەنەوە، لەوێوەش بە هۆسە و قەرەباڵغییەوە بمگەیەننەوە «دیر الملالیح...» هەر دە کیلۆمەترێك لە «مەیموونە» وە دوورە، ئەگەر بە بەلەم و مەشحوف بمبەنەوە، ئەوەندەی پێ ناچێ زوو دەگەنە گوندەکەم. چەند خۆشە لە مەڵبەندەکەی خۆما بەخاك بسپێردرێم، لەوێ کفن و دفنم کەن، ئەوسا لە گۆڕستانە گەورەکەی خاکی پیرۆز بنێـاخم کەن.!)

دیاربوو لە پاسەوانەکانەوە گەلێ قسەی خۆشی بیستبوو، هەر دڵخۆشی ئەوەی بەخۆی دەدایەوە، کە گوایە ئێستا یاسایەکی نوێ دەرچووە. ئەوکەسەی لەسێدارە بدرێ یان گوللە باران بکرێ تەرمەکەی لەناو تابووت دادەنێن و دەیگەیەننەوە بەر دەرگای ماڵی خۆی. هەموو ئەو شتانە و مەسرەفی گواستنەوە و تاکسی... لەسەر حیسابی میری دەبێ.! وەکو جاران نابێ، خەرجی و مەسرەفی ماندووبوون و پەت و سێدارە، یا گوللە و بارووت هەروەها هەقدەستی جەللادەکانیش، لە خاوەن مردوو وەربگیرێتەوە... گەلێ جار بە باوکمی گوتبوو (توخوا پێش ئەوەی بمبەن بۆ ژێر قەنارەکەوە، ناوی خۆم و باوکم و باپیرم بنووسە، لە شوێنێ لەناو لۆچی جلوبەرگی خۆما تەقەتی دەکەم، نەوەك لەگەڵ تەرمی تر تێکەڵ بم. با زوو بدۆزرێمەوە. لەوێ لە گوندەکەم سێ چوار خوێندەواری تێدایە، هەمووجارێ لە «شنێشل» و «تل الزبابیر» و گوندەکانی تریشەوە دێنە «دیرالملالیح» کاغەزیان بۆ بنووسن، یا کاغەزیان بۆ بخوێننەوە.! ئای خەتوقەڵەم لە هەموو کات بەکەڵکی مرۆڤ دێن، هەتا لە سەرەمەرگیشدا، من ئەگەر خوێندەواریم هەبوایە، لەوانەیە لێگەڕابان قسەم بکردایە، دەرفەتم بۆ بڕەخسایە و بە چاکی بەرگریم لە خۆم بکردایە.! چونکە من بەدرێژایی ژیانم، لەوەتەی هەم لە سیاسەت کارم نەکردووە. تاوانی من هەر ئەوەیە کە لە نزیك هێڵی سنوورگیراوم. هەندێ جگەرە و تۆ چام لابوو، لە ختوخۆڕا بە قاچاخچی تاوانبار کرام و هیچی تر نا.! ئێستاش چ تاوان و تۆمەتی گەورەیە خراوەتە پاڵ من. بەڵام من دڵم دەڵێ لە سێدارەم نادەن، کەی بۆیان دەرکەوت من ئەو پیاوە نیم دەست لەکاری سیاسەت و میاسەت وەربدەم. کوڕە هەژارێکی لات و بێ نەوا، هەتا ئێستا

جگە لە «عیمارە و ناسریە» هیچ شارێکی گەورەم نەبینیوە. بۆیەشە وا لە سێدارەدانەکەم دوا دەخرێ... دڵم دەڵێ هەروا لەمن دەکۆڵنەوە، تەماشای دۆسیەکەم دەکەنەوە، تەلەفۆن دەکەن لاسلکی دەکەن و لەم لا و لەو لا دەپرسن. جا ڕۆژێ لەپڕ دەرگام لێ دەکەنەوە. یاڵلا (کەراڕ)ە سێ سەر یەکسەر بۆماڵەوە، ئێستا بۆمان دەرکەوت، توو ڕاستت دەکرد. هەروا گێلۆکە و شێتیت و هیچ خوێندەواری و سەوادێکیشت نییە. دەی یەکسەر بۆ «مەیمونە»و لەوێشەوە بۆ گوندەکەت، بۆ «دیرالملالیح» دەبێ شتێ هەبێ، دڵم دەڵێ، دەبێ گۆڕانێ لەئارادا هەبێ، ئەوە چەند وەجبە بێن و بیانبەن بۆ سێدارە من هەروام لێرەدا. هەموو خۆزگە و گریمانەکانی، پەیتا پەیتا لە ناو تاریکی و خامۆشی قاوشە گەرم و شێدارەکەوە تێکەڵ دەبوو. ناوە ناوە لایەکی لە باوکم دەکردەوە، بەقسە یان بەجوولەیە زنجیرەی هزر و بیرکردنەوەکانی پچڕ پچڕ دەکرد. ئەویش لەسەر پشت لەسەر پێخەفەکەیدا خۆی خاوکێش کردبوو، دەستی لەسەر تەوێڵی دانابوو، وەك بڵێی شتێ بخوێنێتەوە، بە ناو یاد و یادەوەری و ڕۆژگارە ڕووناکەکاندا قووڵ دەبووەوە. دەنگی (کەراڕ) بێداری کردەوە: (چەند ڕۆژ بوو خەو نەچووبووە چاوم، تازە برەك بۆرژام. تفەنگەکم لەدەست گرتبوو، تەقەیەکم کرد، دەنگی ئەوەندە گەورە بوو، هەموو خەڵك گوێیان لێ بوو، دەر و دراوسێ هەموو هاتنە دەرەوە. خەڵکی «تل الزبابیر» و «شنێشل» و گوندەکانی لەوان دوورتریش، هەموو گوێیان لێ بوو، هەموو هاتنە دەرێ، تەماشای کەرخی تەقەکەیان دەکرد. ئەمنیش لە کەیفان چووم خۆم بە ئاو دادا دەستم بەمەلەوانی کرد. لەخۆشییان هەر قدیلانەم دەبۆوە، ماسییەکان هەموو لێم دەرەوینەوە.) «دوای نەختێ وەستان و گوێ ڕاگرتن، پشتی خۆی قیت کردەوە و بە چوار قوشمی لەسەر پێخەفەکەی خۆی دانیشت» : (گوێت لێمە یان نووستووی؟ باوکم بەدەنگێکی کپەوە وەڵامی دابوەوە: ئا ئا گوێم لێتە، دەی، دەی چیتریش ؟ زۆرت مەلەوانی کرد؟ (ئەی بابە ناو ئاو چەند خۆش بوو! باسکە مەلەم لێدەدا، هەندێ جاریش کەروێشکە مەلەم دەکرد، یان پشتەمەلە. ماسیەکان وەك تیر لە بن دەست و پێم دەردەپەڕین) «دوای تاسبردنەوە و دۆشدامان پرسیارێکی ئاراستە کردبوو» :

لە مێژە خۆت نەشوشتووە؟

– جا خۆشوشتنمان بۆچییە؟! ئەی ئەوە نییە وا لەناو ئارەقەی خۆمانا هەڵاتووین!

کەراڕ.. ئێمە لێرە میوانین، زۆر لێرە نامێنینەوە..! کەراڕ خنینەوەیەکی بۆ کرد: – وایە ...وا! ها؟ دەبینم تۆش گۆڕای! تۆش هاتیە سەر قسەکانی من...! بەڵێ بەڵێ... هەر چەند

ڕۆژێکی تره و دەچینەوە.... لە ماڵیٚ خۆمان دەشۆین.... وەنییە، ئەدی وەنییە.. تۆش لەو باوەڕە نیت؟ بەم قسەیە باوکم پێکەنیبوو، بەڵام کەراڕ بەدەمارگیرییەوە لای لیٚ کردبووەوە : هـا؟ دیسان دەستت بەپێکەنین کرد. من هەر دەوم دەجووڵیٚ، تۆ پیٚم پێدەکەنی. ئەریٚ توخوا وەنییە، ... گاڵتەت پیٚ دیٚ؟.... یان لە خۆشییان پێدەکەنی؟!... هەر بەدەم ئەم قسانەوە، لە ناو دڵی تاریکیدا، ترپە ترپی پۆستاڵێك قسەکانی پیٚ بڕی، دەنگی خۆی هێواشتر کردەوە: شەوان ئەو دەنگە چەند هەراسانم دەکا..! هەستم ڕادەگرم، گویٚ دەگرم، هەتا لە دەرگای قاوشەکەمان دوورنەکەوێتەوە هەناسەم بۆ نادریٚ... ترپ، ترپ، ترپ.. ئەوەندە هەراسانم دەکا، ئەوەندە ئازارم دەدا، دەڵێی لەسەر دڵم دەڕوا... دوای دوورکەوتنەوەی دەنگی پۆستاڵەکان، هاتەوە سەرەخۆ، دیسان بە پرسیارێکی تر باوکمی بێدار کردبۆوە:

– نازانم تۆ پازدە ساڵ لەگەڵ خێزانتا ژیاوی یان پازدە ڕۆژ؟

– بە ڕۆژی خوازبێنی و دەسگیران کردن و گواستنەوەیەوە بەهەمووی پازدە ڕۆژ.!

(کەراڕ) قسەکەی پیٚ بڕی، دەستی بەنێوچەوانی خۆیا کێشا: ئاخ (شوێبە) هەر ئەو جارە بمدیتبایەوە چیترم نەدەویست. ئەوجا خوای دەکرد کۆسەجێکی پەڕ تیژ ورگی دەدڕاندم.!

کە ڕۆژ بووەوە دوای نیوەڕۆ پێنج کەسی تریان فڕیٚ دابووە زیندانەکەیانەوە، ڕۆژی دواتر هەشتی تریان هێنابوو، لەوانەش دیسان سیانیان کوردی فەیلی بوون، دووشیان کوردی یەزیدی بوون. ئەوەکەی تریشیان ناوی (بەهنام ئیسحاق) بوو، خەڵکی (هەرمۆتە) بوو. زۆر لەمێژ بوو لە خۆر و لە ڕووناکی دابڕابوون. کات لەلای ئەوان هیچ ماناو هیچ پێناسەیەکی نەمابوو، مێژوو و بەروار و ناوی ڕۆژەکانی حەفتە. لەلایان ببوو بە سفرێکی بیٚ نرخ و بەهای دوای فاریزەوە.! خۆشیان هیچ دەربەست نەبوون بیر لە شتی وا بکەنەوە، چونکە هیچ کارێکیان بەوانەوە نەمابوو. جگە لە کەم کەم خواردنی شۆربایەکی ڕوون، نیسکێنەیەك، سەمونێکی بەیانی کەڕوو لێدراو، یانچە خەوێکی چاوەڕوان ئامێز. هیچی تر لە جیهانی ئەوانا نەمابوو. هەڵبەت لە ڕۆژگار و لە بارێکی وادا، پانتایی ئەو جیهانە قێزەونە و پانتایی جیهانە بزر و تاریك و نووتەکەکەی مەرگ زۆر لەیەك نێزیك دەکەونەوە، هەردوو جیهان دەکەونە سەر ئاقاری یەکترەوە، زۆر ئاشنای یەکتر دەبن، بەڕادەیەك ئەوەندە لەیەکتر نزیك دەبنەوە، بە هیچ شێوەیەك

ناتوانرێ لەیەك جویێ بکرێنەوە، وەك بڵێی هەردوو وەك یەکیان لێ دێ..! سنووریان دەکەوێتە سەر سنووری یەکترەوە، بە ڕادەیەکی وا لە گەلێ شوێنی نەپەن و تاریکا تێکەڵ بە یەك دەبن... هەر تەنها تخووبێکی باریك، یا دەرگایەکی ژەنگاوی زیندانێکی ڕەش و شێدار لەیەکیان جویێ دەکاتەوە، بەشێوەیەکی وا کەی خسترایە سەر پشت، ئەوانیش پێی خۆیان لە کۆسپەی دەرگاکەوە ئاودیو دەکەن... ئیتر تخووب و سنوور و ژمارە و ڕەنووس و بەروار و ڕۆژگار... هەمووی بەجێ دەمێنێ، هەمووی دەکەوێتە دواوە... ئەو کاتە لە هەموو شتێ دەستبەردار دەبن. نە سەمموونی شەوی و کەرو و لێدراو دەمێنێ، نە خەوی نیگەرانی، نە چاوەڕوانی نیگە ئامێز...! لەم کاتەدا زەمینیش دەچێتە خانەی سفرەوە و هەر بەم ئاوایییە دەمێنێتەوە و دەبێت بە بۆشاییییەکی بێ گیان و بێ ناوەڕۆك. وا پێ دەچێ باوکم زۆر بەسێدارە دانەکەوە نیگەران نەبووبێ، چونکە وتبووی ژیانی ئاسایی لەگەڵ مردندا سنووریان گەلێ لەیەك دوور نییە، یەك هەناسە لە یەکیان جیا دەکاتەوە...! هەموو بەندییەکان «کەراڕ» لە هەموویان زیاتر، سەیریان پێ هات، چەند ڕۆژێ دەبێ کەسی تریان فڕێ نەداوەتە زیندانەکەی ئەوانەوە. چەند شەوێکیش دەبێ کەسیان لێ کەم نەبۆتەوە، «کەراڕ» بە خنینەوەیەکەوە گوزارشتی لە بۆچوونەکانی خۆی کردبووەوە: دڵم دەڵێ لێبووردنێکی گشتی هەیە و ئێمەشی گرتۆتەوە. لێبووردنی گشتی وایە، یاسایە، بەدەست کەس نییە، کە دەرچوو، هەموو کەس دەگرێتەوە، دەرگای بەندیخانەکان دەکەوێتە سەر پشت، بە چاو قوچێنێ هەموویان کۆدەکەنەوە... جا کە بەرمان دەدەن، دۆقەشمان لەگەڵ دەکەن، خەرجی و مەسرەفی ڕێگەشمان دەدەنێ. شەرت بێ گەر وابوو، دەبێ یەك ڕۆژ بەتەواوی لەو (بەغدا)یە بمێنمەوە، دەڵێن شەقام و ترومبێلی زۆری لێ هەیە، خانوو بەرەو ساختمانی گەلێ بەرزی لێ هەیە، بە پێ یان دەگەڕێم، سواری ئەمانەی دوو قات دەبم... دەچمە سینەما، دەڵێن شتێکی گەلەك عەنتیکەیە! بەڵێ ئەمن گوێم لێ بووە، لێبووردنی گشتی دادوەرێکی وایە هیچ قسە و فەرمانێکی ڕەت ناکرێتەوە. من زۆر لەو کەسانەم دیون کە بەبەر لێبوردنی گشتی کەوتوون. جا کە بەردەبن چ زیافەت و دەعوەت و دەعوەتکاری و ئاهەنگێ دەکەن، چ خێر و خێرات و گۆشت بەشینەوەیەك.! لێبوردنی گشتی شتەکی گەلەك عەجایبە نیعمەتێکی خوایە، گەر لەزیندانێکی چل گەز قووڵ بی، ڕێك بۆ ماڵەوە. چ تاوان و دادگایەکت لەسەربێ هەمووی لادەچێ، لەهەموو قرێژ و پەڵەیەك پاك دەبیتەوە، وەك دیزداشەیەکی تازە شووراو، یان تازە بەڕادان دراوت لێ دێ، پاك دەبیتەوە، وەك پیفۆك سپی دەبیتەوە. (ئەبوعۆدە) و

(عوگلە)ی کوڕی، هەر لەسەر هێڵی سنوورا کەوتنە ناو کەمین، کە گیران . (سەگبان) دوو کوڕیشی فیرار بوو... (رزەییج) و (نازوح) دانیشیان بەهەموو پەیوەندیەکانی خۆیانەوە نابوو، پێ یان لە هەموو تاوانەکانیان نابوو.. ئەوێ ساڵێ کە لێبوردنی گشتی دەرچوو هەموویان بەردران هەموو شیان بەلە (سێدارەدانی هەتا مردن) دادگایی کرابوون... ئێ دە حوکمەکەی من واش نییە، وەك هی ئەوانیش نییە، زۆر سووکترە هی ئەوەکەی من تەنها لە (سێدارە)دانە، نەك (هەتا مردن) دەڵێن ئەو دوو مادەیە زۆر لەیەك جیان، گەلێ لەیەك دوورن، عەرد و عاسمانیان فەرقە. بۆیە من بێگومانم هەرشتێکی لەم بارەوە دەرچێ من دەگرێتەوە، چەند ڕۆژێ دەبێ من هەر شتی خۆش خۆشم بەدڵ دادێ... ئەوە خۆڕا نییە...! جار جار بۆنی نانی تەندوورم لەبۆ دێ، گوێم لەحەپەی (خەییول) و (مۆگە) و (شوێجر) دەبێ...! (دەستی بە تەوێڵی خۆیا ماڵی، هەتا هێزی تیابوو بەرز هەڵیدایێ) هەهای.! بەخوا، بەخوا شتێ هەیە و لەو زوانەش بەدیار دەکەوێ، من دەزانم دڵم دەڵێ و ڕاستیش دەردەچێ، من بە هەریسەی عاشورا و حەلوای پیر و پیاو چاك و سەرمەزارگان فرچك دراوم، لە ناوچەی زۆنگاوەکان چاوم کراوەتەوە، شەوی ئەتگوست لە چاو بەناو زەل و زیل و بەردی و قامیشەڵانان داڕۆیشتووم، لەگەڵ واقەواقی بۆق و غاکە غاکی قاز و مراویان شەو گارم شەق کردووە، لەگەڵ جوڕی و شەبۆت مەلەوانیم کردووە، گەلێ جار سوورە ماسی و کۆسەجم بەدەست گرتوون هەستی بۆن و بیستنمان گەلێ بەهێزە، گەلێ جار لە دووری دەیان کیلۆ مەتر گوێمان لە دەنگ دەبێ، بۆنی شت دەکەین کوڕینە من بۆنی نێرگەلە و تۆچام بۆ دێ!

گەلێ شەو هەر بە هەستی بۆنکردنەوە ملی ڕێم گرتووە، پێش (خەییول) گەیشتوومەتە جێ. ئاخ ئێستا دەبێ لەکوێ وەرکەوتبێ. دەزانم ئێستا هەر کەسێ بە نزیکیا ڕەت بێ، هەر ماسیگرێ بەخۆ بە مەشحوفەکەیەوە بەنزیك ماڵماندا گۆزەر بکا، بە کلك کوتان دوایان دەکەوێ، لێیان نزیك دەکەوێتەوە... دەزانم ئێستا ئەویش هەر چاوەڕوانم دەکا، هەر چاوی لە ڕێیە، لەتاوان هەر بەدەوری گۆمەکاندا چەرخە دەکا و دەسووڕێتەوە، کرپیرڕ لە کوێی؟ چ گۆم و شەتاو نەما هەندی لەدوات نەکەم! سوورە ماسییەکی بن زگ سپی، گەر جار جار خۆی هەڵبدا ئەو زوو پەلاماری دەداو هەر لە هەواوە دەیقۆزێتەوە، بەخۆم فێرە ڕاوم کردووە، لە چاوی مار ناگەڕێتەوە، وا لەبەر چاومە چۆن سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێ و دەکەوێتە سەیرکردنی مەل و مەلیچکەی سەر تلۆفکی دار، یا ئەوانەی بە سەریا باڵە فڕە دەکەن... یەکسەر دەزانێ گۆشتی دەخورێ یان گۆشتخۆرە، خواردنی

بەتامە یا تام سارد و قێزەون و چەرمەچەقاڵتەیە! ئەدی ماسییە ڕەنگاو ڕەنگەکان. ئەوان هەر هیچ، من خۆشم چەند جار داوم داناوەتەوە... دوایە نیوەم بەڕەڵا کردوون، بەرم هەڵداون، وتوومە بابیێتە خێری خوا، خێری دەست و چاوم، بۆ گیرۆدەیان بکەم، بۆ وا بەندیان کەم، لەو ئاو و گیاو گۆڵەیان بێ بەش بکەم. هەمووم بەڕەڵا کردوون، یاللا یەکسەر بۆ ناو گۆماوەکان، بۆ ماڵەوە. ئەگەر بە (فالە)ش ڕاوم کردبێ، هەتا یەکێکی بەقەد لابالێ نەبووبێ خۆم تێنەگەیاندووە. ئێمە و مەمانان واین، خۆشمان و سەگەکانیشمان دەستکوژی چاك نەبێ نایخۆین... هەموو جارێ پێش ئەوەی دەست بەڕاوبکەین ماسی چاك و ماسی گەندەڵ لەیەك جوێ دەکەینەوە. (تا هێزی تیابوو دەستێکی تری بە نێوچەوانی خۆیا ماڵی) ئای لەو ڕۆژە خۆشانە...! من دەڵێم لەو چەند ڕۆژە شتێکی خۆشمان گوێ لێ دەبێ، گەلێ لەو تەقەی کە کردم، زیاتر دەنگ دەداتەوە... بێگومانم، خەونی من یەکاو یەکە، دڵم خەبەر دەدا...من دیسان، ها... ئاخر نا نا... ناتوانم وا دانیشم کە بەریش بووم هەر دەبێ ئیشێکی تر بکەم.. ها... دەبێ پەند وەرگرم بەڵێ بەڵێ خۆ تۆمەتەکەی من وانییە، ئەوەندە گەورە نییە، ئەوانیش دەزانن.. کێ دەڵێ دیسان من ڕووناکی نابینمەوە، دیسان بەسەر دنیا ناکەومەوە، دیسان تێ هەڵناچمەوە، ئەی ئەگەر وانەبێ بۆ تا ئێستا هەر ماوم!؟ چەند لە مێژە من دادگایی کراوم، چەند تابوور و چەند تاقم، پۆل پۆل هاتوون و هەموویان لە سێدارە دراون، من هەر ماوم؟! دیارە شتێ هەیە، ئەی خۆ دابەستی نیم هەر خواردنم لەپێش دابنێن! دیارە شتێ هەیە، دڵم دەڵێ لەو زووانە، هەر لەو ڕۆژانە من... من (بەرزتر دەستی بە خنینەوەیەکی تر کرد و گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی) : بۆنی ماسی و شەتاوەکانم بۆ دێ، بۆنی پووش و پەلاشی شێدارم بۆ دێ، گۆمە پان و پۆڕەکانم دێتەوە بەر چاو، گوێم لە دەنگی کەناری دەبێ، گەلێ جار حەپە حەپی (خەییول) و سەگە قوچڕەوەکانی تر لە خەو بێدارم دەکەنەوە. کێ دەڵێ دیسان نایانبینمەوە، کێ دەڵێ دیسان (شوێبە)ی کچە مامم، لە پەنا سەریفەکەی دەم گۆمە ئاوەکەوە درێژ ناکەم، هەردوو خۆمان بە بەڵمە برنج پووشبەسەر ناکەین، لەژێرەوەش ئەو بەکۆڵە مست و منیش بەدەستلەملانێ... ها..! ئاخر وایە وا، هەی لەو عفریتە، جارێ داوم لە دەست بوو، بەتەنها دوور کەوتبوومەوە ڕاوم دەکرد، لە هیکڕا لە پشتەوە لێم پەیدا بوو پاڵی پێوە نام، سەر و سەر فرێی دامە ناو ئاوەکە. هەتا دەمێ لەترسان دڵم لێی دەدا، بەڵام باش بوو زوو تۆڵەی خۆم کردەوە لە خرتۆڵم وەردا...! مەرج بێ گەر بووردرام، لەو بەغدایە دەبێ خەناوکەیەکی لە بۆ بکڕم وەك کارەبا بدرەوشێتەوە، بەدەستی خۆم لە ملی بکەم.!

سیڕەی دەرگا ژەنگاوییەکە دڵی ڕاچڵەکاند. پاسەوانەکە بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد: (دلێر) زووکە وەرە! بەدەستی کەلەپچە و قۆڵ لە قۆڵ هەڵکێشانەوە بردیانە دەرەوە، دوای سێ دەمژمێر، بەدەموچاوی بەخوێن و بەبن پێی پەنماوەوە، بەچوار دەستە بۆ ژووورەوە هێنابوویانەوە، لەدوای هاتنەوە سەرە خۆی و بەتەنگەوەهاتنی هاوڕێکانیەوە، کاغەزێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا: (تەنها وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە، لە ژێر پەتی سێدارەوە یەکسەر بۆ ماڵەوە، یەکسەر بۆ لای دایك و دەستگیرانەکەت. جا باش بیری لێ بکەرەوە، چیتریش خۆت بە ئەزیەتدان مەدە، خۆت دەزانی حوکمی تۆ دەرچووە و هەموو شتێ بڕاوەتەوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ شانسەکت بدەینێ و بتگێڕینەوە سەرەتای قەزیەکەت و شتێکت بۆ بکەین. نامانەوێ تۆ بمریت. مۆڵەتت دەدەینێ تا باش بیری لێ بکەیتەوە. خۆت دەزانی تۆ بە تۆمەتی جیا جیاوە دادگایی کراوی، ئێستاش والەژووری سێدارەدان چاوەڕوان دەکەیت، دووری تۆ و دووری ئەو پەتەی ملی تۆی پێ هەڵدەواسرێ، چەند هەنگاوێکە و بەس. هەر دەرگاکەیان کردەوە، پەت و قەنارەکە دەکەوێتە بەر چاو... بەزەییت بە تەمەن و ئەو جوانیەی خۆتا بێتەوە، بۆ ئەوەندە دڵڕەقیت؟ بیر لە دایك و دەسگیرانەکەت بکەرەوە، بۆ ئەوانیش و خۆتیش لەو مەینەتیە ڕزگار ناکەیت؟! بۆ بەزەیت پێ یانەوە نایەتەوە؟ ڕۆژی دواتر دیسان بانگ کرابوەوە، ئەو جارە زیاتریان هێشتبووەوە: (ئەو ناوانەمان پێ بڵێ کە لەگەڵتا کاریان کردووە، ئەو ماڵانەمان بۆ دەستنیشانکە، کە بونەتە کونە زەردەواڵەی چەتەو ڕێگر و پیاو کوژان و دەیانحەوێننەوە. دەی زووکە هەر ئەوانەمان پێ بڵێ، نایەڵین بگەڕێتەوە ژوورەوە، یەکسەر بۆ ماڵەوە. ئێمە دەزانین مەرگی تۆ بۆ ئێمە هیچ سوود و هیچ واتایەکی نەماوە. چونکە لەو ساوەی تۆ و چەند باندێکی تریش گیراون و ئەوانەی گوللە باران کراون، ئەوانەی لەسێدارە دراون...، هیچ شتێکیان لە هەڵوێست و باری (ناوچەی حوکمی زاتی) نەگۆڕیوە. جموجۆڵ و تاوان و تیرۆرکردنی لێپرساوان زیاتر بوە. ئێمە بەتکا تکات لێ دەکەین یارمەتیمان بدەیت، پێویستمان بە ئامۆژگاری و زانیارییەکانی کەسانی وەك تۆ هەیە، خۆت دەزانی ئێمە لە چ شەڕێکی کوشندە و دەستەو یەخەداین. درێژی و پانی بەرەی شەڕ بە سەدان کیلۆمەترە، هەر لە ناوچە شاخاویەکانەوە تا دەگاتە ناوچەی زۆنگاو باشووری وڵات و ئەو لاوەی (فاو)یش... داوات لێ دەکەین، وەك هاوڵاتییەك بە ئەرکی خۆتا هەڵسی، چ مافێکیشت هەبێ لەسەرمان، هەمووی بە دە قات، بۆت قەرەبوو دەکەینەوە، جا تێمان بگە، ئێمە کارمان پێتە کار! خۆشت لەسەرمان مەکە بە قارەمان، واز لە خەیاڵپلاوی و پاڵەوانبازی

بێنە، هەر تۆ نیت کە بە ئەرکی خۆتا هەڵسی و ببیتەوە بە هاولاتییەکی ئاسایی، بەخوا کەسانی وا هەن فایلمان بۆ کردوونەتەوە تۆ هەر بەخەیاڵتدا نایێ! ڕۆژێ دێ ئاشکرا بکرێن، ئەو ساکە خزم و خۆیشانت دەبێ هەر پەنجەی خۆیان بگەزنەوە و هەر ئاخ و حەسرەت و خۆزگە و بریات بۆ هەڵکێشن، ئیتر با بەس بێ، تۆش وەك هاولاتییەکی دڵسۆز لە یارمەتی و هاوکارییەکانی خۆتمان بێ بەش مەکە، گەر ڕازیت هەر ئێستا فایلێکت بۆ دەکەینەوە، دوا ڕۆژی خۆت و ماڵ و منداڵ و نەوەی نەوەشت زامین دەکەین! ئەوەش بزانە نەك هەر ژیانی خۆت و ماڵ و منداڵت. بەڵکو ژیانی هەموو خزم و کەسیشت مسۆگەر دەکەین. دڵنیابە لێت ناگەڕێین هەروا بمێنێتەوە دەی خێراکە بجووڵێ، هیواداریین هەموو شتێکمان پێ بڵێی، وەلامی پرسیارەکانمان بدەیتەوە، واز لەو کەللە ڕەقییەت بێنی). بەلام ئەو چۆن دەمی خۆی داخستبوو، هەر بەم کرێ و بێ وەلامیەوە لە بەرامبەریان دانیشتبوو. تەنها جار جار بزەیەکی حەسرەت ئامێزی بۆ دەکردن! (هەتا زوو پێمان بڵێ ی باشترە بۆت) ئەو هەر لە بێ دەنگییەکەی خۆیا بەردەوام بوو (گەر بە خۆشی پێمان نەڵێی ، هەردوو چاویشت دەردێنین، ئەوجا دەبێ هەموو شتێکمان بۆ باس بکەی. جا هەتا زووە هاوکاریمان لەگەڵ بکە، تا بە بەر بەزەیی و لێبووردنی گشتی سەرۆك و شۆڕشت بێخین. ئەوا خەریکە لە بۆنەیەکی پیرۆز نزیك دەکەوینەوە، هیوادارم زیرەك بی و ئەو هەلە بۆ خۆت بقۆزیتەوە، لە دەستە خۆتی نەدەی. هەلێکی زێڕاویت بۆ هەڵکەوتووە، کەم کەس هەیە ئاوا وەك تۆ بەختی یار بێ، شتی وای بۆ هەڵکەوێ، شانسی وای پێ بدرێ...!)

ئەوجارەیان گەلێ شڕ و شەپرێوتر، بە چوار دەستە فڕەیان دابووەوە ژوورەوە. هەموو هێسك و پێستی لە ناو یەك کوترابوو، هەنجن هەنجن کرابوو. دوو ڕۆژی تریش بەسەر چوو، دوو شەوی تریش چاویان لێکنا و کۆتاییيان پێ هات، هیچ گۆڕانێ ڕووی نەدا. نە بە ڕۆژ ژمارەیان زیاتر دەبوو، نەبە شەویش کەمتر دەبوونەوە، نە ئەویش چیتر بانگ کرابووەوە. لە دەمە دەمی کێشتەنگاوێکا، لە پڕ بوو بە دەنگە دەنگ و زەنا زەنای پاسەوانەکان، فیکەو چەپڵە لێدانیان پڕاوپڕی ساڵە و قاوشە تاریك و نووتەکەکانەوە دەنگی دەدایەوە. باس هەر باسی مادۆنی و (منحە)و بەخشش و (عیدیە) بوو. یەك لە پاسەوانەکان، هەتا هێزی تیابوو، تەق تەق دەرگا ژەنگاوییەکەی دایە بەر کۆڵە مستان: (سبەی زەماوەند و بەخششە، چوکلات و شیرینی دابەشکردنە، جەژنی لەدایکبوونی شۆڕشێکە... ئێمە و ئێوەش هاوبەشی لەو زەماوەندە دەکەین، هەر لە ئێستاوە ژوور و

جێگای تایبەت بۆ ئێوە ڕازاوەتەوە، هەر بەناو بەندیخانەیە، ئەگەرنا ژووری هیچ کۆشك و تەلارێك ئاوا خۆش و پاك و تەمیز نابێ.! لە گۆڕەپانەکەی ناو بەندیخانەکەوە، سبەی بەیانی دەبێ بە ئاهەنگ و هەڵپەڕین. تیپی تەپڵ و دمبگ و دووزەلەی (حەمدیە ساڵح)... خۆی و کچەکانی و چەند کۆترێکی تریش دێن... بە لاقی ڕووتی پڕ لە خلْخاڵی زێڕ سەمامان بۆ دەکەن، بەدەست و باسکی سپی و پڕ لە بازن و پاوان چەپڵەمان بۆ لێدەدەن، گۆرانیمان بۆ دەڵێن، هەڵدەپەڕن، ئێمەش دەتوانین قۆڵمان لە قۆڵیان هەڵکێشین، پەنجەمان لە پەنجەیان تێکپەڕێنین و لەگەڵیانا هەڵپەڕین، سەما بکەین و شان لە شانی یەکتر بخشێنین، گۆرانی بڵێین دەتوانین ئاوێزانیان بین دەستیان لە مل بکەین، لە ئامێزیان بگرین.. دەتوانین ماچیشیان بکەین، دەستگەمەشیان لەگەڵ بکەین، لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، دەتوانین شتی تریشیان لەگەڵا بکەین. کەس ناتوانێ ڕێمان لێ بگرێ. کەس حەددی نییە قەدەغەمان بکا، لە زەوق و خۆشی و هەڵپەڕین و سەیرانمان بکا، چ یاسایەك ناتوانێ لێمان بپێچێتەوە. لەم بۆنە خۆش و پیرۆزەدا هیچ سنوور و پەرژینێك نامێنێ..) دیسان دەرگا ژەنگاوییەکەی دایەوە بەر کۆڵە مست و کردیەوە بەدەنگە دەنگ (ئەو خۆشییە هەر بۆ ئێمە نییە، ئێوەش دەگرێتەوە، خۆشییەکی وا هەتا هەتایە کۆتایی پێ نایێ، ڕەنگە ڕەوش و باری ئێوەش بگۆڕێ و ئێوەش بکەونە خۆشی و کامەرانی و ئاسوودەیی یەکجارەکی ..!)

«کەراڕ» کە ئەم قسانەی کەوتە بەر گوێ. هەتا دەمێ چاوەکانی خۆی داخست، وەك نەزرگرێك کە دووعاکەی قبووڵ بووبێ و خوا بەمراز و مرادی خۆی گەیاندبێ، ئەویش ئاوا کەوتبووە قووڵبوونەوە. لەم ساتەدا پۆلێ کەناری و مەلە ئاوییە کلك درێژەکانی تری هاتەوە بەر چاو (بە جووکە جووك و بە نەغمە خوانی بەسەر سەریا قەتارەیان کردبوو، بە ڕەوە بەرەو دار خورما و زۆنگاوەکانا دەفرین، باڵیان دەکوتا..) وەك بەرزەکی بانان، دەتوت لە خەوێکی هەنگوینی بێدار بۆتەوە. بۆی هەڵسایەوە، تا تینی تیابوو دەستێکی بە نێوچەوانە زەقەکەیەوە کێشا، وەك دەمەر قاچان زرچەی هات، هەر بەم ئاوایە هەر بەم گوڕ و تینەوە، قسەیەکی بەرزە فڕی بۆ پاسەوانەکەی پشت دەرگاوە هەڵدا: ئای کە دڵخۆشم، سەییدی، ئای کە دڵخۆشم...! نازانێ لەو بەیانییەدا، ئەوانە لە چ هەڵوێستێکی دەروونی ئاڵۆز و شڵەژاو بوونە. لەو جیهانە ئاوا بەر تەسك و شیشبەندەی کە ئەوانی تیا ئاخنرابوو، هەموو وابەستەیەکی یاسایی و نایاسایی، هەموو دیاردەیەکی ئاسایی و نائاسایی، هەموو کاردانەوەیەکی باو و نامۆ، شیاو و ناشیاو، خۆشی و ناخۆشی، سزا و

پاداشت، مردن و ژیان، شین و شایی. هەموو ئەوانە و چەند گریمانە و گومان و بۆچوونی تریش. لە هەموو چرکە ساتێکا دوورنەبوو چەند جار دووبارە نەبنەوە... چونکە هیچ سنوور و بەربەستێك لە میانەی ئەو دیاردە پێچەوانانەدا نەمابوو. هیچ پێوانە و پێوەرێك لە یەکی جویٚ نەدەکردنەوە. هەموو سەراسیما و سەرسوڕما بوون: (پاسەوانان گۆرانی دەڵێن! چەقەنە لێدەدەن! لەگەڵیانا ڕووخۆشن! قسەی خۆش خۆش دەکەن! پێدەکەنن!!! هەر هەموویان ببوون بەنیشانەی سەرسوڕمان و لە جێی خۆیانا واقوڕما بوون. چ گۆڕانێکی کتوپڕ ئەم ڕەوشەی بۆ ئەم بارە گۆڕی؟! لەبەر چی بەم خێراییە هەموو شت بەپێچەوانەوە هەڵگەڕایەوە، خۆزگە بە رادێۆیەك، بە دەنگوباسیٚ! لەبەر چی وا بەم شێوەیە هەوڵ دەدریٚ کە هیچ سنوورێك لە میانەی ئێمە و ئەوان و لە میانەی ئەو دیاردە پێچەوانانەوە نەمێنیٚ!) ئەوە وەڵامەکەی هەر لەلای دکتۆر و شارەزا و سایکۆلۆجستەکانەوە بوو! ئەوانەی کە ڕیٚ نیشاندەر و پڕۆگرام داڕێژی ئەم دیاردە دژ بەیەکانەوە بوون! بۆ ئەوەیان بوو، ئەوەی چێژ و خۆشییە، ئەوەی خێر و شادییە. کەس هەستی پیٚ نەکا، کەس بیری لیٚ نەکاتەوە، ببن بەکۆمەڵە کاتژمێرێکی قورمیش کراو، ببن بە کۆمەڵە ئامێرێکی ئاڕاستەکراو. لەناو بۆتەی کۆمەڵگایەکی ئیسپارتی دایانبڕێژنەوە، هەردەم لە هەموو ئان و ساتێکا بۆ هەموو ئەرك و فەرمان و گریمانەیەك ئامادەبن، بۆ جەنگ ئامادەبن، بۆ هەموو ئەرك و ئەگەریٚ دەست لەسەر سنگ، بەخۆ بە چەکە لوولە گەرمەکانەوە ئامادەبن. هەر بیر لە خوێنڕشتن و قڕکردن و کاولکاری بکەنەوە و ئەم شتانەیان لا ئاسایی بیٚ، بە درێژی کات، نەوە بەنەوە ببێت بەکولتوور، ببێت بەدابونەریت.! دەیانویست خەڵك وا لێڕابێنن، کە هیچ تام و چێژێك لە شتی باو و شیاو و پاداشت و خۆشی و شایی و زەماوەندەوە وەرنەگرن! گەرەکیان بوو ژیان بکەن بەیەك لاپەڕەی تۆمارکراو، هەر ئەم دیوەی کە ئەوان پڕۆگرامیان بۆ داناوە، هەر ئەوەیە و هیچی تر نییە.!

هەر بەم شێوەیە، بە سەرسوڕماویەوە، لەم هەڵوێستە نوێیەدا قووڵ دەبوونەوە! هەر لەو ساوەی کە دەرگا ژەنگاوییەکەیان لەسەر خسترایە سەر گازەرەی پشت، هەموو ڕیز کران، بەڵام بیٚ دەست لە کەلەپچەدان، بیٚ چاوبەستنەوە، بیٚ قسەی لەوجڕ و جوێندان، بیٚ چاو سۆرکردنەوە و قۆنداغە تفەنگ ئاڕاستەکردن! تیپێکی پاککردنەوە، گەسك و فلچە و پەقرەج بەدەست چاوەڕوان بوون دوای چوونە دەرەوەیان، خۆیان بکەن بە قاوش و ژوورەکانەوە، پاکیان بکەنەوە، ئەو جێی پێویست بیٚ بۆیەی ڕەنگ ئاچووغی لیٚ هەڵسوون، هەموو گۆشەتاریك و شێدارەکان کاڵ بکەنەوە، ئەوەی ئەسپیٚ و پندو بۆنی

نەفتالین و ئەسپەنیك هەیە نەیهێڵن، وای برازێننەوە، کەس قاوشە خوێن تێزاوەکەی خۆی نەناسێتەوە! یەك لە دوای یەك، پاسەوانەکان ڕیزیان کردن، هەندێکیشیان پێشیان کەوتن، ئیتر لەم دەرگایە بۆ ئەم دەرگا، لەم ڕاڕەوە بۆ ئەم ڕاڕەوە لەو ساڵەوە بۆ ئەوی تر. تا لەناو چەند ژوورێکی ڕووناك و شیشبەندەوە دابەشیان کردن، ئەو ژوورانە بە هەر چوار دەوری گۆڕەپانێکی داخراودا سووڕیان خواردبۆوەوە. بەشێوەیەکی وا ئەندازەکاری لێ کرابوو، کە بۆ گەلێ مەبەستی جیا جیا بەکار بێنرێ! باوکم لەگەڵ سێ کەسی تر بوو، کە ئەوانیش هەر لە بەندەکانی قاوشەکەی خۆیەوە بوون، دووانیان کوردە فەیلییەکان بوون (ئەکبەر و خودێدە) ئەوانە لە خانەوادەی بازرگانە بەناوبانگەکانی پایتەخت بوون، ئەو کاتە زۆربەی زۆری ئابووری و دارایی ئەو شارە بەدەست ئەوانەوە بوو. ڕۆژێ بە نووسراوێکی فەرمی، ئاگادار کرابوونەوە، هەر کەسە لە بازرگانەکان بچنە هۆڵە بەناوبانگەکەی ئەوسای پایتەخت، هۆڵی (خولد) بۆ کۆبوونەوە، هەرکەسە پێناسە و ڕەگەزنامەی خۆی بێنێ. بۆ نوێکردنەوەی پێناسەی ژووری بازرگانی...! ئا، ئەلەوێ. دوای مەستاڕکردن و ناونووس کردنیان، هەموو دۆکیومێنت و پێناسەکانیان لێ سەندبوون. هەر ئەو دەم لە زیلی سەربازییان بار کردبوون. لەو لاوەش مغاویر و گاردی کۆماری بەپلانێکی توکمە و ورد، چووبوون گەمارۆی بازاڕی شۆڕیجە و ماڵەکانیان دابوو، هەموو ژن و منداڵ و پیرو پەككەوتە... بەورد و درشتەوە کەسیان نەبواردبوو. هەموویان لەناو زیل و ئیڤادا چێواخن کردبوون! لە ڕێگا ژن و پیاوەکانیان لەیەك هەڵاوێردبوو، گەنجەکانیان لە تەمەنی پازدە شازدە ساڵییەوە تا تەمەنی پەنجا شەست ساڵی، هەموویان جوێ کردبوونەوە، ژمارەیان گەیشتبووە زیاتر لە پازدە هەزار کەس، ئەوانەیان بە جیا لە زیل و ئیڤاوە بار کردبوو، بۆ لایەکی تر ڕایانگوێزتبوونەوە. ئەوانی تریشیان لە نێزیك سنوورەوە، لەناو کێڵگەی مینەکانەوە بەرەڵا کردبوو! ئەو کاتە (ئەکبەر) هێشتا حەڤدەی تەواو نەکردبوو، (خودێدە)ش یەکەکی وا پارچەڵەیەکی باڵا بەرز بوو، بەڵام گەلێ لەو منداڵتر بوو. ئیتر هەر لەوساوە، زۆربەی زۆریان بۆ ناو جەرگەی بیابانە چۆڵەکەوە بردبوو، دیارە ئەوانە خۆیان گوتەنی، هەروەك بۆ دایکمیان باس کردبوو، هێشتان ئەجەلیان نەهاتبوو، گەرنا نەیاندەزانی، لەبەرچی ئەوان و چەند کەسێکی دیيان لەوانی تر جیا کردبووەوە؟! هەتا بەم دوا دواییيەش کەس لێیان نەپێچابووەوە. هەر لە بەندیخانەکانی باشوور و (نوگرە سەلمان)ەوە، ئەم شوێن و ئەم شوێنیان پێ کردبوون، تا بەم دواییە بۆ دادگاییکردن بۆ ئەوێیان بردبوون. ئەوەی

تریشیان کوردێکی یەزیدی بوو، بەناوی (بابە شێخ) چەند لێبوردنی گشتی دەرچووبوو ئەوەی نەگرتبووەوە، بەڵام حوکمەکەشیان جێبەجێ نەدەکرد!

گۆڕەپانە داخراوەکەیان، بەجۆرەها وێنە و ئالاّ و تەناف و کاغەزی ڕەنگا و ڕەنگ ڕازاندبووەوە. سەری هەرە سەرووی پلاتفۆرمەکە بە وێنەیەکی گەورەی دیکتاتۆرەوە. زەرکەفت کرابوو. گارد و پاسەوان و یاساوڵەکان، هەموو پەرژین و سەربانەکانیان گرتبوو. باوکموان گەلێ سەیریان پێ هاتبوو، کە دەیاندی ئەوانەی لە وێشا هەر فیکە لێدەدەن، پێدەکەنن، لەگەڵ ئەوانی خوارەوە دەمەتەقێ و ماچ و مووچ بۆ یەك دەنێرن، خەندە و بزە دەگۆڕنەوە.! زۆریان لا سەیر بوو، تەنها ئەو ڕۆژە دیبوویانن پێبکەنن و هەر قسەی خۆش و خەندە ئامێزیان لە دەم دەرچێ. (ئەمە پاسەوان و گاردەکانی جارانن، یا کەسانی ترن!! سەیرە، چۆن دەزانن پێبکەنن؟! چۆن دەزانن قسەی خۆش بکەن، گۆرانی بڵێن؟! گەلێ سەیرە، ئەوانە و گۆرانی وتن، ئەوانە و پێکەنین، ئەوانە و ئەم ڕەفتارانە ئاسمان و ڕێسمانن!!) هەر بەم ئاوایە، هیچ جۆرە ترش و تاڵی و ئەشکەنجەیەك، جوێن و تانەو تەشەرە و سەرە سمك لێدان و هەڕوگیف کردنێك، لەلای هیچ کەسێکیانەوە بەدی نە دەکرا! باوکم لای لە هاوڕێکانی کردبووەوە:

– ئەم پشوودانە بۆ ئێمە و مانان، پشوودانێکی جەنگاوەرانەیە.

– (خودێدە) قووڵ پێکەنیبوو: دیارە دڵنەوایی‌مان دەکەن، گەرەکیانە پێش مردن نەختێ خۆشی ببینین.

– باوکم: ئەم پاسەوان و گاردانەم قەت وا ناشرین و ڕەزاقورس نەدیون، چاو دێ چاو، ئای کە چەند سەگبابخێون! ڕووی گەش و پێکەنینیان لێ نایە، ئیمرۆ لەبەر چاوم گەلێ ئێسك گرانن.

– ئەکبەر: ئەوەی (نوگرەسەلمان)ی دیبێ، ئەوساکە دەزانێ ئەوانە چ دڕندەیەکن!

– باوکم خێرا کەوتبووە قسە: جا کوێندەر ماوە نەبووبێ بە (نوگرەسەلمان) بۆ، لات وایە بەندیخانەکانی تر ئوتێلی پێنج ئەستێرەن!؟

– بابە شێخ: کریف. ئەمن گەلەك سەیرم بە خۆمان و بەو دیمەنانەوە دێ.

– باوکم لای لێ کردبووەوە: پەلە مەکە مادام خۆمان لەگەڵیان یەکلا کردۆتەوە، ئیتر بڕایەوە.

– ئەکبەر: دەبێ ئەم شتانە لە سۆنگەی چیەوە بێ ؟!

– باوکم: «تەنانەت گریەکی هەست بەکەمزانین و هەنسکئامێزە و هیچی تر نییە! بەڵام من گومانیشم نییە فرتوفێڵێکی گەورەشی بە دواوەیە. ئەو ڕۆژەی کە دووبارە منیان بۆ لای خۆیان بانگ کرد، زۆر بەڕاشکاوی پێیان گوتم، ئەوا پلانێکی تۆکمە و ترسناك بۆ هێرشێکی زۆر گەورە دادەڕێژرێ. لەوانەیە لەو هێرشەدا گەلێ شارمان لێ داگیر بکرێ، کێ دەڵێ یەك لە شارە گەورەکانی ناوچەی ئێوەش ناگرێتەوە!؟ ئێمە تۆ دەناسین. دەزانین پەیوەندییەکی زۆر بەهێزت هەبووە، لێپرسراوێکی زۆر بەجموجۆڵ و باوەڕپێکراوی یاخیبووەکان بوویت. بە تکا تکات لێ دەکەین، ئامۆژگاریشت دەکەین، یارمەتیمان بدەیت، لات سەیر نەبێ ، ئێمە پێویستمان بەباربوو و هاوکاری هەموو کەسێك هەیە.! ئیتر با بەس بێ، لێرەوە با لاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوە. ئەوەی چوو چوو، لە هەمووی دەبووردرێی. دڵنیات دەکەین، گەر هەموو زانیاری و دەنگوباسێکمان بۆ باس بکەیت و هیچ شتێکمان لێ نەشاریتەوە، سەرەڕای هەموو مافەکانی خۆت، پاداشتی زۆر چاکیشت پێ دەدەین، کە بە ژیانتا بە خەیاڵتا نەهاتبێ! ئێمە کەوتووینەتە مەینەتییەکی زۆر سەختەوە، لە شەڕێکی گەلێ ترسناکەوە تێگلاوین، دەرگای دۆزەخێکی کوشندەمان لێ کراوەتەوە، کەموکوڕییەکی زۆر لە جۆری چەك و جبەخانەکانمان هەیە، پاڵەپەستۆیەکی زۆرمان لەسەرە، گەر وڵاتانی خۆرئاوا نەکەین بە هاوڕێی خۆمان، گەر مەرج و داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکەین و دڵیان وەرنەگرین. گەر دڵنیایان نەکەین لەسەر پاراستنی مافی مرۆڤ و ژینگە و ئاژەڵ و نازانم چی و چیتریش... ئەو چەکانەی پێویستمانە بۆمان دابین ناکرێ. ئەو کاتە لەوانەیە نەك بەچەك، تەنانەت بە مگوار و فالە، ڕاومان بنێن. ئەو هێرشەی ئەو جارەمان پێ ناگەڕێتەوە، ئەو کاتە عوساتیش لێمان بەخۆ دەکەون، باشووریش هەر هیچ، هەروا دەکوڵێ و دەخرۆشێ. هەموو وەك زەردەواڵە خۆیان لەناو پووش و پەڵاشی زۆنگاوەکانەوە شاردۆتەوە، بۆیە وا بە ئاشکرا پێت دەڵێین یا دەبێ تۆش وەك ئێمە ببیت بە ئەندامێکی بەکەڵکی سەورە یانیش نایەڵین بەزندوویێتی لێرە بچیتە دەرەوە. هەر لێبوردنێکی گشتیش دەربچێ، گەر جوولەکەی خەیبەر بگرێتەوە تۆ ناگرێتەوە!

(بەدەم باسکردنی ئەم قسانەوە، باوکم تاس بردبوویەوە، بە ناخی خۆیدا قوڵ ببووەوە): من هەتا ئەوانە و زیندانە ڕەشەکانیانم نەبینی، نەمدەزانی بەو ڕادەیە بێ هێز و کرچ و کاڵن. (بەرز هەڵیدابوێ): من هەر ئەو کات لە دەمم دانەوە، سەرپێچیم لە هەموو داواکانیان کرد. هەموو هیستریایان گرت! تووشی شۆك و سەدەمێکی وا هاتن... بەجارێ

کۆنترۆڵیان لەدەست خۆیان نەما بەهەموویان کەوتنە داپلۆسینم. دواتر پاسەوانەکانیان لێ گاڵ دام، ئیتر وەك سەگی هار کەوتنە وێزەم. پەیتا پەیتا قەرەباڵغی پەیدا دەبوو، ناو گۆڕەپانەکە خەڵکی دەرەوەی دەهاتە ناو. هەریەکە لەشوێنی دیاریکراوی خۆی دادەنیشت... کامێراکان و پەیامنێری ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، هەروەها بەشی ئاژانس و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە عەرەبی و بیانییەکان. هەموو ڕوویان کردە ئەوێوە. دوابەدوای ئەوانیشەوە کۆمەڵێکی تری بیانی هاتن، لێپرسراوی نێو دەوڵەتی و ئەندامانی لێژنەی مافی مرۆڤ و شارەزا و سیاسەتمەدارانی تر! هەر دوای گەیشتنیان، تیپی تەپڵ و مۆسیقا لەسەر سەکۆی پلاتفۆرمەکەدا ڕیزیان بەست، چەند ئافرەتێ دەم بە گۆرانی و پێکەنین و هەلهەلەوە. دەستیان بە سەما کرد. لە هەموو سەیرتر لایان ئەمە بوو کە هەندێ لەپاسەوانەکانیش جل و پۆشاکی هونەرمەندانە و چاکەت و پانتۆری پۆشتە و لە ئوتوودراویان لەبەر کردبوو، شەربەت و شیرنیان بەسەر ئەوان و بەسەر هەموو بەندییەکانیشدا دابەش دەکرد! ئیتر بوو بوو بە بەزمی سەمای کچەکان و گۆرانی کێوەلییەکان. دوای ئەوانەوە کۆڕسێکی کچ و کوڕان، ئۆپەرێتێکی خۆش و سەرنج ڕاکێشیان پێشکەش کرد، پاشان یەکێکیان وەك بووك ڕازاندەوە، لەسەر کورسیەکی ئاسنیان داناو کەژاوەیەکی جوانیان بۆ دروست کرد و لەسەر زەمبەرەیەکی پلێت ئەستووردا، لەسەر شانیان هەڵگرت و بەدەم گۆرانی و چەپڵە ڕێزانەوە، لەناو گۆڕەپانەکەوە گێڕایان. سەدان وێنەیان وەرگیرا، هەموو بینەران و میوانان و بەندەکانیش، لەگەڵیانا کەوتنە گۆرانی وتن و چەپڵە کوتان. (کەراڕ) لە هەموویان سەرگەرمتر بوو... هەر لەجێی خۆیەوە بەسەما و گۆرانی و بەدەنگی بەرزەوە هاوبەشی لەگەڵا کردن! (بابە شێخ) تیشکی سەرنجە بەدگومانەکانی کەوتە سەر کورسیە ئاسنینەکەوە، دڵی لەگەڵیا کەوتە خورپە و ڕاچەنین. خێسەیەکی بۆ کرد، وەك بڵێی تفێکی بۆ هەڵبدا. لای لە باوکم کردبووەوە:

– کریف. من خەریکە بەو دوا دواییەی تەمەنم ئەقڵیشم تێکچێ. تۆ چاو دێ چاو. من کە چاوم بەو کورسیە دەکەوێ، موچڕکم بە لەش دادێ.

– باوکم قسەکەی پشت ڕاست کردبووەوە: «ژەنگ و شێی ژووورە تاریکەکانی پێوە دیارە. بێگومانم گەر ئەو ئارمووش و توولەی لەسەر لابەریت، جێی وایەر و پلاکەکانیش بەدیار دەکەون!» هەموو گفتوگۆ و قسەکانیان، لەناو بەزم و هەرای ئاهەنگەکەوە قووت درایەوە، لەم کاتەدا گۆڕەپانەکە خرۆشابوو، هەموو سەرگەرمی گۆرانی و سەماکردن و چەپڵە و

فیکە لێدان بوون، ناوە ناوە تیپێکی تری مۆسیقا بەخۆ بە ستافەکەیەوە، گۆرانی بێژێکی تر بەخۆ بەکۆرس و گروپەکەیەوە. خۆیان دەکرد بەگۆڕەپانەکەدا، دەهاتن، بەدەم گۆرانی وتن و هەڵپەڕکێ و سەماوە درێژەیان بەئاهەنگەکە دەدا. هەریەکەی زنجیرەیەك لە جموجۆڵ و پرۆگرامی هونەری خۆیان پێشکەش دەکرد. لە پشوودانێکدا، خواردن دابەش کرا... هەر کەلەشی بەرخی سوور کراوە بوو، پارچە پارچە دەکرا و بەسەر هەموو میوان و پاسەوان و گارد و بەندییەکانیشدا دابەش دەکرا. لەناو کپی و هێواشی ئەو پشوودان و ناوبڕەیەدا، چەند کامێرا و مایکرۆفۆنی ئاراستەی چەند بەندێك کرا، لەو دیو شیشەکانەوە، بەدەمی بەپێکەنین و دروشم هەڵداندا وەلامی پرسیارەکانیان دەدایەوە و گوزارشتیان لە خۆشی و کەیفسازی خۆیان دەکردەوە! لەگەڵ جۆش سەندنی ئاهەنگەکەوە، پلەی گەرمیش پەیتا پەیتا بەرز دەبۆوە، تاوای لێ هات شیش و تەلبەند و دار و دیوار هەموو داغ ببوون.

هێندەی نەخایاند، هەموو میوانەکان گۆڕەپانەکەیان جێ هێشت. گروپێ لە لێپرسراوی نێو دەوڵەتی، لەگەڵ چەند ستافێکی مافی مرۆڤ و نوێنەری ئامنێستی، بەناو ساڵە و ڕاڕەو و قاوشەکانی بەندیخانەکەدا گەڕابوون. جا هەر لەوێوە بۆ ئوتێلی (ڕەشید)یان بردبوون، پاسەوانەکانی سەر بان و ئەوانی خوارەوە، هەموو بەجارێ مەست و سەرگەرم ببوون، هەندێکیان بتڵی بیرەیان لە دەست بوو، جار جار مژێکیان لێ دەدا، هەندێکی تر بەکۆکتێلی بیرە و وێسکی، یا بە شەراب و خۆشاوی کۆنی حەوت هەشت ساڵییەوە سەری خۆیان گەرم دەکرد. هەموو بەخۆ بە پێکی دەستیانەوە، لەناو گۆڕەپانەکەدا، بەملا و بەولادا ڕەتیان دەبرد و بەلادا دەهاتن. قسەی حەلەق و مەلەقیان دەکرد، لەگەڵ هەندێ لە بەندەکاندا، بە گاڵتەو نوکتە وتنەوە بەڕووی یەکترەوە پێدەکەنین. هەندێ گەنج و جوامێری کەم ئەندام و شەل و گۆج و نائاسایی، لەگەڵ پیر و کەنەفتە و بەساڵا چووەکان. کەلەسەر کاری گیرفان بڕی و چەقۆکێشی و کێشەی سەکسیەوە. گیرابوون، هەر لەولای ئەوانەوە. ناو ژوورە شیش بەندەکانیان پڕ لە گۆرانی و ژاوە ژاو کرد بوو، چەپڵەیان دەکوتا، سواری سەر شانی یەکتر دەبوون. بەدەم چەفیە و عەگاڵ هەڵشەقاندن، یا کاسکێت و قایش هەڵدانەوە. دروشمی بەرز بەرزیان بۆ هەڵدەدا. ئەوانی ژوورەکەی تەکیان، بازنەیان دەبەست و بەدەم هۆسە و عەتابە و هەڵبەستی فولکلۆرییەوە کردبوویان بەبەزمی خۆیان. ئەو کاتە باوکم لای لە هاوڕێکانی کردبووەوە:

– چەند خۆشە مرۆڤ وەك منال بێ، زوو شت لە بیر بکا!

– ئەکبەر: ئەی تۆ نەتوت ئێمە خۆمان لەگەڵیانا یەکلا کردۆتەوە. جا هەرچی دەبێ، با ببیَ؟!

– خودێدە: (کەراڕ) گوتەنی، دیارە ئەو خەڵکانە هەستیان بە شتێ کردووە. بۆیە وا کەیفسازن!

– باوکم: ئەوا خەریکە هەموو پەرتەی لێ دەکەن. بزانین دوای ئەمە چی دەبێ؟ بەم پێیە دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، پەیتا پەیتا گۆڕەپانەکەشی هەمان ڕەشبینی و کپی و چۆڵی جارانی بەخۆیەوە دیت، بۆ دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ، گۆرانی بێژ و سەماکەر و تیپی تەپڵ و مۆزیك، هەموو بارگەی خۆیان پێچایەوە. جگە لە گرتووی ناو ژوورە شیشبەندەکان و پاسەوان و گاردی دەست بە بیرە و قەد و کەمەر بە کێرد و قەمەوە کەسی تر نەمایەوە، هەتا ئەوساش هەموویان هەر سەرگەرمی چەقەنە لێدان و ژاوە ژاو بوون. لە سەربانەوە ڕا، بتڵە بیرەیەك بەگوڕ فڕێ درایە خوارەوە و لە تەك پلاتفۆرمەکەدا، وەك نارنجۆك تەقییەوە، بوو بە هەزار پارچە. ئەوانی خوارەوە کردیان بە چەپڵە و فیکە لێدان. یەکێکیان بە دەنگە گڕ و ڕەزا قوڕسەکەی خۆیەوە، بەرز هەڵیدایێ: هێشتان ئاهەنگ و خۆشی هەرماوە، کۆتایی پێ نەهاتووە دەی هەمووتان، هەمووتان دەنگی چەپڵەتان بێ، هەڵپەڕن، گۆرانی بڵێن. لەناو ئەم ژاوە ژاو و دەنگ و هەرایەدا، یەکێکی تێکسمڕاوی چوارشانە، خۆی کرد بەناو گۆڕەپانەکەوە، بەوردی هەموو تەڵ و شیش و بەندییەکانی خستە بەر تیشك و سەرنجی چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانیەوە. (خودێدە) لە جێی خۆی ڕاجفری، دڵی کەوتە خورپەو ڕاچەنین. (ئەکبەر) لەم خراپتر ڕاچڵەکی، دەتوت برووسك ئەنگاوتی، بەسەر سوڕماوی لەبەرخۆیا کەوتە قسەکردن: حەجاج...؟! ئەو کورد کوژە چی دەکا لێرە؟! ئەوە لە (نوگرە سەلمان) بوو.

– باوکم بە سەرسامی لای لێ کردەوە: بۆ، لات وایە ئێمە لە کوێین؟؟ ئێرە و ئەوێ چ جیاوازییەکیان هەیە؟

– خودێدە: ئەمە وەك سیسارکە کەچەڵە، بەدوای کەلەشی مردوودا دەگەڕێ. لەهەر کوێیەك دڵۆپە خوێنێکی ڕژاو هەبێ. ئا ئەلەوێ ئامادە دەبێ! سەیرە، چۆن هاتۆتە ئەم ئاهەنگەوە؟! دوا بە دوای ئەمەوە سێ کەسی تر بەدیار کەوتن، ئەوانیش هەر یاوەر و یاساوڵی ئەو بوون. (خودێدە) پشوو سوار و پەشۆکاوتر بوو، خوێنی کەوتە قوڵپەهێنان: دیارە جەلالادەکانی (نوگرە سەلمان) هەموو بۆ ئێرە هاتوون. ئەوەی لە نێزیك

(حەجاج)ەوەیە، ناوی (بەتتار)ە. ئەوە، هەموو جارێ بەزمانی خۆی دەیوت، من گوللە بەکار ناهێنم، ڕقم لە دەنگی بەرز و خێرا دەبێتەوە. حەز لە دەنگی نەرم دەکەم، حەز لەدەنگی لەسەرەخۆ و خرپەو هێواشی دەکەم، حەز لە کشوماتی و شتی بێدەنگ دەکەم.! من لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرك و کارەکانما، هەر شیر و چەقۆ بەکار دێنم، چێژ لە سەر پەڕاندن و ورگ هەڵدڕان وەردەگرم! چەند خۆشە کاتێ شیر دەوەشێنم، لەناو هەناوی یەکێکا خرپە دەکا، پاشان خوێن فڕکە دەکا، دواتر چاوی سپی دەبێ، من دەموچاوی ئەو مردووانەم لەلا زۆر جوانە، هەموو جارێ بەر لە گیان دەرچوونیان بزەیەك لەسەر ڕوخساریانا پەیدا دەبێ. ئاااه چەند لام دانسقەیە، ئەو جواناوە بە زۆری لە ڕوخساری گەنجەکانەوە بەدی دەکەم، بۆیە گەنجم زۆر خۆش دەوێ، کاتێ کە چەقۆی لە زگی ڕادەکەم، هێواش هێواش خوێن دەدەڵێنێ و منیش بەئەسپایی دەستی خۆمی بۆ دادەگرم تاتەنکە ئارەقەیەك سەر و ڕوخساری دادەپۆشێ، دوایە زەردە خەنەیەك. دواتر هەموو جەستەی شل و خاو دەبێتەوە، دەست دەکا بە لەرزە لەرز، پاشان بە نیوە مری بەلایەکا دەکەوێ. ئیتر هەر لەناو خوێن و خیزاوی خۆیدا دەکەوێتە مەلە و پەل کوتان. هەندێکیان زۆر درەنگ دەمرن، ڕوحیان زۆر قایمە، هەتا ماوەیەکی درێژ پەل دەکوتن، ئەملا و ئەو لا دەکەن، لەرز دەیانگرێ. ڕەنگیان بەهەزار جۆر دەگۆڕێ! ئای باوکە لەو کاتە من چەند دڵخۆش دەبم! درۆیە گەر چێژ و لەزەتێکی لەوە خۆشتر و لەوە بەتامتر هەبێ!

– (ئەکبەر) دیسان کەوتەوە دۆشدامان و ڕاجفرین. یاوەرێکی تری (حەجاج)ی کەوتە بەرچاو: ئەوەیان (سەیهوود)ە. ئەو ئافرەتەی (حەجاج) ئەتکی بکردایە، ئەو دووبارە پێدا دەچووەوە. زۆر چێژی لە خوێنی ئافرەت وەردەگرت. بەتایبەتی کچە عازەب و تازە پێگەیشتووەکان. هەموو جارێ لە بەرامبەر ئافرەتەکانا، لە بەرامبەر ئێمە و گیراوەکانی تردا. لەبەر دەرگای تەلبەندەکانا، بەخۆ بە بیرەوە هاتوچۆی دەکرد، بە دەنگە بەرز و سەرخۆشانەکەیەوە، دەیگوت من کوڕە بێستانچییەکەم، داری خورما و پرتەقاڵ و جۆرەها داری بەری ترمان هەیە، قەیسی، هەڵووژە، هەنار. ئەوانە هەموو گەلێ عەتابە و بووزیەیان بەسەردا وتراوە، بابەتی زیندان و شاعیر و هونەرمەندانن. بەڵام من لە هەموو هونەرمەندان و شاعیرانی جیهانی هەستم ناسکترە.! وەك ئەوان نیم. من زیاتر چێژ لەو سنگ و مەمکە وەردەگرم کە تازە پێگەیشتبێ، وەك سێو تازە ماتەی دابێ، بەڵام نەك هەروا بە ئاسایی بمێنێتەوە و تۆش سارد سارد دەستی لێ بدەیت و وەك پلاستیکێکی بێ گیان بیگوشی. نەخێر من وا بێ زەوق نیم، من ئەو کاتە چێژی لێ وەردەگرم، کە بەدەمە شیر و

تیغی تیژ تیژ یاری پێ بکەم، بە نووکە نێزە داغان داغانی بکەم، خوێنی لێ بچۆڕێتەوە، جا دەمی خۆمی پێوە بنێم، دڵۆپ دڵۆپ خوێنەکەی وەك هەنگوین بمژم. من گەلێ سنگی وام مژیوە، بە ددانەکانم کردوومەتە گۆمی خوێن، جا دەمم پێوە ناوە، خوێنەکەم مشتووە، هەر مشتوومە، هەر فرم کردووە، تا لەبن لێوما گیانی دەرچووە. هەموو جار (حەجاج) کە کچێکی وا منالکار لە ژێر لێوەکانما دەبینێ من ملچ ملچ خوێن و خێزاوەکەی دەمژم و ئەویش هەر لە زریکەی گریان دەدا، هەوڵ دەدا دەستی خۆی بکاتەوە، پێیەکانی خۆی بکاتەوە، هەر دەگری و هەر هاوار دەکا تا دەبوورێتەوە. ئەو کاتە وەك پارچە ئارمووشێ، وەك پەمۆی پەڕەکراوی لێ دێ، ملچ ملچ ئەو خوێنەی دەمژم هەتا سارد دەبێتەوە! هەموو جار (حەجاج) کە وام دەبینێ خەنیم دەکا بە ئافەرین و مادۆنی و بەخشش و دیاری! ئەوەی تریان (عاسیف)ە سەگەکەشی هەر لەگەڵایە. ئەو سەگەی تەنها لەسەر خواردنی گۆشتی ئادەمیزاد ڕاهێناوە. هیچ شتێکی تر ناخوا. گەلێ جار بەئەنقەست برسی دەکرد. ئەو سەگە وەك شێتانی لێ دەهات، دەکەوتە حەپە حەپ و کلك کوتان. دەچووە ناو گۆڕستانەکەوە، گۆڕێکی هەڵدەکۆڵی، تا دەگەیشتە تەرمەکەوە، جا سەری تێدەنا. (عاسیف) هەموو جارێ دەیگوت، چەند حەز دەکەم من و سەگەکەم یەك زەوق و ئارەزوومان هەبێ، هەردوو حەزمان لەیەك جۆرە خواردن و شتی ترەوە بێ. ئەگەر بێزمان لە شتێکیش بووەوە، لەلای هەردووکمان قێزەون بێ. ئەویش پەنجەکانی گەلێ لە کەڵبەی سەگەکەی تیژتر و بەکارتربوو، هەرجارێ وەك چەنگاڵ لە هەناوی بەندێکی گیرکردایە، یەك تۆپەڵ جەرگ و ڕیخۆڵە و گورچیلەی لەگەڵ پەنجەکانی خۆیەوە دەردێنا. ئەو لە لایەك و سەگەکەی لەلایەکی ترەوە، ئەو جەستە هێشتا نیوەمرەیان شەقوپیل دەکرد! گەلێ جار (عاسیف) و سەگەکەی دەبوونە مایەی تەسەلا و شەو بێرك بەسەر بردن. لەگەلێ ئێوارە خواندا، دەچوە کۆشکی فەرمانڕەوایی لە دەورەی حەوزە ئاوەکەوە، لەناو باخچەو فریزەکاندا دادەنیشتن. هەر بۆ شەو بەسەر بردن، چەند بەندێکیان لە گرتووخانەکانا دەردێنا. (عاسیف) و سەگەکەی تێیان بەر دەبوون! ئەو ناوە پڕ لە پێکەنین و تریقانەوە دەبوو! کە بەندییەکان لەناو باخچەیەکی تەلبەندا هەڵدەهاتن، وەك ماراسۆن، سەگ و (عاسیف) بە دوایاندا رایان دەکرد. بەڕاکە ڕاکە و هاتوو هاوار و پاڕانەوە و ناوی خواو پێغەمبەر هێنانەوە. لە تاو گیانی خۆیان هەڵدەهاتن. بەم پێیە هەر ڕایان دەکرد. هەر غاریان دەدا، تا هێلنگیان لەبەر دەبڕا، ماندوو شەکەت دەبوون و لە پەلوپۆ دەکەوتن. جا (عاسیف) بەسەریانا هەڵدەبوو، بە پێلەقە و بە پۆستاڵەوە سەرو

پۆتەلاکیان دەکوتایەوە. بەدار و حەیزەران، شڵپ و هۆڕ هەموو جەستەی شین و مۆر دەکردن. سەروەشێن دەبوون. گازی لە لووت و گوێچکەیان دەگرت، پڕ بەهێز و تینی ددانە زەرد هەڵگەڕاوەکانیەوە، برینی قووڵ قووڵی لەسەر ڕوخساریانا جێ دەهێشت. لەو لاوەش سەگەکەی قەلاندۆشکانی یەکێکی تر دەبوو، سەر و گوێ و کەپووی دادڕ دادڕ دەکرد. ڕوخسارێکی خوێناوی بێ گوێ و کەپوو بێ برۆ. هەندێ جاریش بەبێ لێو و چەنەگە دا خوراوەوە. ئا ئەم دیمەنە گەلێ دەبووە مایەی پێکەنین و تەسەلا. سەیرکەرەکان هەموو، بەدیمەنی واوە، لەجێی خۆیانا دەورووژان، لەبەر زنجیرەی پێکەنینەکانیانا هەناسە بڕ دەبوون. هەندێکیان کۆنترۆڵیان لەدەس خۆیان نەدەما، هەڵدەسانەوە سەر پێیان، دەستیان دەکرد بەتلیلی و چەپڵە کوتان. ئافەرین و دەستخۆشانەیان بۆ هونەر و لێهاتوویی (عاسیف) و سەگەکەی دەنارد.! منالْ و کۆرپەکانیان هاواریان دەکرد و دەیانوت: (دەی،...دەی.. دیسان. دەی دووبارە.. هەندێکی تریش بێنن، ئەمە یارییەکی زۆر خۆش بوو، هیچ ئەوەندە پێنەکەنیوم، هەندێ لە گەنجان زوومی کامیرای ڤیدیۆکەیان ئاراستە دەکرد و هەموو وێنە و دیمەنەکانیان تۆمار دەکرد.!» باوکم بەحەپەساوی پرسیارێکی ئاراستە کردبوون: (ئێوە چۆن ئەو هەموو شتانە، وا بە دوور و درێژی دەزانن،) خودێدە: (ئەوە شتێ بوو لە کەس شاراوە نەبوو) ئەکبەر: (ئێمە دەمێکە لەو بەندیخانەوە بۆ ئەو بەندیخانە ڕادەگوێزرێینەوە. شارەزاییەکی زۆرمان پەیدا کردووە!) خودێدە: (ئەوانە خۆشیان ئەگەر «بەتتار»ە ئەگەر «سەیهوود»ە ئەگەر «عاسیف»ە... هەموو جارێ بەدەمی خۆیان ئەو شتانەیان ورد ورد بۆ باس دەکردین، وەك بڵێی باس لە پیشەیەکی ئاسایی بکەن، ئاوا دەدوان و شانازییان پێوە دەکرد. خۆیان گوتەنی ئێستاش هەوڵ دەدەن، وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی ڕیزبەند بکرێن، دواڕۆژێکی بەختیار بۆ خۆیان دابین بکەن، خەلات بکرێن، ترومبێل و نۆتشوجاعە وەربگرن، مێژوو یاداشتیان بخوێنرێتەوە، پەیکەریان بۆ دروست بکرێ، شەقام و گۆڕەپان و ساختمانیان بەناوی هەڵدرێ، (حەجاج) لە هەموویان زیاتر تەماحێکی وای هەیە لەژیانا. هەر جارێ ئێمەیان کۆکردبایەوە، دەیوت کەس خەیاڵی خۆی خاونەکا، ئەوەندە خۆی گێل و نەفام نەکا، ئێمە هێزێکین بۆیە هاتووین، کە هیچ نەڕۆین و هەتا دنیا ماوە هەر بمێنین!

ڕۆژێ بەدەستی خۆی ئافرەتێکی تازە ئەنفالکراوی هێنا دەر، یەك وشە چییە عەرەبی نەدەزانی، هەر لەناو بەفر و ڕێواس و گوڵە مێلاقەی کوێستانا چاوی کرابووەوە.. بردیە ژوورەکەی خۆی، دوای ماوەیەك زیڕەیەك هەڵساو فڕێ ی دایە دەرەوە، چەند هەولێ دابوو

خۆی تەسلیم نەکردبوو، لە تۆڵەی ئەو سەرپێچییەوە، شەو لە ژوورێکی پڕ لە تەرم بەستایەوە، تا شێت ببێ و کۆنترۆڵی لە دەست خۆی بدا.! کوڕێکی تازە پێڕەوکەی لەبەر مەمکان بوو. لەبەر چاوی خۆی دایە بەر چەقۆ، پارچە پارچەی کرد. فڕێی دایە بەر سەگەکەی (عاسیف)ەوە، ئەویش هەر ئەو دەم ئەو گۆشتە ناسکەی هەڵگلۆفت. بەڵام دایکی هەر بەرگری لە خۆی کرد و نەتەی بەر نەدا! لە ئاکاما ئەویشی بۆ (عاسیف) و سەگەکەی جێ هێشت! سێ ئافرەتی تر، بەهەڵە بەگەڵ ها شاوڵی ئەنفالی فەیلییەکان کەوتبوون، دوای مانەوە و ئەشکەنجەدانیان، وتی ئێوە فەرمانی بەردانتان دەرچووە، ئێوە چیتان لە چیدا نییە! لەوێوە بۆ (سەماوە)ی ناردن، بە دوو پیاوی بەساڵاچوو (مەهلهەل) و (ئەبو مگوار)ی سپاردن. شەو هەرسێکیان بردە شوێنێکی چەپەك و لاتەریك، ویستیان سووکایەتییان پێ بکەن، بەڵام ئەوان دەستیان نەدا. وتیان: گەر وا نەکەن، ئێرە دەبێتە گۆڕستانتان، جارێکی تر چاوتان بە ماڵێ خۆتان ناکەوێتەوە. بەڵام ئەوان هەر سەریان نەهێنایە بەر «ئافرەتی باش بن، ئەو پلانەی (حەجاج) بۆی داڕشتووین دەبێ جێبەجێی بکەین. خۆی وتی ئەوان خواردنی من نین، ئەم جۆرە تەمەنە بۆ ئێوە باشە! ئێمە ئەگەر لەقسەی ئەو دەرچین شەتوپەتمان دەکا. بەدەردی (سەیهوود) و (بەتتار)مان دەبا! ئێستاش ئەوان چەند خۆشەویستن لەلای، چ یاوەری باوەڕ پێکراو و زەبر بەدەستن، بەرد بکوشن ئاوی لێ دێنن. کە جاری یەکەم لەلای دامەزران، زەلامێکی لەبەر چاویان سەربڕی، ورگی یەکێکی تری لەپێشیان هەڵدڕاند. هەردوو سەریان سووڕا، ڕشانەوە، گیانیان پڕ لە لەرز و ڕاچڵەکین بوو، لە هۆش خۆیان چوون! (حەجاج) سەیری پێ هات، لێیان تووڕە بوو: دیارە ئێوە تەنها بۆ مووچە وەرگرتن و لاف لێدان هاتوونەتە لای من، یا بەهەڵە بۆ لای من نێردراون! هەر ئەودەم لێ یان بەخۆکەوت، هەردووکی سزادان. چ جوێنی گەورەیە هیچ فەرهەنگێ بەخۆیەوە نایگرێ. ئاڕاستەی کردن: (چۆنە بنێرمە دوای دایك و خوشك و پلك و پلتوورتان و لەبەر چاوتانا هەموویان ڕووت بکەمەوە، یەکەم جار خۆم پاشان بۆ پاسەوانەکانیان جێ بێڵم. یاڵلا زووبن، تێیان بەربن، من چیم لێ کردن ئێوەش وایان لێ بکەن! ئەوە فەرمانە و فەرمانی سەربازی، ڕەتکردنەوەی بۆ نییە، گەر بە ئێوەش بڵێم وای لەحاڵتان گەر جێبەجێی نەکەن!؟) ئەم هەموو قسە لەوجڕ و جوێن و تەشەرانە، هەردووکیانی خستە ناو چەند ئەگەرێکی سەختەوە، بەدەم دۆشدامانەوە هەر لەبەر خۆیانا کەوتنە وردبوونەوە و قووڵبوونەوە! پاشان حەوت شەو حەوت ڕۆژ لە ژوورێکی پڕ لە مردوو جەستەی ورگ دڕاو و تەرمی پارچە پارچە کراوەوە کردن. شەو و

ڕۆژیـان لـەوێ بـەسەر دەبـرد. وەك بـازی ڕاو بـەدرێژایـی ئـەو حـەوت ڕۆژە چـاویـان بـەڕووناکـی نـەکـەوت. نـان و ئـاو و خـواردنـیـان هـەر لـە تـەك ئـەمـانـەوە بـوو، دەست بەئاوگەیاندن و پێویستییەکانیان، هەر لەناو ئەم ژوورە تەسك و ترووسك و داخراوەوە بوو، ڕۆژانی دوا دوایی، هەر دوو بەبۆنی بۆگەنی جەستەی مردووەکانەوە مێشکیان تێك چووبوو. ئەها ئێستاش سەیریان کەن بوونەتە چ پاڵەوانێکی جەربەزە و چاو نەترس...! (حەجاج) بێ ئەوان یەك هەنگاو نانێتەوە وەك سێبەر هەردەم لە گەڵیدان. گەلێ جار لـەسەر داوای (حـەجـاج) دەکـەونـە پـێشبـڕکـێ. ئـەوان پـێش سەگـەکـەی (عـاسیف) لـەتـە گۆشتەکان دەقۆزنەوە... ئێوە بەناوبانگن بەکەللە ڕەقی، بەڵام ئەو شتانە لێرە نایخوا، خۆتان لەدار و بەرد بدەن وازتان لێ نایـنین، واتان لێ ناگەڕێین، ناچارین! دەزانین (حەجاج) چاوی لێمانە، لە وێڕا دەمانبینێ، لەوێ ڕا گوێی لێمانە، بە چاو قوچێنێ شتی گەورە و بچووکی پێدەگاتەوە. زۆر شارەزایە لەو شتانە، زیرەکە لە کارەکەی خۆی نایەڵین لە پێوغامی ئێوەوە بە بەر غەزەبی «حەجاج» بکەوین، نان براو و ماڵوێران بین...! هیواداریـن تێمانبگەن، پێ لە کەلی شەیتان بێننە خوارەوە»، بەڵام هەر چەندی بە بەریان داکەوتن، هەر چەندی هەوڵ و برکیان دا. هیچ دەستیان نەدا. هەر لە داکۆکیکردن و بەرگری لە خۆکردن بوون، ئەمجارە لەڕقان عەگالیان لەسەری خۆیان کردەوە، کردیان بە قامچی... زرم. زرم. هەموو جەستەیان شین و مۆر هەڵگەڕاندن. ئەگەرچی دەگریان، هاوار و زریکەیان لێ هەڵدەسا، بەڵام هەر لەبەریان دانەهێنان، بەم هەڵوێستەیانەوە زیاتر ڕقیان هەڵسا. مەهلەهەل: دیارە ئێوە بە بێ دەسەڵاتمان دەزانن. ئەبو مگوار: نابێ هەروا کەللەڕەق بن، نابێ! چیتان پێ بڵێین دەبێ جێبەجێی بکەن. مەهلەهەل: دەنا دەبێ وەك سەگ بوەڕن. لەژێر زەبری قامچی و ئەشکەنجەداندا داوای گەلێ ڕەفتاری تری وایان لێ کردن. وەك مریشك بقیرێنن، وەك قاز قاژە قاژتان بێ، وەك مراوی بیکەن بە غاکەغاك. قامچییە ڕەشەکە لەسەر سەریان فڕ و هۆڕی بوو (ئەبومگوار) زیاتر داڕسایە سەریان: دەبێ وەك کەر بزەڕن. (مەهلەهەل) لەم خراپتر تینی بۆ هێنان، کەوتە وێزەیان: نانا وانا بلێ وەك ماکەر. وەك ماکەر! بەڵام ئەوان دەمێ بوو لە ژێر زەبری قامچییە ڕەشەکانیانا بوورابوونەوە. دەنگو هەرا هەرای پاسەوانە سەرخۆشەکان، فرمێسکی قەهر و تووڕەیی (خودێدە)ی سڕییەوە، لەگەڵ هاوڕێکانی گەڕایەوە ناو گۆڕەپان و ژوورە داخراوەکەیانەوە. دەنگ و دەهۆ و ڕەفتارە سەرخۆشانەکانی پاسەوان و گاردەکان، گەیشتبووە ڕادەیەك، لە هەموو بوار و سنووری گوێڕایەڵی و ئەو یاسا سەربازییەی کە خۆیان بڕوایان پێ بوو،

چووبووە دەرەوە.. هەموو ڕێسا و تخوبێکیان بەزاند، خەریك بوو هیچ دیسپلین و کۆنترۆڵی نەمێنی...

(حەجاج) هەتا هێزی تیابوو هاوارێکی لەسەر کردن، وەك فەرماندەیەکی سەر هێڵی سوور، فەرمانی دەکرد (کەس سنوور نەبەزێنێ) ئیتر ئەو ناوە کشومات بوو، بەندەکان هەموو سەراسیما و سەرسوڕماو بوون، چونکە ئەم ڕەفتارە هەر هۆڵی دەنگە قێزون و پۆپمیوزیکی ژوورەکانی ئەشکەنجەدانیان هێنایەوە یادیان...! هەموو کەوتنە بارێکی شڵەژاو و ڕەوشێکی نائاساییەوە، هەر کەسە بە زۆنگی ناخی خۆیدا دەچووە خوارەوە! (بەتتار) چەند هەنگاوێ لە (حەجاج) دوورکەوتەوە، چوو لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەوە هەڵگیرسایەوە، پارچە کاغەز و پێنووسێکی بەدەستەوە گرتبوو، تا دەمێ سەری بە پەڕە کاغەزەکەوە داگرت، پاشان بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد: (کەراڕ) لە کوێی، لە کامە ژوورە؟ هەر لە ژوورەوە (کەراڕ) بەڵێیەکی بۆ هەڵداو لە کەلێنی شیشەکانەوە هەتا توانی دەم و چەنەگە و ڕوخسارە پڕ لە گەندەموو خڕەکەی خۆی بۆ بردە دەرەوە. – بەتتار: دەرگای لێ بکەنەوە، بالێرە ئامادە بێ. ئەوکاتە (حەجاج) گۆڕەپانەکەی جێ هێشتبوو، هەر ئەو وەك فەرماندەیەك لە شوێنی خۆیا هەڵگیرسایەوە، لای لەملا و لەو لای خۆی کردەوە: ئێمە لە ئاهەنگی خۆمانا هەر بەردەوام دەبین. بەڵام دەبێ ڕێکوپێکی و هەمئاهەنگی زەماوەندەکەمان نەشێوێنین. (عاسیف) بەخۆ بە سەگەکەیەوە، بەدیار کەوتەوە. ئافرەتێکی ڕازاوەشی بەدواوە بوو، لە بەندیخانەی (خزەیریە)وە هێنابوویان. هەر لە زوویەکەوە ئارایش کرابوو، فستانێکی تیلم تیلمی درێژی لەبەر خۆی کردبوو، لەگەڵ ڕەبابەچییەکەی خۆیەوە، هەر کە پێی لەناو گۆڕەپانەکەوە نا کەوتە سەما و هەڵپەڕین. دیسان گۆڕەپانەکە ورووژایەوە، بووەوە بە چەپڵە و فیکە لێدانی پاسەوان و گارد و بەندییەکان. (حەجاج)یش لەشوێنی خۆیەوە ئۆقرەی نەما، بە سەرسووڕماوی کەوتە سەرنجدان و وردبوونەوە... خێرا خێرا لە ژوورەکەی خۆی دەرکەوتەوە، هەنگاوی بەپەلەی بۆ لای نایەوە. بە سەرسوڕماوی لێی نێزیك کەوتەوە، لە بەژن و باڵای شلك و ڕوخسارە ڕەنگ پەمەییەکەی خەفتی. هاوارێکی جوێنئامێزی لەدەم دەرچوو: چاوی ئەو پۆلیسە کوێربێ کە تۆی بۆ بەندیخانە بردووە. دەست و قەڵەمی ئەو دادوەرە بشکێ کە تۆی لە بەندیخانە هێشتۆتەوە. من تەمەنم لە (سیحاج) و (حەیتەرەب) بەسەر بردووە، تا ئێستا پەپوولەیەکی وا ناسکم نەدیوە! ئەوانی دەوروبەریشی لەم زیاتر سەر گەرم و سەرسوڕماو ببوون! هەرا و هۆریا و فیکە و گۆرانی، دەنگی (حەجاج)یشیان قووت

دایەوە. ئیتر بەزم گەرم بووەوە، لەملاوە، ئەوانی ناو ژووره داخراوەکان. گیرفانبڕ و چەقۆکێشەکان دیسان سواری شانی یەکتر دەبوون و بەدەم چەپڵە کوتان و ژاوە ژاوەوە. هەراسانیان لێ هەڵگیرابوو، قسەی سەیر سەیر و بزۆزی و جوولەی ناشیاو، ڕەفتاری سادە و بێ مانایان... گوزارشتیان لە پێگە و کردەوە و تاوانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەکردەوە! لەناویانا دەنگێکی بەرز کەوتە بەرگوێ: (ئەو ئێوارەیە یا سبەی، بەیان و دەنگوباسی خۆشمان گوێ لێ دەبێ. گەر دەریشبچین هەر لە زەماوەندی خۆمانا بەردەوام دەبین. لە ماڵی خۆشمانا لەگەڵ دایك و باوك و براکانمانا هەر دەیکەین بە ئاهەنگ و ئێستاش درێژەی پێ دەدەین، هەر لێرەوە ستایشی سەرۆك دەکەین. هەر لێرەوە درووودی بۆ دەنێرین. لەناو جەرگەی ئەو زەنا زەناو گەڕە لاوژەیەدا. (کەراڕ) لەناو گۆڕەپانەکەوە پەیدا بوو. هەر لە ژوورەوە پێکێکی وێسکی درابووە دەست. جار جار دەمی خۆی پیا دەنا، چوو لە بەرامبەر ئافرەتەکەوە دەستی بەسەما کرد. کە پێکەکەی هەموو هێنایە خوارەوە، گەرمتر دەستی بە خۆبادان و هەڵپەڕین کرد، پەنجەی لە پەنجەکانی تێکپەڕاند، لەسەر نزمی ڕمبە و ئیقاعی دمبگەکەوە، هەر دوو بەیەکەوە شانیان بادەدا، پێکەنین و ئافەرین لێکردن و ئاخ و ئۆفی سێکسئامێز... (حەجاج) و پاسەوان و گارد و گەنجەکانیان ورووژاند، ئیتر گۆڕەپان بوو بەیەك پارچە لە دەنگی چەپڵە و فیکە هەڵدان و گۆرانی وتن. دار و بەرد و شووره تەلبەندەکانیش کەوتنە ڕەوشی سەرخۆشی و مەستی! دوای ئەوەی ئافرەتەکەش ڕۆڵی خۆی بەسەر برد، گۆڕەپانەکەی بۆ (کەراڕ) بەجێ هێشت. ئیتر ئەو بوو بەئەستێرەی ناو گۆڕەپانەکەوە! پێکە وێسکیەکەی زۆر بە گوڕ هێنابووە خوارەوە. سادە و بێ مەزە. پەیتا پەیتا لەگەڵ خوێنی تێکەڵ دەبوو. کاری لە ڕۆیشتن و جوولە و سەماو هەنگاو هەڵهێنانەوەی دەکرد. بەرە بەرە شل و خاو دەبووەوە، گەرمی خۆرەکەش خامۆشتری کردبوو. تا دەهات ڕەتی دەبرد، لێرە و لەوێ هەنگاوی ناڕێکی دەنایەوە. پاسەوانەکان هەر بەدوایەوە بوون، جار جارە یارمەتییان دەدا، تا هەر بەردەوام بێ. هەر بەم شێوەیە کۆڕ و بەزمیان بۆ گەرم بکا، زیاتر ببێت بە مایەی تەسەلا و زەوق و ڕابواردن و ئەوانیش هەر ئاوا دەم بە فیکە و دەست بە چەپڵە بمێننەوە و هەر لە زەوق و پێکەنینی خۆیان بەردەوام بن. یەکێ دەستی لە شانی دەدا، یەکێکیشیان ناوە ناوە بەرداخێ ئاوی ساردی دەهێنا و بەسەریدا دەڕژاند.

(کەراڕ) لەوەیا نەمابوو، وەك بابردەڵەیەکی سەرگەردان کەوتبووە بەردەم ڕەشەباوە! کێ دەڵێ ئەوکاتە لەناو سەریفەکاندا گۆزەری نەکردووە، یا لە دەم گۆمێکی پڕ لە کەناری

و ماسی ڕەنگاو ڕەنگەوە، چاوەڕوانی کچە مامەکەی خۆی نەکردووە، چاوی نەگێڕاوە... یا بەخۆ بە مەشحووفە باریکەکەیەوە، وەك تیر ئاوە مەنگەکەی نەبڕیوە و تۆڕە ماسییەکەی هۆ. لێرە و لەویٚ بڵاو نەکردۆتەوە، ژوور و شیش و تەلبەند و زیندانی تاریك و کورسی کارەبا و بتڵ و قامچی و کێبڵ و فەلاقە و پانکە و پەتو سێدارە. هەمووی نەکەوتۆتە دواوە و نەبووە بە لاپەڕەیەکی زەرد و ڕزاوە! خۆی وتەنی هەمووی نەبووە بە (سوالف)...! کیٚ دەڵیٚ دیسان دڵی خەبەری نەداوە و پێی نەوتووە لێبووردنی گشتی نزیك بۆتەوە، وەك کۆرپەیەکی تازە چاو ترووکاو ئەوەندەی نەماوە بێتە دنیاوە. ئەوا لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆیەتی! هەر بەم ئاوایە پەیتا پەیتا جوولە و هەنگاوەکانی سست دەبوونەوە! پاسەوانێکی دەبە بەدەست، خۆی لیٚ نزیك کردەوە، گلاسێکی بۆ پڕ کرد و خستیە سەر دەمیەوە، ئەویش هەر یەکسەر هەمووی هێنایە خوارەوە، هەر دوای ساتیٚ کردی بەکۆخە کۆخ. بۆنی بەنزین بەم ناوەدا بڵاو بووەوە، دەمی هەڵاوەی لیٚ هەڵدەسا. بۆنی بەنزین بەلووتی بەندەکانیشەوە پژا، لەناویانا، کاردانەوەی ئەم کارە بوو بە هۆی چەند ناڕەزایی دەربڕینێك: (ئەمە بۆ. ئەمە بۆ! ئەمەیان مانای چییە؟ کەی گاڵتەی وا کراوە، کەی گەمەی وا لەگەڵ بەنزین کراوە؟ بەم هاوینە، بەو قرچەی گەرمایە، چۆن دەبیٚ یاری بە بەنزین بکریٚ؟! خۆزگە نەیخواردبوایەوە، خۆزگە دەرخواردیان نەدابایە، ئێستا سەرخۆشە، ئاگای لە خۆی نییە. بەڵام با بەخۆ بێتەوە، ئەو ساکە هەست بە ئێش و ئازار دەکا! چەند جوان سەمای دەکرد، ملی بادەدا، ئەو ڕەفتارە، بەزم و خۆشییەکەی لیٚ تێك داین. زیاتر ساردی دەکاتەوە، دەیشڵەژێنیٚ، هەر بزانە سەری سووڕا، ڕشایەوە، لە شوێن خۆیا کەوت و بوورایەوە... ئیتر ناتوانیٚ چیتر سەما بکا، چیتر هەڵپەڕیٚ. توخوا ئەمە بۆ وای لیٚ کرد. هەر بزانە ئەو کەوت و ئێمەش لەزەوق و پێکەنین کەوتین، لە چەپڵە و چەقەنە لێدان کەوتین، هەر دوای چەند خولەکێکی ترە و دەبیٚ بیگەیەننە لای دکتۆر، ناو ڕیخۆڵەی بشۆنەوە!) پاسەوانێکی تر گلاسە بەنزینێکی تری بەسەر دەمیدا قلّپ کردەوە، تلّپی لیٚ نەهێشت، لە پێکە وێسکییە سادەکەی زووتر هێنابوویە خوارەوە... یەکی تر و یەکی تر... هەر بەم ئاوایە هەوڵیان لەگەڵ دا تا یەك دەبە بەنزینیان پیٚ هەڵقۆڕاند. (حەجاج) و یاوەر و پاسەوانەکانی سەربان و ئەوانەی خوارەوە، گاردە کەمەر بە نێزە و نارنجۆك و سەر سنگ پڕ لە ئێدەگە فیشەکەوە. هەموو سەیریان دەکرد، لێی ورد دەبوونەوە.

(کەراڕ)یش پەیتا پەیتا هێزی بەردەدا، لە جموجۆڵی خۆی دەکەوت. هێڵنجی دەهاتیٚ، ڕەنگی دەپەڕی! یەك دەبە بەنزین! ڕیخۆڵە و هەناوی وەکوڵ هێنابوو، ئاگری تیٚ بەردابوو.

(بەتتار) دەبە بەنزینێکی تریشی هێنا، هەندێکی بەسەر دەمیەوە کرد، لەویشا چەند مژێکی لێدا، ئەوەی تریشی بەسەر و پۆتەلاکی دارژاند. بوو بە پێکەنین و هەرایان! ئا ئەلێرەدا، ئەم رەفتارانە، ئاهەنگ و بەزم و رەزمەکەی بە رەوشێکی تردا هەڵگێرایەوە. بەندی و پاسەوانەکان بوونەوە بە دوو لایەنی دردۆنگ و لەیەك جیا، دوریانێك لە یەکی دابراندن. ئەو زەماوەندە خۆش و دڵهەژێنە، تا دەهات واتا و شێوازێکی چەواشەی بەخۆوە دەدی! ئەوان وەك جاران بەرز پێدەکەنین و گۆرانییان دەوت، بەرزتر چەپڵەیان دەکوتا. بەڵام بەندەکان بوون بە ئاوری ئاو پێداکراو... بە سەدەمی ئەو کارەوە لە ژاوە ژاو و بەزم و رەزمی خۆیان کەوتن، ئەوەی خەندەو پێکەنین بوو لەسەر روخساریانا سرایەوە. (کەراڕ) لە جاری پێشوو زیاتر دەستی کرد بە کۆخین و دەم و چاو هەڵپشاوتن، تا ئەوساش هەر دەیویست بەرگری لە خۆی بکا، خۆی راگرێ و هەر بەردەوام بێ. بەخۆ و بەجل و بەرگی لە بەنزین هەلاتووەوە، هەر هەڵپەڕێ و هەر سەما بکا، دەیویست ئەوەی کە بەدڵیدا هاتووە راست دەرچێ، گەرەکی بوو هەروا بەو سەرگەرمییەی خۆیەوە، هەر بڕوا و هەر بڕوا، پێ هەڵێنێ، بفڕێ. تا لە ناو مەرز و بووم و خانەزانەی قامیشەڵان و پووش و پەڵاش و چڕگەنەکاندا (شوێبە)ی لێ پەیدابێ، بەدووان لەناو گۆمێکا خۆیان نقوم کەن، بیکەن بە باسکە مەلە. تا ئەلەوێ سەری گەرمی لەتەك (شوێبە)ی دەستگیرانی و ماسییەکاندا بهەسێنێتەوە. (خەییول)یش لە نزیکیانا بەکلك بادانەوە چاوەڕوانیان بکا. جا هەموو بەیەکەوە بەرەو ماڵ، بەرەو (دیرالملالح) بچنەوە، هەموو بەیەکەوە ڕێگای بەرەو مەڵبەندەکەیان بگرنە بەر، بەرەو ڕووناکی، بەرەو بەهەشت!

(حەجاج) بە بزەیەکەوە، چەند هەنگاوێ لێی نزیك کەوتەوە، شخاتەیەکی لە ناو گیرفانی دەرهێنا، هەر لەناو دەستی خۆیدا هەڵگێر و وەرگێری دەکرد. بەئەسپایی دەنکە شخاتەیەکی بە ئاگر کرد و بۆی هەڵدا.! کەراڕ، کەراڕ! ئەوەی دڵی وتبووی، ئەوەی خەونی پێوە دەدی، ئەوەی خۆزگە و ئاواتە زیندووەکانی ژیانی لەبەر چاو ڕووناك کردبوو! ئاوات و خۆشی و ختوکە و سۆز و قسە سەرەڕۆکانی، سەرگەرمی و هەڵپەڕین و سەما سەرنج ڕاکێشەکانی، هەمووی پێچرایەوە، هەمووی بوو بە خۆراکی ئاگر! ئەمانە و خۆی و دوارۆژی کتوپڕ بوون بە تۆپە ئاگرێ. هەر لە بنی پێی هەتا تەوقە سەری، بوو بە قەقنەسێکی گڕ گرتوو! لە سەرەتاوە، وەك کەژاوە ئاگرینەیەك بەملا و بەولادا خۆی ڕاتەکاند، وەك بە لەمێکی باڵدار کەوتە بەر شەپۆڵی ئاگر، هەوڵی دەدا، دەیویست پۆشاکی ئاگر لە خۆی داکەنێ، ئای لە بۆ گۆمە ئاوێ!! ئێستا گەر لەوێ بوایە، دەمێ بوو کەناری

و ماسییە پوولەك نەخشینەکان ئاگرەکەیان کوژاندبووەوە. گڵپەی ئاگر هەر دەهات و هەڵدەسا، تینی دەسەند، نێڵە نێڵی دەهات. ئەو چرکەساتانە دەبێ چەند ساڵ درێژ بووبن لەلای ئەو، دەبێ چ ئێش و ئازارێکی پێ گەیشتبێ، تا ئەو چرکە ساتانەش هەر ئاگای لە خۆی بوو، هەر بێدار بوو، هەر لە داکۆکیکردن و بەرگری لە خۆکردن بوو. چەند هاوارێکی بەرز و هەڵقرچاوی لەدەم دەرچوو، بە هەنسك و بانگکردنی گۆڕ غەریب ئامێزەوە، چەند جارێ بانگی دایکی کرد، دواتر باوکی. تا دوا هیمداد و هاواری بەناوی (شوێبە) کۆتایی هات. دەنگێکی سووتاو و قەرەبرووت.

ئەم ناوە پڕ بوو لە بۆنزوور و گۆشتی هەڵقرچاو، بۆکرووزی قژ و پرچی هەڵکرووزاو، پێستی پڕ لە پۆرگ و پفکە و زلزڵەی گۆشتی برژاو. هەموو چاوەکان سەیریان دەکرد. پاڵەوانێکە و لەگەڵ ئاگرا کەوتۆتە شەڕ! پێت و بڵێسەی لەناو گلێنەی چاوەکاندا تیشکیان دەدایەوە. هەندێ پڕ هەڵماو هەندێ پڕ لە فرمێسك و سەرسوڕمان، ئەویش هەر گوڕی لێ هەڵدەسا، هەر هەڵایسا، هەر پەنما، هەر ئەستوور بوو. دەبە بەنزینەکەی ناو ڕیخۆڵەکانیشی، گەرمی گەیشتێ، گڕی گرت. بوو بە ڤۆڵکانێکی هاروهاج، هەر هەڵایسا. هەموو چاوەکان فرمێسکیان هەڵدەوەران، هەموو قوڕگێ پڕ بوو لە لەرز و گریان. ئەو دەست و پەنجانەی کە دەمێ لەوە پێش چەپڵەیان دەکوتا و فیکەیان پێ ڕادەنا. هەموو سڕ هەڵگەڕان، پڕ لە لەرز و ڕاچڵەکین بوون، (حەجاج) و پاسەوانەکانی نەبێ، هەر چاوەڕوان بوون. هەر سەیریان دەکرد. ئەویش ببوو بە تۆپ ترەقەیەك، هەر بەم لاو بەولادا دەکەوت، وەك تیسکەی گوللە خۆی بەدار و دیوار دا دەکێشا، بەڵام گوڕیە ئاگرەکە دای بەزەویدا، پەکی خست، هەر هەڵایسا، هەر هەڵایسا، وەك بۆمبایەکی عنقودی، تەقی. گرمەی هات. بوو بە گەرووی ئاور پژێنێك، ئەو ناوەی پڕ کرد لە دەنگ. لە بۆنزوور لە زوخاڵ... (کەراڕ) بوو بەچەند لەتە گۆشتێکی برژاو، هەر بەو گەرمی و سووتاوییەی خۆیانەوە، بەتاق و دیوارە کۆنکریتییەکانەوە نووسان. هەتا لەناو ژوورەکانیشا بوو بە پرووشك و ئاگرباران، (کەراڕ) بوو بە گەردیلەی عوجاجێك، هیچ بیابانێ تۆز و گەردەلوولی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، بەسەریاندا هاتە خوارەوە، بوو بە بارانێکی سووتاو و بەسەریاندا بارییەوە. لەگەڵ تەقینەوەی سەر و گەردەملی بەیەکەوە بوو بە سەرکە بزۆتێ، لەسەر ئەرزە کۆنکرێتییەکەوە، هەتا دەمێ گلۆربووەوە، هێشتان هەر گڕ و زوخاڵی لێ هەڵدەسا. لوولاق ورانە برژاوەکانی، بەزیوێڵە گۆشتێکەوە هێشتان هەر بەیەکەوە لکابوون. بەڵام لەگەڵ گرمەی (کەراڕ)دا، بۆ دوور دەرپەڕیبوون، توور هەڵدرابوون، تا ئەو ساش

پـێیـەکـانـی هــەر دەجـوولان، جـوولـەیـەکی بـێ خشپـە خشپ، جوولـەیـەکی لـەسەرخۆ و دزڕەوانە، وەك ئەمەی کە شەوان لە دەوروبەری ماڵی (شوێبە)ی کچە مامی دەنایەوە، ئاوا قاچەکانی چەند چرکە ساتێ هەر دەجوولا و دواچرکەی زیندەگانییەکی سووتاوی لێ دەتکایەوە. لەولا ترەوە، هۆ لەوسەر گۆڕەپانەکەوە، باسك و دەستێکی بە پەنجەوە، هێشتان هەر زیندوو بوون، هێشتان هەر ژیانیان تێدا مابوو. پەنجەکان وردە وردە دەجووڵان، وەك بڵێی دەنکی مرواریيەکان ڕێکخاتەوە و مشتومالّیان بکا. تا لە ملی (شوێبە)ی بکا.

پاسەوان و گاردەکان. هەر لەگەڵ تەقینەوەی (کەڕاڕ) دا دەستیان کرد بەچەپڵە لێدان، فیکە ڕانان، قاقا پێدەکەنین و دەتریقانەوە. چیتر نەیانتوانی بەرگەی درۆ بگرن، گەڕانەوە سەر حەقیقەتی خۆیان. دەمێ بوو چاوەڕوان بوون، ئەو دیمەنەی کە خۆیان چۆنیان دەویست، وا دەربـچـێ. سەگـەکـەی (عـاسیـف) پـەلامـاری بـرد. ویستـی گـاز لـە گـۆشتـە برژاوەکەی نەرمەی ڕانی بگرێ. بەڵام (عاسیف) پێشی لێ گرت، بەتووڕەیی لێیخوڕییەوە، بەدەم و لووت گرتن و قێزکردنەوە، لە گۆشت و پێستە لە یەکدا ماڵراوەکانەوە، لای لە سەگەکەی کردەوە: (لە کەیەکەوە بووی بە گەندە خۆر. شتی گەندە کەی خواردنی تۆیە، کەی برسیتیت دیوە تا ئێستا، لەترسانا بیر لە گەندەڵی و لە گەندەڵخۆری بکەیتەوە؟! ئەمە و تۆ؟!)

(حەجاج) بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد: (بەتتار) (سەیهوود). بەچاو قوچێنێ لەبەر دەمی ئامادە بوون. (عاسیف) بەدەم ئیکلام و دەست لەسەر سنگ دانانەوە، وازی لە سەگەکەی هێنا، بەرەوڕووی چوو. (حەجاج): دوایە هەموو وێنەکانم پێ پیشان دەن، بزانم چۆن دەرچوون.

– بەتتار: گەورەم، کامیرامانەکە جێی ترس نییە، هونەرمەندێکی گەلێ کارامە و شارەزایە، خۆی بەڵێنی پێداوین، هیچ لەقتەیەکی بە فیڕۆ نەدا. بە دوو کامیرای ڤیدیۆوە هەموو دەنگ و ڕەنگ و دیمەنەکانی تۆمار کردوون! دەم و چاوە کۆمیدی و سەیرەکەی، سەمـاکـردنـەکـەی، سەر خـۆشی و مـل بـادانـەکـەی، بـەنـزیـن خـواردنـەوەکـەی، دەنـکـە شخـاتـەکـەی جـەنـابـتـان. ئـەمـەیـان هـەر زۆر جـوان دەرچـووە. گـوڕیـە ئـاگرەکە، دەنگی تەقینەوە و پەرش و بڵاوبوونەوەکەی. هەر باسی ناکرێ.

حـەجـاج: کـەواتـە لـە پـێشبـڕکـێی ئـەمساڵدا شتـێ بـە شتـێ دەکـەین... پلـەیـەکی بـاش وەردەگرین!

– بەتتار: بێگومان گەورەم بێگومان.

– حەجاج: چەند ساڵە هاوبەشی لەو پێشبڕکێیە دەکەم، هەر پێم دەوترێ هێشتان تۆ لە هونەری سزادانی جەستەیی و سایکۆلۆجی ماوتە. تاوانبار و بەندەکانت هێشتان لە تەکتیك و شێوازەکانی تۆ بەهێزترن. کەرەسە بەکارهێنان و وڕووژاندنی هەڵوێستەکانی. هێشتان لە جێی خۆیان نین. لەم ڕووەوە ئەزموون و شارەزاییەکی زۆر پێویستە کە مرۆڤ هەیبێ، تۆ و ستافەکەت هێشتان پێویستتان بە کۆڕس و مەشقی ترە کە ببینن، هێشتا نەگەیشتوون بەو ئاستەی کە ئێمە پەسندی بکەین...! هیوادارم ئەوساڵیش زمانکورت و شەرمەزار دەرنەچم، بەدڵێکی خۆش و بە سەربەرزی لە کۆشکی سەرکردایەتییەوە بێمە دەر.

– سەیهوود: ئەو جارەیان دڵنیابە! بێگومان گەر یەکەمین دەرنەچین پلەی دووەم هەر دێنینەوە.

– بەتتار: پرۆگرامی ئەو جارەمان گەلێ تێر و تەسەلە! زۆر بە وردی نەخشەمان بۆ کێشاوە!

– حەجاج: پاریش ئەو قسەیەتان کرد، پێراریش واتان وت، کەچی لەوێ چاوم هەڵنەدەهات، گەلێ بەزەییم بەخۆما دەهاتەوە. بەسەرشۆڕی لەوێ هاتمە دەرەوە.

– سەیهوود: گەورەم منیش دڵنیات دەکەم. منیش دەڵێم، بابەتی ئەوجارەمان دەیهێنێ کە پلەیەکی باش وەربگرین.

– حەجاج: ئەوەی پلەیەکی باش لەم هونەرە وەربگرێ، پارووی دەکەوێتە ڕۆن! ئێمە و مانان هەر ئەو پێشبڕکێیەمان لە پێشە، پێشمان خات، ئەمە گەلێ بەخێر و بەرەکەتە ئەو کەسەی لێی سەرکەوێ. دوو نۆتی شوجاعە، سووپەرێکی نوێترین مۆدێل، پارچە زەوییەکی زۆر چاك، بلێتی سەفەر، کراوە بۆ هەموو جیهان، بە هەموو ڕێگایەك، هەتا سێ مانگ... پارە و ئافەرین و متمانەی سەرکردە و لێپرسراوەکانیش هەر هیچ. ئەوە، هەتا هەتایە بۆ خۆم و بۆ ماڵ و منداڵیشم دەبێتە ڕەسیدێکی باش و شکۆمەندانە.

لەناکاو سەری خۆی هەڵبڕی، خۆی لەم خولیاو خۆزگانەوە پچڕاند. دەم بە بزە و کەیفێکی سازەوە، لای لە مەلا و لەو لای خۆی کردەوە، لەناو ئاپۆڕای گاردو پاسەوانەکانەوە، ئافرەتێکی تری کەوتە بەرچاو. دەم بە پێکەنین و گۆرانی، دیسان بووەوە بە بەزم و ڕەزم. ئیتر گۆڕەپانەکە پڕ بووەوە لە دەنگی تەپڵ و دمبگ و چەپڵە و زەنا

زەنای پاسەوانەکان. هەرچی بۆنزوور و بۆنی بەنزین و بۆنی گۆشتی برژاو. بۆنی ئاگر. هەبوو، هەمووی لەگەڵ کزەباکەوە تێکەڵ بوو. لاپەڕەی دیمەنە ناشرینەکان سڕایەوە، (کەراڕ) بوو بە چەند پڕووشکێك و بوو بەهەڵم، ئەوەی لە جەستەکەشی مابووەوە، پارچەی دەست و قاچەکانی، گەردەمل و کاسەی سەرە داڕووشاوەکەی هەموو وەك سێڵاوی بورکانێك، لێرەو لەوێ سارد ببوونەوە و ڕەش داگەڕابوون، هەتا دەمێ، بەسەرگەرمییەوە سەیری هەڵپەڕین و سەما و بەستە و گۆرانییەکانیان کرد. دوای ئەوەی ڕۆڵی ئەوانیش کۆتایی پێ هات، ئافرەتێکی تر گۆڕەپان و پاسەوانەکانی ورووژاندەوە. هەتا ماوەیەك سەرگەرم و سەراسیمای کردن، بەجۆرەها جوولە و ڕەفتاری لەسەر دەنگی مۆزیقاوە، سەما و شان جوولاندن و سەر داخستن و سەر بەرزکردنەوە و بە قژ یاریکردنەوەی بە ئەنجام گەیاند، پاسەوانەکان هەموو هەوەس و کەیفە سەر گەرمانەکەیان، لەگەڵ قرچەی ئەو هاوینەدا تێکەڵ بەیەك کردبوو. هەموو ئارەقەی ڕەش و شینیان پێدا دەهاتە خوارەوە. دەموچاویان وەك گوو کوورە، چەورایی و ئارەقەیان دەردەدا لەبەر تیشکی خۆرە بەتین و تاوەکەدا وەك زبڵدانێکی پڕ لە خۆڵەمێش. سەر ڕوومەتیان کونجر کونجر ببوو...

دوا بە دوای ئەمەوە، ئافرەتێکی بەژن باریك، منداڵە شیرە خۆرەکەشی بەخۆ بە مەمەکەیەوە لە باوەش گرتبوو. لەلایەکی گۆڕەپانەکەوە، کز کز بەدیارکەوت. گەلێ هیلاکی و ماندوویێتی پێوە دیار بوو، جێپەنجەی ئازار و ئەشکەنجەدانی لێ بەدی دەکرا، دیاربوو بە قژ ڕاکێشان و لێدان و کوتانێکی زۆرەوە لە دوای خۆیان ڕاکێشابوو.! دیمەنی ئەو ئافرەتە، هەموو بەندییەکانی ساردتر هەڵگەڕاند، نیگەران و خەمبارتری کردن. بەڵام لەلای ئاپۆڕای یاساوڵ و گاردەکانەوە، بوو بە چەپڵە و دەنگە دەنگ: (کا کات، کا کات... ئەوانیش جوان هەڵدەپەڕین، دەنگیان خۆشە، سەرنج ڕاکێشن. دەبا بزانین... ئا...ئا..ئا ...ئافەرین کاکات، کاکات کاکات ئافەرین کاکات!) لەگەڵ ئەم دەنگانەدا (بابە شێخ) ڕاجفری.. (ئەکبەر و خودێدە) ڕاچڵەکین، باوکم وەك دەگێڕنەوە، تا ئەو ساکەش هەر سەری خۆی داخستبوو... لای لە ملا و لەو لای خۆی کردبووەوە، بە سەرسوڕماوی و بڕست لێبڕاوییەوە کەوتبووە ڕوانین و سەرنجدانی ئافرەتەکە و کۆرپەکەی باوەشیەوە. ئەم دیمەنە خەمناکە خورپەی لە دڵی هێنابوو.! ئافرەتێکی ڕوخسار پەنماو و قژ و پەرچەم تێکەڵاو، ڕەنگ پەڕیو و قورگ پڕ لە گریان، چاو پڕ لە ئاگر و قین! پاسەوانێ فیکەیەکی بۆ هەڵدا، پاشان لای لێ کردبووەوە: (روجکار) دیارە تۆش دەنگت خۆشە،

جوانیش سەما دەکەی، ئافەرین (روجکار) ئافەرین... ئادەی، دەیزانین، دەی، تۆش هونەر و بەهرەی خۆتمان پیشان دە! دەی ڕوجکار دەی دەی کاکە. دەی! باوکم بە دەم تێڕامانەوە و سەرنجدانەوە، کە ئەم ناوەی گوێ لێ ببوو، داچڵەکیبوو. بە سەرسوڕماوی لای لە هاوڕێکانی کردبووەوە: ئاااااخ ماڵی وێرانم، ئەوە (ڕۆژگار) خانە. یازووخ، هێشتان هەر ماوە! سەیرە، دەمێکە فەرمانی لە سێدارەدانی دەرچووە. ئەی چۆن هەتا ئێستا هەر هێشتوویانەتەوە!)

(بابە شێخ) بە پرسیارێکی نیگە ئامێزەوە لای لە باوکم کردبووەوە:

– تۆ بڵێی ئەویش بڕەقسی؟!

– کریفۆ تۆ چی دەڵێی؟! ئەوە پاڵەوانێکی وایە، دەرمان خواردوویان کردبێ شتی واناکا. (ئەکبەر و خودێدە) لەناو تەمومژی ئەو دیمەنە گورچکبڕ و نیگەرانییەوە. بە وەڵامەکەی باوکم فەرامۆشییان هاتبووەوە بەر و زەردەخەنەیەکی تەنکیان لەسەر روخسارا پەیدا بووبوو، باوکم درێژەی بەقسەکانی خۆیەوە دابوو: (ئەمە خۆی پێشمەرگەیە، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، ڕێبازی خەباتی چەکدارانەیان بۆخۆ هەڵبژاردبوو. لە سەردانێکدا لە ژوورەوە دانیشتبوون، کاتێ لەپڕ بە هێزێکی گەورەی لە جاش و سەرباز ئابڵۆقەدران. دوای شەڕێکی قورس، لەناو سەنگەرەکانا دەستگیر کران...! خۆی و مێردەکەی و خەزووری، زۆر نەبەردانە جەنگین. لە سەرەتاوە مەفرەزەیەکی جاشیان بەسەردا هەڵبوو، هەموو قەڵاچۆ کران. وازێکی عەسکەری چوو، چوار سەرباز و ئەفسەرێکی تێدا بوو، لە کەمینێکا لێیان هاتنە دەست، بەجێبەکەوە ئاگریان تێبەردان. شەڕ گەورە بوو، ناقیلە و زیلی عەسکەری ئەو دەوروبەرەی هەموو تەنییەوە. شوێنەکەی ئەوان گەلێ سەخت و نەپەن بوو، پڕ لە گابەرد و هەڵەموت بوو، توانای جوولە و ئەملا و ئەولا کردنیان هەبوو. بە دووربین تەماشایان کرد (جێب قیادە)یەك دەیەوێ لە پەنایەکەوە کەنار بگرێ و بکەوێتە پلان داڕشتن. ئامر فەوجی هێزە سەربازییەکانی تیا بوو، هاوسەرەکەی دەستی دایە قەنناس و نیشانەی لە تەختی نێوچەوانی گرت، بەسەر پشتدا وەری گێڕا. جێگرەکەی لەلایەکی ترەوە سواری زرێپۆشێ بوو، لەگەڵ شەش سەربازی ترەوە. بە هۆکی تۆکییەکەی دەستی فەرمانی دا کە ئەوانی تر (سەد ناری) بۆ بکەن، تا دەچێ لەسەر سەریان ئامادە دەبێ! ئەو تاوانبارانە نابێ وابە ئاسانی بە گوللە بکوژرێن. دەبێ زیوێڵ زوێڵ بکرێن، دەبێ پێستیان داڕنین! هەربەم تووڕەیی و گوڕ و تینەوە، هێرشیان کردنە سەر، هێزەکانی دواوەش، بە چەکی بچووك و گەورەوە ئەو

نـاوەیـان گـوللـە بـاران کـرد، دایـانـنـە بـەر شێلـکـی تفـەنگـان، کلاشینکۆف و ڕەشاشە دەمگـەرمـەکانیـان، سـەڵیـە لـە دوای سـەڵیـە دەتـەقـانـد. خـۆشیـان ڕك و ڕك بـەدەسـترێژو بـۆمـبـا تـەقاندنـەوە، بـۆ لایـان ڕۆیشتن. ئـەوانیش لـەملاوە هـەرسێ خـۆیـان بـۆ ئـامـادەکـرد. (ڕۆژگـار) و خـەزوورەکـەی قـازیفـەیـان لـەسـەر شانیـان دانـاو لوولـەیـان ئـاڕاستـە کـردن، هـاوسـەرەکـەی دوو نـارنجـۆکـی لـە دەست گـرت، کـەپسوولـەکـانـی دەرهـێـنـا، لـە نـزیك ڕێگـاکـەوە، لـەنـاو نۆرینگێکـا بـۆی کـەوتـە ئـامـادەبـاشی، هـەر کـە لێیـان نـزیك کـەوتـەوە، خستیـانـە نـاو بـوڕکـانـی ئـاگـر و بـارووت. جێگـری ئـامیر هێشتـان هـەر زینـدوو بـوو، هـەوڵـی دا خـۆی دەربـاز بـکـا، ئـاگـرەکـە لـە خـۆی بـکـوژێـنێـتـەوە، بـە هـەڵاتـهـەڵات و سـەرلێشێـواوییـەوە، هـەر لـە نـزیکـەوە کـەوتـە بـەر دەسترێژیـان! هـەر بـەم ئـاوایـە، تـا دوافیشەك شەڕ بـەردەوام بـوو، زرێپـۆش و نـاقـیلـەکـان، هـەر هـەنـدێکـیـان لـەلایـەکـەوە دەهـاتـن و بـەرە بـەرە بـازنـەی گـەمـاڕۆدانـەکـەیـان تـەسك دەکـردەوە. هـەر بـەم ئـاوایـیـە لێیـان نێزیك کـەوتـنـەوە تـا گـەیشتنـە سـەریـان...! دوای ئـەو زەبـرە کـوشنـدانـەی کـە وەشـانـدیـان، هـەرسێکیـان هـەوڵیـان دا ڕێگـای دەربـازبـوون بـدۆزنـەوە، بـەڵام کـار لـە کـار تـرازابـوو. کـە (ڕۆژگـار) گیـرا، ئـەم منـاڵـەی تـەمـەنـی هـەر مـانـگ و نیوێ دەبـوو، لـەنـاو کـۆڵـە پشتێکـەوە تـونـد بـە پشتـی خـۆیـەوە گـرێـی دابـوو. هـەر بـەم ئـاوایـە ئـەویش و ئـەوانـی تـریش کـەوتـنـە بـەردەستیـان. یـەکسـەر (سـەمـتـی)یـەك هـات و هـەرسێکیـانـی لـێ سـوار کـرد. لـە ئـاسمـانـا بـەرز فـڕی، هـەر بـەرزبـووەوە. هـەزاران مـەتـر بـەرز بـووەوە. لـەوێکـا دەرگـایـان خستـە سـەر پشت، پیـلـی خـەزووریـان گـرت، بـەڕاکێش ڕاکێش تـووریـان هـەڵـدایـە خـوارەوە. هـەر دوا بـە دوای ئـەمـەوە، (ڕۆژگـار)و هـاوسـەرەکـەی بـەدوای هـەلێدا دەگـەڕان بیـقـۆزنـەوە، ئـەوانیش خـۆیـان ڕزگـار کـەن. بـەڵام سـەربـازەکـان زوو هـەستیـان پـێ کـرد. دەستیـان بـەستـایـەوە، مـەلـۆتکـەکـەیـان لـێ جـوێ کـردەوە. (ڕۆژگـار) لـەم ساتـە پـڕ لـە ئـاستـەنگ و مـۆڵـەکـەیـەدا لای لـە هـاوسـەرەکـەی خـۆی کـردەوە:

– مـەریوان، وامـان جـێ نێڵـی،.. کـەلـۆ.. جـارێ چـارەیـەکـی ئێمـە بـکـە.

– هـەردوو بـەیـەکـەوە. ...هـەهـا..من ئـەو سیـانـە و تـۆش دووانـەکـەی تـر زوو لێیـان بـەخـۆ...

«پـۆستـاڵێك سرەوایـە سـەر کـەللـەی سـەری، ئیتـر بـەپێلـەقـان کـوتـایـانـەوە. هـەر بـەم لێدان و کـوتـانـەوە ئـەویشیـان فڕێدایـە خـوارەوە. دەنگـە بـەرزەکـەی (بـەتتـار) بـۆ نـاو گـۆڕەپـان و شیش و تـەلبـەنـدەکـانـەوەی گێڕابـووەوە. هـاوارێکـی تـووڕەی لـەسـەر (ڕۆژگـار) کـرد: (وا لـە خـۆت بـکـەیت، گـەر هـەر لێبـووردنێکـی گشتـی دەرچـێ، تـۆ سـوودی لـێ نـابینـی! یـاڵڵا زووکـە تـۆش لـەم بـۆنـە خـۆشـە ڕۆڵـی خـۆت بـنـوێنـە، خـۆت لـە سـۆز و بـەزەیـی دڵـە گـەورەکـەی سـەرکـردە، بـێ

بـەش مـەكـە. شانسێكـە و بـۆت هـەڵـكـەوتـووە. چ گـۆرانـیـیـەك دەزانـی بـیڵـێ، چ سەمـا و هەڵپەڕینێ دەزانی بیکە، دەی بابتبینم، ئیمڕۆ ڕۆژی بەهرەدارانە، دەستت بێنە، بەدووان، بەدووان، منیش لەگەڵتا هەڵدەپەڕم. دەزانم ئێوە جگە لە شایی و دەستگرتن هیچ جۆرە سەمـایـەكی تر نـازانن، نـازانن بـەتـەنـها سەمـا بكـەن. سەرتـان دەسووڕێ، لاقـتـان تێك دەئاڵێ. دەی زووبە بجووڵێ. دەڵێی بەردی، ئێرەش بەندیخانە نییە لە هەموو شتێ بغەزری. زووكە دەست بێنە، بەدەم ئەم قسانەوە، پەلاماری منداڵەكەی دا، بە گریان و لاق كوتانەوە لەسەر زەویەكەی درێژ كرد، مەمە شیرەكەی دەستی بۆ لایەكەی تر گلۆر بووەوە. (بابە شێخ، باوكم، ئەكبەر، خودێدە) لەگەڵ تەوژم و تینی خوێن و ئارەقە و گەرمی و پاڵەپەستۆی جەستەیان، خەریك بوو لە قەهران شیش و تەلبەندەكان بتوێننەوە. لە شوێن خۆیانا، تەنگەتاو و نیگەران هەڵسابوونە سەر پێیان. بەندەكانی تریش، لە شوێن خۆیانا مات ببوون! (حەجاج) بەدەنگێكی بەرز لای لە (بەتتار) كردەوە: «گەمژەڵ ئەوەندە لەگەڵی پێدامەچوو» تووڕە و تەنگاو لێی وەرسووڕایەوە، لە پشتەوەڕا قۆڵی قرچاندەوە، بۆ لای دیوارەكەوە بەكێشی كرد. هەردوو دەستی بە فەلاقەكەوە گرێ دا، پێیەكانیشی جووت كردن و توند شەتەكی دا. بەڵام ئەو هەتا لە توانایدا هەبوو داكۆكی لە خۆی كرد بەدەستی، بەقاچی، بەتف و جوێندان! دیمەنی ئەو ئافرەتە پێشمەرگەیە، مێژوویەكی پڕ لە داخ و حەسرەت و خوێناوی هێنابووەوە بەرچاوی ئەمانەوە! ئەوە ژان و ئەشكەنجەی ڕاستەقینەیە، چەند مەترێك لێیەوە دوورین، هیچیشمان بۆ ناكرێ. ئەوە خۆر گیرانی مێژووە، كە مێژوو خۆری لێ دەگیرێ، سەردەمێكی تاریك، بێ ڕەنووس و ژمارە، بێ هەست و جوولە. دێتە ئاراوە، ڕووداوەكان ڕادەبرن و گوم دەبن، هەموویان دەكەونە دڵی تاریكییەوە! بەداخ و حەسرەتەوە سەیریان دەكرد. ئەویش جار جار لای لە كۆرپەكەی خۆی دەكردەوە: (هیوادارم تۆ پێش من ڕزگار بیت، دەزانم تۆ بەرگری ئەو ژیانە سەختە نـاگری، هـیـوادارم، هـەتـا زووە بـبـیت بـە پـەپـولـەی بـەهـەشت!) نـەیدەهـێشت كـەس فرمێسكەكانی ببینێ، هەوڵی دەدا بەسەرخۆی نەینێ، ئیتر پێشمەرگەیەو، بڕیاریشی داوە بەم ناوە پیرۆزەوە شەهید بێ! بەڵێ، هیچ شتێ وەك مرۆڤ نییە، گەر بڕیاری دا بە هێز بێ و سەر بۆ هیچ نوشستییەك دانەنەوێنی...! ئیتر دەبێ بە قەلایەكی پۆلاین، هیچ هێزێ ناتوانێ داگیری بكا! هەر بەم شێوەیە، جار جار كزە سەرنجێكی بۆ لای كۆرپەكەیەوە ڕادەنا ئەویش دوای گریان و شین بوونەوەی، ورد ورد لەناو گۆرەپانەكەدا قاچە شل و خاوەكانی دەجوولاندن و گاگۆڵەی دەكرد... پاسەوانێ لەگەڵ ئەودا هەنگاوی وردی

نایەوە، بە پێی ئەم دەڕۆیشت، جار ناجارێ بەلموزی پۆستاڵەکەیەوە گەمەی لەگەڵ دەکرد دەیدواند... هەندێ جاریش پۆستاڵەکەی بەرز دەکردەوە بۆ سەر تەپڵی سەری. تووکە نەرم و نۆڵەکەی دەشێواند! ئەویش وەك کاریلەیەکی لە هەموو شت دابڕاو، گۆشت و ئێسقان نەرم و شل، هەر جارێ هەوێڵێکی دەگرتە بەر. لای لە خەڵکەکە دەکردەوە، چاوی لەملا و لەو لا دەگێڕا، بە گغە گغ لە دایکی نزیك دەکەوتەوە! پاسەوانێکی تر بە تریقەی پێکەنین و نوکتە ئامێزەوە، بۆ لای ڕۆیشت، سەرە مەمەکەی بە لوولەی کلاشینکۆفەکەیدا هەڵکێشابوو، بەرزی کردەوە. بوو بە چەپڵە و فیکەی گارد و پاسەوانان. ئەو جارە کەم کەم لوولەی کلاشینکۆفەکەی داگرتەوە، لە دەمی نزیك خستەوە، ئەویش هەر بەدەم گڕ و گاڵەوە بە گاگۆڵکێ بۆی خشی، چنگە قشتیلەکانی بۆ کردەوە، دەیویست بەپەنجە وردەکانی دەستی لێ بدا. بەڵام ئەو لوولەکەی بەرز کردەوە، دوایە دایبەزاندەوە و بۆ دەمی برد. ئیتر سەری مەمەکەی لەناو دەمی خۆی نا، مڵچ مڵچ کەوتە مژینی (ئاوا، کاکە ئاوا. ئافەرین کاکە ئافەرین.. زۆر زیرەکیت.. دەی کاکە شیرەکەت بخۆ، تا تێر دەبی بیخۆ) لەم کاتەدا، پاسەوانەکانی تر کردیان بە فیکە و چەپڵە لێدان، کردیان بەدروشم هەڵدان و ئافەرین کردن: (جوانە، دیمەنێکی زۆر جوانە زۆر!)

(حەجاج) هاواری کردە سەر (بەتتار): – کامیراکان لەکوێن کامیراکان!؟

– گەورەم ئەوا لێرەن، ئەوا لێرەن، دڵنیابە هەموو موو بە موو کێشراون.

– دەنگی، گریانی، مەمە مژتنەکەی!؟

– بەڵێ بەڵێ، هەمووی، هەمووی! (سەیهوود) هەر بەم زەوق و خۆشییەوە، بۆ لای (ڕۆژگار) هەنگاوی نایەوە، بەدەمی بە پێکەنینەوە. لەبەر دەمیا هەڵگیرسایەوە. هەتا تف دەگرێ بۆ دەموچاوی چوو. لەگەڵیا کشایەوە، دەم و چاوی سڕیەوە، نێزەی کلاشینکۆفەکەی هەڵێنایەوە، هەر لە دوورەوە سنگ و بەرۆکی دادڕ دادڕ کرد! (دەی کاکە بۆ وەستای؟ با هەردوو خەریکی کاری خۆمان بین. تۆ هەر تفی خۆت باوێ تا ئاو لەجەستەت وشك دەکا، من و نێزەکەشم خەریکی کاری خۆمان دەبین). بەدەم ئەم قسانەوە نووکی نێزەکەی لەسەر دەندەڵەی سنگە ڕەق و تەقەکانیەوە دەگێڕا...!

پاسەوانەکەی تریش هەربە دەمەلاسکە کردنەوەوە کۆرپەکەی خستبووە گڕ و گاڵ، لوولەی کلاشینکۆفی لەناو دەمە نەرم و نۆڵ و پدووە بێ ددانەکانیەوە نابوو. هەر خەریکی مشتنی مەمەکەوە بوو! لەپڕ کلاشینکۆفەکەی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، فیشەکێکی

لێخوڕیە بەر و دەستی پیا هێنا. سەرە مەمەکەش لەگەڵ تین و تەوژمی گوللەکەدا پارچە پارچە بوو. لەگەڵ ڕەقازی ئەو گرمەیەدا. ئەو کۆرپە ساوایە داچڵەکی، بوو بە تۆپە ئارمووشێ، کەوتە لەرز و ڕاچڵەکین وەك ئیسفەنجی دەریا کەوتە جوولە و هەلینگدان. (عاسیف) بۆ لای وەرچەرخایەوە، بە نووکی پۆستاڵ بۆ بەردەم سەگەکەی گلۆر کردەوە! ئەزیەتێکی زۆری پێگەیشتبوو، دەم و چاوە نەرمەکەی، لەگەڵ گریان و فرمێسکە وردەکانیەوە شین و مۆر هەڵگەڕا، لیکاو و فرمێسکی چاوە پشکووژییەکان تێکەڵ بەیەك ببوون! سەگەکە بە کلك کوتان لای ئامادە بوو، دەم و لمووزە چەورەکەی لەسەر ڕوخساری دەگێڕا و بۆنی دەکرد. بە زمانە سوورەکەیەوە دەموچاو و کەپووە خنجیلانەکەی دەلێستەوە. گوێیە تەنکەکانی، کە وەك پەڕەی گوڵ نەرم و وشك بوون، قژ و پەرچەمە تازە دەرچووەکانی، وەك ئارمووش نەرم نەرم کەوتبوونە سەریەك، هەمووی بە زمان لستەوە، بەلیکاوە زەهراوییەکەیەوە هەمووی تەڕکرد، وەك بلێی بیکات بە پارووییەکی چەور تا بە ئاسانی قووتی بدا. ئاوا ملۆمای دەکرد، بە کلك کوتان و گوێ مووچ کردنەوەوە، چەپۆکی لە ئەرزەکەوە گیرکرد، خۆی بۆ ئامادە کرد... بەڵام «عاسیف» زوو لێیخوڕییەوە، لەوێی دوورخستەوە. ئەو جارە ئەم بە گاگۆڵکێ بەدوای کەوت. منداڵ وایە، دەبێتە ئاشنای هەمووشت. بەڵام (عاسیف) بە نووکی پۆستاڵەکەیەوە بۆ لایەکی تر گلۆری کردەوە. دیسان گریا، فرمێسکە وردەکانی هاتنە خوار، کەوتە جوولە و قنگە خشکێ، (عاسیف) بەسەریدا نەویەوە، بردی لە پێش دایکیا ڕایگرت. لای لێ کردەوە:

– ها کاکە چیت وت؟ ئێستاش گۆرانیمان بۆ ناڵێی، بۆمان هەڵناپەڕی؟ هەتا تف دەگرێ بۆ دەموچاوی هەڵدرا... پاشان بۆ خوارەوە سەرنجی دا، چەند فرمێسکێکی گەرم بە ڕوخساریا هاتە خوار، لەم کاتەدا کۆرپەکەی تەقەڵای دەدا، دەست بەلاقی دایکیەوە بگرێ، خۆی پێ قیت بکاتەوە، گغ گغ گغ... دا دا دا دە دە دە! چەند تێنووی کۆرپەکەی بوو کە دواجار لە باوەشی خۆی بگرتبایە، تێر تێر بۆنی کردبا، بەڵام هەرگیز لە لای ئاستەم بوو، لە دوژمنێکی سەرسەخت بپارێتەوە، مادەلایی لەبەر بکا. نەخێر هەرگیز شتی وای بە خەیاڵدا نە دەهات. ئەو زمانی بە فەرهەنگێکی ترەوە پڕابوو! بڕیاری دابوو خۆی و کۆرپەکەی بە پێشمەرگەیی شەهید بن. (عاسیف) تا هێزی تیابوو لاقی خۆی بەسەر جەستە شل و خاوەکەیدا بەرز کردەوە، وەك تۆپی لاستیك سەرە سمکێکی تێ سرەواند... لەگەڵ تەوژم و تینی زەبری پۆستاڵەکەیەوە، هەر ئەوەندەی پێ کرا بەرسیچکەیەکی بۆ بکا، وەك زەڕنە قووتەیەکی کوشراو جرقەیەکی کرد. ئیتر هەناسەی بڕا. هەر لە شوێن

خۆیا مۆر هەڵدەگەڕا. سوور هەڵدەگەڕا، هەموو ئازاری جەستەی خوێنی تێزا. بەڵام هێزی گریانی نەمابوو. چەند هەنگاوێ لە دوور دایکیەوە، لە دوور بەندەکانەوە. ببوو بە تۆپە لاستیکێ، جار جار تررووکەیەکی بۆ دەکرد، دەست و پەنجە وردەکانی جوولەیەکیان دەکرد! (بەتتار) لەبەر دەمی کامیرەکەوە وەستابوو، ئەویش هەلێکی قۆزتەوە، خاڵێکی نەمری بۆ خۆی تۆمار کرد، شووتێکی لێدا، وەك مەلێکی سەرنگوومکراو بۆ لاکەی تر گلۆری کردەوە. (عاسیف) کەوتە ڕاکردن، سەگەکەش بەدوایەوە. بەدەست هەڵی گرتەوە، وەك پارچە گۆشتێکی تەڕ و تازە، سەروملی بۆ خوارەوە قرچابووەوە، دەست و پلی لە جوولە کەوتبوو، لەگەڵ تریقانەوەیەکی تێکەڵ بە هەناسە ژەهراوییەکەیەوە بۆ ئاسمانی هەڵدا. بەر لەوەی بکەوێتەوە، سەگەکەی هەر لە هەواوە قۆستیەوە! کەڵبەکانی لێ گیر کرد، بردی لە پەنا دیوارێکەوە سەری لە شەبەقە برینەکانیەوە نا.. تا ئەوساش سەگەکە لەلایە خەریك بوو، لەلایەکی تریشەوە دەست و قاچ و پەلوپۆ نەرمەکانی، هێشتان هەر تررووکەیان تیا مابوو، جار جار جوولەیەکیان دەکرد، وەك بڵێی بۆ گاگۆڵکێ ئامادەیان بکات! بەندەکانی ئەمبەر و ئەوبەر هەموو سڕ هەڵگەڕابوون، بڕوایان بە چاوەکانی خۆیان نەدەکرد! ئەی خوایە ئەوە چ کارەساتێکە روودەدا! چ مێژوویەکە دەنووسرێتەوە. ئەو چەکدارانە پەروەردەی چ دۆزەخێك و هەسارەیەکن، لە چ ئاودەستێ فرچك دراون!! بەڵام چەپڵە کوتان و فیکەی پاسەوانان، هەرا و هۆسە و گۆرانی گاردەکان. ئەم ناوەیان پڕ کردەوە لە ژاوە ژاو، دەیانویست هەموو ئەو دیمەنانە لە تویی شەپۆڵی دەنگە ناسازەکانیانەوە بشارنەوە! (سەیهوود) هەر بە ڕق و قین و تووڕەییەکەی جارانیەوە، خۆی لە (ڕۆژگار) نزیك خستەوە.! بەڵام ئەو، لەم کاتەدا نەدەزانرا لە چ ڕەوشێکدا بوو! هەر پەلەی دەکرد ئەو حوکمەی دەمێ بوو بەسەریا سەپابوو، زوو جێبەجێی بکەن، زوو خاترجەمی کەن! (سەیهوود) هەر لە دوورەوە سەری نێزە تیژەکەی لەبن مەمکێکی چەقاند، لەگەڵ ئەم نێزە وەشاندنەوە، هاوارێکی پڕ لە ئازاری لەدەم دەرچوو، بەڵام زوو بوورایەوە، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕبووەوە. ئەمجارەیان دەستی بۆ سنگە خوێناوییەکەی درێژ کرد، بەکاوەخۆ زیاتر لێی نزیك کەوتەوە، بەبێ ترس، بێ جوێندان و تف لێکردن! مەمکە زامارەکەی وەك کوارگ لە بنو بۆتکەوە هەڵقەناند، خوێن زیاتر بەسەر سنگ و بەرۆکیا بازرەقەی بەستا. ئەویش بەدەم و بە چنگی خوێناوییەوە، قا قا پێکەنی، تۆ بڵێی ئەمەی هەر بۆ نواندن بووبێ... بۆ کامێرا و وێنە گرتن؟ یا بەشێ بووبێ لە کلتوور و پەروەردە و ڕەفتار و مێژووەکەی خۆی؟ بەرزتر پێکەنی، دەتوت کەندەڵانە و

دەڕووخــێ، لــە قــوولآیــی نــاخــیــەوە پــێدەکــەنــی، فـرمــێسـکـێکــی تـرش و تــاڵ، لــە چــاوە دەرپــۆقــیــوەکــانــیــەوە دەهــاتــە خــوارەوە! لــەلایــەکــی ترەوە، (عــاسیــف) و سەگــەکــەی تــێی وڕووکان، ئەوانیش لەلایەکی ترەوە ڕۆڵی خۆیان بینی و کەوتنە وێزەی!

(حەجاج) دڕدۆنگ و تەنگەتاو، بەرز بانگی کرد:

– ئاگاداربە کامیراکان، کامیراکان.. هەموو تەواون!؟

– دڵنیابە گەورەم، هیچیان نەپەڕاندووە. (ڕۆژگار)یش هەر لەوساوەی بووراببووەوە، ئیتر جوولەی نەما.. ئەو تڵپە خوێنەی لەناو دەمارەکانی مابوو، هەمووی داچۆڕا. بووبە جەستەیەکی بێ گڵپە و جوولە. لەناو لاپەڕەی ڕۆژگاری چەپگەرددا بوو بە ئەستێرەیەکی درەوشاوە و پووش بەسەر کراو!! (بابە شێخ)یش وەك ئەوانی تر کەوتە هەنسك و گریان، وەك هاوڕێکانی کەوتە لێو کرۆشتن و ئاگر باران: کریف، کریف... ئەوە چ مافەتەیەکە چ تاوانێکە! ئەی خوای مەزن، نازانم بۆ لەسێدارەدانی ئێمەیان دواخست!؟

– ئەکبەر: تۆ بڵێی تاوانباری وا هەبێ، تەنانەت خەونیش بەم شتانەوە ببینێ؟! (خودێدە) لە شوێن خۆیا ببوو بە پارچەیە بەرد. ژوورەکانی تر هەموو لە سەهۆڵبەندانی بێدەنگیدا، هەر ئەوەتە هەناسەیان بۆ دەدرا، هیچ کەس متەقی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە. باوکم لە پشت شیشەکانەوە سڕ هەڵگەڕابوو، بوڕکانێکی شێت و هار هەر قوڵپی پێ دەدا و دەیورووژاند! (حەجاج) هەوڵی دا، گۆمی بێدەنگی بشڵەقێنێ، دەنگی خۆی هەڵبڕی: (دەی، هەر بەردەوام بن، درێژە بە ئاهەنگەکەتان بدەن. بۆ وا وەستاون، بۆ وا خۆڵ و دۆتان بەسەردا کراوە، بۆ وا تەمبەڵ و شل و خاو بووینە؟! (بەتتار) بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد: (بیرۆز سەلیم رەئووف) لەگەڵ ئەم ناو هێنانەدا، باوکم ورووژابوو، بوو بوو بە پارچە ئاگرێك! هاوڕێکانی سەیریان کرد، پاشان بە سەرسوڕماوی بەملا و بەو لادا ڕوانییان: ئەمە بۆ، ئەمە بۆ؟ کەی؟ دەبێ ڕاست بێ یا درۆ؟ زۆر درۆی وایان کردووە، گەلێ شەڕی دەروونــی وایــان لــەگــەڵ کــردوویــن! بــاوکــم بــبــوو بــە بــوڕکــانــێك و بــە ڕوویــانــدا تەقیبووەوە: نا نا نا.. ئەم گوو خواردنە بۆ ئێوە و بۆ باپیری ئێوەش نەهاتووە. ئەمە بۆ، ئەمە لە پای چی؟ حەدی ئەوەتان نییە، نا نەخێر نا.. نا نەخێر نا! بەدەم ئەم قسانەوە چەند جارێ، بە هەموو هێز و توانایەکیەوە شیشەکانی دابووە بەر کۆڵە مست، بەکە للەی سەری شیشەکــانــی دەکــوتــایــەوە، دەیــویــست کــەلــێنــێ بــکــاتــەوە و هــێرشیــان بــۆ بــەرێ، پەلاماریان بدا، هەر بەم بوڕکانی تووڕە و ناڕەزاییەوە، کراسەکەی لەبەر خۆی داکەند،

لوولی دایە بار یەك ئاگری تێ بەردا و بۆی هاویشتن.!

(حەجاج) تووڕە و تەنگاو هاوارێکی لەسەر کردن: زووکەن دەمکوتی بکەنەوە. بە ملی شکاوتان، چاوەڕوانی چی دەکەن! دوو یاساوڵی چوار شانە، تووڕە و توند لێی بەژوور کەوتن، دایانە بەر قۆنداغە تفەنگ. دوانی تر بە ژوور کەوتن بەرزەفتیان کرد. دەم و چاویان کرد بە گۆمی خوێن، هەڵیانساندەوە، لە پشترا دەستیان بەستایەوە، هەر بەم ئازار و ئەشکەنجەوە، بۆ ناو زیندانە تاریکەکانیان گێڕابووەوە!

هەر جارێ دایکم ئەو یاد و یادەوەرییە جەرگبڕانەی بهاتایەتەوە بەر چاو، ئەویش باوکم ئاسا، کە چۆن کراسە ئاگرەکەی بۆ دەم و چاوە نەگریسەکانی پاسەوانەکانەوە هەڵدابوو. ئەویش هەر بەم ئاوایە، لە ساتە دژوارەکاندا، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دەگۆڕا، ئەو کراسی ئاگر و ڕەفتارە ئازا و مرۆیەکانی باوکم ببوو. بە پردێکی پیرۆز و وابەستە و شیرازەیەکی گیانی بە گیانی، لە نێوان باوکم و دایکمدا ڕایەڵە کرابوو! دایکم وەك پاڵەوانێکی ستەمدیدە. وەك بڵێی تەنیا و تەنیا هەر بۆ خەون و خەمە گەورە و کێشە گورچکبڕەکانەوە هاتبێتە دنیاوە! بۆیە هەروەك دەروێشێکی خەرقەپۆش، بڕیاری دا کە هەر بۆ ئەم ساتە بژی و لەو پێناوەدا خۆی بەخت بکا و هەوڵ و کۆششەکانی خۆی ئەنجام بدا. واز لە هەموو خۆشی و چێژە جەستەیی و خودییەکانی خۆی بێنێ و لەلای خۆیا ئەوانە هەموو بەشتێکی بێزراو و قێزەون ناوزەد بکا.! ئەگەر چی هەر لە ڕۆژی بە بووك چوونیەوە بۆ کارگە نەگەڕایەوە، دوا بەدوای ئەو ڕۆژانەشەوە، بە نووسراوی فەرمی گەلێکیان داوا کردەوە و زۆر کەسیان بەدوایدا نارد، بەڵام بێهوودە بوو. بەیەکجاری دەستبەرداری کار و فەرمانبەرییەتییەکەی خۆی بوو. بەڵام لە بری ئەمەوە، بەدەستڕەنگینی خۆی. نەیهێشت ڕووبەڕووی ناگزووری و قاتوقڕی ببنەوە و چاو لە دەستی خۆیش و بێگانە بن. وێڕای ئەو هەموو غەم و پەژارە و تازیەبارییەشدا هەروەك خۆی بۆم باس دەکا، کە ئێمەی بە زگ کەوتبوو، خۆی لەگەڵ ئەو چورتم و کارەساتە گەورەیەدا گونجاند و دەستی کرد بەجل دوورین، بۆ هاوسێ و ناسیاو و دەستە خوشکانی. شەو و ڕۆژی لەیەك دەدا، هەر کاری دەکرد و هەر دورمانی دەکرد. تاوای لێ هات لە گەڕەکە دوورەکانیش جلی بووکێنی و جل و بەرگی تری ژنان و منداڵانیان دێنایە لای. ئەو پارەی کە لە بری دەسهەق وەری دەگرت، کردبووی بەدوو بەشەوە بەشێکی بۆ خەرجی ڕۆژانەمان و بۆ دکتۆر و نەخۆشی و بۆ چارەسەرکردنی چاوی (نەنە پەرێ) تەرخان کردبوو، بەشەکەی تریشی پاشەکەوت دەکرد. زۆربەی زۆری ئەو پارەشی خەرج

دەکرد، تا بەتەواوی هەموو کێشەکەی باوکمی یەکلا کردەوە.

لەوساوەی «نەنە پەرێ» بەسەدەمی کارەساتە کتوپڕەکەوە کەمبینا بو بوو، دایکم دەرگای هیچ دکتۆرێ نەما نەیکوتێتەوە. هەموو جارێ دەستی دەگرت و دەیبرد ئەو چارگەو ئەم چارگەی پێدەکرد....! لە ئاکاما بڕیاری هەموو دکتۆرە پسپۆرەکان لە یەك خاڵدا کۆبوەوە، هەروەك «دکتۆر سەردار» پێڕاگەیاند: (بە سەدمە چاوی کوێر بووە، لە بەر پیری چاکبوونەوەی ئاسان نییە، تەنها ئەگەر دەمارەکانی چاوی هەموویان وشك نەبووبن و لە یەك هەڵنەپچڕابن لە سەدا بیست ئومێد هەیە کە بە هەمان هۆ چاك بێتەوە...!). ئیتر لەوکاتیەوەڕا دایکیشم هیوای چاکبوونەوەی کەوتە کزی، بەڵام هەر بیریشی لێ دەکردەوە...! ئەو ڕۆژیش وەك ڕۆژانی هەینی، وەك ڕۆژانی بۆنە خۆشەکانی خۆمان، وەك ڕۆژانی سەرەتای تازیەباری ... «نەنە پەرێ» بەرەو گۆڕەکەوە هەنگاوی دەنایەوە. بەڵام نەیهێشت نەکەس دەستی بگرێ و نەخۆشی بەکوتە کوتی گۆچانەکەیەوە بڕوا. بەڵکو قیت قیت دەڕۆیشت و گۆمکی گۆچانەکەشی لە دەستی خۆی گرتبوو. دەتوت هێزێکی موگناتیسی رایدەکێشێ. لووتی خۆی بەرز کردبووەوە، ناوەناوە لە ناخی دڵەوە سییەکانی پڕ لە هەوا دەکردن و دەیپەنماندن: «دەی چاوی کوێر کەینێ فرمێسکان دەکەی...؟ دەخوایە هەتا دەگەمە لای سەرینگانی، یان لە بۆم زیندی بکەیەوە یانیش ئەمانەتی خۆتم لێ وەربگریەوە...» دایکم و «موژدە» و «دایە نەخشین» و هەتا ئێمەش... بەم قسانە هەموو لە شوێنی خۆمانا سەنگراینەوە، دووربە دوور، بەسەرسامی لە «نەنە پەرێ» رادەماین. ئەویش لە پێشە خۆیدا هەر ورتە ورتی بوو:«خوایە ... دە بەو دوعایەم بکە، خۆ کفر نابێ...!» بەهەنگاوی ورد ورد، بەسەر ڕێچکۆڵەکەدا دەڕۆیشت و جارجاریش ساتمەی لە کێڵێك یان لە ڕۆخی گۆڕێکا دەکرد: «پیری پێشینان گۆتیتیان، خوێنی پیرە ژنان عینسانی مردی زیندی دەکاتەوە. تێ دە گەر ئەو هایە، دەبا دوو پیاوی نوورانی بێن، خینی منیان لێ حەڵاڵ و زەڵاڵ بێ، بێن سەرم ببڕن، فڕك فڕك ئەو خینەم لێ بچۆڕێننەوە..! ئەمان، هەها... ئامان سەد ئامان... بە قوربانتان بم نێڵن یەك پشکە خین چییە بە زایە بچی. هەموو لە گۆڕ و ئەلحەد و لە مەزاری جوانە مەرگێی هەڵسوون... ئێە.. خوایە، بەڵکەم زیندی دەبێتەوە...!». هەر بەم شێوەیە لە ڕۆیشتن و لەترمە ترم و خۆ دواندنی خۆیدا بەردەوام بوو، باسی گەلێ شتی سەیر و نەبیستراوی دەکرد، ئێمە کەسمان لێی تێنەدەگەیشتین...! ئێمەش دوورو نزیك لەگەڵیا دەڕۆیشتین و هەنگاومان دەنایەوە، هەندێ جاریش هەڵوەستەمان بۆی دەکرد. بەڵام کەس زاتی نە دەکرد بچێ دەستی بگرێ

و لەناو ساتمە و كۆسپ و تەڵیشە بەردەكان دا یارمەتی بدا، لە ناو دڕك و داڵ و كێڵە قیتەكان دا دەربازی بكا. هەر لە ماڵەوەڕا، لە دایكم و لەوانی تریشا زوێر و دڕدۆنگ بوو، دەمی خۆی كلۆم دابوو، بەهیچ باریێ تێكەڵیان نەدەبوو. لە پێشە خۆی نەبوایە، لەگەڵ كەسی ترا نەداخاوت. جارجار باگۆی من و «ئالا»ی دەدایەوە، ئێمەش لەگەڵ هاورێكانی ترماندا «خانزاد و تارا و گاورباغی و پەروین و سەرمەد و...» چەندانێكی تری هاو تەمەنمانەوە، كردبوومان بە بەزمی خۆمان... هەر گڕوگاڵ و دوكە دوكمان بوو، دەمێ لەگەڵ یەكتر پێدەكەنین و دەمێ یاریمان دەكرد، دەمێ لەگەڵ یەكتر تەباو تفاق بووین، دەمێكیش لە یەك زوێر دەبووین و دەكەوتینە ژاوە ژاو، یا بە دوای یەكتردا دەمانكرد بە زەنا زەنا و راكردن. «نەنە پەریێ» بە زۆر بۆی دەكرا هەنگاو هەڵبێنێتەوە... لە كاتی رۆیشتنـا لـە هـیكـەوە هـێنكـە هـێنكی پێكەوت، سەری سووڕا، تەوێڵی گەرم داهات، چاوەكانی پڕ لە خورشت و خار بوون، فرمێسكیان تیا قەتیس ما. بە ناچاری لە شوێن خۆیا دانیشت، پشتی خۆی بەكێلێك دا... دوای چەند و چاندان و هەناسە وەرگرتنێ، پشوویەكی هاتەوە بەر و لە شوێنی خۆیا هەڵسایەوە، بەرەو لایەكی ترەوە هەنگاوە لەرزۆكەكانی هەڵێنایەوە. «موژدە» خێرا خێرا ئاماژەی بۆمن و «ئالا» كرد:

– زووكەن بیگەنێ. بڕۆن دەستی بگرن. وازمان لە ژاوە ژاو و غار غارێن هێنا، بە هەڵەداوان كەوتینە بانگ كردن و راكردن بۆ لای ئەودا. كە گوێی لە دەنگمان بوو، لە شوێن خۆیا سەنگرایەوە، هەڵوەستەیەكی بۆ كرد، گوێی خۆی راداشت... بەلام تا ئەوساش كـولك و كـۆڤـان و نـاخـە ورووژاوەكـەی وەك دارە جـیـنـگـوڕەی بـەردەم رەشابـاوە دەیهەژاندەوە.... پاشان هەردووكمان وەك بەرزەكی بانان، بە ناو گۆڕەكاندا تەكانمان دایـە خـۆ، بـۆلای چـوویـن و دەستـمـان گـرت. بـەرەو ئـەو دارتـووەی كـە لـە نـاوەڕاستـی گـۆڕستـانـەكـەوە، لـەو شوێنـەی رووكـاری زەوی نـەختـێ زەق دەبـووەوە، ئـا لـەسـەر ئـەو زەقاییەدا خۆی گەش گەش دەڕوانی و بەڕووی ئاسمانا هەڵگیرسابوەوەدا هەنگاومان هەڵێنایەوە. لق و چلەپۆپەكانی بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەرپەڕیبوونە دەرەوە، وەك پەڕی تاوس خۆی بە هەموو لایەكا گڤ كردبووەوە، لە دوورەوە، بە دارێكی رووت و قووت دەهاتە بەر چاو... بەلام كە لە نزیكەوە لە لق و پۆپە تازە گەلا كردووەكانیەوە رامابوای، خۆیان بە سەوزێكی رەنگ تێر دەڕوانی... هەموومان بە هەنگاوی ورد ورد بەرەو بنە دارو گۆڕەكەی ژێریەوە دەچووین. ئەو دوو رێچكۆڵەی كە ئێمە گشتمان بە سەریدا دەڕۆیشتین، ئا ئەلەوێكا، لە نزیك پەرژینە نەویە لە لگبن دروست كراوەكەدا كۆتاییان هات. دیمەنی

هەمان گلکۆ و گۆڕەپانە بچکۆڵەکەمان کەوتەوە بەر چاو. هەموو جارێ... من لە هەمووان زیاتر دارەکە سەرنجی رادەکێشام.... بەڵێ لە ژێر ئەو دارەدا گەلێ یاد و یادەوەری بۆمن و «ئاڵا»ی خوشکم دروست بووە. لە ژێریا گەلێ یاری خۆش خۆشمان بە ئەنجام گەیاندووە، پیای هەڵگەڕاوین، جوللانێمان هەڵبەستاوە، لەگەڵ خۆڵە پۆتەکەی ژێریدا یاریمان کردووە....! هەر جارێ سەرنجمان بۆ ئەو دیمەنانە رابنێین، شتەکان هەموویان دەکەونەوە بەر چاومان، هەموویان زیندوو دەبنەوە..، هەموو جارێ پەرژینە نەوییەکانمان دەکەێتە بەر چاو، گومگومەو قەفەزو زۆرشتی تر دەکەوێتەوە بەر تیشکی سەرنج و نیگا یادگار ئامێزەکانمانەوە. لە سەرووی پەرژینەکەوە، گۆڕێکی بە مەڕمەڕ هەڵنراو دەکەوێتە بەر چاو، کە لە سەر زەوییەکەدا بەرز دەبێتەوە و ساکە گۆڕەکەی دەوربەریشی لووس و بێ گرێ و گواڵ بوو. لە سەرکێڵێك، ئایەتێکی پیرۆز و لە سەر کێڵەکەی تریشا بە نووسینێکی درشت ناوی شەهیدی کوڕی شەهید و ساڵی لەدایکبوونی و رۆژ و بەرواری شەهیدبوونی لەسەر هەڵکەنراوە. گۆڕەکە بە هونەرو وەستاییەکی زۆر جوان و سەرنج راکێشەوە، بەسێ پایەی لە مەڕمەڕ دروستکراوەوە هەڵنراوە، لەسەر سنگیشیا، سەرتانسەری گۆڕەکە بووە بە گوڵدانێك و لە وەرزی بەهارەوەڕا گەلێ جۆرە گوڵی رەنگاو رەنگی لێ دەپشکوێ. کە گەیشتینە ناو پەرژینەکەوە، دایکم و «دایە نەخشین»، خێرا خێرا بارکۆڵەکەی سەرشانیان داگرت و بە کڕی و بەڕێز و نوازشەوە چوون لە سەر گۆڕەکە هەڵگیرسانەوە، دەستیان کرد بە فاتیحە خوێندن. کە «موژدە»یش گەیشتە لایان، بەهەمان شێوە، دەستەو نەزەر بۆی راوەستا. «نەنێ» لەدوای هەموویانەوە بوو، هێشتان نەگیشتبووە ناو پەرژینەکەوە، هەر لە دوورەوە بە لووژکە لووژکی گریانەوە دەستی کرد بە ئاه و نزا و گزارە کێشان، لە وێڕا کردی بە لێزمەی باران... «ئۆە خوای گەورە، لەبۆ خاتری گەورەیی خۆت دووعاکەم قبووڵ کەیت، یانیش لە تەنیشتەوی کەلەواژم بکەیەوە...«کە نزیکتر کەوتینەوە، دەستی خۆی لە دەستمان راپسکان، یەکسەر چوو ئامێزی خۆی لە کێلی لای پێینگانی باوکمەوە ئاڵاند و تێرتێر بۆنی کرد: «ئۆخخەی بۆنت چەند خۆشە، بۆنی بەهەشتت لێ دێ! کوڕە بێ مرادەکەم...!« پاشان سەری خۆی بەرز کردەوە، سەر کێلەکەی هەموو بە فرمێسکی چاوەکانی تەڕ کرد و هەر لە قسەکانی خۆشیا بەردەوام بوو، نیگەرانی و سکاڵای خۆی پێڕاگەیاند: «داکت لە ئازابەکدا دەژی هەزار خۆزگەو بریا بە جەهەندەم دەخوازی!». رووی خۆی بۆ لای ئەوانی تر وەرچەرخاندەوە و بەرزتر هەڵیدایێ :«قوربانی چاوە رەشەکانت بم. ئەو غەدر و غدوورەی

لە توو دەكرێ مەگەر هەر خوا بە گەورەیی و بە مەرحەمەتی خۆی حەوێزەی بكاتەوە، ئەگەرنا، بەخوای بەخوای... داكت لە پەلوپۆ كەتیە چی پێ ناكرێ !» بە دەست كوتانەوە لە شوێن خۆیا جوولەیەكی بۆ كردو بەدەوری گۆڕەكەدا سووڕایەوە، لە قسەكانی خۆشیا هەر بەردەوام بوو:» ئەرێ بە خوای كورە غەدر لێكراو و بێ مرازەكەم...هەمووم هێخستیتە كۆشی خوا، هەمووم لە بۆ ئەو بەجێ هێشتییە، ئەوجە ئەویش كەیفی خۆیتی...!» پاشان، بەدەم هەناسە هەڵكێشانێكی ساردەوە، كەوتەوە دوعا و نزاكردن: «وەی خوایە مادام هەر نامكوژیی ... گێم لێ بوایە كە ناحەزانی جوانەمەرگت كوو هەموو نغرۆ كردینە... لە تووم تابیلە نۆ رمیان لە عاردی ببەیە خوارێ. هەموویان وەكی قەومی لووت لێ بكەی، سەراوژێریان كەی...! ئەدی كوو، چما هەوەنتەیە ئاگردانت لێ سارد بكەنەوە، ماڵت كاول كەن...!؟« گۆپاڵەكەی بە كێلەكەوە هەڵپەسارد، بەدەم سەر هەڵبڕینەوە، دەستەكانی خۆی بۆ ئاسمان بەرز كردەوە:» خوای لە ژوور سەری، ئەگەر بە دوعای من ناكەی بەئاهـ و نووزانەوەی ئەو دوو سەبیلۆكەیە بكە... بەبێ بابی و بێ داكی ئەوان بكە». « دایە نەخشین» و دایكم و «موژدە» كە گوێیان لەو قسانە بوو، هەموو بە سەرنج و سەرسوڕمانی پڕ لە ماناو مەغزاوە لە یەك رامان...! ئەویش دوای ئەم قسانەوە، خۆی بەسەر گۆڕەكەدا نووشتاندەوەو دەستی كردەوە بە گریان. «موژدە» دوای سەیركردن و وردبوونەوەیەكی زۆر، وردە وردە هەنگاوی نایەوە، بە چەند قسەیەكی نەرم و سەرنج راكێشەوە لێی نزیك كەوتەوە، بە قوڕگێكی پڕ لە گریانەوە دەستەكانی لە ملی ئاڵاند:« نەنێ، بەقوربانت بم، دەوجە با بەس بێ، هەمووت كوشتین. ئەوڕۆ زیاد لە رۆژان بۆ وا برینمان دەكولێنییەوە...!» هەردوو دەستەكانی ماچ كرد، بەچاوی بە فرمێسكەوە لای لێ كردەوە: «دەوجە ناوی خوا بێنە، با بەس بێ!» لەولاشەوە «دایە نەخشین» لە تەك دایكما دانیشتبوو، بەدەم شادە هێنانەوە دەنگی خۆی بەرز كردەوە: «ئەگەر بە گریان پێك بهاتبایە، هەنكە هەموو چاوی خۆمان لە بۆی دەردێنا.» «نەنە پەرێ» كە گوێبیستی ئەو قسانەوە بوو، نەختێ هێور بووەوە، پاشان بە توندی ملی خۆی لە ژێر باڵی «موژدە»دەرهێنا، هەردوو دەستەكانیشی لەسەر گۆڕەكە دانایەوە بە ئەوپەڕی لە خۆبایی بوون و ورە بەرزیەوە، هەوڵی دا خۆی لێ دوور بخاتەوە. وەك بڵێی، بیەوێ هەموو شتێكیان لەگەڵا یەكلا بكاتەوە... ئەو قەهرو تووڕەیەی كە چەند مانگێ بوو دڵی پێداهێزرابوو، هەمووی بە جارێ هەڵڕێژێ و وەك ماڵی قەڵپ بە رووی هەموویانی دابداتەوە و هەموو بەتەواوی لەیەك ئاشكرابن. بەرەنگو روخسارێكی تەمومژاوی و

بەتووڕەیی لای لێ کردنەوە:

– ئەنگۆ هاتینە سەیران و زیافەت خۆ نە هاتینە سەر قەبران ... قابیلە چتانە، کوڕتانە، براتانە... چتانە..! هەر نەشهاتبان. «موژدە» بە ناچاری، بە هەنگاوی سارد سارد لێی دوور کەوتەوە. ئەویش دوای کڕبوون و چەند بە خۆدا چوونەوەیەك گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: داخوا ئەو جارەش لە بۆ چ هاتینە..! هەر خوا بە خۆی دەزانێ، چ ئۆین و بلعاتەکتان لە بن سەری دایە!». دەنگی خۆی هێواشتر کردەوە، لە بەرە خۆیا کەوتەوە بڵمەبڵم : «هەر خوا بەخۆی دەزانێ، بە خۆ بە دایکە ئۆینبازەکەو پیرۆز خانی دەستە خوشکتان، چتان لە بن سەریدا هەیە، بەتەمای چ غەدرو غدوورەکن...!» بەم قسانە، دایکم گەلێ مات و پەژموورده بوو، هۆن هۆن فرمێسك لە چاوەکانیا هەڵدەوەران و تێکەڵ بە خەم و خەفەتەکانی «نەنە پەرێ» وە بوون. بە دەنگێکی بەرزو قورگێکی پڕ لە گریانەوە لای لە «دایە نەخشین» کردەوە:

– خۆ گوێت لێیە چمان پێ دەڵێ ؟ کوو بیر دەکاتەوە!؟ بە قوڵپی هەنسك و گریانەوە هەر لە قسەکانی خۆیا بەردەوام بوو: ئەوە چاکەمە دەداتەوە دەستم، هەتا ئەوڕۆ بەرگەم گرتووە، هەموو شتم لێی قبوڵ کردووە ... لەو ڕۆ بەولاوە، هەرچیم کرد... کەس گازاندەم لێ نەکا! «دایە نەخشین» بە چەند قسەیەکی نەرم و لەسەرخۆوە، غەم و پەژارەکانی قووت دایەوە:

– ناوی خوا بێنە، ئەوەندەی لەگەڵ پێدا مەچوو! خۆ ئەو قسانەی لەگەڵ توو نییە...! دەزانی چ کوورەیەکی لە ناو هەناوە...! چ ئاگرەك دەیسووتێنێ ...! کە گۆتت زگسووتان بڕایەوە...! «نەنە پەرێ» خەریکی سڕینەوەی فرمێسکەکانی چاوی بوو، بەهەشتاوی ئاوڕی لەلای دەنگەکان دایەوە:

– ئەرێوەڵڵا ئەوەی گۆتیتم، لەگەڵ ئەویشمە و لەگەڵ ئەنگۆشمە. پاشان وتی: «کەس ئەمنی نەکوشتییە ئەتوو کیژەکەت نەبی..! دەستی بۆ یاخەو بەرۆکی خۆی بردو کەوتەوە قسان: «نازانم لە بەرچی وها بووینە قاندرمان... وەکی کووچکووچە لە دوومان نابنەوە!... ئەنگۆ دەتانەوێ بە چەقووەکی کول سەرمان ببڕن، ختو خۆکاو بە خەنجەرەکی ژەهراویی هەلا هەلامان کەن، ببنە باعزی من و ئەو دوو سەبیلۆکەیە. ڕووی خۆی بۆ لایەکی تر وەرسوڕاندەوە : قوڕتان بەسەری، ئەنگۆش ڕۆژتان دێ.. ، زاڵم هەیە زەواڵی نەبی!»

– دایکم دڕدۆنگتر بەربینگی لە «نەنە پەریّ» گرت: «نەنیّ» ئەتوو لەمن تووڕە بووی چ هەقت لە وانەیە ...!؟ بە دەم سەرهەڵبڕینەوە، بێ ئەوەی رووی تێبکا بە دەنگێکی نزم کەوتەوە قسە کردن: «دە بڕۆ بڕۆ هەزار حەیف و مخابن...» دەنگی خۆی هێواشتر کردەوە: «ئەز بام لەجێی توو، پیاوی وهام...وها سیکتر دەکرد وهام تۆڕی دەکرد، بە لنگە سۆلەکی خۆم نەدەگۆڕییەوە.» دوای نەختێ وەستان و بیرکردنەوە، بەرزتر هەڵیدایێ: « نازانم ئەو ساڵ ئەو ئاگرە چ بوو پێمان وەنووسا، ..! نازانم ئەو پشیلەی داکمردیە دەو خوارە لە کوێ لەمە پەیدا بوو...! مانگێ ئەگەر دووجاران نێ، جارەك هەر دێ ...! هەر دیتت تەقتەق لە دەرکە درا... ئەها ئەوە کێ بوو؟ وەڵڵا ... کابرای گۆرین بوو، .. «ئەیان» بوو...! هەر و هات کرد «فاتمۆك» هات، نەنێ ئەدی ئاگات لێی نەبوو؟ ئاگام لە چ بی؟ کابرایەکە ... کابرایەکە پووریّ، ئەدی ئاگات لێ نەبوو؟.. تازە لە دەرکەی دا، تازە بێرەدا رەت بوو. هەی رەببی سەرت لە هەش و خم بنێن، نە خۆت کا نە ئەو ناوەشت کا، یاخوا... بە گۆبەندی دزەکەی ژاوەرۆ بچی، ئەوها سووك و سەمەندۆك بی، ئەوها ئەتك بکرێی ..! ئەوها نغرۆبی...! » دوای نەختێ کڕ بوون و هەست راگرتن، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «ئەگەر خوا عەمر بدا، دەبی ئەو هەنجەتەشت ببڕم. هەر ئەو چەند مانگەم لێ خلاس بیی، دەبی ساڵەکی دیی «ئاڵاو دلێر» ببەمە مەتکەبەکی دیی. خۆ مەتکەب قاتی نەبووە، هەرنا هەرنا بە گەڵ منداڵەکانی فاتمۆکیان دەدەم...! ئەمن دەستی خۆم سووتاندییە، تازە نە ئیشم بە خوشك و برای شیری مایە، نە بەقاشم پێی مایە... تۆبە، ئامان سەد ئامان ..! » موژدە بەم قسانە دەستی بە دەمی خۆیەوە گرت و بەدەم زەردەخەنەیەکی تەنکەوە، رووی لە دایکم کرد، بەڵام سووراوی شەرمێك، کە ئەو دەم روخساری وەك وەنەوشە سوور هەڵگەڕاندبوو رێگای نەدا گوزارشت لە ناخی خۆی بکاتەوە. بە چاوێکی پڕ لە سۆز و دڵۆڤانییەوە لە دایکم رادەما و چاوی لە چاوەکانی بڕیبوو. ئەویش وەك بڵێی لە تیشکی چاوەکانیەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە بکرێ، کەوتە وەڵامدانەوەیان: دەزانم کێ ئەو قورەی بۆمان گرتۆتەوە، ئەمان چ بکەم ... هەتا بابای وا دەگاتە رۆژی خۆی، ئەمنیش پێستم دەچێتە دەباغخانە...!

– «دایە نەخشین» کەوتە ئامۆژگاری کردن و دڵدانەوەی : خوشکم دە بەسە، ئەتووش هەندەی لەگەڵ پێدا مەچوو. دەی، بەڵکو ئەو هەموو توندی و گرژی و ناخۆشییە ... خوا بە خێری دەگێڕێ،خوا نەبێ کەس نازانێ خێر لە چ دایە...!؟

– دایکم خێرا خێرا لە ناخی دڵەوە قسەکەی قۆستەوە و هەڵیدایێ : کا لە بۆ ئەو رۆژە؟

خوا بەدەمتدا بڕوانێ. «نەنە پەریێ» لەلای ئەملاوە، بە تەنها.... لەلای سەرینگانیەوە دانیشتبوو دوای ئەوەی فرمێسکەکانی چاوی وشك بوونەوە، دیسان کەوتەوە قسە کردن:

– نەڵێن کوێرەیە چاوی نابینی...! بە خوای بەخوای ئاگام لە هەموو شتەك هەیە . پــاشان خـۆی بـە سەرگـۆچـانـەکـەوەدا کـووڕ کـردەوە و بـەدەم وردبـوونـەوەوە، هـەر بـە دانیشتنەوە لە پێشە خۆی کەوتەوە ئاخاوتن: «ئەوی لەسەر سەبرانە لە سەر خێرانە...! کێوە دەچن، خودا ئەو سرە هەر هەڵدەماڵێ.»

دایکموان لە هەموو بارێك دا، هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو کە زۆر درێژ دادڕی لەگەڵا نەکەن و هەر لە کورتی بیبڕنەوە. ئێمەش دوایی ئەوەی لە شوێن خۆمانا کەوتینە جووڵەو جموجۆڵ، لە دار تووەکەوە و ڕووکاین... گەرەکمان بوو یارییەك بۆ خۆمان ساز بکەین. (گاوربـاغی) لای لە (ئاڵا) کردەوە: (دەی هەڵسە، تۆش بجووڵێ، با وازی بکەین بۆ خۆمان) پاشان وتی: (مەعیەن پەتێ تەنافێ یا شتێکی واتان هاوردووە!؟) ئەو هێشتان قسەکانی خۆی تەواو نەکردبوو، کە (ئاڵا) کەوتە پشکنینی بارکۆڵەکە و پەتێکی درێژی دەرهێنا. ئیتر هەمووومان چووین لەژێر بنە دارەکەدا وەستاین. (موژدە)ش نیمدەرێکی چوار قەد کردەوە، جۆلانەکەشی بۆ هەڵبەستاین. من یەکسەر چووم خۆم لەباوەشی کوتا، ئەویش زۆر بەگەرمی لە باوەشی خۆی گرتم و سواری جۆلانەکەی کردم. لەم کاتەدا (خانزاد و تارا) لەبەر دەمما هەڵگیرسانەوە... (تارا) لێم هاتە پێش:

منیش یەم دەتژێنم، دوایەش کە تۆ دابەزیت من و (خانزاد) سواری جۆلانەکەوە دەبین و تۆش ڕامان هەژێنە. بەدەم ئەم قسانەوە (تارا) سەری خۆی بەرز کردەوە، لە گەڵا وردەکـانـەوە ڕامـا. کـە تـازە خـەریك بـوو چـاویـان دەپشکووت، هـەر لـە قسەکـانـی خـۆی بــەردەوام بــوو: هــەمــوو جــارێ لــەژێر دارەکــەی (شێخــە بــاس)یشا، لــەگــەڵ مــنــاڵــی هـاوسێکـانمانـا کە ئەچووین بۆ زیارەت، وامـان ئەکرد. بەدەم بیرکردنەوە، بەیادی ئەو ڕۆژانەوە کەوتەوە ئاخاوتن: «جا هەموو جار کە لەگەڵ دایك و خوشکەکانمانا ئەچووین، قەلەموونمان لەگەڵ خۆمانا ئەبرد، ئەمان کرد بە قەلی، یان بە قبووڵی لێمان ئەنا... ئای دایە گیان چەنێ خۆش بوو، چەنێ بەتام بووا!» ئیتر ئێمە، ئەو دەوروبەرەمان پڕ لە زاق و زرووق کرد. هەموومان لە جووڵانەکەوە وڕووکاین. (موژدە)ش ناوە ناوە لای لێ دەکردینەوە و لەوێشا هەروەك مامۆستایەك دەوری رابەری و پەروەردەیی خۆی دەبینی. بـەتـەنگ چۆنیـەتـی ڕەفتـار و جموجۆڵمـانـەوە دەهـات. جـارجـاریش دەستی یەکێکمـانـی دەگـرت و دەچـوو لـەنـاو گـۆڕەکـانـدا هـاتـوچـۆی دەکـرد و بـەردەنـووسی گـۆڕەکـانـی

دەخوێندەوە... دوایەش بۆ لای ئەوانی تر دەگەڕایەوە، نیگەرانی و پشووسوارییەکی زۆری پێوە دیار بوو، هەروەها بەدڵێکی پڕ لە گریمانەو گومانەوە، سەیری ئەم لاو ئەو لای خۆی و سەیری خۆر و کاتژمێرەکەی دەستی دەکرد...! ڕۆژێکی گەلێك خۆش و ئەفسووناوی بوو. تا ئەو کاتیش تەزووی گەرمی خۆر کاری لێ نەدەکردین. ئێمەش لەناو ئەو کەش و هەوا خۆشەدا زیاتر سەرگەرمی یاریکردن بووین و بەنۆرە یەکتر ڕاژێنین. ئەگەر لە جۆلانێ کردنیشا وەڕس بووباین، بەهەموومان دوو تیپی چکۆلانەمان دروست دەکرد و دەستمان بە تۆپێن دەکرد. هەموو جارێش، (ئاڵا و گاورباغی و نادیە و سەرمەد) دەبوونە لای یەکتر و من و (تارا و پەروین)یش تیپەکەی ترمان دروست دەکرد، (خانزاد و شەونم)یشمان دەکرد بە گۆڵچی. (دایە نەخشین) و دایکیشم لە نزیك دارەکەوە دانیشتبوون، وردە وردە لەگەڵ یەکتر داخاوتن. گەلێ جار (موژدە)ش دەچوو لە لایان دادەنیشت و هاوبەشی لەگەڵا دەکردن. بەڵام (نەنە پەرێ) لەلای ئەملاوە هەر بە تەنها خۆی لاتەریك کردبوو، بەدەم بیرکردنەوە و خۆدواندنەوە، خۆی نوقمی دەریایەکی گرژ و تووڕەوە کردبوو، هزر و مێشکی خۆی لە جاران جەنجاڵتر کردبوو! هەندێ جار دەمی دەجووڵایەوە و وردە وردە وێرد و سەڵاواتی دەخوێند، هەندێ جار لەپێشە خۆی دوعای دەکرد و دەناورایەوە، گەلێ جاریش بەدەنگی بەرز دەستی بە قسان دەکردەوە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکا، کەس گوێی لێ دەگرێ یان نا! یاخود دڵی کێی لێ دەڕەنجێ و کێ بەقسەکانی بریندار دەبێ! بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو ئێش و ئازار و تازیەبارییەی کە بە ژیانیا ئاڵوودەی ببوو. ئەو خەم و خەفەتەی کە لە ئەنجامی جوانە مەرگ بوونی باوکمدا دووچاری ببوو. بەم دوا دواییە، هەمووی لەیەك خاڵدا کۆببووەوە، ئەویش بریتی بوو لە چۆنیەتی پێگەیاندن و گەورەکردنی ئێمەی پاشە باوك، کە هێشتان لە لای ئەودا هەروەك خونچەیەکی چاو نەپشکووتوو بووین. لە سۆنگەی ئەمەوە، ئەو هەردەم خەونی بە دوو شتەوە دەبینی (بە ئاسوودەیی گوزەران کردنمان و دایکێکی بە دەست و رستمان هەبێ کە خۆی بۆ گەورەکردن و بۆ پەروەردەکردنی ئێمەوە تەرخان بکا!)

تا ساڵی پێشووتریش لەخەمی ئەو شتانەدا نەبوو. گەلێ بەدایکمانا پشت ئەستوور بوو. قسەیەکی هەبوو، هەموو جارێ دەیوت و دەیوتەوە: (شێرە ژن لەبۆمان بوویتە قوولەی قاف ڕازی نابم کەس پێی بڵێ پیرۆز، پێم خۆش نیە کەس بەناوی خۆی بانگی بکا، دەبێ هەموو وەك من بە شێرە ژن – گازی بکەن) بەڵام هەر لەو ساوەی ئێمە بۆ قوتابخانەکەی تر گوازرایـنەوە، چرای ئومێدی بەجارێ کەوتە بەردەمی ڕەشەباوە، هەموو ڕەنگ و

ڕۆشناییەکی لە دڵا کوژایەوە. جێ و بالینگانی خۆی لا ببوو بە دۆزەخ! (موژدە) کە یەك لە مامۆستا و خوشکی شیری من و (ئالا) بوو، بۆ ئێمە هەروەك خوشکێکی گەورەی لە دایك و باوکمان بووبێ وابوو. بەڵکو گەلێ بەکەڵکتریش بوو تەنگو چەڵەمە و کەموکوڕیەکانی ئێمەی دەزانی، هەردەم خەریکی جێبەجێ کردنی خولیاو ئارەزوو پێداویستییەکانمان بوو، بەتەنگ هەموو ئێش و ئازار و داواکاری و نوشستییەکانمانەوە دەهات و نیگا داشتی دەکردین! دوای ئەوەی کە ئێمە لە لایەن زۆربەی زۆری دەستە و بەڕێوەبەراتی قوتابخانەوە وەك منالی شەهید ناسراین. مامۆستاکانیش بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەڕێز و نوازشەوە هەست و نەستی خۆیان بۆ ئێمە و بۆ باوکی شەهیدمان دەردەبڕی و بە چاوێکی دڵسۆزانەی باوکانەوە سەیریان دەکردین. هەر بەو شکۆمەندی و دڵنەرمییەوە بۆ خوێندن و ڕێبازی ڕاستەقینەی ژیانێکی مرۆیانە سەرمەشقیان دەداین. (مامۆستا ئەیاز) کە ئەویش هەر لە شارەکەی ئێمەدا بە مامۆستایی دامەزرابوو، هەر لە سەردەمی قوتابێتییەوە لەگەڵ باوکمانا بوو بوو بە هاوڕێی نیاز و ڕێباز! کە ئێمەی ناسی، دووبارە گیانی هاوڕێیەتی و هەڤاڵداری لە دڵ و دەروونیا گڕی سەندەوە و لە نێونیگای چاوی ئێمەدا هەموو یادگاری و ڕابردوویەکی خۆی دەهاتەوە بەرچاو! بەم پێیە بۆ ئەو بووین بە شیرازەیەکی پیرۆز و بووین بەهۆی ئەوەی کەوا بیر لە دابینکردنی ژیانی داهاتووی خۆشی بکاتەوە! لە سۆنگەی ئەمەوە، ئەو لە هەمووان زیاتر بەتەنگمانەوە دەهات، بگرە هەر پێویستیەکیشمان هەبووایە، بێ ئەوەی کەسێ پێی بڵێ، زوو بەئەرکی خۆی هەڵدەسا! بۆیە من و (ئالا)ی خوشکم بەچاوێکی زۆر تایبەت و گەشبینییەوە سەیری ئەو مامۆستایەمان دەکرد، زۆر حەزمان دەکرد کە هەردەم لە نزیکمان بژی. بەڵام (نەنە پەری) کە هەموو سۆز و دەستڕەنگینی خۆی لە پەروەردەکردن و گیانی تۆڵە سەندنەوە و ئاواتێکی... لە بوون و پێڕاگەیاندنی ئێمەدا دەدۆزییەوە، بەم دوادواییە لە پێشی ببووین بە چیایەکی لە خەم و خەفەت دروستکراو! چونکە دەیزانی ئەو بەم نەقوستانی و کەمبینایییەی خۆیەوە هیچی بۆ نا چێتەسەر و هەر وەکو پێویستە هیچ کارێکی بۆ ئەنجام نادرێ! سەرباری ئەوەش ئەوا لە دایکیشما کەوتۆتە گومان و دەنگوباس و زانیارییەکانی کەسانی وەك (فاتە دەلاڵ) و ڕەفتارە ڕەق و جار جار بڕست لێبڕاوەکانی دایکیشم، هەر بەیەکجاری گلۆڵەکەیان لێ خستبووە لێژی و داوەکانیان هەموو لێ ئاڵۆز و پاڵۆز کردبوو! سەریان وا لێ شێواندبوو، نەیدەتوانی ڕەش و سپی لە یەك جیابکاتەوە. گەلێ دەترسا لەوەی... خۆی وتەنی، کە لێی بقەومێتەوە!

چەندی بیری دەکردەوە نەیدەزانی پەنا بەرێتە بەر کوێ بەر چ کەسێ! وەك مەلەوانێکی ماندوو شەکەتی لێ هاتبوو، کەوتبووە ناو گێژە لووکەیەك، هیچ پنچکێ نەبوو دەستی خۆی پێوە بگرێ. هەندێ خزم و کەسی دووری باوکمان هەبوو. نە ئەو متمانەی پێ دەکردن و نە ئەوانیش سەراسوویان دەکردین. هەر لەسەرینی ئەمەشەوە بوو کە هەردوولامان ئاموشۆی یەکترمان نەدەکرد! بەڵام هەموو جارێ دڵی بەشارەکەی خۆمان دەکرایەوە. ئەو شارەی هەر وەك مەڵبەند و گۆزەرگایەکی تری ئەو مەرز و بووم و ئەو نیشتمانە دڵگرە ئاسا، جێگای ئەوەیە کە مرۆڤ بەدڵنیاییەوە لێ ی بژی. ئەو شارەی کە گەلێ جار، بەدرێژایی چەرخە کۆنەکانی مێژوو، سەدان بگرە هەزاران ماڵی لێقەوماوو ئاوارە و ئاگردان کوێرکراوە و رووت و قووت و برسی و نەدارای لێ کۆبۆتەوە و هەر خێرا خێرا خەڵکەکەی فریایان کەوتوون و لە برسیەتی و تێنووەتی و لە سەرما و گەرمایان پاراستوون و ئێش و ئازار و مەینەتی و ماڵوێرانی و تۆزی ئاوارەییان لێ تەکاندوونەتەوە، نەیانهێشتووە هەست بە هیچ نالەباری و نوشستیەك بکەن! هەر بەم ئاوایە هەموو جۆرە بیر و کەڵکەڵەیەکی بە مێشکی دادەهات و خۆی لە هەموویان دابراندبوو. بەڵام ئەوانی تر بە مات و مەلوولی دەوری گۆڕەکەیان دابوو. ئێمە نەبێ هەر لە یاریکردنی خۆمانا بەردەوام بووین. جار جار گوێبیستی قسەکانی دایکموان دەبووین، هەر یەکە بیروبۆچوونێ، یا پێشهاتێکیان لەناو چەند پەیڤێکی بیستراوەوە دەردەبڕی. ئەو ڕۆژە زیاد لە ڕۆژانی پێشوو، هەموو ماتوو خامۆشیان پێوە دیار بوو. هەڵبەت مرۆڤیش بەگوێرەی خواست و ئارەزوو بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە، بیر دەکاتەوە و هەڵسوکەوتی خۆی ئەنجام دەدا، بەڵام بەمەرجێ ئەو خواست و ئارەزوو بەرژەوەندییە تایبەتییانە لە قالبی باوی شەرعی و شیاوی خۆیەوە دەرنەچێ و هەریەکەیان نەکەوێتە دوورگەیەکی کاکی بە کاکی و کێو بەکێویش ئاسا بەیەك نەکەونەوە! لە ڕەنگ و ڕوخسار و ڕەفتاریاندا وا بە دیاردەکەوت، کەوا مات و مەلوولییەکەی هیچ کامێکیان. هی ئەمە نەبوو کە هاتوونەتە سەر گۆڕی جوانە مەرگێك و دەبێ بۆی غەمبار ببن و فرمێسکی سێڕێزی بۆ هەڵوەرێنن! ئەو کردارە لە ساڵانی زووی سەرەتای ڕووداوە جەرگبڕەکەوە گەلێ جار دووپات ببووەوە و لە ساڵانی دوایشەوە هەموویان گەڕابوونەوە بارە ئاساییەکەی خۆیان! بەڵام مات و مەلوولی ئەو جارەیان لەپێناو ڕۆژانی داهاتوو بوو. لەپێناوی سەردەمی نوێی بووژانەوەی خوێنی تازە و کاری بەرهەمئامێز بوو! ئایا دەبێ چارەنووسی هەموو ئەو کەسانە چی بەسەر بێتەوە؟ ئایا دەبێ گۆڕی جوانە مەرگان هەر

کـانـگـای خـەم و خـەفـەت و دەست لـە ئـەژنـۆ وەریـنـیـان و فـرمـێسك ڕژاندن بـێ!؟ هـەر سەرچاوەی باری ناهەموار و نەهامەتی بێ و چیتر نا؟! یانیش دەبێ ببێتە گۆڕێکی درەوشاوە و پڕشنگدار، کە ڕێگای هەموو کەسێ لە هەموو جۆرە تەمەن و تافێکەوە ڕۆشن بکاتەوە و هەر کەسە نەك هەر بەر پێی خۆی، بەڵکو ڕێگای دوور و دەرازی هەزاران فەرسەخی بکەوێتە بەر چاوان. گۆڕێکی وابێ، ببێتە کانگای پێشهات و پێشکەوتن و تەبایی و زەینادن، نەك ببێتە کانگای بەلآو ئازار چەشتن و خۆ زەلیلکردن.

تـا کـەش و هـەواکـە خـۆشتـر دەبـوو، زاق و زرووقـی ئـێمـەش زیـاتـر بـەرز دەبـووەوە. بەجۆرەها یاری و ڕەفتاری منالآنەی خۆمانەوە گوزارشتمان لەم ڕۆژە خۆشە دەکردەوە! تـیشکـی خـۆر بـەرە بـەرە گـەرمـتـر دەبـوو. ئـەو کـۆتـەڵـە هـەورە چڵکـنـانـەی کـە ڕوخساری ئاسمانیان پۆشیبوو، تیشکە گەرمەکان وەك خەدەنگ تیکە تیکەیان کردن. هەندێ پەڵە هەوری تەنك نەبێ کە لەئاسمانەوە، هەر پارچەیەکی کەوتبووە کلآوەیەك، ئەگەر نا ڕووکاری ئاسمان ساف و بێگەرد هەڵگەڕابوو. تیشکی خۆریش چۆن دەهات، ئاوا وەك تیر لە زەوی دەچەقی. هەوا وەستا بوو، گەر جار جار کزە بایەك هەڵیکردبایە، بەلآم نەدەبووە مایەی سەرمابوون و ددانە چۆقێ! جار جار زەردەواڵەیەك لەژێر پنجە گیایەکی ساوادا دەیکرد بەخشەخش، یان مێشێکی ڕەشی لۆقدرێژ، لەسەر پشتی دەستی یەکێکمانا هەڵدەنیشتەوە. بەلآم هەر دوای ماوەیەك، هەر لەگەڵ گەزتن و چزوو وە شاندنەکەیدا شەپێکمان پیا دەماڵی و زوو جێگاکەیمان دەخوراند. ئەویش بە دەم دڤە دڤ کردنەوە گـورج هـەڵـدەفـڕی و دەستـی دەکـرد بـە بـاڵـە فـڕەکـردن. دەچـوو لـە شوێـنـێکـی تـردا هەڵدەنیشتەوە! لە دوورەوە گوێمان لە دەنگی بانگ و سەلآی مزگەوتەکانەوە بوو. (دایە نەخشین) لەگەڵ ئەو دەنگانەدا، سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی:

دیارە نوێژ ئەوەندەی نەماوە ببێ.

دایـکـم خـێرا وەلآمـی دایـەوە: چـۆن؟ ئـەورۆ هـەینـییـە. پـاشان ڕووی لـە ئێمـە کـرد و بەدەنگێکی بەرز لەقسەکانی خۆیا بەردەوام بوو: هەی بابانتان. چما لەبەر هاوار و زریکەی ئەوانە گوێمان لە چ دەبێ!؟ هەموو دەڵێی گۆشت قازیان خواردووە. بەدەم ئەم قسانـەوە لـە شوێن خـۆیـا هـەڵسایـەوە، (تـارا)ی لـەسەر جـۆلانـەکـەوە دی، وەك بـێچووە باڵندەیەك باڵە فرەی پێ کەوتبوو، منیش تا هێزم تیابوو دەمهەژاند و ئەو سەر و ئەو سەرم پێ دەکرد، جار جاریش (خانزاد) یا (شەونم) دەهاتن و ئەوانیش دەستیان پیادەنا، کە سەیری کرد لەگەڵ هەڵبەزین و دابەزیندا نیمدەرەکەی ژێری خەریك بوو بخزێ و

(تارا)ش لەگەڵ خۆیا سەرانگریێ بکا. هەڵبەت ئەویش لەگەڵ تین و تەوژمی ڕاژەنینەکەوە، دەکەوت و زاماریش دەبوو... لە سەرینی ئەمەوە دایکم یەکسەر بەدەم دەنگە دەنگ و نیگەرانییەوە، زوو ئاگاداری کردینەوە و خۆشی بەڕاکردن بۆ لامان هات، جۆلانەکەی ڕاگرت، خێرا خێرا (تارا)ی گرت و لەوێی لادا، بەدەم زەردەخەنەیەکی کپ و ماتەوە دایبەزاندە خوارەوە: کچێ سەر شین، ئەوە ئەگەر بکەوتبای هەینێ چمان بە (نوخشە خان)ی دایکت بگوتبایە؟ (تارا) زوو بە ڕوویدا چەقییەوە و بەهەوەس و کەیفێکی بێ پایانەوە وەڵامی دایەوە: جا ئەبوایە چی بڵێیت؟ یارییە و بۆ خۆمان ئەیکەین، ئیتر بڕایەوە! دایکم سەری خۆی بۆ خوار کردەوە، کەمێ پێی گرژییەوە، دەستێکی بەسەر و قژی داهێناو بەدەم قسەکردنەوە سەر کوڵمەکانی ماچ کرد: چەند ڕای لەخۆیە ڕا.. قسە گەورە! لەم لاوە (دایە نەخشین)یش بەدەمێکی بە پێکەنینەوە هەڵیدایێ:

ئەگەر بەربیایەوە بەسەرماندا ساغ دەبووەوە. دەبوایە یەکسەر مەلایان لە بۆ بانگ بکەین! لەگەڵ کۆتایی پێهاتنی ئەو قسەی، تریقوهۆڕ کەوتە پێکەنین. دایکیشم هەر بە دەمی بە پێکەنینەوە هەڵیدایێ: کچێ لەکوێ! هەینێ لە ترسی (نوخشەخان) دەبووایە لەو هەرێمەش نەمینێین! (دایە نەخشین) زوو قسەکەی لێ وەرگرتەوە:

نا نا واش نییە! هەر بزانە کاری کەوتە لامان. ئەوێ ڕۆژێ دەیگۆت برایەکم ماوە، زۆر حەز دەکەم لێرە بیکەم بە ماڵ.

دایکم خێرا پشتگیری لە قسەکەی کرد: چ قەیدییە! کێ هەیە قسەی «نوخشەخان» ڕەت کاتەوە...! هەر ئیشەکی ئەو هەیبێ و بەئێمە و مانان بکرێ، بەسەر سەر و بەسەر چاو. (نەنە پەری) کە ئەم قسانەی بیست لە شوێن خۆیا وڕووژا، دیسان لە پێشە خۆی کەوتەوە تانە و تەشەرە و ناڕەزایی دەربڕین:

– هەی (چقەیدیدانەت)ت دەرێ! بزانە کوو وەکی دەبێتە بەحسی مێرد و مێردکردنەوە، زوو قسەکەی تەستیق دەکا، کوو بافرەی دێتێ، لێوی کەفەژیلکە دەکا! هەی لایێ غایەن! دوای نەختێ کڕبوون و دۆشدامان، دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: ئەدی گای بنە. بزانە بزانە کوو تیختیخەی دەدا! ئەو شتەی ئەمن پێم ناخۆشە و زراوم لێی ڕژایە، ئەو هەشبەسەرە وەکی شەیتانە شینکە بە بیری دینیتەوە! بزانە کوو وەکی قەل دەقرێ! کرمنی سەیانی، ئەتوو بەخۆت هەیتت نیتت. هەجیجییەکی لاق ڕووت، لە چاو کیژان دەڵێی مەیموونە! وەکی دەبیتە بەحسی کیژی عازەب خۆشی پێ هەڵدەکێشی! ڕەنگە هەنکە فکران

بکاتەوە بڵێ لەگەڵ (نوخشەخان) تێکەڵ بین. هەی لە خۆت سەر بەهەش و قەلەندەریێ، کێ ئەو تیاترۆیە دەخوازی. ئەتوو چ کیژت هەیە!! دوای ئەم خۆ دواندنە. دیسان بێدەنگ بووەوە، گوێی خۆی ڕاداشتەوە بەڵام لەبەر هەرا هەرای ئێمە، هەموو قسەکانی بەتەواوی نەدەپێکا. کاتێ لە پڕ کشوماتییەك دەوروبەرمانی داگرت. ئێمەش هەموو لە ڕاوە ڕاو کەوتین.

لە هەمان ئەو شوێنەی کە ئێمە لێیەوە دابەزیبووین. دووکەس لە تاکسیەکەوە هاتنە خوارەوە و بەرەو لای ئێمەوە هەنگاویان نایەوە. هەموو سەیرمان دەکردن. لەبەر ئەوەی نەختێ لێمانەوە دووربوون، هێشتان نەماندەتوانی بە چاکی بەرجەستەیان بکەین. بەڵام ئەوان بە ئەسپایی ملی ڕێگایان گرتبوو، بەرەو ئێمەوە دەهاتن. (ئاڵا) لەگەڵ (گاورباغی و سەرمەد و پەروین) خەریکی تۆپانێ کردن بوون، ئەوانیش لە جوولە کەوتن، هەنگاوەکانیان وشك هەڵگەڕا. دوای چاوەڕوانکردن و سەیرکردنیان، هەر لەدوورەوە (ئاڵا) بەدەنگێکی بەرز ڕووی لە دایکم کرد:

دایە، دایە. ئەها مامۆستامان! من و (خانزاد و شەونم) جۆلانەکەمان جێ هێشت، (تارا)ش هات لە نێزیکمانا سەنگرایەوە! ئەوانیش بەرەو لای ئەمانەوە ڕایان کرد. ئێمەش گەلێ خۆمان گیر نەکرد، دوایان کەوتین و هەنگاوی بەپەلە و خێرامان نایەوە، هەر بە دەم ڕاکردنەوە، بە سەرسوڕماوی هاوارم کرد: مامۆستامان، مامۆستامان. ئەویش هات!

– تارا: ئەی ئەم ئافرەتە کێیە لەگەڵیایەتی؟

– بەهەناسە سواری وەڵامم دایەوە: چوزانم. ئەگەر خێزانی بێ. بەدەم ئەم قسانەوە هەموو کەوتینە پەلە پڕووزێ، هەر یەکە لەلای خۆمانەوە بەرەو ئەوانەوە ڕامان دەکرد و لێیان نزیك دەکەوتینەوە. من پێشی هەموویان گەیشتمە لایان. مامۆستا (ئەیاز) تۆقەیەکی لەگەڵا کردم و کەوتە ئاخاوتن:

«ئەڤە (دلێر)ی گچکەیە، ناڤێ بابێ خۆ ڕاکردیەڤە.»

ئەو ئافرەتەی کە لەگەڵیا بوو وەڵامی دایەوە: «ئێ ناودێربی! عەمر درێژبی.»

مامۆستا (ئەیاز) درێژەی بەقسەکانی خۆی دا: «دێ ئەڤرۆ دەستێ خۆ داڤێمە زەنگڵا خوازگینی و دهەژینم، «دێ هێڤ کەینێ داکو بزانین خودێ چ تکاتەڤە!» – «بێنێ خۆ فرەکە. قەت خۆ شێلونەکە، خڕشۆلا دێ بڕەحەتی چێ دبن. مادام مەیلی لەتەیە دێ چو ئاستەنگانا هێتەربکێ.»

(مامۆستا ئەیاز) پەرۆشی و پەشۆکاوییەکی زۆری پێوە دیاربوو، بە دڵێکی پڕ لە نیگەرانییەوە، وەڵامی دایەوە:

– «خوشکێ من تە چ دبێژی؟ وێ نە هۆسایە کوو بێ تە بیرێت مرۆڤی خۆ شوو بکا.»
– «تە ژیێ مرۆڤەکی نەهۆسای.»

بەدەم ئاخ و حەسرەت کێشانەوە، (مامۆستا ئەیاز) زەردەخەنەیەکی هێنایە خۆی: «ڤان خەبەرا نەبێژە. خودێ ئەگەر ڤێ خوازگێنێ بومە سەربگریتن بڕەحەتی، ئەزیێ وەتڤ حسێب دکەم کوو تەیرێ دەوڵەتێ هەڵاڤێتن، دێ تەیر گەڕیا گەڕیا زڤڕی و دادا سەر سەرێ من»...

هەموو ئەوانی تریش کەوتنە پێشبڕکێ. تا بزانن کامەیان زووتر دەگەنە لایان. ئەوەی دەگەیشتە نێزیکیانەوە، چەند هەنگاوێ دەما لەدووریان دەوەستا. ئەویش بانگی دەکردنە لای خۆی و تەوقەی لەگەڵا دەکردن و دەستی بەسەر و قژیان دادێنا. دوایەش یەکە بە یەکە پێشکەشی ئەوی دەکردن! ئاماژەی بۆ (ئالا) کرد: «ئەوە ژی خوشکا وییە.»

– باوەشی خۆی بۆ کردەوە و بەدەم ئاخاوتنەوە ماچی کرد: «ئێ. ناودێر بی، عەمر درێژ بی.» ئەوانی تریش یەک یەک لەدوای یەکتر هاتن. (مامۆستا ئەیاز) بە نزیک بوونەوەیان کەوتە ئاخاوتن:

– ئەوانەژی قوتابی منن. ئەڤە (گاورباغی)یە چار پێنج ساڵەك دبی ماڵی ڤان لکەرکووك ڤەگوهاستیە ئێرە.

(دەستی خۆی بۆ لای (تارا) درێژ کرد): ئەوە ژی (تارا)یە، پەتر پێرار دەڤەرا خۆ هێلان، یێ لێرە ئاکنجی بووینە.

ئەویش هەر بەدەم گفتولفتێکی شیرینەوە، یەك یەك دەستی دەگرتن و ماچی دەکردن یان لە باوەشی خۆی دەگرتن!

(مامۆستا ئەیاز) بە دەنگێکی بەرز هەڵیدایێ:

– خڕ قوتابین. ئێك لە ئێکیش ژ زیخترن. – بلا بلا.، بەحەول و قوەتی خودێ، خڕ دێ گردبن و خوێندنا خوڤە دەبرینن.» ئەوانی تریش بەشەرمەوە، لە دوورەوە وەستابوون، هەر سەیریان دەکردن. (مامۆستا ئەیاز) تەماشای هەموویانی کرد، پاشان بەزەردەخەنەیەکەوە وتی:

– ئەوەش (سەرمەد) و (پەروین) لە پۆلادوون، ئێکەمی پۆلا خوێیانن، گەلەك زیخن، گەلەك پاك و خاڤێنن.» ئاماژەی بۆ (نادیە) و (شەونم) کرد. «من ئەوانە ناس ناکەم، هێشتا نەهاتینە مەیتەب.»

هەردوو بە هەنگاوە شل و خاوەکانیان، بەرەو گۆڕەکەوە ڕۆیشتن. ئێمەش وەك گۆڵئەستێرە بە دەوریاندا خولمان دەخواردەوە، یان بە هەنگاوە وردەکانمانەوە لەگەڵیانا دەڕۆیشتین. جار جاریش شەرمە خەتیلکەیەك هەموومانی هێور دەکردەوە. دوای سەڵاو کردن، بەگەیشتنیان هەموو ورووژان و لە بەریان هەڵسانەوە. هەر لە دوورەوە (مامۆستا ئەیاز) ئاماژەی بۆ ئافرەتەکەی تەنیشتی کرد:

– ئەوەش خوشکا منە. ناوی وێ (ئیقلیم)ە.

دایکم و (دایە نەخشین) هەردوو بە جووتە، بە گفتولفتێکی شیرینەوە بەخێرهاتنیان کردن، هەر دوو بە وردی لە (ئیقلیم) ڕامان. من لەوان زیاتر سەیرم دەکرد. ئەوا نزیکەی بیست و پێنج ساڵ بەسەریا ڕابردووە هەتا ئێستا جوانێکی ئاوام نەکەوتۆتە بەرچاو. ئێستاش کە گوێم لە باسی کچی جوان دەبێ، ئەوم دێتەوە بەرچاو. یەکەم وێنەم کە لەسکێنەری کۆمپیوتەرەکەم دەرهێنا، بەو دەچوو، کچە شۆخێکی ناو جەنگەڵستانی باڤاریا بوو، ئێستاش لە جامم گرتووە، لەتەك وێنەی (دایکی دیاکۆ) دا لەسەر دیوارم هەڵواسیوە. کاتێ کە دایکی دیاکۆشم کرد بەدەستگیران، هەر لەبەر تێکەڵی دایکموان و ئاموشۆ و چاوناسی ڕۆژانی ڕابردوو نەبوو، لەوانەیە زیاتر لەبەر ئەوەم بووبێ کە ستایل و شێوەی ئەو جۆرە جوانی و قەشەنگییە لە ناخما نووستبێ! دایکموانیش هەر ئاوا بەم شێوەیە لێی ورد دەبوونەوە. ئەویش کچێکی باڵا بەرزی تەبەش پان بوو، چاوە کەسکەکانی لەگەڵ قژ و پەرچەمە سیس و خامەکییەکەی، دیمەنێکی گەلێ سەرنج ڕاکێشیان پێ بەخشیبوو. هەر دەتوت پەیکەرێکی خواییە لە زێڕی تیزاب دروست کراوە و بە خۆشترین ساز و سیمفۆنیای پەیژە نۆتەکانەوە، پێکەژێی دەنگی مشتوماڵ کراوە. دایکم بەدەم ئاخاوتن و گرژینەوەوە پرسیارێکی ئاڕاستە کرد:

– بنەوانی براتی؟ (ئیقلیم) بەم پرسیارە ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، دیار بوو قسەکەی نەپێکا، هەر بیری لێ دەکردەوە. دایکم هەمان پرسیاری بەشێوەیەکی تر لێ دووپات کردەوە:

– پێکەوەن، تۆش لێرە دەژی؟

– (مامۆستا ئەیاز) زوو خۆی خستە نێوانیانەوە، زەردەیەکی بۆ کردو وتی: نەخێر ناوڵـڵا. هـەر وابـە سەردان هـاتـووە. ئـەوە لـەجـێی دایکـا مـن هـاتـیـیـە. (پـاشان بـە زەردەخەنەیەکی شەرماوییەوە درێژەی بە قسەکانی خۆی دا): ئەوە قاسیدێ مەیە، هاتیە تا خەبەرەکا خۆش بباتەوە ماڵ.

کۆخەکۆخ و ڕەفتارە سەیرەکانی (نەنە پەرێ) هەڵوێستەکەی لێ شڵەژاندن! هەر لەو کاتەی کە ناوی (مامۆستا ئەیاز)ی وەبەر گوێ کەوتبوو، بەدوای گۆچانەکەیدا دەگەڕا. پاشان هەر لەجێی خۆی هەڵسایەوە سەر پێیان و بەتووڕەیی بانگی من و (ئالا)ی کرد. دەنگەکەی ئەوەندە گرژو تووڕە بوو، بۆنی ئاگر و زوخاڵی لێ دەهات؛ بەڵام لەگەڵ بانگ کردنەکەیدا هیچ وەڵامێکی نەکەوتە بەر گوێ. چەند جارێکی تریش بانگی کردینەوە، بێهوودە بوو! ئەمجارە بەدەست کوتان و بە هەنگاوی ورد ورد هاویشتنەوە، دەیویست لەگەڵ دیوارە لە بلۆك هەڵچنراوەکەدا بڕوا. تا بگاتە دەرەوەی پەرژینەکەوە، چەند هەوڵی دا ئەم کارەشی بۆ مەیسەر نەبوو. لە خەفەتان سەری وا لێ تێك چووبوو، نەیدەزانی چ ڕێگایەك بگرێتە بەر تا لەم جێگا شوومەدا دووربکەوێتەوە. لە دوای هەوڵدان و جم و جۆڵێکی زۆرەوە، بەناچاری لە گۆشەیەکا سەنگرایەوە. پشتی لەوان کردوو لە پێش خۆیا کەوتە ئاخاوتن و نارەزایی دەربڕین: (وەکی گوچکوچە لە دوومان نابێتەوە. نەدیوبدینە. خوشك خوشك. ئاخر نە ناجسنن، ئەگەرنا کوو ئەوها بەخۆ بە خوشکەوە لەبنی دینایێ را دێنە ئێرە. وەکی سەللوعە خوشکی خۆت دەگێڕی! وەڵڵا بابە باش، هەر مایە لەکۆڵانان بیگێڕی. وەکو دێوەرە ڕەش پارە بەهێلکە و سەیلاو بە جۆی پێ بکەی!) دوای نەختێ دەم داخستن و چاو ترووکاندن، دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: (چەرمە چەقاڵتەی سەیانی، دەتەوێ هێلانەی هەتیمان کاول بکەی، ئینشاڵڵا قەت خێر و خۆشی لەخۆت نابینی، مادامەکینێ ئەوها زاڵم و بێ حەیاو حەسیەتی!) دوای هەڵوەستەیەك گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: (دیارە دەیەوێ خوشکەکەی خۆشی لێرە ساغ بکاتەوە. داخوا دەبێ چ قەرەجێك بێ، چ مەیموونەك بی. وەها بە هۆرتە هۆرت بەدوو خۆی دایە!) لەبەرە خۆی پرسیارێکی ئاڕاستەی خۆی کردەوە: (ئەدی ئەوە کوو بێرە کەتن، کوو ئێرەیان پێزانی. وەها بە هەڵەداوان لێمان پەیدا بوون؟!) پەنجەی دەستی خۆی گەستەوە و بەدەم سەر بادانەوە کەوتەوە ترمە و بۆڵە بۆڵ: (ئمممممم، لە خۆم بێ خەبەرێ بەخوای بەخوای دیارە دیوارمان بەگێیە، هەر لەجێی خۆمان بجوولێینەوە ئەو دەلعازی پێیدەگاتەوە! ئەو مەکرۆیەش بەخۆ بەکیژەوە لێمان بووینە سەی گورگەمێش، چ ئاین و ئۆین و بلعاتی

خراپە وا لە کن داکە و کیژەیە، هەی ڕەببی خودا بەسۆدرەتان ببا... بەگۆبەندەك بچن لە دنیا دەنگ بداتەوە...!».

هەردووکیان کە گەیشتنە سەر گۆڕەکەوە، بە ملکەچی و بە ئەوپەڕی ڕێز و نوازشەوە لە سەریا وەستان. لەم کاتەدا هێمنایییەك بەم دەوروبەرەدا بڵاو ببەوەوە. ئێمەش لەگەڵ ئەوانا... هەموو بووین بە پارچەیە سەهۆڵ و هەرکەسە لە شوێنی خۆمانا سڕ ببووین... کەس سرتەی لێوە نەدەهات. تەنها«نەنە پەریێ» نەبێ، کە ئاڵۆزی و شڵەژاوییەکی زۆری پێوە دیار بوو، لە جێی خۆی ئۆقرەی نەدەگرت. دەمێ هەڵدەسایەوە سەر پێیان، دەمێ دەستی بەدیوارەکەوە دەگرت و بەچەند هەنگاوێکی نارێك و لەرزۆکەوە لێمان دوور دەکەوتەوە... هەمدیس لە شوێنی خۆیا دەسەنگرایەوە،... دەمێ سەری خۆی هەڵدەبڕی... دەمێ بەملا و بەولای خۆیدا ئاوڕی دەدایەوە و هەندێ جاریش پشتی خۆی تێدەکردین...! هەموو ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی، بریتی بوون لە چەند ناڕەزایی و بێزاریەکەوە، کە لە سۆنگەی هاتنی ئەمانەوە دەری دەبڕین...! هەر بەچاوی دوژمنێکی خوێنمژی ماڵ کاولکەر لێیان ورد دەبووەوە...! تەنها دایکم واتای هەموو جوولە و ڕەفتار و بۆچوونەکانی دەزانی... چونکە ئەو بەئاگری بەتینی پرسەداری ساڵەهای ساڵە و خەم و خەفەتی باری گران و چورتمی ژیانەوە ئازاری چەشتووە... گۆشتی هەردووکیان لە کوورەی قەدەری چەپگەرد و چارەنووسەوە بەیەکەوە برژابوو! هەردووکیان ببوونە هاورێ و ڕێبواری سەفەرێکی سەخت و پڕ لە دەردەسەری و مشەختی. هەردەم نا تەبا و دژی یەکتر بوون، بەڵام یەکیەتی و تەبایی خۆیان لە بوونی ئێمەدا دەدۆزییەوە. ئێمە ببووین بەشیرازەیەکی دانسقە و پیرۆز، ببووین بەناوکی هەموو شتە دژ بەیەکەکان. شەڕ و ئاشتی و ڕق و خۆشەویستییەکەی ئەوان... بەسایەی ئێمەوە خەست ببووەوە، ببووین بە یەکەیەکی دژوار و پڕ لە زیندەگانی...! «دایە نەخشین»یش وەك دایکم ئاسا... هەستی بەبزاڤە نائاسایی و ڕەفتارە ناشیاوەکانی «نەنە پەریێ» دەکرد، کە ئەمە بوو بە مایەی دروستبوون و بەرجەستەکردنی چەند سەرنجێکی پڕ لە پرس و مەغزاوە، ناوە ناوە ئاراستەی دایکم دەکرا.

«مامۆستا ئەیان»، لەسەر گۆڕی باوکما وشك هەڵگەڕابوو. وەك داهۆڵێکی بابردەڵە بەتەوژم و تینی یاد و یادەوەریەکانەوە تاس دەیبردەوە، بەقووڵایی ناخی خۆیدا شۆڕ ببووەوە... دووەم جاری بوو هاتبووە سەر ئەم گۆڕەوە، بەڵام گەر وا خۆی ڕاست و ڕاست بهاتایە، هەرگیز بەشوێنەکەی نەدەکەوتەوە. لەم ساتەدا چەند وێنەیەکی خەمناکی

ڕۆژانی ڕابردووی کەوتەوە بەرچاو.

بیری لەو ڕۆژە گەرمە کردەوە کە لەگەڵ چەند کەسانێك بە پەلە هاتن و وەك تاوی تەورداس گۆڕەکەیان هەڵکەند... ئەوکاتە گۆڕستانێکی چۆڵ و هۆڵ بوو. تەنها ئەگەر یەکێکی یاساغ!... یا زیندووەکان لە ترسی گیانی خۆیان و لە ترسی دواڕۆژی خۆیانەوە، بهاتبانە جێگەی وا دووره دەست تەرمی کەسێکی خۆیان بەخاك سپاردایە......! ئەگەر نا کەسی تر ڕووی لە شوێنی وا نەدەکرد...! ئەو ڕۆژەی هاتەوە بەرچاو، کە چۆن بەپەلە پەل و هەلە هەل باوکمیان بەخاك سپارد. هەر لەوێ ئەو کۆمەڵە لاوە... چۆن دوا ماڵئاواییان لە گیانی پاکی کرد، پاشان هەریەکی بەلایەکا پەرتەیان لێ کرد...! تەنانەت «نەنە پەرێ» و دایکیشم نەیاندەتوانی بەدەنگ بگرین، یا خەو بەرۆکی خۆیان بۆ دادڕدادڕ بکەن و بیکەن بەقەرەباڵغی و نەعلەلێدان...! هەر کەسێکی تریش بیویستبایە هەستی خۆی دەربڕێ و هاوبەشی لە کارەسات و خەم و پەژارەکەیانەوە بکا... دەبوایە دوور بەدوور بۆیان بکردبایە و هەر لە دڵەوە گوزارشتیان لە خەم و پەژارەکانی خۆیان بکردبایەوە و بۆی بگریابان، ئەگەر نا باجێکی قورس و سەختی دەکەوتە سەر و بەئاسانی لێی دەرباز نەدەبوو...!

لەگەڵ ئەم یاد و یادەوەرییانەیدا کۆپی مەرگنامەکەی هاتەوە بەرچاو، کە ئەوکاتە شتێکی باو بوو، هاوپێچ لەگەڵ مەرگنامەی هەر زیندانییەکی لە سێدارە دراوەوە، یا تەرمی هەر تێکۆشەرێکی گوللە باران کراو... نامەیەکی پڕ لە تێبینی و ئاگاداری کردنەوەشی، بۆ خاوەن قوربانییەکە دەنووسرا:

«یەکەم: هەرکەسێ سەرپێچی لە یاسای حکوومەتی سەورە بکا، زۆر بەتوندی سزا دەدرێ. خاوەنی ئەو تەرمەی ئێوە... لە عێراقییەتی خۆی شۆراوە، ئاوی دیجلە و فوراتی لە خۆی حەرام کردووە، دەستکیسی بۆ دوژمنانی گەل و نیشتیمان کردووە، کاری نهێنی بۆ خۆفرۆشی و یاخیبووەکان ئەنجام داوە...! بۆیە یاسا و دادگای ئەرز و ئاسمان بڕیاری نەمانی لەسەر داوە، هیواداریـن، ئەمە دوا نامە و دوا ئاگاداری بێ کە بەئێوەی ڕادەگەینین... حکوومەتی سەورە و یاسا و دادی وڵات ئەو ناپاکەی بەهاو وڵاتی خۆی دانەنا، بۆیە دەبێ ئێوەی دایك و باوکیش بەکوڕی خۆتانی دانەنێن، برا و خوشکەکانی بەبرای خۆیان نەزانن، ئەگەر هاوسەری هەبێ، دەبێ ئەویش بەشەرع و بەیاسا و ئەرکی نیشتمانی هاشای لێ بکا، مناڵی گەر هەبێ دەبێ بەباوکی خۆی نەزانن... لە سەرینی ئەم هۆیانەوە، نابێ بەهیچ جۆرێ پرسەی بۆ دابنێن، نابێ بیکەن بەقەرەباڵغی... ئێوە

هەمووتان لە بەرچاومانن، هەموو ڕەفتار و جوولەیەکتان دەبینین... ژمارەتان دەزانین، یەکتان لێ زیاد بێ سزا دەدرێن... لەو چەند ڕۆژە یەکێ سەردانیتان بکا سزا دەدرێن... یەکتان بگرین یا بیکەن بەشین و لە خۆدان سزا دەدرێن.

دووەم:

حکوومەتی شۆڕش لەبەر هەندێ هۆی مرۆڤایەتی و دڵنەرمی سەرکردەکەیەوە، بڕیاری دا تەرمەکەتان بۆ بێنێتەوە، خەرج و دارایی تابووت و گوازتنەوە و گەیاندنی و هەموو پێداویستییەکانی تری خستووەتە سەر ئەستۆی خۆی!».

لەگەڵ ئەم یادە تاڵانەوە کەوتبووە ناو دەریای هزر و بیرکردنەوە، بەبێ هەست و خوست لە شوێن خۆیا وەستابوو، ببووە بەردی بن گۆم. بە لڤلڤین و خۆجوولاندنێکەوە هەڵوێستەکەی خۆی گۆڕی دەسەسڕەکەی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و چاوەکانی خۆی پێ وشك کردنەوە. لەگەڵ هەنسکی گریان و ئاخ و ئۆف هەڵکێشانا، بەدەنگێکی نەختێ بەرز و ئاشکراوە لای لە خوشکی کردەوە:

– «ئیقلیم»، ئەڤە زیارەتێ پیرامنە، چێنابێت ئەز لەسەرا بوورم. دڤێت هەموو گاڤا سەرابدەم...!

لەو کاتەدا «ئیقلیم»یش وێڕای ئەوانی تر تاس بدربوویەوە و شەرم و سۆزی لا تێکەڵ بەیەك ببوون. لێوە ئاڵەکانی وەك سوربلەتی قەشافی ببوون، توێکڵێکی تەنکی سپی وشکیان دەردابوو... بەڵام بەم قسەیە وەك گۆمی شڵەقاوی لێ هات، لە جێی خۆیا بێدار بووەوە:

– خەبەرا تەیە، شەهید گەلەکی عەزیزن. نەخاسمە تۆلازەکی وەتڤ ڕەند و عەگید...!

«مامۆستا ئەیاز» بەهەمان خەم و خەفەتی جارانەوە، ڕووی لە وانی تر کرد و دەنگی خۆی زیاتر هەڵبڕی:

– نەك هەروەك برا گەورەیەك، بەڵکی بەچاوی باوکینی، ئەز تەماشای ئەو مرۆڤەم دەکرد. پێش ئەوەی ئەو ناس بکەم، هەروام دەزانی کە هیچ ڕووبارەك لە «خاپوور» گرتر و بووشتر نییە، چ بازێرەکیش وەك بازێڕی من هۆسا، فرە نییە!

ئەو کاتە من زۆر بەچاکی قسەکانیم نەدەپێکا، کە وشەی «باوك»ی بەسەر زار داهات دڵم ڕاچەنی... لە دڵی خۆما کەوتمە پرس و نیگەرانی، تۆ بڵێی باوکم جگە لە من و «ئاڵا» چ منداڵی تریشی هەبێ...! ئەو پرسیارە هەر لە لام بێ وەڵام مایەوە، تا دایکم و دواتریش

«موژدە» ئەو گرێکوێرەیان بۆ کردمەوە، هەزار درووودت لێ بێ «مامۆستا ئەیان»... هەزار درووود لە دڵسۆزانی وەك تۆ بێ. «لە شوێن خۆما هەڵسامەوە، دەستم لەسەر تاستا تورەکە لادا، هەناسەیەکی قووڵم بۆ هەڵکێشا، دوای ماوەیەك هەر بەهەمان جموجۆڵ و گوڕ و تینی جارانەوە لە شوێن خۆما دانیشتمەوە». دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:

ئەرێ بەخودێ من هەر هۆسا تەخمینم دەکردن کو ڕیبارا «خاپوور» لهەمی ڕیبارەکا بوشتر و گرترە!

«نەنە پەرێ» تا دەهات، زیاتر خۆی مشتوماڵ دەکرد، تا هەموو قسەکانی بپێکێ. ئەویش لە دەنگ و گفتاری مامۆستا «ئەیان»دا هەنسکی گریانی بەدی دەکرد. لەسەرینی ئەمەوە ئەویش لە شوێن خۆیا دامابوو... دوای ماوەیەك خاو و خامۆشییەکەی خۆی کۆتایی پێ هێنا و، دیسان لەگەڵ خۆیا کەوتەوە ئاخاوتن:

«هەی لە هەشت نێم، درۆزنی کەززاب. ئەگەر بەباب و برای خۆتی دادەنێی لەبەر چ وها بوویە قاندڕمان...! یان دەتەوێ بەتەنەکە لێدان، لە گەڕەك دەرمان بکەن...؟».

هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکانی خۆی دایەوە: «کچێ لە کێ...! هایهوو، ئەوەش هەر سابوون لێدانە... بەخوای بەلاش نییە، نەخێر ئەو ماستە مووەکی تێدایە، ئەوە ئەمن گۆتم ئەوجە با وەنەبی.»

«مامۆستا ئەیان»یش هەر بەدەم کەڵکەڵەی جارانەوە، بیری دەکردەوە... بەهەمان ئاخ و حەسرەتی جارانەوە، لای لە «ئیقلیم» کردەوە: ئەزی ژی وەك تە بووم. ئەو گاڤ هزرا من هەر لە نك عەشرەتا خۆ بوو.

پاشان وتی: خودێ نا، یێ لە تەژی بێهن کورتتر بیم. من وەتڤ هزر دەکردن کو مرۆڤ هەر ئەون لە عەشرەتا من یێت هەی. خانی گر و قەسرۆکا حەفت قات، هەر ئەڤن کو ئەز یێ لە «کەندك و سیماڵکا» و ڤان دراها دبینم.

هەموو بە کشوماتی و بەتاسەوە گوێیان لە قسەکانی «مامۆستا ئەیان» ڕاگرتبوو. ئەو کاتەی لە زۆربەی زۆری قسەکانی نەدەگەیشتم، پێشتریش نەمدیبوو وا بدوێ، هەروەك لەگەڵ خوشکی قسەی دەکرد. بەڵام ئێمەش بەدەم ئەو یادە ناخۆشانەوە، ئەوانی تر ئاسا، لە شوێن خۆمانا بەبێ جوولە و بێ دەنگ وەستابووین... لە یاریکردن و ڕاوە ڕاوی خۆمان کەوتبووین... درۆ چانییە من هەر سەیری بەژن و باڵا و ئادگاری «ئیقلیم»م دەکرد و بەوردی گوێم لە قسەکانی ڕادەگرت. ئەویش وێڕای ئەوان لە شوێن خۆیا

سڕببوو. چاوەکانی وەك کۆترە کێوییەکی شین بکەوێتە باڵە فڕە ئاسا.. کە جار جار خۆی بجووڵێنێ، یا باڵی لێك بدا... دوایەش بەهەڵکردنی کزە بایەکی ساردەوە، یا بەهۆی دەنگێکی ناشیاو و ترسناکەوە لە شوێن خۆیا هەڵکورمێتەوە... ئاوا بەم شێوەیە چاوە گەشەکانی دەجوولایەوە و پێڵووە بەڵەکەکانی دەترووکاندن...!

– لەم وابی دوێنێیە کە شەهید خوێنی پێدای. ئەو گاڤی منیشی لەگەڵ خۆی هێنا. هەتا ئەگەر پێویستی کرد ئەزیش خوین بدەم.

«مامۆستا ئەیاز» لای لە دایکم کردەوە و بەدەنگێکی بەرز ئەو قسەی ئاراستە کرد. پاشان پرسی:

– نزانم تۆ دێتەوە بیرت ئان نا؟

دایکم لەگەڵ ئەم قسەیەدا دڵی ڕاجڤری، بەیادی ئەو ڕابردووە هەرگیز لە بیر نەکراوەیەوە، بزەیەکی گەرم و پڕ لە سۆزی لەسەر ڕووخسارا بڵاو بووەوە. بە سەرسوڕماوی پرسیارێکی ئاراستە کرد:

– ئەوە تۆ بوویت...؟!

بەڵێ، بەڵێ من بووم... ئەو گاڤ من لێرە دەمخوێند، لێرە خوێندکار بووم دوو ساڵم مابوو ببم بەمامۆستا.

«نەنێ» کە گوێی لە پرسیار کردنەکەی دایکم و خنینەوەکەی بوو... خوێنی وەمێروولە کەوتەوە، دەتوت لەسەر داری قەڵاشکەرییان داناوە و قرچ قرچ ئاگری تێبەر دەدەن. بەدەم بڵمە و بڵم خۆ دواندنەوە... ئەو ئازار و خەم و خەفەتەی کە لە ناو هەناوی خۆیا گیری پێ خواردبووەوە، بەچەند تانە و تەشەرەیەکەوە دەری بڕین: «ئۆە ڕەببی لە مامۆستایەتی نەڕسکێی یاخوا. قسە پانی ئۆینباز، بەردیش بەقسان دێنی. بزانە بزانە کوو کردیتیە مەیدانی خۆی...!»

دوای نەختێ کڕ بوون و بیرکردنەوە، بەدەنگێکی هەڵبزڕکاوەوە درێژەی بەقسەکانی خۆی دا: «ئەدی ئەو مەکرۆیە سەر بە هەشە...! بزانە کوو لەگەڵی پێدا دەچێ...!؟ ئۆە ڕەببی ئاهی هەتیمان ببیتە ئاگرەك پێتوە بنووسێ، بەئاوی حەفت بەحران نەکوژێتەوە...!» دایکم بە دڵێکی پڕ لە غەم و پەژارەوە، کە هێمای زەردەخەنەیەکی تەنکیان لەسەر ڕوخساریا بڵاو کردەبووەوە... لای لە «موژدە» و «دایە نەخشین» کردەوە، پاشان ڕووی خۆی بۆ لای «مامۆستا ئەیاز» وەرچەرخاندەوە، بە شەرمێکەوە وتی:

– ماشەڵڵا ڕەنگت زۆر گۆڕایە!

– بەدەم لا کردنەوە لەملا و لەولای خۆیەوە، بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ بەڵێ... پیری پێشین دەڵێن، هەر ساڵ و عەمرەك.

«نەنە پەرێ» لەگەڵ ئەم قسانەدا ئارامی لێ هەڵسا. لە تاوان هەناوی پڕ لە لەرز و ڕاچڵەکین بوو. بەدەم نکەنك کردنەوە لە شوێن خۆیا جوولایەوە، چەند جارێ دەستەکانی خۆی لە یەك کردەوە و بە یەکی دادایەوە. دوایە گۆمکی گۆچانەکەی بە لەرزە لەرز گرت و خۆی بەسەریدا نووشتاندەوە، بەدەمە لاسکەکردن و لێو کرۆشتنەوە، قسەکەی دایکمی دووبارە کردەوە: «ماشیلا لنگت زوول گولایە...» پاشان وتی «هەی دۆزاقت لێ هەستی بەخت ڕەش... هەموو خەڵك سوندی بەسەر تۆ دەخوارد، لەبەر چ وهات لێ هات، کێ لە خشتەی بردی...؟! نووشتەت لێ کرایە، شیری کەریان دەرخوارداوی...!؟ چییە وەها بەجارەك خودا لێی گۆڕی...؟ هەر بەجارەکی دایتتە دادی بێ شەرمی و بێ حەیایی...!»

هەر بەدەم ئەم قسانەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی خۆی کردەوە: «کوو چما ژن بێ پیاو بی ئەوها حالۆری دەبی...؟! ئەوها بەجارەك کەلکی خۆی دەبڕی؟!» هەر خۆشی بە ئاماژەی سەر وەڵامی خۆی دەدایەوە: «نەخشینە کرمن... ئممهم...! لە نەخە سەر بە هەش و کیژە حایجەکەی بترازێ کەسی دی نییە ئەوها فێلعی تێك بدا، ئەوها لە خشتەی ببا...» سەری خۆی بەرزکردەوە، تا تینی تیابوو بەتووڕەیی و گرژیەوە بانگی کرد:

ئاڵا، دلێر...!! وەرن دەستم بگرن بمبەنەوە، ئەمن چیدی لێرە نامینێم... سەرمامە، ئەنگۆش با سەرماتان نەبی...

ئەم بانگکردنە کتوپڕەی بوو بە بەردێکی قورس و بەهورژم، کە بکەوێتە ناو گۆمە ئاوێکی قووڵ و مەندەوە،... هێمنایی ئەو ناوەی بەجارێ شڵەژاند...! هەر کەسە لە شوێن خۆیا سەرنجی بۆ لای ئەو ڕانا... من و «ئاڵا» ئاوڕێکمان لە دایکمان دایەوە و سەیری ئەوانی تریشمان کرد...! چەند هەنگاوێ بۆ لای ڕۆیشتین، بەڵام زوو هەنگاوەکانمان وشك هەڵگەڕان و لە شوێن خۆمانا سەنگراینەوە.

«مامۆستا ئەیاز»یش ڕووی خۆی بۆ لای دەنگەکە وەرچەرخاندەوە، کەوتە بیرکردنەوە و بەخۆداچوونەوە... لای لە دایکم کردەوە:

– ئەوە «نەنە پەرێ» نییە...! دایکا شەهید؟

دایکم بەنیگەرانییەوە سەری بەڵێی بۆ لەقاند. ئەویش یەکسەر بۆ لای ڕۆیشت، لە

نزیکەوە هەڵوەستەیەکی بۆ کرد، لێی ورد بووەوە... خەریك بوو بڕوا بە چاوەکانی خۆی نەکا، گەر دایکم پێی نەوتبایە هەرگیز نەیدەناسییەوە... بەدەنگێکی سەرسوڕماو و خەمناکەوە پرسیارێکی ئاراستە کرد:

– نەنێ... توو نزانی من کێم؟

لەگەڵ ئەو پرسیارەدا، کەوتە جوولە و زیاتر گوێ ڕاداشتن. پاشان بەتووڕەیی و بەقسەیەکی ڕەقەوە وەڵامی دایەوە:

– ناوەڵڵا بابە نازانم...! ئەمن ئەتووم لە کێ دیتییە، لە کێ گوێم لە دەنگت بووە...؟! نان و پیازم لەگەڵ خواردی، تاقمانە جۆتێم لەگەڵ کردی...! لە کێ بتناسم؟

– چەوا «نەنێ» ئەمن؟!

– ئای... بەخوا عەنتیکەی. خۆ لە قەپرغەی بابم نەهاتیە دەرێ... ئەدی لە کێ ئەتووم دیتییە؟

«مامۆستا ئەیاز» بێ ئەوەی خۆی شێلوو بکا، هەر بەهەمان هێوری و باری ئاسایی جارانییەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:

– خەمی لە بیرت چووبم...! ناهەقیش نیت. ژیانت هەمووی مشەختی و دەرد و بەڵا بووە.

ئەگەر چی «نەنە پەرێ» زۆر بەڕەقی لەگەڵیا دەجووڵایەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشا لە شوێن خۆیا هەڵگیرسا بووەوە، وەك بڵێی بیر لە شتێ بکاتەوە... لەگەڵ خۆیا کەوتبووە گومان و بیرکردنەوە.

«مامۆستا ئەیاز»یش بەزۆر لە خۆ کردنێکەوە، زەردەخەنەیەکی هێنایە خۆی و لەگەڵیا کەوتەوە ئاخاوتن:

– نەنێ، بیرت نایێ کە داوای سماق و گوێزت دەکرد. هەموو گاڤا دەتگوت، هەر جارەکی بەسەردان چوویەوە بۆم بێنە... بە چەندی بوو بیکڕە، لە خەمی پارەدا مەبە...؟!

بەم قسەیە «نەنە پەرێ» کەوتە ناو دەریایەکی بیرکردنەوە و بەخۆداچوونەوە. ئەو ڕۆژەی کەوتەوە یاد، کە هەندێ لەو سماقە تەڕ و تازە و ترشەی لە هاون کوتا، پاشانیش لە هێڵەنگی دا و بۆ ئافرەتە دووگیانەکەی دراوسێی ئەوساکەیانی نارد. ئەویش هەر ئەو دەم کردبوویە «سماقە سۆرە»، هەندێکی بۆ ئەو ناردبووەوە، لەگەڵ شەش حەوت شفتەی

گەرم و دوو نانی هەورامی...! کە ئەو تام و بۆن و برینگ و ترشییەی وەبیر هاتەوە، زاری پڕ ئاو بوو...!

«مامۆستا ئەیان» لە قسەکانی خۆیا بەردەوام بوو: ئەو ڕۆژەی کە جوانەمەرگ خوێنی دا، من لەگەڵی هاتمەوە ماڵێ. لە ماڵێ پیچەك سەری سووڕا و پاشان ڕشایەوە. هەنگی ئەتوو کڵاو و لیفکت دروست دەکرد، بەبیرتە وەکی بلەز بەندکەکانت دانا رەخەك و پارەت دەرهێنا، منت ناردە بازاڕ! بەغار چووم جەرگ و ناوەکەم کڕی و هێنامەوە...!

«نەنە پەریێ» بەم قسەیە لە پڕمەی گریانی دا، هەر بەچاوی بەفرمێسکەوە، بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد:

– ڕەببی جەرگی داکت هەلا هەلا بی کوڕە جوانەمەرگەکەم. سەری خۆی بۆ لای «مامۆستا ئەیان» خوار کردەوە بەدەنگێکی گرژ و تووڕەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: کوڕی من ئەو قسانەت ئەگەر هی خۆبن، یان یەکی دی فێری کردبی، ئەوە چوو... چ لەگەڵ چووانیش ناکرێ.

«مامۆستا ئەیان» لە ناخی دڵیەوە، بەدەم ئاخ و حەسرەت هەڵکێشانەوە باگۆی دایەوە:

– خۆزگە ئەز بام لە جێی ئەو. هەر من دەزانم مرۆڤەکی چەند زیخ بوو، چ ئازا و خۆشمێرەك بوو! ئەوگاڤ ئەم کۆمەڵە گەنجێکی خورت و تۆڵاز بووین... ئەو گاڤ گەلەك دڵشکاو تووڕە بووین. وامان لێ هاتبوو مردن و ژیانمان لەلا وەك یەکی لێ هاتبوو. لەبەر هەندێ گەلەك دروشم و بلاڤۆکمان دەخویندەوە. هەر دەمانگوت بلا کەم بژین، تەمەنمان کورت بی، بەلام کەڵ بژین، مەردانە بژین عەگید و خورت بژین. گەلە جاران «شەهید» بەخۆی ئەو دروشمانەی بۆ من و بۆ چەند گەنجێکی خورتی وەك من، بەکاربۆن کۆپی دەکرد، ئەمیژی دەچووین لە تاق و دیواری مەکتەب و مزگەفت و دائیرەکانی حکوومەت و... لە گەڕەکەکانی شارمان بلاڤە دەکردن... دا خەڵك و عەوام خڕ پێ بحەسێن، دا بزانن کورد نەمریە و ماوە، شۆڕشەکی تازە، گەلەك لە شۆڕشەکانی بەرێ مکومتر وا لە هەڵگیرسانە...! ئەزیژی بخۆ گەلە گاڤان، دەچوومە دەڤەرا خۆ، ئەڤ دروشم و شعارانەم ڕادەکردنەوە، لە کۆلان و لە جادەدا لەگەڵ تاقمەکێ عەگیدان دەمان نڤیسی و لەگەڵ بەیان و بەلاڤۆکی دی بلاومان دەکردەوە. گاڤی کە ئەڤ دروشمانە گەهیشتنە هەمی ڕەخەکێ لە کوردستاندا، هەر لە گەرمیانەوە تا دەگاتە دەڤەرا بەهدینان... ل دهۆکێ، ل زاخۆیێ، ل ئامێدی، ئاکرێ... خۆ ل شاری میسڵ و شنگاڵ و باژێڕی دیش وەکی هەڤلێر و سلێمانی و کەرکوك و جێی دی بلاو بووەوە... ناو و شۆرەتی وەرگرت، هەمی خەڵك پێی

زانی... بەڵێ «بەخودێ» ئەو گاڤ شەهید «دلێر» دەورەکا گەلەك مێرانەی هەبوو. بە رحەکا تەژی لە بەرخۆدان و زیخییەوە خەباتی دەکرد، لە هیچ ترس و تەلەزگەیەك نەدەزڤرییەوە، لە هیچ شتەك نەدەترسا...! ئەمیش وەك ئەو بەئەرك و، بەخزمەتا خۆ هەڵدەستاین، چاوی مەژی کردبووەوە،... بریا ئەز بام لە جێی ئەو، بریا هەتا قەدەر عەیامەکی درێژ بژیابایە لە بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەی...

ئەم قسانە «نەنە پەرێ»یان بۆ قووڵایی ناخی خۆی گێڕایەوە، گەڕایەوە بۆ ڕۆژانی ئەوساکەی تەمەنییەوە... لە دڵی خۆیا کەوتە ئاخاوتن: «هەی لە هەشت بنێم ئەگەر ئەتوو لەگەڵی بووبی...!!! مادام وەهایە، ئەوەت لە چی و ئەوەت لە چی...» پاشان بەدەنگێکی ورە بەرز کەرەوەوە، بەرز هەڵیدایێ:

– داری بریایان چاند شین نەبوو...!

«مامۆستا ئەیان» لە پای یاداشتەکانی ئەو ڕۆژانەیەوە، درێژەی بە قسەکانی خۆی دا:

هەمی گاڤا شەهید دەیگوت: «ئێمە لە شەمەندەفەرێکا سوار بووین، هەموو سەرکردەکانی پێشوومان، هەریەکی لە سەردەمی خۆی دابووە بە کابتن و ڕابەری... چەند هەنگاوێکی بۆ پێشەوە بردووە. ئێستا ئێمەش دەبێ بەئەرکی سەرشانمان هەڵسین... تا نەگاتە دوا مەنزڵ نابێ جێی بێڵین، نابێ واز بێنین... نەوە بە نەوە دەبێ ئەوبارە هەڵگرین و پشت بەپشت دەبێ خەباتی بۆ بکەین. ئێستاش ئێمە لێی بووین بەخاوەن و بە بەرپرسیار... بارە قورسەکە کەوتووەتە سەر شانی ئێمە، تا نەگەین بەدوا وێستگە ئەو شەمەندەفەرە نابێ بوەستێ، کاسەی سەر و جەستەمان دەکەین بە پرد بۆی، خوێنمان دەکەین بە سووتەمەنی بۆی...» هەزار ڕەحمەت لە گۆڕێ تە شەهیدی مەزن. هەزار درووود لە دایکا تە، کە تۆی وا پەروەردە کردووە...! بریا ئەزیش هۆسا لە ڕێی خەبات و بەرخۆداندا، بە سەروەرییا شەهادەتێ شاد بام. بریا ئەز بام لە جێی ئەو، ئەز بخۆ دەزانم شەهید بوو من و هەڤاڵەکانی دی چەوا بوو...! چ خۆشمێرەکی زیخ و عەگید بوو.

«نەنە پەرێ» فرمێسکی سێرێزی لە چاوا هاتە خوار. دوای گریانێکی پڕ لە کەف و کوڵەوە، چاوەکانی خۆی سڕییەوە. ڕووی لە «مامۆستا ئەیان» کرد و کەوتەوە قسەکردن:

– کوڕی من، ئەتوو هەر چ کەسەك بی خوا کارت ڕاست بینی، ئەمان ئەمن هەندی سەر دینم و دەبەم نازانم لەبەر چ وەها برینم دەکولێنییەوە...!؟ چ خینت لە زگم هەیە وها ئەو دەردەم دەدەیێ...!؟

بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ قسە و وەڵامێکی لێ بکا، بەپەلە ڕووی خۆی بۆ لاکەی تر وەرچەرخاندەوە و لەبەرە خۆی کەوتەوە قسەکردن: «هەر شەڕەك لە بۆ جوامێرەك، ئەگەر جوانەمەرگت هەندە لە کن بەقەدرە، هەندەت لە کن خۆشەویستە... ئەدی لەبەر چ وەها سەرهەدمان لێ هەڵناگری، بیست و چار سعات وەکی سێبەر لە دوومانی...! نە بەنانی تووینە، نە بەجلك و بەرگی تووینە، نە بەپارە و پوولی تووینە، نە بەسوکنە و هەوار و خانەزای تووینە... ئاخر بزانم لەبەر چ وەها بوویە قاندڕمان...؟ یان بەو قسانە دەتەوێ، جەرگم هەلا هەلا بکەی، فەراقم لەبەر ببڕی... وەڵڵا چییە، پیرێژنە عومری لەسەر تڕ و فسەك مایە، هەر دیتت لەسەر لێوی قەبرێ تەپپەی هات و کەتە خوارێ... فەراقی لەبەر بڕا...! ئەوجە هەینێ دنیات لە بۆ دەبێتە شامی شەریف، مەیدانت وەها لە بۆ چۆڵ دەبی... هەهههه ر زەینەت بی تەڕادانێی تێدا بکەی.

لەگەڵ ئەم قسانەدا گۆچانەکەی بڵند کرد و بەتوندی لە زەوی گیر کرد، دەنگی خۆی هەڵبڕی:

– عەککە نەگەیە ئەو ڕۆژی. بەمرادی خۆت نەگەی یاخوا... کوڕە زمان شیرنە ئۆین و بلعات پیسەکە، کوڕە دڵڕەش و دەغەزدارەکە...!».

«مامۆستا ئەیاز» بۆ لای گۆڕی باوکم وەرچەرخایەوە، دەستی خۆی لەسەر کێلی لای سەرینگانی دانا، بەیادی ڕۆژانی خەباتی نهێنی و ژێر زەمینییەوە کەوتەوە قسە: « من و گەلەك هەڤاڵی دی وەك منیش، دەینداری ئەو مرۆڤەین. ئەو خۆی بەقوربانی خاك و میللەتەکەی کرد، ئەمیش دەبێ لە ڕێگای ئەو دەرنەچین. خودێ خۆ بەس ئێك خەبەرا بگۆتبایە، ئێمەش هەموو چیدی ڕووناکیمان نەدەدیتەوە، خڕ لە زیندان دەرزاینەوە، ئانیش بنئاخ دەکراین!»

سەرنجێکی قووڵ و پڕ مانای بۆ لای «ئیقلیم» ڕانا... کە لە تەك «موژدە»دا بەیەکەوە وەستابوون و وردە وردە لەگەڵ یەکتر داخاوتن، هەر لەگەڵ ئەم سەرنج ئاراستە کردنەوەدا، «ئیقلیم» یەکسەر جێگای خۆی جێهێشت و چوولە پێش «نەنە پەرێ» ڕاوەستا. «موژدە» بەدەنگێکی بەرز ڕووی لە «نەنە پەرێ» کرد:

– نەنێ، ئەوەش خوشکی «مامۆستا ئەیاز»ە، دەیەوێ دەستت ماچ کا، چاکوخۆشیت لەگەڵ بکا.

لەم کاتەدا «نەنە پەرێ» لە جێی خۆی وەستابوو، وەك ڕمێکی شکاو ئاسا، ئاوا لە زەوی

چەقیبوو. ئەگەر چی ئەم قسەیە پەردەی گوێ سووکەکانی لەراندەوە، بەڵام هیچ خۆی لە گوورە نەبرد.

«ئیقلیم» کە هێشتان هەر سوورایی شەرمە خەتیلکەیەك، بەسەر ڕوخسارییەوە مابوو، هەندێکی تریشی لێ چووە پێش و هەنگژایە دەستەکانی: «چە حالە داپیر؟» بەدەم دەست ماچکردنەوە، بەدەنگێکی باریك و زوڵاڵەوە چاکوخۆشی لەگەڵا کرد...! کە «نەنێ» ئاوا لە پڕ دەستی ماچ کرا، لە شوێن خۆیا ڕاجفری، پاشان بەدەم و چاوێکی ترش و تاڵەوە، لە جێی خۆیا هەڵگیرسایەوە و گەڕایەوە سەر بارە ئاساییەکەی پێشووی. بەدەنگێکی بەرز و بە تەوسەوە وەڵامی دایەوە:

– گۆنگەرمە...!!

دوای ئەم وەڵامەیەوە، لە شوێن خۆیا کەوتە جوولە و لقلقین. لە هەمان شوێنی جارانیا، لەسەر چینچکان دانیشت. بەڵام ڕاڕایی و دوودڵییەکی زۆری پێوە دیاربوو، ئیتر بەدەم چاو توروکاندن و دەم و پل پاك کردنەوە، کەوتەوە ناو دەریایەکی بیرکردنەوە و بەخۆدا چوونەوە: «سەریان وەها لێی شێواندیمە، داوەکەیان وەها لێ ئاڵۆز کردیمە، هەڕەی لە بڕەی دەرناکەم. ئۆف خوایە بێ چاوی چەند ناخۆشە...! هەنکە «فاتمۆك» لێرە بوایە سەری هەموو داوەکانی لە بۆم دەدیتەوە و لە دەستی دەنام. چ کرایە و چ نەکرایە، چ قسان دەکەن، نیازیان چییە... هەممممموی دەکردە پیازەکی سپی کراو و لە پێشی دادەنام. ئەوجە هەینێ ئەمنیش دڵم ئیسرااااحەتی دەکرد». هەردوو دەستەکانی خۆی بەیەك دادایەوە، درێژەی بە خۆ دواندنەکەی خۆی دا: «با ئەمن ئەلعانەکینێ هەر بڵێم ئەوەندەم شیرە و ئەوەندەم پەنیرە... چ فایدەی نییە...» دوای ماوەیەك لە کڕبوون و بیرکردنەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «فاتمۆك هەرێی پێدام... قەول وایە ئەوڕۆ ئەویش بێ، کاکی و وانیش لەگەڵ خۆی بێنێ... ئەمان ناشزانم دێ یان نا...! ئەویش ماڵی خرا نەبی، سەرەکە و هەزار سەودا... بەقسەی خۆی دەیگوت لەبەر خاتری توو ئەوڕۆ ئیشەکانم زوو تەواو دەکەم، دێینە ماڵتان، ئەگەر لەوێ نەبوون دەیانهینمە سەر قەبران، ئەوجە نازانم لە بیری دەمینێ یان نا...؟!»

«فاتە دەڵاڵ»یش لە سەرینی ئەو گفتو بەڵێنانەی کە پێی دابوو، هەر لەوساوەی کە لەیەك دابڕابوون، خێرا خێرا چووبوو کچەکەی بردبووە ماڵەوە. چەند پرێسکە و پاڵی هەبوو، لە ماڵەوە گرێی دابوون... کە هەندێ فانیلە و پەشتەماڵ و جلوبەرگی مناڵان و

هی کچانی تیابوو... دوو سێ پارچە زێڕی بچووك بچووکیشی لە لا بوو، هێشتان ساغی نەکردبوونەوە... ئەوانیشی خستبووە ناو دورجێکی کۆنینەی بە تۆپ و کلیلەوە، ئیتر هەموو شتومەك و کەلوپەلەکانی پێچابووەوە، بۆ دەرەوە ڕۆیشتبووەوە...!

هەر لە کۆنەوە لەم کارەی ڕاهاتبوو، لەسەر وەسیەتی دایکی، ئەو پیشەی کردبوو بەمیراتی خۆی و هەر ئەوەشی لە دایکیەوە بۆ مابووەوە کە پێیەوە بنازێ... هەر شتێك کە بۆ ئالۆویرکردن بیشابوایە هیچ سێ و دووی لێ نەدەکرد و دەیخستە ناو بازاڕی ڕەش و مامڵەت و مامڵەتکارییەوە. هەر مامەڵەیە، ئەگەر قازانجێکی کەمیشی تیا بووایە، لێی نەدەپەنگیەوە... لە سەرینی ئەمەوە، خدووی بەکۆنە کۆیی و کڕین و فرۆشتنەوەی هەموو شتێکەوە گرتبوو. لە دوای گەڕان و سووڕانێکی زۆرەوە، بەناو چەند گەڕەکێکدا و... لە هەر گەڕەکێکیشدا دەرگای چەند ماڵێکی کوتایەوە و سەری بەچەند کۆڵانێکی تریشدا گرت...! لەم گەڕان و سووڕانەیدا، هەرچی پرێسکە و پاڵێکی هەبوو، هەمووی تاوتوێ کرد، زێڕەکانیشی بردە لای «حاجی گوستان» تا ئەوانیشی بۆ بفرۆشێتەوە. پاشان بۆ لای کاکی گەڕایەوە، تا بەیەکەوە بچنە لای «یاسین»، کە ئەوکات ئەو ببووە پیاوێکی دەمڕاست و باوەڕپێکراو، لە کاری فەرمانبەریەکەشیا، متمانە و لێپرسراویەتی زیاتری پێ درابوو. بەهیچ جۆرێ قسە و داوایەکانی ڕەت نەدەکرایەوە. هەروەها دەستێکی باڵای هەبوو لە ڕاپەڕاندنی کاروپیشەی ناو ئەو کارگەی کە خۆی کاری تیا دەکرد... بەدرێژایی ساڵانی کارکردنیشیا گەلێ خەونی سەوز و سووری بۆ وەدی هاتبوو، کە ببوو بەمایەی لووت بەرزی و خۆ بەزل زانینەوە.

دەمە دەمی نیوەڕۆ بوو، هێشتان نوێژی غودبە نەکرابوو، هەر بەترومبێلەکەی «یاسین»ەوە، بەدوای «نەنە پەریێ»دا چووبوونە ماڵی ئێمەوە، لەوێوەش ڕێی گۆڕستانیان گرتبووە بەر...! «یاسین» لەسەرخۆ ترومبێلەکەی لێدەخوڕی. کەوتبووە ناو دەریایەکی بیرکردنەوە و بەدگومانییەوە. ئەو ڕۆژەی هاتەوە بەرچاو، کە چۆن ماڵی یەکەمی لێ تێك چوو، چۆن باوکم بەدەستی خۆی ماڵی بۆ دانا و هەر بەدەستی خۆشی لێی تێکدابوو...! لە ژێر زەبری گەفوگوڕ و پەنجە لە چاو نانەوە دەستی لە خێزانی یەکەمی بەردا، کە لە ئەنجامی ئەوکارە بەزۆر سەپاوەوەدا تووشی گەلێ کێشە و تەنگوچەڵەمەی دەروونی هاتبوو...! ئەو کورسی و مێز و ژوورە ڕازاوەی کە بەهیوا بوو بیگاتێ و لە ئاسمانی کارگەدا وەك ئەستێرەیەکی پڕشنگدار گەش گەش بدرەوشێتەوە و ئەویش وەك کاسەلێسەکانی دەوروبەری ئاسا...، سەرە گوریسێکی بکەوێتە دەست...! ئەم هیوا و ئاواتە

پڕ لە تاسە و ئارەزووانەی لێ بوو بە خەونی شەوان جا لە سەرینی ئەو سەرنەکەوتنە پڕ لە نەهامەتی و سەرشۆڕییەدا، ناچار ما لە نووکەوە تێهەڵچێتەوە. دیسان لە نۆژەنەوە ماڵێکی نوێ دابنێتەوە. دوای هەوڵدان و داخوازی کردنێکی زۆرەوە، بەناچاری «هەوازن»ی پوورزای خۆی بەدەستگیران کرد... ئەوانیش بەم دوا دواییە جێگیر ببوون، وازیان لە گەڕیدەیی و لە ژیانی کۆچەری و چادرنشینییەوە هێنابوو... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتان هەر داخی کۆنی لە دڵ مابوو. هەردەم باوکمی بەگەورەترین ناحەز و نەیاری خۆی دادەنا... گیانی تۆڵەسەندنەوە لە هەر شتێ، لە هەر کەسێك کە تەنانەت بەڕادەیەکی کەمیش پەیوەندی بەمەوە هەبوایە... لێی ببوو بە گرێیەکی لە ڕق و قین، وەك کوچکە بەرد سەر دڵی گرتبوو... شەو و ڕۆژ تاسای ئەوەی دەکرد، ئاخۆ دەبێ کەی هەلێکی بۆ هەڵکەوێ و کەسنەزانم زەبری خۆی بوەشێنێ...!

هەر بەهەمان خێرایی جارانەوە ترومبێلەکەی لێدەخوڕی. بەبیر و خولیایەکی جەنجاڵەوە، بەناو تاسە و کەند و کۆسپەکانەوەدا دەڕۆیشت... هەر بەسەروبەندی نیاز و ئامانجەکانی خۆیا هەڵدەچووەوە، لە دڵی خۆیا هەر بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ڕق و قینی خۆی بەوانەوە هەڵڕێژێ. وەك سەربازێکی زەلیل و بەزیو، هەموو سەرکەوتن و سەرفرازییەکی خۆی لە ئێش و ئازاری پیرەژنێکی کەنەفتە و پەککەوتووی حەوتا هەشتاساڵیدا دەدۆزییەوە...! سەرنجێکی پڕ لە گومان و نیگەرانی ئاراستەی «جەردیس موختار» کرد:

– دەبێ پیرەژنە پەرێ پیر نەبووبێ؟

– ئەمن گەلەك ئاگادار نیم، بەخۆم پیرێژنم زۆر لە مێژە نەدیتووە. «ئاوڕێکی بۆ لای پشتەوە دایەوە» : لەگەڵ «فاتم»ی خوشکم جیرانن ئەو زیاتر ئاگادارە.

«فاتە دەلاڵ» بەم قسەیە کەوتە جوولە، پشتی خۆی لەسەر کوشنەکەوە قیت کردەوە، وەك بڵێی برووسکێ بڕبڕەی پشتی پێکابێ... دوای نەختێ چاوەڕوان کردن و بیرکردنەوە، وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە:

– مەعنای چی؟! هەندی چەنگەکی لێ هاتیتەوە. ئەمان چەندی بڵێی هێسکی ساغە. پیرێژن دەڵێی بە نانی قەراج و بە گوێزی مەلەکان گەورە بووە. ئەگەر کۆرە نەبوایە هەنکە وەك بزبزۆك بوو.

– یاسین: کاتی خۆشی. ژنەکی گەلەك بەدەو و زار بوو، دەتگوت جاندارە... بەڵام کورە

کەمزانەکەی ژیانی لێ تێك دا... «لە ئاوێنەی ترومبێلەکەیەوە سەیری فاتە دەلاڵی کرد» : ئەگەر ئەوها نەبوایە دەمبردەوە ماڵی خۆمان. ئەگەر کارەکەریشی پێ نەکرابوایە، خۆ دەیتوانی لانکی «فەیسەڵ» بژینێ.

– «فاتە دەلاڵ» زوو قسەکەی لێ وەرگرتەوە: نا نا... وها نەمایە، لە کێ ئیشی پێ دەکرێ! هەنکە ڕزایتەوە، حەفت پینەی لێ بدەی دوو ساڵی دی ناژی!.

دوای بێ دەنگی و خامۆشییەك... کە لەم کاتەدا سەرگەرمی چەند ڕا و تەگبیر و قسەی شیاو بوو... گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: خوچە «هەوازن» وا پێڕاناگا مناڵی ساوای خۆی بەخێو بکا، ئەوجە نۆرەی ئەو کەلاکەیە، بەکۆڵێدا بکەوی...! هەر کاتی ویستتان وەك «پوور سەبری»تان لە بۆ پەیدا دەکەم. دیتان کوو بەبێ قرە و برە، بەبێ منجە منج و سەرێشە ئیشەکانی خۆی دەکرد! قەت جارەك نەمدیت قسە لەقسەی خوشکم بکا یان دڵی بشکێنێ یا ناماقووڵییەکی بەرامبەر بکا... «شەمسی بەگ»یشی وەك گوڵ بەخێو دەکرد. ئێستاشی لەگەڵ دابی خوچە «هەوازن» هەر دەڵێ و دەگێڕێتەوە... هەر جاری سەری لێ بدەم دەڵێ دەبی کارەکەرەکی وەکی «سەبری» ڕەحمەتیم لە بۆ ببینیەوە، هەتا ئەو کوڕەشم لە بۆ بەخێوکا.

– ئەدی کە وا ڕزابێتەوە، لە بەرچی وا بەم دوا دواییەی تەمەنی دەیەوێ تەقاویتی کوڕی لە بۆ دەرچێ... هەتا ئێستا لە کوێ نووستبوو؟

«یاسین» ئاوڕێکی بە پەلەی لە پشتەوە دایەوە، ئەم پرسیارەی ئاراستەی «فاتە دەلاڵ» کرد... پاشان وتی:

چما ئەو ئیشە هەوەنتەیە!؟

«فاتە دەلاڵ» بەدەمی بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– ئەوههە... هەقایەتەکی دوور و درێژە، هەر بیگێڕیەوە تەواو نابی... ئەمن بەخۆم ئەو ڕێیەم لە بۆی دانایە... بەخۆی کوو بیری لە بۆ شتی وها دەچێ؟!

«جەردیس موختار» بەر لەوەی هاوبەشییان لەگەڵ بکا، کەوتە ڕێکخستنەوەی سەر و جەمەدانیەکەی، دواتر کەوتە ئاخاوتن:

– ئەوەی ئەمن بزانم، بەخۆی لە دەستوپێ کەوتووە، هیچ ئیشێکی پێ ناکرێ، هەیبوو نەیبوو بووکەکەی بوو، ئێ ئەوە ئەویش «فاتم» گۆتەنی لە بۆ مێردکردنەوە لەسەر تاوی تەورداس ڕاوەستاوە، چیدی بەرگەی ژیانی بێوەژنکۆشی ناگرێ، مەعنای وایە هەر سبەی

دوەکی لەگەڵ ئەوان ماوە... ئەوکاتە پیرێژن بە یەکجاری دەستەپاچە دەبێ...

یاسین: ئەوهای بەجێ دێڵێ؟

ئەدی قابیلە خۆ ئەویش لەگەڵ خۆی ناباتە ماڵە مێردی.

فاتە دەلاڵ: کێ قبووڵی دەکا؟... «پیرۆز» وا بەخۆی لە دەستی بەدادەدادە.

«یاسین» بەم قسانە داچڵەکی، لە قووڵایی دڵیەوە کەوتەوە ئاخاوتن:

دەبێ «پیرۆز» ڕاست بکا... نیازی مێردکردنەوەی هەبێ؟!... پاشان وتی: ئافرەتێکی گەلێ سڕقایم و لە بنەوەیە، وەك دیارە وانییە. کاتی خۆشی کە لە کارگە بوو، خۆی ئەوەندە کەمدوو شەرمن نیشان دەدا، خۆی لە کەس نەدەگەیاند، دەتگوت بەزەمبیل لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوە. کاتێ لە پڕ، هەر هەندەمان زانی کتوپڕ مێردی بە«دلێر» کرد. نەمانزانی کێڕان وها یەکتریان ناسی، کێڕان ئیشەکەیان بڕاندەوە...!!

دوای دەمێ لە بیرکردنەوە و کڕبوونەوە: باشە ئەو کاولە خانووەی چۆن بەناوی خۆی کردووە...! دەبێ چ فڕوفێڵێکی کردبێ... کێ بۆی کردبێ؟!... هەی لەو هەیتەیە...

– فاتە دەلاڵ: جا توخوا ئەوە خانووە هەیتیان!؟ تەماشای داروبار و دیواری دەرێی مەکە... لە دوورەوە وا دەکەویتە بەرچاو... ژوورەکانی دەڵێی کۆڵیتە سەگن!

یاسین: دەزانم دەزانم... من چ کارێکم بەخانووەکەیان نییە، کەلاوە بێ، کۆلیتە سەگ بێ، هەرچی بێ...! عاردەکەی لە جێیەکی گەلەك باشە. پێش و پاشی جادەیە، جێی وەها موڵکە گەمە نییە. «دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ»: ئەوەی ڕاستی بێ من زۆر لە مێژە بیر لە موڵکەکی وا دەکەمەوە. گەر خوا ئەوەم بکا بەقیسمەت، بەشۆقڵ خانووەکە تێکدەدەم. دوو ڕێزە دووکانی زۆر جوانی لێ دروست دەکەم، سەریشی دەکەم بە شوقەیەکی زۆر گەورە و بە کرێی دەدەم.

– جەردیس موختار: خەڵك هەموو وا بەدووکان و شوقە خەنی بووینە.

– ئەو شوقەی نزیك ماڵمان، شوقەی «جاسم عەبوودە»، خۆ ئەوەندە گەورەش نییە. ئێستا بەکرێی دایتە «شەباب» مانگێ بەپەنجا دینار.

– موختار: پەنجا! دینار...!!!

– ئا ئا، بەمەمنوونیش. هەموو ڕۆژێ «جاسم» بیانوویان پێ دەگرێ.

موختار: ئێ بەناشوکری نەبی «جاسم» کە هاتە ئێرە چی هەبوو. «فەتوومە»ی

خێزانی هەتا چەند مانگەکیش دوای هاتنیان، هەر عەڕانە شاخەکەی دەکردە خەزێم، هەر ئەوی هەبوو خۆی پێ هەڵکێشێ.

«فاتە دەلالّ» زوو لێی بەوەلاّم هات: وەیش توخوا کاکە، کوو لە دڵت دێ وا بڵێی... نا نا... «ئوم باسم» قەت وا نەبووە، بڕۆ ماڵیان، گوێ لە قسەی بگرە ئەوجە دەزانی چییان هەبووە،... بابەلباب هەر زەنگین بووینە...! دیارە ئەتوو بە یەکەکی دی تێگەیشتووی، لێت تێکەڵ بووە... «ئوم باسم» هەند سەری بەڕسقە، هەند پێی بەخێرە، هەند زێڕی هەیە، هەندی هەیە، هەندی لە من کڕیە هەتا خوا دەڵێ بەس. هەر ئەمن بەخۆم هەتا ئێستا تاقمەك بازنی بوڕمە و تاقمەکیش بازنی سادە و دلمجم لە بۆی بردیە، لەگەڵ حەسیر و خەناوکە و خاشخاش و، هەتا لە بۆ کیژەکانی قانقاور و محەممەدییە و یەك دنیا ئاڵتوونی دی لێ کڕیوم.

موختار: بەخوا بێ ئەقڵی... خوشکم خۆ ئەمن حەسوودی پێ نابەم...! ئەمن دەڵێم هەر لە «جاسم» و هەر لە یەکەکی وەك ئەو کاك «یاسین»ەی خۆمان...!

– «یاسین» قسەکەی پێ بڕین: دەزانم ئەتوو مەخسەدت لە قسە دێ... «پاشان بابەتەکەی بۆ لایەکی تر هەڵگێڕایەوە»: ئەمن ئەگەر ئەو ئیشەم لە بۆ ڕێك بکەوتایە کۆز و شەش بوو. چیترم نەدەویست...! وەرە تەماشاکە لە ناو لێپرسراو و ڕەفیق حزبییەکانەوە بووە بە چ هەرا و فڕانفڕانێك. باس هەر باسی موڵك و عارد کڕینە. هەموو جارێ کە لەگەڵ یەك دادەنیشین، هەر ئەو باسانەیە، لە ئێستاوە شاریان بەسەر خۆیانا دابەش کردووە. هەندێکیان بیریان بۆ پارکەکانیش دەچێ، دەڵێن ئەوان ئەرزی چاکن. پێش ئەوەی جەنگیش کۆتایی پێ بێ، باس هەر باسی ئەو شتانە بوو... نە باسی شەڕ بوو، نە باسی جەبهە بوو، نە باسی شەهید و دیل و بریندار... بوو! هەی جوزر مەجنون چی لێ هاتەوە، موحەممەرە و عەبادان چییان بەسەرهات...!

ئەو باسانە هەموو کەوتبوونە دواوە. هەموویان بەهەیبایێ کەوتبوون بیریان لە ژیانی دوای شەڕ وەستان دەکردەوە. هەموو لە خەنی خۆشیان شەو و ڕۆژیان بەئەنگوست لێك دەکردەوە... هەر دەیانگوت هەندەی نەماوە شەڕ ڕاوەستێ، ئێمە هەموو بە ئەرکی خۆمان هەڵساوین، ناخۆشی و دەربەدەریمان زۆر دیوە، کە دوژمنمان بەزاند ئیتر هەرا و هۆسە و خۆبادان و ... چەپڵە و سەرکەوتنەکان دەدەین بەمیللەت و ئێمەش هەقی خۆمانە هیچ داوایەکمان ڕەت نەکرێتەوە...!! هەموو دەیانوت ساڵێکی تر نابا ئیتر دوژمن

پاشەكشە دەكا و چۆك دادەنەوێنێ... لەو كاتیەوەڕا هەر كەس كەوتبووە وای خۆی، هەموو تەنگاو ببوون... هەر كەس دەیویست دەستەگوڵی خۆی لێبدا. لێپرسراو و سەركردە سەربازییەكانیش كەوتبوونە پلان كوو بچن لە هاوینەهەوار و شوێنە گەشت و گوزارییەكانیشا عارد و موڵك بەناوی خۆیان بكەن، كوو خانووبەرەی گەورە گەورە دروست بكەن... ئێستاشی لەگەڵدا بێ، هەروا هەوڵ دەدەن، بە تەمان هەموو لە بەغداوە موافەقەت بێننەوە. هەریەكی چوار پێنج دۆنم عارد یان زیاتر بۆ خۆیان دابڕن، لە دەوروبەری شارەوە مەزرەعە و شینایی دابچێنن، كۆشك و تەلاری جوانی لێ دروست بكەن، حەوزی ماسی و حەوزی مەلەوانی كردن و باخچەی پڕ لە فریز و گەراجی گەورەی لێ دروست بكەن. هەندێكیان گەر بتوانن هاوینەهەوارەكانیش لەسەر خۆیان تاپۆ دەكەن.

«یاسین» بەدەم ئەم قسانەوە بەرە بەرە تووڕەیی و گرژی زیاتر دەبوو، زیاتر پێی لە بەنزین نا، لەبەر خێرایی ترومبێلەكەیەوە سووكانی لە دەست دەرچوو، كەوتە ناو تاسە و كەند و كۆسپی لاڕێگاكەوە... بەحاڵە حاڵ بۆی كرا بگەڕێتەوە سەر ڕێگا... «جەردیس موختار» دوای وشیاركردنەوەی «یاسین» و بەملا و بەولادا سەیركردن... ئەویش هەر بەهەمان هەوا و نەفەسی ئەمەوە، كەوتە ئاخاوتن:

– بەینی خۆمان بێ، لە ناو گەڕەكەكەی ئێمەشدا پارچە زەوییەكی گەورەیان بۆ پارك دانابوو، شارەوانی دەیویست پەرژینەكی بە كەرپووچی لە هەر چوار دەوری دروست بكا و بیكا بە باخچە و هەندێ یاری منداڵانەی وەك چەرخ و فەلەك و جۆلانێ و ترومبێلۆكەی كارەبایی لێ دابنێ... هەموو منداڵان كە گوێیان لەم قسەیە بوو، هەموو خەنی بوون... پاشان ئیشەكەیان تێكدا، ئێستاش ئەو زەوییە دراوە بە «ئەبو بەلسەم»، ئەویش بەتەمایە خانووبەرەیەكی گەورەی لێ دروست بكا.

یاسین: ئەو قەیناكە، سەركردەیەكی زۆر دڵسۆز و بەناوبانگە، زۆر بەتوانایە... دوای هەموو هێرشێك نوتوشوجاعەیەك وەردەگرێ... ئەو هیچ، لەگەڵ ئەومان نییە ئەو هەموو شتێكی قابیلە...

«فاتە دەلاڵ» بەدەنگێكی بەرز كەوتە ئاخاوتن:

چاوم دەرهات هەر ئەتوو كاكم چتان بەرنەكەوت! هەر ئەنگۆ بێ بەش بوون!.

«پاشان بەپەلە گەڕایەوە سەر قسەكانی پێشووی»: دە ئەنگۆ جارێ ئەو كوڕە گەورە

بکەن، زوو ئەو تەقاویتییە دەربچوێنن لە بۆ عارد و موڵکەکەش خوا کەریمە.

– «یاسین» بە زەردەخەنەیەکی گەپئامێزەوە وەڵامی دایەوە:

تەقاویتی چی؟! هـای لەو بێ ئەقڵ و کەمزانانە!... وا دەزانی کوڕی لە «سەربیل زەهـاب» سەربـازبووە، یا لە «نەوسوود» چێژشەعبی بووە شەهید کراوە... «بەلایەکی لە موختار کردەوە، دەنگی خۆی بەرزتر هەڵبڕی»: کوڕەکی وەهـا خـائین و خوێنڕێژ، سەد کەس ئیعتیرافی لەسەر کردبوو، سەد ڕاپۆرتی لەسەر نووسرابوو... ئەوە داخیلی بوو، ئەندام پـۆل بـووە... هـەمـوو شەو دەچـوون لـەگـەڵ چـەنـد تـاوانـبـارەکـی وەك خـۆی، دیـواریـان دەنووسی، بەیانیان بڵاو دەکردەوە...! ئەوە لە سێدارە دراوە لە سێدارە...! خۆ شەهید نییە هـەتـا تـەقـاویـتـی لـە بۆ دەرچـێ...! دەڵێن منداڵـەکـانیش بـەو گـچـکـەییـیـەی خـۆیـان، لـە هـەنووکەوەڕا خەریکە دەچنەوە سەر ڕێی بابیان، مانگەك لەوە پێش «دلێر»ی کوڕی، ئەویش بەناخێری گیانی دیارە بەناوی بابی کراوەتەوە، لە دەرسی نەخش و نیگار وێنەی زنجیرە چـیـایـەکـی کـردووە و ڕۆژی لـێ هـەڵاتـووە ئـاڵایـەکـی لـەسەر چـەقـانـدووە... سەمتییەکیشی بەسەردا فڕییە، لە خوارەوەش وێنەی دۆشکە و پیاوەکی کێشاوە تەقەی لێ کردووە... گوایە پۆلەکەش چەپڵەیەکی زۆر قایمیان لە بۆی لێداوە... ئەوە... ئەوە... نـازانم چ بڵێم لە قاران چ قسەیەکم لە بۆ نایێ... ئەوانە هەق وایە سێ چوار تەنەکە بەنزینیان پێدا بکرێ، بەخانوو بەرەوە بسووتێنرێن...! دەزانی چەند تاوانبارن..!

فاتە دەڵاڵ: خەتای دێڵە سەگەکەی دایکیتیان، پیرێژنی کۆرە ئەو ئاین و ئۆینانە نازانی، هەمووی لە بن سەری دایکیتیان...

یاسین: دیارە ئەویش هەتا کۆرە نەبی داناکەسێ، دەرس وەرناگرێ!

دوای هەڵوەستەکردنێ دەنگی خۆی نەوی کردەوە:

بەهەرحاڵ... دەتوانین لە لایەکی ترەوە هەوڵ لە بۆ پیرێژن بدەین، لەبەر ئەوەی کۆرەیە و پەککەوتووە، لە تەمەنیش بەناوساڵ کەوتووە... دەتوانین مانگانەیەکی بۆ دەربچوێنین! ئەمن یەك شتم بەمێشکی دادێ کە بۆی بکەین.

«جەردیس موختار» بەگورجی لای لێ کردەوە، ویستی قسەیە بکا، بەڵام «یاسین» هەر بەردەوام بوو:

ئەمن تەگبیرەکم لە بۆی کردییە، بەڵام جارێ پێی مەڵێن. بەتەمامە فەقیرانەی لە بۆ دەرچوێنم، ئەوجە ئەمن دەڵێم ئەوە هی کوڕەکەتە.

«فاتە دەلاڵ» بەپەلە کەوتەوە ئاخاوتن و بەدەم باگۆدانەوەی قسەکانی «یاسین»ەوە گوتی:

– ئێ باشتریش، ئەدی پیرێژن چی دەوێ. ئەمەش هەر مەخسەدمان شتەکی وایە. بەڵام بەتۆ و بەکاکم هەتا زووە ئیشەکەی لە بۆ جێبەجێ بکەن. پێشینیش چ پارە و پوولەکی دەوێ و چەندی زارتان هەڵدەگری لێی بستێنن، ئەمن دەزانم پیرێژن هەیتی، زۆری هەیە...! «پیرۆز»یش مێردی دەکردەوە، مێردی نەدەکردەوە فلقیر... چ هەقمان لێی نییە. «دوای هەڵوەستەیەك گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی»: بەمەزەندەی من هەنکە ئەگەر کۆرە لە دەستی بێ، شەوەك لە خەوڕا سواری قرتقرتۆکی دەبێ، حەییاتی قنتەی لێ دەبڕێ.

یاسین: گرنگ ئەوەیە بەر لەوەی مێرد بکاتەوە لێی بەخۆ بکەوین. دەبی خەمساردی لێ نەکەین. باوەڕ ناکەم فرسەتەکی وەك ئەوجارەم لە بۆ هەڵبکەوێتەوە.

«فاتە دەلاڵ» کەوتە دەریایەکی بیرکردنەوە، پاشان پرسیارێکی ئاڕاستەی «یاسین» کرد: ئەدی تەگبیر؟

– تەگبیر هەر ئەوەیە، هەتا زووە بەهەموو لایەك کاری لە بۆ بکەین.

– کووو..؟!

– ئەتوو ناڵێی ئەو «ئەیاز» ناوە بەماڵیان فێربووە، هەموو ڕۆژێ بەکۆلانێ دادێ...؟

– با بەرێ وەڵڵا ئەوێی کردووە بەکاروانسەرا. هەموو ڕۆژێ جرتوفرتیتی.

– جا لێردا، ئێمە با بەبەردەك دوو کێشکان بکوژین.

– کوو؟

– ئەوجارە ئەگەر بەوێ داهات ئەتوو لێی بەدەنگ وەرە، ئێمەش چەند پۆلیسێك ئامادە دەکەین و دێین «ئەیاز» قۆڵبەست دەکەین و دەڵێین لە دوونامووسی خەڵك دەگەڕێ.. خەڵکی ئەو کۆلانە هەموو هاتوون شکایەتیان لە ئەم و لەو ماڵەش کردووە، نامووس گرانە لە لای خەڵك، شتی سووك و رسوایی و بەدڕەوشتی قبووڵ ناکەن، ئەو خەڵکە شتی وای بەخۆی نەدیوە و واو واو وا... ئیتر دەیڕازێنینەوە...! لەولاوەش ئەو ماڵە دەخەینە ناو دەو و زاری خەڵکەکە، هەتا لە کۆلان دەریان دەکەین... هەر لەوانەیە «پیرۆز» بەخۆی ئەوێی لە بەرچاو بکەوێ.

جەردیس موختار: تەگبیرەکی چاکە، بەشەری وا هەر ئەوەی قابیلە... ئەمان ئەوەندە هەیە...

«یاسین» قسەکەی پێ بڕی: هەینێش هەرسێك لە ناوە خۆمان پێك دێین، دڵنیا بن مەغدوورتان ناکەم!

فاتە دەلاڵ: ئێ ئەوەمان زانی، بەڵام ئەو مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بەعارد و خانوو کڕینەوە هەیە؟

«یاسین» خێرایی ترومبێلەکەی کەمتر کردەوە و بەدەست هەڵشەقاندنەوە وەڵامی دایەوە: لەوانەیە کاکت سەری لەو شتانە باشتر دەرچێ. ئێستا ئەو لە مێژە لە قسەکەم گەیشتییە...! کە «پیرۆز» لەسەری ئیسپات بوو ژنەکی چاو لە دەرە و ئاگای لە ماڵ و منداڵ و هەتیمەکانی خۆی نەماوە، جا هەینێکە ئیشەکە دەخەینە دادگا و دەڵێین وەختی خۆی بەفرۆفێڵ ئەو خانووەی بەناوی خۆی کردووە، کەچی لە ڕاستیشا مافی پیرەژن و دوو منداڵەکەی زیاتر تێدایە... منداڵەکانیش ئێستا قاسیرن و پیرێژنیش سەرەڕای مافی خۆی عاجز و پەککەوتەشە... مانای وایە، لەو پێودانگەوە دەتوانین کار بۆ ئیشەکەمان بکەین. کە ئەمەش مەیسەر بوو، هەینێ نێوان ئێمە و پیرێژن دەمێنێ، ئەویش ئاسانە...!

– فاتە دەلاڵ: ها... ئێستا تێگەیشتم، بەس ئەو هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ.

– نا نا ئەوەندەش زۆری ناوێ... ئەو جۆرە یاسایانە وەك لاستیکە کووی ڕاکێشی لە دوو دەستت دێ. دەتوانی ڕەش بکەی بە سپی، سپی بکەی بە ڕەش. «دوای هەڵوەستەیەك بەرزتر هەڵیدایێ»: ئێمە کوڕی سەورە و سەرکردەیەکی وا بەرز و شکۆمەندبین، چۆن شتی وامان لە دەست عاسێ دەبێ، کێ دەوێرێ لە ڕێگامان بوەستێ. کێ زات دەکا قسە لە قسەمان بکا...!

جەردیس موختار: وەیە وە... لە خوا بەزیاد بێ بەوەی باشە کە ئەو متمانەیەمان پێ دەکرێ...! ئیشەك ئەگەر خێر بداتەوە، چەند لە دووی ماندوو شەقی بی کەمە.

«فاتە دەلاڵ» بە ئەو پەڕی دڵخۆشییەوە، وەك یەکێ کە گرێ کوێرەیەکی کۆنی بۆ کرابێتەوە. کەوتە هەنسکی خۆشی و هەناسە هەڵکێشانەوە. بەدەمێکی بەپێکەنینەوە کەوتەوە قسەکردن:

جا پیرۆز خان... چەند خۆی بەو خانووە ماندوو کردووە...! حەماملغ و ناندینەکی وەها بە دڵوداوی دروست کردووە... بەردەم بەلووعەکەی چەمەنتۆ کردووە، هەندەك وایەر

و سویجی کارەبای بردیتە ژووری ئیشکردن... خانم کە دەچیتە بەر مەکینەی دورمان، بەڕۆژیش گلۆپەکە دادەگیرسێنێ...!

بەم پێیە، بەدەم ئەو گفتوگۆ پیلانئامێزانەوە هەر لە ڕۆیشتنا بەردەوام بوون و پەیتا پەیتا لە گۆڕستانەکەوە نزیك دەکەوتنەوە. هەریەکە بەوای بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە وێڵ ببوو. «جەردیس موختار» بۆ گومڕە پارەیەك و چەند سوود و قازانجێکی لا بەلایی ترەوە، «فاتە دەلاڵ»ی خوشکیشی هەر بۆ دەستخۆشانەیەکی گەرموگوڕ کە گیرفانی زیاتر هەلایسێنێ. بەلام «یاسین»، سەرەڕای ئەوەی کە مرخی لە موڵکەکەوە خۆش کردبوو، گەرەکی بوو سەرمان لە گێژاوێکا بئاڵێنێ، تا ژیانمان ماوە پێیەوە بتلێینەوە و ئازاری پێوە بکێشین... ئینجا لە هەڵکەوتێکا، بەنرخێکی هەرزان لە بن دەستمان دەربێنێ...! دەمێ بوو خەونی بەکۆمەڵە دووکان و شوقەیەکەوە دەبینی...! وێڕای ئەمەشەوە، ڕق و کینەی کۆنیشی هەر لە بیر مابوو. دوای ئەو هەموو ستەم و زۆرداری لێکردن و زەبرلێدانەوە هێشتان دڵی ئۆخەی نەکردبوو. هەردەم ئەو سەروسەربردە جەرگبڕەی خۆی دەهاتەوە بەرچاو... کە چۆن ماڵی یەکەمی لێ تێك چوو...! لە سەرینی ئەمەشەوە لە خەون و خەیاڵبلاوەکانی خۆیا دوورکەوتەوە و گەلێ هەلی زێڕاوی لە دەست چوو. لە لایەکی تریشەوە دەیویست تۆڵەی خۆی لە دایکیشم بکاتەوە، ئەوجارەیان بتوانێ زەفەری پێ ببا و بیرووخێنێ. دایکم دوای سووتانی «یاسین» و «جاسم عەبود» ئەو قسانەی بۆمان گێڕایەوە. هەرجاری کە دەبووە باسی ئەوان، دەیوت: «ئۆخەی کە سەرفراز و دڵخۆشم... خوایە ماڵت ئاوا، هەتا ماوم شانازی بە خۆم و بە خەڵکی ڕاپەڕیو دەکەم، چونکە لەو ڕۆژە پیرۆزەدا ئەو داخ و حەسرەت و برینە ژەهراوییانەی دڵیان پێکابووم، هەمووی ساڕێژ بوو...!».

پەیتا پەیتا لە گۆڕستان و لە ئێمەوە نزیك دەکەوتنەوە. هەر لە دوورەوە هێشتان هەر بەڕێگاوە بوون... هەر لە ناو ترومبێلەوە شوورە و دیوار و گومگومە و قەفەزی سەر گۆڕەکانیان کەوتە بەرچاو. سەرنجی ریچکۆڵە دڕکاوی و باریکەکانی نێوان گۆڕەکانیان دا... ئەوکاتە ئێمە خەریکی یاریکردن بووین. »ئیقبلم» و «موژدە»ش بەدوان لە نزیك «نەنە پەرێ»وە ڕاوەستابوون، وردە وردە لەگەڵ یەکتردا داخاوتن، بەلام «نەنە پەرێ» هەروەك جاران لە دڵتوندی ولە تووڕەییيان دەتوت کەڵەکی بار لێ وەرگەڕاوە، بەدەم شەپۆلی هار و هاجەوە سەرئاو و بنئاو دەکا و وەك چارۆکەیەکی شڕو وڕ شەپۆلە شێتەکان دەیهێنن و دەیبەن. نە لە شوێنێکا ئۆقرەی دەگرت و نە لەگەڵ کەسیشا داخاوت.

لە بەرامبەر ئەمانیشەوە دایکم و «دایە نەخشین» دانیشتبوون. جار جار لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد، یا لایان لەوانی تر دەکردەوە، یانیش جار جار قسەیەکی بەرزە فریان ئاراستەی ئێمە دەکرد و لە گەرمە گەرمی یاریکردنا ئاگاداریان دەکردینەوە. ئەگەر چی تا ئەوساکەش هەر خەریکی یاریکردنی خۆمان بووین، بەڵام لە زاق و زرووق و زرمەزلانێکەی جارانمان کەوتبووین. لەبەر مامۆستا «ئەیاز» تا ڕادەیەك بەشەرمەوە ڕەفتارمان دەکرد. بەڵام «مامۆستا ئەیاز» لە دەوروبەرەکەی خۆی دابڕاو بوو، ئاگای لە کەس نەمابوو... لەم کاتەدا وەك تۆبەکارێکی ساڵخوردە، وێنەی پڕ لە سۆزی دۆستایەتی و هاوبیر و هاو ڕێبازی جارانی دەهاتەوە بەرچاو. یادی ڕۆژی ڕەش و ڕۆژگارە سەخت و لە مێژینەکان... ئەوانەی کە لەگەڵ باوکما بەسەری بردبوو، هەموو خانۆچکەی مێشك و دەماری دەرزیئاژن دەکرد. بەدەم ئەو بەخۆداچوونەوە و قووڵبوونەوەدا، بەدەوری گۆڕی شەهیدا خولی دەخواردەوە. جار نا جاریش خۆی بەسەر کێلێکا دەکێشاو بەدەنگی بەرز و تێکەڵ بە لوژکەی گریانەوە ڕۆژانی ڕابردووی یاد دەکردەوە. هەر قسەیەکیشی کە بیکردبووایە، هەموو بەڵگە و بەرواری تەواوی لەگەڵا باس دەکرد و لە گەلێکیشیانا «نەنە پەریێ» خۆی ئاگادار بوو، ئەوساکە ئەویش چاوی ساغ بوو، هەموو شتەکانی بینیبوو. بەم پێیە، قسە بەسۆز و دروستەکانی نەك سەرنجی دایکم و «دایە نەخشین» و ئەوانی تریش.. بەڵکو سەرنجی «نەنە پەریێ»یشی بۆ خۆ ڕاکێشابوو...! لە سۆنگەی ئەو دیاردانەوە، خەریك بوو بەرە بەرە کزی و فزی و تووڕەیی پێشووی «نەنێ»شی قووت دەدایەوە...!

«مامۆستا ئەیاز» وەك وتاریێ بخوێنێتەوە، بەپەنجەی دەستەکانی ئاماژەی بۆ گۆڕی باوکم کرد:

– تۆ سەلماندت کەوا مرۆڤی ڕەندوعەگید و خودان ڕێگای ڕاست، دەتوانریێ بکوژریێ، بەڵام کەس ناتوانیێ بیمرێنێت!

ئەم قسانە دایکمیان ڕاچڵەکاند، ڕووخساری وەك گوڵ گەشایەوە، لەگەڵیا کەوتە جموجۆڵ. پاشان یەکسەر چوو دەستی بۆ کیسەیەك درێژ کرد، پێنووس و پەڕە کاغەزێکی دەرهێنا، بە پەلە شتێکی نووسی و دوایەش گێڕایەوە شوێنی خۆیان و بەخۆشی گەڕایەوە جێگاکەی جارانی.

«کولیلکەکا نیسانی هەردەم پشکفتی، قەفتەکا پشکووژان دەدەیت، ئەوانیش هەر لەسەر تیتاڵ و ڕێبازی توو دەچن و بەشەل و شەپك و کاڵەك و بەلەکپێچ و گۆڕی و چەلینێ تە

خۆ پەیت دەکەنەوە و ڕێی نەسرەوتن دەگرنە بەر... دەبن بەڕێڤینگا ڕێیەکا سەخت و پڕ لە ستری و ئاستەنگان...!« لەگەڵ ئەم قسانەدا «مامۆستا ئەیان» ئارەقەی ڕەش و شینی بە نێوچەوانیەوەدا دەهاتە خوارەوە. دەستێکی بەسەر ڕوخساری خۆیا مالّی، دیسان بەهەمان سەرنجدان و لالێکردنەوەی بۆ «ئیقلیم» و «موژدە»وە، کە تا ئەوساش خۆیان دوور گرتبوو، یا نووسینی سەر کێل و بەردە نووسەکانیان دەخوێندەوە... گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «بلاّ خوێنی ئێوە ببێتە ڕووناهی و سووتنەکی وەسا، کو بەرپێت مەو نەڤیێ مەژی ڕووناهی بکاتەوە». دەنگی خۆی بەرز هەڵبڕی: «ئێوە نەمرن، ئەو زیندووانە مردوون کە ئێوە بەمردوو دادەنێن. ئێمەش خڕ بەمردی دادەنرێین، ئەگەر هنگ لە هزر و بیرا مە نەمێنن و یادتان نەکەینەوە...! ئەنگۆ خۆتان بە گوری مە کرد، ئەمەش پێدڤیێ بەقوربانا ڕێباز و خەباتی ئێوە بین. هەتا ڕۆژی سەرکەوتن نابیێ لە خەبات کردندا خەمساردی بکەین. «هەر بەهەمان تین و تەوژم و دەنگی بەرزیەوە کۆتایی بە قسەکانی خۆیەوە هێنا: «بەهەوڵ و قووەتی خودێ، جێتان نیڤەکا بەهەشتێیە...!

«نەنە پەریێ» وردە وردە قسەکانی ئەمی بەدڵدا دەچوو، لەگەڵیا توابووەوە. کە گوێی لەو قسەی بوو، بەدەنگێکی بەرز هیوای قەبووڵکردنی دوعاکەی خواست وتی: «ئامین» ئەم قسەی لەگەڵ دەنگ و بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە تێکەڵ بوو، هەریەکە و لە لای خۆیەوە بۆ نوێژ دابەستان کەوتبوونە قامەتکردن... لەو کاتەدا خۆریش لە سینەی ئاسمانەوە بە ئەسپایی سەربەرەو خوار دەبووەوە، لەگەڵ خۆیا جۆرە خامۆشی و گەرمییەکی بەم ناوەوە بلاّو دەکردەوە. «نەنە پەریێ» وەك گوڵە بەڕۆژەیەکی پەڕ سیس و ژاکاو، بۆ لای تیشکە گەرمەکانەوە ڕووی خۆی وەرچەرخاندەوە، بەدەنگێکی بەرز و ئاشکرا و بەدەم بیرکردنەوەوە، لەگەڵ بانگی مزگەوتا کەوتە خرۆشان: «ئەڵڵاهو ئەکبەر لەببێك»... دەستەکانی خۆی بەرەو ئاسمان پان کردەوە: خوایە خێران کەی شەڕان بەتاڵ کەی. خودایە لە بۆ خاتری گەورەیی خۆت بەدەستی عەبد زەلیلمان نەکەی. لە دەست و پیێ نەکەوم. یاڕەببی خوایە لە بۆ خاتری مەرحەمەتی خۆت، ئەو سەبیلۆکانەم لە بۆ گەورە بکەی، لە دوو مەیتم برۆن...!

لەگەڵ کۆتایی پێهاتنی بانگ و سەڵاوات و نوێژکردن... شار و دەر خامۆش بووەوە. لە ناو ئەو خامۆشی و کشوماتیەدا «مامۆستا ئەیان» لە شوێنی خۆیا خزی، چوو نەختیێ لەگەڵ دایکم و «دایە نەخشین» ڕاوەستا، چەند قسەیەکیان لەگەڵ یەکتر کرد. پاشان بەدەنگێکی هەڵبزڕکاو و بەدڵێکی شڵەژاوەوە، بۆ شوێنەکەی خۆی گەڕایەوە. «موژدە و

ئیقلیم» تا ئەوساش خۆیان مژوولی خوێندنەوەی سەر کێل و بەردە نووسەکان کردبوو. زۆر بەتاسەوە تیشکی سەرنجەکانیان لەگەڵ ناو و ژمارە و بەروارەکان تێکئاڵا بوو... گۆڕی جوانەمەرگ «شێخ دارا» لە بناری قەندیل لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵییەوە شەهید بوو. ئەمە گۆڕی جوانەمەرگ «ئارام حسێن» لە تەمەنی حەڤدە ساڵی، تەرمی لە بەندیخانەی «ئە.غ» هاتەوە... چوار گۆڕی تر هەموو لە ڕیز یەك، بەیەك جۆرە کاشی مەڕمەڕ و بەیەك نەخش و وێنەوە هەڵنرابوون، لەسەر کێلی هەموویان ناو و تەمەن و ڕۆژی شەهید بوونیان لەسەر نووسرابوو. هەردوو بەچاوی بەفرمێسکەوە کێلەکانیان خوێندەوە «گۆڕی جوانەمەرگان: ئاسۆ لە تەمەنی پازدە ساڵ، هەڵۆ هەژدە ساڵ، بێوار حەڤدە ساڵ، شوان بیست و دوو ساڵ...» ئەمانە گشتیان، دوای ئەوەی بەبڕیارێکی دادگا تەمەنی گچکەکانیشیان گەیاندە هەژدە ساڵ، هەموو لەیەك بەرواردا لە تەك یەك لە دار بەسترانەوە و گوللە باران کران... ئەمە گۆڕی «ئامینە خان و شیرینی کچی» بەفرۆکە بۆردومان کران، لە تەنیشتیەوە وێنەی مەلۆتکەیەك لەسەر کێلەکەوە هەڵقەنرابوو «یوسفی پەپوولەی بەهەشت لە تەمەنی دوو مانگی شەهید کرا»... ئیتر هەر بەم ئاوایە لە ناو گۆڕەکانی تردا هاتوچۆیان دەکرد و بەدڵێکی پڕ لە برین و ناسۆرەوە کێلە نووسراوەکانی تریشیان دەخوێندەوە. «موژدە» بەفرمێسکی بەچاوەوە لای لە «ئیقلیم» کردەوە: «هەتا ئێستا مێژووی ڕاستەقینە نەنووسراوەتەوە... ترسێ دەکەم نەشنووسرێتەوە و هەموو ڕووداوە ڕاستەقینەکان دیزە بە دەرخۆنە بکرێن... من خۆم سەرەڕای «نەخش و نیگار» وانەی «مێژوو»ش دەڵێمەوە. هەتا ئێستا قسەیەکی ڕاست یان ڕستەیەکی ڕاستم لێی نەخوێندووەتەوە...! «ئیقلیم» بەقورگی پڕ لە گریانەوە، گوزارشتی لە ناخی خۆی کردەوە: «ئەم قەدەر عەیامەکی گەلەك درێژە هەر تازیدارین، ڕۆندك لچاڤین، بەلێ دەبی کوردە الهەمی ڕەخەکێ خۆ پەیت کەن، خۆ خڕڤەکەن، پشتی ئێکو دوو بگرن... لسەر ڕێبازەکا نوێ خەباتا خۆ بکەن...« بەزاق و زرووق و دەنگە دەنگمانەوە، ئەوانمان لە قسە و گفتوگۆکانیان پچڕاندن... ئیتر بۆ لای دار تووەکە هەنگاویان نایەوە، هاتن لە نزیکمانا سەنگرانەوە، سەیری بزۆزی و یارییە خۆشەکانی ئێمەیان دەکرد... دیار بوو تا ئەوساش هەر دەیانویست خۆیان خەریك بکەن و نەچنەوە لای ئەوانی ترەوە. ئەگەرچی دایکم و «دایە نەخشین» بە ڕواڵەت هەر لە بارە ئاساییەکەی خۆیانا بوون... بەڵام لە ڕەنگ و ڕوخساریانەوە، وا دیار بوو تەزووی نیگەرانی و شڵەژاوی، دڵ و دەروونیانی پڕ لە لەرزێکی کوشندە و لەشرچێن دەکرد. بەدەم سەرنجدان و بەملا و بەولادا سەیر کردنەوە،

ئـالـوودەی خـۆزگـە و ئـاواتـێك بـبـوون و پـێـیـەوە دەتلانـەوە، هـەردووكـیـان كـەوتـبـوونـە دڵەڕاوكێ و چاوگێڕان، ورده ورده لایان لەیەك دەكردەوە و یەكتریان دەدواند. بەڵام قسەكانیان وا پێدەچوو، جۆرە نهێنییەك بووبێ... هەر خۆیان دەیانزانی چی دەڵێن و باس لە چی دەكەن... دایكم نیگەرانی و پەشۆكاوییەكی زۆری پێوە دیاربوو... ئەوەی ڕاستی بێ من ئەگەرچی هەر خەریكی یاریكردن و غار غارێن بووم، بەڵام من وا لێڕاهـاتبووم، لەو كاتـەوەی كە فـامیده ببووم و ئەقڵم بەسەر زۆر شتدا شكاوە... هـەردەم دزە نیگایەكم بۆ ستەمدیدەیی و غەم و پەژارەكانی دایكم ئاراستە بكەم...! ئەو ڕۆژیش لە كاتی سەرنجڕانانمدا زۆر شتم لە ڕوخساری دایكمدا دەخوێندەوە... خوێندنەوە و تێگەیشتنێكی وا كە هـەندێ جار دڵخۆشی و هـەندێ جار سەرسوڕماو و غەمباریان دەكردم!

بـەڵام ئێمە لەو كاتیدا هـەر لە یاریكردنی خۆمانا بەردەوام بووین، ئەوانی تریش هـەر كەسە خۆی بە شتێكەوە خەریك كردبوو. ئەوەی تاكوتەرا بووبێ و تا ئەوساش هـەر پەشۆكاوی و دڕدۆنگی پێوە دیار بووبێ، تەنها و تەنها «نەنە پەرێ» بوو. لە شوێن خۆیا بە كڕی دانیشتبوو. لەبەر هەتاوە گەرمەكەی ئەو پاش نیوەڕۆیە خوێنی وەك شەمێ و ڕۆن خاو ببووەوە، بەڵام هێشتان نیگەرانی و ئاڵۆزییەكەی جارانی هـەر پێوە دیاربوو. شتی وای لە ڕەنگ و ڕوخساری بەدی دەكرا، وەك جەنگاوەرێكی سەر لێشێواو كە كەوتبێتە ناو گێژی ئەسكەندەرەوە... ئاوا، دۆست و دوژمن، ڕەش و سپی، یار و نەیاری بۆ لەیەك جیا نەدەكرایەوە.

«مـامـۆسـتـا ئـەیـان» دوای خـۆگـیـركـردن و چـاوەڕوانـیـیـەكـی زۆرەوە، لـە شوێن خـۆیـا هـەڵسایەوە و دەمی ئاخاوتنی ئاراستەی دایكم و «دایە نەخشین» كرد:

– ئەوە ئێمە هـاتین، جا نزانم ئێوە چ دەڵێن؟

«دایە نەخشین» بەدەم نارەزایی دەربڕینەوە پرسی:

– ئەدی «پیرۆز» پێی نەگوتی بنێرە دوای دایكیشت!

– بە خودێ ئەو گەلەك نەساخ بوو... «پاشان وتی»: من مەت هەبوون بەلێ هە بخۆ نەمهینا. خوشكا من گۆت بتەنێ من دێم.

«دایە نەخشین» ویستی درێژە بە نارەزاییەكانی خۆیەوە بدا، بەڵام دایكم زوو قسەكەی پێ بڕی:

– ئەو هەموو كەسەی بۆ چییە؟ كاری وا تا زوو ببڕێتەوە ڕەنگە.

لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، بەدەم کۆخە کۆخ و پشوو سوارییەوە خۆی بەدیوارەکەوە هەڵپەسارد. بەڵام چەندی هەوڵی دەدا، لەبەر گڤەگڤی با... کە ئەو دەم لەبەر گەرمی تیشکی خۆرەکەوە هەڵی کردبوو...، بە تەواوی گوێی لە هەموو قسەکان نەدەبوو.

دایکم بۆ لای «مامۆستا ئەیان» هەنگاوەکانی هەڵێنایەوە و چەند قسەیەکی چرپاندە بن گوێی، پاشان بۆ جێگای خۆی گەڕایەوە. ئەویش دوای نەختێ بیرکردنەوە و خۆ مشتوماڵ کردن، بۆ لای «نەنە پەرێ» ڕۆیشت:

– «نەنێ» تو چەوا دایکا شەهیدی ئەوهاش دایکا منی.

«نەنە پەرێ» بەم قسەیە، کەمێ سەری خۆی خوار کردەوە و بە مڕو مووچییەکەوە لە قسەکانی ورد بووەوە... خێرا خێرا بەربینگی لێ گرت:

– ها...! تێتناگەم!!؟

«مامۆستا ئەیان» هەمان قسەی جارانی دووپات کردەوە و پاشان وتی: من گەلەك حەز دەکەم ببمە مرۆڤەکی ئێوە و خزمایەتیتان بکەم.

«نەنە پەرێ» بەهەمان گرژی و تاڵی جارانەوە هاتەوە گۆ: کوو، کوو...؟ تێتناگەم چ دەڵێی؟!

– ئێمە هەموو چاوەڕێی ئاخافتن و گفتی توو دەکەین. هەر ئیشەك توو دڵ لێ نەبی ئەمەش نەشێین ئەو ئیش بکەین.

هەتا دەهات «نەنە پەرێ» دڵەکوتێی زیادی دەکرد، بەتووڕە بوون و هەڵویستێکی توند و دژوارەوە، زەردەخەنەیەکی ژەهراوی پەڕیەسەر ڕوخسارە چورچ و چوێڵەکانییەوە، پاشان بە دڕدۆنگی و بەدەنگێکی بەرزەوە هەڵیدایێ:

– ئەمما...!! وەڵڵا بابە تەڕ گەورەی خۆتان نەدیتەوە..؟! «پاشان وتی»: نازانم ئەتوو چت لێم دەوێ؟ گەورەم دەکەی یان دەتەوێ بە شەکراو بمکوژی...!؟ ئەمن چمە... سەری سیرم قوونکی پیازم... ئاخە بزانم ئەتوو بە چم تێدەگەی..؟! بە...

– «مامۆستا ئەیان» قسەکەی بێ بڕی: جوانەمەرگ گەلەکی خۆشدەویستی. هەموو گاڤان دەیگۆت، وەی دەنا نەمردبام بمتوانیبوایە بە تەمەنێکی درێژ خزمەتی دایکم کردبوایە...!

بەم قسەیە «نەنە پەرێ» کەوتە خورپە و ڕاچەنین، بەڵام «مامۆستا ئەیان» بەبێ

وەستان بەردەوامی بە ئاخاوتنەکەی خۆی دا:

– ئەگەر ورجی ئەوەم هەبن، ئەمن گەلەکم پێ خۆشە جێی جوانەمەرگ بگرمەوە.

«نەنە پەرێ» لە تاوان هەردوو گوێی تەپ بوو. دەتوت لە ناو مەنجەنیقیان داناوە...! بەڵام خۆی لێ نەبان کرد و هیچ باگۆی نەدایەوە. دیسان ئەو کەوتەوە ئاخاوتن:

– بەخزمایەتی توو دایکا موژدە و دایکا دلێر و ئاڵا گەلەکی سەرفراز دەبم، ئەگەر قبووڵم کەن!

بەدەنگێکی پچڕ پچڕ و تێکەڵ بە هەنسکی گریان و هەست بە ستەم و زۆرداری کردنەوە، لە ڕەقاز باگۆی دایەوە و پرسی:

– چ خزمایەتییەك هۆباب...!؟

دایکم هەستی بەشڵەژاوی و ناهەمواری بارەکە کرد. بە زەردەخەنەیەکی تەمومژاوییەوە، بەهەنگاوی ورد ورد بەرەو لای هەردووکیان چوو. بەم کارە، ڕەوشی «مامۆستا ئەیاز» نەختێ ئاسایی بووەوە، کەمێ ڕەنگ و ڕووی هاتەوە بەر، پەردەی شەرمی دادڕی، لای لە «نەنە پەرێ» کرد و وتی:

– من و خوشکا من هاتینە داخازی «موژدە»!!

«نەنە پەرێ» کە ئەم قسەی گوێ لێ بوو، بەرسینچکەیەکی توندی پێوە نووسا، هەر جارێ کە سنگی دەگرت دەتوت بەڕووی برژاوی لە ناو دەم و قوڕقوڕاگەیدا دەتەقێتەوە. سێ چوار مستە کوڵەی بەسنگی خۆیا ماڵی، پاشان بەلێوە لەرزە و بە چەند قسەیەکی پچڕ پچڕەوە پرسی:

– هاتینە داخوازی کێ...!؟

– موژدە.

– ئەوجە ئەنگۆ لە بۆ کێ هاتینە داخوازی کردنی؟

– «ئیقلیم» کەمێ خۆی لێ نزیك کردەوە بە دەنگێکی بەرز وەڵامی دایەوە: بۆ برای خۆ!

– مەعلووم...؟!

– بەڵێ، بەڵێ، نەنە پەرێ، تە «ئەیاز» ناس ناکەی؟ چ حەوجەی ئەو پرسەیە؟

ئەم قسانە بوون بە مایەی هەڵدانی پێکەنینێکی قووڵ، ڕەنگ و ڕوخسارە شین و مۆر هەڵگەڕاوەکەی زیاتر لۆچ لۆچ کرد. پڕ بەکونە لووتەکانی هەوایەکی سازگاری هەڵمژت،

سنگی خۆی خستە سەر گۆچانەکەیەوە... دوایە سەری خۆی هەڵبڕی، بەڵام بەرەبەرە ڕەنگی هەڵدەبزڕکا... یەك دوو هەنگاوی هەڵێنایەوە، دیسان لەسەر ئەرزەکەوە دانیشتەوە، ئەوجارە دەمی پرسیاری ئاراستەی «مامۆستا ئەیاز» کرد:

– کوڕە گەورەکەم، ڕاستم پێ بڵێ، ئەنگۆ هاتینە داخوازی «موژدە» یان هاتینە داخوازی یەکی دی...؟

– نەخێر نەخێر، نەنێ... پا... کێی دی هەیە؟!

– ئەوجە هاتی داخوازی «موژدە» لە من بکەی؟!

زوو وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، بەڵێ «نەنێ»... خوشکا منیش هەر وای بێژت... «پاشان بەسەرسوڕماوی گوتی»: – ما ژن هێنان شەرمە...!؟

– «نەنە پەرێ» بە ئەوپەڕی بڕوا بەخۆ بوون و دڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە: ناوەڵڵا کوڕی من، ئیشەکی هەند باشە، هەند پیاوانەیە هەتا خوا دەڵێ بەس!

دوا بەدوای ئەم قسانەوە، بەرەبەرە ڕەنگی گەڕایەوە بارە ئاساییەکەی خۆی. توێژە ئارەقەیەکی تەنك سەر ڕوخسارە شەمسی بووەکەی پۆشیبوو، وەك دڵۆپی ئاونگ بەدیار دەکەوتن. بە چمکی ئەنگوچکی کراسەکەی، ئارەقەی سەر دەموچاوی سڕیەوە... بەدەم ئەم کارەیەوە، بەناخی خۆیدا قووڵ بووەوە:

«ئۆخەی، خوایە ماڵت ئاوەدان بێ، تازە ئەمن بوومەوە بە کیژە عازەبەکی وەها، ڕۆژێ نووردییە نانەك بخۆم...! هەتا هەنووکە ئەمن مردبووم، خەو و خۆراکم لێ حەرام ببوو... ئەوە ئەورۆ وا لە هیکرا زندی بوومەوە... ئەمنیان خراپ تێگەیاند بوو، گەلەك خراپ دەستخەلەتیان دابووم...! چم لە بۆ باس دەکرا و چم پێ دەگۆترا...! هەنکەش چم گێ لێ دەبێ و چم پێ دەڵێن و چم داوا لێ دەکەن... هائهوووو، «فاتە» دەو دڕای! کەر لە کێ کەتیە و کوندە لە کێ دڕایە!».

«مامۆستا ئەیاز» بە سەرسوڕماوی لە هەڵسوکەوتی «نەنە پەرێ» و لە قسەکانی ورد دەبووەوە. لە جێگەی خۆیەوە دۆش دامابوو. چاوەڕوانی وەڵامی لێ دەکرد. چونکە گفت و بەڵێن و ڕەزامەندی ئەو، تاکە مەرجی دایکم و «دایە نەخشین» بوو. دایکم کە «نەنە پەرێ»ی بەم شێوەیە دی، لە خۆشییان بافرەی هاتێ، ڕەنگ و ڕوخساری وەك مانگی چواردە گەشایەوە. بەهەنگاوی ورد ورد چوو لە نزیکییەوە ڕاوەستا:

– «نەنیّ»... بۆ قسەیەکی لیّ ناکەی؟ «مامۆستا ئەیان» زۆر لە مێژە بەئومێدی ئەو خزمایەتیەیە. «ئاوڕی لە دایە نەخشین دایەوە»: ئێستاش ئەوەتە دایکی وا لێرەیە، ئەو ڕازییە، ئەتووشمان لە جێی بابی ڕەحمەتی داناوە، ئەوە هەموو تەماشای دەوی توو دەکەن!

– «دایە نەخشین» بەدەم ئاخاوتنەوە لە جێی خۆی هەڵسایەوە: «نەنیّ» گەورەی هەموومانە، هەر ئیشەك ئەگەر پرس و ڕا و ڕەزامەندی ئەوی لەگەڵ نەبیّ ئەمەش نایکەین.

«نەنە پەریّ» دیسان بەگوڕ لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە و کەوتەوە پرسیارکردن:

– کچی ئەنگۆ بەڕاستیتانە؟ هەنکە «ئەیان» و خوشکی هاتینە داخوازی «موژدە» یان...

دایکم نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا، بەدەنگێکی گرژ و تووڕەوە لێی بەوەڵام هات:

– ئەدی کێی دیکەمان هەیە تۆغیانی مێردکردنی بیّ...؟!

– ئەوە، ئەوە، ئەو کوڕەیە هەموو جاریّ لە دەرکەی دەدا؟

– ئا ئا ئەوەیە.

– ئەوە مامۆستاکەی «دلێر و ئاڵا»یە؟

– ئا ئا، هەر ئەوەیە، ئەوەی هەموو جاریّ کە پەیدا ببوایە چاو ساغەکانت بە هەڵەداوان دەهاتنە لات... «بیّ ئەوەی چاوەڕوانی قسەی تری لیّ بکا، گەڕایەوە سەر قسەکانی پێشووی: «نەنیّ» هەموو واچاوەڕوانی تۆ دەکەن. «پاشان بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی»: گوناحە ئەوەندە لە مەرەقیان مێلەوە، ئەتووش قسەیەکی لیّ بکە.

«موژدە» کە گوێی لەم قسانە بوو، توند دەستی بەدەمی خۆیەوە گرت، چەند خۆی لەوان لاتەریك کردبوو، زیاتر خۆی دوور خستەوە. بەڵام «نەنە پەریّ» کە ئەم قسانەی «دایە نەخشین» و دایکمی گویّ لیّ بوو، وەك بڵێی تووشی سەدەمێکی بەتین و تاو بووبیّ... ڕنگەیەك لە کەللەی سەریەوە هات و تووشی سەر سوورکێی کرد. هەمان ئەو شۆك و سەدەمە برووسکئامێزەی، کە لە ڕۆژی گەیشتنی تەرمی باوکمەوە تووشی بوو، کە لە ناو مێشك و گلێنەی چاوەکانییەوە چەخماخەی دا،... هەمان ئەو برووسکە، دیسان بوو بە گورزە تیشکێك و هەموو گیانی پڕ لە لەرز و داچڵەکین کرد... ڕەنگی لە جاران زیاتر هەڵبزڕکایەوە دوای چرکە ساتیّ دەست و پیّ و پلیشی لەرزیان کەوتیّ. گۆچانەکەی لە

دەستی کەوتە خوارەوە، خۆشی خەریك بوو بەسەر زەوییەکەدا بکەوێ. هەموو لە دەورەی کۆبوونەوە، بە هەڵەداوان تێی ورووکان، لە پیلی ڕا گرتیان، خێرا خێرا ئاوی ساردیان بەسەر دەموچاویدا پژاند... دوای ماوەیەك لە پشوو تەنگی و چنگ قژ کردنەوە.. پەیتا پەیتا لەگەڵ شنەی کزە باکەدا بووژایەوە، خوێنی کەوتەوە جموجۆڵ. ترپەی دڵ و هەناسەسواری و ڕەنگی پەڕیوی گەڕایەوە بارە ئاساییەکەی جارانییەوە. هەموویان لەسەر سەری وەستابوون، ئێمەش وازمان لە هەموو گەمە و یاریکردنێکی خۆمانەوە هێنا، لە تەك دایکم و «دایە نەخشین» و ئەوانی ترەوە ڕیزمان بەست، بە پەشۆکاوی کەوتینە چاوەڕوانی و سەیرکردن. هەموومان زۆر بە تاسەوە سەیری جوولە و دووبارە بووژانەوە و بەخۆهاتنەوەکەیمان دەکرد...! ئەوکاتە من بەسەر گەلێ شتدا نەدەفامیم، پەیم بە شتە بزر و دەروونییەکانەوە نەدەبرد. بەم دوا دواییە کە زانکۆم تەواو کرد و ژنم هێنا، ئەوساکە... کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەوە، واتای هەندێ شتم بۆ دەردەکەوێ...! لەوانەیە تەنها دایکم و «دایە نەخشین» هەڵوێستەکانی ئەوساکەیان بە تەواوی خوێندبێتەوە و تێی گەشتبن... ئەوان لەم ڕووەوە پلان و ئەرکەکانی خۆیان زۆر بە چاکی پیادە دەکرد...! دایکیشم لەگەڵ بێداربوونەوەی ئەودا ڕەنگ و ڕووی گەشایەوە، هەناسەیەکی قووڵی پڕ لە خۆشی و شادومانی بۆ هەڵکێشا...!

«نەنە پەرێ»ش تا دەهات توند و تۆڵتر دەبووەوە، هێڵنج و سەرەسووڕکێ و هزر و بیری جەنجاڵی، پەیتا پەیتا دەگەڕایەوە بارە ئاساییەکەی جارانیەوە. دوای ماوەیەك لە چاوگێڕان و وردبوونەوە، پەنجەکانی دەستی ڕاستەی جووت کرد و بەدەم پەنجە رانانەوە شادەو ئیمانێکی دوور و قووڵی هێنا. دواتر سەری خۆی هەڵبڕی، بە چاوە لێر و وێرەکانییەوە لای لە هەر چوار دەوری خۆی کردەوە، بەدەنگی بەرز و بڕست لێبڕایەوە کەوتە بانگکردنی دایکم:

– شێرە ژن...! شێرە ژن...!

چەند جاری تریش بانگی کرد، هێچ وەڵامێکی نەدرایەوە.

دیسان دەنگی خۆی هەڵبڕی: شێرە ژن، ئەوە لە کێی چت لێ هات، لەبەر چ دەنگت نییە...! ئەمن ئەوە یەکەم جارە بانگت بکەم و ئەتووش خۆت لە گوورە نەبەی، خۆت کڕ کردبی... سوڕ دەزانم گێت لە دەنگمە.

«دایە نەخشین» لای لە دایکم کردەوە: ئەوەندە ئەزیەتەی مەدێ، با چیدی بانگت نەکا.

«دایكم» بە ساردییەوە، چەند هەنگاوێكی شل و خاوی بۆ لای نایەوە، بە قورگێكی پڕ لە گریانەوە كەوتە ئاخاوتن:

خەریك بوو ئەو ناوەم لە بیر بچێتەوە! چەند مانگێكە بێ ناو و نیشانم، هەر ناو و ناتۆرە و...

«نەنە پەرێ» قسەكەی پێ بڕی: كچێ شێرە ژن دەستت بینە، هەی مەرگم بەپێشت كەوێ. هەرچیم پێ بڵێی، هەر چیم لێ بكەی، هەرچیم پێ بكەی ناهەقت ناگرم، گەلەكم دەرد داییێ...

(بانگی «دایە نەخشین»یشی كرد و بەدەستەكەی تری ئەویشی بۆ لای خۆی ڕاكێشا): وەرن، دەغەزم لێ هەڵمەگرن... هەی ڕەببی غەنیمتان كوێرە و زەلیل بی. ئەو كەسەی چاوهەڵاتی پێتانەوە نایێ، چاوی لە پشتی سەری دەرپەڕی...! «دوای كەمێ وەستان و بیركردنەوە لای لە هەردووكیان كردەوە»: هەڕوون چەقووەكی كول بینن گۆشاوگۆشی سەرم ببڕن، خوێنی منتان لێ حەڵاڵ بێ... ئەمن گەلەك دەستخەلەت درابووم، گەلەك سەرچیخ چووبووم. وەرن هەلا هەلام كەن، پشك پشكم كەن، لە ناو جۆنی بمكوتن... هێشتان دەڵێم ئەنگۆ لەسەر هەقن و ئەمن ناهەق...! هەی ڕەببی ئەو كەسەی تووشی ئەو زمانكورتییەی كردم خۆڵی لێ بباری. هەتا مایە ئۆخەی نەكا...!

– «دایە نەخشین» خێرا بەرپەرچی دایەوە: نا خوا نەكا نەنێ ئەو قسانە مەكە، خوا هیچت بەسەر نەهێنێ.

«نەنە پەرێ» بە دەمێكی بە زەردەخەنەوە قسەكەی لێوەرگرتەوە: ئیشاڵڵا خوا وە دەكا و زیاتریش...! وەی ئەگەر دەزانن ئەمن بە فیتی كێ وەم لێ هاتبوو... هەتا ماینە خۆم تێناگەینن. دەستی خۆی لە دەستی «دایە نەخشین» بەردا، بەهەر دوو دەستەكانیەوە توند توند خۆی بە لا تەڵۆكی دایكمەوە شۆڕ كردەوە: ئەگەر گەردەنم ئازاد نەكەن، هەتا تەپڵی قیامەت ناهەسێمەوە. كە مردیشم جێم ناوەندی جەهەندەم دەبێ...! ئەمنیان گەلەك دەستخەڵەت دابوو، گەلەك لە خشتەیان بردبووم... ئەمان ئەوە خوا مرازی دام، ئەوڕۆ ڕۆژەكی گەلەك پیرۆزە... نەمردم خوا سڕەكەی هەڵمالی هەموو شتی ئاشكرا كرد...!

گۆڕانی ڕەوش و ڕەفتاری «نەنە پەرێ»، هەموو هەڵوێستە دژوار و لە گرێژەن چووەكانی هێنایەوە سەر باری ئاسایی خۆیەوە، هەموو داوە ئاڵۆزەكان یەكالا كرایەوە، ڕەش و سپی، ڕاست و نا ڕاست، چاك و خراپ، شیاو و نا شیاو... هەر یەكەیان چووەوە

ناو گرووپ و چوارگۆشە ڕیزبەندییەکەی خۆیەوە...! ئا لەو کاتەدا... لەو چرکە ساتە خۆشانەدا... دایکم و «دایە نەخشین» دڵیان شاد بووەوە و چاویان بە یاد و یادەوەرییەکانی بڵێسە و گڕە نەورۆزە ڕوون بووەوە. هەموو دەوروبەر، ئەرز و ئاسمان، دەنگەکان، ڕەنگەکان، جموجۆڵ و ڕەفتارەکان... لە بەرچاویانا بوون بە گوڵە ئەرخەوانی جوان و قەشەنگ... ئەو سەرنجە گرژ و دزێوانەی پێشوویان لێ ڕەوییەوە...! لەگەڵ تین و تەوژمی تیشکی خۆرەوە بوون بە هەڵم، لەگەڵ هەورە چڵکنەکانەوە تێکەڵ بوون، لەگەڵ هەناسە ژەهراوییەکانا سەرنگووم بوون...! هزر و بیر و گوزارشت کردنەوەی ناخیان، لە پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگەوە بەرجەستە دەبوون، لە پەڕەی گوڵەوە سەرچاوەیان دەگرت... لە فەنتازیای ڕەنگ و بۆن و بەرامەی ئەم وەرزەوە، ئەم جەژنەوە،... بەسەر سەریاندا لە هەڵبەزین و دابەزینا بوون، وەك کۆتری ئاشتی لە نێو ئاسۆی ڕوون و فراوانی دڵ و دیدەو دەروون و خەیاڵیاندا... باڵەفرەی دەکرد... هەموویان بەزەوق و چێژێکی ترەوە لەگەڵ یەك داخاوتن، دەنگی خۆیان هەڵدەبڕی، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری لە ئێمە منالآنەتریان دەکرد... قسەی خۆش و نوکتەئامێز، تریق و هۆڕی پێکەنین، ئاماژە و خۆ جوولاندن... و گەلێکی تریش...! هەموویان ڕەفتار و هەڵسوکەوتی جوان جوانیان لێ دەبینرا، بەجۆرەها شێوە و شێوازەوە گوزارشتیان لەم هەلۆیستە خۆشانەی خۆیان دەکردەوە...؛ بەلآم دەنگی ترومبێلەکە سەرنجی هەموویانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا...! ترومبێلێکی پاك و خاوێن، پان و پۆڕ، لەگەڵ شنەبای ئەو نیوەڕۆیەدا کۆمەڵێك تۆز و خۆڵەپۆتی بەسەردا باراندن. هەر لەگەڵ ڕاوەستانیا «فاتە دەلآڵ»ی لێ دابەزی. دایکم سەرنجی بۆ لایان ڕانا یەکسەر «یاسین»ی کەوتە بەرچاو، لەگەڵ موختارا بەدەوری گۆڕەکانی نزیکیانا دەهاتن و دەچوون. وەك هاتبن بۆ سەیرانگایەك ئاوا هەڵسوکەوتیان دەکرد، دایکم قووڵتر سەرنجی بۆ لایان ڕانایەوە، تا بەتەواوی گومانی لا نەما... بەدەم ڕوانینەوە، هزر و خەیاڵی گەڕایەوە بۆ ماوەیەك دوای شەهیدبوونی باوکم... کە «لەیلا» و «نەجلا» و «کەبیرە» هاتنە لای. پێیان ڕاگەیاند کەوا لە لایەن «یاسین» و «جاسم»ەوە نێردراون. قسە و ڕاوێژی ئەوانیان پێ ڕاگەیاند: «ئیتر چاوەڕوانی و نیگەرانی بەسەرچوو، تازیەباری و ڕەشپۆشی با بەس بێ ، هێشتان لە بەهاری تەمەنت دایت، جل و پۆشاکی خەمناکی بە لا نێ و وەك جاران بگەڕێوە سەر ئیش و کارەکەی خۆت...!» لەگەڵ خۆشیانا چەند دیارییەکیان بۆ هێنابوو. لە ناو کارگەش ژوور بەژوور گەڕابوون بێشەیان بۆ کردبوو...! ئەو ماوەی کە نەشهاتبووە سەر کارەکەی خۆیەوە، هەموویان بۆ

بەخزمەت نووسیبوو، مووچەی مانگەکانی ڕابردووشیان بۆ هێنابوو...! بەڵام دایکم هیچیانی لێ وەرنەگرتبوون. چۆنیان هێنابوو ئاوا پیایانا ناردبووەوە. لە جیاتی سوپاسکردن و پێزانینی خۆیەوە... وێنەیەکی باوکم کە لە بەردەم ئەو ئاوێنە گەورەی جیازی بووکینی بوو دانابوو، بەدەستیەوە گرتبووی و پێی وتبوون کە هەموو ئەو شتانە ناکا کاتێکی کورتی بەقەد چاو ترووکاندنێکەوە کە لەگەڵ ئەو وێنەیەدا بەسەری دەبات...! هەروەها دڵنیاشی کردن لەوەی، کە چیتر بۆ کارگە ناگەڕێتەوە و بڕیاری داوە ببێت بە دایك و باوکی ئەو منداڵەی کە لە ناو سکیدا خەریکە تروکەی لێ پەیدابێ و بکەوێتە جوولە...!

بەڵام کە چاوی بە «فاتە دەلاڵ» کەوت یەکسەر لە «نەنە پەریێ» دوور کەوتەوە، لەگەڵ «دایە نەخشین»دا، کەوتنە وێزەی ئەو بار و بارکۆڵە و زەمبیلەی کە توێشە بەرەی نێوەڕۆی تیابوو. پاشان دایکم وێنەیەکی گەورەی لە چوارچێوە گیراوی لە ناو بار و بارکۆڵەکەوە دەرهێنا... کیفکە سوورەکەی لەسەر هەڵماڵی و چوو بە کێلی لای سەرینگانی گۆڕەکەوەی هەڵپەسارد.

ئەم وێنەیە سەرنجی «ئیقلیم»ی زوو بەکێش کرد. بەدەم سەیرکردن و لێ وردبوونەوەوە لێی نزیك کەوتەوە:

– خوشك ئەڤەتەی؟ خودێ بووکەکا کۆك بووی...!

– لە ڕۆژی گواستنەوەم، ئەم وێنەیەمان وەرگیراوە. «دەستی بۆ وێنەکەی تەنیشتی ڕانا، کە قۆڵیان لە قۆڵی یەکترەوە هەڵکێشابوو»: ئەوەش جوانەمەرگە، باوکی منداڵان...!

بەدەم ئەم قسانەوە لای لە کیسەیەك کردەوە، چەند پەڕە کاغەزێکی فلسکابی لە ناویا دەرێنا... لەم کاتەدا «مامۆستا ئەیان»یش چوو لە وێنەکە ڕاما. ئەویش لە بەرامبەر وێنەکەوە دانیشت و پێنووسەکەی بەدەستەوە گرت، بەدەم بیرکردنەوە و بەخۆ داچوونەوەدا کەوتە ئاخاوتن:

– نەمردبام ئەو خۆزگەیەم بهاتبایەتە دی.

«مامۆستا ئەیان» لێی نزیکتر کەوتەوە: خۆزگەکەت چییە خۆشك...؟ بەلکی ئەمەش بتوانین هاریکاریت بکەین.

– دەمەوێ سەربەهووردەی خۆم و جوانەمەرگ بنووسمەوە. «پاشان گوتی» پەردەش لەسەر ڕووی هەموو گەندە پیاوێك... تۆش برامی... «لەگەڵ ئەم قسانەدا هەڵسایەوە سەر

پـێیـان»: هـەهـا کـەسـانـی وەك ئـەوانـە «دەسـتـێکـی بـۆ لای تـرومـبـێلـەکـەوە ڕانـا» لابـبـەم و بیانکەم بە گای قەش، هەتا کەس بە قسە هەنگوینی و ڕواڵەتە بەبریق و باقەکانیانەوە هەڵنەخەڵەتێ...! «دوای هەناسە هەڵکێشانێکی قووڵ گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆیەوە»: چونکە ئەوانە تەڵەی کۆمەڵن، زبڵخانەیەکی وان... بوونەتە سەرچاوەی هەموو جۆرە نەخۆشی و نەهامەتییەك...! بوون بە ماڵێکی قەڵپ و دۆڕاو، هەموو هەوڵ و کۆششێکیان بۆ ئەوەیە کە هەموو کەس وەك خۆیان ڕووزەرد و دۆڕاو بکەن...! دوژمنیان ئەو کەسانەیە کە وەك ئەوان نین.

«مامۆستا ئەیان» هەر لە وێنەکە و لە پەڕە کاغەز و دەست و پێنووسی دایکمەوە ڕادەما... پاشان بە زەردەخەنەیەکی تەنکەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:

– خودێ ئەو دەست ڕەنگینییە هەر لە توو دەوەشێتەوە. چ ئەرك و فەرمانێکیش بەر ئێمەومانان بکەوێ بەچاوان جێبەجێی دەکەین. «پاشان پرسی»: نووسینەکەت چییە؟

– حەز دەکەم ببێت بە ڕۆمانێك. «دوای نەختێ کڕبوون و بیرکردنەوە درێژەی بە قسەکانی خۆی دا»: من هەموو یاد و یادەوەری و گفتوگۆکان تۆمار دەکەم، هەمووی بۆ «دلێر»ی کوڕم جێ دێڵم، کە گەورە بوو، ئاواتەخوازم توانای ئەنجامدانی ئەو کارەی هەبێ.

«مامۆستا ئەیان» زوو قسەکەی لێ وەرگرتەوە و گوتی:

– جا بۆ خۆت بەم کارەوە هەڵناسی؟ لەوانەیە تۆ ببیت بە یەکەم ئافرەت لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا کە بەکارێکی وا پیرۆز هەڵسێ!

– لەوانەیە من خۆم گەلێ سەر لە کارەکە دەرنەکەم... بەڵام گەر لە دواڕۆژدا کاروانمان گەیشت بە مەنزڵ و ئازادی و سەربەخۆییمان وەدەست هێنا، ئەوانەی تۆمارم کردوون، هەموویان دەکەم بە یاداشت و بەچاپیان دەگەینم... ڕووداوەکان چۆن بوون، چۆن ڕوویان داوە، ئاوام نووسیون و وەك خۆشیان بڵاو دەکەمەوە...، گەلێ چەرمەسەریم کێشاوە و بە کۆکردنەوەیانا، زۆر ماندوو بووم...

– ئەوەش کارێکی پیرۆزە! بێ گومان مێژوویەکی دۆکیۆمێنتی لێ دروست دەبێ، لە کتێبخانەی کوردیدا دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ... چ ناوێکت بۆی داناوە؟

– جارێ نازانم. هەر وەك بیستوومە پەسند نییە پێش نووسینی هەر کتێبێ ناوی بۆ دابنرێ «بەدەمێکی بە زەردەخەنەوە درێژەی بە قسەکانی خۆی دا»: تازە لە قسەکانی

پێشووت ناوێکم بۆ هاتووه جا نازانم چۆن دەبێ؟

– چییه؟

– «بشمکوژن نامرم»

– هەی دەستخۆش، ناوێکی گەلێك کۆکه، منیش کاتی خۆی ئەوەم لە جوانەمەرگ گوێ لێ دەبوو، زۆرجار ئەو دروشمەی بۆمان دووبارە دەکردەوە...! هیڤیدارم ڕۆژێ بێ کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێ. هیڤیدارم «دلێر»ی بچووکیش چۆن بەناوی باوکی کراوەتەوە و ناوی جوانەمەرگی زیندوو کردووەتەوە...! ئاواش بیکات بە قارەمانێکی نەمر، هەتا دنیا ماوە سەروەری و شکۆمەندی بپارێزێ.

«هەر لەگەڵ ئەم قسانەیدا ئاوڕێکی لە «نەنە پەرێ» دایەوە، دی بەرەبەرە خەریکە بکەوێتەوە جموجۆڵ»... هیڤیدارم ئەم هەموو بتانین ئێش و ئازار و مشەختی دایکا شەهیدیش کێم بکەینەوە، تا بزانی ئەمیش وەك جوانەمەرگین بۆ ئەو و هەموو کەسوکار و مرۆڤی ئەوین.

«دوای هەڵوەستەکردنێك، پرسیارێکی ئاراستەی دایکم کرد»: من نزانم بۆ وا بێنی تەنگ بوو؟ بۆ وا ڕەوشی تێکچوو؟ دایکیشم وەك ئەو کەوتبووە سەیرکردنی، بەڵام نەیتوانی هیچ پاساوێکی بۆ بداتەوە.

«نەنە پەرێ»یش، تا ئەوساکەش، هەر بەدانیشتنەوە چۆکی خۆی دادابووەوە و گۆچانەکەی بەدەستەوە گرتبوو، ئێمەش هەموو لە دەوروبەری دەهاتین و دەچووین. کاتێ لە هیکرا هاوارێکی حەسرەتئامێزی لە دەم دەرچوو:

– وای بابە سەرم چەند دێشی...! هەی لە خۆم غەریب و بێ ئەقڵێ، لە خۆم بێ خەبەر و کەمزانێ، ئەدی ئەوە هەتا هەنکە ئەمن لە کێندەرێ بووم؟! دیارە دیار... لە ناو کەندووی کەڕ نووستبووم...! ئەگەر نا جارەکێ هەستم بە چرپە چرپەك دەکرد. نەوعای وەك ئەو دەو دڕایانەی کە خۆیان کردبووە گلێنەی چاوەکانم،... ئەو هەموو درۆ و دەلەسانەیان لە بۆ بەداوێ وەنەدەکردم...! ماڵ ئاوەدانینە، ئەنگۆش خۆتان لە بن بەردی کەڕ نابوو، وەنەبوو بێن جارەك شتەکم پێ بڵێن و تێم بگەینن... کچێ پیرێژنە سەر بەهوورگە ئەوە چتە، چت بەسەرهاتییە، چ فکران دەکەیەوە، چ ناماقووڵییان دەکەی، کەینێ وەها بێ ڕێز و بێ حورمەت بووی...؟ لەکنە خۆ ئەتوو خۆت بە قەرەواش و کارەکەری بەهەشتێ دانایە، نوێژ و شەونوێژ و ڕەمەزان و شەشەڵان و نۆمینە و سێ

مانگەی توو لە هەموو گەڕەکەك پەنگاوی دایتەوە...! ئەدی لەبەر چ وەها شەیتان تووشی ئەو خەتەرەی کردی...؟! وەها تیختیخەی دای... هەی لە منتان نەکەوی. بەراگێڕتان بم، گازاندەی من هەر ئەوەندەیە، هەر یەکجار لە بن گوێتان بترینگاندبامەوە، حاڵیتان کردبام، پێتان بگۆتبام، کۆرەی نەعلەتی تخوب نەبەزێنی ها...! لە جێی خۆت هۆبدەوە، دەبینین پەرتاوان دەکەی، دەتەوێ دۆ و دۆشاو تێکەڵ کەی...؟! ئەمن هەینێ لە خۆم دەگەیشتم و لەو دەو دڕیانەش دەگەیشتم، ئەوانەی کە هەر هەش و خم لە بۆ خەڵك دەگرنەوە...!

سەرنج و نیگا قوتۆش وشتەکانی «فاتە دەلاڵ» لەگەڵ دەنگە بەرزەکەی «نەنە پەرێ»دا تێکەڵ بەیەك بوون. دوای چەند هەنگاوێکی بەپەلە، لە دەرەوەی پەرژینەکەوە هەڵگیرسایەوە. لەم کاتەدا هەر سەرنج و هەر نیگایە گوزارشتی لە ناخی خاوەنەکەی خۆی دەکردەوە. تیشکی سەرنج و ڕامانەکانی دایکم و «دایە نەخشین» و «موژدە»... بە ڕق و بێزارییەکی زۆرەوە، ئاراستەی «فاتە دەلاڵ» کرا. کە چاویان پێ کەوت هەموو واقیان وڕما، هەموو سەرسام بوون. دایکم لەبەرە خۆی کەوتە سەرکۆنەکردن و بێز لێکردنەوەی: «دەڵێی قومقومۆکی شینی لە قوڕ و چڵکاو وەردراویت...! هەڵبەت دەبێ بەکارێکی زۆر گرنگەوە هاتبن...! دەبێ چیت لە بن گوێی «نەنە پەرێ» خوێندبێ، چ پیلانێکتان دانابێ...!؟ دیسان چ ئامێرێکی جەهەننەمیتان ئامادە کردووە... تۆ و ئێرە...؟! بزانە بزانە کوو دەموچاوی خۆی گرژ کردووە... چەند غەمبارە، چەند بەئازارە، چەند پەشۆکاوە بەستەزمانەی...! هەها، سەیری کەن، بە چ شەرمە درۆزنەیەکەوە ڕاوەستاوە! من ئاگاداری هەموو پیلانەکانتم، دەزانم کێ دەتجوولێنێ و چۆن ئاراستە دەکرێی، کێ، قورمیشت دەکا...!؟ دەزانم بۆ ئەوەندە ئاموشۆی «نەنێ» دەکەی، چ ترس و تۆقینەکی پێ پیشان دەدەی، چ فەسادییەك دەکەی... هەتا سەری لێ بشێوێنی، مێشکی بشۆریتەوە، لە من و لە منداڵەکان و لە خۆشیا هەڵگەڕێتەوە، یاخی ببێ...!؟ هەرچەندە تەمەنی هاوسەریەتیم زۆر کورت بوو، بەڵام جوانەمەرگ فێری گەلێ شتی کردم، وای لێ کردم دیوە نادیارەکەی هەموو شتێ ببینم، فێری کردم لە دڵی تاریکیدا ڕووناکی بدۆزمەوە، لە خوێندنەوەدا تەماشای بن وشەکان بکەم، سێبەری ژێر ڕستەکان شێ بکەمەوە، لە گوێ گرتندا لە ئاواز و نۆتەی دەنگەکانەوە بە دوای ڕاستیدا بگەڕێم... بەڵێ، بەڵێ... بیروڕا و ڕاوێژەکانی ئەو بۆ من بوو بە هێمایەکی زۆر تۆکمە و بەهێز، بوون بەچرایەکی گەش و هەمیشە داگیرساو، ڕێگای شەوە زەنگیان لێ کردم بە نیوەڕۆ...»

جووله و ڕەفتار و قسەکانی «نەنە پەریّ» لە خۆ دواندنەکەی پچڕاند: «ئیسلامەتی نەماوە، دین نەماوە، هەی بابانتان کوێر بیتەوە...! خوای دەکرد مەرگە مووشەکتان دەکەتە ناویّ، یەکتان لێی قوتار نەدەبوون... نازانم لەبەر چ ئەوەندە حەز بە کاولکردنی ماڵی خەڵك دەکەن؟ بەس بزانم چ قازانجەکی لیّ دەکەن...!» دارەکەی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، هەڵیشەقاند، پاشان هەڵیدا، زۆر توندتر لەوەی کە بەیانی بۆ «گوربە» بۆری هەڵدابوو... دواتر هەردوو دەستی بەرز کردەوە، کەوتە دوعاکردن، دواتر کزۆڵەی هەنسك و گریانی...، دواتر خۆدواندن و بڵمە بڵمی، دواتر زەردەخەنەیەکی تەنك و نەشمیلانە... دواتر دەنگی بەرز و ناورانەوە، دواتر ئاهو نزولە و خرۆشان و جۆشانی ئەم هەڵوێستە نوێیەی کرد بە باڵدارێك بەرز هەڵیدا... لەگەڵ چیرۆکی هەوروبا تێکەڵی کردن، لەگەڵ تیشکە کپەکەی خۆرا ئاوێتەی کردن...:

– پیرۆزەکەم، شێرە ژنەکەم دەمەویّ هەر وا بە مەردی و بەسەر بڵندیت ببینم. من کوڕم نەما تۆ بووی بەکوڕم، ئەتووش دایکت نەماوە، بمکە بە دایکی خۆت... شێرە ژنەکەم دەستخەڵەت درابووم دەستخەڵەت... ئەو بیّ مروەتانە مێشکیان پڕ کردبووم لە قسەی قەڵپ و پڕوپووچ. «دوای هەسانەوەیەك کەوتە بڵمە بڵم و دەمەلاسکە کردنەوە»:

– نەنە پەلی شەلت بی ببمە چیوت، چم دیت بیگێلمەوە، بە سەلی پێغەمبەل هەر شەلاتییەك بێلەدا لەت بی لاقی دەشکێنم...!»

لەم ساتە ئەفسانەیی و دەروون ورووژاوەیدا... دایکم ویستی فریای کەویّ، کۆنترۆڵی ڕەفتار و هەڵوێستەکان بکا...

– ئاخر وایە وا... ئەمە بەسالاّ چووە چی بێتە سەرزاری دەیڵیّ... ئەوەش فاتە دەلاڵە... کە وتت فاتە دەلاڵ دەبرێتەوە...! بەگژ دار و بەردیشدا دەچێتەوە، دەم و جەمی بۆنییە، عەیبە و شوورەیی لە لا نییە...!! بەڵام ئەو هێشتان هەر لە پشت پەرژینەکەوە، لە شوێن خۆیا سڕ هەڵگەڕابوو. سەری لە گۆڕانی ئەو هەموو قسە و ڕەفتارە خێرایانە دەرنەدەچوو. چاوەکانی ئەبڵەق ڕاگرتبوون:

– هەی پیرێژنی خەڵەفاو، لە باتی چاکەم دەمەلاسکەم دەکەیەوە...! هەتا ئەورۆ دوژمنت بووکەکەت بوو، هەموو جاریّ بەخۆت بەمنت دەگوت باربووت بکەم، پشتت بگرم... هەنکەش بوویتە کوڕت و ئەتووش دەبی بەدایکی...!؟

« هەر بەم ئاوایە، لە ساتێکی بیّ ئاگاییدا، بەدەم ئەم قسانەوە پشتی لە پەرژین و گۆڕ

و «نەنە پەریٚ» و حەشاماتەکەوە کرد و بەهەنگاوی دوودڵییەوە، پەشێو و پەشۆکاو، بەدەم قسەکردن و خۆدواندنەوە پێیەکانی هەڵێنایەوە، بەڵام لەگەڵ سێبەری خۆشیا دڕدۆنگ و دژوار بوو...

– شێتوشوور خوای دەکرد قڕانەکتان دەکەوتە ناویٚ یەکتان بەپێوە نەدەمان، پیرێژنی هەموو دنیا هەر وان... هەموو شەقاو و دوو زەینن، خەڵك ئەوها زمان کورت و ڕوو زەرد دەردێنن...؟! هەنکە توخوا ئەمن چ بەو زەلامانە بڵێم...؟! کوو دەبی ئەوها سەقۆ سەقۆ بیانگێڕمەوە...

هەر لەو ساتە بیٚ ئاگاییانەوە، دەستی بەڕووی خۆیەوە ناو، خۆی لە ترومبێلەکە کوتایەوە...: «پیرەسە، نە ئەو پیرێژنە دەم بە جوێن و گلەییوگازاندەی چەند ڕۆژە...! بە یەکجاری شێواوە... دوایێ وەکی گەڕانەوە ماڵێ بەخۆم دەچم پێدەکەوم، بزانم چی بەسەرهاتووە...!؟ دیارە قەبرستان بانگی دەکا، ئینشاڵڵا بای پێش مردنیتی»...

– دایکم لەگەڵ دەنگی گڕدانی ترومبێلەکەوە، لە نزیك «نەنە پەریٚ»دا هەڵگیرسایەوە و چەند قسەیەکی گەپئامێزی لەگەڵ تۆز و با تووڕەکەی ترومبێلەکەوە تێکەڵ بەیەك کرد:

– تازە نووری چاوت لە تەنیشتت ڕاوەستابوو... دەم بە دوعا، دەست بەدەستنوێژ، چاو بە گریان...!!

– هەی بەناخێری گیانی بیٚ، دەزانم لە بۆ چ هاتبوو... دەیویست وەکی سیسارکە کەچەڵ لەسەر کەلەشم بنیشی.

بەدەم ئەم قسانەوە، گورج لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، تەشکودامانی خۆی داوەشاند، بەدەست هەڵشەقاندن و بەدەنگی بەرزەوە، کەوتە تانە و تەشەرە لێدان: «کەڕیشم ئالیکیان بخوا کلك و گوێی دەبڕم. «شێرەژن» لە بۆ من چیای سەفینە، قوللەی قافە، قەڵای دمدمە... ئۆە ڕەببی «شێرەژن» بەخۆ بەهەردوو جمکەکەتەوە لە دوو مەیتم بڕۆن، یاخوا مەرگم بە پێشتان کەویٚ...!».

لە پای گۆڕانی ڕەفتارەکانی «نەنە پەریٚ» و قسە خۆشەکانیەوە، خۆشی و شادی بەسەر ڕوخساری هەموویاندا گەڕایەوە، ئێمەش هەر بەم هەوای خۆشییەوە کەوتینەوە ڕاوە ڕاو و یاریکردن، لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر ڕەدووی یەکتر دەکەوتین. دایکیشم لایەکی لەملا و لەلای خۆی کردەوە، سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و وردە وردە لە «نەنە پەریٚ» دوورکەوتەوە، بەڵام ئەو دیسان بەدەنگی بەرز کەوتەوە قسەکردن:

– کچیّ «شێرەژن» ئەمن کردم ئەتوو نەکەی. «دوای چەند چاوترووکاندن و دەست کوتانیّ»: ئیّ دە وەرە لام ئەوە لە کێی؟ حاە چ خێرەکی خوای بوو؟ ئەوە لەبەر چ وەها لێم دوور دەکەویەوە؟ کیژیّ گوناحت دەگاتیّ غەرەزم لیّ هەڵنەگری ها...!

لەگەڵ ئەم قسانەدا دایکم بەچەند هەنگاوێکی نەرم بۆ لای گەڕایەوە. دەستی لە ملی کرد، هەردوو دەستەکانی گرت لەسەر سەری خۆی دانا... پاشان پەنجە لەرزۆك و ناولەپە چرچ و چەوێڵەکانی کردەوە، وەك سەرین سەری خۆی پێکرد، قوڵپی گریانێکی قووڵتر لە دەریا، بیّ دەنگتر لە هەناسە و گۆڕی شەهیدان، گەرمتر لە ئاگر... سینەو بەرۆك و هەناوی وەجوولە خست... لەگەڵ فرمێسکەکانی «نەنە پەریّ»... بازرەقەیان بەستا، دەست و پەنجە و سینەوبەرۆك و کوڵمی یەکتریان تەڕ کرد...! ئەی خوایە چ گریانیّ بوو، چ لافاویّ بوو...؟! ئەو گریانە قووڵە، ئەو فرمێسکە بیّ دەنگانە، ئەو هەنسك و هەناسە کڕ و کپانە... ئەو ئەستێلە لێوا و لێوە، چۆن تا ئەوسا پەنگی خواردبووەوە...؟ لە چ دەریایەك سەرچاوەی گرتبوو؟ چ بەربەستیّ پێشی لیّ گرتبوون...؟! بۆ ئەو هەموو فرمێسك باراندنە...؟! تۆ بڵێی گەرەکی بوویّ ڕووباریّ هەڵبەستیّ و شەپۆلەکانی بگاتە جەستەی شەهیدان و بیانکا بە گەواهی دڵسۆزی و پابەندی بەڵێنەکانیان...، بڵێن واین، ئێمە هەردەم لەگەڵتانین، بەپێچەوانەی هەموو سەرزل و لێپرسراوە شەرواڵ پیسەکان... ئێمە لە خزمەتتان داین، ڕێبازتان بەرنادەین، ئەرك و قوربانیتان لە بیر ناکەین... ئێوە لە ناو گلێنەی چاومان دەژین...! هێشتان هەر لەسەر ئەو ڕێبازەین و ئێوە لە ناو دڵ و دیدەماندا دەژین...!؟ وەك بڵێی زنجیرە دڵۆپەکانی ئەو گریانە قووڵە، وەك تیشکی لێزەر لە ناخەوە بۆ ناخ گۆزەری دەکرد، وەك ڕیزە پەپوولەیەك، وەك لەشکری لافاو بەدوای پاڵەوانێکادا دەگەڕان، بەدوای نەمرێکدا وێڵ و سەرگەردان بوون و وەنەوزیان دەدا...! ئەو دایکەی کە هەموو جار وەك سەرکردەی سوپایەکی توند و تەیار، وشك و ڕەقەکار، ورە بەرز و پۆلاینم دەهاتەوە بەرچاو... ئێستا وا بە کۆڵ دەگری، لەگەڵ هەر قوڵپی گریانێکیا، هەموو گیانی دەکەوێتە لەرز و داچڵەکین... هەر ئێستا نا ئێستا نوقمی لافاوی فرمێسکەکانی خۆی دەبیّ، هەر ئێستا نا ئێستا دەبێت بەمۆمێك و لە ناو بوڕکانی ئاگردا دەتوێتەوە و دەبێت بە هەڵم...! فرمێسکەکانی دایکم بوون بەهێمای ئەو ڕۆژە تاریکانەی کە هەردووکیان تیایا ون ببوون، تیایا وێڵ و سەرگەردان ببوون... ئێستا وا خۆیان دۆزییەوە، دیسان وەك خۆر تیشکیان بڵاو بووەوە، دیسان بریسکانەوە...! وەك بڵێی لە ناو قووڵایی ناخی خۆیدا بەدوای پاڵەوانێکی ونبوودا دەگەڕا... بەدوای کلیلە ونبووەکەی ژیاندا دەگەڕا... بەدوای

نهێنییەکاندا کەوتبووە گەڕان و پشکنین... ئێستا وا چاوەکانی بۆ دەکا بەگوڵدانی خوێن، فرمێسکەکانی دەکا بەئاوی زیندەگانی... هەموو ئەوانە سەرلەنوێ ڕەگ دادەکوتنەوە و نەشونما دەکەنەوە، دەبنەوە بەنەمام، گەڵا دەردەکەنەوە، دەبنەوە بە سێبەر و سایەی خۆشی و ئارامی. بەم گریانە قووڵەیەوە، دیدەکانی دەکا بە هەنسکی چرایەك، تیشك و پشکۆی شتە ڕاستەقینەکانی لێ ببریسکێتەوە، تا گەنجینە شاراوەکان بدۆزرێتەوە... چونکە هەر ئەو، تەنها ئەو دەتوانێ پردی سەر ڕووبارەکان نۆژەن بکاتەوە، شیرازە پچڕ پچڕەکان ڕایەڵ بکاتەوە... لەوانەوە وە بۆ ناو خودی شەهید، لەوێشەوە بۆ دوندە سەر بەرزەکان، بۆ ئەستێرە چاوگەشەکان...!

ئەو هەڵوێستە خەمناکانە ئێمەی هەموو خستە ناو بۆشاییەکی پڕ لە خەو و خەیاڵ و فەنتازیا بەربڵاوەکەوە. دوای گریانێکی زۆر، دوای دەست لە ملانێیەکی زۆر، «نەنە پەرێ» هەڵسایەوە سەرکوڵم و ڕوخساری هەموو تەڕ هەڵگەڕاندبوو، بەرز هەڵیدایێ:

ئەمن ئەوە چەند مانگە پردی قیامەتم لێ وەرگەڕابوو، ئەوڕۆ لە نۆژەن بەڕێی خۆم کەتمەوە، ئەوڕۆ لە نۆژەن جوانەمەرگم لێ زیندوو بووەوە...! هەی ڕەببی مەرگم بەپێشت کەوی

«شێرە ژن»...! ئەو دیمەن و ڕەفتارە سەرنج ڕاکێشانە، ڕوخسار و نیگای هەموویانی گەش هەڵگەڕاندەوە، ئێمەشیان لەگەڵ خۆیان گەڕاندەوە جیهانەکەی خۆمان... وای لە هەمووان کرد... «دایە نەخشین» ، «موژدە»، «مامۆستا ئەیاز»، «ئیقلیم»، من و «ئاڵا» و «گاورباغی» و «تارا» و منداڵەکانی تر...، کە لە دەوری گۆڕی باوکما کۆببینەوە و بە بازنە ڕابوەستین. لەگەڵ گەڕانەوەی ئەو خۆشییەوە، جار جار شنەباکەی دوای نیوەڕۆ بۆن و بەرامەی گوڵە تەڕ و تازە گەشاوەکانی سەر گۆڕی شەهیدیان بە لووتا دەپژاندین. تەسکینییەکی خۆشیان بەدڵ و دەروونمانا دەبەخشی. وێنە گەورەکەی ڕۆژی بووك و زاوایەتی دایك و باوکم هەر بەکێلەکەدا هەڵپەسێنرابوو، جار جار تیشکێکی گەشی لێ دەردەچوو، وەك تیر چاوی یەکێکمانی دەکردە جێنەزەرگەی خۆی. پەڕە کاغەزە فوڵسکابەکانیش، کە هێشتان هەموویان نەنووسرابوون، لە ژێر وێنەکەدا، شنە با، جار جار دەهات و دەیجوولاندنەوە.

«هەر چیم کردبێ لەبەر ئەو دوو کارۆکەم بووە. ناهەقم مەگرە، ماخرا دەزانی ئەمن چ دەردەسەرییەکم دیتییە، کوو جەرگم هەلا هەلا بووە...!» «نەنە پەرێ» ئەم قسانەی بەدەنگێکی نەرم و لەسەرخۆوە دەچرپاندە بنگوێی دایکمەوە، ئەویش دوای وشك

کردنەوەی فرمێسکەکانی چاوی، دەستی گرت و هێنای لە لای سەرینگانی گۆڕەکەی ڕاگرت. زەردەخەنەیەکی پڕ لە دڵنیایی و لە خۆبایی بوونەوەی پەڕییە سەر ڕوخسارە وەنەوشەیی و تەبەشە پانەکەیەوە. دوای کەمێ لە چاوگێڕان و بیرکردنەوە، لای لەوانیتر کردەوە، بەدەنگێکی بەرز کە هێشتان پاشماوەی هەنسك و گریانی پێوە دیاربوو، ئاگاداری کردنەوە:

– بۆ وا ڕاوەستاون، ئەدی نازانن ئەوڕۆ دوو میوانی خۆشەویستمان هەیە..؟!

دوا بەدوای ئەمەوە، چوو لەسەر گۆڕی باوکما، دوو گوڵی برژانگ بەخوناوی قرتاند، بانگی من و «ئالا»ی کرد... ئێمەش هەردووکمان چووین لە «مامۆستا ئەیاز» و «موژدە» نزیك کەوتینەوە، «ئالا» گوڵەکەی دایە دەست «مامۆستا ئەیاز» و منیش ئەوەی خۆم لە یاخەی «موژدە» دا...!

هەردوو لە خۆشییان نەیاندەزانی چیمان لێ بکەن، من و «ئالا»یان لە باوەشی دەکرد، بۆ ئاسمان بەرزیان دەکردینەوە، ماچیان دەکردین، فرمێسك و پێکەنینیان تێکەڵ بەیەك بوو، دەوروبەرمان بوو بە چەپڵە ڕێزان و بازنەی پێکەنین. «نەنە پەری» لەگەڵ ئەو دەنگانەدا سەری خۆی بەملاو بەولادا هەڵبڕی، هەستی ڕاگرت، گوێی ڕاداشت، هەر دوای چرکەساتێ، ئەویش تینی بۆ هات، هاوبەشی لەگەڵا کردین، بە قسە خۆشەکانییەوە سەرنجی هەموومانی ڕاکێشا: «هەی بەقوربانی دەست و پەنجە و مەچەکتان بم. کێ هەیە ئەوڕۆ لە من دڵخۆشتر، کێ هەیە لە من پشت ئەستوورتر...؟! یارەببی هەموو ڕۆژمان ئەوها شایی و لۆغان بی... ئەوها کەیف و خۆشی بی...!

دایکم دیسان بۆ لای وەرچەرخایەوە، دەست لە ملانی بووەوە... ئیتر تیرۆژکی خۆشی و شادی، گشتمانی بە خنینەوە خست. ئەوانی تریش، هەموویان وەك ڕێزە میرانێ دەوری گۆڕی باوکمیان دایەوە، دەستی یەکتریان گرت...! ئێمەش وەك ئەوان ریزمان بەست و هەموو پەنجەمان تێکپەڕاند، زاق و زرووق و پێکەنینمان دەگەیشتە کەشکەلانی ئاسمان. هەموو دەتوت ماسین و لە دەریای پڕ لە زەینانەدن و بارش بووندا مەلە دەکەین. ماوەیەك ئاوا بەم شێوەیەمان بەسەربرد، ئاوا ماینەوە، پاشان «مامۆستا ئەیاز» بەدەنگێکی بەرز لای لە دایکم کردەوە:

– تا توو یاداشتەکەت تەواو نەکەی، ئەمەژی گوڤەندا خۆ ناکەین.

«پاشان گوتی»: دەبی لێرە، لەسەر ئەو گۆڕە پیرۆزە، شەربەتی ئێمە و کتێبی چاپکراوی توو دابەش بکرێ. جا چی دەبێ بلا ببێ...!

دایکم بە دەمێکی بە زەردەخەنەوە، کە ئەو دەم لەبەر گەرمی تیشکی خۆر و پێکەنینە کپ و بەردەوامەکەیەوە، پەردەیەکی سوورتاریك بەسەر ڕوخساریا هەڵکشابوو، کەوتە باگۆدانەوەی:

– خوا بە دەمتدا بڕوانێ! ئەوە جارێ دوورە، بەڵام ڕۆژی خۆشی هەر دێ. پەنا بەخوا ڕۆژێ هەر دێ یاداشتەکانی منیش چاپ بکرێ و «دلێر» و «ئاڵا» و هەموو منداڵەکانی تریش، بە دوارۆژی خۆیانەوە بگەن و ڕۆمانێکیش ڕووناکی ببینێ.

دەستی لەسەر شانی «نەنە پەرێ» لادا و هات لە بەرامبەر هەمووان ڕاوەستا، لای لە ماموّستا ئەیان» و «موژدە» کردەوە: لە کاتی خۆی جوانەمەرگ گوتی، ئەگەر کچێکمان بوو ئەمن ناوی لێ دەنێم، «ئاڵا»، ئەگەر کوڕیش بوو ئەتوو ناوی لێ بنێ... جا من ئەوکاتە ناوی «دیاکۆ»م هەڵبژارد «دوای نەختێ کڕبوون و سەر داخستن گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی»: چاوم دەرێ، کە ئەو ناوەی گوێ لێ بوو گەلەك هەوەسی پێ هات...! «بەدەم سەرهەڵبڕین و سەیرکردنمانەوە قسەکانی خۆی تەواو کرد»: ئەوە خوای گەورە هەر ئەوەندەی بەئێمەوە ڕەوابینی... زۆر شوکر...! ئەوجارە ئەنگۆ دەبێ ئەو خۆزگەی من بەجێ بێنن... لای لە «موژدە» کردەوە»: پەنا بەخوا یەکەم زگت کوڕ دەبێ، (سەری خۆی بۆ لای «دایە نەخشین» وەرسووڕاندەوە): ئەمن ناوی لێ دەنێم، یەکەم منالّی «دلێر» و «ئاڵا»ش مافی خۆمە کە من ناویان بۆ دابنێم... تا ئەو کەسەرەم لە دڵ نەمێنێ...!

پێکەنینێکی قووڵ «نەنە پەرێ»ی ورووژاند، پێکەنینێکی وابوو کە لە ڕەگ و ڕیشاڵی ناخیەوە هەڵدەقولا، لە خۆشی ئەو قسە و لە هەست ناسکی دایکم و لە تاو زگی سووتاوی خۆیەوە، وەك ڕێبوارێکی سەرمابردوو دەستی بە لەرزین کرد... پاشان بەدەم لرفە لرف و فرمێسك باراندنەوە، گۆچانەکەی دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و هاواری کرد:

– شێرە ژن، شێرە ژن...! خوایە دەست لە بۆ خۆڵ ببەی ببێتە زێڕ «لەرز و سەرمای جەستە و دەم و پلی زۆری بۆ هێنا بەڵام هەر بەو خۆشی و کەیفسازییەوە بەردەوامی بە قسەکانی خۆی دا»: وەی بابە لەو خۆشییەی ئەمن تێیدامە، ئەی خوایە لە کەرەمت بەزێدە بێ... لە خەنیخۆشییان لاقم عارد ناگری.

دیسان هەراوهۆریا و زەنازەنایەکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی سەری هەڵدایەوە و، هەمووو وەك پەڕی وەنەوشە پێی گەشانەوە. ئێمە و منالّەکانی تریش هەموو دەتوت لە پەڕی گوڵ دەستەچن کراوین. هەموو بەیەکەوە کەوتینە هەڵپەڕکێ و یاریکردن. «دایە نەخشین» خێرا خێرا خۆی لێ دزینەوە، چوو مەجمە و نان و مەنجەڵەکانی تاوتوێ کرد...

«نەنە پەرێ» هەر لە شوێن خۆیا هەڵگیرسا بووەوە، دوای خامۆش بوونەوەی، بە دەنگێکی زوڵاڵ و لەسەرخۆوە، بە ئەسپایی بانگی «موژدە و مامۆستا ئەیان»ی کرد، دەستی لەسەر شانی هەردووکیان دانا:

– هەردووکتانم ئەمانەتی خوای گەورە دا. «موژدە خان» وەکی بەبووك چووی جۆتە پاپەجانیەکی پانی بەرزت لە بۆ دەکرم.

– لەملاوە دایکم بەدەنگی بەرز و بە پێکەنینەوە هەڵیدایێ:

ئەمنیش جلوبەرگی بووکینی لە بۆ دەدوورم.

– نەنە پەرێ: زۆرتریشی قابیلە... لای لە «مامۆستا ئەیان» کردەوە:

بەخۆ بەخوشکەوە ئەوشۆ مێوانی منن، نایەلم بەو ناوەختە بکەونە ڕێ. (بە زەردەخەنەیەکەوە ڕووی لە «ئیقلیم» کرد): ئەگەر هەنکە «نوخشە خان»م. بدیتایە، هەر بەیەکجاری نەمدەهێشت بچیەوە. «دوای کەمێ ورد بوونەوە و هەناسە وەرگرتن، دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆیەوە»: ئەوڕۆ هەر بچمەوە دەنێرمە دووی دەڵێم «نوخشە خان» وەرە... ناسکە نانەکم لە بۆ برات دیتیتەوە، نە بکەی نە بخۆی هەر تاماشای بکەی. لە دەنگیرا دیارە، خانەدانە، ئەسڵزادەیە...! ناسك و نازدارەکە، مێوژی ڕەش منەتی نییە، ترێی تایفی بخوا لە گەردەنی دیار دەبی.

«ئیقلیم» لە شەرمان سەری خۆی داخستبوو، هەر تەماشای بەر پێی خۆی دەکرد. بەڵام «نەنە پەرێ» هەر لە قسەکانی خۆیەوە بەردەوام بوو:

– ئەگەر لە دەستم بهاتبایە ئەو کچ و کوڕانەم هەموو لە یەك مارە دەکرد. کیژ کیژی خۆمانن، کوڕیش کوڕی خۆمانن.

«دایە نەخشین» بەدەمێکی بەپێکەنینەوە، لە تەك مەنجەڵ و خوانەکەوەڕا بەرز هەڵیدایێ:

– های لە «نەنێ» چما جاری جارانە...! نەنێ، ئەو سەردەمە بەسەرچوو... بنپشك و مارە بەگچکەیی و گەورە بەگچکە و ژن بەژنی و...

– «نەنە پەرێ» قسەکەی پێ بڕی: های لە خۆت بێ ئەقڵ و کەمزانێ... ئەگەر تیرەو تایەفەی هەموو گوند و شارەکان ژن لەیەك بێنن، بەگێژی ئەسکەندەریش ناشکێن، کەس ناتوانێ ئاگردانیان سارد بکاتەوە!

– دایە نەخشین: ئەوە وایە وا، ئەو قسەت لێ دەکرم...! ئەمان نەك بە تەمەنی منداڵی و

نەفامی، هێشتان خۆیان نەناسییە، هەر مارەییشیان لەیەك نایێ.

لەم کاتەدا «نەنە پەرێ» خۆی بەسەر کێلەکەدا نوشتاندبووەوە، پەیتا پەیتا ژانە سەرەکەی جارانی لێی توندتر کرد، هەموو ئەندامی جەستەی بە ژان هێنا. لەتاو ژان و برك و گەرمی سەری، چاوەکانی سوور هەڵگەڕان...! تەکانی دایە خۆی، چەند هەوڵی دا خۆی پێ ڕانەگیرا، سەرەسوورکێیەکی توندی پێوە نووسا، لەتەك کێلەکەوە دیسان کەوتە خوارەوە، سنگە کوژێیەك سینە و سییەکانی کورژ کردەوە، هەر ئەوەتە هەناسەی بۆ دەدرا... دوای کەمێ بوورایەوە، دیسان هەموو لە دەوری کۆ بوونەوە، دایکم وەك کۆرپەی ساوا لە باوەشی خۆی کرد، سەری لەسەر ڕانی خۆی دانا، نمنم ئاوی ساردی دەپرژاندە سەر ڕوخسارە ڕەنگە پەڕیوەکەیەوە. چەند جارێ ئەم کارەی دووبارە کردەوە، تا کەمکەمە کەوتەوە جوولە جوول، هەناسەی قووڵی هەڵکێشایەوە، باوشکێکی لەشرچێن، ڕەنگی بەبەر هێنایەوە. دەستی بۆ چاوەکانی خۆی برد، بەپەنجە باریکەکانی کەوتە خوراندنیان، هەر دەتوت پڕ ببوون لە خار و خاشاك، گوڕ گوڕ فرمێسکیان لێ دەهاتە خوار، بەشێوەیەکی وا سنگ و بەرۆکی هەموو تەڕ کرد...! دوای ماوەیەك، بە سەرسوڕماوی لە خۆی ورد بووەوە، هەر دەستی بەدەموچاوی خۆی دادێنا، سەیری خۆرەتاوەکەی کرد...، خۆی لە ئامێزی دایکم ڕاپسکان، لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، وەك نیشانەی سەرسووڕمان وەستا، پاشان ڕووی خۆی بۆ لای خۆرەکەوە وەرگێڕایەوە. دوای چرکەساتێ، توند دەستی خۆی بەچاوەکانییەوە گرت و دەستی بەپژمین کرد.

دوای دەموپل پاککردنەوە، چاوە فرمێسك تێزاوەکانیشی وشك کردەوە، کتوپڕ بەدەنگێکی بەرز بانگی دایکمی کرد، بەشێوەیەك دایکم لەگەڵیا ڕاجفری و هەڵوەستەی بۆ کرد.

ئەویش هەر دەستی بەدەموچاوی خۆی دادێنا، چاوەکانی لەیەك دەکردنەوەو بەملا و بەولادا دەیسووڕاندن. لە پێشەخۆی کەوتە منگە منگ و پرسیارکردن: «های؟! دەبی وەبی؟!» دیسان سەری خۆی هەڵبڕییەوە بەرامبەر خۆر ڕاوەستا «ها...! ئەوە ڕووناك بووەوە» هەردوو چاوەکانی خۆی داخست: «ئەوە تاریك داهات». چەند جارێ ئەو کردارەی دووپات کردەوە. دایکیشم هەر بەدیاریەوە وەستابوو، لە هەڵسوکەوتەکانی ورد دەبووەوە، لێی نزیکتر کەوتەوە وێڕای ئەوانیتر بە سەرسامی سەرنجی بۆ ڕانا:

– چییە نەنێ، چ خێرتە؟!

– ها... نازانم بڵێم چی نازانم...

– دایکم پرسیارێکی پەلەتری ئاراستە کرد: بۆ ئەوەندە ئاوڕ لەملا و لەولای خۆت دەدەیتەوە؟!

– نازانم، نازانم... چیت لە بۆ باسکەم، هەی گیانی نەنیٚ.

– خۆ دیسان سەرت ناسووڕیٚ، هەر ئێستا دەچم خواردنت لە بۆ دینم. دەزانم لەمێژە نانت نەخواردییە، بۆیە وا زوو زوو دڵت تێکدەچیٚ...!

– کیژم سەرسووڕانی چی و نانخواردنی چی. چت لیٚ بشارمەوە... هەر لەو کاتەی ئەو خەبەرە خۆشەی «موژدە»م گویٚ لیٚ بووە، برووسکەك لە ناو چاوم هەڵسا، وەك تیسکەی تفەنگ بریسکایەوە. لێی کردم بەژانە سەرەکی گەلەك توند و دژوار، هەتا هەنووکەش سەرم هەر وژە وژ و تەپە سرپەکی تێدابوو... ئەمان نازانم هەنووکە هەست بە شتەکی دی دەکەم...! «زەردەخەنەیەکی هێنایە خۆی لە قوولایی ناخیەوە کەوتەوە قسە»: پەردەیەکی ڕووناکی بەسەر چاومدا هەڵکشاوە، ئەوجە نازانم خەونە یان ڕاستییە...! یان لەبەر دڵخۆشی خۆمە وا چاوم ڕوون بوویتەوە...!

ئەم قسەیە هەموویانی ورووژاند، هەر کەسە لە جێی خۆیەوە هات و لێی نزیکتر کەوتەوە. هەر لە دوورەوە «دایە نەخشین» کەوتە دووعا و ناورانەوە:

– کا لە بۆ ئەو ڕۆژەی کە ببینم «نەنیٚ» وەك جاران فێری لیفکە چنین و کڵاو دوورینمان بکا...! وای دەنا خوا ئەو ڕەحمەی پیٚ کردبوای. نەزر بی ئەگەر چاك بوویەوە دابەستییەکت لە بۆ بکەمە خێر.

دایکم لە هەموویان زیاتر کەوتە پەلەپرووزیٚ. یەکسەر قسەی دکتۆرەکانی بیرکەوتەوە، خێرا خێرا لای لیٚ کردەوە:

– زوو بە بەخۆکەوە، هەر ئێستا دەچینە لای «دکتۆر سەردار» لای لە «دایە نەخشین» و لە هەموومان کردەوە»:

ئەنگۆ بەرنامەی خۆتان مەگۆڕن، ئاهەنگی خۆتان بگێڕن...! نانی خۆتان بخۆن، خواردنێکی زۆرم هێناوە، لە گیانتان خۆش بیٚ... «بەدەم ئەم قسانەوە ئاوڕێکی لە هەموومان دایەوە، دیسان بەرزتر هەڵیداییٚ»: ئێمە ئەوە دەڕۆین، بەڵام نازانم چەندمان پیٚ دەچیٚ...!

دوای چاوەڕوانی و نیگەرانییەکی زۆر، بەدەم کۆتایی پیٚ هێنانی کارە سەرەکییەکانمەوە... کشوماتی و بیٚ دەنگی ژوورەکەم باڵی بەدەورما کێشابوو... وەك

کـەشتـیـوانـێك کـە لـە نـاو گـێژاوی شەپـۆلـە هـاروهـاجـەکـانـا ڕزگـارم بـووبـێ و لـەگـەڵ سروەبـایـەکی نـەرم و لـەسـەرخـۆدا بووبین بـەئـاوێزانی کـەناری ئـارامـەوە... دەمویست لـە ژێر بـاڵی ئـەو بێ دەنگی و خـامۆشییەدا سەری کاسم بحـەسێنمەوە، دەستم لـەسـەر تـاستـاتورەکە هـەڵگرت، دەمێ لـە کـاتژمێرەکەی بـاوکم و لـە چـاویلکەکەی (نـەنـە پـەریێ) کە بـەمـلاو بـەولای وێنـەکەی بـاوکمەوەدا هـەڵمواسیبوون، ڕامـام و سـەیرم کردن، لێیـان ورد بوومـەوە، پـاشـان پـەیوەندیم بـە(تـارا)وە کرد:

– هـا چیتـان کردەوە، میوانـەکـان هـەموو گـەیشتن یـان نـا؟

– هـەموو وا لێرەن، بـاوکم و دایکم، (ئـالاّ) و (گـاوربـاغی) تـەنیا تۆ و مـاڵی (موژدە)مـان لـەگـەڵانین، هـەمـوو لـێت دەپـرسن. بـۆ تـۆش نـایـەیت؟ هـەمـوو وا لـێرەدا کـۆبـووینـەتـەوە، ئێوارەیـەکی زۆر خۆشە. منداڵان خـەریکی یـاری و جـۆلانـێ کـردنن، هـەتـاوەکـەی گـەلـێ خۆشە، کـۆڕ و کـۆبوونەوەیـەکی زۆر خـۆشمـان پێك هێنـاوە، دەی چیت وت؟

– نـا نـا، نـاتوانم بێم، هێشتـان مـاوەمە، کە گـەڕانـەوە دەیـانبینم.

– دەنـا مـامۆژنم هـەر چـاوی لـە ڕێیە.

هـەر دوای چرکە سـاتێ دەنگی دایکمم کـەوتـە بـەرگوێ.

– دلێر، فریزەکـەی لای سـەرینگـانی (نـەنـە پـەرێ) دەنگی (ئـالاّ)ی خوشکم لـەگـەڵ دەنگی دایکمدا تێکەڵ بـەیـەك بوون، لـە دوورەوە دەدوا و کز کز قسەکـانی دەکـەوتـە بـەرگوێم:

– دڵۆ، دڵۆ ئـاگـات لـە خـۆت بێ، پێش ئـەوەی بگـەڕێیتـەوە مـاڵـەوە، شتـەکـانت هـەموو تـەقـەت کـە، (میلۆدی) و (دیـاکۆ) چییـان کـرد هـەقمـان بـەسـەریـانـەوە نـابێ، جـا کـەیفی خـۆتـە. دوایـە لێمـان دڵگیر نـەبی.

دایکم دەیویست دەرفـەت وەربگرێ و قسەکـانی خـۆی تـەواو بکـا، دیـاربوو دەمکوتی کردبووەوە:

– دلێر، ڕۆڵـە گوێت لێم بوو یـان نـا، نـازانم فریزەکـەی سـەر سنگی (نـەنـە پـەرێ)ت بـۆ ئـەوەندە بڕیوە؟ ئـەدی گوڵدانـەکـان بۆ وا.

لـەبـەر ژاوەژاو و پێکـەنینیـان، لـە قسەکـانی تری نـەگـەیشتم، منیش خێرا خێرا، هـەر لـە خـۆشی ئـەنجـامـدانـی کـارەکـانمەوە و هـەروەهـا لـەسـەر هـەوەس و کـەیفسازی کـۆڕ و کـۆبـوونـەوەکـەی ئـەوانـەوە، دەنگی ڕیکـۆردەرەکـەم بـەرز کـردەوە، کـە دەمـێ بـوو هـەنـدێ کۆتـایی زیندووم بـەدەنگی خۆمـا، تۆمـار کردبوو:

«گەر گوڵ پشکووت و بۆنی نەدا، پشکۆ گەشایەوە و گەرمی نەدا، ئەگەر دەریا شەپۆل بدا و پێنەکەنیّ، هەنسك و گریان قوڵپ بێنیّ و نەبێتە ئەشك و فرمێسك، لەو کاتەدا دەبیّ مرۆڤ چۆن ڕەفتار بکا و، چ هەڵوێستیّ وەربگریّ؟

زۆرجار، ڕووبار دەڕوا، تاڤگەکان بەقەڵبەز دێنە خوار، بەڵام هەناسە نادەن، خوڕەیان نایە...! گەلیّ جار دڵۆپی باران دەبیّ بە کاروان و بە مەنزڵ ناگەن، دەبیّ بە شەمەندەفەرێکی فارگۆن درێژ و بە قۆناغ ناگەن، ئەو کاتە دەبیّ چی بکەیت؟ چەند شەرم و شوورەیییە کە هەندیّ جار ژیان دەبیّ بە ئەسپێکی سحرئامێز، لە دەرگا دەدا، زەنگی هەنگاو و هەڵکەوتە چارەنووس سازەکان وەزایەڵە دەکەویّ، بەڵام دوایەش زوو دەتوێتەوە، یا بەهەژاری و نەدارایی کاڵ دەبێتەوە، نایەڵیّ، نە خۆی نە خەندە و پێکەنینەکانی خۆی دەرخا، بەڵام لەم کاتەدا نابیّ هەر بەدوای وەڵامەکانا وێڵ و سەرگەردان بیت...! بەڵکو دەبیّ بەدوای خۆتا بگەڕێی، بەدوای نەمرەکاندا بگەڕێی، ئاخۆ کەی لەگەڵ ئافەرۆزی خۆردا، ئەوانیش هەڵدێنەوە و گزنگ دەدەن، ئەوانیش وەنەوز دەدەنەوە، دەبریسکێنەوە، تۆش خۆت دەدۆزیتەوە و ئاشنای هەموو گۆشە تاریکەکانی خۆتا دەبیتەوە! کیّ دەڵیّ شەهیدان نابنەوە بە بڵێسەیەکی نەمر و بڵێسەش نابیّ بەئەستێرەیەکی گەش و ئەستێرەش بە خۆر و تۆش بە مۆم، کیّ دەڵیّ جوانەمەرگان نابنەوە بە خونچەیەکی جاویدانی و خونچەش بە گوڵ و گوڵیش بە باخ و تۆش بە ئاودێر...!

– هەڵۆ، هەڵۆ، (دلێر) کوڕم چیتە، وەڵامت نەدامەوە؟ ئەی (تارا) چی پێت وت؟ ئەو دەنگە دەنگە چییە؟ بۆ وا دەنگی خۆت تۆمار کردووە؟

– دەنگی ڕیکۆدەرەکەم کەم کردەوە: دایە گیان حەز دەکەم زۆرم لیّ نەکەی، من ڕۆژێکی تر دێمە ئەوێوە، منیش بەتەنیا نیم، منیش وەك ئێوە ئاسوودە و دڵخۆشم. کە گەڕانەوەش حەز دەکەم لێرە، لە ماڵەوە پێشوازییان لیّ بکەم، بەخێرهاتنیان بکەم. ئێستا فریای هیچ ناکەوم، گەلیّ سەرقاڵم، گەلیّ پڕ ئیشم، ئیتر من بەدەم ئەم قسانەوە لەگەڵ جیهانەکەی خۆما تێکەڵ بوومەوە، لەگەڵ کەفوکوڵی هەڵوێستە پڕ لە جەزبە و ڕاچڵەکینە دەروونییەکانی خۆما کەوتمەوە هەڵچوون و داچوون، گەرەکم بوو بەیەك پشوو کۆتایی بەهەموو کارە لابەلاکانی تریشەوە بێنم، دیسان گوێم لە خۆم گرتەوە:

دەبا چەرخی سەهۆڵبەندان بتوێتەوە، کیشوەری بەفر بکەین بە ئۆقیانووسێکی پڕ لە شەپۆل و زیندەگانی. دەبا چیتر چرکەساتەکانی کات بە خۆ بە هەموو نمایندەکانیەوە

چـاوی نـەچێتـە خـەو، گـەردیلـە بزۆز و داتـا ئـەلکترۆنـییـەکـان لـە وزە نـەکـەون، ڕووبـار نـەوەستـێ، هـەوا لـە ڕەوت نـەکـەوێ، نـا نـەخـێر نـا، تـا پێگـە و پـایـەی نـەمران هـەردەم سەقـامـگـیـر و زیـنـدوو بـێ. چـوارگـۆشە سفرەکـان، فـارگـۆنـە بـەتـاڵـەکـان، چرکـەسات و شانۆچکە بێ بەروارەکان، جێگای ئەوان نین، شایستەی ئەوان نین، دەبا ڕەشەبای نـگـریس دەمکوت بکـەیـنـەوە، کولـتووری تـرس و تـۆقین، بـەهـەمـوو جـۆر و بـابـەتێکـەوە زیندەبەچاڵ بکەین، پردەکانی گڵۆبـالیزم بنـاغە داڕێژ بکەین و بەهێزی بـازۆ و هزر و بیر و ڕەنج و ئـارەقـەی نێوچەوانمـانەوە کۆنکریتڕێژی بکەین و بەنوێترین هونەر و توانستی داهێنـان و ژیرییەوە، کـارگـەی بینـاسازی و سـاختمـانی گـەورەی لەسـەردا نۆژەن بکـەینـەوە، دەبـا سـەرەتـایـەکی نوێ دروست بکـەینـەوە و خـۆمـان دابڕێژینـەوە، ئیتر بـەسیـەتی، بـا چیتر خـۆمـان لـە نـاو خـەون و خـەیـاڵا نـەتوێنینەوە، کـۆمـەڵـەکـەمـان نـەکـەین بـە بـاڵـۆنێکی بـابردەڵـە و پـەرتـەوازە، یـا کـۆلارەیـەکـی سـەرلـێشێواو و پـەتـیـارە، بـا چـیـتـر وڵاتـەکـەمـان نـەکـەین بەمۆزەخانەی خۆڵەمێش و هەر کۆنەکای لێ بە با بکەینەوە، با ئیتر پێ لەسەر خاکی ڕیالیستا سەقامگیر بکەین، هەرچی کەمایەسی و هەڵە و غوبنی مێژوو کارەسات و نەهـامـەتییەك هـەیـە، هەمووی بکەین بە کەرەسەی خـاوی کـارگـە و فـابریقـەکـان، نەك بـە چەنەبازی و سەفسەتە و درێژدادڕی بەردەم چاوی کامێرا و مایکرۆفۆنەکان، دەبا هێڵە سنووری زۆرداری و بێگاری بسڕینەوە، گەندەڵی و گەندەڵکاری بکەین بە عەیبترین سەرگوزشتەی سەردەم و ڕەشترین پەڵەی مێژوو...! تۆ بۆ من وەرە و من بۆ تۆ، لە کوێ گەیشتین بەیەك، ئەوێ بکەین بە ئارامگا و گۆزەرگای جاویدانی و لەوێکا سەرلەنوێ ملوانکەی مرۆڤایەتی بهۆنینەوە.

دیسان زەنگی تەلەفۆنەکە لە دروشمە سروودئامێز و گوزارشت و خواست و خولیای دواڕۆژە گەرمەکانی خۆمی پچڕاندم... دەنگی دایکم کەوتەوە بەرگوێ.

**کۆتایی**

دیسێمبەری ٢٠٠٦

ئەڵمانیا – ئاوگسبۆرگ

**لێکدانەوەی چەند وشە و زاراوەیەك:**

ئافەرۆز: تیشکدان.

باوەخوند: سەردانی (کچ) بۆ ماڵی باوکی بۆ یەکەم جار دوای بەبووك چوونی.

بێشە: پارە کۆکردنەوە بۆ یارمەتیدانی کەسێکی پێویست. (ردە)

تاقمانەجووتێ: یارییەکی منداڵانە بە وردە بەرد دەکرێ.

تێسوو: بەشە زبر و دڕەکەی مەڵاشوو (پدوو).

دارتێل: عەموودی کارەبا.

دۆگما کەسییەتی: کەسیەتییەکی وشك و ڕەقەکار.

دارە جینگوڕە: داهۆڵ، داوەر

روندفونك: هۆیەکانی ڕاگەیاندنی وەك تەلەفزیۆن و ڕادیۆ..

زریمۆك: جۆرە باڵندەیەکی بچووکی ڕەنگاوڕەنگە لە ناو کەلاوە و شوێنەوارە دێرینەکاندا دەژی.

سایکۆروانین: سەرنج و قووڵبوونەوەی دەروونی.

سەگی گورگەمێش: ئەو سەگەیە دژی خاوەنەکەی دەبێتە دۆستی گورگ و دەستکیسی بۆ دەکا.

شەوبێرك: شەوچەرە (سهرە)

شێرە: زەمبەرە، بەلووعەی ئاو.

قەشاف: باری سەرلێو.

کاریزما: خەرمانە، (هالە).

کۆرەبژ: هەرزەکار.

گەلەگۆز: ئەسکەلەی لەسەر دادەنرێ بۆ کاری لەبخ و سپیکاری.

گوربە: پشیلەی نێر.

گورپە: ڕەنگ پەمەیی، بەنەفسەجی.

لگبن: خشت.

مارزا: پاشەڕۆکی کار و بەرخی تازە زاو کە بەپاشەڵیدا وشك بووبێتەوە.

مەت: پلك، پوور.

مێملەباند: گروپ و میلیشیای مشەخۆر.